# بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟

تێری ئیگڵتۆن

وەرگێڕان: پێشڕەو محەمەد

2015

# بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟

تێری ئیگڵتۆن

وەرگێڕان: پێشڕەو محەمەد

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 57 )

ناوی کتێب: بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟
نوسەر: تێری ئیگڵتۆن
وەرگێڕان: پێشڕەو محەمەد
بابەت: فیکری
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئاکام شەمسەدینی
تیراژ: 500 دانە
ساڵی چاپ: 2015
چاپ: چاپخانەی دلێر
نرخ: 5000 دینار
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن ( 1482 )ی ساڵی 2015 ی پێدراوە

پێشکەشە بە هاوڕێم
بابان ئەنوەر

## ناوەرۆك


پێشەكیی وەرگێڕ ........ 7
پێشەكیی نووسەر ........ 9
بەشی یەكەم: ماركس لەسەدەی بیست و یەكدا ........ 16
بەشی دووەم: ماركس و ماركسیزم ........ 62
بەشی سێیەم: ماركس و جەبرگەرایی ........ 118
بەشی چوارەم: ماركس و یۆتۆپیا ........ 149
بەشی پێنجەم: ماركس و ئابووری ........ 193
بەشی شەشەم: ماركس و ماتریالیزم ........ 232
بەشی حەوتەم: ماركس و چین ........ 245
بەشی هەشتەم: ماركس و شۆڕش ........ 268
بەشی نۆیەم: ماركس و دەوڵەت ........ 302
بەشی دەیەم: ماركس و بزووتنەوە كۆمەڵایەتییەكان ........ 327
دەرەنجام ........ 341
پەراوێزەكان ........ 351

# پێشەکیی وەرگێڕ

"واباشە کتێبە گەورەکان ئەو کاتە بخوێنرێنەوە
کە لەمۆد کەوتوون و باویان نەماوە"
"والتەر بنیامین"

I

ڕۆژێك لە ماڵەکەی ئەو دەبێت لە دانیمارك، و گەشتێك بەنێو کتێبخانەکەیدا دەکات تاکو ئەو کتێبە دەربهێنێت، کە دەمێکە تۆزی لەسەر نیشتووە و وەك بڵێیت لەمۆد کەوتووە و چیتر باوی نەماوە. دەیەوێت ئەو کاتە پەنا بۆ ئەو کتێبە بەرێتەوە کە هەمووان لەبیریان چووەتەوە و وادەردەکەوێت ڕۆژێك لەڕۆژان ئەم کتێبە نەنووسرابێت، کتێبی پیرەپیاوێکی ڕیش سپی، و مێژوویەکی پڕ لە دەربەدەری و مەینەتی و چارەڕەشی، کتێبی پیاوێك، کە تەنانەت خەریکبوو یەکێتیی موقەدەس لەدژی ئەو دروست بکرێت و ماڵ بەکۆڵێك کە هیچ دەوڵەتێك نەیدەگرتە خۆی، بۆ هەر کوێیەك

دەچوو بەر لەوەی بە دەروازەکانیدا بچێتە ژوورەوە، دەیزانی دەبێت بەشوێنی خۆیدا بگەڕێتەوە، بەڵام ئەگەر چوونەکەی لەسەرخۆ و ئارام بووبێت، بێگومان گەڕانەوەکەی پڕ لە ترس و دڵەڕاوکێ و نیگەرانی و ئازاردان بووە. ئەرێ: پیرە پیاوێك هەموو تەمەنی خۆی تەرخانکرد بۆ لێکۆڵینەوە لە پارە و پێشتریش باسی لە دەسەڵاتی پارە کردووە: پارە بریتییە لە بەکاڵاییکردنی کۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سەرمایەداریی هێزی ئینسان بە پارە دەکڕێت. زۆر سەیرە، کەس هێندەی ئەو دەربـارەی پارە نەدووا، کەچی لەکاتێکدا لە هەموو کەسێکیش بێ پارەتر بوو. کتێبە تۆز لەسەر نیشتووەکە ئەمە ناونیشانەکەی بوو: "سەرمایە: ڕەخنە لە ئابووریی سیاسی". ماڵەکە هی بێرتۆلد برێختە و واڵتەر بنیامین میوانە و وەك هەمیشە گەڕیدەی ناو کتێبخانەکانە، هەر وەك کتێبخانەی نێونەتەوەیی پاریس، کە تیایدا دەستیکردبوو بە نووسینی تێزەکان و پاساژەکانی پاریس و هتد. برێخت ڕووی دەمی دەکاتە بنیامین و دەڵێت: زۆر باشە لەم ڕۆژگارەدا دەست بۆ کتێبێك دەبەیت کە وەك بڵێیت چیتر باوی نەماوە و لەم ڕۆژانەدا بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن ئەوانەی بەدوای مارکسدا دەچن؛ بنیامینیش لە وەڵامدا بە برێخت دەڵێت: "واباشە کتێبە گەورەکان ئەو کاتە بخوێنرێنەوە کە لەمۆد کەوتوون و باویان نەماوە". بڵێی چ مەبەستێك لە پشتی ئەم قسەیەوە هەبێت؟ نیگای دێکارتیی مۆد بۆ جیهان هەر ئەو شتەیە کە بەسەر مارکسیزمدا هاتووە. مۆد دەتوانێت هەموو شتێك بگۆڕێت تەنها گۆڕینی خودی خۆی نەبێت. و کاتێك گۆڕان هاتەکایەوە، ئەو جەمسەرەی دەڕوات

تاکو لە گۆشە و کەنارەکانی کتێبخانەی مێژووودا، ببێت بە شوناسێکی کلاسیك، ئەو شتەیە کە لە ساتی ئێستادا پێویستمان پێیەتی، شتێك کە لە مۆد کەوتبێت و باوی نەمابێت. ئایا مەبەستی بنیامین ئەوە نییە کە سەرمایەداریی لەسەر مۆد دەژیت و ئەو شتەش لەمۆد کەوت، چیتر لەبەرچاوان نامێنێت، و خەو لە چاوی سەرانی ئەم سیستەمە حەرام ناکات؟ وابزانم ئەوان وەك کاڵایەك لە سەرمایەیان ڕوانیوە و ئیتر ئارام لەسەر کورسییەکانیان دانیشتوون و "سەرمایە" تۆزی لەسەر نیشتووە، ئەمە ئەو کاتەیە کە بنیامین تۆزی سەر کتێبی سەرمایە دەتەکێنێت و وەك بۆمبێك بۆ ئێستای ئێمەی دەنێرێتەوە. ڕابردوو دەبێت بهێنرێتەوە بۆ ئێستا و ساتی ئێستای پێ قەیراناوی بکرێت. ئەوان ئێستا دەڕۆن تاکو زەمەن بتەقێننەوە و تەقە لە سەعاتە قورمیشدار و گەورەی سەر بورجەکانی شار بکەن. "بۆ بیرمەندی شۆڕشگێڕی، بەختی شۆڕشگێڕی تایبەتە بە هەر ساتێکی مێژوویی و لەسەر بنەمای دۆخێکی سیاسیی گەرەنتی دەکرێت. بەڵام بۆ وەها بیرمەندێك، ئەم بەختە بە هەمان ئەندازە بەهۆی دەسەڵاتی هاتنەناوەوەی ئەم ساتە بۆ ژوورێکی تەواو دیاریکراوی ڕابردوو زامن دەکرێت، ژوورێك کە تا ئەو ساتە داخراو و کڵۆم دراو بووە. چوونە نێو ئەم ژوورە بێگومان لەگەڵ ئەکتی سیاسییدا هاوڕا دەبێت؛ و بەهۆی هەمان چوونە ناوەوەیە، کە ئەکتی سیاسیی، ئێستا هەرچەندێکیش وێرانکەر بێت، وەك ئەکتی مەسیحایی دەناسرێتەوە. (کۆمەڵگای بێچین ئامانجی کۆتایی پێشکەوتن نییە لە مێژووودا، بەڵکو وەستانی گشتی شکستخواردو و دواجار

بەدیهاتووەکەیەتی)”. یەکێك لەو شتانەی بنیامین دەیەوێت لەڕێگایەوە زەمەنی ئێستا [کە زەمەنی سەرمایە و کاتی موتڵەقی کاری سەرمایەدارییە] تووشی قەیران بکات، هێنانی ڕابردووی فەرامۆشکراو و تۆز لەسەرنیشتووە، دروست وەك تەکاندنی تۆزی سەر کتێبەکەی مارکس. ئەمە ئەو شتەیە کە ئەوانیدیکە بیریان لێنەکردبووەوە و بنیامین سەرەداوەکەی خستە بەردەستمان.

II

ئایا هیچ بیرمەندێك هێندەی مارکس لەلایەن قات و ڕیبات لەبەرەکان و کارگوزار و خزمەتکارانی سەرمایە و ئەڵقەلەگوێکانی سیستەمی سەرمایەداری و تەنانەت ئەوانەی ڕەخنەگری سیستەمی سەرمایەداریش بوون، سووکایەتیی پێکراوە؟ ئەو پیاوەی جگە لەو بلیمەتییە سیاسیی و تێگەیشتنە قوڵەی بۆ ئابووری هەیبوو، کەچی خاوەن بیرێکی قوڵ و کراوە و ناسك بوو دەربارەی ئەدەبیات و هونەر و کولتوور، و هات تەمەنی خۆی بۆ شیکردنەوەی زبڵ و خاشاکەکانی ناو حاویەی مێژوو تەرخانکرد کە بەرهەمەکەی ڕەخنەی ئابووریی سیاسیی بوو تاکو هیچ نەبێت هەیمەنە و دەسەڵاتی ئابووریی لەسەر ئینسان کەم بکاتەوە و لەبری ئەوە کاتی بەتاڵ بکات بە یەکێك لە مۆدێلەکانی ژیانی ئینسان بۆ ئەوەی بەهرە و لێهاتوویییەکانی خۆیان پەروەردە بکەن. کەچی بێیت کتێبی گینز پڕ بکەیتەوە لە تاوانەکانی مارکس! بۆ تۆقاندنی نەوەکانی داهاتووی ئینسانییەت و دروستکردنی کەشێکی ئارام بۆ کیم کارداشیان و سیلڤیستەر

ستالۆن (ڕامبۆ) و جۆرج کلۆنی و دروستکردنی بتی موقەدەس بۆ هاوسەرگیرییەکەی لەگەڵ ئەمەل ڕەمزی عیلمەدینی کچە لوبنانی، و هەزاران نموونەی دیکەی سەرمایەداریی کارەسات. مارکسیزم نە خەون و خەیاڵێکی بەتاڵە و هەروەها ئەو حیکایەتە گەورەیەش نییە کە دەبێتە هۆی دیکتاتۆرییەکی سەرتاپاگیر و ئەفسانەی گلگامێشیش نییە. مارکسیزم ئەو تارماییەیە کە پانتایی ئەوروپا هێشتا بچووکە بۆ ئەوەی پیایدا بێت و بچێت. تەنها ئەوەندە بەسە بە کەمێك شەهامەتەوە لە دواوە بڕوانین و کتێبە گەورەکان بە بیانووی لابردنی تەپوتۆز لەسەریان، لە کتێبخانە دەربهێنین. خوێندنەوەی کتێبەکانی سەرمایە، خەباتی چینایەتیی لە فەڕەنسا، هــەژاری فەلسەفە، هەژدەهەمی برۆمەری لویی بۆناپارت، گروندریسە، ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی و... لە ڕۆژگاری ئێمەدا داوای شەهامەتێکی زیاتر لەو شتە دەکەن، کە تەنها وەك ئاسەواری نێو مۆزەخانەکان سەیربکرێن، نەك قسە هەژارەکانی سێر کارڵ پۆپەری ئەمریکانیست. یان قسەی پۆرنۆگرافیکانەی دونیای ڕۆشنبیریی! ئێمە کە لەگەڵ برا سەرمایەدارەکانیان کڵاوەکانیان بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە و بە لوتبەرزییەوە ڕایاندەگەیاند: مارکس پێغەمبەرێکی درۆزن بوو، مارکس مادەی ڕەق و تەقی بەسەر زەینی زیندووی چالاکی ئینساندا سەروەر دەکرد و بۆیە لایەنگرانی بیرکولن، باشبوو لە کۆتایی تەمەنیدا مارکس فریای خۆی کەوت و گوتی: من مارکسیست نیم و ئەمە وەك پەشیمانبوونەوەی مارکس سەیرکراوە و تەنانەت ئەمەشی لێ قبوڵ نەکەیت و بڵێیت خۆ ئەمەش هەر دادی مارکس نادات، کەچی بانگەشەی

ئەوەش بکەیت هەر لە زووەوە بەر لەوەی ئێمە لەدایك ببین و چاو بەڕووی دنیادا بکەینەوە، بەرهەمەکانی مارکست سەرتاپا خوێندبێتنەوە[1]. و زۆرێك منداڵی عەجولیش هەن بێ ئاگا لە سیاسەت و سەرمایە و ئیمپریالیزمی نوێی جیهانی و دروستکردنی شەڕی مەزهەبی و برسیکردنی یەك لەسەر سێی جیهان کە لە خوار هێڵی هەژارییەوە دەژین و دروستکردنی کارەساتەکانی ژینگە و نەمانی سەوزایی لەسەر زەوی و لەجیاتیانی، دروستکردنی سەوزایی دەستکرد و تەنکبوونەوەی چینی بەرگەهەوای ئۆزۆن، شەڕی ئەتۆم، داگیرکردنی هەسارەکانی دیکە بۆ چێژ و زەوقی چەند مۆڵتی میلیاردێرێك، تەنانەت چەند میلیاردێرێکی ئەمڕۆ، سەرمایەکەیان بارتەقای یەك لەسەر سێی هەموو دانیشتووانی جیهانە، هەروەها ڕیسواکردنی زیاتری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و گرتێبەردانی، ڕۆناڵدۆ و میسی، ئۆشۆ و پاوڵۆ کۆیلۆ، ئەدەبیاتی عەوام و شاعیرە لاوەکان، ئەدەبیات و ڕۆشنبیریی عەبەسیی و یاخی دونیای ئێمە، هێلی لەڤ و شوان عەتوف، چاڤی لاند و گۆڤاری هۆنیا، هەموویان بەرهەمی سەرمایەداریی کارەساتن.

1- مارکس لەو قسەیەیدا کە دەڵێت من مارکسی نیم مەبەستی لەو بزووتنەوە و گروپە ئەنارشیستی و هتد بوون کە ئایدیاکانی مارکسیان بەلاڕێدا دەبرد و وەك مارکسیست خۆیان زەق دەکردەوە و مەبەستەکانی مارکسیان دەشێواند، مارکس بەمجۆرە مارکسیستبوونە قەڵسە، ئەگەرنا، مارکس نەك تەنها لە ئایدیاکانی خۆی پەشیمان نەبووەوە، بەڵکو هەرگیزیش پەیڕەوی ئەو لۆژیکە باوەی نەکرد، کە لە لاویدا ڕادیکاڵ و لە پیریدا موحافەزەکار، مارکس تا کۆتایی تەمەنی وەك شۆڕشگێڕێکی گەورە لە بواری تیۆریی و پراکتیکدا مایەوە و نووسینی هەر چوار بەرگی سەرمایە، شایەتین لەسەر ئەم ڕادیکاڵبوونەی مارکس تا کۆتایی تەمەنی.

ئەرێ ئیتر کاتی ئەوە نەهاتووە بڵێین: تارماییەك نەك بەناو ئەوروپادا، بەڵکو بەناو جیهاندا دێت و دەچێت: تارمایی مارکس (هەڵبەت نەك تارمایی مارکسی مارکسیستێکی بێ مارکسیزمی پۆستمۆدێرنیست: ژاك دێریدا)؟ ئایا ئەم کتێبەی تێری ئیگڵتۆن ئەم پەیامەی لەخۆیدا هەڵگرتووە؟

III

تێری ئیگڵتۆن ناوێکە بەستراوەتەوە بە ڕەخنەی ئەدەبی، کولتوور و ئادیۆلۆژیاوە. حەزی ئەو بۆ مارکسیزم لای گەریلاکانی فەلسەفە و ئەدەبیات شاراوە نییە. پێشتر ئەو لە کتێبەکانی 1. دەروازەیەك بۆ ئایدیۆلۆژیا، 2. مارکس و ئازادی، و 3. وەهمەکانی پۆستمۆدێرنیزم، 4. فیگورە دووڕووەکان: دەربارەی ستانلی فیش، سلاڤۆی ژیژەك، و دەیڤد بێکهام، گایاتری سپیڤاك و ئەوانیدیکە، 5. ڕەخنە و ئایدیۆلۆژیا، 6. کولتوور و مەرگی خوا، 7. ڕووداوی ئەدەبیات، جارەهای جار سووربووە و پێداگریی کردووە لەسەر تاقانە ئەڵتەرناتیڤ کە مارکسیزمە بۆ سیستەمە هەنوکەییە سیاسیی و کولتوورییەکانی جیهان. دوایین کتێبێك بەناونیشانێکی سەرسوڕهێنەرەوە "بۆچی مارکس لەسەرحەق بــوو؟" کە ساڵی 2011 زانکۆی یەل چاپ و بڵاوی کردووەتەوە، تیرێکە دەیگرێتە دڵی هەموو ئەوانەی بۆسەیان بۆ مارکس داناوە. کاتی ئەوە گەیشتووە کۆتایی بەم حەماقەتە گەورەیەی کتێبی گینز بهێنرێت. گینز یەکێکە لە بەرهەمەکان و کارەساتەکانی سیستەمی سەرمایەداری، سەیرکە زۆر شتی مەترسیداری تێدایە

و پیشانی منداڵان دەدرێت، ئەفسانە تۆقێنەرەکان و بەسەرهاتە ترسناکەکانی دوورخستنەوەی منداڵان و شووشتنەوەی مێشکیان بۆچی؟ نەخوازەڵا ڕۆژێك بەرەو مارکسیزم بچن و هەموو فیلمە ترسناکەکانی هۆلیوود کاردانەوەیەکە بەڕووی کۆمۆنیزمدا و دروستکردنی تۆقاندنێکی نەوەکانی داهاتووە بە حیکایەتی گەورەی کۆمۆنیزم، ئایا فیلمی "ساو" ڕووخساری کۆمۆنیزم نییە و پاڵەوانی ڕزگارکەریش، هەمان ئەمریکا؟ سەیرە مێژووی ڕزگاری بەستراوەتەوە بە مێژووی ئەمریکاوە، وەك فیلمی ڕۆژی سەربەخۆیی، فیلمی ڕۆژی سەربەخۆیی بەپەیڕەویکردن لەم تێزە گشتی و بنچینەییە دەچێتە پێشەوە کە مێژوو کۆتایی هاتووە و چیتر لەسەر گۆی زەوی چ لە وڵاتە میترۆپۆلەکان و چ لە پنتەکانی دیکەی جیهاندا، دوژمنانی بنچینەیی سیستەمی سەرمایەداری لەپەلوپۆ کەوتوون. کەواتە دوژمنی دواتر لە دەرەوەی سنوورەکانی ئینسانییەت و مرۆڤایەتی دێتە مەیدانی جەنگەوە. بەکاربردنی ئامادەکاریی گوتاری بەرانبەرێتیی مرۆڤایەتی/دوژمنی مرۆڤایەتی، وەك ئامرازێکی سیاسیی بۆ لەڕەوایەتیخستنی دوژمن لەلایەك و داگیرکردنی پێگەی نوێنەرایەتیی مرۆڤایەتی لەلایەکی دیکەوە، هەمیشە یەکێکە لە باشترین و ناسراوترین ڕێگاچارەکان بۆ دەسەڵاتە ئیمپریالیستییەکان. 4ی جولای کە ڕۆژی سەربەخۆیی ئینسانییەتە لەدەستی دەعبا و دێودرنجەکان کە هاتوون ئینسانییەت لەسەر زەوی بسڕنەوە، هاوکاتی ڕۆژی سەربەخۆیی ئەمریکایە لە کۆلۆنیالیزمی بەریتانی.

## IV

سیستەمی سەرمایەداریی بێ ئۆپۆزیسیۆن لەغیابی کۆمۆنیزم یان مەرگی کۆمۆنیزم و بەکارهێنانی وەك ئامرازی ترساندنی منداڵان و لاوان و نەوەکانی ئێستا و داهاتوو و هەروەها وەك نۆستالژیایەکیش بۆ پێداگریکردن و جەختکردنەوە لەسەر زەمەنی ئێستا وەك زەمەنێکی پڕ و پێرفێکت، بووە بە دەزگایەکی گەورەی بیرۆکراسی و بە قەولی زیگموند باومەن، ئەم بیرۆکراسییە نانی خۆی بەهۆی بەکارهێنانی کۆمۆنیزم وەك شەیتانی موتڵەق تاکو وەك هەڕەشەیەکی جدیی دەربکەوێت، پەیدا دەکات. هەرچەند سیستەمی سەرمایەداریی بتوانێت ئەم هەڕەشەیە واقیعیتر و ترسێنەرتر دەربخات، هێندە زیاتر گەرەنتیی بۆ مانەوەی خۆی دەستەبەر دەکات. ئەی ئایا ئەم هەموو دامودەزگا و زانکۆ و کۆنفراس و هەزاران گۆڤار و وتار و دەزگاکانی لێکۆڵینەوەی سۆڤێت و سۆڤێتناسی یان کۆمۆنیزمناسی و سەدان هەزار قات و ڕیبات لەبەر لەگەڵ برا و حەکیمە پۆستمۆدێرنیستەکانیان خەریکی چین؟ ئایا هەموو هەوڵێکیان بۆ ناشرینکردنی کۆمۆنیزم و بەدیاریکراوی: مارکس نەبووە؟ ئەوەتا لیۆتاری مامۆستا و باوەگەورەی پۆستمۆدێرنیستەکان بەڕاشکاویی دەڵێت: بەدیدی ئینسانی پۆستمۆدێرن هیچ شتێك نییە ناوی ڕزگاریی گشتیی بێت. بۆیە لای لیۆتار ئەو شتەی خۆی پێیدەڵێت حیکایەتی گەورە، هەوڵێکە بۆ گەیشتن بە گشتێتیی مێژووی مرۆڤایەتی. لیۆتار بە هەڵە تێگەیشتنی مارکس بۆ مێژوو و مێژووی مرۆڤایەتی بە

بەرهەمی ڕۆشنگەریی سەدەی هەژدەهەمەوە دەبەستێتەوە، و ئیتر دەگات بە دەرەنجامە تازە گرنگەکەی خۆی: پۆستمۆدێرنیتە بریتییە لە ئاوابوونی حیکایەتە گەورەکان، و وازهێنان لەهەموو هەوڵێك بۆ دارشتنی کۆی پرۆسەی مێژوویی لە دارشتنی تاکە تەفسیرێکدا. بێ هۆ نییە مارشاڵ بێرمەن دەگات بەوەی بڵێت پۆستمۆدێرنیزم سەرباری بانگەشە فۆرماڵەکەی، دژەسەرمایەداریی نییە، بەڵکو بۆ دژایەتییکردنی مارکس و کۆمۆنیزم هاتووەتە ئاراوە. پۆستمۆدێرنیستەکان بە گەڕانەوە بۆ نیچە و دانانی وەك پێغەمبەری خۆیان و ئەوانیش وەك حەوارییەکی پێغەمبەرەکەیان، مارکسیان وەك شەیتان و تاوانباریی مرۆڤایەتی لەقەڵەم داوە. بێ هۆ نییە کاتێك ئینسانەکان و بەدیاریکراوی بیرمەندە مارکسیستەکان دەیانەوێت قوڵایی ئەو شتانە کەشف بکەن کە نابینرێن و سیستەمی سەرمایەداریی لەڕێگای جۆرێك لە نمایشیی ساختەوە شاردوونییەتەوە، پۆستمۆدێرنیستەکانی وەك فوکۆ، دێریدا، لیۆتار و بۆدریار هەموو هەوڵی خۆیان دەخەنەگەڕ تاکو ئەم کەشفە وەك شتێکی بێ مانا و مایەپووچ دەرخواردی خوێنەرە مەسرەفکارەکانی خۆیان بدەن، ئەو خوێنەرانەی تەنها ڕاهاتوون لەسەر زەوق و چێژی دەق بژین، گەمەی زمانەوانی و یاریکردن بە وشەکان و کورتکردنەوەی هەموو شتێك بۆ کۆمەڵێك نیشانە و بونیاد و نیشانەی نەخۆشی و سیمپتۆم. کارەساتەکە ئەمەیە. دەی کەواتە وەرن با بەیەکەوە بپرسین: ئایا ئەم ماستە موویەکی تیادا نییە کە پۆستمۆدێرنیستەکان و پاش-بونیادگەرەکان لای هاوەڵە ئەمریکی و بریتانییەکانیان هێندە مەحبوب و قبوڵکراون؟

بیری نوێ چیتر ئیشی ئەوە نییە بە تەنها دژایەتیی نیۆلیبراڵیزم و سەرمایەداریی بکات، بەڵکو هەروەها دەبێت تیر بگرێتە دڵ و ئامانجی پۆستمۆدێرنیستەکانیشەوە.

V

چەند ساویلکانەیە بپرسیت: ئایا ئەم پیرەمێردە بەرپرسی ستەمکاری، کوشتنی بەکۆمەڵ و  وێرانکاریی ئابووری نییە؟ یان یاخود کەمپەکانی کاری زۆرەملێ لە سەدەی بیستەمدا بخەیتە ملی ئەم شۆڕشگێڕەوە؟ یان بێ پێچ و پەنا ستالین بخەیتە گەردنی مارکس، بۆچی؟ باشە ئەمە وەك ئەوە وایە تاوانەکانی دادگاکانی پشکنین بە مەسیح بسپێرین و بڵێین دادگاییکردنی جۆردانۆ برۆنۆ لە ئەستۆی عیسای کوڕی مەریەمە! ئەگەر مێژووی مەسیحییەت پڕ بێت لە کوشتار و دەستیان سوور بێت بەخوێن، دیارە قەشە پۆڵس بەرپرسی ئەمە نییە و بگرە ئەو هەمووان لەو دۆخە وشیار بکاتەوە، کە: "وەك زبڵی جیهان و پاشماوەی هەموو شتێکمان لێهاتووە" (نامە بۆ باوەڕدارانی کۆرنسۆس، 13.4). یان "هیچ جیاوازییەك لەنێوان جولەکە و یۆنانیدا بوونی نییە". (نامە بۆ باوەڕدارانی ڕۆما، 12.10). ئەمە تێکشاندنی گوتاری لۆکاڵی و  زیندووکردنەوەی گوتاری یونیڤێرسالیزم لە پێناوی ڕزگاریدا نەبێت چییە؟ مەسیح ئەگەر ڕووداوێك بووبێت، ئەوا خائینانی ڕووداو دوای مەسیح و حەوارییەکانی، دێن کە ناهێڵن ئەم گوتارە یونیڤێرسالە بگاتە شوێنی خۆی و بەردەوام بێت و دووبارە بکرێتەوە، ئەوان دەیانەوێت وەك کاڵایەك و کردنی بە

مۆد بۆ فرۆشتنی لە بازاڕدا، لەم گوتارەش بڕوانن و لەمۆدکەوتوو سەیری بکەن، لێرەوەیە خائینانی ڕووداو یونیڤێرسالیزم دەکەن بە فیتیشیزمێکی کاڵایی و بەرگی مۆدی لەبەردەکەن. ئەمە بۆ مارکسیش ڕاستە، ئەگەرچی بەهیچ جۆرێك ناکرێت پاساو بۆ تاوانەکانی ستالین بهێنینەوە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا ساویلکانە و ئەحمەقانەیە بێیت تاوانی ستالین زەق بکەیتەوە (کە دڵۆپێکە لە دەریایەك) و تاوانی سەرمایەداری و بەنیۆلیبراڵیکردنی بەزەبر و هەروەها بەنیۆلیبراڵیکردن لەڕێگای ئایدیۆلۆژیا و دروستکردنی ڕەزامەندییەوە نەبینیت، کە لە سەرەتاکانی کارکردنەوەی میلیۆنان ئینسان بوونەتە قوربانی و میلیاردێك و نیو ئینسان لەخوار هێڵی هەژارییەوە دەژین، کەچی مۆڵتی میلیاردێرەکان مانەوەیان لە هۆتێلێکدا بۆ شەوێك، هەزاران هەزار دۆلارە و ئەمە لە بنچینەدا سیستەمی سەرمایەدارییە ڕێگا بۆ ئەم مۆڵتی میلیاردێرانە خۆشدەکات بەئارەزووی خۆیان تەراتێن بەنێو ئابووری وڵاتەکاندا بکەن و دەستی بەسەردابگرتن و ئەم چەتەگەری و تاڵانکارییە گەورەیەی سروشت و سەرچاوە ماتریالی و سروشتییەکانیش ناوبنێن: خاوەندارێتیی تایبەت.

## VI

ئەم کتێبەی تێری ئیگڵتۆن لە دە پرسیاردا زۆرێك لەو هەڵە باو و مەبەستدارانە ڕاست دەکاتەوە، کە تا ئەمڕۆ لەسەر مارکس هەن، لە دە پرسیاردا کە هەریەکێکیان تۆمەتێکە دراوتە پاڵ مارکس و ئیگڵتۆن هەڵەکان ڕاست دەکاتەوە، وەك دەگوترێت مارکس

هەموو شتێك بۆ ئابووری کورت دەکاتەوە(فۆرمێکی جەبرگەرایی یان حەتمییەتی ئابووری)، مارکس خۆی لە کتێبی ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانیدا دەنووسێت: ”یەکەمین ئەکتی مێژوویی بەرهەمهێنانی ئامرازە پێویستییەکانە بۆ دابینکردنی پێداویستییە ماتریالییەکان. تەنها دوای دابینکردنی ئەمانەیە کە دەتوانین بانجۆ بژەنین، شیعری ئیرۆتیکی بنووسین و نەخش و نیگار لەسەر دیوارەکان بکێشین. ژێرخانی کولتوور کارە. بەبێ بەرهەمهێنانی ماتریالی هیچ شارستانێتییەك بوونی نییە“. مارکسیزم دەیەوێت دەریبخات بەرهەمهێنانی ماتریالی تەنها بەو مانایە بنچینەیی نییە کە بەبێ ئەم پرۆسەیە هیچ شارستانێتییەك بوونی نییە، چونکە دواجار ئەوە بەرهەمهێنانی ماتریالییە سروشت و خەسڵەتی ئەو شارستانێتییە دیاریدەکات. مارکس خۆی باوەڕی بە پرەنسیپێك بۆ بەرهەمهێنان هەیە، بەڵام بەمانایەکی بەرفراوانی وشەکە. ئەو پێیوایە خۆ-ڕیالیزەکردن یان خۆبەدیهێنانی مرۆڤ دەبێت وەك ئامانجێکی لەخۆدا هەڵبسەنگێنرێت و نابێت تا ئاستی ئامرازی گەیشتن بە ئامانجێك کورت بکرێتەوە و دابەزێنرێت. ئابووریی کاتی کار دروست دەکات، واتا جۆرێك لە میتافیزیکی کار، هەر ئەوەی هەمووان کەوتوونەتە هەڵەوە کاتێك دەڵێن ئەمە مارکسە میتافیزیکی کاری دروستکردووە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئایدیالەکەی مارکس کاتی کار نییە، بەڵکو کاتی بەتاڵییە، واتا هەر ئەو کاتەی مرۆڤ دەبێت خەباتی بۆ بکات تاکو پێیبگات، و کاتی بەتاڵیش ئەو کاتەیە کە ئێمە بەهۆیەوە پەرە بە توانا و بەهرە و لێهاتووییەکانی خۆمان دەدەین، ئیتر لە هونەر و ئەدەبیاتەوە

بیگرە تا دەگاتە کولتوور و سیاسەت. ئایا ئەم بۆچوونە هی پیرەمێردێکە هەموو شتێك بۆ ئابووریی کـورت دەکاتەوە؟ نەخێر، بەڵکو ئەوە سەرمایەدارییە هەمووان لەنێو ئابووریدا دیل و قەتیس دەکات و ئایدیالی مارکس ڕزگاربوونە لەم دیل و قەتیسبوونە.

## VII

وەرگـێـڕان ئەکتێکی سیاسییە، ئەویش وەرگێڕانی ئایدیا شۆڕشگێڕییەکان کە دۆخـی باڵادەست ڕووبـەڕووی تەنگژە دەکەنەوە، یان بەمانایەك دەکرێت بڵێین ئیشی وەرگێڕان ڕووبـەڕووبـوونـەوە و دەرگیربوونە لەگەڵ بـارودۆخـدا، نەك وەرگێڕان وەك ئەکتێکی کولتووری و بۆ چێژی نمایشی، تەنانەت ئەو وەرگێڕانان و نووسینانەی هەڵگری گوتارێکی ڕادیکاڵن لە فۆرماڵدا، کەچی شاردنەوەی خودی ناڕادیکاڵیتە و چێژە نمایشییەکەیە، کەواتە نمایشکردن بۆ شاردنەوەی میکانیزمەکانی ئیشکردنی نمایشییە. وەك جۆرجیۆ ئاگامبێن لە یاداشتەکانیدا لەسەر شەرحەکانی گەی دیبۆر بۆ کتێبەکەی خۆی "کۆمەڵگای نمایشی" باسی کـردووە، دەکرێت دۆزینەوەی "ڕەمـز"ی کاڵا کلیلێك بووبێت کە قەڵەمڕەوی لە سیحرداماڵراوی سەرمایەی بەڕووی ئێمەدا کردووەتەوە، ئەمە ڕەمزێك بوو سەرمایە هەمیشە دەیویست لەڕێگای نمایشکردنی گشتیی خۆیەوە، بیشارێتەوە. کەواتە نمایشکردن خۆی ئەکتێکی دیکە و میکانیزمێکی دیکەی شاردنەوەیە. وەرگێڕانیش لەم دۆخ و کۆمەڵگا نمایشییەدا، بۆ

شاردنەوەی گوتاری ڕادیکاڵی ڕاستەقینەیە، بێ هۆ نییە گوتاری فۆرماڵ ڕادیکاڵەکان هەمیشە لە پانتایی فەیسبووك تێناپەڕن و ئایدیاکانیشیان - ئەگەر ئایدیایەکیان هەبێت - ڕەنگدانەوەی بـارودۆخـی ئەو کۆمەڵگا و کاتەن کە تیایدان و هەروەها ڕەنگدانەوەی ئاستی خوێنەرانی ئەم گوتارە یان وردەڕەخنە کولتوورییانەیە، بێزاری دۆخی نمایشیی لە ڕەخنەی ئابووریی سیاسیی و ڕووکردنە وردەڕەخنەی کولتووری یان ئـارەزوو بۆ مەسرەفکردنی ئەم وردەڕەخنانە، گەریلاکانی بەرهەمهێنانی ئەم وردەڕەخنانەش بەرز دەکاتەوە. ئەگەرچی وەرگێڕان لەم دۆخەدا، زۆرجار بریتییە لە وەرگێڕانی تێکستی ڕەخنەیی لەسەر دۆخی باڵادەست، بەڵام مادام هەڵگری هەمان سیاسەتی نمایشییە، ڕەخنەش بەناچاریی مەحکومە بە نمایش و خۆیشی دەبێتەوە بە نمایشێکی دیکە. کەواتە، بەمانایەك، هەمووان لەم نمایشەدا هاوبەشن و هەمووانیش لەهەمانکاتدا بینەریشن.

## VIII

ئەم کتێبە سەرەتا بەپێی دەقی ئینگلیزی و بەراوردی دێڕ بەدێڕی وەرگێڕانی فارسیی ساڵحی نەجەفی و ڕەحمان بوزەری کراوە بە کوردی، و وەرگێڕانی دەقێکیش بۆ زمانێکی دیکە بە قەولی واڵتەر بنیامین، هەموو ڕاز و ڕەمزەکانی دەقی ئۆرگیناڵ کەشف دەکات و زمانی یەکەمیش لە خەرمانە و ناڕوونی و ئەسرارەکانی ڕزگار دەکات، ئەمەش دەرەتانێکی باشە لەڕێگای زمانی ئۆرگیناڵ و کرانەوەی زمانەکە بەڕووی زمانێکی دیکەدا، دەقێك بکرێتە

سەر زمانێکی دی، ئەگەرچی ئەمە بە موتڵەقیش ڕاست نییە و دەکرێت زۆرجار پەرتەوازەبوون دروست بکات، بەڵام هەرچۆنێك بێت ڕزگاربوون لەم پەرتەوازەییە پەیوەندیی بە ئاستی مەبدەئ و تێگەیشتن و باوەڕبوونی وەرگێڕ هەیە لەو دەقەی وەریدەگێڕێت و ئەوەش بۆ ئەم دەقەی من وەرمگێڕاوە دروست و دەستدەدات. ئامانجی ئەم کتێبە، گرنگیدانە بە زنجیرەی کتێبی لێکۆڵینەوەی سۆسیالیستیی هەر لە ئەنتەرناسیۆنالی سێوە بگرە تا دەگاتە چەپە نوێکان. لەکۆتاییدا، سوپاسی هاوژینم "هێرۆ ئەحمەد" دەکەم، کە یارمەتیدەرم بوو. و هەروەها سوپاس بۆ هاوڕێی ئازیزم "بابان ئەنوەر" کە وەك هەمیشە هاوکاریی ئیشەکانمە.

Terry Eagleton: Why Marx was Right, Yale University Press, New Haven and London, 2011.
تری ایگلتون: پرسشهای از مارکس، ترجمە: رحمان بوذری و صالح نجفی، انتشارات مینوی خرد، تهران، 1391.

**پێشڕەو محەمەد**
**سلێمانی - 2015/5/25**

# پێشەکیی نووسەر

نووسینی ئـەم کتێبە لە بیرۆکەیەکی سەرنجڕاکێشەوە دەستپێکرد: ئایا دەکرێت بەناوبانگترین ئەو ڕەخنانەی لە مارکس گیراون، هەموویان هەڵە بن؟ و نەك هەموویان، لانیکەم دەکرێت زۆربەیان بەمجۆرە بن؟

ئەمە مانای ئەوە نابەخشێت کە مارکس هەرگیز هەڵەی نەکردووە. من لەو جۆرە چەپانە نیم سەرەتا باس لەوە دەکەن کە دەبێت ڕەخنە لە هەموو شتێك بگرن، بەڵام کاتێك دایاوان لێدەکەن سێ ڕەخنەی جدی لە مارکس بگرن، کەللەیی دەبن و دەمیان قەپات دەکەن. ئەم کتێبە بەباشی دەریدەخات کە من خۆم گومانم لە هەندێك لەئایدیاکانی ئەو هەیە. بەڵام ئایدیاکانی مارکس دەربارەی گرنگترین پرسەکانی سەردەمی خۆی هێندە ڕاشکاوانە بوون کە بانگەشەکردن بۆ مارکسیستبوونی خۆی، وەك کارێکی ژیرانە دەردەکەوت. هیچ لایەنگرێکی فرۆید بیر لەوە ناکاتەوە فرۆید هەرگیز هەڵەی گەورەی نەکردبێت، هەروەها هیچ یەکێك لە هۆگرانی ئەلفرێد هیچکۆك بەرگریی لە تاکە

تاكەی دیمەن (مەشهەد)ـەكان و دێڕ بەدێڕی سیناریۆكانی ماموستاكەیان ناكەن. من دەمەوێت پیشانی بدەم ئایدیاكانی ماركس جێی بڕوا و ژیرانە و مەعقولن، نەك كامل و پێرفێكت. بۆ سەلماندنی ئەم بانگەشەیەش، لەم كتێبەدا دە بڕگەم هێناوەتەوە لە باوترین و ستانداردترین ئەو ڕەخنانەی لە ماركس گیراون، ئەویش نەك بەپێی ڕیزبەندیی گرنگیی ڕەخنەكان، و هەوڵمداوە تاكو دانە بەدانەی ئەو ڕەخنانە ڕەتبكەمەوە. ئامانجێكی دیكەم ئەوە بووە كە لە پرۆسەی ئەم كارەدا دەروازەیەكی ڕوون و شیاوی تێگەیشتنی بیركردنەوەی ئەو بۆ ئەو كەسانە بخەمەڕوو كە باش ئاشنا نین بە كارەكەی ماركس.

هەندێك دەڵێن مانیفێستی كۆمۆنیزم "بێگومان كاریگەرترین دەقێكە لە سەدەی نۆزدەهەمدا نووسرابێت"[1]. لەودیوی پیاوانی دەوڵەت، زاناكان، جەنگاوەران، پێشەوایانی ئایینی و هتدەوە، كەمن ئەو بیرمەندانەی هاوتای نووسەری مانیفێست ڕەوتی مێژووی واقیعییان گۆڕیبێت. بەدرێژایی مێژوو هیچ حكومەتێكی دێكارتی، گەریلای شەڕڤانی ئەفلاتونی، یەكێتیی كرێكاریی هێگڵی نابینرێتەوە. تەنانەت كینەلەدڵترین ڕەخنەگرانی ماركسیش ئەوە ڕەت ناكەنەوە كە ئەو تێگەیشتنی ئێمەی بۆ مێژووی مرۆڤایەتی لە بنج و بناوانەوە گۆڕیوە. بیرمەندێكی دژەسۆسیالیزمی وەك لودڤیك فۆن میزس سۆسیالیزم بە "بەهێزترین بزووتنەوەی ڕیفۆرم پێناسە دەكات، كە مێژوو بەخۆیەوە بینیبێت، یەكەمین ڕەوتی ئایدیۆلۆژییانە كە بۆ بەشێكی مرۆڤایەتی كورت نابێتەوە، بەڵكو لایەنگران و هـەوادارانـی لەنێو هەموو ڕەگەزەكان،

نەتەوەکان، ئایینەکان و شارستانییەکاندا هەبووە"[2]. بەڵام ئەم بیروباوەڕە سەیروسەمەرەیە لێرەو لەوێ دەبیسترێت کە ئێستا دەتوانین بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە مارکس و تیۆرییەکانی بنێژین - ئەویش بەدوای یەکێك لە وێرانکەرترین قەیرانەکانی سەرمایەداریی بەدرێژایی مێژوو. لەکاتێکدا مارکسیزم هەر لە کۆنەوە دەوڵەمەندترین و سازشنەکەرترین ڕەخنەی تیۆریی و سیاسیی بووە لەسەر سیستەمی سەرمایەداریی، ئێستا بێ باکانە وەك تیۆرییەکی سەر بە سەردەمی کۆن سەیر دەکرێت.

مانای ئەو قەیرانە لانیکەم ئەوەیە وشەی "سەرمایەداری" کە هەمیشە لە بەرگی گۆڕاو و بە ناوی خوازراوی وەك "سەردەمی مۆدێرن"، "کۆمەڵگای پیشەسازی" یان "خۆرئاوا" دەردەکەوێت، دووبـارە ڕەونەقی پەیدا کردۆتەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو کاتەی خەڵك دەست دەکەن بە قسەکردن لەسەر سەرمایەداریی، ئەوا سیستەمی سەرمایەداریی کەوتۆتە نێو تەنگژە و قەیرانەوە. و ئەمە دەریدەخات سیستەمی سەرمایەداریی چیتر وەك ئەو هەوایەی هەڵی دەمژین بە شتێکی سروشتی دانانرێت، و دەکرێت بەو شێوە مێژووییە سەیری بکەین، کە هەیە، وەك ئەو دیاردەیەی ڕۆژێك هاتۆتە دنیاوە و هەمیشە دەکرێت بمرێت، و بەم هۆیەوەیە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان هەمیشە حەز دەکەن خۆیان بە نەمر پیشان بدەن. بەجۆرێك کاتێك لەناکاو تووشی لەرز و تایەکی کوشندە دەبین ئەوا دووبارە هەست بە جەستەمان دەکەینەوە، فۆرمێکی ژیانی کۆمەڵایەتیی کاتێك بەو جۆرەی لەڕاستیدا هەیە، دەناسرێت، کە بکەونە بەردەم لەناوچوون و

کەوتنەوە. مارکس یەکەم کەس بوو دیاردەیەکی مێژوویی ناسراو بە سەرمایەداریی وەسفکرد - یەکەم کەس بوو دەریخست ئەم دیاردەیە چۆن سەریهەڵداوە، بەپێی چ یاساگەلێك دەجولێتەوە و چۆن دەتوانین لەناوی بەرین. بەو جۆرەی نیوتن هێزە نادیارەکانی کەشف کرد کە ئەمڕۆ پێیان دەڵێین یاساکانی کێشکردن، و فرۆید ڕێگایەکی ڕەفتاری دیاردە نادیارەکانی کەشف کرد کە ئەمڕۆ پێیدەڵێین ناخودئاگا، مارکسیش پەردەی لەسەر ژیانی ڕۆژانەی ئێمە هەڵماڵی تاکو دیاردەیەکی هەستپێنەکراو ئاشکرا بکات کە ناوەکەی بریتییە لەمۆدێلی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری.

لەم کتێبەدا قسەیەکی ئەوتۆ دەربارەی مارکسیزم وەك ڕەخنەی ئەخلاقی و کولتووری ناکەم. چونکە بەگشتی، لەم ڕووەوە کێشەیەکی ئەوتۆیان لە مارکسیزمدا نەبووە، و بۆیە خەریکبوون بەم بابەتەوە لەم کتێبەدا، پاساوێکی ئەوتۆی نییە. ئەگەرچی بەلای منەوە کۆمەڵەیەکی زۆر پڕ و پڕبەرهەمی نووسراوە مارکسیستییەکان لەم بارەیەوە هەیە کە خۆی بەڵگەیەکی یەکلاییکەرەوەیە لەسەر پشتڕاستکردنەوەی میراتی مارکسیزم. لەخۆنامۆبوون، "بەکاڵابوون"ی ژیانی کۆمەڵایەتی، کولتووری تووشبوو بە تەماح و چاوچنۆکی، شەڕانگێزی، چێژپەرستیی کوێرانە و نیهیلیزمی هەمیشە گەشەکردوو، بێ مانا و بێ بەهابوونی بەردەوامی بوون و ژیانی مرۆڤ: قورسە بتوانین باسێکی ورد و زیرەکانە دەربارەی ئەم پرسانە بدۆزینەوە کە بەجدی قەرزاربارى نەریتی مارکسیزم نەبووبێت.

لە سەرەتای دروستبوونی فیمینیزمدا، هەندێك لە نووسەرە پیاوە نییەت باشەکان بەڵام نەزان، حەزیان دەکرد بنووسن "کاتێك دەڵێین 'پیاوان'(men) بێگومان مەبەسەتمان 'پیاوان و ژنان'ـە". منیش هەر بەمجۆرە دەمەوێت بڵێم کاتێك دەڵێم مارکس زۆربەی کات مەبەستم مارکس و ئەنگڵسە. ئەگەرچی پەیوەندیی نێوان ئەو دووانە بەسەرهاتێکی دیکەیە.

دەمەوێت سوپاسی ئەلێکس کالینیکۆس، فیلیپ کارپینتەر و ئەلین مەکسینز وود بکەم کە ڕەشنووسی ئەم کتێبەیان خوێندەوە و گەلێك ڕەخنە و پێشنیاری بەسوودیان پێشکەش کردم.

# بەشی یەکەم
# مارکس لە سەدەی بیست و یەکدا

**مارکسیزم کۆتایی پێهاتووە. بە ئەگەرێکی زۆرەوە مارکسیزم لە جیهانی کارگەکان و یاخیبوونی برسییان، کرێکارانی کانەکانی خەڵوزی بەردین و دوکەڵکێشەکان، جیهانی هەژار و دەستکورتیی بەرفراوان و کۆمەڵانی خەڵکی چینی کرێکاردا، بوونی هەبووە. بەڵام بێگومان هیچ کاریگەرییەکی لەسەر کۆمەڵگاکانی پاش-پیشەسازیی خۆرئاوای ئەمڕۆ نییە، ئەو کۆمەڵگایانەی زیاتر لە پێشوو، بوونەتە کۆمەڵگای بێچین و خز. مارکسیزم ڕەوت و ڕێبازی کەسانێکە کە کەللەوشك، ترساو و فریوخواردوون و ناتوانن ئەوە قبوڵ بکەن کە جیهان بۆ هەمیشە بەباشی2 (بە هەردوو مانای وشەکە) گۆڕانی بەسەردا هاتووە.**

کاتێك دەگوترێت مارکسیزم کۆتایی پێهاتووە دەکرێت لە هەموو شوێنێکدا مۆسیقای مارکسیستەکان ببیسترێت. ئەوان دەتوانن لەبری بەرپاکردنی مانگرتن و خۆپیشاندانەکان،

2- ئیگڵتۆن وشەی good بەکاردەهێنێت، هەم بە مانای باش و دروست و هەم بە مانای قازانج دێت (وەرگێڕ)

بگەڕێنەوە نێو باوەشی گەرمی خێزانە غەمگینەکانیان و لەجیاتی ئەوەی بەشداری لە کۆبوونەوە وەڕەسکەرەکانی کۆمیتەی حزبدا بکەن، شەوێك بەخۆشی لە ماڵەکەی خۆیاندا بەسەر بەرن. مارکسیستەکان جگە لـەوەی چیتر مارکسیست نەبن هیچی دیکەیان ناوێت. بەمجۆرە مارکسیستبوون لە بوودایيبوون یان ملیاردێربوون ناچێت. زیاتر لە پزیشکبوونەوە نزیکترە. پزیشکان بوونەوەرانی لادەرن کە بەردەوام نانی خۆیان دەبڕن، چونکە بە چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشانەی چیتر پێویستییان بە دەوا و دەرمان نییە، خۆیان بێکار دەکەن. ڕادیکاڵە سیاسییەکانیش ئیشەکەیان گەیشتنە بە شوێنێك تیایدا چیتر پێویست بە بوونی ئەوان ناکات، چونکە ئامانجەکانیان بەدیهاتووە. کەواتە لەوە ئازاد دەبن تاکو بچنە دەرەوەی شانۆکە، پۆستەرەکانی چێ گیڤارا بسوتێنن، دووبارە ڤایۆلینە تۆز لەسەرنیشتووەکەیان بەدەستەوە بگرن و دەربـــارەی شتگەلێکی سەرنجڕاکێشتر لە مۆدێلی بەرهەمهێنانی ئاسیایی، قسە بکەن. مایەی شەرمەزارییە کەسێك زیاد لە بیست ساڵ هەر لەسەر مارکسیستبوون یان فیمینیستبوون بەردەوام. مارکسیزم ڕێکوڕاست دەبێت پیشەیەکی کاتی بێت و بەم هۆیەوە ئەگەرچی سەرتاپای شوناسەکەی بۆ ئەوە تەرخان بکات، هێشتا نەیتوانیوە بە خاڵە سەرەکییەکە بگات. خاڵی بنچینەیی و سەرەکیی لە مارکسیزمدا ئەوەیە کە ژیانی دوای مارکسیزم تازە دەستپێدەکات.

ئەم ڕوانینە دڵگیرە تەنها کێشەیەکە و نەك شتێکی دیکە. مارکسیزم ڕەخنەیە لە سەرمایەداری - وردبینترین، قورسترین و

بەرفراوانترین ڕەخنەیە. هەروەها تاقانە ڕەخنەیەکی ئاوایە کە بەشێکی گەورەی گۆی زەوی گۆڕیوە. سەرەنجام، مادام بازاڕی سەرمایەداریی هەر گەرمە، مارکسیزمیش دەبێت بوونی هەبێت و کاری خۆی بکات. مارکسیزم تەنها کاتێك دەکرێت خانەنشین ببێت، کە دوژمنەکەی خانەنشین کردبێت. و لە دوایین نیگادا، سەرمایەداریی وەك هەمیشە هەستیار و سەرحاڵ دەردەکەوێت.

زۆرینەی ڕەخنەگرانی مارکسیزم ئەمڕۆ کێشەیەکیان لەسەر ئەم خاڵە نییە. بەڵام بانگەشەی ئەوە دەکەن سیستەمی سەرمایەداریی لە ڕۆژگاری مارکسەوە تا ئێرە هێندە گۆڕانی بەسەردا هاتووە کە چیتر ناتوانین وەك [ئەوسا] بیناسینەوە، و بەم هۆیەوە ئایدیاکانی مارکس بەسەرچوون. بەر لە هەڵسەنگاندنێکی وردتری ئەم بانگەشەیە، واباشە باس لەوە بکەین کە مارکس خۆی تەواو بەئاگابوو لە جەوهەری هەمیشە گۆڕاوی ئەو سیستەمەی دەستیکردبوو بە خەبات دژ بە سیستەمەکە. ئێمە لە تێگەیشتمان لە فۆرمە مێژووییە جیاوازەکانی سەرمایەداریدا قەرزارباری خودی مارکسیزمین: بازرگانی، کشتوکاڵ، پیشەسازی، مۆنۆپۆلی، دارایی، ئیمپریالیستی و هتد. کەواتە بۆچی ئەو ڕاستییەی کە سەرمایەداریی لە دەیەکانی دواتردا فۆرم و شکڵ و شێوەی خۆی گۆڕیوە، دەبێت ئەم تیۆرییە بێ بەها بکات کە گۆڕان وەك جەوهەری سەرمایەداریی سەیر دەکات؟ لەبەر ئەوە مارکس خۆی پێشبینیی کەمبوونەوەی ئەندامانی چینی کرێکار و زۆربوونی سەرسوڕهێنەری ژمارەی کارمەندان کردبوو. دواتر باس لەم بابەتە دەکەین. ئەو هەروەها پێشبینیی دەرکەوتنی

دیاردەیەکی ناسراو بە بەجیهانیبوونی کردبوو - پێشبینییەکی سەرسوڕهێنەر لەلایەن پیاوێکەوە کە خەیاڵی ئەوە دەکرێت بیرکردنەوەی ئیتر ڕەتکراوەتەوە و بەمانایەك "کۆن" بووە. وەك بڵێیت ڕەنگە چۆنایەتیی "کۆن"ی مارکسە کە ئایدیاکەی ئەو دەکاتە ئایدیایەکی گرنگ و بابەتی. لایەنگران و پاڵەوانە چاپوکەکانی سەرمایەداریی کە بەخێرایییەکی زۆرەوە دەگەڕێتەوە بۆ نایەکسانییەکانی سەردەمی ڤیکتۆریا، مارکس وەك بیرمەندێکی کەنەفت و بەسەرچوو لەقەڵەم دەدەن.

لە ساڵی 1976دا زۆرێك لە خۆرئاوادا گومانی ئەوەیان دەکرد مارکسیزم هێشتا قسەگەلێکی بۆ گوتن پێیە. تاکو ساڵی 1986 زۆرێك لەوانە لە قسەکانیان پەشیمان بوونەوە. لەم ماوەیەدا ئەرێ بەدیاریکراوی چی ڕوویدا؟ ئایا بابەتەکە یان قەزیەکە تەنها ئەوە بوو کە ئەم فەردانە کەوتبوونە ژێرپێی ئەو زۆرینەیەی تازەگەیشتبوون؟ ئەی ئایا بەشێکی لێکۆڵینەوەی جوڵێنەر و گرنگی تازەیان کەشف کردبوو کە مارکسیزم لەتیۆرییەکی ساختە و تەزویر بەولاوە شتێکی دیکە نییە؟ ئایا لەناکاو بەر دەستنووسێکی بزربووی مارکس کەوتین کە تیایدا دانی بەوەدا دەنا کۆی تیۆریی مارکسیزم نوکتەیەکی خۆش بووە و هیچیدی؟ پۆینتەکە ئەمە نەبوو کە ئێمە لەناکاو کەوتینە نێو نائومێدییەکی پێرفێکتەوە و ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە مارکس بەکرێگیراوی سەرمایەداریی بووە. چونکە زۆر دەمێکە ئاگامان لە کێشەکە هەیە. بەبێ کارگەی جۆلایی ئەرمەن و ئەنگڵس لە سالفۆرد کە خاوەنەکەی باوکی فرەدریش ئەنگڵس بوو، مارکس کە دەمێك بوو لە هەژارییەکی

کوشندەدا دەژیا هەرگیز بەزیندوویی نەدەمایەوە، تاکو بێت ئەم هەموو کاغەزە پڕبکاتەوە دژ بە کارگەی بەرهەمهێنانی جۆلایی.

لەڕاستیدا شتێك لەو قۆناغەدا ڕوویدابوو، کە باسمانکرد. لە ناوەڕاستەکانی دەیەی 1970 بـەدواوە، سیستەمی باڵادەست بەسەر جیهانی خۆرئاوادا گۆڕانێکی چارەنووسسازی بەسەردا هاتبوو[1]. سیستەمی بەرهەمهێنانی پیشەسازیی نەریتی شوێنی خۆی بۆ کولتووری ”پاش-پیشەسازی“ چۆڵکرد، ئەمەش کولتوورێك بوو لەسەر مەسرەفگەرایی، فراوانکردنی پەیوەندییەکانی، تەکنەلۆژیای پەیوەندییەکان و پیشەسازیی خزمەتگوزاری دامەزرابوو. ناوەندە بچووکەکان، ناسەنتراڵەکان، چەندلایەن و بێ هیرارشییەت کەوتنە نێو فەرمان و دەستوورەکەوە. چاودێریی دەوڵـەت لەسەر بازاڕەکان لابرا و بزووتنەوەی چینی کرێکار کەوتە بەردەم هێرشی دڕندانەی دامەزراوە یاسایی/مافناسی و سیاسییەکانەوە. پەیوەندییە چینایەتییە نەریتییەکان لاواز بوون و لە بەرانبەردا، شووناسە لۆکاڵییەکان، ڕەگەزییەکان، و ئەتنیکییەکان زیاتر لەپێشوو، گیانیان بەبەردا کرایەوە. سیاسەت زۆر زیاتر لەلایەن بەڕێوەبەران و پلاندارێژەرانەوە دەستی بەسەردا گیرا.

تەکنەلۆژیا تازەکانی زانیارییەکان ڕۆڵێکی بنچینەیی و سەنتراڵیان گێڕا لە خێراکردنی بەجیهانیبوونی سیستەمی سـەرمـایـەداریـدا، چونکە زۆرێــك لـە کۆمپانیا زەبـەلاحـە فرەنەتەوەییەکان دروستدەکران بۆ گەڕان بەدوای سوودگەلی ئامادەکراوی پرۆسەی بەرهەمهێنان و سەرمایەگوزاری لە سەرتاسەری گۆی زەویدا. بەشێکی گەورەی پرۆسەی بەرهەمهێنان

گوازرایەوە بۆ خاڵەکانی جیهانی "گەشەنەکردوو" کە هێزی کار تیایاندا زۆر هەرزان بوو، ئەم بابەتە زۆرێك لە کورتبینە خۆرئاواییەکانی بەم دەرەنجامە گەیاند کە پیشەسازییە قورسەکان بەگشتی لە سەرتاسەری زەویدا بوونیان نەماوە. بەدوای ئەم جوڵە جیهانییەدا، زۆرینەیەکی گەورەی کرێکارە کۆچبەرەکان لە ئاستی نێونەتەوەییدا بڵاوبوونەوە و لەگەڵیشیدا بە زۆربوونی کۆچبەرە هەژار و لاوازەکان بۆسەر ئابوورییە پێشکەوتووترەکان، شەپۆلێکی تازەی ڕەگەزپەرستی و فاشیزم سەریهەڵدا. لەکاتێکدا خەڵکی وڵاتە "پەراوێزی"یەکان کەوتبوونە بـەردەم بێگاری، بەتایبەتیکردنی ئاسانکارییە کۆمەڵایەتییەکان، کەمبوونەوەی تواناکانی خۆشگوزەرانی و نادادپەروەرانەترین هەلومەرجەکانی دانوستان و بازرگانییەوە، بەڕێوەبەرانی خاوەن ناوەندە گەورەکان بۆینباخەکانیان دەترازاند و یەخەی قەمیسەکانیان دەکردەوە و نیگەرانیی خۆیان بەرانبەر بە سەلامەتیی مەعنەویی کارکەرەکانی خۆیان دەردەبڕی.

هیچ یەکێك لەمانە بەم هۆیەوە ڕووینەدا کە سەرمایەداریی سەرخۆش و بێ خەیاڵ پیایدا تێدەپەڕی. بەپێچەوانەوە، حاڵەتی هار و گەرم و شەڕانگێزانەی نوێی سەرمایەداری، وەك زۆرینەی زۆری فۆرمەکانی شەڕانگێزی، لە نیگەرانی و خەمۆکییەکی قوڵەوە هاتبوو. ئەگەر سیستەمی سەرمایەداریی بـوو بە سیستەمێکی شێت و شەیدایی، هۆکارەکەی جۆرە خەمۆکییەکی شاراوە بوو. هۆکاری بەرەوپێشبەری ئەم ڕێکخراوە تازەیە بەرزتر لە هەمووان کۆتایی لەناکاوی ڕۆشنایی ئابووریی دوای جەنگ

بوو. بەهێزبوونی ململانێی نێونەتەوەیی بووە هۆی دابەزینی نرخەکانی سوود، کەمبوونەوەی سەرچاوەکانی سەرمایەگوزاری، و هێواشبوونی ڕیتمی گەشەکردن. تەنانەت سۆسیال-دیموکراسییش بوو بوو بە بژاردەیەکی تەواو ڕادیکاڵ و پڕخەرجی لە سیاسەتدا. بەمجۆرە سەکۆی جێگیربوونی ڕیگان و تاچەر دەرکەوت و ئەم دووانە بەڕێکەوت میتۆدەکانی بەرهەمهێنانی نەریتییان لەناوبرد، دەستوپێی بزووتنەوەی کرێکارییان بەست، جڵەوی بازاڕیان بەردا، هێزە سەرکوتکەرەکانی دەوڵەتیان بەهێزترکرد و هەستان بە بەرگریکردن و پشتیوانیکردنی فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتیی تازە کە بە چاوچنۆکی و تموحێکی قێزەونانە ناسراوە. گواستنەوەی سەرمایەگوزاریی لە مەیدانی بەرهەمهێنانەوە بۆ بـواری پیشەسازییەکانی خزمەتگوزاری، پەیوەندییەکان و کاروباریی دارایی کاردانەوەیەك بوو بەڕووی قەیرانی بەردەوامی ئابووریدا، و نەك دەرچوون لە جیهانی خراپی کۆن بۆ دنیای قەشەنگی نوێ.

تەنانەت ئەگەر بەمجۆرەش بێت، ڕێی تێناچێت کە زۆرینەی ئەو ڕادیکاڵانەی لەماوەی دەیەی 60 و دەیەی 80دا زەینییەتی خۆیان دەربارەی سیستەمی سەرمایەداریی گۆڕیبێت تەنها بەو هۆیەوە بۆچوونەکانیان گۆڕیبێت کە ژمارەی کارگەکانی ڕستن و چنین زۆر کەمتر بوو لە ڕابـردوو. ئەمە ئەو خاڵە نەبوو کە بووە هۆی ئەوەی ڕادیکاڵەکان لەگەڵ لاجانگ و سەرپێچەکانیان مارکسیزمیان پێچابێتەوە؛ ڕوو وەرگێڕانی ئەوان لە مارکسیزم لەو باوەڕە بەرفراوانەوە هاتبوو کە چیتر ئەگەری ئەوە نەماوە سیستەمی سەرمایەداریی لەناوببرێت. ئەو شتەی دیاریکەر و

یەکلاییکەرەوە بوو کەوتنە داوی وەهمێك نەبوو دەربارەی سەرمایەداریی نوێ، بەڵکو دەرچوون لە وەهمی ئەگەرەکانی گۆڕانی سیستەمەکە بوو. بێگومان زۆرێك لە سۆسیالیستەکانی پێشوو کە بێ ئومێدییەکانی خۆیان بەم بانگەشەیە پاساو دەدا مادام ناتوانن سیستەمی سەرمایەداریی بگۆڕن، کەواتە پێویست بە گۆڕانی سیستەمەکە ناکات. سەرەنجام بێ ئیمانی بوو بەرانبەر سیستەمێکی ئەڵتەرناتیڤ کە قسەی ئەوەڵ و ئاخیری دەکرد. بزووتنەوەی چینی کرێکار هێندە زیانی بەرکەوتبوو و خەسارەی دابوو و چەپی سیاسیی هێندە پاشەکشەی کردبوو کە هیچ تروسکاییەکی هیوا و ئومێد لە داهاتوودا بەرچاو نەدەکەوت و نەدەدرەوشایەوە. کەوتنی بلۆکی خۆرهەڵات لەدوایین ساڵەکانی دەیەی 80دا نائومێدی و خەمۆکی زۆرێك لە چەپەکانی لێکەوتەوە. تەنانەت سەرکەوتووترین ڕەوتی ڕادیکاڵی سەردەمی نوێ - واتا ناسیۆنالیزمی شۆڕشگێڕی - تا ئەو کاتە بەڕادەیەك گەیشتبووە کۆتایی هێڵەکە، هیچ گۆڕانێکی بەسەر بابەتەکەدا نەدەهێنا. ئەوەی پەڕ و باڵی بە کولتووری پۆستمۆدێرنیزم و حەزی ئەو کولتوورە بۆ ڕەتکردنەوەی حیکایەتە گەورەکان و بانگەشەی سەرکەوتووی کۆتایی مێژوو دابوو، زیاتر لە هەموو شتێك ئەم باوەڕە بوو کە بە قەولی یەکێك لە پۆستمۆدێرنیستە بەشەوق و زەوقەکان، داهاتوو چیتر شتێك نییە جگە لە "ئێستا بە ئیزافەی بژاردەی زیاترەوە".

بەمجۆرە، ئەوەی لە هەموو شتێك زیاتر کەوتە بێبەهاکردنی مارکسیزم، هەستێکی لەرزۆك و خزاوی بێ توانایی و نەزۆکیی

سیاسیی بوو. کاتێك کە واپێدەچێت گۆڕان چووەتە دەرەوەی کارەکەیەوە، کێشەیە بتوانین ئیمانی خۆمان بۆ گۆڕان بپارێزین، تەنانەت ئێستا ئەو کاتەیە کە لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستمان بە پاراستنی ئەم ئیمانە هەیە. باواز لەهەموو شتێك بێنین، ئەگەر لەبەرانبەر ئەوشتەدا بەرهەڵستیی نەنوێنن کە حەتمی دەردەکەوێت، هەرگیز تێناگەن کە شتی حەتمی بەچ ڕادەیەك حەتمی بووە. ئەگەر مارکسیستە بێ دڵ و جەرگەکانی دوو دەیەی دیکە تەحەمولیان دەکرد و دەستیان لە دیدگاکانی ڕابردووی خۆیان نەدەکشاندەوە، دەیانبینی سیستەمی سەرمایەداریی کە هێندە خۆشحاڵ و لەشکست بەدەر دەردەکەوت، ئێستا لە ساڵی 2008دا تەنها دەتوانێت کارتی بانکەکانی شەقامە سەرەکییەکان بپارێزێت. هەروەها دەیانبینی چۆن سەرتاسەری ئەمریکای لاتین و ئەمریکای باکوور بەرەو چەپ دەهاتن. کۆتایی مێژوو ئێستا کۆتایی پێهاتووە. ئەوان کارەساتگەلێکی گەورەتر لەمەیان تاقیکردبووەوە. دەسەڵاتداران لە سیستەمی باڵادەستدا بەختێکی زیاتریان بۆ سەرکەوتن لە مەیدانی سیاسەتدا هەیە، لانیکەم بەو هۆیەی زیاتر لەئێوە تۆپ و تانکیان هەیە. بەڵام خەونە خرۆشێنەرەکان و ئومێدە پڕجۆش و خرۆشەکانی مارکسیستەکانی کۆتایی دەیەی 60 بووە هۆی ئەوەی ئەم بێ هیواییە، هیواکانیان لەهەمیشە تاریکتر بکات.

کەواتە ئەو شتەی مارکسیزمی وەك بێ کاریگەر خستەڕوو، ئەوە نەبوو کە سەرمایەداریی جەوهەری خۆی گۆڕیوە. بابەتەکە بەپێچەوانەی ئەمەوە بوو. لەڕاستیدا لەبەرئەوەی سیستەمی

سەرمایەداریی لەسەر کار بوو شتەکە هەروەك خۆی بوو، بەڵکو خراپتریش. ئەو هۆکارەی مارکسیزمی پاشەکشێ پێکردبوو، خۆی ئیعتیباری بە بانگەشەکانی مارکسیزم دەبەخشی. مارکسیزم خرایە پەراوێزەکانەوە، چونکە سیستەمی کۆمەڵایەتیی بەرانبەری ئەو نەك تەنها دادگەرتر و نەرمتر نەبووبوو، بەڵکو زیاتر لە هەمیشە لەکۆنترۆڵ دەرچووبوو. و ئەم بابەتە زیاتر لە پێشوو ڕەخنەی مارکسیستەکانی لە سیستەمی باڵادەست کردە ڕەخنەیەکی ڕەوا و بابەتی. لە ئاستی جیهانیدا، سەرمایە زیاتر لەپێشوو سەنتراڵتر و دەستدرێژکەرتر بوو و بەگشتی ڕادەی چینی کرێکار گەورەتر بووبوو. وردە وردە دەکرا پێشبینیی داهاتوویەك بکرێت کە تیایدا ملیاردێرەکان لە شارۆچکە سەوز و پارێزراوەکاندا دەژین و لە بەرانبەردا ملیۆنان کەلاوەنشین لە ناوچە بۆگەنیوەکان لەنێو پەرژینی بورجەکانی دیدەوانی و تەلبەندەکاندا ژیان بەسەر دەبەن. لەنێو بارودۆخێکی ئاوادا گوتنی ئەوەی کاری مارکسیزم کۆتایی پێهاتووە وەك ئەوە وایە بانگەشەوەی ئەوە بکەین مادام ئاگرکوژێنەوەکان زیاتر لە هەمیشە لێهاتووتر و ئازاترن ئیتر دەبێت دەزگاکانی ئاگر کوژێنەوە دابخەین و سواقی بدەین.

لە ڕۆژگاری ئێمەدا، بەو جۆرەی مارکس پێبیشنیی کردبوو، نایەکسانیی لە سەروەت و سامانەدا لەڕادەبەدەر زیاتر بووە. تەنها دەرامەتی ملیاردێرێکی مەکزیکیی ئەمڕۆ یەکسانە بە کۆی دەرامەتی 17 ملیۆن هاووڵاتیی هەژاری وڵاتەکەی خۆی. سەرمایەداریی بەدرێژایی مێژوو سامان و ڕۆشناییەکی زیاتری دروستکردووە، بەڵام بەها و نرخی ئەم ڕۆشنایی و درەوشانەوەیە

– بەتایبەت بۆ هەژاران و دەربەدەریی ملیۆنان ئینسان – بارتەقای هەسارەیەك بووە. بەپێی ڕاپۆرتی بانکی جیهانی، 2 ملیارد و 740 ملیۆن ئینسان لە ساڵی 2001دا بە دەرامەتێکی کەمتر لە دوو دۆلار لە ڕۆژێکدا دەژیان. داهاتوویەکی گریمانەیی لەبەردەممانە کە تیایدا دەوڵەتە چەکدارکراوەکان بە چەکی ئەتۆمی، ڕەنگە بەهۆی کەمبوونەوەی سەرچاوە سروشتییەکانەوە بکەونە گیانی یەکتری، کەمبوونەوەیەك بەگشتی بەرهەمی سەرمایەداریی خۆی بووە. بۆ یەکەمجار لە مێژوودا فۆرمی باڵادەستی ژیانی ئێمە دەسەڵاتێکی پەیدا کردووە کە نە تەنها دەتوانێت بکەوێتە نێو داوی ڕەگەزپەرستی و دواکەوتوویی بەرفراوانی کولتوورییەوە، جەنگە گەورەکان یان دامەزراندنی کەمپەکانی کاری زۆرەملێ، بەڵکو لەوانەیە ڕەگــەزی مرۆڤایەتیی لەسەر زەوی ڕەش بکاتەوە. سەرمایەداریی ئەگەر لەبەرژەوەندیی خۆیدا بێت ئامادەیە بناغە کۆمەڵایەتییەکان وێران بکات، و ئەمە دەکرێت بە مانای لەناوچوونی ئینسانەکان لە ئاستێکی فراوانتردا سەیر بکرێت. ئەوەی ڕۆژگارێك وەك خەیاڵپڵاوییە ئاخیرزەمانییەکان دەردەکەوت ئەمڕۆ شتێك نییە جگە لە واقیعبینییەکی عاقڵانە. دروشمی نەریتی چەپەکان لەسەر "سۆسیالیزم یان بەربەریزم" کە سەردەمێك لە دەربڕینێکی ئەدەبی بەولاوە شتێکی دیکە نەبوو، ئەمڕۆ بەجۆرێکی ترسناکتر لە هەمیشە پشتڕاست بووەتەوە. لەم بارودۆخە مەترسیدار و ترسێنەرەدا بە دەربڕینی فرەدریك جیمسن "بەحەتمی دەبێت مارکسیزم هێشتاش هەر ڕاست بێت"[2].

نایەکسانییە ئەبڵەقکەرەکانی سامان و دەسـەڵات، جەنگە ئیمپریالیستییەکان، چەوساندنەوەی بەرفراوان و سەرکوتکارییە بـەردەوامـەکـان: ئەگەر هەموو ئەمانە وەك تایبەتمەندییە دیارەکانی جیهانی ئەمڕۆ سەیر بکەین، دەبێت بڵێین ئەمانە هەمان ئەو بابەتانەن کە مارکسیزم نزیك بە دوو سەدە کاری لەسەر کـردوون و بیری لێکردوونەتەوە. کەواتە سروشتییە مارکسیزم هێشتا گەلێك وانەی بۆ فێرکردنی جیهانی ئەمڕۆ پێیە. مارکس خۆی بەشێوەیەکی بەرچاو لە بینینی پرۆسەی بێ ئەندازە توندوتیژئاسادا تووشی سەرسوڕمان هات کە بەهۆیەوە چینی کرێکاری شاری لە نیشتمانی دووەمی خۆیدا، ئینگلاند لەنێو دڵی لادێیە لەڕیشەهەڵکەندراوەکانەوە دەردەکەوێت - پرۆسەیەك کە ئێستا لە بەرازیل، چین، ڕووسیا و هیندستاندا هەیە. بە قەولی تریسترام هانت کتێبی هەسارەی کەلاوەکانی مایك دەیڤس[3]، کە ڕاپۆرتێکی دۆکۆمێنتاریی "زنجیرە شاخی بۆگەنیو و پیس"ـە کە ئەمڕۆ وەك کەلاوەکانی لاگۆس یان داکای هاوچەرخ دەبینرێت، دەکرێت وەك نوسخەی ئەبدەیتکراوی کتێبی دۆخی چینی کرێکاری ئەنگڵس سەیربکرێت. بەپێی هانت، بەوجۆرەی چین دەبێت بە شوێنی کاری جیهان، ئەوا "ناوچە تایبەتییە ئابوورییەکانی گوانگدونگ و شانگهای بە چەشنێکی ترسهێنەر بیرخەرەوەی مانچستەر و گلاسکۆی دەیەی 1848ن"[3].

ئەگەر مارکسیزم نەبێت، کە ڕەتکراوەتەوە، بەڵکو سەرمایەداریی

3- Mike Davis: Planet of Slums

خۆی بێت، ئەوسا دەبێت چی بڵێین؟ مارکس لە هەمان بریتانیای سەردەمی ڤیکتۆریاشدا دەیبینی سیستەمی سەرمایەداریی بووەتە هەڵم. سەرمایەداریی کە لە ڕۆژگارە زێڕینەکانی خۆیدا کۆمەکی بە گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیی دەکرد، ئێستا بووەتە ڕێگر لەبەردەمیدا. مارکس پێیوایە کۆمەڵگای سەرمایەداری، هەرچەند بە مۆدێرنبوونی خۆی دەنازێت، خۆی نوقمی لافاوی فەنتاسماگۆریا و فیتیشزم، ئەفسانەپەرستی و بتپەرستی، کردبوو. خودی ڕۆشنگەرییەکەی - باوەڕی خۆبەگەورەزانی خۆی بۆ سەرکەوتنی عەقڵانیانەی خۆی - جۆرێك خورافەپەرستی بوو. دروستە سەرمایەداریی توانیبووی پێشکەوتنێکی سەرسوڕهێنەر ببڕێت، بەڵام بە مانایەکی دیکە بۆ مانەوە لە خاڵێکدا کە پێیگەیشتبوو، دەبـوو بە سەختی ڕابکات. مارکس جارێك گوتبووی، ئاستی کۆتایی سەرمایەداریی خودی سەرمایەیە، واتا بەرهەمهێنانەوەی بەردەوامی ئاستێك کە سەرمایەداریی ناتوانێت ڕەتی بکات و تێیبپەڕێنێت. بەمجۆرە، بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر دەکرێت بڵێین لەم دینامیکیترین سیستەمەی کۆی مێژووی مرۆڤایەتیدا، ڕەگەزێکی قورسی وەستاو و دووبارەبووەوە هەیە. ئەم حەقیقەتەی لۆژیکی ژێرخانی سەرمایەداریی تا ئاستێکی زۆر بەجێگیری ماوەتەوە یەکێکە لەو هۆیانەی دەریدەخات ڕەخنەی مارکسیستیی بەڕادەیەکی زۆر بە باوەڕپێکراوی و موعتەبەری ماوەتەوە. تەنها بەشێوەیەك مارکسیزم لەکار دەکەوت ئەگەر سیستەمی سەرمایەداریی لەڕاستیدا توانیبای لە سنوورەکانی خۆی تێبپەڕێت و شتێکی بەڕاستی تازە و لەسەروی سنووری

وێناکردنەوە دروست بکات. بەڵام سەرمایەداریی ناتوانێت داهاتوویەك دروست بکات کە دۆخی ئێستای خۆی بەپێی ڕیتواڵێکی تایبەتی بەرهەمنەهێنێتەوە. و هەڵبەت بە گەلێك بژاردەی زیاترەوە...

سەرمایەداریی گەلێك پێشکەوتنی ماتریالی گەورەی بەدوای خۆیدا هێناوە. بەڵام ئەگەرچی ئەم شێوەیەی ڕێکخستنی کاروبارەکانی مرۆڤ (واتا سەرمایەداری) هەلێکی زۆری هەبووە تاکو بیسەلمێنێت کە دەتوانێت خواستی هەموو ڕەگەزی مرۆڤایەتیی بەدیبهێنێت، کەچی پێناچێت لەم ڕێگایەدا کارێکی شایانی باسی کردبێت. چەندە ئامادەین چاوەڕوان بین تاکو سەرمایەداریی بەڵێنەکانی خۆی دەباتە سەر؟ لەبەر ئەوەی هێشتا دڵ بەم ئەفسانەیە خۆش بکەین کە ئەو سامانە خەیاڵییانەی لەم مۆدێلی بەرهەممهێنانەوە دروستبوون لە کاتی جێگیربووندا دواجار دەچێتە بەردەستی هەمووانەوە؟ ئایا جیهان ئامادەیە بە هەمان میهرەبانی و لەخۆبوردووییەوە چاوەڕوانی بانگەشە هاوشێوەکانی چەپە ڕادیکاڵەکان بکات؟ ئەو ڕاستگەرایانەی پشتڕاستی دەکەنەوە کە لە سیستەمی سەرمایەدارییدا هەمیشە ستەم و ناعەدالەتی هەیە، بەڵام لەم میانەیەدا دەڵێن کێ ناڵێت سیستەمە ئەڵتەرناتیڤەکان خراپتر نین، لەگەڵ بوونی تۆنی وشك و بێ هەستی خۆیان لانیکەم ڕاستگۆترن لەو کەسانەی بەسیاقی ئامۆژگاران بەڵێن دەدەن کە لەکۆتاییدا هەموو شتێك باش دەبێت. ئەگەر لە دنیادا بەوجۆرەی هەم ڕەش و هەم سپیمان هەیە، هەندێك پارەدار و هەندێکی دیکە هەژارن، ئەوسا هیچ

دوور نییە چێژ و ئیمتیازەکانی مرۆڤە پارەدارەکان بەتێپەڕینی کات بە مرۆڤە بێ پارەکانیش بگات. بەڵام کاتێك بڵێین هەندێك لە مرۆڤەکان بەهۆی ڕووداوێکەوە موفلیس و هیچ شتێکیان نییە لەکاتێکدا پارەی ئەوانیدیکە بارتەقای ژوورێکە وەکو ئەوە وایە بڵێین لە جیهاندا هەم پشکنەران هەن و هەم تاوانباران. بەڵێ دروستە، بەڵام ئەم قسەیە حەقیقەتێکی گرنگ دەشارێتەوە: پشکنەران لە جیهاندا هەن چونکە تاوانبارانێك لەجیهاندا هەن...

# بەشی دووەم
# مارکس و مارکسیزم

**ڕەنگە مارکسیزم لە تیۆرییدا زۆر باش بێت. بەڵام هەرکاتێك کەوتە بواری پراکتیکییەوە، دەرەنجامەکەی جگە لە تـرس و تۆقاندن، ستەمکاری و کوشتارە بەکۆمەڵی ترسێنەردا، شتێکی دیکەی بەدوای خۆیدا نەهێناوە. لەوانەیە مارکسیزم بۆ ئەکادیمییە پارەدارە خۆرئاواییەکان ئایدیایەکی باش بێت کە دەتوانن ئازادی و دیموکراسی وەك شتگەلێکی گرنگ و یەکلاییکراوە سەیر بکەن. بەڵام بۆ میلیۆنان پیاو و ژنی ئاسایی لەنێو قاتوقڕی، مەینەتی، ئەشکەنجە، کاری زۆرەملێ، ئابووریی داڕماو و دەوڵەتە سەرکوتکەرەکاندا ترسناك بووە. ئەوان کە سـەرەڕای هەموو ئەمانە، کەچی هێشتا بەرگریی لە تیۆریی مارکسیزم دەکـەن، یان عەقڵیان سووکە و ساویلکەن یاخود پشتیان لە هەموو بەها ئەخلاقییەکان کـردووە. سۆسیالیزم واتا نەبوونی ئـازادی؛ هەروەها واتا کەمبوونەوەی کاڵا ماتریالییەکان، چونکە ئەمانە دەرەنجامی تووڕەیی لەنێوبردنی بازاڕ بووە.**

لە خۆرئاوادا پیاوان و ژنانێکی زۆر هەن لایەنگر و هەواداری دەست لەسەر سنگی ئەو سیستەمانەن کە دەستیان سوورە

بەخوێن. مەسیحییەکانیش لەدەرەوەی ئەم ڕێسایە نین. شتێکی عەجیب و غەریب نییە بەرگریکردن و پارێزگاریکردنی بەرچاوی مرۆڤە بەڕواڵەت بەڕێز و بە ڕوحمەکان، وەك لیبراڵەکان و کۆنزەرڤاتیڤەکان، لەو شارستانێتییانەی سەرتاپا نوقمی خوێنن، ببینین. نەتەوە سەرمایەدارە مۆدێرنەکان بەرهەمی مێژوویەکی پڕ لە کۆیلەداری، جینۆساید، توندوتیژی و چەوساندنەوەن کە کەمتر نین لە تاوانەکانی ڕژێمی ماو لە چین یان ستالین لە یەکێتیی سۆڤێتدا. سەرمایەدارییش بە نرخ و بەهای خوێن و فرمێسکی میلیۆنان ئینسان هاتووەتە بوون؛ بابەتەکە تەنها ئەمەیە کە سەرمایەداریی هێندە بەزیندوویی ماوەتەوە تاکو بەشێکی زۆری ئەم دڕندەییە لەبیر بباتەوە، ئەم بابەتە دەربارەی ستالینیزم و ماویزم ڕاست نییە. ئەگەر مارکس نەکەوتووەتە بەر ئەم نەفرەتەوە بەهۆی ئەوەوە بووە ئەو لە ڕۆژگارێکدا دەژیا کە هێشتا سیستەمی سەرمایەداریی لەئانی دروستبووندا بوو.

مایك دەیڤس لە کتێبی هۆلۆکۆستەکانی کۆتایی سەردەمی ڤیکتۆریادا دەربارەی دەیان میلیۆن هیندی، ئەفریقایی، چینی، بەرازیلی، کـۆری، ڕووسـی و ئەوانیدیکە دەنووسێت، کە لە ساڵەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا بەهۆی قاتی وقڕییەکان، وشکەساڵی و نەخۆشییەکانەوە گیانیان لەدەستدا کە بە تەواوی دەکـرا بەر بەم کارەساتانە بگیرێت. زۆرێـك لەم کارەساتانە دەرەنجامی پرەنسیپە دۆگماییەکانی بـازاڕی ئازاد بوون، (بۆ نموونە) زیادبوونی سەرسوڕهێنەری بەهای دانەوێڵە بووە هۆی ئەوەی خەڵکی ئاسایی نەتوانن خۆراك دابین بکەن. هەموو ئەم

کارەساتە تۆقێنەرانە بەڕادەی کارەساتەکانی سەردەمی ڤیکتۆریا کۆن نین. لە میانەی دوو دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا ژمارەی ئەو کەسانەی لە جیهاندا بە دەرامەتێکی کەمتر لە دوو دۆلار لە ڕۆژێکدا دەژین تا ئاستی 100 میلیۆن کەس بەرز بووەتەوە[1]. لە هەرسێ منداڵێك لە بریتانیای ئەمڕۆدا منداڵێك لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژیت و ئێستا ئەگەر بێت و بانکدارەکان خوانەخواستە پاداشتی ساڵانەیان بۆ میلیۆنێك پاوەندی ناقابیل کەم ببێتەوە، تووشیی کەللەیی و خەشم دەبن.

کەس گومانی لەوە نییە کە سەرمایەداریی لەگەڵ هەموو ئەم کارەسات و بەڵایانەدا، گەلێك بەرهەمیشی هەبووە. بەبێ چینەکانی ناوەڕاست کە مارکس ستایشێکی زۆری دەکردن، ئێمە نەدەبووینە خاوەنی میراتێکی هێندە دەوڵەمەند و گـەورە. لەلایەکەوە ئازادی، دیموکراسی، مافە مەدەنییەکان، فیمینیزم، کۆماریخوازی، پێشکەوتنی زانستی و دنیایەك شتگەلی باشی دیکە، و لەلایەکی دیکەوە، مێژوویەکی پڕ لە قەیران و داکشانەوەی ئابووری، بێگاری، فاشیزم، جەنگە ئیمپریالیستییەکان و میل گیبسن. چین و یەکێتیی سۆڤێت هاووڵاتییەکانیان لە جیهانێکی دواکەوتووی ئابوورییەوە بردە نێو جیهانی پیشەسازیی مۆدێرن و هەڵبەت بە بەهای گیانی میلیۆنان ئینسان؛ و ئەم بەهایە بەڕادەیەك بەهۆی دوژمنایەتیی سەرمایەداریی خۆرئاواوە هێندەی دی قورستر بوو. ئەو دوژمنایەتییە هەروەها یەکێتیی سۆڤێتیی بەرەو پێشبڕکێی پڕچەککردن برد کە ئابوورییە هەڵایساو و گڕگرتووەکەی زیاتر بەزەویدادا و سەرەنجام کەوتن و لەناوچوونی خۆی بەدوادا هات.

هەڵبەت لەم میانەدا یەکێتیی سۆڤێت بەکۆمەکی مانگە دەستکردەکانییەوە سەرکەوتوو بوو لەوەی نیشتەجێبوون و سووتەمەنی و ئامرازی گواستنەوە و توانا کولتوورییە نرخ هەرزانەکان، کارپێدانی تەواوەتی و خزمەتگوزارییە کاریگەرە کۆمەڵایەتییەکان بۆ نیوەی هاووڵاتییانی ئەورووپا دابین بکات و بەم هۆیەوە ئەندازە و ڕادەیەکی بێ پێشینەی یەکسانی و (دواجار) خۆشگوزەرانیی مادیی بۆ ئەو نەتەوانە بەدیاری بهێنێت. ئەڵمانیای خۆرهەڵاتیی کۆمۆنیستیی دەیتوانی بەهۆی یەکێك لە باشترین سیستەمەکانی پارێزگاریکردن و پاراستنی منداڵان لە جیهاندا شانازیی بەخۆیەوە بکات. یەکێـتیی سۆڤێت هەر تەنها ڕۆڵی لە لەناوبردنی خراپەی فاشیزمدا نەبوو، بەڵکو هەروەها ڕۆڵێکی حەماسییشی گێڕا لە کۆمەککردن بۆ لەناوبردنی هێزە کۆلۆنیالیستییەکان. بۆیە لەنێوان هاووڵاتییانی خۆیدا جۆرێکی پەیوەندیی و بەیەکەوەبوونی دروستکرد کە نەتەوە خۆرئاواییەکان تەنها لەکاتی کوشتاریی ناوچەییەکانی سەرزەمینەکانی دیکەدا دەستیان پێیدەگات. هەڵبەت هەموو ئەمانە جێگای ئازادی، دیموکراسی و سۆپەرمارکێت ناگرنەوە، نابێت ئەمانە فەرامۆش بکەین. کاتێك ئازادی و دیموکراسی سەرەنجام سواربوون بۆ ڕزگارکردنی بلۆکی سۆڤێت، بەرگی شۆکدەرمانیی ئابوورییان لەبەر کرد، دزی بە ڕۆژی ڕووناك، کە بەتایبەتیکردن ناوێکی موحتەرەمانەی ئەم دزییەیە، واتا بێکاربوونی دەیان میلیۆن ئینسان، زیادبوونی سەرسوڕهێنەری هـەژاری و نایەکسانی، داخستنی دایەنگا خۆڕاییەکان، لەدەستچوونی مافەکانی ژنان و

وێرانبوونی وردەوردەی تۆڕەکانی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی کە لەم وڵاتانەدا زۆر بەباشی پێداویستییەکانی خەڵکیان دابین دەکرد.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، ناکرێت بەو ئاسانییە بڵێین سوود و لایەنە باشەکانی کۆمۆنیزم عەیب و عارەکانی دەشارێتەوە. ڕەنگە لە بارودۆخی پڕلەکێشەی سەرەتاکانی دروستبوونی یەکێتیی سۆڤێتدا بەڕادەیەك جۆرە حکومەتێکی دیکتاتۆریی پێویست بووبێت؛ بەڵام ئەمە هەرگیز بە مانای ڕژێمی ستالینی یان شتێکی ئاوا نەبوو. بەگشتی، ماوییزم و ستالینیزم ئەزموونگەلێکی خوێناوی و وێرانکاری بوون، کە ئایدیای سۆسیالیزمیان ناشرین کرد، ئەویش لای ئەو کەسانەی زۆرترین پێویستییان بە سوودوەرگرتن لە دەستکەوتەکانی سۆسیالیزم هەبوو. بەڵام سەرمایەداریی چی؟ ئێستا کە ئەم دێڕانە دەنووسم بێکاریی لە خۆرئاوادا دەستی ناوەتە بینەقاقای میلیۆنان کەس و بەخێراییەکی وەهاوە ئەم بێکارییە بەردەوام بەرز دەبێتەوە، و ئابوورییە سەرمایەدارییەکان تەنها بە داگیرکردنی میلیاردەها دۆلار پارەی بێ نەوای هاووڵاتییە چارەڕەشەکانیان دەتوانن خۆیان لەو کارەساتە ڕزگار بکەن کە بەدەستی خۆیان تێیکەوتوون. بانکدارەکان و سەرمایەگوزارانی سیستەمی دارایی، کە جیهانیان بەرەو کەنارەکانی وێرانبوون بردووە، بێگومان لە ڕیزە دوورودرێژەکانی نەشتەرگەریی پلاستیکدا دەوەستن تاکو نەبادا هاووڵاتییە تووڕەکان بیانناسنەوە و پارچە پارچەیان بکەن.

ئەوە ڕاستە کە سەرمایەداریی لە بڕگەیەکی زەمەنیدا زۆر باش دەچێتە پێشەوە، چونکە ڕۆشنایی و سامانێکی بێ حسابی بۆ گەلێك ناوچە و بەشی جیهان بەدیاریی بردووە. بەڵام ڕێك وەك ستالین و ماو بە بەها و قوربانیکردنی مەترسیدارانەی میلیۆنان ئینسان ئەم کارەی کردووە. بابەتەکە تەنها پەیوەندیی بە جینۆساید، قاتوقڕی، ئیمپریالیزم و بازرگانیی کۆیلەوە نییە. سیستەم هەروەها دەریخستووە کە ناتوانێت هیچ ڕۆشنایی و بەرفراوانبوونێك دروست بکات بەبێ ئەوەی گەلێك مەحرومکردن و بێ بەریکردنی گەورە لەدوای خۆیەوە بەجێنەهێڵێت. ڕاستە ئەم بابەتە ڕەنگە لە درێژماوەدا گرنگییەکی ئەوتۆی نەبێت، چونکە مۆدێلی ژیان لە سیستەمی سەرمایەداریی ئێستادا بەجێگایەك گەیشتووە کە هەڕەشەی لەناوچوون لە کۆی هەسارەی زەویی ئێمە دەکات. یەکێك لە ئابووریناسە دیارەکانی خۆرئاوا گۆڕانی کەش و هەوا وەك ”گەورەترین شکستی بازاڕ لە مێژوودا“ وەسف دەکات[2].

مارکس هەرگیز خۆی بیری لەوە نەدەکردەوە کە سۆسیالیزم بتوانێت لە وڵاتە مەحروم و لاوازەکاندا دابمەزرێت. پڕۆژەیەکی ئاوا پێویستیی بە خولانەوەیەکی عەجیب و غەریبی زەمەن هەیە کە وەك ئەوە وایە وێنای داهێنانی ئینتەرنێت بکەین لە سەدەکانی ناوەڕاستدا. تاکو سەردەمی ستالین هیچ بیرمەندێکی مارکسیست بیری لەوە نەدەکردەوە شتێکی ئاوا بڕەخسێت، تەنانەت لینین، ترۆتسکی و ڕێبەرانی دیکەی بەلشەڤیکیش. مەرجی ئەوەی بتوانین سامانی کۆمەڵگا لە بەرژەوەندیی هەمووواندا سەرلەنوێ

ڕێکبخەینەوە ئەوەیە کە لانیکەمی سامانی زیادە هەبێت بۆ ئەم ڕێکخستنەوە سەرلەنوێ و تازەیە. لە هەلومەرجەکانی کەمبوونەوەی سەرچاوەکاندا ناتوانین چینە کۆمەڵایەتییەکان لەنێو ببەین، چونکە کاتێك زیادەی سامانی مادیی کەمتر بێت لـەوەی پێداویستیی هەمووان دابین بکات، ئەوسا ململانێ لەسەر ئەم زیادەیە، جگە لە زیندووکردنەوەی دووبارەی چینە کۆمەڵایەتییەکان شتێکی دیکە بەدوای خۆیدا ناهێنێت. وەك مارکس لە کتێبی ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانیدا دەنووسێت دەرەنجامی شۆڕش لەبارودۆخێکی ئاوادا تەنها دەرکەوتنی دووبارەی "هەمان چیرۆکی قێزەونی کۆن" دەبێت. تەنها ئەو شتەی بەدەست دێت بەسیۆسیالیستبوونی کەمی و کەمبوونەوەیە. ئەگەر پێویست بێت سەرمایە زیاتر یان کەمتر لە پێشوو کەڵەکە بکەین، ئەوسا کاریگەرترین ڕێگا، هەرچەندێکیش دڕندە و وەحشیانە، بەنێو مەیل و ئـارەزووی سوودخۆریدا تێدەپەڕێت. سوودخوازیی چاوچنۆکانە ڕەنگە بەخێراییەکی بەرچاوەوە کەڵەکەکردنی سامانی بـەدوادا بێت، بەڵام بە ئەگەرێکی زۆرەوە جیهانێکی هەژار و بێ دەرەتانیش بەدوای خۆیدا دەهێنێـت.

هەروەها مارکسیستەکان وێنای ئەوەیان نەدەکرد کە بشێت لە یەك وڵاتدا دەستیان بە سۆسیالیزم بگات. بزووتنەوەی سۆسیالیزم یان ئەنتەرناسیۆنال بوو یاخود هیچ نەبوو. ئەمە بانگەشەیەکی ماتریالیستی و یەکسان بوو بە واقیعە پراکتیکییەکان نەك ئەوەی باوەڕێکی ئایدیالیستیی بێت لەسەر بنەمای دۆگم و دەمارگیری و توندڕەوی. ئـەوان پێیانوایە، ئەگەر وڵاتێکی سۆسیالیستی

نەتوانێت پشتێنەیەکی نێونەتەوەیی لە جیهانێکدا هەبێت کە بەرهەمهێنان تیایدا ناسراوە و لەنێوان نەتەوە و دەوڵەتە جیاوازەکاندا دابەشکراوە، هەرگیز ناتوانێت دەستی بەو سەرچاوە جیهانیانە بگات کە بۆ زاڵبوون بەسەر کەمبوونەوەدا پێویستیی پێیەتی[4]. سامانی بەرهەمهێنراوی تاکە وڵاتێك بەس نییە. وێنا

4- ساڵی 1974 لە بریتانیا پارتی کار هەڵبژاردنەکانی بردەوە و پارتی کۆنزەرڤاتیڤ دۆڕاندی. دۆخی ئەو کات دۆخی قەیرانی ئابووریی بوو و پارتی کار لەبەردەمی بژاردەیەکی خراپدا بوو، چۆن قەیرانەکە چارەسەر بکات؟ ئایا سەرکەوتنەکە مەحکوم نەبوو بە شکست و جێگای بۆ مارگرێت تاچەر خۆشکرد تاکو بێت هەرچی سەندیکا کرێکاری و یەکێتییە کرێکاری و سەربەخۆ و خەباتگێڕەکانی لەناوبرد و تواندنییەوە. بە کورتی پارتی کار ناچار بوو ڕوو لە سندووقی دراوی نێودەوڵەتی بکات، وەك هەمووان ئاگادارین بڕبڕەی پشتی نیۆلیبرالیزم و پشتیوانەی سەرمایەداری، ئەم سندوقی دراوی نێودەوڵەتییەیە و سندوقیش لە بەرانبەردا پارتی کاری خستە بەردەم دوو بژاردەوە: یان دەبێت بچێتە ژێرباری بودجە و سیاسەتەکانی ڕەزامەندیی نیۆلیبراڵسازی و بازاڕی ئازاد و بەتایبەتیکردنی کۆمپانیاکان و کردنەوەی دەروازەکان بەڕووی کۆمپانیا دەرەکییەکاندا بەئارەزووی خۆیان تەراتێن بەنێو ئابووریی بریتانیدا بکەن و دەوڵەت هیچ جۆرە دەستێوەردانێك لە بازاڕدا نەکات، یان بژاردەی دووەم، دەبێت پارتی کار مایەپووچی و شکستی خۆی ڕابگەیەنێت و لیرەی ئیستەرلینگی بکاتە قوربانی ئەم ڕێسایەی سندووقی دراوی نێودەوڵەتی دایناوە و لەم حاڵەتەشدا هەم مەرگی پارتی کار و هەم دروستبوونی هەژارییەکی لەڕادەبەدری لێدەکەوتەوە و ئەگەرچی پارەیەکی زۆر لە سەرەتادا دەڕژایە بریتانیاوە، بەڵام بە بەهای گیان و ماڵ و سامانی میلیۆنان خەڵکی بەدبەخت و چارەڕەش و هەژارنشینی بریتانی و لەڕادەبەدەر دروستبوونی چەند مۆڵتی میلیاردێرێك. وەنەبێت بژاردەی یەکەم باشتر بێت، بەڵکو خراپتریشە، ئەگەرچی دواجار پارتی کار بژاردەی یەکەمی قبوڵکرد و بۆ ماوەیەك چارەسەری بودجە و مایەپووچی کرا، بەڵام دواجار مەرگی پارتی کار بوو و بۆ سێ هەڵبژاردن مارگرێت تاچەر بوو بە حاکمی فەرمانڕەوای بریتانیا و لەگەڵ ڕۆناڵد ڕەیگانی ئەوسای سەرۆکی ئەمریکادا، بە زەبری هێز نیۆلیبراڵیان بۆ ناوچەکانی ئەمریکای لاتین و ناوچەکانی دیکە برد و لەڕێگای ئایدیۆلۆژیای دروستکردنی ڕەزامەندییەوە هەرچەند توانیان چینی بـۆرژوازی و ناوەڕاست

و خەیاڵی عەجیب و غەریبی سۆسیالیزم لە تاکە وڵاتێکدا دروستکراوی ستالین خۆی بوو لە دەیەی 1920دا، هەندێکجار بە ئامانجی پاساوهێنانەوەیەکی گاڵتەجاڕانە بۆ ئەم واقیعە کە چیتر نەتەوەکان نەیاندەتوانی کۆمەك بە یەکێتیی سۆڤێت بکەن. ئەم خەیاڵ و وێنایە بەهیچ جۆرێك لە بیر و ئایدیاکانی مارکسدا نابینرێتەوە و جێگای نابێتەوە. گومانی تێدا نییە شۆڕشە سۆسیالیستییەکان دواجار دەبێت لە شوێنێکەوە دەستپێبکەن، بەڵام ناتوانن لەناوەوەی سنوورەکانی تاکە نەتەوەیەکدا تەکمیلە و بەرتەسك بکرێنەوە. بڕیاردان و حوکم دەربارەی سۆسیالیزم لەسەر بنەمای دەرەنجام و ئاکامە بەرچاوەکانی لە وڵاتێکی دواکەوتوو و گۆشەگیردا لەوە دەچێت لەکاتی لێکۆڵینەوە لە نەخۆشییە دەروونییەکان لە کالامازۆی میشیگاندا بگەین بە گەلێك دەرەنجامی گشتیی دەربارەی کۆی ڕەگەزی مرۆڤایەتی.

دەرهێنانی ئابوورییەکی دواکەوتوو و گەشەنەکردوو کارێکی پشتشکێن و تاقەتپڕوکێنە. لە ئابوورییەکی ئاوادا زۆر دوورە پیاوان و ژنان بە ویست و ئیرادەی خۆیان بچنە ژێرباری قورسی و سەختییە پێویستەکانی گەشەکردنی ئابوورییەوە. کەواتە ئەگەر ئەم پڕۆژەیە بەرەبەرە، بەپێی چاودێریی دیموکراسی و گونجاو لەگەڵ بەها سۆسیالیستییەکاندا پیادە نەکرێت ڕەنگە دەوڵەتێکی سەرەڕۆ و دەسەڵاتخواز مەیدانەکە داگیر

---

قەڵەوتر بکەن و میلیۆنان هەژارنشینی دیکە بەدوای خۆیاندا بهێنن. مۆدێلی ئەمڕۆی سەرمایەداریی و نیۆلیبراڵیزم هەمان مۆدێلی مارگرێت تاچەر و ڕۆناڵد ڕەیگانە. (وەرگێڕ)

بکات و هاووڵاتیانی خۆی ناچار بکات گەلێك کار بکەن کە ڕقیان لێیەتی. میلیتاریزەبوونی کار لە ڕووسیای بەلشەڤیکیدا پشتڕاستکەرەوەیەکی بەرچاوی وەها پرۆسەیەکە. بەڵام ئاکامی ئایرۆنیك و تەنزئامێزی مەترسیداری ڕووداوەکە ئەوە دەبێت کە خودی هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووریی سۆسیالیزم لە هەمان کاتدا لاوازبوونی سەرخانە سیاسییەکەی (دیموکراسیی جەماوەری و ئۆتۆنۆمیی ڕەسەن) لێدەکەوێتەوە. ئەمە لەوە دەچێت کە بچنە ئاهەنگێکەوە و لەناکاو تێبگەن کە دەرفەتێکتان نییە بۆ خواردنی کێك و خواردنەوەی بیرەیەك، بەڵکو دەبێت وەك کرێکاران دەستبکەن بە پاککردنەوە و وەختیشتان بۆ خۆشگوزەرانی و ڕابواردن نییە.

لەحاڵەتی ئایدیالیدا مەرجی پێویست بۆ ڕیالیزەبوون و بەدیهاتنی سۆسیالیزم بوونی کۆمەڵەیەکی خوێندەوار، بەئەزموون و ئاگاداریی ئاڵۆزییە سیاسییەکان، دامـەزراوە دینامیکییەکان و گەشەکردنی مەدەنی، تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو، نەریتە ڕۆشنگەربووەکان و ئازادیخواز، و خووگرتن بە دیموکراسییەوەیە. لە کۆمەڵگایەکدا ناتوانین دەستمان بەهیچ یەکێك لەمانە بگات کە توانای نۆژەنکردنەوەی تاکەتاکەی گەورەڕێگاکانیشی نییە یان سیاسەتەکانی بیمە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نەخۆشی و برسێتیدا لە سنووری بەرازێك لە کاتی ڕیندا تێناپەڕێت. ئەو نەتەوانەی لەمێژوودا خۆیان ئەزموونی کۆلۆنیالیزەبوونیان هەیە، بەگشتی لەو دەستکەوت و ئیمتیازاتانە بێبەریکراون کە ڕیزمکردن، چونکە دەسەڵاتە کۆلۆنیالیستەکان حەزیان

به دامەزراندن و جێکردنەوەی ئازادییە مەدەنییەکان یاخود دامەزراوە دیموکراتییەکان نەکردووە لەنێو نەتەوە ژێردەستەکانی خۆیاندا.

وەك مارکس جەختی لەسەر دەکاتەوە، سۆسیالیزم بریتییە لە کەمکردنەوەی سەعاتەکانی کارکردن لە ڕۆژدا - تاڕادەیەك بەهۆی دابینکردنی کاتی بەتاڵ بۆ پیاوان و ژنان تاکو بتوانن گەشە بە لێهاتوویی و توانا شەخسییەکانی خۆیان بدەن، و بەئەندازەیەکیش بۆ ڕێگەدان بە ئۆتۆنۆمیی سیاسیی و ئابووری. کاتێك خەڵك پێڵاویان نییە، ناتوانن دەست بۆ ئەم کارانە بەرن و دابەشکردنی پێڵاو لەنێو میلیۆنان هاووڵاتیدا ڕەنگە پێویستیی بە دەوڵەتێکی سەنتراڵی بیرۆکراتیك هەبێت. ئەگەر وڵاتی ئێوە وەك ڕووسیای دوای شۆڕشی بەلشەڤیکی کەوتبێتە بەردەم هێرشی دەسەڵاتە دوژمنکارە سەرمایەدارییەکانەوە، ئەوا هاتنەسەرکاری دەوڵەتێکی ستەمکار زیاتر لە هەمیشە وەك شتێکی حەتمیی خۆی دەردەخات. بریتانیا لە ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهاندا هەرگیز سیستەمێکی ستەمکار نەبوو؛ بەڵام هەرگیزیش وڵاتێکی ئازاد نەبوو، هیچ کەسێکیش چاوەڕوانییەکی ئاوای نەبوو.

کەواتە بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم دەبێت خاوەن پارەیەکی زۆر بن. هیچ مارکسیستێك لە مارکس و ئەنگڵسەوە تاکو لینین و ترۆتسکی هەرگیز خەونێکی دیکەی جگە لەمەیان نەبووە. بە دەربڕینێکی دیکە، ئەگەر پارەی خۆتان لەخۆتان زیاد نییە، ئەوسا دراوسێ دڵسۆزەکەتان کە هیچ کەموکورتییەکی لەڕووی سەرچاوەکان و توانا مادییەکان نییە، دەبێت خێرا بێت بۆ ئەوەی

دەستی هاوکاریتان بۆ درێژ بکات. دەربـارەی بەلشەڤیکەکان ئەمە بەمانای هەبوونی ئەو دراوسێیانە (بەتایبەت ئەڵمانیا) بوو کە خاوەن شۆڕشەکانی خۆیان بوون. ئەگەر چینەکانی کرێکاری ئەم وڵاتانە دەیانتوانی ئاغا سەرمایەدارەکانی خۆیان بخەنە ژێرەوە و دەست بەسەر هێزەکانی بەرهەمهێنانی خۆیاندا بگرن، ئەوسا دەیانتوانی بە سوودوەرگرتن و بەکارهێنانی ئەم سەرچاوە و توانایانە، یەکەمین دەوڵەتی کرێکاریی مێژوو، لە کەوتن و لەناوچوونە حەتمییەکەی ڕزگار بکەن. ئەم پێشنیارە بەپێچەوانەی ڕوواڵەتەکەی، هەرگیز مەحاڵ یان نەکردە نەبوو. ئەوروپا لەو کاتەدا لەنێو تیشکەکانی ئاگری ئومێدە شۆڕشگێڕییەکاندا دەژیا، لە شارەکانی وەك بەرلین، وارشۆ، ڤییەننا، میونشن، و ڕیگا [پایتەختی لیتوانیا]دا شورا کرێکارییەکان و نوێنەرەکان (یان شوراکانی)ی سەربازان یەك بەیەك سەریان دەردەهێنا. هەرکە ئەم ڕاپەڕین و یاخیبوونانە نشوستیان هێنا لینین و ترۆتسکی تێگەیشتن شۆڕشەکەیان کەوتۆتە بەردەم کێشەیەکی مەترسیدارەوە.

خاڵەکە ئەمە نییە کە ناکرێت بناغەی سۆسیالیزم لە وڵاتە مەحرومەکاندا دابنرێت، بەڵکو ئەوەیە بەبێ سەرچاوە و توانا مادیی و دارایییەکان، سۆسیالیزم ڕەنگە لەم وڵاتانەدا ببێت بە کاریکاتۆرێکی دێوئاسای سۆسیالیزم کە ئەمڕۆ ئێمە بە ناوی ستالینیزمەوە بەری دەکەوین و دەیناسین. شۆڕشی بەلشەڤیکەکان زۆر زوو خۆی لەبەردەم نەك تەنها ئابڵوقەی سوپا ئیمپریالیستییەکانی خۆرئاوادا بینییەوە، بەڵکو هەروەها

کەوتە بـەردەم هەڕەشەی هێزە دژەشۆڕشەکان، قاتوقڕی لە شارەکان و جەنگێکی ناوخۆیی خوێناوییەوە. شۆڕش بەتاقی تەنها لەنێو ئۆقیانووسێکی دێهاتییە بەگشتی دوژمنکارەکاندا بەجێهێڵرا کە هیچ حەزیان نەدەکرد بەزەبری هێز چەکە زیادە بەرهەمهێنراەکانی خۆیان کە بە ئـارەق و خوێنێکی زۆرەوە بەدەست هاتبوو، تەسلیمی شارە قەیراناوی و پڕ لەقاتوقڕییەکان بکەن. بەهۆی لاوازیـی ژێرخانی سەرمایەداریی لە ڕووسیای قەیسەریدا، ئاستەکانی خوارەوە و کارەساتباری بەرهەمهێنانی ماتریالی، کەمبوونەوەی بەرچاوی دامەزراوە مەدەنییەکان، چینی کرێکاری قەتڵوعامکراو و لەپەلوپۆخراو، یاخیبوونی دێهاتی و جوتیارەکان و بیرۆکراسییەکی قەیراناوی و هەڵاوساو، کە کەمتر نەبوو لە بیرۆکراسیی قەیسەری، بەڕادەیەك هەر لە سەرەتاوە شۆڕشی ڕووبەڕووی گەلێك کێشەی قورس و سەخت کردەوە. لەکۆتاییدا بەلشەڤیکەکان بڕیاریاندا تاکو خەڵکی برسی، شەکەت و ماندوو لە جەنگی خۆیاندا بەزەبری هێز بهێننە نێو بوار و مەیدانی مۆدێرنیتەوە. زۆرێك لە کرێکارە چالاکەکان لە خەباتە سیاسییەکانی جەنگی ناوخۆییدا کە بە سەپۆرت و پشتیوانی خۆرئاوا بەرپاکرابوو، گیانیان لەدەستدا و سەرەنجام پێگەی کۆمەڵایەتیی پارتی بەلشەڤیك زیاتر لەپێشوو، لەناوچوو. هێشتا کاتێکی زۆر بەسەر ئەم ڕووداوانــەدا تێنەپەڕیبوو کە حزب یەکێتییە کرێکارییەکانی هەڵوەشاندەوە، چالاکیی چاپەمەنییەکان و سیستەمی دادوەریــی سەربەخۆی قەدەغە کـرد، ناڕازییە سیاسییەکان و پارتە نەیارەکانی سەرکوت کرد، هەڵبژاردنەکانی

کرد بە ئەندازیاری و مەیدانی کار بە میلیتاری و سەربازی. ئەم پلانە سەرتاپا دژەسۆسیالیستییە لە سیاقێکی جەنگی ناوخۆییدا، بووە هۆی برسێتییەکی بەرچاو و دەستدرێژی هێزە دەرەکییەکان. ئابووریی ڕووسیا بـەرەو دارمـان دەچـوو و داروبـەرد و دیوە کۆمەڵایەتییەکەی لەیەکتر دابڕاند. بەپێی ئایرۆنییەکی تراژیدییانە کە نیشانە و مارکی کۆی سەدەی بیستەم بوو، ئەگەری بەدیهاتنی سۆسیالیزم لە شوێنێکدا زۆرترین زەرووڕەتی هەبوو، لە هەموو شوێنێك کەمتر بەدیهات.

مێژوونووسی گەورە، ئایزاك دویچەر بە ڕەوانبێژییەکی بێهاوتای هەمیشەیی خۆیەوە، ئاوا ئەم دۆخە دەگێڕێتەوە: "دۆخی ئەو کاتی ڕووسیا پیشانی دەدا کە یەکەمین و تاکو ئێستا تاقانە هەوڵ بۆ بەرپاکردنی سۆسیالیزم دەبوو لە خراپترین بارودۆخی گونجاودا بەگەڕ بخرێت، ئەویش بەبێ هەبوونی دەستکەوت و ئیمتیازی دابەشکردنی کاری بەرفراوانی نێونەتەوەیی، بەبێ بەپیتکرنی پێویست لەلایەن نەریتە کولتوورییە دێرینە و ئاڵۆزەکان، لە ژینگەیەکی پڕ لە هەژاری و دواکەوتوویی و پێنەگەیشتوویی ماددی و کولتوورییەکی باش کە خودی هەوڵدانی بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم شکست پێهێنا و لەناوی برد"[3]. ئەم بابەتە جورئەت و بوێری بە ڕەخنەگرانی باوەکوشتەی مارکسیزم دەدات تاکو بانگەشەی ئەوە بکەن کە هەرگیز ئەم قسانە زەرووڕەتێکیان نییە، چونکە مارکسیزم هەرچۆنێك بێت قوتابخانەیەکە لەسەر دەسەڵاتخوازی و ئۆتۆریتاریانیزم دامەزراوە. بەپێی ئەم بەڵگەیە، ئەگەر خوانەخواستە سبەی مارکسیزم کۆنترۆڵ و جڵەوی

کاروبارەکانی ویلایەتەکانی دەوروبـەری لەندەن بەدەستەوە بگرێت، لە مەودایەکی کەمتر لە حەفتەیەك لە شارێکی وەك دۆرکینگدا (لە باشووری لەندەن) کەمپەکانی کاری زۆرەملێ دادەمەزرێنێت.

بەوجۆرەی دەبینین مارکس خۆی ڕەخنەی لە دۆگماتیزم، تیرۆری میلیتاری، سەرکوتکردنی سیاسیی و بەکارهێنانی هەڕەمەکییانەی دەسەڵاتی دەوڵەتی دەگرت. ئەو پێیوابوو نوێنەرە هەڵبژێردراوە سیاسیەکان دەبێت لە بەرانبەر هەڵبژێردەکانیان وەڵامدەرەوە بن و بەتوندی ڕەخنەی لە سۆسیال-دیموکراتەکانی ئەڵمانیای ئەوکات دەگرت بەهۆی سیاسەتە دەوڵەتگەراییەکانیانەوە. ئەو هەمیشە پێداگریی لەسەر زەرورەتیی ئازادیی دەربڕین و ئازادیی مەدەنی دەکردەوە، ترسێکی زۆری لە پیادەکردنی زەبر و هێز لە دامەزراندنی چینی پرۆلیتاریای شاری هەبوو (نموونەکەی ئەو بریتانیا نەك ڕووسیا)، و پێیوابوو خاوەنداریێتیی هاوبەش لە دەشت و دەر و لادێکاندا دەبێت پرۆسەیەکی ئازادانە بێت نەك ناچارەکی و ئیجباریانە. سەرەڕای هەموو ئەمانە مارکس باش دەیزانی سۆسیالیزم ناتوانێت لە وڵاتە هەژارکەوتووەکاندا گەشە بکات، ئەگەر زیندوو بووایە بەباشی دەرکی ئەوەی دەکرد کە لە چ ڕوویەکەوە شۆڕشی ڕووسیا بە نشوست کۆتایی دێت.

لەڕاستیدا بەمانایەکی پارادۆکسیکەڵ دەکرێت بڵێین ستالینیزم نەك تەنها کارەکەی مارکس بێ بەها ناکات، بەڵکو خۆی بەڵگەیەکە لەسەر ڕاستی و دروستیی [مارکس]. ئەگەر دەتەوێت بەدوای شەرحێکی گشتگیر و قەناعەتپێکەردا بگەڕێیت دەربارەی

چەندوچونی پەیدابوونی ستالینیزم دەبێت بەرەو مارکسیزم بڕۆیت. هەرگیز ئەوە بەس نییە هیولا و شەولەبانی ستالینیزم تەنها لەڕوویەکی ئەخلاقییەوە مەحکوم بکرێت. دەبێت بزانین ئەم هیولایە لە چ هەلومەرجێکی ماتریالییەوە سەردەردەهێنێت، چۆن کار دەکات و چۆن ڕەنگە لەپەل و پۆ بکەوێت، و باشترین سەرچاوە بۆ ناسینی ئەم بابەتە بریتییە لە هەندێك ڕەوت و ڕێچکە سەرەکییەکانی مارکسیزم. ئەم جۆرە مارکسیستانە، کە زۆرینەیان پەیڕەوی لە لیۆن ترۆتسکی یان بازنەکانی دیکەی "ئازادیخواز"ی سۆسیالیزم دەکـەن، لەلایەکی زۆر گرنگەوە جیاوازییان لەگەڵ لیبراڵە خۆرئاواییەکاندا هەیە: ڕەخنەی ئەمان لە کۆمەڵگا کۆمۆنیستییەکان، بەجۆرێك ڕادیکاڵتر بووە. ئەمان بەوە واز ناهێنن تەنها داوا و خواستیی دیموکراسیی یان مافە دەنییە زیاترەکان بکەن. ئەمان خوازیاری ئاوەژووکردنەوە و هەڵگەڕاندنەوەی کۆی سیستەمی سەرکوتن و دەقاودەق لەو ڕووەوە کە سۆسیالیستێ بیر لە هەڵگەڕاندنەوەی ئەم سیستەمە دەکەنەوە. بۆیە ئەم دەستەیەی مارکسیستەکان بەڕادەیەك لە هەمان ڕۆژی بەدەسەڵاتگەیشتنی ستالیندا بیریان لە هەڵگەڕاندنەوە و ئاوەژووکردنەوەی ئەم سیستەمە کردەوە. لە هەمانکاتدا، ئەمان هۆشداریی ئەوەیان دەدا کە ئەگەر بڕیار بێت سیستەمی کۆمۆنیستی لەناوبچێت ڕەنگە دەروازەکـە بۆ سەرمایەدارییەکی هار و بێجڵەو بکاتەوە کە ددانی جیڕ کردووەتەوە تاکو لەنێو وێرانەکانی کۆمۆنیزمدا دەست بە تاڵانی و دزی و ئەنفال بکات. دەقـاودەق لیۆن ترۆتسکی پێشبینیی

کۆتاییەکی ئاوای بۆ یەکێتیی سۆڤێت دەکرد و نزیکەی دوو دەیە پێش ئێستا، پێشبینییەکەی ئەو بەدیهات.

بیر لەوە بکەنەوە گروپێك سەرمایەداری عەقڵ سوك خۆیان ئامادە بکەن تاکو لە چاوتروکانێکدا خێڵێکی پێشمۆدێرن بکات بە کۆمەڵێك کارکەرانی زیادەخواز و ئامادە بۆ پێشکەوتووترین تەکنەلۆژییەکان کە بە زمانی ژارگۆنیی پەیوەندییە گشتی و ئابوورییەکانی بازاڕی ئازاد دەدوێن. ئایا تەنها لەبەرئەوەی ئەم تاقیکردنەوەیە بەشێوەیەکی یەکلاییکەرەوە شکست دەهێنێت بۆیە سەرمایەداریی مەحکوم دەکەین؟ بێگومان نەخێر. ئەم وێنایە بە ڕادەی ئەوە بێمانایە کە بڵێین گروپی کچە پێشەنگەکان دەبێت لەناو بچێـت و بتوێتەوە چونکە ناتوانن چارەسەر بۆ کێشەی هەندێك لە مەسەلە ئاڵۆزەکانی میکانیکیی کوانتەم بدۆزنەوە. مارکسیستەکان ناڵێن بەهۆی بوونی زیندانییە نهێنییەکانی سەر بە ڕێکخراوی سی ئای ئەی، کە تیایاندا موسڵمانان ئازار و ئەشکەنجە دەدرێن (ئەم جۆرە زیندانانە بەشێکی جیانەکراوی سیاسەتەکانی کۆمەڵگا لیبراڵییەکانی ئەمڕۆن) ئەوا دەبێت زەڕب بەسەر کۆی نەریتی بەهێزی لیبرالیزمدا بهێنین هەر لە تۆماس جیفرسۆنەوە تاکو جۆن ستیوارت میل. سەرەڕای هەموو ئەمانە ڕەخنەگرانی مارکسیزم ئامادە نین دان بەوەدا بنێن کە دادگا نمایشییەکان و کوشتارە دەستەجەمعییەکان هۆکاری بەتاڵبوونەوە و ڕەتبوونەوەی مارکسیزم نین.

سەرەڕای ئەمە، کەسانێك هەن لەڕوویەکی دیکەوە سۆسیالیزم بە ناپراکتیکی و مەحاڵ سەیر دەکـەن. ئـەوان دەڵێن ئەگەر

سۆسیالیزم لە وڵاتە خۆشگوزەران و دەرەوشاوەکاندا دابمەزرێنین، چۆن دەمانەوێت ئابووریی ئاڵۆزی مۆدێرن بەبێ بازاڕ بەڕێوە بەرین؟ ژمارەیەکی زۆری مارکسیستەکان بەمجۆرە وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەنەوە کە هەرگیز کارێکی وەها پێویست نییە. بازاڕ لای ئەوان هێشتا وەك بەشێکی جیانەکراوە و زەروریی ئابووریی سۆسیالیستی دەمێنێتەوە. ئـەوەی وەك سۆسیالیزمی بازاڕ دەیناسین، وێنەی داهاتوویەك دەکێشێت کە تیایدا خاوەندارێتیی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بەدەستی کۆی کۆمەڵگاوە بێت، بەڵام هاریکارییە ئۆتۆنۆمەکان لە مەیدانی بازاڕدا کێبەڕکێ لەگەڵ یەکتریدا دەکەن[4]. بەمجۆرە دەکرێت هەندێك لە فەزیلەتەکانی بازاڕ بپارێزین و هەندێك لە ڕەزیلەت و خراپەکارییەکانیشی لێ لاببەین. لە ئاستی کاروکاسبیی و سەرمایەگوزاریی تاکەکەسیدا، کاری هاوبەش و هاوکاری، گەرەنتیی دەرامەتێکی زیاتر دەکات، چونکە خوێندنەوەکان و بەڵگەکان دەریدەخەن کە هاوبەشی بەڕادەیەك هەمیشە دروست بەڕادەی کاروکاسبیی سەرمایەداریی بەهێز و بەتوانایە و بەگشتیش زیاترە لـەو. لەئاستی کۆی ئابووریشدا، کێبەڕکێ گەرەنتیی ئەوە دەکات کە کێشەکانی سەر بە زانیارییەکان، تەرخانکردنی سەرچاوەکان و جۆش و خرۆشە ئابوورییەکان کە بەستراونەتەوە بە مۆدێلی نەریتیی ستالینیستیی بەرنامەڕێژیی سەنتراڵەوە بەستراونەتەوە، هەرگیز ڕوونەدەن.

هەندێك لە مارکسیستەکان دەڵێن مارکس خۆی باوەڕی بە جۆرە سۆسالیزمێکی بازاڕ هەبوو. لانیکەم لەوڕووەوە کە ئەو پێیوابوو بازاڕ لەمیانەی قۆناغی تێپەڕین لە شۆڕشی سۆسیالیستییەوە بۆ

کۆمۆنیزم درێژە بەژیانی خۆی دەدات. ئەو هەروەها پێیوابوو بازاڕ نەك تەنها ڕۆڵێکی چەوسێنەرەوەی هەیە، بەڵکو هەروەها چۆنایەتییەکی ڕزگارکەریشی هەبووە، چونکە کۆمەکی بە پیاوان و ژنان کردووە تاکو ڕزگاربن لە وابەستەبوونی ڕابردوویان بە ئاغا و خاوەنە فیودالەکانی خۆیان. بازاڕ خەرمانەی ڕەمزئاسا و سیحراویی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لابـردووە و واقیعە سارد و بێ ڕۆحەکەی ئەوانی کردووەتە بڵقی سەرئاو. مارکس لەم بارەیەوە بە جۆش و خرۆشێکی وەهاوە قسە دەکات، کە فەیلەسوفێکی وەك هانا ئارنت، جارێك لاپەڕەکانی سەرەتای مانیفێستی کۆمۆنیزمی بەمجۆرە وەسفکردووە: "گەورەترین ستایشکردنێکی سەرمایەداریی تا ئێستا بینرابێت"[5]. هەوادارانی سۆسیالیزمی بازاڕ هەروەها باس لەوەش دەکەن کە بازاڕ هەرگیز تایبەت نییە بە سەرمایەداری. تەنانەت ترۆتسکیش، لەگەڵ سەرسوڕمانی بەشێك لە هەوادارانی خۆی، بەرگریی لە بازاڕ دەکرد، هەرچەند تەنها لە قۆناغی تێپەڕین بۆ سۆسیالیزم و لە تێکەڵکردنی لەگەڵ بەرنامەڕێژی ئابووریدا. بەپێی ئەو، بازاڕ وەك فاکتەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی چۆنایەتیی و عەقڵانییەتی بەرنامەڕێژیی ئابووریی زەرووورەتـی هەیە، چونکە "حیساب و کتابی ئابووریی بەبێ پەیوەندییەکانی بازاڕ وێنا ناکرێت"[6]. ترۆتسکی هاودەنگ لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنیی چەپی سۆڤێتیدا ڕەخنەگری سەرسەختی سیستەمی ناوسراو بە سیستەمی ئابووریی فەرماندەرانە بوو.

سۆسیالیزمی بازاڕ کۆتایی بە خاوەندارێتیی تایبەت، چینە کۆمەڵایەتییەکان و چەوساندنەوە دەهێنێت، و بەم هۆیەوە

دەسەڵاتی ئابووریی تەسلیمی بەرهەمهێنەرە ڕاستەقینەکان دەکـات. لە هەموو ئەم لایەنانەوە دەگەین بـەوەی بڵێین سۆسیالیزمی بـازاڕ وەك بەرەوپێشچوونێکی پێشوازیکەری ئابووریی سەرمایەداریی حساب دەکرێت. بەڵام بەدیدی هەندێك لە مارکسیستەکان ئەم فۆرمەی سۆسیالیزم هێندە فۆرم و شکڵێکی خـوازراو و گرنگ نییە، چونکە لـەڕادەبـەدەر تایبەتمەندییە ئابوورییەکانی سـەرمـایـەداریـی لەخۆیدا هەڵدەگرێت. لەچوارچێوەی سۆسالیزمی بـازاڕدا، بەرهەمهێنانی کاڵایی، نایەکسانی، بێکاری و زاڵبوونی جڵەونەکراوی هێزەکانی بازاڕ بەهێز و قوەتی خۆیانەوە دەمێننەوە. دەبێت چی بکەین تاکو کرێکاران تەنها نەبن بە سەرمایەدارانی هاوبەش، کە تەنها بیر لە زیادکردنی سوودی خۆیان دەکەنەوە، ئەو کارەی چۆنایەتیی کارەکانی نییە، پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان فەرامۆش دەکات و بەدوای کەڵەکەکردنی بەردەوام بۆ کولتووریی مەسرەفگەرایی خۆشگوزەرانیدا دەگەڕێن؟ چۆن دەبێت دووربکەوینەوە لە کەوتنەداوی بەرنامەڕێژییە کورتمەوداکان کە هەمیشە زاڵن بەسەر بازارەکاندا، و بڕیارگەلێکی پەرتەوازە دەرهەق بە عادەتی بازاڕ بۆ فەرامۆشکردنی کۆی وێنەی کۆمەڵگا و کاریگەرییە دژەکۆمەڵگا درێژماوەکان دەدەن؟ پەروەردە و چاودێریکردنی دەوڵەتی ڕەنگە هەندێك لەم مەترسییانە کەم بکاتەوە، بەڵام هەندێك لە مارکسیستەکان لەبری ئـەم بـژاردانـە بـەدوای ئابوورییەکدا دەگەڕێن کە نە سەر بە بەرنامەڕێژیی سەنتراڵ بێت و نە لەژێر هەیمەنەی بازاڕدا[7]. بەپێی ئەم مۆدێلە بێت،

تەرخانکردنی سەرچاوەکان دەبێت بەهۆی دانوستانەکانی نێوان بەرهەمهێنەران، مەسرەفکاران، لایەنگرانی ژینگە و بەرەکانی دیکە دیاریبکرێت، ئەویش لە تۆڕێکی پێکهاتوو لە ناوەندەکانی کار، دراوسێکان و شوراکانی مەسرەفکاران. خەسڵەتەکانی ئابوورییە گەورەکان، وەك بڕیاردان دەربارەی تەرخانکردنی گشتگیریی سەرچاوەکان، نرخەکانی گەشەکردن و سەرمایەگوزاری، وزە، گواستنەوە و بارکردن، سیاسەتەکانی سەر بەژینگە و هتد، هەموویان بەدەستی ئەنجوومەنە هەڵبژێردراوەکان لە ئاستی لۆکاڵی، هەرێمی و نەتەوەییدا دیاریدەکرێن. پاشان ئەم بڕیارە گشتییانە دەربارەی کاروبارێکی وەك تەرخانکردنی سەرچاوەکان لەسەرەوە بەرەو ئاستە هەرێمی و ناوچەییەکان فراوان دەکرێن و لەوێدا پلانە وردترەکان هەنگاو بەهەنگاو دروست دەبن. لە هەر ناوچەیەکدا، مشتومڕیی گشتیی لەسەر پلانەکان و سیاسەتە ئابوورییە ئەڵتەرناتیڤەکان دەبێتە شتێکی جەوهەری. بەمجۆرە، دەکرێت بەپێی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان نەك سوود و بەرژوەندیی شەخسی یاخود گروپی، چەندوچوونی بەرهەمهێنان دیاریبکەین. لە سیستەمی سەرمایەداریدا ئێمە دەسەڵاتمان نییە تاکو بڕیار بدەین ئایا دەمانەوێت نەخۆشخانەی زیاتر بەرهەمبهێنین یان کەرەستەی خواردنێکی زیاتر بۆ بەیانیان. لە سیستەمی سۆسیالیزمدا ئەم ئازادییە بەشێوەیەکی ڕێکخراو پیادە دەکرێت.

لەم جۆرە ئەنجوومانەدا دەسەڵات لەمیانەی هەڵبژاردنە دیموکراتییەکاندا لەخوارەوە بۆ سەرەوە نەك لە سەرەوە

بەسەر خوارەوەدا، پیادە دەکرێت. ئەنجوومەنە هەڵبژێردراوە دیموکراتییەکان کە نوێنەرایەتیی لقێکی بازرگانی یان بەرهەمهێنان دەکەن، دانوستان لەگەڵ ئەنجوومەنیی ئابووریی نەتەوەییدا دەکەن تاکو بگەن بەڕێککەوتن لەسەر کۆمەڵێك بڕیار دەربارەی سەرمایەگوزاری. نرخەکان لەلایەن یەکەکانی بەرهەمهێنان ڕێکدەخرێن نەك لەلایەن ناوەندێکی بڕیاردانەوە، ڕێکخستنی نرخەکانیش بەپێی ڕاوێـژ لەگەڵ مەسرەفکاران، بەکارهێنەران، گروپە سوودوەرگرەکان و هتد دەبێت. هەندێك لە بانگەشەکارانەی ئەم بەشەی ئابوورییە هاوبەشەکان دەچنە ژێرباری جۆرێك ئابووریی تێکەڵی سۆسیالیستی: کاڵاکان کە ژیانی کۆمەڵایەتیی بەوانەوە بەستراوەتەوە (خۆراك، داو و دەرمان، پەروەردە، گواستنەوە و بارکردن، وزە، ئامرازەکانی دابینکردنی بژێوی، دامەزراوە داراییەکان، میدیاکان و هتد) دەبێت بکەونە ژێر کۆنتڕۆڵی دیموکراتیی هەمووانەوە، چونکە ئەوانەی دابەشکردنی ئەمجۆرە کاڵا کۆمەڵایەتییانەیان بەدەستەوەیە، ئەگەر بۆنی سوودێکی زیاتر بگاتە لوتیان، کاری زیانبەخش بەرانبەر بە کۆمەڵگا ئەنجام دەدەن. بەڵام ئەو کاڵایانەی کەمتر زەروورن بۆ پێداویستییەکانی کۆمەڵگا (کاڵاکانی ڕازاندنەوە و جوانکاری) دەکرێت بەدەستی ڕەوت و ئاراستەی بازاڕ بسپێردرێت. هەندێك لە لایەنگرانی سۆسیالیزمی بازاڕ کۆی ئەم فۆرمانە ئاڵۆزتر لەوە دەبینن کە پراکتیکی و قابیلی پیادەکردن بێت. وەك ئۆسکار وایڵد ئاماژەی پێدەکات، سەرێشەی سۆسیالیزم لەوەدایە کە کات بۆ سەرخوراندن ناهێڵێتەوە. سەرەڕای هەموو ئەمانە، لانیکەم نابێت

بێ ئاگابین لە ڕۆڵی تەکنەلۆژیا مۆدێرنەکانی زانیارییەکان لە چەورکردنی ویل و ڕەوڕەوەکانی ئەم جۆرە سیستەمەدا. تەنانەت جێگری سەرۆکی پێشووی کۆمپانیای دەرمانسازیی "پرۆکتەر ئەند گەمبڵ" (Proctor & Gamble)یش پشتڕاستی کردووەتەوە کە ئەم تەکنەلۆژیا تازانە خۆبەڕێوەبردنی کرێکاران دەکەن بە ئەگەر و توانایەکی واقیعی[8]. هەرچۆنێك بێت، پات دیڤاین ڕوونی کردووەتەوە کە لە مۆدێلی سەرمایەدارانەی بەڕێوەبەرایەتی و ڕێکخستنی کار لە حاڵی حازردا کاتێکی زۆر بەفیڕۆ دەدرێت[9]. ناتوانین هیچ هۆیەکی ڕوون و ئاشکرا ببینینەوە کە دەریبخات ڕادە و ئەندازەی کاروبارەکان لە سیستەمی ئەڵتەرناتیڤی سۆسیالیستیدا زیاتر لەمە کات دەگرێت.

هەندێك لە هەوادارانی مۆدێلی هاوبەشی پێیانوایە دەبێت بارتەقای ئاستی کاری یەکسان پاداشتێکی یەکسان بە هەموو کەسێك بدرێت، ئەویش بە ڕەچاونەکردنی جیاوازییەکانی پەیوەست بە لێهاتوویی، ئاستی خوێندن و پیشە. مایکڵ ئەلبێرت دەڵێت، "ئـەو پزیشکەی لە عەیادەیەکی شیك و ڕازاوە و لەدۆخێکی ئاسوودە و باشدا ئیش دەکات، دەرامەتەکەی زیاترە لە کرێکاری کارگەیەك کە لەژینگەیەکی پڕ لە هەراوزەنادا ئیش دەکات و تەندروستی و ئەندامەکان و پارچەکانی جەستەی دەخاتە بـەردەم مەترسییەوە و هەموو جـۆرە سوکایەتی و شەکەتییەك قبوڵ دەکـات، گرنگ نییە کامەیان قورستر یان زیاتر کار دەکـات"[10]. لەڕاستیدا بەگەلێك بەڵگەی بەهێزەوە دەکرێت بڵێین دەبێت پاداشتێکی زۆر زیاتر بەو کەسانە بدرێت

کە کارگەلێکی ماندووکەر، قورس، پیس یان مەترسیدار دەکەن، نەك بە کەسانێکی وەك پزیشکان و ئەکادیمییەکان، چونکە ئەم گروپەی دوایی گەلێك پیشە و کاری پاکوخاوێنتر و ئاسانتریان هەیە. بەشێکی زۆر و بەرچاوی ئەم کارە پیس و ترسناکانە ڕەنگە ئەندامانی پێشووی بنەماڵەی پاشایەتیش بتوانن بیکەین. تەنها ئەوەندە بەسە ئەولەویەتەکانمان ئاوەژوو بکەینەوە.

لەبەر ئەوەی پێشتر ئاماژەم بەوە کرد کە میدیاکان پێگەیشتوون بۆ خاوەندارێتیی گشتی، کەواتە وەرن با ئەم نموونەیە وەك مۆدێلێك لەبەرچاو بگرین. نزیکەی نیو سەدە پێشتر ڕایمۆند ولیامز لەکتێبێکی چکۆلەی درەوشـــاوەدا بەناوونیشانی پەیوەندییەکان[11]، هێڵە گشتییەکانی پلان و بەرنامەیەکی سۆسیالیستی بۆ هونەرەکان و میدیاکان دەکێشێت کە لەلایەکەوە کۆنترۆڵی دەوڵەتی بەسەریاندا ڕەتدەکاتەوە و لەلایەکی دیکەوە زاڵبوونی حەز و ئارەزووی سوودخوازی. بەشداریکەرە چالاکەکانی ئەم بوارە کۆنترۆڵی ئامرازەکانی دەربڕین و پەیوەندیی خۆیان بەدەستی خۆیانەوە دەبێـت. "ئامراز و ئامێرەکان"ی ئێستای هونەرەکان و میدیاکان - بەتایبەت وێستگەکانی ڕادیـۆ، هۆڵەکانی کۆنسێرت، تۆڕەکانی تەلەڤزیۆن، هۆڵەکانی شانۆ و سینەما، نووسینگەی ڕۆژنامەکان و هتد - دەبن بە خاوەندارێتیی گشتی (خاوەندارێتییەك کە دەکرێت گەلێك فۆرمی جۆراوجۆری هەبێت) و بەڕێوەبردنی ئەوانە دەسپێردرێت بە چەندین ئەنجوومەن کە بە شێوەی دیموکراتییانە هەڵدەبژێردرێن. لەم ئەنجوومەنانەدا هەم ئەندامانی خەڵکی ئاسایی هەن و هەم

نوێنەرانی ئەنجوومەنەکان و سەنتەرەکانی هونەر و میدیا.

بێگومان ئـەم ئەنجوومەنانە لـــەدەرەوەی دەوڵـەتـن، بەرپرسیارێتیی دابینکردنی توانا و ئیمکاناتە گشتییەکان و "ئاسانکارییەکان"ی ژێر کۆنترۆڵی کۆمەڵگا بە تاکە هاوبەشەکان یان گروپە سەربەخۆ و خۆبەڕێوەبەرە دیموکراتییەکانی پێکهاتوو لە ئەکتەران، ڕۆژنامەنووسان، موزیسیانان و هتد دەرێت. بەمجۆرە ئەم پیاو و ژنانە دەتوانن کارگەلێك بەرهەمبهێنن، هەم بەدەر لە کۆنترۆڵی دەوڵەت و هەم ڕزگاربوو لەو لادانانەی لە فشاری بازاڕەوە دروست دەبن. و بۆیە لەو دۆخە ڕزگار دەبین کە تیایدا لەدەستی ملهوڕێکی چاوچنۆك و تینووی دەسەڵات بە کۆمەکی دامودەزگا میدیاییەکانی ژێر دەسەڵاتی تایبەتی، خۆیان دەبەنە نێو باوەڕی گشتییەوە - واتا هەمان ئەو بیروبۆچوونە بەرژەوەندخوازانەی خۆیان و ئەو سیستەمەی بەرگری لەوان دەکات. کاتێك تێدەگەین سۆسیالیزم دامەزراوە کە تەنانەت لە وێناکردنی جیهانی پێش ئەودا تووشی سەرسوڕمان ببین: جیهانێك تیایدا گروپێکی لاتی بێ سەروشوێن لە بواری بازرگانیدا دەستیان کراوە بووە تاکو باوەڕی گشتیی بە دیدگا سیاسییەکانی سەردەمی نیاندارتاڵ بەرەو لەناوبردن بەرن کە تەنها بەکاری پاراستنی بوونەوەری حسابی بانکی خۆیان دێت و بەس.

زۆرێك لە میدیاکان لە سیستەمی سەرمایەداریدا، تەنها بەهۆی ترس لەزیانکردن، دووردەکەونەوە لە کاری قورس، مشتومڕساز یان داهێنەرانە. لە بەرانبەردا دەچنە ژێرباری پاتاڵی و قێزەونی، هەوەسبازیی و پێشبڕیارە غەریزییەکانەوە. لە بەرانبەردا، میدیا

سۆسیالیستییەکان هیچ شتێك قەدەغە ناکەن جگە لە شۆئنبێرگ، ڕاسین و ئیقتیباسە نمایشییەکان لە کتێبی سەرمایەی مارکس. تا حەزبکەن شانۆکان، تەلەڤزیۆنەکان و ڕۆژنامە پۆپۆلارەکان (جەماوەرییەکان) بوونیان دەبێت. "پۆپۆلار" بەگشتی، بەمانای ئاستی خوارەوە نایەت. نیلسۆن ماندێلا پۆپۆلارە، بەڵام ئاستی خوارەوە نییە. زۆرێك لە خەڵکی ئاسایی چەندین بڵاوکراوەی سەرتاپا پسپۆڕانەی پڕ لە زاراوەی تایبەتیی دەخوێنەوە کە تاکە ناپسپۆڕەکان قەت ناتوانن تێیبگەن. بابەتەکە تەنها ئەمەیە کە ئەم بڵاوکراوانە زیاتر خەریکی مەسەلەگەلێکی سەر بە ماسیگرتن بە قولاب، ئامێرە کشتوکاڵییەکان یان پارێزگاریکردن لە ئاژەڵە ماڵییەکان دەبن نەك باسوخواسی ئێستاتیکایی یان زانستی ڕژێنی ناوەکی (endocrinology). کارو شتە پۆپۆلارەکان کاتێك نزم و پاتاڵن کە میدیاکان هەست بکەن دەبێت بەخێرایی کات و بە کەمترین تێچوون بەشێکی گەورەی بازاڕ بگرنەوە. و ئەم هەستەی پێداویستیی، بەگشتی لە ئارەزووە بازرگانییەکانەوە سەریهەڵداوە.

بێگومان سۆسیالیستەکان درێژە بە باس و لێکۆڵینەوەکانی خۆیان دەربارەی وردەکارییەکانی ئابوورییەکی پاش سەرمایەداریی دەدەن. لە حاڵی حازردا هیچ مۆدێلێکی بێ عەیب و عارمان نییە. هەڵبەت دەکرێت ئەم ناکاملییە بەرانبەر بە ئابووریی بێ عەیب و عاری سەرمایەداریی دابنێین کە ناچێتە ژێرباری درزەکانی و هەرگیز بەرپرسیارێتیی ئەم هەموو هەژاری و بەهەدەردان و هەڵاوسانە ناگرێتە ئەستۆی خۆی. دەبێت

دانی پیادا بنێین کە ئابووریی سەرمایەداریی بەرپرسیی بەشێکی گەورەی بێکارییە مەترسیدار و ترسناکەکانی جیهانی ئەمڕۆیە، بەڵام گەورەترین دەوڵەتی سەرمایەداریی جیهان بەجارێك گەیشتووە بە ڕێگاچارەیەکی تازە بۆ ئەم کێشەیە. لە ئەمریکای ئەمڕۆدا زیاتر لە میلیۆنێك نەفەر ئەگەر هێشتا لە کونجی بەندیخانە قایم نەکرابێتن، دەبێت ئاوارە و ماڵ بەکۆڵ بەدوای کاردا بگەڕێن.

# بەشی سێیەم
# مارکس و جەبرگەرایی

**مارکس فۆرمێکی جەبرگەراییە (Determinism). ئەم فۆرمە پیاوان و ژنان بە ئامرازی دەستی مێژوو سەیر دەکات و بەمجۆرە ئەوان لە هەموو ئـازادی و فەردانییەتێك دادەماڵێت. مارکس باوەڕی بە بەشێکی یاسا ئاسنینە مێژووییەکان هەبوو کە بەهێزێکی تۆقێنەر و قورسەوە خۆیان پیادە دەکەن و هیچ ئەکت و کردەیەکی مرۆیی ناتوانێت بەرەو ڕوویان ببێتەوە. چارەنووسی فیودالیزم لەوەدا بوو کە سەرمایەداریی هێنایە بوون، و سەرمایەدارییش بەناچاری، جێگای خۆی بۆ سۆسیالیزم چۆڵدەکات. بەگشتی، تیۆریی مارکس دەربـارەی مێژوو شتێك نییە جگە لە نوسخەیەکی سیکولاری چارەنووسی یەزدانی. ئەم تیۆرییە سوکایەتیی بە ئازادی و کەرامەتی ئینسانەکان دەکات، ڕێکوڕاست وەك دەوڵەتە مارکسیستییەکانیش.**

دەتوانین بەم پرسیارەوە دەستپێبکەین کە لایەنی جیاکەرەوەی مارکسیزم چییە. مارکسیزم چ شتێکی هەیە کە هیچ تیۆرییەکی سیاسیی دیکە نییەتی؟ بێگومان ئەو شتە ئایدیای شۆڕش نییە، چونکە ئەم ئایدیایە بەر لە مارکسیش هەبووە. چەمکی

کۆمۆنیزمیش نییە، چونکە سەرچاوەی ئەم چەمکەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆن. مارکس داهێنەری سۆسیالیزم یان کۆمۆنیزم نەبوو. بزووتنەوەی چینی کرێکاری ئەوروپا سەردەمێك گەیشتبوو بە ئایدیا سۆسیالیستییەکان کە مارکس هێشتا لیبراڵ بوو. لەڕاستیدا، قورسە بتوانین بیر لە تایبەتمەندییەکی سیاسیی تاقانە بکەینەوە کە تایبەت بێت بە بیرکردنەوەی مارکس. بێگومان ئایدیای پارتی شۆڕشگێڕیش تایبەت نییە بە مارکس، چونکە لە شۆڕشی فەڕەنساوە پێمان گەیشتووە. بەهەرحاڵ مارکس شتێکی زۆری نەبوو لەم بارەوە بەئێمەی بڵێت.

بەڵام ئەی چەمکی چینی کۆمەڵایەتی چی؟ نەخێر، ئەمەش کۆمەکمان پێناکات، چونکە مارکس دەڵێت من ئەم ئایدیایەم دانەهێناوە. دروستە ئەو سەرتاپای ئەم چەمکە سەرلەنوێ پێناسە دەکاتەوە، بەڵام ئەو ئەم چەمکەی دانەهێنابوو. چەمکی پرۆلیتاریاش دروستکراوی زەینی ئەو نەبوو. ژمارەیەکی بیرمەندانی سەدەی نۆزدەهەم ئاشنای ئەم چەمکە بوون. تێگەیشتنی ئەو بۆ (لەخۆ)نامۆبوون بەگشتی لە هێگڵەوە هاتبوو. سۆسیالیست و فیمینیستی گەورەی ئیرلەندی، ویلیام تامپسن (1833-1775)یش پێشبینیی ئایدیای نامۆبوونی کردبوو. دواتر دەبینین مارکس تەنها کەسێك نییە گرنگییەکی وەها بەرچاو بە فاکتەرە ئابوورییەکان لەژیانی کۆمەڵایەتیدا دەدات. ئەو باوەڕی بە کۆمەڵگایەك هەیە لەسەر هاوکاری و ڕزگارکراو لە هێرشی چەوساندنەوە دامەزرابێت کە لەلایەن بەرهەمهێنەران خۆیانەوە بەڕێوە دەبردرێت، و وا بیردەکاتەوە تەنها بە ئامرازە

شۆڕشگێڕییەکانەوە دەتوانین کۆمەڵگایەکی ئاوا دابمەزرێنین. بەڵام سۆسیالیستی گەورەی سەدەی بیستەمیش، ڕایمۆند ویلیامز، کە خۆی بە مارکسیست نەدەزانی، هەر ئەم باوەڕەی هەبوو. ژمارەیەکی زۆری ئەنارشیستەکان، سۆسیالیستە ئازادیخوازەکان و ئەوانیدیکەیش، کە پێداگرانە مارکسیزم ڕەتدەکەنەوە، جەخت لەسەر ئەم وێنەیەی کۆمەڵگای ئایدیالی دەکەنەوە.

دوو دۆکترینی زۆر سەرەکیی لەنێو بیرکردنەوەی مارکسدا هەیە. یەکێکیان ڕۆڵی سەرەکیی ئابوورییە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا؛ و دووەمیان، باوەڕبوون بە یەك بەدوای یەکداهاتنی مۆدێلەکانی بەرهەمهێنان لە سەرتاسەری مێژوودا. بەڵام دەبینین هیچ یەکێك لەم دوو دۆکترینە مارکس داینەهێناون. کەواتە ئایا دەبێت بڵێین لایەنی جیاکەرەوەی مارکسیزم چەمکی چین نییە، بەڵکو چەمکی خەباتی چینایەتییە؟ بێگومان خەباتی چینایەتی نزیکە لە ناوکی سەرەکیی بیرکردنەوەی مارکس، بەڵام ئەم چەمکەش وەك خودی چین بەرهەمی داهێنانی ئەو نییە. بۆ نموونە ئەو بەیتەی خوارەوە بخوێننەوە دەربارەی میلاکی پارەداری شیعری "گوندی چۆڵکراو"ی ئۆلیڤەر گوڵداشمیت(1730-1774):

> ڕۆبێك کە ئەندامەکانی ئەوی بە ئاوریشمێکی تەمبەڵی داپۆشیوە
> نیوەی کشتوکاڵی کێڵەکانی دراوسێی بەرەو گەشەکردن بردووە.

نزیکی و ئابووریی خودی دێڕەکانی شیعرەکە، و نزیکییەکی هاوسەنگ کە بە زانایییەکی تەواوەوە لەنێوانیاندا دروستکراوە، دژ بە بەهەدەردان و ناهاوسەنگیی ئابوورییە کە لەم بەیتەدا

باس دەکرێت. ئەم بەیتە بەڕوون و ئاشکرایی دەربارەی خەباتی چینایەتییە. ئەو ڕۆبەی جەستەی میلاکی داپۆشیوە، گیرفانی ڕەعییەتی بڕیوە. یان لەم دێڕانەی شانۆنامەی کۆموس(Comus) ی جۆن میڵتۆن بڕوانن:

ئەگەر باشەکان کە ئەمڕۆ خەم و ئازاریان نییە داوای ناڵە بکەن
عەیش و نەیشێکی زۆر و بەئەندازەیان دەبوو
لەو گەنجیە بەرفراوان و گەشەپێدراو و زۆرە
جەستەیەکی زۆر نازپەروەردەی ناسك،
ئێستا لە خوانی پڕ بەرەکەتی سروشت،
هەمووان پشکێکی یەکسانیان بەردەکەوت...

دەکرێت ئەم هەستانە لە زمانی شالیریشەوە ببیستین. ڕاستیتان بوێت میڵتۆن بێ چەندوچون ئەم ئایدیایەی لە شەکسپیر دزیوە. ڤۆڵتێر پێیوایە دەوڵەمەندان لە خواردنەوەی خوێنی هەژاران وا قەڵەو و چوست بوون، و خاوەندارێتیی بناغە و بنچینەی ململانێی کۆمەڵایەتییە. وەك دەبینین ژان ژاك ڕۆسۆش خاوەندارێتیی بە سەرچاوەی هەموو خراپەکان دادەنێت. مارکس خۆی زۆر بەباشی دەیزانی کە ئایدیای ململانێی چینایەتی، هەرگیز تایبەت بەو نییە.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، خەباتی چینایەتیی لە بیرکردنەوەی ئەودا شوێنێکی سەنتراڵ و تەواوی هەبوو: هێندە سەنتراڵ کە بەپێی ئەو خەباتی چینایەتیی ڕێکوڕاست ئەو هێزەیە کە مێژووی مرۆڤ بەرەو پێشەوە دەبات، هەمان مۆتۆر یان هێزی جوڵێنەری گەشەی مرۆڤ. و ئەمە ئیتر ئەو فیکرە نییە کە جۆن میڵتۆن

بەزەینیدا هاتبێت. لەکاتێکدا زۆرێك لە بیرمەندانی کۆمەڵایەتی، بەشێوەیەکی یەکگرتووی ئۆرگانیك سەیری کۆمەڵگای مرۆییان کردووە، کەچی بنچینە و بناغەی دروستکەری کۆمەڵگا لای مارکس دابەشکردن و جیاکردنەوەیە. کۆمەڵگا لەگەڵێك بەرژەوەندیی نایەکسان دروست دەبێت. لۆژیکەکەی لەسەر ململانێ دامەزراوە نەك یەکگرتوویی. بۆ نموونە بەرژەوەندیی چینی سەرمایەدار بەنزمی هێشتنەوەی کرێیە و کەچی بەرژەوەندیی مووچەخۆران بەرزکردنەوەیەتی.

مارکس لە دەستەواژەیەکی بەناوبانگی مانیفێستی کۆمۆنیزمدا دەڵێت: "مێژووی کۆی کۆمەڵگاکان تائەمڕۆ مێژووی خەباتی چینایەتییە". هەڵبەت ناتوانین مەبەستەکەی ئەو وشە بە وشە دەرك بکەین. ئەگەر ددان شۆردن لە چوارشەممەی ڕابردوودا وەك بەشێکی مێژوو دابنرێت، ئەوسا قورسە بتوانین بڵێین ئەمە بابەتی خەباتی چینایەتییە. فڕێدانی تۆپێك لە یاری کریکت یان حەزێکی نەخۆشانە بۆ پەنگوینەکان (بەتریقەکان) هیچ بەشدارییەکی لە خەباتی چینایەتیدا نییە. ڕەنگە "مێژوو" ئاماژە بێت بە ڕووداوە گشتییەکان نەك ڕووداوە تایبەتییەکانی وەك ددان شۆردن. بەڵام ئەو هەراوزەنایەی دوێنێ شەو لە بارەکەدا ڕوویدا بێگومان ڕووداوێکی گشتییە. کەواتە لەوانەیە بتوانین بڵێین مێژوو لەنێو ڕووداوە گەورە گشتییەکاندا کورت دەبێتەوە. بەڵام چ کەسێکی گەورە ڕووداوێك دەستنیشان دەکات؟ لەهەموو ئەمانە گەڕێن، ئاگرکەوتنەوەی گەورەی لەندەن [لە سێپتێمبەری 1666 کە ماڵی زیاتر لە حەفتا تا هەشتا هەزار دانیشتووانی لەندەنی کردە خاك و

خۆڵ] چۆن دەکرێت وەك بەرهەمێکی خەباتی چینایەتیی حساب بکرێت؟ واگریمانە بکەن چێ گیڤارا ترێلەیەکی باری گرتبوو، ئەم ڕووداوە تەنها کاتێك مۆرکی خەباتی چینایەتیی وەردەگرت ئەگەر هاتبا و کارمەندێکی سی ئای ئەی سوکانی ترێلەکەی بەدەستەوە بووایە. ئەگەر بەمجۆرە نەبووایە، تەنها ڕێکەوتێك دەبوو و هیچی دی. بەسەرهاتی ستەملێکراوانی ژنان بەستراوەتەوە بە مێژووی خەباتی چینایەتییەوە، بەڵام ئەم چیرۆکە تەنها بەشێك لەو مێژووە نییە. دەتوانین ئەم بابەتە دەربارەی شیعری وۆردزۆرس یان شیمس هاینی [شاعیری هاوچەرخی ئیرلەندی] بەکاربهێنین. ناشێت خەباتی چینایەتی هەموو شتێك بگرێتە خۆی.

ڕەنگە مارکسیش وشە بە وشە لە بانگەشەکەی خۆی نەڕوانیبێت. سەرباری ئەمە، مانیفێستی کۆمۆنیزم بە ئامانجی پروپاگەندەیەکی سیاسیی نووسرا، و ئەم دەقە وەك خۆیشی، پڕە لە گەلێك خستنەڕوو و داڕشتنی ڕەوانبێژی و بەلاغیانە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەم پرسیارە گرنگە هێشتا دەمێنێتەوە کە پانتایی بیرکردنەوەی مارکسیستی لەڕاستیدا تاکوێ بڕەدەکات. وادەردەکەوێت هەندێك لە مارکسیستەکان مارکسیزم وەك "تیۆریی هەموو شتێك" سەیر بکەن، بەڵام بێگومان بەمجۆرە نییە. ئەو ڕاستییەی کە مارکسیزم هیچ قسەیەکی شایانی لێوردبوونەوەی دەربارەی جۆرەکانی بیرە یان ویسکی سروشتی، یاخود جەوهەری ناخودئاگا، بۆنی خۆشی گوڵی سور، یان پرسیار لە بوون و نەبوونی شتەکان نەخستووەتە بەرنامەی کاری خۆیەوە، هەرگیز بەمانای ناگرنگبوونی ئەو شتانە نییە. بڕیار مارکسیزم نییە فەلسەفەیەکی سەرتاپاگیر بێت. بڕیار

نییە مارکسیزم دەربارەی هۆکاری جوانی یان ڕاکێشانی حەزی سێکسی قسە بکات یاخود ڕوونی بکاتەوە کە بۆچی شیعرەکانی ویلیام باتەر یەتس ڕیتمێکی وەها غەریب و دڵڕفێنیان هەیە. بەگشتی مارکسیزم دەربارەی پرسیارەکانی سەر بە عەشق، مەرگ و مانای ژیان بێدەنگی هەڵبژاردووە. بێگومان مارکسیزم دەتوانێت حیکایەتێکی زۆر گەورە دابڕێژێت، حیکایەتێك سەرتاپای پانتایی مێژوو لە سەرهەڵدانی شارستانێتییەوە تاکو ساتی ئێستا و داهاتوو بگرێتەوە. بەڵام لەتەنیشت مارکسیزمدا حیکایەتی گەورەی دیکەیش هەن، وەك مێژووی زانست، یان ئایین یاخود سێکسوالیتە، چەندین حیکایەت کە کارو کاردانەوەیان بەرانبەر بە ڕەوت و ڕووداوی خەباتی چینایەتید هەبووە، بەڵام تیایدا نەتواونەتەوە. (پۆستمۆدێرنیستەکان حەزدەکەن بڵێن ئەمە لە دوو حاڵەت بەدەر نییە: یان یەك حیکایەتی گەورەمان هەیە یاخود فرەیەکی زۆر زۆری وردەحیکایەتەکان، بەڵام ئەمە لە دووڕیانێکی درۆزنانە بـەولاوە شتێکی دیکە نییە). کەواتە بەچاوپۆشین لەوەی مارکس خۆی بیری لەچی کردووەتەوە، مەبەستی ئەو لە دەستەواژەی "کۆی مێژوو، مێژووی خەباتی چینایەتی بووە" ئەمە نییە کە هەموو ئەو شتانەی لە سەرتاپای مێژوودا ڕوویانداوە سەر بە کاتیگۆریی خەباتی چینایەتی بووە، بەڵکو ئەمەیە: خەباتی چینایەتی بنچینەییترین فاکتەرە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا.

بەڵام بنچینەیی بەکام مانا؟ بۆ نموونە، خەباتی چینایەتی بە چ مانایەك بنچینەییترە لە مێژووی ئایین، زانست یان ستەمی سێکسی؟ چین بەزەرووری بەو مانایە بنچینەیی نییە کە وەك

بەهێزترین پاڵنەر بۆ ئەکتی سیاسیی حساب دەکرێت. لەم ڕووەوە، بیر لە ڕۆڵی شووناسە ئەتنیکییەکان بکەنەوە، پرسێك کە مارکسیزم زۆر بە کەمی بیری لێکردووتەوە. ئەنتۆنی گیدنز پێیوایە ململانێی نێوان دەوڵەتان و هەروەها نایەکسانییە ڕەگەزی و سێکسوالەکان "دروست بەڕادەی چەوساندنەوەی خەباتی چینایەتیی گرنگی خۆی هەیە"[1]. بەڵام بەیەك ڕادە گرنگ بۆچی؟ بەیەك ڕادە گرنگ بۆ ئامانجە سیاسیی و ئەخلاقییەکان یان بەیەك ڕادە گرنگ بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم؟ ئێمە کاتێك بەشتێك دەڵێین بنچینەیی کە بنەما و بناغەی زەروورییــی شتێکی دیکە بێت؛ بەڵام قورسە بتوانین بڵێین بۆچی خەباتی چینایەتیی بنەمایەکی زەروورییە بۆ ئیمانی ئایینی، کەشفی زانستی یان توندوتیژیی دژ بە ژنان، ئەگەرچی ئەمانە لە زۆر ڕووەوە پەیوەندییان بە خەباتی چینایەتییەوە هەیە. ئەوە زۆر دوورە کە ئەگەر ئەم بنەمایە (خەباتی چینایەتی) لەنێو بەرین، ئەوا بوودایزم، ئەسترۆفیزیك و پێشبڕکێی شاجوانی جیهان بەجارێك کۆبکرێتەوە. هەریەکێك لەمانە مێژووییەکی بەڕادەیەك سەربەخۆی خۆی هەیە.

کەواتە خەباتی چینایەتیی بۆ چ شتێك بنچینەییە؟ وەڵامی مارکس دووئاراستە دەردەکەوێت. خەباتی چینایەتیی زۆرێك لە ڕووداوەکان، دامەزراوەکان و فۆرمە فیکرییە گەورەکان دروست دەکات کە لە نیگای یەکەمدا بێگوناه دەردەکـەون؛ و خەباتی چینایەتیی ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە لە تێپەڕینی پڕ لە هەورازونشێوی سەردەمێکی مێژوویی بۆ سەردەمێکی دیکە دەگێڕێت. مەبەستی مارکس لە مێژوو "هەموو ئەو شتەی تا ئێستا ڕوویداوە" نییە،

بەڵکو ڕەوتێکی دیاریکراوە کە بناغەی ڕووداوەکـان دروست دەکـات. ئـەو وشـەی "مـێـژوو" بەمانای پرۆسەی ماناداری ڕووداوەکان، و نەك بە هاوتای کۆی بوون و ژیانی مرۆڤ تاکو ئەمڕۆ، بەکاردەهێنێت.

کەواتە ئایا دەکرێت بڵێین ئەمە ئایدیای خەباتی چینایەتییە کە بیرکردنەوەی مارکس لە تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە دادەبڕێت و جیادەکاتەوە؟ زۆر نا. بینیمان ئەم چەمکە ڕێك وەك چەمکی مۆدێلی بەرهەمهێنان دروستکراوی خودی ئەو نییە. ئەوەی لە بیرکردنەوەی ئەودا تاقانەیە ئەوەیە کە ئەو ئەم دوو چەمکە – خەباتی چینایەتی و مۆدێلی بەرهەمهێنان – بەیەکەوە دەبەستێتەوە تاکو سیناریۆییەکی مێژوویی دابڕێژێت کە لەڕاستیدا زۆر تازە و داهێنەرانەیە. مارکسیستەکان ناکۆکن لەسەر ئەوەی ئەم دوو چەمکە چۆن پەیوەندییان بەیەکەوە گرتووە، و مارکس خۆیشی لەم بارەیەوە زۆر بەڕووونی قسە ناکات. بەڵام ئەگەر بەدوای دیوی جیاواز و جیاکەرەوەی مارکسدا بچین ئەوا هەرگیز نابێت لێرەدا بووەستین. مارکسیزم لە جەوهەری خۆیدا، تیۆریی و پراکتییەکە بۆ گۆڕانکارییە درێژماوە مێژووییەکان. وەك دەریدەخەین، کێشەکە لێرەوەیە کە تایبەتیترین ڕووی مارکسیزم کێشەسازترین ڕووی ئەوە.

بە دەربڕینێکی گشتی، مۆدێلی بەرهەمهێنان لای مارکس یەکسانە بە پێکهاتەی بەشێك لەهێزە بەرهەمهێنەرە دیارەکان لەگەڵ بەشێکی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی دیاریکراودا. هێزێکی بەرهەمهێنەر بـەسـەر ئامرازێکدا دەبـڕێـت کە

بەهۆیەوە کار لەسەر جیهان دەکەین تاکو ژیانی مادیی خۆمان بەرهەمبهێنینەوە. ئەم چەمکە هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە کۆمەك بە ئینسان دەکەن بەسەر سروشتدا زاڵ ببێت بۆ مەبەستەکانی بەرهەمهێنان. کۆمپیوتەرەکان ئەگەر ڕۆڵێك لە کۆی پرۆسەی بەرهەمهێنانی ماتریالیدا بگێڕن ئەوا هێزێکی بەرهەمهێنەرن، بە مەرجی ئـەوەی تەنها بۆ چاتکردن یان بکوژانی زنجیرەیی بەکارنەهێنرێت، کە خۆیان وەك بێگانە گیانی بەگیانییەکان جیاکردووەتەوە. لە ئیرلەندای سەدەی نۆزدەهەمدا ڕەشەوڵاخەکان هێزی بەرهەمهێنەر بوون. هێزی کاری مرۆیی هێزێکی بەرهەمهێنەرە. بەڵام ئەم هێزانە هەرگیز پەتی و سەربەخۆ نین، هەمیشە بەستراونەتەوە بە بەشێکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکانەوە، کە مارکس پێیاندەڵێت پەیوەندییەکانی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان. بۆ نموونە، چینی کۆمەڵایەتی ڕەنگە خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بێت، بەڵام چینێکی دیکە لەوانەیە بەهۆی ئەم ئامرازانەوە بچەوسێنرێتەوە.

مارکس پێیوایە، هێزە بەرهەمهێنەرەکان حەزدەکەن لەگەڵ پێشکەوتنی مێژوودا گەشە بکەن. ئەمە بەو مانایە نییە کە هێزە بەرهەمهێنەرەکان هەمیشە پێشدەکەون، چونکە مارکس وەك بڵێیت پێیوایە ئەم هێزانە لەوانەیە لە قۆناغە دوور و درێژەکاندا بووەستن. هۆکار و فاکتەری بەردەمی ئەم گەشەکردنە ئـەو چینە کۆمەڵایەتییەیە کە کۆنترۆڵی بەرهەمهێنانی ماتریالیی بەدەستەوەیە. بەپێی ئەم تێگەیشتنە لە مێژوو، وادەردەکەوێت هێزە بەرهەمهێنەرەکان چینێك ”هەڵدەبژێرن“

که زۆرترین هێز و توانایان بۆ پەرەپێدانی ئەوان هەبێت. بەڵام بەهەرحاڵ، ساتێك دێتە پێشەوە کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە باڵادەستەکان نەك هەر تەنها کۆمەك بە گەشەپێدانی هێزە بەرهەمهێنەرەکان ناکەن، بەڵکو هەروەها بەرە بەرە دەبنە ڕێگر لەبەردەمیدا. ململانێی نێوان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هێزە بەرهەمهێنەرەکان بەخێراییەکی وەهاوە زیاد دەبێت و سەکۆکە بۆ شۆڕشی سیاسیی دەکاتەوە و ئامادەی دەکات. خەباتی چینایەتیی بەهێز دەبێت، و چینی کۆمەڵایەتی کە توانای بەرەوپێشەوەبردنی هێزەکانی بەرهەمهێنانی هەیە، دەسەڵات لە دەستی ئاغاکانی پێشووی دەردەهێنێت. بۆ نموونە، سەرمایەداری بە کۆمەکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە زەرووریيەکانی خۆیەوە، لە قەیرانێکەوە بۆ قەیرانێکی دیکە و لە داکشانەوەیەکەوە (slump) بۆ داکشانەوەیەکی دەگلێت؛ و لە ساتێکی دیاریکراوی کەوتنی سەرمایەداریدا، چینی کرێکار دێتە سەر سەکۆی شانۆکە و دەستدەگرێت بەسەر پرۆسەی بەرهەمهێناندا. مارکس لە بڕگەیەکی چالاکیی فیکری خۆیدا، تەنانەت دەڵێت هیچ چینێکی کۆمەڵایەتیی تازە ناگات بەدەسەڵات مەگەر ئەوەی هێزە بەرهەمهێنەرەکان بەدەستی چینی کۆمەڵایەتیی پێشوو بە زۆرترین ڕادەی مومکین گەشەیانکردبێت.

ئەم خاڵە بە پوختترین شێوە لە پەرەگرافێکی بەناوبانگی خوارەوەدا خراوەتەڕوو:

هێزە بەرهەمهێنەرە ماتریالییەکانی کۆمەڵگا، لە قۆناغێکی دیاری گەشەکردنی خۆیاندا، دەکەونە دژایەتیکردنی پەیوەندییەکانی

بەرهەمهێنانی باو یان – بە دەربڕینێکی مافناسانە – دەکەونە دژایەتیکردنی ئەو پەیوەندییە خاوەندارێتییانەی تاکو ئێستا لەو چوارچێوەیەدا کاریان کردووە. ئەم پەیوەندییانە کە سەرەتا بریتی بوون لە چەندین شکڵ و شێوەی گەشەکردنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان، دەبن بە ڕێگر و بەربەستێك لەبەردەم گەشکردنی ئەواندا. ئەوسا سەردەمی شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەستپێدەکات[2].

وەك مارکسیستەکان زوو ئاماژەیان پێکردووە ئەم تیۆرییە گەلێك کێشەی هەیە. یەکەم، بۆچی وایدادەنێت کە هێزە بەرهەمهێنەرەکان بەردەوام لەئانی پەرەسەندن و گەشەکردندان؟ ڕاستییەکەی ئەوەیە کە گەشەکردنی تەکنەلۆژیا هەمیشە ڕووی لە زیادییە، بەو مانایەی ئینسانەکان حەزناکەن دەست لەو پێشکەوتنانە هەڵگرن کە لە بوار و سیاقی ڕۆشنایی و سەرکەوتن و کاریگەرییدا وەریان گرتووە. چونکە ئێمەی مرۆڤەکان وەك جۆرێك (species)ی بوونەوەرانی کەم تازۆر عاقڵ، بەڵام بە تەمبەڵی و لاوازیی و سستییەوە، و بەمجۆرە حەزدەکەین ڕێژەی کار کەم بکەینەوە. (هەر ئەم فاکتەرانە دەبنە هۆی ئەوەی بەڕادەیەك هیچ کاتێك ڕیزی حساب و پارەدانی سۆپەرمارکێتەکان کەم نەبێتەوە). ئێستا کە ئیمەیل هاتووە، ئەوە زۆر دوورە کەسێك دووبارە خەریکی یادگارینووسین بێت لەسەر دیوارەکان. ئێمە بەجۆرێك دەتوانین ئەم پێشکەوتنانە بگوازینەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو. تەنانەت ئەگەر خودی تەکنەلۆژیاش لەنێو بچێت هەر دوورە مەعریفەی تەکنەلۆژیا وێران ببێـت. بەڵام حەقیقەتە

گشتیترەکەی لەوەدایە کە کۆمەك بە ڕوونترکردنەوەی بابەتەکە بکات. بۆ نموونە ڕوونی ناکاتەوە بۆچی هێزەکانی بەرهەمهێنان لە هەندێك سەردەم یان زەمەندا بە خێراییەکی زۆرەوە گۆڕانیان بەسەردا دێت و پەرەدەستێن، بەڵام لە زەمەنەکانی دیکەدا ڕەنگە چەندین سەدە بە وەستاویی بمێننەوە. کە وەرچەرخان و گەشەکردنێکی گشتیی لە بواری تەکنەلۆژیادا ڕوودات یان نا، وابەستەیە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە باڵادەستەکان و نەك بەشێکی پاڵنەری ناوەکی و زاتی. هەندێك لە مارکسیستەکان، ناچاربوون پێشکەوتنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان وەك فەرمانێکی زەروریی پیادەکردنی تایبەت بە سەرمایەداریی سەیر بکەن نەك وەك یاسای کۆی مێژوو. ئەوان مشتومڕ لەسەر ئەم پێشگریمانەیە دەکەن کە بەدوای هەر مۆدێلێکی بەرهەمهێنان مۆدێلێکی بەرهەمێهنەرتر دێت. مشتومڕێکی زۆر لەسەر ئەوە هەیە ئایا مارکس خۆیشی دەکەوێتە ڕیزی ئەم جەماعەتە مارکسیستانەوە یان نا.

دووەم، ڕوون نییە هەندێك لە چینە کۆمەڵایەتییەکان بە چ میکانیزمێك "هەڵدەبژێردرێن" بۆ ئەنجامدانی پەیامی گەشەکردنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان. ئەگەرچی، ئەو هێزانە شەخسییەتێکی تارماییئاسا نین کە بتوانن وەك ڕۆحەکان مەیدانی کۆمەڵایەتیی داگیر بکەن و کاندیدایەکی تایبەت بۆ یاریدەدەرێتیی خۆیان هەڵبژێرن. هەڵبەت چینە باڵادەستەکان بەهۆی ڕەگەزدۆستییەوە پەرە بە هێزە بەرهەمهێنەرەکان نادەن و هەروەها دەسەڵات بۆ تێرکردنی سکی برسییەکان و دابینکردنی

پۆشاك بۆ بێ پۆشاك و ڕووتەکان بەکار ناهێنن. بەپێچەوانەوە، ئەوان ئیش بۆ بەرژەوەندییە ماتریالی و مادییەکانی خۆیان دەکەن و لەپێشەوە بە زیادەی ڕەنجی دەستی کاری کرێکاران تێر و قەڵەو دەبن. باوەڕ وایە کە ئەوان لە ڕەوتی ئەم کارانەدا بێ ئەوەی خۆیان بزانن بەگشتیی هێزە بەرهەمهێنەرەکان بەرەو پێشەوە دەبەن و لەگەڵیشیاندا (لانیکەم لە درێژماوەدا) ئیزافە دەخەنە سەر سەروەتی ماتریالی و هەڵبەت مەعنەویی ئینسان. ئەوان بیر لە دابینکردنی ئەو سەرچاوە و توانایانە دەکەنەوە کە لە کۆمەڵگا چینایەتییەکاندا زۆرینەی خەڵك لەو شتانە بێبەری و مەحرومن، بەڵام لە ڕەوتی ئەم کارەدا شتێك لەدوای خۆیانەوە بەجێدەهێڵن کە کۆی مرۆڤەکان، پیاوان و ژنان، ڕۆژێك لە کۆمەڵگای کۆمۆنیستیی داهاتوودا، وەك میراتی بۆ خۆیانی دەبەن.

مارکس بــەڕوون و ئاشکرایی دەڵێت سامانی ماتریالی دەتوانێت زیان بە تەندروستیی مەعنەوی و ئەخلاقیی ئێمە بگەیەنێت. بەم حاڵەشەوە، بەپێچەوانەی هەندێك لە بیرمەندە ئایدیالیستەکان، مارکس هیچ درزێکی گەورە لەنێوان ماتریال و مۆڕال (مەعنەویات)دا نابینێت. ئەو پێیوایە بەبزووتنەوەبوونی هێزە بەرهەمهێنەرەکان بەناچاری لەگەڵ گەشەکردنی هێزەکان و توانا داهێنەرەکانی مرۆڤدا دێتەوە. بە مانایەك مێژوو هەرگیز بریتی نییە لە حیکایەتی پێشکەوتن، بەڵکو ئێمەی هەمیشە فریوخواردوو و تێکەوتوو لە فۆرمێکی کۆمەڵگای چینایەتییەوە، لە جۆرە ستەم و چەوساندنەوەیەکەوە بەرەو فۆرم و جۆرێکی

دیکە خلۆر و گل دەبینەوە. بە مانایەکی دیکە، بەڵام دەکرێت ئەم نوسخە تۆقێنەرە وەك جوڵەیەکی خاوەن هەوراز و نشێو سەیر بکەین، چونکە بە تێپەڕینی کات مرۆڤەکان پێداویستی و داواکاریی ئاڵۆزتر بەرز دەکەنەوە، کۆمەك و هاوکاریی بە مۆدێلە نەرمتر و ڕازیکەرترەکان دەکەن، و زۆر جۆری تازەی پەیوەندییەکان دادەمەزرێنن.

کۆمەڵەی ئینسانەکان بەگشتی لە کۆمەڵگای کۆمۆنیستیی داهاتوودا ئەم میراتە دەوڵەمەندە بۆ خۆیان دەبەن؛ بەڵام پرۆسەی کۆکردنەوەی ئەم میراتە ناکرێت لە توندوتیژی و چەوساندنەوە جیابکرێتەوە. لەکۆتاییدا، فۆرمێکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دادەمەزرێت کە ئەم سامانە کەڵەکەکراوە لە ڕێگای بەرژەوەندیی هەمووان‌دا بەکاردەهێنێت. بەڵام خودی پرۆسەی کەڵەکەکردن بەناچاری مەحرومکردنی بەشێکی گەورەی پیاوان و ژنانی خاوەن بەرهەمەکانی ئەو کەڵەکەکردنەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە. مارکس گوتەنی، دەکرێت بڵێین هەمیشە "دیوە خراپەکەی مێژووە کە ئەوە بەرەو پێشەوە دەبات". وادەردەکەوێت وەك بڵێیت ناعدالەتیی ئێستا بۆ گەیشتن بە عەدالەت لە داهاتوودا شتێکی حەتمییە. ئەم ئامانجە لەگەڵ ئامرازەکانی خۆیدا ناگونجێت: ئەگەر هیچ چەوساندنەوەیەك بوونی نەبووایە، هیچ گەشەکردنێکی بەرچاویش لە هێزە بەرهەمهێنەرەکاندا بوونی نەدەبوو، و ئەگەر هیچ گەشەیەکی بەرچاویش نەبووایە، هیچ بنەما و بناغەیەکی ماتریالی بۆ سۆسیالیزمیش دەرنەدەکەوت و سەریهەڵنەدەدا.

بێگومان مارکس لەسەرحەقە کە دەڵێت ماتریال و مۆڕاڵ هەم دژ بەیەك دەجوڵێنەوە و هەم لەگەڵ یەکتریشدا دێنەوە. ئەو تەنها کۆمەڵگای چینایەتیی بەهۆی کارەساتە ئەخلاقی و مەعنەوییەکانی ئەو کۆمەڵگایە مەحکوم و سەرزەنشت ناکات، هەرچەند بێگومان ئەم کارەش دەکات؛ ئەو لەم میانەیەدا ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە گەشەکردنی توانا مەعنەوییەکانی ئینسان پێویستیی بە بونیادە ماتریالییەکان هەیە. ناتوانین بە سکی برسییەوە پەیوەندییەکی عاقڵانە و ئینسانی دامەزرێنین. هەرجۆرە فراوانبوونێکی پەیوەندییە ئینسانییەکان لەگەڵ خۆیدا فۆرمگەلێکی تازەی بەیەکەوەبوون و گەلێك جۆری تازەی جیابوونەوەش دەهێنێتە بوون. ڕەنگە تەکنەلۆژیا تازەکان ببنە ڕێگر و بەربەست لەبەردەم بەدیهاتن و ئەکچوالیزەبوونی هێز و دەسەڵاتی مرۆییدا، بەڵام هەروەها دەتوانن کۆمەك بە گەشەکردنیشی بکەن. نابێت و پێویست نییە بە چاو و گوێیەکی بەستراوەوە ستایشی مۆدێرنیتە بکەین، بەڵام ناشبێت بە ڕق و بێزارییەوە مۆدێرنیتە ڕەتبکەینەوە. سیفەتە ئەرێنی و نەرێنییەکانی مۆدێرنیتە بەگشتی بریتین لە ڕەهەندەکانی تاکە پرۆسەیەك. بەم هۆیەوەیە تەنها ڕێچکە و ئاراستەیەکی دیالەکتیکی دەتوانێت دەربارەی مۆدێرنیتە حوکمێکی گونجاو بدات، ئەو ڕێچکەیەی باش دەزانێت چۆن پارادۆکس بەشێکی جەوهەریی مۆدێرنیتەیە.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، تیۆریی مارکس دەربارەی مێژوو چەندین کێشەی گرنگیشی هەیە. بۆ نموونە بۆچی تاکە میکانیزمێك - ململانێ و ناکۆکیی نێوان هێزەکان و

پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان – بوونی هەیە لە پەڕینەوەی سەردەمێکی کۆمەڵگای چینایەتیدا بۆ سەردەمێکی دیکە؟ چ شتێك پاساو بۆ ئەم بەردەوامییە عەجیب و غەریبە دەهێنێتەوە ئەویش لە گەڵێك قۆناغی زەمەنی مێژوویی دووردرێـــژدا؟ بۆیە، ئەگەر هێزە نەیارە سیاسییەکان دەسەڵاتێکی تەواویان بۆ لەناوبردنی چینی باڵادەست هەبێت، ئەی بۆچی لەناوبردنی ئەو چینە تەنانەت لە لوتکەی دەسەڵاتەکەیدا نەڕەخسێت؟ ئایا بەڕاستی دەبێت تەحەمول بکەین تاکو هێزە بەرهەمهێنەرەکان لاواز بن؟ و ئەی ئایا لەوانە نییە گەشەی هێزە بەرهەمهێنەرەکان لەپراکتیکدا لاوازبوونی چینێکی لێبکەوێتەوە کە بڕیارە بگات بە دەسەڵات – بۆ نموونە دروستکردنی فۆرمە تازەکانی تەکنەلۆژیای سەرکوتکردن؟ ڕاستە کە بە گەشەکردنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان، کرێکاران دەتوانن لێهاتووتر، ڕێکخراوتر و تێگەیشتووتر بن و (لەوانەیە) دەسەڵاتی دەرککردن و متمانەبەخۆبوونیان لە سیاسەتدا زیاتر ببێت و بەرز ببێتەوە؛ بەڵام هەروەها لەوانەیە بەهۆیەوە تانکەکان، کامێرا شاراوەکانی چاودێری، ڕۆژنامە ڕاستڕەوەکان و مۆدیلە جیاوازەکانی بەدەرەوەسپاردنی کار، زۆر زیاتر بن. ڕەنگە تەکنەلۆژیا تازەکان ژمارەیەکی زۆرتری خەڵك بێکار بکەن و بەمجۆرە بەرەو گۆشەگیری و وەستانیی سیاسییان ببەن. بەهەرحاڵ، ناتوانین ئامادەبوونی چینێکی کۆمەڵایەتیی بۆ شۆڕش تەنها لە دەسەڵاتی ئەو چینەدا بۆ گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێنان کورت بکەینەوە. توانا و قابیلییەتەکانی چینێك پاشکۆ و سەر بە ڕیزێکی بەرفراوانی فاکتەرە جۆراوجۆرەکانە.

و چۆن دەکرێت تێبگەین کە کۆمەڵەیەکی تایبەتیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ گەیشتن بەم مەبەستە سوودمەند دەبێت؟

ناکرێت گۆڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تەنها بەپێی گەشەکردنی هێزە بەرهەمهێنەرەکانەوە لێکبدەینەوە. و بەو جۆرەی ڕەنگە بکرێت شاهید یان بەڵگەیەك بۆ شۆڕشی پیشەسازیی بهێنینەوە، گۆڕانە چارەنووسازەکان لە هێزە بەرهەمهێنەرەکاندا بــەزەرووری دروستبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە تازەکانی لێناکەوێتەوە. تاکە کۆمەڵەیەکی هێزە بەرهەمهێنەرەکان دەتوانێت لەگەڵ کۆمەڵێکی جیاوازیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بگونجێت: بۆ نموونە سیستەمی ستالینی و سەرمایەداریی پیشەسازی. و کاتێك لە کشتوکاڵیی دێهاتی (نامیکانیزەکراو) لە سەردەمی کۆنەوە تا سەردەمی مۆدێرن دەڕوانین، دەبینین ڕیزێکی بەرفراوانی جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و فۆرمە جیاوازەکانی خاوەندارێتی ڕەخساوە. و ڕەنگە هەندێکجار تاکە کۆمەڵەیەکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان گەلێك و چەشنە جیاوازەکانی هێزە بەرهەمهێنەرەکان بهێنێتە بوون، بۆ نموونە، پیشەسازیی سەرمایەدارانە و کشتوکاڵی سەرمایەدارانە. هێزە بەرهەمهێنەرەکان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی بەردەوامی مێژوو هەنگاو بەهەنگاوی یەکتر ناکەونە سەما. ڕاستییەکەی ئەمەیە کە هەر قۆناغێکی گەشەکردنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان ڕێگا بۆ ڕیزێکی تەواوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە گونجاوەکان خۆش دەکات، و هیچ گەرەنتییەك نییە کە هیچ کۆمەڵەیەکی ئەم پەیوەندییانە بەدیبێن. و هیچ گەرەنتییەکیش نییە کاتی هاڕینی

مێژوویی بگات فاکتەرێکی پۆتێنشیەڵ و هێزەکییانەی شۆڕشگێڕی بەو ئاسانییە بوونی هەبێت. هەندێکجار هیچ چینێك بوونی نییە کە بتوانێت هێزە بەرهەمهێنەرەکان بەرەوپێشەوە بەرێت، وەك ئەو شتەی لە چین (China) ڕوویدا.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، پەیوەندیی نێوان هێزەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندییەکی ڕوونکەرەوە و ڕێخۆشکەرە. بۆ نموونە، وا تێماندەگەیەنن کە دەرکەوتنی هەندێك لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە دیارەکان بریتییە لە ئاستی دیاریکراوی پەرەسەندنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان. و ئەگەر بڕیار بێت خۆشگوزەرانی و ئاسایشی هەندێك خەڵك زیاتر بێت لە خۆشگوزەرانی و ئاسایشی ئەوانیدیکە، ئەوا بەرهەمهێنانی زیادەی ئابووریی بەرچاو، زۆر زۆر پێویستە؛ و ئەمە تەنها بە گەیشتن بەئاستی دیاریکراوی گەشەکردنی هێزە بەرهەمهێنەرەکانەوە دەستدەدات. ئەگەر هەموو کەسێك لە کۆمەڵگادا بۆ بڕە پارەیەك ناچاربێت هەموو تەمەنی لە لەوەڕاندنی ڕەوەی بزندا بەسەر بەرێت یان زەوی بکێڵێت، چیتر ناتوانێت دەربارێکی ڕازاوە بە کۆمەڵێك شایەر (minstrels)، بەردەست، قەرەقۆز (jester) و خەزنەدار بەڕێوەببات.

خەباتی چینایەتیی لە بنەڕەتدا خەباتێکە لەسەر زیادە(surplus)، و مادام ئەم زیادەیە بەڕادەیەك و ئاستێکی گونجاو بۆ هەمووان بوونی نەبێت، بە ئەگەرێکی زۆرەوە لەسەرپێی خۆی دەمێنێتەوە. چین کاتێك دێتەبوون کە بەرهەمهێنانی ماتریالیی وەها ڕێکخرابێت هەندێك لەتاکەکان

بۆ بەزیندووییمانەوەیان ناچاربن زیادەی کاری خۆیان تەسلیمی ئەوانیدیکە بکەن. و هەرکاتێك زیادەیەك نەبێت یان کەم بێت، بەو جۆرەی لە کۆمۆنیزمدا بەمانایەك سەرەتایی بووە، هەموو کەسێك دەبێت کار بکات و هیچ کەسێك ناتوانێت پێش زەحمەت و مەینەتیی ئەوانیدیکە بژیت، و بەمجۆرە هیچ چینێك ناشێت هەبێت. دواتـر زیادەیەکی گونجاو و بەس بۆ دابینکردنی خەرجییەکانی چینگەلێکی وەك لـۆردە فیودالەکان دروست دەبێت، ئەو چینانەی بە ڕەنجی دەستی ژێردەستەکانیان دەژین. تەنها لە سەرمایەدارییدا دەکرێت زیادەیەکی گونجاو و کافی بۆ لابردنی کێشەی کەمبوونەوە و دەگمەنی و بەمجۆرە لابردنی چینە کۆمەڵایەتییەکان بەرهەم بێت. بەڵام تەنها سۆسیالیزمە دەتوانێت ئەم توانایە پراکتیك بکات و بەدیبهێنێت.

ئەگەرچی، ڕوون نییە بۆچی هێزە بەرهەمهێنەرەکان دەبێت هەمیشە بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا زاڵ بن – بۆچی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت ئەڵقەلەگوێی هێزە بەرهەمهێنەرەکان بن. ســەرەڕای ئەمە، ئەم تیۆرییە ناگونجێت لەگەڵ شێواز و ستایلی باس و پێناسەکەی مارکسدا دەربـارەی تێپەڕین لە فیودالیزمەوە بۆ سەرمایەداری، یان لە چەند ڕوویەکەوە، لە کۆیلەدارییەوە بۆ فیودالیزم. ئەمەش ڕاستە کە بەشێك لە چینە کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی بێتواناییان لەبەرەوپێشبردنی گەشەکردنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان بەگشتی چەندین جار لەلایەن دەسەڵاتەوە پێداگرییان لەسەر کراوە.

یەکێك لە عەیبە دیارەکانی ئەم مۆدێلە تیۆرییە بریتییە لە

پشتبەستنی بە جەبرگەرایی (دیتێرمینیزم یان حەتمییەت). لە ڕووکەشدا هیچ شتێك ناتوانێت لە بەرانبەر بە پێشڕەویی هێزە بەرهەمهێنەرەکاندا بووەستێتەوە. مێژوو بەهۆی لۆژیکێکی حەتمیی ناوەکی، کێشە و مەتەڵی خۆی چارەسەر دەکات. لە مێژوودا "تاکە سوبێکتێك" (واتا هەمان ئەو هێزە بەرهەمهێنەرانەی بـــەردەوام گەشە دەکـەن) بوونی هەیە کە لەسەرتاپای ئەو مێژووەدا پەرەدەستێنێت و بونیادە سیاسییە جۆراوجۆرەکان دروست دەکات. ئەم دیدگایە بە قوڵی دیدگایەکی میتافیزیکییە. بەهەرحاڵ، ناتوانین وەك سیناریۆیەکی ساویلکانەی پێشکەوتن لەقەڵەمی بدەین. دواجار، توانایییەکان و قابیلییەتە مرۆییەکان کە هاوکاتی هێزە بەرهەمهێنەرەکان پەرەدەستێنن زەمینە بۆ جۆرێکی بەرزتری مرۆڤایەتیی ئامادە دەکەن، بەڵام بە بەها و تێچوونێکی لەڕادەبەدەر. هەر گەشەکردن یان پێشکەوتنێك لە هێزە بەرهەمهێنەرەکاندا سەرکەوتنێکە هەم بۆ شارستانێتی و هەم بۆ وەحشیگەرایی و بەربەریزم[5]. دورستە ئەم گەشەکردنە گەلێك توانا و قابیلییەتی تازە بۆ ڕزگاربوون بـەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەڵام دەستەکانی سوورە بە خوێن. مارکس هەرگیز دەلالێکی کورتبینیی ئایدیای پێشکەوتن نەبوو. ئەو بەئاگابوو لە تێچون و خەسارە مەترسیدارەکانی کۆمۆنیزم.

5- واڵتەر بنیامین لە کتێبی پاساژەکانی پاریسدا دەڵێت هیچ بەڵگەیەك نییە لەسەر شارستانێتیی و پێشکەوتن لە هەمانکاتدا بەڵگەی بەربەرییەت و وەحشیگەرایی نەبیت. (وەرگێڕ)

پێدەچێت ئەم حەقیقەتە کە خەباتی چینایەتیی بوونی هەیە، دەریبخات پیاوان و ژنانی ئازادیش هەن. قورسە بتوانین بڵێین خۆپیشاندانەکان، لەکارخستنەکان، داگیرکردنی کارگەکان، بە ئاماژەی هێزێکی چارەنووسی [یا ئیلاهی] بەرپا دەبێت. بەڵام ئایا دەتوانین بیربکەینەوە هەر ئەم ئازادییە، بەمانایەك، لەپێشەوە پلانی بۆ دانراوە و بووە بە فاکتەرێك بۆ پێشڕەوییە نەوەستاوەکانی مێژوو. لێرەدا لێکچوونێك دەبینرێت لەگەڵ ئەو شتەی لە تیۆلۆژیای مەسیحیدا وەك گەمەی نێوان چارەنووسیی ئیلاهی و ئازادیی مرۆیی سەیر دەکرێت. بەدیدی مەسیحییەك کاتێك من بەر بە سەرۆکی پۆلیسی ناوچەکە دەگرم لەڕووی ئازادیمەوە ئەم کارە دەکەم؛ بەڵام خودا لەڕووی زانستی ئەزەلییەوە پێشبینیی ئەم کارەی منی کردووە و ئەمەشی لە پرۆژەی چارەنووسی خۆیدا بۆ مرۆڤایەتیی گونجاندووە. خوا منی ناچار نەکردووە تاکو جومعەی پێشوو جلوبەرگی ڕەسمیی خزمەتکاری ماڵەوە لەبەر بکەم و ناو لەخۆم بنێم میلی؛ بەڵام ئەو بەهۆی زانستە موتڵەقەکەیەوە دەیزانی کە من دەتوانم بەم کارە و بە ڕەچاوکردنی ئەرکی میلی، پرۆژە گەردوونییەکەی ئەو پیادە بکەم و دەشیکەم. کاتێك من بە دوعاکردن و پاڕانەوە لە خوا دەمەوێت لەبری بوکەڵەیەکی ئیزعاج و پیس کە ئێستا لەسەر شانم خەوتووە، بوکەڵەیەکی ناسکتر و پاکوخاوێنترم پێبدات، کێشەکە ئەوە نییە کە خوا هیچ کاتێك لە زەینی خۆیدا ویستوویەتی دیارییەکی وا بەمن بدات، بەڵام کە پاڕانەوەکانی من دەبیستێت ڕوانگەکەی خۆی دەگۆڕێت. خوا ناتوانێت لە بۆچوونەکانی پاشگەز بێتەوە.

بابەتەکە ئەوەیە ئەو لەڕووی زانستی ئەزەلییەوە بڕیار دەدات بەهۆی پاڕانەوەی من بوکەڵەیەکی تازەم پێبدات و هەڵبەت ئەو لەڕووی زانستی ئەزەلیی خۆیەوە پێشبینیی دوعاکەی منی کردووە. بەمانایەك دەرکەوتنی مەلەکوتی خوداوەند لە داهاتوودا لەپێشەوە دیارینەکراوە: مەلەکوتی خودا تەنها و تەنها بەجۆرێك دێت کە پیاوان و ژنانی ئەمڕۆ لەڕێگای هاتنیدا بەگیان و دڵ هەوڵبدەن و تێبکۆشن. بەڵام هەر ئەم شتە کە ئەوان لەڕووی ئازادیی خۆیانەوە لەڕێگای هاتنی مەلەکوتی خودادا تێدەکۆشن، دەرەنجامی ناچارەکیی ڕەحمەتی خواییە.

دەکرێت هاوشێوەی ئەمەش لە گەمەی نێوان ئـازادی و زەروورەتــدا لای مارکس ببینینەوە. هەندێکجار واپێدەچێت مارکس پێیوابێت خەباتی چینایەتی، ئەگەرچی بە مانایەك بەستراوەتەوە بە ئازادیی ئینسانەکانەوە، بەناچاری لەهەندێك بارودۆخی دیاریکراودا زیاتر و بەهێزتر دەبێت، و هەندێك کاتی دیکەیش دەرەنجامەکەی دەکرێت بە جەخت و یەقینەوە پێشبینی بکرێت. بۆ نموونە سەیری مەسەلەی سۆسیالیزم بکەن. مارکس بەڕواڵەت دەرکەوتنی سۆسیالیزم وەك شتێکی حەتمی و زەرووری دەبینێت. ئەو جارەهای جار ئاماژەی بەم خاڵە کردووە. لە مانیفێستی کۆمۆنیزمدا کەوتنی چینی سەرمایەدار و سەرکەتنی چینی کرێکار "وەك یەك حەتمی" وەسفکردووە، بەڵام نەك بەو هۆیەی کە ئەو پێیوایە بەشێکی یاسای نهێنی و شاراوە لە دەقی مێژوودا هەیە کە بە ڕەفتار و کرداری پیاوان و ژنانی ڕاستەقینە ڕێگای سۆسیالیزم خۆشدەکەن. ئەگەر بەمجۆرە بووایە بۆچی

مارکس دەبوو سووربێت لەسەر زەروورەتی خەباتی سیاسیی؟ ئەگەر لەڕاستیدا سۆسیالیزم حەتمییە، ڕەنگە پێویست نەبێت کارێك بکەین جگە لە چاوەڕوانیی دەرکەوتنی سۆسیالیزمدا، و یان هەندێکجار داوای خواردن بکەین و لەچاوەڕوانی خۆراکدا، دەستبکەین بە لێدان لە مێزەکە. باوەڕبوون بە جەبرگەرایی مێژوویی بریتییە لە فەرمانی خۆراکی تەسلیمبوون و ڕازیبوونی سیاسیی. ئەم ڕوانگەیە لە سەدەی بیستەمدا ڕۆڵێکی گرنگی لە شکستیی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دژ بە فاشیزم هەبوو، چونکە کۆمۆنیستەکان ماوەیەك بوو گەیشتبوون بەو یەقینەی فاشیزم شتێك نییە جگە لە دوایین هەناسەکانی سیستەمی سەرمایەداریی لەبەردەم دەروازەکانی وێرانبوون و لەناوچووندا. ڕەنگە کەسێك بڵێت لە سەدەی نۆزدەهەمدا کەسانێك هەبوون بە حەزێکی زۆرەوە چاوەڕوانیی شتی حەتمییان دەکرد، بەڵام ئەم بابەتە دەربارەی ئێمە ڕاست نییە و دەست نادات. ڕستەگەلێك کە بەم دەستەواژانە دەستپێدەکەن "ئێستا حەتمییە کە..." بەگشتی لە گوێی کەسانێکی ئاوادا دەنگدانەوەیەکی شوم و ئازاردەری هەیە.

مارکس باوەڕی بەوە نییە مانای حەتمییەتی سۆسیالیزم ئەوە بێت کە دەتوانین بە ڕاحەت و ئاسوودە لەسەر جێگاکانمان بخەوین و بحەسێینەوە. ئەو پێیوایە هەرکە سەرمایەداریی بە تەواوی لەپەلوپۆ کەوت، خەڵکی کرێکار هیچ هۆیەکییان نییە دەسەڵات بەدەستەوە نەگرن و بەهەزاران بەڵگەوە دەبێت ئەمە بکەن. ئەوان تێدەگەن گۆڕانی سیستەمی باڵادەست لەبەرژەوەندیی ئەوان دایە و چونکە زۆرینەی کۆمەڵگا پێکدەهێنن، کەواتە دەسەڵاتی

گۆڕینی ئەو سیستەمەشیان هەیە. کەواتە لەو ڕووەوە کە ئەوان ئاڵۆگەلێکی قسەکەرن دەست دەکەن بە کار و سیستەمێکی دیکەی ئەڵتەرناتیڤ دادەمەزرێنن. کاتێك دەتوانین ڕژێمێك لە بەرژەوەندیی خۆماندا بگۆڕین، کە ئەم ژیانە سەگی و ماڵوێرانی و وێرانەی بەسەر ئێمەدا سەپاندووە، ئەی بۆ کەمتەرخەم بین؟ کاتێك جامەکە خەریکە لێی دەڕژێت ئەگەر توانات هەبێت بۆچی جامەکە بەتاڵ ناکەیتەوە؟ دروست بەو جۆرەی لای مەسیحییانی ئێستا ئینسان بەشێکی چارەنووسیی خواییە و سەرەڕای هەموو ئەمانەش لەڕووی ئازادی و ئیختارەوەیە، ئەوا لای مارکسیش کەوتنی سەرمایەداریی بەناچار پیاوان و ژنان بەرەو ئەو شوێنە دەبات کە لەڕووی ئازادیی خۆیانەوە ئەم کارە بکەن.

کەواتە ئەو لەم بارەیەوە قسە دەکات کە پیاوان و ژنانی ئازاد لە بارودۆخێکی دیاریکراودا ناچارن چی بکەن؟ بەڵام ئەمە بێگومان دژیەکییە، چونکە ئازادیی واتا ئێوە ناچارنین هیچ کارێك بکەن. ئەگەر هەناوی بچووکتان هەناوی گەورەشتان بخوات ئێوە ناچارنین کەبابی بەرازی ڕیزکراو بەجارێك بسووتێنن. ئەگەر موسڵمانێکی عابد بن، لەوانەیە واتان پێباشبێت لەبرسان بمرن. ئەگەر بۆ من تەنها ئەگەر و توانای کردنی کارێك هەبێت و ئەگەر بۆ من ڕاکردن لێی کارێکی مەحاڵ بێت، ئەوسا لەو دۆخەدا من ئازاد نیم. ڕەنگە ئێستا سەرمایەداری تەنها هەنگاوێك لە کەوتن و بەربوونەوەوە دوور بێت، بەڵام لەوانەیە سۆسیالیزم جێگاکەی نەگرێتەوە. ڕەنگە فاشیزم یان بەربەرییەت جێگای سەرمایەداری بگرێتەوە. لەوانەیە چینی کرێکار لەژێر فشار

و سترێسی پشتشکێندا لەوە بێتواناتر و نائومێدتر بووبێت کە بتوانێت سیستەمێکی تازە دابمەزرێنێت. لە بڕگەیەکی مێژووییدا کە بەشێوەیەکی غەریب نائومێدکەر بوو، مارکس گوتی ڕەنگە خەباتی چینایەتی "لەناوچوونی هاوکات"ی دوو چینی دژبەیەکی لێبکەوێتەوە.

یان لەوانەیە سیستەمی باڵادەست لەگەڵ دەستکردن بە چەند ڕیفۆرمێکی سەرکەوتوودا بتوانێت هەڵچوون یان ڕاپەڕینی سیاسیی لەناو بەرێت – ئەمە گریمانەیەك بوو ئەو نەیدەتوانی بە تەواوی پێشبینیی بکات. سۆسیال-دیموکراسی خۆی بەربەستێکە لەبەرانبەر کارەساتدا. بەمجۆرە، زیادەی کۆکراوە لەگەڵ هێزە گەشەکردووەکانی بەرهەمهێناندا دەتوانێت بۆ کڕینی شۆڕش بەگەڕ بخرێت، ئەو شتەی هەرگیز لەگەڵ فۆرمی مێژوویی مارکسدا ناگونجێت. ئەو پێیوایە درەوشانەوەی سەرمایەداریی لەشتێکی کاتی بترازێت هیچی دی نییە؛ و سیستەمی سەرمایەداریی دواجار لەناودەچێت؛ و ئەوسا چینی کرێکار بەحەتمی دەکەوێتە سەرپێ و دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێت. بەڵام ئەم گێڕانەوەیە، لەلایەکەوە، ڕەچاوی ئەم ئەگەرە ناکات کە سەرمایەداریی تەنانەت لە ساتەکانی قەیراندا دەتوانێت بە جۆرەها فرت و فێڵ (ئەم فرت و فێڵانە لە سەردەمی ئێمەدا ئاڵۆزترن بەراورد بە سەردەمی مارکس) هێشتا ڕەزامەندیی هاووڵاتییان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت. لە سەردەمی مارکسدا باس و خواسی فاکس نیوز و دەیلی مەیل لەئارادا نەبوو.

هەڵبەت دەتوانین داهاتوویەکی دیکەیش بهێنینە بەرچاوی خۆمان: ئەوەی هەرگیز داهاتوویەك بوونی نەبێت. مارکس نەیدەتوانی پێشبینیی ئەگەرەکانی هیچ هۆلۆکۆستێکی ئەتۆمی یان کارەساتێکی ژینگەیی بکات، یان لەوانەیە چینی حاکم ڕۆژێك بەهۆی بەزەوی کەوتنی نەیزەکێکەوە لەنێو بچێت، چارەنووسێك کە لەوانەیە هەندێك لەدەسەڵاتداران بەباشتری بزانن لە شۆڕشە سۆسیالیستییەکان. تەنانەت جەبرگەراترین تیۆرییەك دەربارەی مێژوویش بەهۆی بەرکەوتنی بەم بەشە ڕووداوە ڕێکەوتانەوە غەرق دەبێت و دەتوێتەوە. هەروەها دەتوانین لەوە بکۆڵینەوە کە مارکس لەڕاستیدا بەچ ڕادەیەك دەکەوێتە نێو ڕیزی ئەوانەی باوەڕیان بە جەبرگەرایی مێژوویی هەیە. ئەگەر لە کارەکەی مارکسدا هیچ ئایدیایەکی داهێنراو نەبوو جگە لە ئایدیای هێزە بەرهەمهێنەرەکان کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکان بەدیدەهێنن، ئەوسا وەڵامەکە ڕوون دەبوو. بەمجۆرە مارکسیزم چەشنێکی جەبرگەرایی پێرفێکت بوو، و ئەمڕۆ کەمتر مارکسیستێك ئامادەیە مۆرکی وەها فیکرەیەك لە سینەی بدات[3]. بەپێی ئەم دیدگایە، ئەوە مرۆڤەکان نین کە مێژووی خۆیان دروست دەکەن؛ ئەوە هێزە بەرهەمهێنەرەکانن کە بەشێکی ژیانی فیتیش و عەجیب و غەریبییان بۆ خۆیان هەیە.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، ڕەوتێکی فیکری جیاوازیش لە نووسینەکانی مارکسدا دەردەکەوێت کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەمهێنان دەخاتە پێشەوەی هێزە بەرهەمهێنەرەکان و نەك بەپێچەوانەوە. هۆکاری کەوتنی

فیودالیزم ئەوە بوو کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە فیودالییەکان لـە کـەنـارە گوندییەکاندا بـەرەبـەرە بـەهـۆی پەیوەندییە سەرمایەدارییەکانەوە لەناوچوو. فیودالیزم بارودۆخێکی خوڵقاند کە تیایدا چینی تازەی بۆرژوا دەیتوانی گەشە بکات؛ بەڵام ئەم چینە بەهۆی گەشەکردنی هێزە بەرهەمهێنەرەکانەوە نەبوو کە سەریهەڵدا. بۆیە، هۆکاری گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێنان لەچوارچێوەی فیودالیزمدا ئـارەزووی ناوەکی و زاتیی ئەو هێزانە نەبوو بۆ گەشەکردن و بەرەوپێشچوون، بەڵکو بەشێکی بەرژوەندییە چینایەتییەکان بوو. و لە سەردەمی مۆدێرنیشدا ئەگەر دەبینین هێزە بەرهەمهێنەرەکان بەخێراییەکی وەها سەرسورهێنەرەوە لەمیانەی دوو سەدەی ڕابـردوودا گەشەیان کردووە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە سەرمایەداریی ناتوانێت بەبێ گەشەی بەردەوام بەزیندوویی بمێنێتەوە.

بەپێی ئەم تیۆرییە ئەڵتەرناتیڤە، لەڕاستیدا ئەوە مرۆڤەکانن کە لە چوارچێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییە چینایەتییەکاندا، مێژووی خۆیان دەخوڵقێنن. مارکس جارێك لە دەربڕینێکدا وەها دەڵێت کە ئەو و ئەنگلس بۆ ماوەی 40 ساڵ پێداگرییان لەسەر ئەم خاڵە کردووە کە ”خەباتی چینایەتی بەبێ هیچ میدیۆم یان ناوەندگرێکەوە هێزی پێشخەری مێژووە“[4]. بەڵام پۆنتێکی بنچینەیی دەربارەی خەباتی چینایەتیی ئەوەیە کە ناکرێت پێشبینیی سەرەنجامەکەی بکرێت و بەم هۆیەوە باوەڕبوون بە جەبر یان حەتمییەت هیچ بنەما و بناغەیەکی لە مارکسیزمدا نییە. هەمیشە دەکرێت بەڵگەی ئەوە بهێنرێتەوە کە

ململانێی چینایەتیی شتێکی چارەنووس و دیاریکراوە – واتا چینە کۆمەڵایەتییەکان هەمیشە بەهۆی جەوهەری خۆیانەوە بەدوای چەندین بەرژەوەندیی دووسەرەدا دەگەڕێن، و ئەرکی ئەم دووسەرەیەش هەمیشە مۆدێلی بەرهەمهێنان دیاریدەکات. بەڵام ئەم ناکۆکی یا دووبەرەییە "ئوبێکتیڤە"ی بەرژەوەندییەکان تەنها چەند جارێك فۆرمی خەباتێکی سیاسیی پێرفێکت وەردەگرێت؛ و ئەوە دوورە بتوانین لەپێشەوە دەرەنجامەکانی ئەم خەباتە ڕوون بکەینەوە. بە ئەگەرەوە مارکس وەك حەتمییەتێك لە سۆسیالیزمی دەڕوانـی، بەڵام بێگومان "فاکتۆری ئاکت" (لیستی ریفۆرمی دۆخی کارگەکانی بریتانیا) یان کۆمۆنەی پاریسی وەك حەتمییەت سەیر نەدەکرد. ئەگەر لەڕاستیدا ئەو لایەنگریی سەرسەختی حەتمییەت بوو، دەیتوانی پێمان بڵێت سۆسیالیزم کەی و چۆن دەگات؟ ڕەنگە بکرێت ئەو لەڕوانگەی خەبات دژ بە ستەم و ناعەدالەتی وەك پەیامبەرێك لەقەڵەمی بدەین، بەڵام بێگومان جامی جیهانبینی نەبوو.

مارکس دەنووسێت: "مێژوو هیچ ناکات، هیچ سامانێکی زۆر و لەڕادەبەدەری نییە، هیچ جەنگێك بەرپا ناکات. ئینسانە، ئینسانی زیندووی واقیعی، کە دەست بۆ هەموو ئەم کارانە دەبات، دارایی کۆدەکاتەوە و دەجەنگێت؛ 'مێژوو' کەسێکی دابڕاو و گۆشەگیر نییە کە مرۆڤ بکات بە ئامرازێك بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆی، مێژوو هیچ نییە جگە لە چالاکیی ئینسانی کە بەدوای ئامانجەکانی خۆی دەکەوێت"[5]. کاتێك مارکس باس لە پەیوەندییە چینایەتییەکان لە جیهانی کۆن، سەدەکانی ناوەڕاست

یان مۆدێرندا دەکات، بەگشتی وەها دەنووسێت وەك بڵێیت ئەم پەیوەندییانە گرنگترینن و ئەولەویەتییان هەیە. ئەو لەم میانەیەدا پێداگریی دەکات کە هەریەکێك لە مۆدێلەکانی بەرهەمهێنان، لە کۆیلەداریی و فیودالیزمەوە بیگرە تا دەگاتە سەرمایەداری، گەلێك یاسای گەشەکردن و پێشکەوتنی جیاوازیی تایبەتیی خۆیان هەیە. ئەگەر بەمجۆرە بێت، ئەوسا چیتر پێویست ناکات لەچوارچێوەی پرۆسەیەکی مێژوویی بەدیاریکراوی "هێڵی"دا بیربکەینەوە، ئەو پرۆسەیەی تیایدا هەموو مۆدێلێکی بەرهەمهێنان گونجاو لەگەڵ بەشێکی لۆژیکی ناوەکیدا بەدوای مۆدێلێکی دیکەدا دێت. هیچ نەخۆشییەکی باو لە فیودالیزمدا نییە کە بە حەتمیی فیودالیزم بەرەو سەرمایەداریی بەرێت. چیتر ناتوانین بڵێین قوماشی چنراوی مێژوو لەنێو کەرەستەیەکی تاقانەوە دروستکراوە: مێژوو کۆمەڵەیەکی جیاوازییەکان و دابڕانەکانە. ئەوە ئابووریی سیاسیی بۆرژوازییە نەك مارکسیزم کە لە چوارچێوەی یاسا پەرەسەندووە گشتییەکاندا بیردەکاتەوە. ئەگەر ڕاستیتان دەوێت مارکس خۆی گلەیی لەوە دەکرد تۆمەتباری بکەن بەوەی گوایا دەیەوێت کۆی مێژوو بکاتە پاشکۆ و ئەڵقەلەگوێی تاکە یاسایەك. ئەو بە توندیی بێزار بوو لەم جۆرە ئەبستراکتە بێرۆحانەوە، ئەبستراکگەلێك کە لەگەڵ ڕۆمانتیکە باش و نازەنینەکاندا دەگونجێت. ئەو بێگومان دەیگوت: "میتۆدی ماتریالیستیی دژبەخۆی گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەگەر وەك پرەنسیپێکی ڕێنمایی لێکۆڵینەوە سەیری نەکەین بەڵکو وەك مۆدێلێکی ئامادە لەبەرچاوی بگرین، کە فاکتە مێژووییەکان بە فۆرمێکی گونجاو لەگەڵ خۆیدا دەخاتەڕوو"[6].

ئەو هۆشدارییی ئەوە دەدات کە نابێت دیدگاکەی دەربارەی سەرچاوەکانی سەرمایەداریی وەك "تیۆریی مێژوویی-فەلسەفی دەربارەی ڕەوتێکی گشتی" سەیر بکەین کە "چارەنووس بۆ هەموو نەتەوەکان، بەهەرجۆرە بارودۆخێکی مێژوویی کە تیایدا دەژین، دیاریدەکات"[7]. دروستە بەشێك لە ڕەوتە دیارەکان کاریگەرییان لەسەر مێژوو هەیە، بەڵام ڕەوتگەلێکی دژی ئەوانەش هەن کە بوونیان دەریدەخات ناتوانین بەهیچ یەقینێك بگەین دەربارەی دەرەنجامەکان.

هەندێك لە مارکسیستەکان کەیس یان بابەتی "گرنگایەتیی هێزە بەرهەمهێنەرەکان"یان وەك شتێکی کەم بەها دەرخستووە و لە بەرانبەردا پێداگرییان لەسەر تیۆرییەکی ئەڵتەرناتیڤ کردووە کە ئێستا باسمان کرد، بەڵام ئەم دۆخە بە ئەگەرێکی زۆرەوە بەرگرییە. مادام مۆدێلی یەکەم لەگەڵێك خاڵی گرندا لە کارەکانی مارکسدا دەبینرێتەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین ئەوانەی بەجدییەکی تەواوەوە وەرگرتووە. ناکرێت ئەمە وەك لوغز یان لادانێکی کاتی لە بیرکردنەوەی ئەودا هەڵبسەنگێنین. و ئەمە دەستەواژەیەکە مارکسیستگەلێکی وەك لینین و ترۆتسکی بەگشتی ئەمەیان بۆ مارکس بەدەستەوە داوە. هەندێك لە ڕاڤەکاران پێیانوایە مارکس لە ڕۆژگـاری نووسینی سەرمایەدا کەم تازۆر دەستی شوتبوو لە بـاوەڕی پێشووی خۆی بە هێزە بەرهەمهێنەرەکان وەك پاڵەوانەکانی مێژوو. ئەم پاساوە هێندە ڕاڤەکارانی دیکە ڕازی ناکات. بەڵام خوێندکارانی قوتابخانەی مارکس ئازادن تاکو خۆیان دیاری بکەن کام ئایدیا داڕێژراوەکانی نێو کارەکەی ئەو باشتر و

گرنگتر دەردەکەوێت. تەنها فەندەمێنتالیستە مارکسیستەکانن کە کارەکەی ئەو وەك وەحی سەیر دەکەن، و ژمارەی ئەوان ئەمڕۆ کەمێك کەمترە لە ژمارەی فەندەمێنتالیستە مەسیحییەکان.

هیچ بەڵگەیەك لەبەردەستدا نییە دەریبخات مارکس بەگشتی بـاوەڕی بە حەتمییەت یان جەبرگەرایی هەبێت، چونکە ئەو ئینکاری لە ئازادیی ئینسانەکان لە پراکتیکدا ناکات. بەپێچەوانەوە، ئەو بـەڕوون و ئاشکرایی بـاوەڕی بە ئازادیی مرۆڤ هەیە و هەمیشە، و بەتایبەت لە یاداشتەکانی لە ڕۆژنامەکاندا، لەم بارەوە دەدەوێت کە تاکەکان دەتوانن (و هەندێکجار دەبێت) بەشێوەیەکی جیاواز کار بکەن، هەرچەندێکیش مێژوو سنووری بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەوان کێشابێت. ئەنگڵس، کە گروپێك ئەو وەك هەواداری سەرسەختیی جەبرگەرایی یان حەتمییەت سەیر دەکەن، هەمیشە مەیلی بەلای ستراتیژییە میلیتارییەکاندا هەبووە کە دوورە ئەمە پاشکۆ و ئەڵقەلەگوێی چارەنووس بێت[8]. بەگشتی مارکسیش ئازایەتی و مکوڕبوونی بە زەرووری دەبینی بۆ سەرکەوتنە سیاسییەکان و باوەڕی بەوە هەبوو کە ڕووداوە ڕێکەوتەکان ڕۆڵێکی چارەنووسسازیان لە پرۆسە مێژووییەکاندا هەیە. ئەم ڕاستییە ناڕوونە کە خەباتگێڕانی چینی کرێکار لە فەڕەنسای 1849 بەهۆی کۆلێراوە تەفروتونا بوون، بەڵگەیەکی ئایدیالییە لەسەر ئەم بابەتە.

هەرچۆنێك بێت، لێرەدا چەندین جۆری جیاوازیی ناچارەکیی هەیە. دەکرێت هەندێك شت بە زەرووری و ناچارەکیی سەیر بکرێن، بەڵام بەبێ ئەوەی بین بە جەبرگەرا یان حەتمی.

ئازادیخوازەکانیش (liberarians)یش مەرگ بە حەتمی دەزانن. ئەگەر ژمارەیەکی زۆری تەگزاسی هەوڵبدەن خۆیان بخەنە نێو کابینەی تەلەفونەوە، هەندێکیان بەناچاری هەموویان دەبێت خۆیان گرمۆڵە بکەنەوە. لێرەدا فیزیا ئامادەیی هەیە نەك چارەنووس. ئەم بابەتە پەیوەندیی بەو واقیعەوە نییە کە ئەوان خۆیان لەڕووی ئازادیی خۆیانەوە خزاندبێتە نێو کابینەکەوە. ئەو کارانەی ئێمە لەڕووی ئازادیمانەوە ئەنجامی دەدەین بەگشتی، دواجار لەئاستی هێزگەلێکی نامۆدا لە بەرانبەر ئێمەدا دەوەستن. تیۆرییەکانی مارکس دەربارەی (لەخۆ)نامۆبوون و فیتیشیزمی کاڵاکان دەقاودەق لەسەر ئەم حەقیقەتە دامەزراوە.

ناچاری مانای دیکەیشی هەیە. ئەو بانگەشەیەی دەڵێت سەرکەوتنی عەدالەت لە زیمبابۆ ناچارییە یان زەرووریيە، ڕەنگە بەو مانایە نەبێت کە ئەم سەرکەوتنە بێگومان ڕوودەدات. ڕەنگە لێرەدا باسەکە پەیوەندیی بە پابەندیی ئەخلاقی یان سیاسییەوە هەبێت، بەو مانایەی بژاردەیەکی دیکەی مەترسیدارتر ئەوەیە کە بیری لێبکەینەوە. لەوانەیە مەبەست لە "سۆسیالیزم یان بەربەریزم" ئەوە نەبێت کە ئێمە بێگومان لە کۆتاییدا مەحکومین بەژیانکردن لەنێو یەکێك لە دوو بەرەیەدا. ڕەنگە مەبەست لەم دووانە ڕێگایەکی پێداگرییکردن و سووربوون بێت لەسەر عاقیبەتە باوەڕپێنەکراوەکانی نەگەیشتن بە سۆسیالیزم. مارکس لە کتێبی ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانیدا دەڵێت: "لەسەردەمی ئێستاماندا، تاکەکان دەبێت خاوەنداریێتیی تایبەتیی هەڵبوەشێننەوە و لەناوی بەرن"، بەڵام ئەم "دەبێت"ـە (must) زیاتر ئامۆژگاریی و

هاندانێکی سیاسییە نەك دەربڕینی ئەوەی تاکەکان بژاردەیەکی دیکەیان نییە. کەواتە ڕەنگە مارکس بەگشتی، باوەڕی بە جەبر و حەتمییەت نەبێت؛ بەڵام لە کارەکانی ئەودا گەلێك فۆرمولەبەندیی دەبینرێنەوە کە هەستی جەبر و حەتمییەتی مێژوویی دەوروژێنن. ئەو هەندێکجار یاسا مێژووییەکان بە یاسا سروشتییەکان دەچوێنێت، و لە سەرمایەدا باس لە "یاسا سروشتییەکانی سەرمایەداری" دەکات کە "بەهۆی زەروورەتێکی ئاسنینەوە بەرەو دەرەنجامە ناچارییەکان دەڕۆن"[9]. کاتێك ڕاڤەکارێك دەڵێت مارکس لە نووسینەکانی خۆیدا وەك پرۆسەیەکی مێژووی سروشت، وێنای پەرەسەندنی کۆمەڵگا دەکات، بەڕواڵەت مارکس ئەم تێگەیشتن و لێکدانەوەیە پشتڕاست دەکاتەوە. ئەو هەروەها بە ئاوازێکی پێداگرانە گوتەی یەکێك لە ڕەخنەگرانی نووسینەکانی دەگوازێتەوە کە پێیوایە کاری مارکس هەوڵێکە بۆ سەلماندنی "زەروورەتی نەزمی ئێستایی کاروبارەکان، و زەروورەتی نەزمێکی دیکە بەناچاری دەبێت نەزمی یەکەم جێگەی خۆی بۆ ئەو نەزمە چۆڵ بکات"[10]. ڕوون نییە چۆن ئەم جەبرگەراییە ڕەق و سەختە لەگەڵ سەنترالیتەی خەباتی چینایەتیدا دەگونجێت و دێتەوە.

ئەنگڵس لە هەندێك بواردا بە وردیی جیاوازیی لەنێوان یاسا مێژووییەکان و یاسا سروشتییەکاندا دەکات و لە بواری دیکەدا بەرگریی لە لێکچوونەکانی نێوان ئەو دووانە دەکات. مارکس هەمیشە ڕۆدەچووە نێو ئەم ئایدیایەوە کە بونیادێك لە سروشتدا بۆ مێژوو پەیدا بکات، بەڵام هەروەها پێداگریی لەسەر ئەم واقیعەش دەکرد کە ئێمە مێژوو دروست دەکەین نەك سروشت.

ئەو جارەهای جار ڕەخنە لە پیادەکردنی بایۆلۆژیی لە لێکدانەوەی مێژووی مرۆڤدا دەگرێت و وێنای ئەو یاسا مێژووییانەی ئیعتیبارێکی گشتییان هەیە، ڕەتدەکاتەوە. وەك زۆرێـك لە بیرمەندانی سەدەی نۆزدەهەم، مارکس لە بەرژەوەندی خۆیدا سوود لە دەسەڵات و توانای زانستە سروشتییەکان وەردەگرێت کە لەو ڕۆژگـارەدا مۆدێلی باڵای زانست بوو تاکو ڕەوایەتی یان شەرعییەتێك بۆ کارەکەی خۆی دابین بکات. بەڵام ڕەنگە ئەم باوەڕەیشی هەبووبێت کە یاسا (بەمانایەك) مێژووییەکان دەکرێت بەپێی جەختێتیی یاسا زانستییەکان بناسرێنەوە.

سـەرەڕای ئەمانە، کێشەیە بتوانین ئەوە قبوڵ بکەین کە بە بۆچوونی مارکس ئـارەزووە ڕواڵەتییەکانی نرخی سوودی سەرمایەدارانە بۆ کورتکردنەوە ڕێك وەك یاساکانی کێشکردن بێت لە فیزیادا. ئەوە ڕێی تێناچێت مارکس وەك ڕەوتی دروستبوونی تۆفانێکی تەندەری یان گێژەڵۆکەیی (thunderstorm) سەیری پەرەسەندنی مێژوو بکات. ڕاستە لای ئەو ڕەوتـی ڕووداوە مێژووییەکان پەردە لەسەر فۆرمێکی مانادار هەڵدەماڵێت، بەڵام زۆر دوورە ئەو لەم باوەڕەیدا بەتەنها بێت. بەو جۆرە نییە کە ژمارەی ئەو کەسانە زۆر بێت، مێژووی مرۆڤ سەرتاپا بە ڕێکەوت سەیر دەکەن. ئەگەر هیچ نەزم و ڕێکخستنێك یان ڕەوتێکی کورتی قابیلی پێشبینی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا نەبێت، ئێمە نەماندەتوانی هیچ کارێکی ئامانجدار بکەین. هەڵبژاردنەکە لەنێوان یاسا ئاسنینەکان لەلایەك و ئاشووب و ئـاژاوەی پەتی لەلایەکی دیکەوە، نییە. هەر کۆمەڵگایەك وەك هەر پراکتیکێکی مرۆیی

ڕێگا بۆ بەشێکی داهاتووە مومکینەکان دەکاتەوە و بەشێکی دیکە دادەخات. بەڵام ئەم گەمەیەی جەبر و ئیختیار هەرگیز جۆرە زەرووەرەتێکی ئاسنین نییە. ئەگەر هەوڵ بدەن سۆسیالیزم لە چوارچێوەی ئابوورییەکی لاواز و خراپدا دابمەزرێنن، ئەوسا هیچ دوور نییە، بەوجۆرەی بینیمان، دووبارە جۆرێك ڕژێمی ستالینی دروست ببێتەوە. ئەم مۆدێلە بەڵگەیەکی مێژووییە کە زۆرینەی تاقیکردنەوە شکستخواردووە کۆمەڵایەتییەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە. ئەو لیبراڵ و کۆنزێرڤاتیڤانەی بەگشتی هیچ حەزێکیان بە قسەکردن لەسەر یاسا مێژووییەکان نییە، کاتێکیش ئەم بابەتە تایبەتییە خۆی زەق دەکاتەوە، ئەوا ڕیتم و تۆنی خۆیان دەگۆڕن. بەڵام ئەو بانگەشەیەی دەڵێت کۆتایی دیاریکراوی ئەم ڕێگایە ڕژێمی ستالینییە، ئەوا باس لە گەلێك ئاکامی ڕێکەوتیی مێژوو دەکەن. لەوانەیە خەڵکی ئاسایی هەڵبستن و دەسەڵات بگرنە دەست؛ ڕەنگە کۆمەڵێکی نەتەوە دەوڵەمەندەکان بەجۆرێکی ناچاوەڕوانکراو کۆمەکتان بکەن؛ ڕەنگیشە جارێك خۆتان وەك گەورەترین خاوەنی کێڵگەی نەوتیی زەوی ببیننەوە و سوود لەم نیعمەتە وەربگرن بۆ دامەزراندنی ئابووریی دیموکراتی.

بابەتەکە دەربارەی ڕەوتی مێژوو هەر بەمجۆرەیە. پێناچێت مارکس باوەڕی بەوە بێت مۆدێلە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنان لە کۆیلەداریی کۆنەوە تاکو سەرمایەداریی مۆدێرن بەپێی مۆدێلێکی نەگۆڕ بەدوای یەکدا هاتبن. ئەنگڵس دەیگوت: "مێژوو لە بازدان و ڕەوتێکی پێچاوپێچدا دەجوڵێت"[11]. لەلایەکەوە، مۆدێلە جیاوازەکانی بەرهەمهێنان لە قۆناغی یەکەمدا تەنها بەدوای

یەکتریدا نایەن. دەتوانن بەڕێککەوتن لە کۆمەڵگایەکدا ئامادە بن. لەلایەکی دیکەوە، مارکس پێیوابوو دیدگاکانی دەربارەی تێپەڕین لە فیودالیزمەوە بۆ سەرمایەداری بەدیاریکراوی دەربارەی جیهانی خۆرئاوا ڕاستە و نابێت بگشتێنرێن. مادام بابەتەکە پەیوەندیی بە مۆدێلەکانی بەرهەمهێنانەوە هەیە، هەموو نەتەوەکان بە زەرووری بۆ تێپەڕین لە مۆدێلێکەوە بۆ مۆدێلێکی دیکە تاکە ڕەوت و ڕێگایەك نابڕن. بەلشەڤیکەکان دەیانتوانی بەجوڵەیەك لە ڕووسیای نیوەفیودالییەوە بەرەو وڵاتێکی سۆسیالیستی بڕۆن، بێ ئەوەی قۆناغێکی گواستنەوەی دوورودرێژ لەگەڵ سەرمایەداریی فرەلایەندا ئەزموون بکەن.

مارکس لە بڕگەیەکدا بەم باوەڕە گەیشت کە وڵاتەکەی خۆی، ئەڵمانیا، سەرەتا دەبێت قۆناغێکی حکومەتی بۆرژوازیی ئەزموون بکات تاکو دواتر چینی کرێکار بتوانێت دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت. هەڵبەت دواتر مارکس وازی لەم بۆچوونەی خۆی هێنا و لەبری ئەوە باوەڕی بە جۆرێك "شۆڕشی هەمیشەیی" کرد کە دەیتوانی ئەم قۆناغانە بشارێتەوە و لەناویەکتردا ئاوێتەیان بکات. دیدگای باوی فەلسەفەی ڕۆشنگەری دەربارەی مێژوو باوەڕبوونە بە پرۆسەیەك کە بەشێوەیەکی سروشتی پەرەدەستێنێت و پێشدەکەوێت و هەر قۆناغێك لەنێو دڵی قۆناغی پێشوودا دێتە دەرەوە و دواجـار هەمان ئەو گشتێتییە دروست دەکات کە ئێمە بەناوی پێشکەوتنەوە دەیناسین. بەپێچەوانەوە، ڤێرژنی مارکسیستیی بۆ مێژوو پڕە لە توندوتیژی، دابڕان، ململانێ و پچڕان. بێگومان لەم گێڕانەوەیەدا باس لە پێشکەوتن دەکرێت،

بـەڵام وەك مارکس لە نووسینەکانیدا دەربـارەی هیندستان گوتوویەتی لە خوداییەکی ستەمکار دەچێت کە بەخوێنی سەری قوربانییەکانی تینووە.

باوەڕی بێ چەندوچونی مارکس بە زەرووەرەتی مێژوویی هەر تەنها بابەتێکی سیاسیی و ئابووری نییە، بەڵکو مەسەلەیەکی ئەخلاقیشە لە هەمانکاتدا. پێناچێت گریمانەی مارکس ئەوە بووبێکت کە فیودالیزم یان سەرمایەداریی دەبێت بێنە بوون. لەنێو دڵی مۆدیلێکی بەرهەمهێنانی تایبەتیدا، دەکرێت گەلێك ڕەوتی جۆراوجۆر دەربکەون. هەڵبەت ئەم ئازادییە سنوورێکیشی هەیە. ئیمکانی نییە لەنێو دڵی سەرمایەداریی مەسرەفیدا بگەین بە کۆمەڵگایەکی ڕاوچییانی سەرەتایی، مەگەر ئەوەی لەنێوانیاندا جەنگێکی ئەتۆم مـەودا دروسـت بکات. گەشەکردنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان وەها گەڕانەوەیەك هەم تەواو نازەرووری و هەم بە قوڵی نەخوازراو دەکات. بەڵام جوڵەیەکی تایبەتیی هەیە کە لای مارکس ناچارییە. بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم پێویستمان بە سەرمایەداریی هەیە. سەرمایەداریی وابەستەیە بە کێبڕکێییەکی بەرژەوەندخوازانە و نەوەستاو و پێویستیی بە گەشەکردن و فراوانبوونێکی زاڵمانە و بێباك هەیە، بەڵام بەم هۆیەوە تەنها سەرمایەداری دەتوانێت هێزە بەرهەمهێنەرەکان تا ئەم ئاستە بەرەو پێشەوە بەرێت کە بتوانێت زیادەی بەرهەمهێنانی ئەو هێزانە، هەڵبەت لە سیستەمێکی سیاسیی جیاوازدا، بۆ دابینکردنی خاوەن پێداوستییەکانی هەمووان بەکار بهێنرێت. بۆئەوەی سۆسیالیزم دابمەزرێنین سەرەتا دەبێـت سەرمایەداریمان هەبێت.

یان باشتره بڵێین، ڕەنگە پێویست نەبێت ئێوە سەرمایەداریتان هەبێت، بەڵام حەتمەن دەبێت کەسێك هەبیێت. مارکس گومانی ئەوەی دەکرد لەوانەیە ڕووسیا بگات بە فۆرمێکی سۆسیالیزم، ئەویش سۆسیالیزمێك بوو لەنێو دڵی کۆمۆنە دێهاتییەکانەوە دەرهاتبوو، نەك ئەوەی لەسەر مێژووی سەرمایەداریی پیشەسازیی وەستابێت؛ بەڵام بیری لەوە نەدەکردەوە بتوانێت بەبێ کۆمەکی سەرچاوەکانی سەرمایەداریی لە ناوچەکانی دیکەی جیهاندا بەم ئامانجە بگات. پێویستە نەتەوەیەکی تایبەتی بە حەتمیی بەنێو پیادەبوونی سەرمایەداریدا ڕەتببێت، بەڵام ئەگەر دەیەوێت بگات بە سۆسیالیزم دەبێت لە شوێنێکدا سەرمایەداریی هەبێت.

ئەم بابەتە گەلێك کێشەی ئەخلاقیی گەرم دەهێنێتە گۆڕێ. ڕێك بەو جۆرەی هەندێك لە مەسیحییەکان خراپە لەلایەکەوە وەك زەروورەتێکی پلانی خوایی بۆ ڕێنوێنیکردنی ئینسان قبول دەکەن، ئێوەش دەتوانن تەفسیرێك بەدەستەوە بدەن کە بەهۆیەوە مارکس دەڵێت سەرمایەداری، ئەگەرچی بەپێی دڕندەیی و ستەم دەچەرخێت، دەبێت تەحەمول بکرێت تاکو بگەین بە داهاتووی سۆسیالیستی، کە بەناچار بەدوایدا دێت. و ڕاستییەکەی نەك تەنها تەحەمولکردن، بەڵکو دەبێت بە تەواوی برەوی پێبدەین. چەند شوێنێك لە نووسینەکانی مارکسدا هەن کە ئەو تیایدا ستایشی گەشەی سەرمایەداریی دەکات، چونکە تەنها بەمجۆرە ڕێگا بۆ سۆسیالیزم خۆش دەبێت. بۆ نموونە، لە وتاربێژییەکی ساڵی 1847دا مارکس بەرگریی لە بازرگانیی ئازاد دەکات، چونکە وەك هۆکار و مایەی خێراتر دەرکەوتنی

سۆسیالیزم سەیری دەکات. ئەو هەروەها حەزی دەکرد یەکێتیی ئەڵمانیا بەچاوی خۆی ببینێت چونکە وەك مایەی گەشەی سەرمایەداریی لە ئەڵمانیا دەیبینی. و چەندین شوێن لە کارەکانی ئەودا دەبینرێنەوە کە ئەم سۆسیالیستە شۆڕشگێڕە دڵ بە چینی سەرمایەداری پێشڕەو دەبەستێت کە دەکرێت کارەکە یەکسان بکاتەوە بە "وەحشیگەرایی و بەربەریزم".

ئەخلاقیبوونی ئەم ڕێچکەیە بە ئاشکرا گوماناوییە. ئەمە چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ بەرنامە و پلانە تاوانکارییەکانی ستالین یان ماودا کە بەناوی داهاتووی سۆسیالیستییەوە پیادە دەکرێت؟ بە چ ڕادەیەك بۆ گەیشتن بە ئامانج ئامراز ڕەوایە؟ و بە کورتی ئەمڕۆ کەمتر کەسێك باوەڕی بە ناچاربوونی سۆسیالیزم هەیە، ئایا نابێت خەتی بەتاڵبوونەوە و ڕەتبوونەوە زیاتر لە هەمیشە بەسەر ئەم بەشەی قوربانیکردنی وەحشیانەی ئێستا لە قوربانگا یان کوشتارگایەکی داهاتوودا بهێنین کە ڕەنگە قەت نەیەت؟ ئەگەر سەرمایەداریی بۆ گەیشتنی سۆسیالیزم زەرووریيە و ئەگەر سەرمایەداریی سیستەمێکی ستەمکارانەیە، ئایا ئەمە بەو مانایە نییە کە ستەم و ناعەدالەتی، بە شێوەیەکی ئەخلاقی، قبوڵکراوە؟ ئەگەر بمانەوێت لە داهاتوودا بگەین بە عەدالەت، ئایا دەبێت بە حەتمی لە ڕابردوودا ناعەدالەتیی بوونی هەبووبێت؟ مارکس لە کتێبی تیۆرییەکانی زیادەبەهادا دەنووسێت: "گەشەکردنی تواناکانی جۆری مرۆڤ بە بەهای زۆرینەی تاکەکان و تەنانەت چینەکان ڕوودەدات"[12]. مەبەستی ئەمەیە کە چاکە و ئازادی جۆری مرۆڤ دواجار لە چوارچێوەی کۆمۆنیزمدا دروست

دەبێت، بەڵام گەیشتن بەم مەبەستە بەناچار هـاوڕا دەبێت لەگەڵ دنیایەك ئازار و ناعەدالەتیدا. گەشەکردن و زیادبوونی نیعمەت و دەستکەوتە ماتریالییەکان کە عاقیبەت تێچوونەکانی ئازادی دابین دەکات، لەڕێگای نەهێشتنی زۆرێك لە ئازادییەکانی دیکەوە دەستەبەر دەبێت.

جیاوازیی هەیە لەنێوان تووشبوون بەخراپە بە ئومێدی ئەوەی ڕەنگە چاکەیەکی لێوە سەرهەڵبدات و هەوڵ بۆ بەکارهێنانی چاکە لەو خراپەیەی ئەویدیکە تێیکەوتووە. سۆسیالیستەکان خۆیان دەست ناکەن بە تاوانە پێویستەکانی سەرمایەداری؛ بەڵام ئێستا کە سەرمایەداریی بوونی هەیە، بەشێوەیەکی گشتی، سوودوەرگرتن لێی، وەك شتێکی عاقڵانە دەردەکەوێت. و ئەم سوودوەرگرتنە لەو ڕووەوە گونجاوە کە سەرمایەداریی بێگومان خراپەی پەتی نییە. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە سەرمایەداریی لە کورتبینی و یەکئاراستەڕوانینەوە هاتووە، ئەمە هەڵەیەکە زۆر کەمتر لای مارکس بەریدەکەوین. وەك بینیمان سیستەمی سەرمایەداریی تەنها وەحشیگەرایی نا، بەڵکو ئازادیش، تەنها کۆیلایەتیی نا، بەڵکو ڕزگـاریـش، جێدەکاتەوە. کۆمەڵگای سەرمایەداریی سامانێکی گەورە بەرهەمدەهێنێت، بەڵام بە شێوەیەك کە زۆرینەی هاووڵاتییان دەستیان پێینەگات و لێی بێبەش بن. سـەرەڕای هەموو ئەمانە، هەمیشە ئەم ئەگەرە هەیە کە ئەو سامانە بکەوێتە بەردەستی هەمووانەوە. دەکرێت ئەم سامانە لە چنگی چوارچێوە چاوچنۆك و فەردپەرستییەکان دەربهێنین کە ئەو سامانەیان بەرهەمهێناوە، بۆ کۆی کۆمەڵگا

خەرجی بکەین و بۆ لانیکەمی میکانیزمە نەخوازراوەکان بەهەدەر بدرێت. بەمجۆرە، سامانی ناوبراو دەتوانێت پیاوان و ژنان لە زنجیرە زەرووریيەکانی ئابووریی ڕزگار بکات و ژیانێکیان پێببەخشێت کە تیایدا ئازادانە داهێنانی هێزەکییانەی خۆیان ڕیالیزە بکەن و بەدیبهێنن. ئەمەیە دیدگای مارکس دەربارەی کۆمۆنیزم.

هیچ یەکێك لەمانە نابێتە هـۆی ئـەوەی دەرکەوتنی سەرمایەداریی وەك چاکەی موتڵەق ببینین. زۆر باشتر بوو ئگەر بکرابایە ڕزگاریی مرۆڤەکان کەمتر بە خوێن و عەرەق و فرمێسك بەدەست بهاتبایە. لەم ڕووەوە، تیۆرییەکەی مارکس دەربارەی مێژوو لەسەر "تیلۆلۆژیا" (سەرەنجامناسی) دانـەمـەزراوە. لەڕوانگەی ئەو تیۆرییەی لەسەر تیلۆلۆژیا دامـەزراوە هەر قۆناغێکی مێژوو بەناچار لە نێو دڵی قۆناغەکانی پێشوودا سەردەردەهێنێت. هەرقۆناغێکی پرۆسەی مێژوو لە جەوهری خۆیدا، زەروورییە، و لەگەڵ قۆناغەکانی دیکەدا، ئەم پرۆسەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو زەرووڕەتی هەیە. خودی ئەو ئامانجە شتێکی ناچارییە و وەك هێزی جوڵێنەری شاراوەی کۆی پرۆسە کار دەکات. لەم گێڕانەوەیەدا ناکرێت هیچ شتێك بسڕدرێتەوە، یان لەناوببرێت، چونکە هەموو شتێك، ئەگەرچی بەڕواڵەت زیانبەخش یان نێگەتیڤ بێت، کۆمەك بە بەدیهاتنی چاکەی گشتی دەکات.

ئەمە وانەی مارکسیزم نییە. ئەو قسەیە کە دەتوانین سوود لە سەرمایەداریی وەربگرین بۆ داهاتوویەکی باشتر بەو مانایە نییە

کە سەرمایەداریی لەبنەڕەتدا لەبەر ئەم هۆکارە بوونی هەیە. بەو جۆرەش نییە کە سۆسیالیزم بە زەرووری لە سەرمایەدارییەوە دێت. بەو مانایەش نییە کە تاوانەکانی سەرمایەداریی دەکرێت بەهۆی دەرکەوتنی سۆسیالیزمەوە پاساو بدرێنەوە. مارکسیزم ناڵێت سەرمایەداریی هەیە و بۆ ئەبەدیش دەبێت. مۆدێلە جیاوازەکانی بەرهەمهێنان بەهۆی زەرووەرەتــەوە نایەنە بــوون. بەو جۆرە نییە کە ڕەنگە ئەوانە بەکۆمەکی لۆژیکێکی ناوەکی بە هەموو قۆناغەکانی پێشووتری مێژووەوە بەستراونەتەوە. هیچ قۆناغێکی پرۆسەی مێژووی پەتی بەهۆی قۆناغەکانی دیکەوە بوونی نییە. دەکرێت بە سیاق و ستایلی بەلشەڤیکەکان باز بەسەر هەندێك لە قۆناغەکاندا بدەین. هیچ گەرەنتییەك بۆ گەیشتن بە ئامانجێك بوونی نییە. مێژوو لای مارکس لە هیچ ڕوویەکی دیاریکراوەوە ناچێتە پێشەوە. دەکرێت سوود لە سەرمایەداریی وەربگرین بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم، بەڵام هەرگیز ناکرێت بڵێین کۆی پرۆسەی مێژوو بە پەنهانی لەڕێگای ئەم ئامانجەدا کار دەکات.

کەواتە سەردەمی سەرمایەداریی مۆدێرن گەلێك ئیمتیاز و چاکەی بێ چەندوچوونی هــەبــووە. داهێنانی دەرمانە بێهۆشکەرەکان و ڕیفۆرمکردنی یاساکانی سزادان، دۆزینەوەی میتۆدە کاریگەرەکانی چارەسەرکردن و دامەزراندنی ئازادیی دەربڕین، تەنها چەند نموونەیەکی خەسڵەتە زۆرەکانی ئەم سەردەمەن کە لە زاتی خۆیاندا بەهایان هەیە و نەك تەنها بەو هۆیەوەی سیستەمی سۆسیالیستیی داهاتوو دەتوانێت ڕێگایەك بۆ بەکارهێنانی ئەوانە پەیدا بکات. بەڵام ئەمە بە زەرووری،

بەرگریکردنێکی بێ چەندوچوون نییە لە سیستەمی سەرمایەداری. دەکرێت بڵێین تەنانەت ئەگەر کۆمەڵگای چینایەتی دواجار بەرەو سۆسیالیزم هەنگاوی هەڵێنا، ئەو بەهایەی مرۆڤ ناچاربووە بۆ گەیشتن بەم دەرەنجامە شیرینە بیدات، بەڕاستی زیادەڕەوانەیە. دنیایەکی سۆسیالیستیی تاکەی دەبێت بە زیندوویی بمێنێتەوە، و تا چ ئاستێك دەبێت گەشە بکات تاکو بتوانێت بە وردبوونەوە لە ڕابـردوو پاساوی ئەو ئازارانە بداتەوە کە بەهۆی مێژووی چینایەتییەوە دروست بوون؟ ئایا قەت دەگونجێت کۆمەڵگایەك تا ئەم ڕادەیــەی گەشەکردن دامەزرێت کە بکرێت پاساوی کارەساتی ئاوشڤیتز بهێنێتەوە؟ ماکس هۆرکهایمەر، فەیلەسوفی مارکسیست، دەڵێت "ڕەوتی مێژوو بەنێو دڵی ئازار و عەزابی تاکەکاندا تێدەپەڕێت. زنجیرەیەکی پەیوەندییە دیاریکراوەکان لە نێوان ئەم دوو فاکتە [مێژوو و ئازاری تاکەکانی مرۆڤ]دا بوونی هەیە، بەڵام هیچ مانایەکی پاساودەر بوونی نییە"[13]. بەگشتی مارکسیزم ناخەنە ڕیزی جیهانبینییە تراژیکەکانەوە. پەردەی کۆتایی درامای مارکسیزم – واتا کۆمۆنیزم – کۆتاییەکی باشترە لەوەی بتوانین وەك تراژیدیا لەقەڵەمی بدەین. بەڵام وردنەبوونەوە لە ڕیتم یان ئاوازە تراژیکەکەی دەبێتە هۆی ئەوەی بە قوڵاییە ئاڵۆزەکەی نەگەین. گێڕانەوەی مارکسیزم تراژیکە، بەڵام کۆتاییەکی ناخۆشی نییە. و هەڵبەت بۆ تراژیکبوون پێویست ناکات بە حەتمی دەبێت گێڕانەوەیەکی کۆتایی ناڕوون هەبێت. تەنانەت ئەگەر پیاوان و ژنان لە کۆتاییدا بگەن بە بەشێکی ڕەزامەندبوون، ئەمە تراژیکە کە باووباپیرانیان دەبوو بەنێو دڵی

دۆزەخدا ڕەت ببن تاکو ئەمان بە ئاکامێکی باش بگەن. و لەوانەیە ئەو کەسانەی لە درێژەی ڕێگاکەدا دەمێننەوە، بێ ئاکام ببن و لەبیر بچنەوە. بێ ئومێدبوون بە هەڵسانەوەی واقیعی، هەرگیز ناتوانین ئەو فرە گەورەیە بێ ئومێدانە ئارام بکەینەوە. تیۆریی مێژووی مارکس تەنها لەم ڕووەوە تراژیکە.

ئەمە ئەو چۆنایەتییەیە کە ئیجاز ئەحمەد وەسفێکی درەوشاوە لەبارەیەوە بەدەستەوە دەدات. لەگەڵ ئەوەی ئەو دەربارەی پەیوەندیی مارکس بە لەناوچوونی کۆمەڵگای جوتیاری (یان دێهاتی) دەدەوێت، بەڵام بۆچوونەکەی دەربارەی بەشێکی بەرفراوانی نووسینەکانی مارکس ڕاستی و دروستیان هەیە. خۆی گوتەنی لە بەرهەمەکانی مارکسدا، "مانایەکی تێکچوونی گەورە و نەقسێکی قەرەبوونەکەرەوە بەرچاو دەکەوێت، کێشەیەکی ناڕوونی ئەخلاقی کە تیایدا نە بە تەواوی دەتوانین پێداگریی لەسەر کۆن و نە نوێ بکەین، پشتڕاستکردنەوەی ئەوەی ئازاردیتووان لەو یەکەیەدا بێ عەیب و نەقس بوون، و هەروەها ئەوەی مێژووی سەرکەوتنەکان و نشوستەکان لەڕاستیدا مێژووی بەرهەمهێنانە ماتریالییەکانە، و لە کۆتاییدا، تروسکاییەکی ئەم ئومێدە کە ڕەنگە ڕۆژێك لەنێو دڵی ئەم مێژووە بێ ڕوحم و دڵڕەقەدا شتێکی باش سەردەربهێنێت"[14]. بە زەرووری، تراژیدیا بەدەر نییە لە هیواو ئومێد. مەسەلەکە ئەوەیە کاتێك تراژیدیا پێداگریی لەسەر شتێك دەکات، بە ترس و لەرز و بە سیمایەکی ڕەنگ پەڕیوی ترساوەوە پێداگری و بەڵێ دەکات.

لەکۆتاییدا، پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی دیکەیش بکەین. بینیمان مارکس خۆی دەڵێت بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم سەرمایەداریی زەرووریيە. بەڵام ئایا لەڕاستیدا بەمجۆرەیە؟ ئەی ئایا لەوانە نییە کەسێك بیەوێت هێزە بەرهەمهێنەرەکان لە ئاستێکی زۆر کەمتردا پەرە پێبدات بەڵام بەڕادەیەك بەشێوەگەلێکی گونجاو بە بەها سۆسیالیستییە دیموکراتییەکانەوە؟ ئەم کارە زەحمەت و تاقەتپڕوکێنە. بەڵام ئەمە بەگشتی هەمان دیدگای بەشێك لە ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی چەپی ڕووسیای بەلشەڤیك بوو؛ و ئەگەرچی ئەم پرۆژەیە هەرەسی هێنا، کەچی گەلێك بەڵگەی بەهێز هەن کە لە بارودۆخێکی داواکراو و خوازراودا ستراتیژییەکی ڕاست و دروستە، بەڵام هەرچۆنێك بێت پرسیارەکە ئەمەیە: ئەگەر سەرمایەداریی هەرگیز بـەدی نەیەت، چی دەبێت؟ ئایا مرۆڤ نەیدەتوانی بەشێوەیەکی کەمتر کارەساتبار بۆ پەروەردەکردن و بەدیهێنان شتگەلێك بدۆزێتەوە کە مارکس وەك بەنرخترین دەستکەوتە مرۆییەکان سەیری دەکرد - گەشەکردنی ماتریالی، گەنجینەی هێزە داهێنەرەکانی مـرۆڤ، مافی دیاریکردنی چارەنووس، پەیوەندییە یونیڤێرسالەکان، ئازادیی فـەردی، کولتووری شکۆمەند و چی و چی؟ ئایا مێژوویەکی دیکە [جگە لە مێژووی سەرمایەداری] نەدەکرا بلیمەتگەلێك لە ئاستی ڕافائیل و شەکسپیردا پەروەردە بکات؟ دەکرێت بیر لە گەشەکردنی هونەرەکان و مەعریفەکان لە یۆنانی کۆن، ئێرانی کۆن، میسر، چین، هیندستان، میزۆپۆتامیا و شوێنی دیکە بکەینەوە. ئایا مۆدێرنیتەی سەرمایەدارانە بەڕاستی زەروریی

بوو؟ چۆن دەبێت بەهای زانستی مۆدێرن و ئازادییەکانی تاکی مۆدێرن بەپێی خەسڵەت و دەستکەوتە مەعنەوییەکانی کۆمەڵگا سەرەتایی و خێڵەکییەکانیش هەڵبسەنگێنین؟ کاتێك دیموکراسیی بەپێی کارەساتەکانی سەدەی بیستەم هەڵدەسەنگێنین، ئایا دەتوانین بە ئاسانی بەرگری لێبکەین؟

ئەم پرسیارە زۆر لە سـەرووی پرسیاری ئەکادیمییەوەیە. بیربکەنەوە ژمارەیەکی کەمی ئێمە ڕزگار دەبین لە کارەساتی گەورەی ئەتۆمی یان ژینگەیی و ڕووبەڕووی ئەم پەیامە تۆقێنەرە دەبینەوە کە دەبێت لە سفرەوە شارستانێتیی دروستبکەینەوە. بەمجۆرە بەوردبوونەوە لەو شتەی دەربـارەی هۆکارەکانی کارەسات دەمانزانی بۆچی نەدەبوو ئەمجارە شارستانێتیی بە شێوەیەکی سۆسالیستی دابمەزرێنین؟

# بەشی چوارەم
# مارکس و یۆتۆپیا

**مارکسیزم خەونێکی یۆتۆپیاییە. بـــاوەڕی بە کۆمەڵگایەکی کامل و خاڵی لە مەینەتی، و خەم، ئازار، توندوتیژی یان ململانێ هەیە. لەژێر سایەی کۆمۆنیزمدا، چیتر کێبەڕکێ بوونی نامێنێت، خۆپەرستیی نامێنێت، نە قۆرخکارییەك دەبێت، نە ناکۆکی و نە نایەکسانی. هەموو باڵادەستییەك یان ژێردەستییەك لەناودەچێت و نامێنێت. چیتر کـەس ئیش ناکات، مرۆڤەکان لە هاوئاهەنگیی و هارمۆنییەکی تەواودا بەیەکەوە دژەین؛ و کاڵا ماتریالییەکان لەبڕانەوە نایەن. ئەم خەونە ساویلکە سەرسوڕهێنەرە، لە ئیمانێکی گەشبینانەوە بە خەسڵەتی بێ خەوشی مرۆڤەوە دێت. ڕەچاوی شەڕانگێزیی مرۆڤ ناکات. زۆر بەسادەیی ئەم ڕاستییە مەلموسە دەکرێـت کە ئێمە بەسروشت بوونەوەرگەلی خۆپەرست و تەماحکار و شەڕانگێز و کێبەڕکێخوازین، و هیچ ئاستێکی ئەندازیاریی کۆمەڵایەتیی ناتوانێت ئەم حەقیقەتە بگۆڕێت. خەونی پاکیزانەی مارکس دەربــارەی داهاتوو ڕەنگدانەوەی وەهمی بێماناى کۆی سیاسەتەکەی ئەوە.**

”

ئەرێ پرسیارێك: لەم یۆتۆپیا مارکسیستییەی ئێوەدا چیتر لە شەقامەکاندا ڕووداو نایەتە پێشەوە؟“ ئەمە لەو جۆرە پرسیارە

تانە و تەشەرئاساییانەیە کە ئیتر بۆ مارکسیستەکان بووەتە شتێکی ئاسایی. لەڕاستیدا ئەمجۆرە قسانە زیاتر پەردە لەسەر حەماقەتی بێژەر هەڵدەماڵێت نەك وەهمی مارکسیستەکان. چونکە ئەگەر مەبەست لە یۆتۆپیا کۆمەڵگایەکی پێرفێکت و بێ نەقس بێت، ئەوسا ”یۆتۆپیای مارکسیستی“ بە مانایەك، بریتییە لە دژبەرییەك.

لە نەریتی مارکسیزمدا بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێشتر وشەی ”یۆتۆپیا“ بەکاردەهێنرێت[1]. یەکێك لە گەورەترین شۆڕشگێڕە مارکسیستە بریتانییەکان، ویلیام مۆریس، کتێبێکی نەمری دەربارەی یۆتۆپیا هەیە بەناوونیشانی چەند هەواڵێك لەناشوێنەوە(News from Nowhere)، کە بە پێچەوانەی نزیکەی هەموو بەرهەمە یۆتۆپییەکانی دیکە موبەمو دەریدەخات پرۆسەی گۆڕانی سیاسیی چۆن ڕوودەدات. بەڵام کاتێك باسەکە پەیوەندیی بە بەکارهێنانی ڕۆژانەی ئەم وشەیەوە هەیە، دەبێت بڵێین مارکس هیچ پەیوەندییەکی بە داهاتوویەکی بەدەر لە ئازار، مەرگ، نوقسانی، نشوست، وێرانە، ململانێ، تراژیدیا یان تەنانەت کار و زەحمەتەوە نییە. لەڕاستیدا هیچ حەزێکی بۆ داهاتوو نییە. یەکێك لە حەقیقەتە بەدناوەکان دەربارەی مارکس ئەوەیە کە ئەو بەڕادەیەك هیچ قسەیەکی دیاریکراو لەسەر چەندوچوونی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی یان کۆمۆنیستی ناکات. کەواتە ڕەخنەگرەکانی دەتوانن ئەو تۆمەتبار بکەن بە جۆرە ناڕوون بێژییەکی نەبەخشراو؛ بەڵام ناتوانن لە هەمان کاتدا ئەو تۆمەتبار بکەن بە کێشانی نەخشە یۆتۆپیاییەکان. ئەوە سەرمایەدارییە نەك مارکسیزم قومار لەسەر داهاتوو دەکات. لە ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانیدا

مارکس ئەم وێنایە ڕەتدەکاتەوە کە دەڵێت کۆمۆنیزم "ئایدیالێکە دەبێت واقیع خۆی لەگەڵدا بگونجێنێت". لە بەرانبەردا لە هەمان کتێبدا کۆمۆنیزم وەك "بزووتنەوەیەکی واقیعی" دەبینێت کە "دۆخی باڵادەست لەناو دەبات"[2].

نەریتی جولەکە پێشبینیکردنی داهاتوو حەرام دەکات، ئەوا مارکسیش بەمجۆرە کە جولەکەیەکی سیکولار بوو، بەگشتی دەربارەی ئەگەرەکانی بەردەممان بێدەنگی هەڵدەبژێرێت. بینیمان ئەو پێدەچێت سۆسیالیزمی بەناچاری لەقەڵەم دابێت، بەڵام بەدیاریکراوی هیچ قسەیەك لەسەر شکڵ و شێوەی شیمانەیی سۆسیالیزم ناکات. گەلێك هۆکار هەن بۆ ئەم بێدەنگبوونە. لەلایەکەوە، چونکە داهاتوو بوونێکی دەرەکیی نییە، کەواتە دروستکردنی چەندین وێنە بۆ ئەو داهاتووە پشتڕاستکردنەوەی درۆیەکی تەواوە. کێشانی وێنەی داهاتوو ڕەنگە ئاماژە لەسەر ئەوە بکات کە داهاتووی لەپێشدا دیاریکراو – و داهاتوو لەنێو ناوچەیەکی تەمومژاویدا وەستاوە کە دەبێت کەشفی بکەین. بینیمان بە مانایەك مارکس پێیوابوو داهاتوو ناچارییە. بەڵام ئەم حەتمییەتە بە زەروریی ویستراو نییە. مەرگیش حەتمییە بەڵام بەڵام بەدیدی زۆرینەی خەڵکی ویستراو نییە. داهاتوو لەوانەیە لەپێشەوە دیاریکرابێت، بەڵام هیچ هۆیەك نییە وادابنێین داهاتوو بەراورد بەو شتەی ئێستا هەمانە، باشتر دەبێت. وەك بینیمان شتی حەتمی بەگشتی نەخوازراوە. مارکس زیاتر لە هەر کسێك ئەمەی دەزانی.

هەڵبەت پێشبینیکردنی داهاتوو کە هیچ سوودێکی نییە، لە پراکتیکدا وێرانکەریشە. تەنانەت ئەگەر دەسەڵاتی زاڵبوونمان بەسەر داهاتوودا هەبێت، بوونی ئەم دەسەڵاتە بە جۆرێك جێگا بۆ هەستێکی ئاساییشی درۆزنانە خۆش دەکات. ئەمە تاکتیکێکە بۆ پارێزراوبوونی خۆمان لەبەرانبەر بە سروشتی کراوە و نەزانراوی زەمەنی ئێستا بە هەموو ناجێگیری و پێشبینی نەکراوییەکانی. ئەمە بریتییە لە بەکارهێنانی داهاتوو وەك جۆرێك فیتیش – وەك بتێکی ئارامکەرەوە کە مرۆڤەکان پێیەوە دەچەسپێن وەك تازەلەدایکبوویەك کە لە جلوبەرگەکانی دەپێچرێتەوە. داهاتوو بەهایەکی موتڵەقە کە بەر بە کەوتنی ئێمە بۆ نێو چاڵی نائومێدی دەگرێت چونکە (لەبەر ئەوەی بوونی دەرەکی نییە) وەك تارماییەك بەرانبەر بە فریوی بایەکانی مێژوو پارێزراو دەبێت. هەروەها دەکرێت بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر زەمەنی ئێستادا، داهاتوو بکەین بە هی خۆمان. فاڵگرەوە حەقیقییەکانی سەردەمی ئێمە، ڕەتکراوە و ئاوارە قژبژ و دەنگناخۆشەکان نین کە بە دەنگێکی ناخۆش و دڕندانەوە پێشبینیی مەرگی سەرمایەداریی دەکەن، بەڵکو پسپۆڕانێکن دەبن بە خزمەتکاریی کۆمپانیا زەبەلاحە فرەنەتەوەییەکان تاکو بەوردییەوە دڵ و دەروونی سیستەمەکە ڕابگرن و دڵنیایی بە سەرۆکەکانیان بدەن کە سوود و بەرژەوەندییان تا دەساڵی دیکە گەرەنتی کراوە. بەپێچەوانەوە پەیامبەر یان نەبی هەرگیز پێشبینیکەر یان فاڵگرەوە نییە. نابێت خەیاڵی ئەوە بکەین پێغەمبەرانی جولەکە ویستبێتیان پێشبینیی داهاتوو بکەن. لەڕاستیدا، پێغەمبەرە بەرژەوەندخواز و تەماحکار،

گەندەڵکار و دەسەڵاتپەرستەکانی ئەمڕۆ شتەکە ناشرین دەکەن و ئاگادارمان دەکەنەوە کە ئەگەر ڕێگا و شێوەی خۆمان نەگۆڕین بە گومانێکی زیاترەوە نابینە خاوەنی هیچ داهاتوویەك. بۆیە، مارکس هەرگیز پێشبینیکەر و فاڵگرەوە نەبوو.

مارکس بەهۆیەکی دیکەیشەوە بــەردەوام بە وریاییەوە دەربـارەی وێنە خەیاڵییەکانی داهاتوو قسەی دەکرد. چونکە دنیایەك لـەم جـۆرە وێنە خەیاڵییانە لە سـەردەمـی ئـەودا دروستکرابوو - و بەڕادەیەك هەموو ئەوانە دروستکراوی دەستی ڕادیکاڵە ئایدیالیستە نائومێدەکان بوو. ئەم ئایدیایەی دەڵێت مێژوو بۆ پێشەوە و بۆ سەرەوە بەرەو تەواوێتیی و کاملبوون دەڕوات ئایدیا و بیرکردنەوەیەکی تایبەت بە چەپ نییە. ئەم وێنایە لە فەلسەفەی ڕۆشنگەریی سەدەی هەژدەهەمدا ئایدیا و بیرۆکەیەکی باو بوو، ئەمە فەلسەفەیەك بوو ناکرێت بڵێین باوەڕی بە سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕیی هەبوو. ئەم تەرزە ئایدیایە ڕەنگدانەوەی متمانە و دڵنیایی چینی ناوەڕاستی ئەوروپا بوو بە گەشەکردن و پێشکەوتنی یەکەمی خۆی. عەقڵ خەریکی لەناوبردنی حکومەتە ستەمکار و دیسپۆتیستەکان بوو، زانست خەریکی ڕیشەکێشکردنی خورافات، و ئاشتی بەرە بەرە کۆتایی بەجەنگ دەهێنا. دواجار، پێدەچوو کۆی مێژووی مرۆڤایەتی (و زۆرینەی ئەم بیرمەندانە لەڕاستیدا مەبەستیان مێژووی ئەوروپا بوو) بەرەو دامەزراندنی دۆخی ئازادی، هەماهەنگی و گەشەکردنی بازرگانی دەڕۆیشت. زۆر دوورە دیارترین بەڵای گیانی چینە ناوەڕاستەکان لە مێژوودا ئەم وەهمەی پشتڕاست

کردبێتەوە کە لە خۆپەسەندییەوە هاتووە. بەو جۆرەی بینیمان مارکس باوەڕیی تەواوی بە پێشکەوتن و شارستانێتیی هەبوو؛ بەڵام دەیزانی، لانیکەم لە سەردەمی ئەودا، پێشکەوتن و شارستانێتیی مەحاڵە لە وەحشیگەرایی و ستەم و تاریکی جیابکرێتەوە.

بابەتەکە ئەوە نییە کە مارکس هیچ لە بیرمەندە یۆتۆپییەکانی وەك فۆریە، سان سیمۆن و ڕۆبەرت ئونەوە وانەیەکی وەرنەگرتبێت. ڕاستە مارکس بە توڕەیی و توندییەوە لەسەر ئەوان دەدوێت، بەڵام هەروەها دەیتوانی بۆچوونی خۆی دەربارەی بیرۆکە و ئایدیاکانیان دەرببڕێت کە هەندێکجار پێشکەوتووخواز و ستایشکەرانە بوو. (و هەڵبەت نەك هەموویان: فۆریە، هەمان ئەو کەسەی زاراوەی "فیمینیزم"ی داهێنا و یەکەم ئایدیالیی کۆمەڵگاکەی بەدیاریکراوی بۆ 1620 کەس نەخشەی کێشرابوو، پێیوابوو لە کۆمەڵگای داهاتوودا ئاوی سوێری دەریاکان دەکات بە شەربەتی لیمۆ. ڕەنگە مارکس خۆی شەرابی سپی ڕاینی پێ باشتربووبێت). یەکێك لە ڕەخنە توندەکانی مارکس لە سۆسیالیستە خەیاڵی و یۆتۆپیستەکان باوەڕی ئەوان بوو بەوەی دەتوانن بە پشت بەستن بە دەسەڵاتی بەڵگەهێنانەوە بەسەر نەیارەکانی خۆیاندا زاڵ بن. کۆمەڵگا لای ئەوان مەیدانی خەباتی ئایدیاکان بوو نەك بەرکەوتنی بەرژەوەندییە مادی و ماتریالییەکان. لە بەرانبەردا، مارکس بە چاوانێکی پڕ لەگومانەوە لەم باوەڕە بە گفتوگۆی عەقڵانی دەڕوانی. ئەو زۆر بەباشی دەیزانی ئەو ئایدیایانەی لەڕاستیدا پیاوان و ژنان دیل دەکەن لەڕێگای دابو نەریت و ڕۆتینی ژیانی ڕۆژانەوە دروست دەبن نەك لە گوتاری

فەیلەسوفان و دیبەیتە گشتییەکان. ئەگەر دەتانەوێت بزانن پیاوان و ژنان لەڕاستیدا باوەڕیان بەچی هەیە، سەیری کارو کردەوەیان بکەن نەك دەمولەفزیان.

نەخشە یۆتۆپییەکان لای مارکس نیشانەی پەرتەوازەیی بوو لە ئەرکە سیاسییەکانی ساتی ئێستا. ئەو هێز و توانایەی بۆ دابینکردنی ئەوانە خەرج دەکرا، ئەگەر لەڕێگای خەباتی سیاسییدا بەگەڕ خرابایە بێگومان بەرهەمگەلێکی زیاتری دەبوو. مارکس ماتریالیست بوو و بەمجۆرە بە هەموو هێزی خۆیەوە چاودێریی مەترسییەکانی ئەو ئایدیایانە بوو کە لە واقیعی مێژوویی جیادەبوونەوە، و بیری دەکردەوە ئەم جیابوونەوەیە بەگشتی گەلێك هۆکار و بەڵگەی مێژوویی بەهێزی هەیە. هەر مرۆڤێکی بێکار دەتوانێت بەردەوام بۆ داهاتوویەکی باشتر چەندین نەخشەی جوان و ڕازاوە بکێشێت، بەوجۆرەی هەر کەسێك دەتوانێت بۆ ڕۆمانێکی شاکار تا ئەبەد نەخشە بکێشێت کە هەرگیز بڕیار نییە بنووسرێت. ئامانجی مارکس خەیاڵپڵاویی نەبوو دەربارەی داهاتوویەکی ئایدیالی، بەڵکو چارەسەرکردنی کێشە و دژبەرییەکانی زەمەنی ئێستایە کە ناهێڵێن داهاتوویەکی باشترمان هەبێت. و کاتێك ئەم داهاتووە باشترە پەیدا بوو و هات، چتیر پێویست بە کەسانێکی وەك مارکس ناکات.

لە کتێبی جەنگی ناوخۆیی لە فەڕەنسادا مارکس دەنووسێت کرێکارە شۆڕشگێڕەکان "بـەدوای بەدیهاتنی هیچ ئایدیالێکدا ناگەڕێن، بەڵکو تەنها دەیانەوێت بناغە و ڕوکنەکانی کۆمەڵگایەکی تازە ئازاد بکەن کە خودی کۆمەڵگای کۆن بۆرژوازیی لەئانی

کەوتندا، پێ ئاوس کراوە"[3]. ناتوانین هیوا و ئومێد بۆ داهاتوویەکی باشتر لە چەند ڕستەیەکی حەسرەتخواردنی وەك "چ باش دەبوو ئەگەر..." کورت بکەینەوە. داهاتوویەکی سەرتاپا جیاواز، ئەگەر بڕیارە شتێکی زیاتر لە خەیاڵپڵاوییە پووچەکان بێت، دەبێت نەك تەنها خوازراو، بەڵکو ڕەخساویش بێت؛ و بۆ ئەوەی بڕەخسێت دەبێت پێی لەنێو واقیعەکانی زەمەنی ئێستادا هەبێت. ناتوانین ئەوە لە بەشێکی ئاسمانی سیاسیی بۆ سەر زەویی ڕەق و سەختی واقیعەکانی زەمەنی ئێستا بهێنین. دەبێت بەدوای ڕێگایەك بۆ بینینی پرۆسە شاراوەکانی زەمەنی ئێستادا بگەڕێین تاکو داهاتوویەکی دیار بەشێوەیەکی هێزەکیانە لەناوەوەیدا نمایش بکەین و دەریبخەین. جگە لەمە، تەنها دەتوانین مرۆڤەکان بکەینە دیل و ئەسیری ڕۆژە مەحاڵەکان؛ و لای فرۆید ئارەزووی مەحاڵ و بێ بەرهەم جگە لە نیرۆس (عوسابی) هیچ ئاکامێکی دیکەی نابێت.

بۆیە لە زەمەنی ئێستادا گەلێك هێز هەن کە ئاماژە بەودیوی زەمەنی ئێستا دەکـەن. بۆ نموونە فیمینیزم بزووتنەوەیەکی سیاسییە دروست لە زەمەنی ئێستادا چالاکیی دەنوێنێت؛ بەڵام دەست بۆ داهاتوویەك درێژ دەکات کە بەشێکی گەورەی زەمەنی ئێستا بە چەندین میل بەجێدەهێڵێت. بۆ مارکس، چینی کرێکار – کە تیایدا واقیعێکە سەر بە زەمەنی ئێستا و هەروەها فاکتەرێکە دەتوانین بیگۆڕین – هەمان بازنەی پەیوەندیی نێوان ئێستا و داهاتووە. سیاسەتی ڕزگاریی نوکی تیژیی داهاتوو دەخاتە نێو دڵی زەمەنی ئێستاوە. سیاسەتی ڕزگاریی پردێکە لەنێوان ئێستا

و داهاتوودا، واتا خاڵی بەریەککەوتنی ئەم دووانە. بەڵام هەم ئێستا و هەم داهاتوو لە گەنجینە و زەخیرەکانی ڕابردوو دەخۆن، ڕابردوو وەك گەنجینەی نەریتە سیاسییە گرانبەهاکان کە دەبێت بجەنگین و خەبات بکەین تاکو بەزیندوویی بیانهێڵینەوە.

هەندێك لە کۆنزەرڤاتیڤەکان (موحافەزەکارەکان)یش دەکەونە ڕیزی یۆتۆپیستەکانەوە، بەڵام یۆتۆپیای ئەوان لە داهاتوودا نییە بەڵکو شوێنی لەنێو ڕابــردوودا هەیە. لای ئەوان مێژوو بریتی بووە لە ڕەوتێکی دوور و درێژ و خەمناکی کەوتن لە سەردەمی زێڕیندا، سەردەمی ئادەم، ڤیرژیل، دانتە، شەکسپیر، ساموئێل جانسۆن، تۆماس جێفرسۆن، بنجامین دیزرائیلی [سیاسەتمەداری موحافیزکاری بریتانیی سەدەی 19]، مارگارێت تاچەر، یان بەڕادەیەك هەر کەسێك کە بیری لێدەکەنەوە. ئەمە واتا لایەنبوون لەگەڵ ڕابردوودا وەك جۆرە فیتیشێك، دروست بەو جۆرەی هەندێك بیرمەندانی یۆتۆپیایی لەگەڵ داهاتوودا دەیکەن. ڕاستە ڕابردووش وەك داهاتوو بوونێکی دەرەکیی نییە، کەچی واقیعییانە دەردەکەوێت. بەڵام کۆنزەرڤاتیڤانێکیش هەن ئەم ئەفسانەیەی کەوتن و هبووتە ڕەتدەکەنەوە. چونکە پێیانوایە هەموو سەردەمەکان بە ڕادەیەك مەترسیدار و خەمناکن. هەواڵی خۆش بۆ ئەوان ئەوەیە چیتر دۆخەکە لەمە خراپتر نەبێـت؛ خەبەری ناخۆشی ئێمە ئەوەیە دۆخەکە بەم هۆیەوە لەمە خراپتر نابێت کە لەمە خراپتر ڕەخساو و مومکین نییە. ئەوەی مێژوو لێدەخۆڕێت و فەرمانی بەسەردا دەکات سروشتی مرۆڤە کە (یەکەم) وێرانییەکەی بەڕادەی ڕابردووە و (دووەم) بە موتڵەقی

نەگۆڕە. گەورەترین جەهالەت – و لەڕاستیدا ستەمکارانە – ئەمەیە: گەلێك ئایدیال پیشانی پیاوان و ژنان بدەین کە مرۆڤ بەهۆی سروشتی خۆیەوە نەتوانێت دەستی بەوانە بگات. کاری توندڕەوەکان ئاکامێکی دیکەی نییە جگە لە بێزارکردنی مرۆڤەکان لە خودی خۆیان. توندڕەوەکان بە هاندان و وروژاندنی مرۆڤەکان تاکو هەوڵبدەن لەڕێگای شتە باڵاتر و بەرزترەکان، ئەوان نوقمی هەستی گوناه و نائومێدی دەکەن.

دەستپێکردن لەو شوێنەی تیایدا وەستاوین، ڕەنگە وەك باشترین ڕێنیشاندەر بۆ گۆڕانی سیاسیی دەرنەکەوێت. زەمەنی ئێستا بۆ گۆڕانێکی وەها زیاتر بەربەستە وەك لەوەی دەرفەت بێت. ئەمە زیاتر لە وێنەی کلێشەیی ئیرلەندییە کەللەپووتەکان دەچێت کاتێك کەسێك داوای شوێنی وێستگەی قیتاریان لێدەپرسێت دەڵێن: "باشە ئەگەر من بووایەم لێرەوە دەستم پێنەدەکرد". ئەم قسەیە هێندە یان بەو ڕادەیەی ئیرلەندییەکان خۆیان بیری لێدەکەنەوە نالۆژیکی نییە. چونکە ماناکەی ئەمەیە: "ئەگەر لەم خاڵە پەرت و دوورەدا نەکەوتیتایە ڕێ، بێگومان زووتر و ڕاستەوخۆتر بە ئامانج دەگەیشتیت". دوور نییە سۆسیالیستەکانی ئەمڕۆ هەستێکی هاوبەشیان لەگەڵ ڕوانینێکی ئاوادا هەبێت. دەکرێت کابرای ئیرلەندیی نێو بەسەرهاتەکەمان لە ڕووسیای دوای شۆڕشی بەلشەڤیکەکاندا وێنا بکەین – ئەو بەلشەڤیکانەی دەیانویست لە وڵاتێکی ئابلۆقەدراو، تەنها و هەژاردا سۆسیالیزم دابمەزرێنن – کە دەڵێن: "باشە ئەگەر من بووایەم لێرەوە دەستم پێنەدەکرد".

هەڵبەت هیچ شوێنێکی دیکەیش نییە لێیەوە دەست پێبکەین. داهاتوویەکی جیاواز دەبێت داهاتووی هەمان ئێستای تایبەتیی بێت. و بەشێکی گەورەی زەمەنی ئێستا لە ڕابردووەوە دروست بووە. ئێمە بۆ دروستکردنی داهاتوو شتێکمان نییە جگە لە ئامرازە کەم و ناکافییەکان کە مێژوو بە میرات بۆی بەجێهێشتووین. و ئەم ئامرازانەش مۆرکی گەلێك کارەسات و مەینەتی و چەوساندنەوەیان لەخۆیان داوە کە بەهۆیانەوە بە ئێمە گەیشتوون. مارکس لە ڕەخنەی بەرنامەی گۆتادا دەنووسێت کۆمەڵگای نوێ لەسەرەتای لەدایکبوونەوەیەوە، چەندین تروسکایی نەزمی کۆن کە لێیەوە هاتووەتە دەرەوە، بەڕووخساری خۆیەوە دەهێڵێتەوە. کەواتە هیچ خاڵێکی "پەتی"ی بوونی نییە کە لێیەوە دەستپێبکەین. باوەڕبوون بە پۆینت یان خاڵێکی ئاوا خەیاڵی خاوی ڕەوتێکی ناسراو بە چەپە توندڕەوەکانە (یان لینین گوتەنی 'ئاژاوەی منداڵانە') کە بە دەمارگیرییە شۆڕشگێڕییەکەیانەوە هەموو ئەو ئامرازانەی زەمەنی ئێستا پشتگوێ دەخەن کە بۆنی سازشی لێبێت: ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی، یەکێتییە کرێکارییەکان، پارتە سیاسییەکان، دیموکراسیی پەرلەمانی، و هتد و هتد. بەمجۆرە ئەستۆپاکیی بۆ خۆیان دەکەن بەڵام بە نرخێکی ناچیز و هیچ.

کەواتە نابێت لە دەرەوە داهاتوو بخەینە سەر زەمەنی ئێستا، دروست بەو جۆرەی باڵغبوون لە دەرەوە ئیزافەی سەر منداڵیی ناکرێت. نە ئەوەی ئەم داهاتووە گریمانییە بێگومان بەدیدێت، بەو جۆرەی هیچ منداڵێك بە زەروورییی ناگات بە تەمەنی باڵغبوون. چونکە هەمیشە دەگونجێت بەهۆی نەخۆشییەکی وەك

سەرەتانی خوێنەوە بەر لە گەیشتن بە باڵغی، بمرێت. بابەتەکە تەنها ئەمەیە ئگەر دۆخێکی تایبەتیی لە زەمەنی ئێستادا گریمانە بکەین، ئەوا هەرگیز ناتوانین هیچ داهاتوویەکی بۆ وێنا بکەین. داهاتوو کراوەیە، ئەگەرچی تەواویش کراوە نییە: بەمجۆرە نییە کە لەنێو دڵی ئێستاوە بشێت هەموو داهاتوویەك بێتە دەرەوە. کاتێك دەگوترێت دە دەقەی دواتر من لەکوێ دەبم، پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە ئێستا لەکوێ بم. بینینی داهاتوو وەك شتێکی ڕەخساو لەنێو دڵی ئێستادا جیاوازیی هەیە لەگەڵ بینینی هێلکەیەك وەك مرشکێکی تەواو. هێلکەی مریشك بەپێی یاسای سروشت بێگومان دەبێت بە مریشك، ئەگەر لە ژێر پێدا نەشکێت یان نەکرێت بە دەڵەمە و نەخورێت؛ بەڵام سروشت گەرەنتیی ئەوە ناکات کە بەدوای سەرمایەدارییدا، بێگومان سۆسیالیزم دێت. گەلێك داهاتووی جیاواز لەنێو دڵی زەمەنی ئێستادا دێت و دەچێت، کە هەندێکیان وەك ئەوانیدیکە سەرنجڕاکێش نین.

بەمجۆرە سەیرکردنی داهاتوو، وەك پارێزگار یان پەرژینێك وایە لە بەرانبەر بە وێنە درۆزنانەکەیدا. بۆ نموونە خەتی ڕەتکردنەوە بەسەر ئـەم دیدگا خۆپەرستانە "پەرەسەندنخواز"ییەدا دەهێنێت، کە تەنها وەك فراوانبوون و گەشەسەندنی زەمەنی ئێستا لە داهاتوو دەڕوانێت. لەم ڕوانگەیەوە، داهاتوو شتێك نییە تەنها زەمەنی ئێستا نەبێـت لە ڕەهەندە گەورەترەکانیدا. حاکمانی ئێمە وای بەباش دەزانن داهاتوو کەم تازۆر ڕێك بەم شکڵ و شێوەیە ببینن – وەك شتێکی باشتر لە زەمەنی ئێستا، بەڵام بە شکڵ و شێوەیەکی ئارامکەرەوە لە درێژبوونەوەیدا و

هەوڵدەدەن هەموو شتێکی نادیمەنئاسا یان ناقابیلی تەماشاکردن کە لەگەڵ زەوق و سەلیقەیاندا ناگونجێت، وەك شتێکی نزم و خراپ بخەنەڕوو. لەڕوانگەی ئەوانەوە هیچ تراوما یان ڕووداو و شۆڕشێك بوونی نییە، ئەوەی هەیە باشتربوونی لەسەرخۆ و بەردەوامی خودی ئەو شتەیە کە ئێستا هەمانە. ئەم دیدگایە تا ئەم دواییانە بە "کۆتایی مێژوو" ناوی دەرکردبوو، بەر لەوەی توندڕەوە مەزهەبییەکان ڕووداوی خراپ و شکاوی مێژوو دووبارە بخەنەوەگەڕ. ڕەنگیشە بتوانین ئەم دیداگایە ناوبنێین تیۆریی سووره-ماسییەکان (goldfish) دەربـارەی مێژوو، چونکە لە خەیاڵی خۆیاندا بیر لەژیانێك دەکەنەوە پڕە لە ئاساییش و خۆشی، بەڵام یونیفۆرم و وەڕەسکەر، شتێك لە ژیانی سووره-ماسییەکان دەچێت. ئەم دیدگایە ئازادی و ڕزگاربوون لە گۆڕانکارییە گەورە و چارەنووسسازەکان بە نرخی وەڕەسی و شەکەتییەکییەکی پێرفێکت دەهێنێت و دەیکڕێت. بەمجۆرە تێناگات داهاتوو هەرچەندێك لە زەمەنی ئێستا خراپتر بێت، هێشتا ئەم خاڵە یەکلاییکەرەوەیە کە ئاسمان و ڕێسمان لە زەمەنی ئێستاوە دوورە. یەکێك لە هۆیەکانی ئەوەی بازاڕە داراییەکانی ئەم چەند ساڵەی پێشوو لەناچوون و وێرانبوون، ئەمە بوو کە پشتیان بە گەلێك مۆدێل بەست کە بەهۆیەوە داهاتوو جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ زەمەنی ئێستادا نەبوو.

بەپێچەوانەوە، سۆسیالیزم بە مانایەك ڕەمـزی دابڕانێکی یەکلاییکەرەوەیە لەگەڵ زەمەنی ئێستادا. دەبێت مێژوو دووکـەرت بکرێت و سەرلەنوێ بونیادبنرێتەوە - نەك وەك

سۆسیالیستەكان بەئارەزووی خۆیان شۆڕش لە ڕیفۆرم بە باشتر دەزانن، وەك دڕندەكانی تینووی خوێن دەنگی میانەڕەوەكان نابیستن، بەڵكو بەهۆی قوڵیی بارودۆخی نەخۆشییەوەیە، كە پێویستی بە چارەسەركردن هەیە. من دەڵێم "مێژوو"، بەڵام لەڕاستیدا ماركس خۆی سوورە لەسەر ئەوەی كرێدیت و بەها بەهەموو ئەو شتانە ببخەشین كە تاكو ئێستا ڕوویانداوە، ئەویش بە بڕاندنی ئەم ناونیشانە بەسەریاندا. لای ئەو، كۆی ئەو شتانەی تاكو ئێستا زانیومانە بریتییە لە "پێش-مێژوو" – واتا گێڕانەوە جیاوازە یەك بەدوای یەكەكانی ستەم و چەوساندنەوەی ئینسانەكان. تاقانە ئەكتی ڕاستەقینەی مێژوویی دابڕانە لەم گێڕانەوە وەڕەسكەرە و هەنگاونانە بەرەو مەیدانی مێژووی ڕاستەقینە. ئەگەر سۆسیالیست بیت، ناچاریت بە ورد و درشتی ڕوونی بكەیتەوە كە چۆن و بە چ دامەزراوەگەلێكەوە دەكرێت بەو ئامانجە بگەین. بەڵام ئەگەر دەتەوێت نەزمی كۆمەڵایەتیی نوێ بەڕاستی لە نەزمی باڵادەست نەچێت، ئەوسا ئەو شتەی هەر ئێستا دەتوانین دەربارەی بدوێین، دەبێتە ئاست و سنوورێكی یەكلاكەرەوە. هەرچی بێت داهاتوو تەنهاوتەنها دەكرێت لەنێو ئەو چوارچێوانەدا باسبكرێن ك لە ڕابردوو یان ئێستا وەرگیراون؛ و داهاتوویەك پەیوەندیی خۆی لە ڕیشەوە لەگەڵ زەمەنی ئێستادا بپچڕێنێت، ناچارمان دەكات بچینە ئەودیوی سنوورەكانی زمانی خۆمانەوە. وەك ماركس خۆی لە كتێبی هەژدەهەمی برۆمەری لوویی بۆناپارتدا دەڵێت: "لە داهاتووی سۆسیالیستیدا ناوەرۆك سنووری فۆڕم تێدەپەڕێنێت". ڕایمۆند ویلیامز لە كتێبی كولتوور

و کۆمەڵگا 1950-1870دا، لە بنچینەدا ئاماژە بە هەمان خاڵ دەکات: "دەبێت پلان بۆ شتگەلێك دابنرێت کە قابیلی پلاندانان بن، ئەویش گونجاو بێت لەگەڵ بڕیارە دەستەجەمعییەکانمان. بەڵام پێداگریی لەسەر ئایدیای کولتوور کاتێك گونجاوە کە لەبیرمان بێت کولتوور لە بنچینەدا قابیلی پلان بۆدانان نییە. ئێمە دەبێت کەرەستەگەلی پێویست بۆ ژیان و بۆ بەیەکەوەبوون دابین بکەین، بەڵام کەس نازانێت و ناشتوانێت بزانێت بەم کەرەستە و ئامرازانەوە چ جۆرە ژیانێك بەدیدێت"[4].

دەکرێت بەجۆرێکی دیکەیش ئەم خاڵە بخرێتەڕوو. ئەگەر هەموو ئەو شتانەی تا ئێستا ڕوویانـداوە "پێش-مێژوو"ـە، ئەوسا دەکرێت بڵێین ئەم پێشمێژووە زیاتر لەوەی مارکس وەك مێژووی ڕاستەقینە سەیری دەکرد، قابیلی پێشبینیکردنە. ئەگەر ئێمە مێژووی ڕابردوو لە هەر خاڵێکدا ببڕین و لە هەر بڕگەیەکیدا لێی بکۆڵینەوە، هەر لەسەرەتاوە شتگەلێك دەربارەی ئەو شتەی لێرەدا دەیبینینەوە، دەزانین. بۆ نموونە دەبینین زۆرینەی ژنان و پیاوان لەم قۆناغەدا لە بەیانییەوە تا شەو گیانەلایانە تاکو گیرفانەی کەمینەی حاکم پڕبکەنەوە. دەبینین دەوڵەت، هەرچۆنێك بێت، ئامادەیە دەست بکات بە دنیایەك توندوتیژیی بۆ پاراستنی دۆخی باڵادەست. دەبینین بەشێکی گەورەی ئەفسانە و کولتوور و ئایدیای ئەو قۆناغە بۆ پاراستنی دۆخی باڵادەست بەگەڕ دەخرێت. هەروەها ڕەنگە لەنێوان ئەو کەسانەی دەچەوسێنرێنەوە، گەلێك تیشکی ئومێد بۆ بەرهەڵستی و خەبات دژ بەم ستەم و ناعەدالەتییە ببینینەوە.

سەرەڕای ئەمانە، هەرکە ئەم کۆت و زنجیرانە لە پێی گەشە و چرۆکردنی مرۆڤ لابرێن، گوتنی ئەوەی چی ڕوودەدات، زۆر قورستر دەبێت. چونکە ئەو کاتە پیاوان و ژنان، لەچوارچێوەی سنووری بەپرسیارێتیی خۆیاندا دەرهەق بە یەکتریی، لەڕادەبەدەر ئازادتر دەبن تاکو بەو جـۆرەی حەزدەکەن، ڕەفتار بکەن و بجوڵێنەوە. ئەگەر ئەوان بتوانن زیاتر کاتی خۆیان لەبری گیان دەرچوون و شەکەتبوون لە ژینگەی کاردا، بۆ ئەو چالاکییانە تەرخان بکەن کە ئێستا ئێمە پێیدەڵێین کاتی بەتاڵ، ئەوا پێشبینیکردنی ڕەفتاریان، بەجۆرێك قورستر دەبێت. دەڵێم "ئـەوەی ئێستا ئێمە پێیدەڵێین کاتی بەتاڵ" چونکە ئەگەر لەڕاستیدا سوودمان لە سەرچاوە کەڵەکەکراوەکانی سەرمایەداریی بۆ ئازادکردنی بەشێکی گەورەی ئینسانەکان لەکۆت و بەندی کار وەردەگرت، ئەوا چیتر بە چالاکییەکانی ئەوانمان نەدەگوت کارەکانی "بەتاڵی". چونکە ئایدیای بەتاڵی (leisure یان ئاسوودەیی) وابەستەیە بە بوونی دژەکەی خۆیەوە (کار و زەحمەت)، بەو جۆرەی بەبێ وێناکردنی ئاشتی، ناتوانین جەنگ پێناسە بکەین. با لەبیریشمان بێت بە مانایەك چالاکییەکانی کاتی بەتاڵی ڕەنگە تاقەتپڕوکێنتر و ئیزعاجتر بێت لە کارکردن لەنێو کانەکانی خەڵوزی بەردیندا. مارکس خۆی ئاماژەی بەم خاڵە کردووە. هەندێك لە چەپەکان کاتێك ببیستن لابردنی کاری زۆرەملێ بە زەرووری مانای کات بەسەردن و ڕابواردن نایەت ئەوا تووشی نائومێدی دەبن.

ئەم دۆخە بە ڕەفتاری زیندانیان بەراورد بکەن. بە ئاسانی دەتوانن گومانی ئەوە بکەن زیندانیان سەرتاپای ڕۆژەکە دەست

بۆ چ کارگەلێك دەبــەن، چونکە چالاکییەکانیان وابەستەیە بە چەندین یاسا و ڕێسای قورس و سەختەوە. بە یەقینێکی ڕێژەییەوە زیندانەوانەکان دەتوانن پێشبینیی بکەن زیندانیان لە سەعاتی پێنجی عەسری چوارشەممەدا لەکوێ دەبن، و ئەگەر نەتوانن پێشبینیی ئەمە بکەن ئەوا بە ئەگەرێکەوە دەبێت خۆیان لەبەردەم بەرپرسیی زیندانەکەدا ببیننەوە. بەڵام کاتێك تاوانباران ئازاد دەبن و دەگەڕێنەوە نێو کۆمەڵگا، پاڵاوتنیان زۆر زۆر قورس دەبێت، مەگەر ئەوەی سوود لە ئامرازە ئەلکترۆنییەکان وەربگرین. بە مانایەك زیندانییان لە "پێشمێژوو"ی زیندانەکەیانەوە هەنگاویان بــەرەو مێژووی ڕاستەقینە هەڵێناوە، واتا ئێستا ئازادن خۆیان بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن و بەدوای هێزە دەرەکییەکان نەکەون. لای مارکس، سۆسیالیزم قۆناغێکی مێژووە کە تیایدا بەرەبەرە بەشێوەیەکی دەستەجەمعیی چارەنووسی خۆمان دیاریدەکەین. ئەمە واتا دیموکراسییەك، کاتێك بەجدیی وەریدەگرین، و نەك ئەو دیموکراسییەی (بە گشتی) شتێك نییە جگە لە ئەدا و ئەتوار یان ژێستە سیاسییەکان. و ئەو ڕاستییەی خەڵك ئازادتر دەبن بەو مانایە دێت کە قورستر دەتوانین بڵێین ئەوان لە سەعاتی پێنجی عەسری چوارشەممەدا چ کارێك دەکەن.

داهاتوویەکی بەڕاستی جیاواز، نە درێژبوونەوەی ڕووتی زەمەنی ئێستا دەبێت و نە دابڕانی موتڵەقیش لێی. ئەگەر دابڕانی موتڵەق بێت چۆن دەتوانین دەستنیشانی بکەین؟ بەڵام ئەگەر دەمانتوانی بە ئەئاسانی بە زمانی زەمەنی ئێستا وەسفی ئەم داهاتووە بکەین ئەوسا بە چ مانایەك ئەم داهاتووە بەڕاستی جیاواز دەبوو؟ ئایدیای

ڕزگاریی لای مارکس هەم بەردەوامییە نەرم و هەمووارەکان ڕەتدەکاتەوە و هەم دابڕانە تەواو و موتڵەقەکانیش. لەم ڕووەوە، مارکس نموونەی دەگمەنی کۆکردنەوەی دژەکانە: خەونبینینی کەسێك بریتییە لە واقیعبینییەکی قورسی کەسی بێدار. ئەو لە دیوە خەیاڵییەکانی داهاتووەوە ڕووی دەکردە مەیدانی پرۆسە وەڕەسکەرەکانی زەمەنی ئێستا؛ بەڵام دەقاودەق لەم مەیدانە دایە کە ئەو بەدوای داهاتوویەکی دەوڵەمەند و پڕدا دەگەڕێت کە دەبێت لە کۆت و بەندی ئێستا ڕزگار بکرێت. بەراورد بە زۆرێك لە بیرمەندان ئەو نیگایەکی ناڕوونتری دەرهەق بە ڕابردوو هەیە، بەڵام زیاتر لەوان، ئومێدی بە داهاتوو هەیە.

واقیعبینی و خەیاڵپڵاوی بەیەکەوە دەجوڵێن: بۆ ئەوەی زەمەنی ئێستا بەو جۆرە ببینین کە لەڕاستیدا هەیە، ئەوا دەبێت لەژێر ڕۆشنایی گۆڕانێکی گریمانەکراودا سەیری بکەین. جگە لەمە ئەوا هەرگیز بە دروستی نایبینین، چونکە بۆ تێگەیشتنێکی تەواوی مانای منداڵانەییبوون دەبێت بزانین ئەو منداڵە گەورەیەکی هێزەکییانەیە. سەرمایەداری، چەندین هێز و توانای لەسەروو ئاساییەوە بەرهەمهێناوە، کە هاوزەمان دەبێتە ڕێگری بەردەمیان؛ بەم هۆیەوەیە مارکس دەتوانێت ئومێدەوار بێت، بەڵام ساویلکانە مۆرکی پێشکەوتن لە ناوچەوانی خۆی نەدات، دەتوانێت بە تەواوی بوونییەوە واقیعبین بێت بێ ئەوەی بکەوێتە نێو دۆخ و قەیرانی عەقڵی گاڵتەجاڕی و سەرلێشێواوییەوە. نیگای تراژیدییانە ئەمەیە کە خراپترین دۆخ بهێنێتە بەرچاوی خۆت، بەڵام هەر بەم کارەوە بەسەریدا زاڵبیت. بەو جۆرەی بینیمان، مارکس لەهەندێك

ڕووەوە بیرمەندێکی تراژیکە نەك ڕەشبین.

لەلایەکەوە، مارکسیستەکان واقیعبینە کردارگەراکانن کە بە چاوێکی گومانەوە لە ئامۆژگارییە ئەخلاقییەکان دەڕوانن، بە وریاییەوە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئایدیالیزمدا، کاردەکەن و دەجولێنەوە. ئەوان، بەهۆی خەسڵەتە بەدگومانەکەیانەوە، لە پشتی ڕەوانبێژییە توندو خێرا سیاسییەکاندا بەدوای بەرژەوەندییە ماتریالی و واقیعییەکاندا دەگەڕێن. ئەوان زۆر بە وریاییەوە چاودێرن بەسەر هێزە وەڕەسکەر و بەگشتی نزم و پاتاڵەکانەوە، کە وەك ژێرخان و بونیادی قسەگەلی ئامۆژگارییانە و ڕوانگە پڕ جۆش و خرۆشەکان دادەنرێن. هەڵبەت هەموو ئەمانە لەو ڕووەوەیە کە دەیانەوێت ژنان و پیاوان لە کۆت و بەندی ئەم هێزانە ڕزگار بکەن، چونکە مارکسیستەکان پێیانوایە مرۆڤەکان شایستەی ژیانێکی باشترن. بەگشتی، ئەوان واقیعبینیی خۆیان بە ئیمانی مرۆڤایەتییەوە دەبەستنەوە. ماتریالیزم زەوینیترە لەوەی کە فریوی ڕیتۆریك و ڕەوانبێژییە فریودەرەکان بخوات، بەڵام ئومێدێکی زیاتری بۆ باشترکردنی بارودۆخ هەیە وەك لەوەی بکەوێتە داوی گاڵتەجاڕییەوە. لە مێژووی مرۆڤایەتیدا زۆر پێکهاتەی خراپترمان لەوە هەبووە.

دروشمی پڕ لە گوڕوتینی خوێندکارانی پاریسی ساڵی 1968تتان لەبیرە: "واقیعبین بە: داوای مەحاڵ بکە!" ئەم دروشمە سەرباری زیادەڕەوییەکەی، کەچی سەرتاپا ڕاست و دروستە. ئەگەر واقیعبین بین، چاککردنی وێرانەکانی کۆمەڵگا پێویستی بەشتێکە لەودیوی هێزەکانی سیستەمە باڵادەستەکان،

و لەم ڕووەوە، مەحاڵ. بەڵام واقیعبینی فەرمان بەوە دەکات باوەڕ بکەین لە بنەڕەتدا دەکرێت جیهان لەمە باشتر بێت. ئەوان کە دەست لەسەر باوەڕبوون بە ڕوودانی گۆڕانکارییە گەورە کۆمەڵایەتییەکان دادەنێن، خەیاڵپڵاوێکی تەواون. خەیاڵپڵاوە واقیعییەکان ئەوانەن کە بانگەشەی ئەوە دەکەن هیچ شتێك زیاتر لە چاکسازیی هەنگاو بەهەنگاو بوونی نییە. ئەم پراگماتیزمە واقیعبینانەیە بەو ڕادەیەیە وەهمییە کە تۆ خەیاڵی ئەوە بکەیت ماری ئەنتوانێتی. ئەمجۆرە تاکانە هەمیشە کەوتوونەتە بەردەم ئەو مەترسییەوە کە مێژوو کەلەپاچەیان بکات. بۆ نموونە، ئایدیۆلۆژیستە فیودالەکان خەیاڵی ئەوەیان دەکرد سیستەمی ئابووریی سەرمایەداریی "ناسروشتی"ترە لەوەی بتوانێت ڕۆژێك هەمەگیر و ببێتە گەردوونی. لەگەڵ ئەواندا گەلێك کەسایەتیی نائارام و خۆفرودەریش هەن لەگەڵ خۆیاندا خەیاڵی ئەوە دەکەن، بە تەرخانکردنی کاتێکی زیاتر و هەوڵی بەرفراوانتر، سەرەنجام سەرمایەداری جیهانێکی بێ بەری و بەتاڵ لە هەژاری و مەحرومییەت دەهێنێتە بوونەوە. ئەوان پێیانوایە تەنها بەهۆی شانسێکی خراپەوە بووە کە هێشتا ئەمە ڕووینەداوە. هەست بەوە ناکەن نایەکسانیی بۆ سەرمایەداریی بەڕادەی نارسیزم و خۆگەورەبینیی (megalomania) هۆلیوود شتێکی سروشتییە.

مارکس جگە لە بەرکەوتنێکی وێرانکەری بەرژەوەندییەکان شتێکی دیکەی لە زەمەنی ئێستادا نەدەبینی. بەڵام لەو شوێنەی دەگونجێت بیرمەندێکی یۆتۆپیایی بانگی ئێوە بکات تاکو بە چەکی عەشق و مرۆڤدۆستییەوە بەسەر ئەم ململانێیانەدا زاڵ

بن، ئەوا مارکس هەڵوێستێکی جیاواز وەردەگرێت. ئەو لەناخی دڵییەوە ئیمانی بە عەشق و هاوڕێیەتی هەیە، بەڵام بیرناکاتەوە بە هارمۆنی و هەماهەنگییە درۆزن و ساختەکان بکرێت دەستمان بەوانە بگات. ئەوانەی چەوسێنراونەتەوە و مەحروم کراون، نابێت دەست لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان هەڵگرن - ئەمە دەقاودەق ئەو شتەیە کە ئاغاکانیان داوایان لێدەکەن - بەڵکو دەبێت بەردەوام لەسەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان سوور بن. تەنها لە دوای ئەمەوە دواجار دەکرێت کۆمەڵگایەك لەسەرووی بەرژەوەندییە شەخسییەکانەوە دروست بکرێت. گەڕان بەدوای بەرژەوەندییە شەخسییەکاندا کێشەیەکی ئەوتۆی نییە، ئەگەر بەدیلەکەی چەسپین و بەسترانەوە بێت بە زنجیرەکان بەناوی ڕۆحی درۆزنانە و فیداکارییەوە.

ئەم سووربوونە لەسەر بەرژەوەندییە چینایەتییەکان لەوانەیە لەگەڵ زەوق و سەلیقەی ڕەخنەگرانی مارکسدا نەگونجێت. بەڵام ئەوانیش ناتوانن بڵێن مارکس وێنایەکی مەحاڵ و گەشبینانەی بۆ سروشتی مرۆڤ هەیە. تەنها کاتێك لە زەمەنی ئێستاوە دەستپێبکەیت کە ڕزگار نەکراوە و لۆژیکە عەیبدار و پڕ لە خەلەلەکەی قبوڵ بکەیت دەتوانیت ئومێدت بە دەرچوون لێی و درەوشانەوەی هەبێت. ئەمەش کەشوهەوایەکی تراژیدیی هەیە. تەنها کاتێك قبوڵی بکەین ناکۆکییەکان یان پارادۆکسەکان بەشێکی جەوهەریی کۆمەڵگای چینایەتین و بە دەربڕینی بێ مەبەستییانە، ئینکاریی لەوانە نەکەین، دەتوانین سامانی ئینسانەکان لەنێو زیندانی پارادۆکسەکاندا دەربهێنین. مارکس ڕێك

لە خاڵگەلێکدا هێڵە گشتییەکانی داهاتوویەکی دیکە دەبینێتەوە کە لۆژیکی زەمەنی ئێستا دەشێوێنێت، بەرەو تەنگژەی دەبات و یەکگرتوویەکەی لەدەست دەدات. وێنەی حەقیقیی داهاتوو بریتییە لە نشوست و کەوتنی زەمەنی ئێستا.

زۆرێك لە ڕەخنەگران گلەیی ئەوە دەکەن دیدگای مارکسیزم دەربارەی سروشتی مرۆڤ دوورە لە ڕاستییەوە و لەڕادەبەدەر ئایدیالییە. مارکسیزم بەشێوەیەکی ئەحمەقانە و ساویلکانە خەونی داهاتوو دەبینێت و تیایدا هەمووان بەیەکەوە دەبنە هاوڕێ و نزیکی یەکتر. کێبڕکێ، ئیرەیی، نایەکسانی، توندوتیژی، شەڕانگێزی، و ململانێ چیتر بوونی نامێنێت. لەڕاستیدا، لەهیچ کوێیەکی نووسینەکانی مارکسدا وشەیەکیش بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بانگەشە سەیروسەمەرەیە نابینرێتەوە، بەڵام زۆرێـك لە ڕەخنەگرانی ئەو ئامادە نین بە قبوڵکردنی حەقیقەتەکە، ژێرپێی خۆیان لەق بکەن. ئەوان خەیاڵی خۆیان بەم گومانەوە ئاسوودە دەکـەن کە مارکس پێشبینیی حاڵەتێکی فەزیلەتی ئینسانی بەناوی کۆمۆنیزمەوە کردووە کە جوبرائیلی گەورە فریشتەی خودایش ناتوانێت بە ئاسانی و ئاسوودەیی بیری لێبکاتەوە. بەم کارە مارکس بەشێوەیەکی خۆویستانە یان بە ناوردبینییەوە ئەو حاڵەتە عەیبدار، بریندار و هەمیشە نائارامەی پێیدەگوترێت سروشتی مرۆڤ، لەبەرچاو ناگرێت.

هەندێك لە مارکسیستەکان وەڵامی ئەم تۆمەتانەیان داوەتەوە و گوتوویانە ئەگەر مارکس ڕەچاوی سروشتی مرۆڤی نەکردبێت بەو هۆیەوەیە کە هەرگیز باوەڕی بەم چەمکە زەینییە نەبووە.

بەپێی ئەم دیدگایە، چەمکی سروشتی مرۆڤ شتێك نییە جگە لە فێڵ و تەڵەکەیەکی سیاسیی بۆ پاراستنی دۆخی باڵادەست. بە هۆی ئەم وێنایەوە مرۆڤەکان بوونەوەرگەلی لاواز، گەندەڵ و بەرژەوەندخوازن؛ و ئەم خاڵە لە سەرتاسەری مێژوودا فەرامۆش کراوە؛ و ئەمە بەردێکە کە کەشتی هەموو هەوڵێك بۆ گۆڕانی ڕادیکاڵ تێکدەشکێنێت. ئەو ڕستەیەی دەڵێت "ناتوانین سروشتی مرۆڤ بگۆڕین" یەکێکە لە باوترین ئەو ڕەخنانەی لە سیاسەتی شۆڕشگێڕی دەگیرێت. لە وەڵامی ئەم ڕەخنانەدا هەندێك لە مارکسیستەکان دەڵێن لەنێو بوونی مرۆڤدا هیچ تۆوێکی نەگۆڕ بوونی نییە. لەڕوانگەی ئەوانەوە ئەمە مێژووی ئێمەیە نەك سروشتی ئێمە، بەو جۆرە دروستمان دەکات کە هەین؛ و مادام مێژوو هەمیشە شوێنی گۆڕانکارییە، دەتوانین خۆیشمان لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخە مێژووییەکانی خۆماندا، بگۆڕین.

مارکس بە تەواوی ئەم بانگەشە "مێژووگەرایییە" پشتڕاست ناکاتەوە. وەك نۆرمەن گراس لە کتێبێکی بچووکی درەوشاوەدا دەریخستووە، لە خوێندنەوەدا وادەردەکەوێت کە مارکس لەڕاستیدا باوەڕی بە سروشتی مرۆڤ هەبووە و حەقیشی بووە[5]. و هەڵبەت ئەم باوەڕەی مارکس بە مانای ڕەچاونەکردنی گرنگی تاك نەدەهات. بەپێچەوانەوە، ئەو پێیوایە ئەم تایبەتمەندییە پێچەوانە و دژی سروشتیی گشتیی مرۆڤەکانە کە هەموویان خاوەن فەردانییەکی تاقانەن. مارکس لە نووسینەکانی سەرەتایدا باس لە شتێك دەکات کە خۆی پێیدەڵێت "بوونی جۆری" (species being)ی مرۆڤ کە لە ڕاستیدا نوسخەیەکی ماتریالیستییە بۆ

سروشتی مرۆڤ. ئێمە بەهۆی سروشت یان خەسڵەتە جەستەییە ماتریالییەکەمان ئاژەڵگەلێکی خاوەن پێداویستی، مەحکوم بە کارکردن، کۆمەڵایەتی، خاوەن ئارەزووی سێکسی، خوازیاری پەیوەندییەکان و نمایشکردنی ئەندامەکانین، کۆمەڵە ئژەڵێك بۆ مانەوە پێویستییان بە یەکتری هەیە، بەڵام لەژێر سایەی بەیەکەوەبووندا بە کەماڵێتییەك دەگەن کە لەسەرووی ئاست و سنوورە سوودگەرا کۆمەڵایەتییەکەیەتی. ئەگەر ڕێگە بدەن، ئیقتیباس لە کارێکی پێشووتری خۆم بکەم: "گەر ئاژەڵێکی دیکە لە بنەڕەتدا بتوانێت لەگەڵماندا قسە بکات، لەگەڵماندا دەرگیری پرۆسەی بەرهەمهێنانی ماتریالیی ببێت، لەگەڵماندا پەیوەندیی سێکسیی دروست بکات، شتێك بەرهەمبهێنێت، کە بە مانا ڕواڵەتییە بێ ماناکەیەوە لێکچوونێکی تەڵخ و ناڕوونی لەگەڵ هونەردا هەبێت، ڕەنج بکێشێت، گاڵتە بکات و بمرێت، ئەوسا دەتوانین لەنێو ئەم پێدراوە بایۆلۆژیانەدا ژمارەیەکی زۆری پەیامە ئەخلاقی و تەنانەت سیاسییەکانیش دەربهێنین"[6].
ئەم بانگەشەیە کە ناوە تەکنیکییەکەی بەشێکی ئەنترۆپۆلۆژیای فەلسەفییە، ئەمڕۆ چیتر باوی نەماوە، بەڵام ئەمە بانگەشەیەك بوو مارکس لە کارەکانی سەرەتای خۆیدا بەرگری لێدەکرد و هیچ هۆیەکی پتەو و بەهێزمان نییە بڵێین دواتر ئەو دەستی لەم بانگەشەیە هەڵگرتووە.

مرۆڤ لەبەر ئەوەی ئاژەڵێکی قسەکەرە، کە کار دەکات و ئارەزووی هەیە، دەتوانێت بارودۆخی ژیانی خۆی لەو پرۆسەیەدا بگۆڕێت، کە ئێمە پێیدەڵێین مێژوو. لەمیانەی ئەم

پرۆسەیەدا مرۆڤەکان خۆیشیان دەگۆڕن. بە دەربڕینێکی دیکە، گۆڕان پێچەوانەی سروشتی مرۆڤ نییە؛ گۆڕان لەو ڕووەوە دەڕەخسێت کە ئێمە بوونەوەرگەلی داهێنەر، ناتەواو و ناکاملین. تا ئەو شوێنەی بتوانین بڵێین ئەمە بۆ ستواتەکان (stoats یان گیانەوەرێك لە توخمی دەڵەك) ڕاست نییە. ستواتەکان بەهۆی سروشت یان خەسڵەتە جەستەییە ماترياليیەکەیان مێژوویان نییە. سیاسەتیشیان نییە، خۆ ئەگەر بشڵێین، کەچی هەرگیز بەکاری ناهێنن. هۆیەکمان بۆ ئەوە نییە نیگەرانی ئەو ڕۆژە بین کە ئەوان حوکمڕانیمان بەسەردا بکەن، بەڵام وایدابنێن ڕەنگە ئەوان باشتر بن لە ڕێبەرانی هەنوکەیی ئێمە. تا ئەو شوێنەی ئێمە دەزانین ستواتەکان نە دەتوانن سۆسیال دیموکرات بن و نە ناسیۆنالیستی توندوڕەو. بەڵام ئینسانەکان بەهۆی سروشتییانەوە ئاژەڵگەلی سیاسیین - نەك تەنها لەبەر ئەوەی بەیەکەوە دەژین، بەڵکو لەبەر ئەوەی بۆ پێداویستیی ژیانی ماتریالیی خۆیان، پێویستییان بەجۆرە سیستەمێك هەیە. ئینسانەکان بۆ ڕێکخستنی ژیانی سێکسوالیی خۆیانیش پێویستییان بە جۆرە سیستەمێك هەیە. هۆیەکی ئەم بابەتە لەوەدایە کە ئەگەر سیستەمێك بوونی نەبێت ڕەنگە ئارەزووی سێکسی نەزمی کۆمەڵگا بشێوێنێت. بۆ نموونە ئارەزوو هیچ ڕێزێك بۆ جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان دانانێت [بۆ نموونە هەژار و دەوڵەمەند ناناسێت]. بەڵام ئەمە بەشێوەیەك هۆیەکی دیکەیە لەسەر ئـەوەی ئینسانەکان پێویستییان بە سیاسەت هەیە. ئینسانەکان تاکو ئێستا بوونی ماتریالیی خۆیان بەشێوەیەك بەرهەم دەهێنا کە یەکسان بووە بە چەوساندنەوە

و نایەکسانی، و بەمجۆرە زەروورەتـیـی بوونی سیستەمێکی سیاسیی لەئارادایە کە بەربەست و سنوور بۆ ئەم ناکۆکییانەی لەم مۆدیلەوە هاتوون، دابنێت. هەروەها دەتوانین چاوەڕوانیی ئەوەمان هەبێت ئەو ئاژەڵانەی ناویان مرۆڤە گەلێك مۆدیل و شێوەی ڕەمزیی جۆراوجۆرییان بۆ نواندنەوەی هەموو ئەمانە هەبێت، ئینجا چی ناوی هونەریان بەسەردا ببڕین یان ئەفسانە یاخود ئایدیۆلۆژیا.

مارکس پێیوایە، ئێمە بەهۆی سروشتی ماتریالیی خۆمانەوە گەلێك توانا و لێهاتوویی دیاریکراومان هەیە. و ئێمە کاتێك بۆ هەمیشە ئینسانترین ئەگەر بێتوو ئازاد بین ئەم توانایانە وەك ئامانجێکی لەخۆدا و نەك بە مەبەستی هیچ مەبەستێکی سوودگەرایانە، ڕیالیزە بکەین و بەدیبهێنین. ئەم توانایی و لێهاتووییانە هەمیشە خەسڵەتێکی مێژووییان هەیە؛ بەڵام ڕەگ و ڕیشەیان لەنێو جەستەی ئێمەدا هەیە، و هەندێکیان لە کۆی کولتووره مرۆییەکاندا بەیەکسانی هەن. دوو کەس لە دوو کولتووری زۆر جیاوادا کە لە زمانی یەکتری تێناگەن، ڕەنگە لە هەندێك کاری پراکتیکیدا زۆر بە ئاسانی و ئاسوودەیی هاوکاریی یەکتری بکەن. چونکە هەردووکیان جەستەیەکیان هەیە کە کۆمەڵێك لە گریمانەکان، چاوەڕوانییەکان و لێکدانەوەی تایبەت بەخۆیان دروست دەکەن[7]. هەموو کولتووره مرۆییەکان ئاشنای هەندێك لە کاتیگۆرییەکانن: خەم و خۆشی، کار و چێژ، هاوڕێیەتی و دوژمنایەتی، ستەم و ناعەدالەتی، نەخۆشی و مەرگ، خزمایەتی و هونەر. ئەوە ڕاستە کە ئەوان هەندێك جار بەشێوەگەلی

کولتووریی زۆر جیاواز لەم کاتیگۆرییانە تێدەگەن. مردن لە شاری مەدراسی هیندستان جیاوازە لەگەڵ مردن لە شاری مانچستەردا. بەڵام هەرچۆنێك بێت خۆ هەمووان هەر دەمرن. مارکسیش لە دەستنووسە ئابووری و فەلسەفییەکاندا دەنووسێت: "مادام ئینسان لەو ڕووەوەی بوونێکی ئوبێکتیڤ و هەستەکی هەیە بوونەوەرێکە ئازار دەچێژێت – و لەبەرئەوەی هەست بەوە دەکات کە ئازار دەچێژێت ئەوا بوونەوەرێکە جۆش و خرۆشی هەیە". بەپێی ئەو، مەرگ بریتییە لە سەرکەوتنێکی ئازاردەری جۆر بەسەر تاکدا. ئەو لە سەرمایەدا دەنووسێت: بۆ پیاوان و ژنان ئەوە جیاوازیی هەیە کە زووتر لە وادەی خۆیان بمرن، ژیانیان بەهۆی بێگاری و گیانەڵا کورتتر بێت لە سنووری چاوەڕوانیی خۆیان، یان بەهۆی ڕووداوێکەوە زیانیان بەربکەوێت، بریندار بن، یان نەخۆش بکەون. ڕەنگە لە کۆمۆنیزدا چیتر شوێنەواری بێگاری و ڕەنج و مەینەتی نەمێنێتەوە، بەڵام ئەوە ڕێی تێناچێت مارکس لە زەینی خۆیدا سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی بەدەر لە ڕووداو و نەخۆشی و برینداریی دروست کردبێت و زەقی کردبێتەوە، چ بگات باسی کۆمەڵگایەکی کردبێت چیتر مردنی تیا نەبێت.

ئەگەر ئێمە ئەم هەموو تایبەتمەندییە مرۆییە هاوبەش و بونیادییەمان نەبووایە، خەونی سۆسیالیستیی هاوکاری و بەیەکەوەبوونی نێوان خەڵکی سەر زەوی لە خەیاڵێکی خاو بەو لاوە شتێکی دیکە نەبوو. لە بەرگی یەکەمی سەرمایەدا مارکس باس لە "سروشتی مرۆیی بەشێوەیەکی گشتی و پاشان

... فۆرمی گۆڕاوی ئەو سروشتە لە هەر قۆناغێکی مێژووییدا" دەکات. بەشێکی زۆر لەنێو بوونی مرۆڤاندا هەیە کە بەدرێژایی مێژوو گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نایەت - ئەمە حەقیقەتێکە پۆستمۆدێرنیزم یان ئینکاری دەکات یاخود وەك شتێکی کۆن و بەسەرچوو باسی دەکـات، بـەڕادەیـەك بـەو هۆیەوە کە پۆستمۆدێرنیزم حوکمێکی لەپێشینەی ناماقوڵ و بێمانای دژ بە سروشت و بایۆلۆژیا هەیە؛ بەئەندازەیەك بەو هۆیەوە وا بیردەکاتەوە هەرجۆرە دوانێك دەربارەی سروشت ڕێگایەکە بۆ ئینکاریکردن و ڕەتکردنەوەی گۆڕان[8]؛ و تا ڕادەیەك بەو هۆیەوە حەز دەکات هەموو گۆڕانێك پۆزەتیڤ و هەر بەردەوامییەك نێگەتیڤ لەبەرچاو بگرێت. پۆستمۆدێرنیزم لەڕووی ئەم دوایین بیروباوەڕەیەوە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ لایەنگران و هەوادارانی "مۆدێرنیزاسیۆن"ی سەرمایەدارانەدا نییە. حەقیقەتێك هێندە بۆ ڕۆشنبیران کۆن و لەکارکەوتوو دەردەکەوێت کە ئەو شتەی دەینووسن ئەوەیە هەندێك لە گۆڕانەکان کارەساتبارن و هەندێك جۆریان تەواو خوازراو و گونجاون. بۆ نموونە مایەی شەرمە ئەگەر بڕیاربێت سبەی هەموو ڕەز و باخەکانی فەرەنسا گڕ بگرن و بسووتێن، دروست بەو جۆرەی دەبێتە مایەی خەم و پەژارە، وەك کۆمەڵگایەکی بەدەر لە چەوساندنەوە و دەستدرێژیی سێکسی زیاتر لە سێ حەفتە لەسەر پێی خۆی نەوەستێت.

سۆسیالیستەکان بەگشتی باس لە ستەم و ناعەدالەتی و چەوساندنەوە دەکەن. بەڵام ئەگەر لە کۆی مێژووی مرۆڤایەتیدا شتێك نەبووبێت جگە لەمە، ئێمە هەرگیز نەماندەتوانی ئەو

کاتیگۆرییانە بەو جۆرە بناسێنین، کە هەن. بەوجۆرە ئەمانە وەك هەمان دۆخی سروشتیی ئێمە دەردەکەوتن. تەنانەت ناوی تایبەتیشمان بۆ ئەوانە نەدەبوو. بۆ ئەوەی بە پەیوەندییەك بڵێین چەوساندنەوە، دەبێت ئایدیایەکمان بۆ پەیوەندییەکی ناچەوساندنەوە هەبێت. بۆ هەبوونی ئەم ئایدیایە پێویست ناکات پشت بە چەمکی سروشتی مرۆڤ ببەستین. لە بەرانبەردا دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ فاکتەرە مێژووییەکان. بەڵام ئەمە بانگەشەیەکی لۆژیکییە کە هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی سروشتی ئێمە بەمجۆرە وەك جۆرە نۆرمێك دەجوڵێتەوە. بۆ نموونە هەموو مرۆڤەکان بە "نابالغ"ی دێنە دونیاوە. مرۆڤەکان دوای ماوەیەك لە لەدایکبوونیشیان، ناتوانن هیچ بەرگرییەك لە خۆیان بکەن، لەم ڕووەوە پێویستییان بە قۆناغێکی دوور و درێژی چاودێرکردن و پەرستاریی هەیە. (هەندێك دەروونشیکار پێیانوایە هەمان ئەزموونی نائاسایی پێویستبوون بە چاودێرییەکی دووردرێژە کە وادەکات ڕۆڵێکی وێرانکەر لە ژیانی دەروونیی ئێمە لە گەورەییدا بگێڕێت. ئەگەر منداڵەکان بیانتوانیبایە لە هەمان سەرەتای لەدایکبوونەوە لەسەر پێی خۆیان بووەستن و بەڕێگادا بڕۆن، کێشە و سەرێشەیەکی زۆر لە کۆڵی دایکان و باوکان دەبووەوە، نەك تەنها لەو ڕووەوەی چیتر دەنگی گریە وناڵینیان خەوی ئەوانی حەرام نەدەکرد). هەرچەندێك چاودێریکردنی منداڵان کاری وەڕەسکەر و ترسناك بێت، هێشتا منداڵان زۆر بەزوویی ئایدیایەك بۆ مانای چاودێریکردن بۆ ئەوانیدیکە پەیدا دەکەن. ئەمە یەکێکە لەو هۆیانەی پاشان منداڵەکان تێدەگەن

هەندێك مۆدیلەكانی ژیان هیچ نزیكی و گرنگییەكی بەراورد بە پێداویستییەكانی مرۆڤ نییە. لەم ڕوانگەیەوە دەكرێت لە بەنابالغیی لەدایكبوونەوە بە سیاسەت بگەین.

ئەو پێداویستییانەی شتگەلی سەرەكین بۆ مانەوە و ئاسوودەیی ئێمە، وەك هەبوونی خۆراك و پۆشاك و پەناگایەك، بەشداریكردن لەخۆشیی ئەوانیدیكەدا، نەكەوتنە نێو داوی كۆیلایەتی و بێگاری و خراپ بەكارهێنان و هتدەوە، دەكرێت چەندین بنەما بن بۆ ڕەخنەی سیاسیی، چونكە هەر كۆمەڵگایەك كە نەتوانێت ئەم پێداویستییە گرنگانەی ژیان دابین بكات، بێگومان نەقسێكی بنچینەیی هەیە. هەڵبەت دەكرێت بە گەلێك پێوەری لۆكاڵیتر یان كولتووریتریش ڕەخنە لەم جۆرە كۆمەڵگایانە بگیرێت. بەڵام ئەم بەڵگەیە كە ئەوان بەشێكی بنچینەییترین پێداویستییەكانی سروشتی ئێمە پشتگوێ دەخەن، بەجۆرێك بەهێزترە. كەواتە هەڵەیە خەیاڵی ئەوە بكەین چەمكی سروشتی مرۆڤ تەنها بیانوویەكە بۆ بەرگریكردن و هێشتنەوەی دۆخی باڵادەست، چونكە بەم چەمكەوە دەكرێت بە هێزێكی زۆرەوە دۆخی باڵادەست ببەینە ژێر پرسیارەوە.

ماركس لە نووسینەكانی سەرەتای خۆیدا وەك دەستنووسە ئابووری و فەلسەفییەكانی 1844، پشت بەم دیدگا-ئێستا لەكاركەوتووە- دەبەستێت كە هەندێكجار ژیانی ئاژەڵیی ئێمە گەلێك سەرەداوی گرنگ لەم بارەیەوە بەدەستەوە دەدات كە دەبێت چۆن بژین. بەمانایەك، دەتوانین لەنێو بوونی جەستەیی ئینساندا بـەدوای وەڵامی هەندێك لە پرسیارەكان دەربـارەی

سیاسەت و ئەخلاقدا بگەڕێین. ئەگەر مرۆڤەکان بوونەوەرگەلێکن هێز و توانا پۆتێنشیەڵییەکانی خۆیان ڕیالیزە دەکـەن و بەدیدەهێنن، ئەوسا دەبێت ئازاد بن تاکو پێداویستییەکانی خۆیان دابین بکەن و هێزی خۆیشیان دەربخەن. بەڵام ئەگەر لەگەڵ ئەوەی ئاژەڵگەلی کۆمەڵایەتین و لەگەڵ بوونەوەرانی دیکەدا دەژین کە خاوەن تایبەتمەندیی دەرخستنی بوون و نمایشکردنی ئەندامەکانی خۆیانن، ئەوا پێویستییان بە ڕێگریکردن لە ململانێی بێ پایان و وێرانکەری ئەم هێزانە هەیە. لەڕاستیدا ئەمە یەکێکە لە کێشە لەچارەبەدەرەکانی کۆمەڵگا لیبراڵییەکان کە تیایاندا دەبێت تاکەکان ئازاد بن، بەڵام جۆرە ئازادییەك بۆ ئەوەی بەردەوام بەیەکەوە دەستەویەخەی یەکتری بن. بەپێچەوانەوە، کۆمۆنیزم ژیانی کۆمەڵایەتیی بەجۆرێك ڕێکدەخات کە تاکەکان بتوانن توانا و لێهاتووییەکانی خۆیان لەناو و لەڕێگای پرۆسەی ڕیالیزەکردن و بەدیهێنانی خودی ئەوانیدیکەوە، ئەکچوالیزە بکەن و بەدیبهێنن. بەو جۆرەی مارکس لە مانیفێستی کۆمۆنیزمدا دەنووسێت، "گەشەکردنی ئازادانەی هەر کەسێك دەبێتە مەرجی زەروریی بۆ گشەکردنی ئازادانەی هەمووان". لەم ڕووەوە سۆسیالیزم کۆمەڵگای لیبراڵی و بەرگریی بەردەوامی ئەو کۆمەڵگایە لە ئازادیی تاکە پابەند و بەرپرسیارەکان ڕەت ناکاتەوە، بەڵکو سوود لە ئەزموونەکانیان وەردەگرێت و نەقسەکانیان لادەبات. و بەم کارەوە دەریدەخات چۆن هەندێك لە ناکۆکی و پارادۆکسەکانی لیبرالیزم دەکرێت لاببرێن، وەك ئەم ناکۆکییەی کە ئازادیی ئێوە ڕەنگە تەنها بە بەهای ئازادیی من بەدیبێت. تەنها لەڕێگای

ئەوانیدیکەوەیە سەرەنجام دەکرێت دەستمان بە ئازادیی خۆمان بگات. و ئەمە واتا پڕبەرهەمبوونی ئازادیی تاك نەك خەساندن و لەناوبردنی. ناتوانین ئەخلاقێکی لەمە قبوڵکراوتر بدۆزینەوە. ئەمە هەر ئەوەیە کە لەنێو پەیوەندییە شەخسییەکاندا ناوی عەشقی لێدەنێین.

جێگای خۆیەتی پێداگریی لەسەر گرنگیی کاتیگۆریی تاك لە بیر و زەینی مارکسدا بکەین، چونکە بە ڕاشکاویی ئەو وێنە کاریکاتێرئاسایە ڕەتدەکاتەوە کە بەگشتی، بۆ کارەکەی مارکس لەئارادایە. لەم وێنەیەدا مارکسیزم شتێك نییە جگە لە بەرگەرییکردن لە کۆمەڵە لەتاك داماڵراوەکان کە ژیانی شەخسیی لەناودەبەن. ئەم وێنەیە هیچ پەیوەندییەکی بە بیرکردنەوەی مارکسەوە نییە. دەکرێت بڵێین سیاسەتی ئەو جگە لە گەشەکردنی ئازادانەی لێهاتوویی و توانای تاکەکان هیچ ئامانجێکی دیکەی نییە، بەمەرجێك لەبیرمان نەچێت ئەم تاکانە دەبێت ڕێگایکی هاوبەش بۆ گەشەپێدانی خۆیان بدۆزنەوە. مارکس لە کتێبی خێزانی موقەدەسدا دەنووسێت، "سووربوون لەسەر تاکێتیی خۆمان هەمان دەرکەوتنی ژیانیی بوون[ی تاك]ـە". دەکرێت بڵێین ئەم حوکمە ڕێسای سەرەکیی ئەخلاقی مارکسە لەسەرەتاوە تا کۆتایی.

بەگەلێك بەڵگەی پتەو و بـەهـێـزەوە دەتـوانـیـن بڵێین ئاشتبوونەوەی سـەرتـاپـای نـێـوان تـاك و کـۆمـەڵ هەرگیز بەدینایەت. خەونی یەکێتییەکی ئۆرگانیکی نێوان تاك و کۆمەڵ لە خەیاڵپڵاوییەکی ڕووتەوە هاتووە. هەمیشە ناکۆکیی دەبێت

لەنێوان تێربوونی خواستەکانی من و بەدیهاتنی خواستنەکانی ئێوەدا، یان لەنێوان ئەرکەکانی هاوولاتیبوونی من و خواستە توند و زۆرە فەردییەکانی مندا. ئەم بەشەی ناکۆکیی بە ئاشکرا دەستکەوتی بنچینەیی تراژیدیان و بەپێچەوانەی بۆچوونی مارکسیزمەوە، تەنها بەهۆی مەرگەوە دەکرێت لەم هەموو ناکۆکییانە ڕزگارمان بێت. بانگەشەی مارکس لە مانیفێستی کۆمۆنیزمدا دەربارەی گەشەکردنی تاك و ئازادانەی هەمووان مەحاڵە بە تەواوی بەدیبێت. وەك هەموو ئایدیالە جوانەکان ئەمە ئامانجێکە بۆ ئەوەی پێیبگەین، نەك حاڵەتێك بەمانای واقیعی وشەکە بەدیبێت. ئایدیالەکان نیشانە و ڕەمزە نیشاندەرەکانن نەك زاتگەلێکی واقیعی و کۆنکرێتی. ئەوان ڕێگاکەمان پیشان دەدەن. ئەوانەی گاڵتە بە ئایدیالە سۆسیالیستییەکان دەکەن، لەبیریان چووەتەوە کە بـازاڕی ئازادیش مەحاڵە بەتەواوی بەدیبێت. بەڵام ئەم خاڵە بۆچوونی لایەگرانیی بازاڕی ئازاد ناگۆڕێت. ئەو ڕاستییەی هیچ دیموکراسییەکی بێ عەیب و عار بوونی نییە، نابێتە هۆی ئەوەی بچینە ژێرباری ستەمکاری و تیرانییەوە. ئێمە دەست هەڵناگرین لە هەوڵدان بۆ گەیاندنی خۆراك بە برسییەکانی جیهان، تەنها بەو هۆیەی دەزانین هەندێکیان بەر لەوەی کارێکمان لەدەست بێت، لەناو دەچن. گروپێك لەوانەی دەڵێن سۆسیالیزم قابیلی پیادەکردن نییە، دڵنیان لەوەی دەتوانن بە بڕیارنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان هەژاری ڕیشەکێش بکەن و نەیهڵێن، قەیرانی گەرمبوونی گۆی زەوی چارەسەر بکەن، لیبراڵ دیموکراسی ببەنە ئەفغانستان و هەموو ناکۆکی و جیاوازییەکانی

جیهان چاره بکەن. ئەگەرچی هەموو ئەم کاره تاقەتپڕوکێنانه وەك ئاوخواردنەوە دەبینن، کەچی تەنها سۆسیالیزمه بەگەڵێك هۆی ڕازئامێزەوە هەمیشه وەك دوورەدەستێك دەمێنێتەوە.

بەڵام ئەگەر ناچار نەبین پشت به شکۆ و کەرامەتی ئەخلاقیی هەمیشەیی هەمووان ببەستین، به ئاسانی دەتوانین بگەین به ئامانجی مارکس. سۆسیالیزم کۆمەڵگایەك نییه پێویستیی به فەزیلەتە بەرجەستەکان و شکۆمەندیی هاووڵاتییانی هەبێت. مانای سۆسیالیزم ئەوە نییه تاکەکانی کۆمەڵگا دەبێت بۆ ئەبەد لەنێو چوارچێوەی بەزم و عەیش و نۆشێکی گەورەی هاوبەش و بەیەکەوەبووندا کۆببنەوە. چونکه ئەو میکانیزمانەی توانا و ئەگەری نزیکبوونەوە له ئامانجەکەی مارکس دابین دەکەن، دەکەونه نێو چوارچێوەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە. ئەوان له قۆناغی یەکەمدا پشت به چاکەخوازیی تاکەکان نابەستن. بۆ نموونه ئایدیای هاوکارییه خۆ-بەڕێوەبەرەکان لەبەرچاو بگرن که بەڕواڵەت لای مارکس بریتین له یەکەکانی بەرهەمهێنانیی سەرەکیی داهاتووی سۆسیالیستی. ڕۆڵی کەسێك له بەرەوپێشبردنی میکانیزمێکی وەها زەمینه بۆ بەشێکی خۆ-بەدیهێنان یان خۆ-ڕیالیزەکردن خۆشدەکات؛ بەڵام لەم میانەیەدا کۆمەك به باشتربوونی ژیانی ئەوانیدیکەیش دەکات، ئەویش تەنها بەهۆی مۆدێلی ڕێکخستنی فەزا. پێویست بەوە ناکات هەر ساتێك و هەر سەعاتێك دڵمان بۆ کرێکاره هاوکارەکەمان بسووتێت یان بەهۆی توندڕەویی له خۆشویستنی [هاوکارەکەماندا] هەردوو سەعات جارێك خۆم سەرزەنشت و سەرکوت بکەم. هەوڵی من بۆ

گەشەپێدانی تواناکانی خۆم خۆبەخۆ کۆمەك بە بەرەوپێشبردنی خۆ-بەدیهێنانی ئەوانیدیکە دەکات، ئەویش تەنها بەهۆی ئەوەی یەکە ناوبراوەکان بەهۆی جەوهەرەکەیان لەسەر هاوکارییکردن، بەشداریکردن لە سوودا، یەکسانی و بڕیاردانە جەمعییەکانەوە دەڕەخسێن. مەسەلەکە پەیوەندیی بە وەرچەرخانی بونیادییەوە هەیە نەك فەزیلەتە شەخسییەکانەوە. سۆسیالیزم پێویستیی بە ڕەگەزی کۆردیلیا (Cordelia)[6] نییە.

کەواتە بە وردبوونەوە لە هەندێك ئامانجە سۆسیالیستییەکان، هەرگیز گرنگ نییە ئەگەر من خوێڕیترین مرۆڤی خۆرئاوا بم. بەمجۆرە، گرنگ نییە من وەك پسپۆڕی بایۆ-کیمیا کە کار بۆ کۆمپانیایەکی تایبەتیی دەرمانسازیی دەکات، کارەکەی خۆم وەك کۆمەك و هاوکارییەکی بەرچاو بۆ پێشکەوتنی زانست و پێشکەوتنی مرۆڤایەتیی لەقەڵەم بدەم. بەهەرحاڵ، تەوەریی سەرەکی و بنچینەیی کارەکەی من بەرهەمهێنانی سوود و قازانجە بۆ دەستەیەکی بێ پەرواری بێ ئەخلاق کە ڕەنگە لە بەرانبەر بە حەپێکی ئەسپریندا دە دۆلار لە منداڵەکانی خۆیشیان وەربگرن. هەستە شەخسییەکانی من هیچ پەیوەندییەکی بە ئەسڵی بابەتەکەوە نییە. مانای کارەکەی من لەلایەن دامەزراوەکانەوە دیاریدەکرێت.

---

6- Cordelia سێیەمین کچی شالیرە لە دراماکەی شەکسپیردا. ناچێتە ژێرباری خۆشەویستنی باوکی بەهۆی پێدانی میرات و سامانەوە، بۆیە لە دەرباری شا بێبەری دەکرێت. (وەرگێڕ)

لە هەر دامەزراەیەکی سۆسیالیستیشدا دەشێت مرۆڤگەلی هەلپەرست، ماستاوچی، گەواد، کلاوچی، سەرسەری و شەلاتی، قۆڵبڕ، موفتەخۆر، شەپۆل سوار و سایکۆپاتی هەمیشەیی پەیدا بن و ببینرێنەوە. لە نووسینەکانی مارکسدا هیچ ئاماژەیەك ناکرێت بە بارودۆخێکی ئاوا. بۆیە، ئەگەر بڕیارە لە کۆمۆنیزمدا هەرکەسێك لایەنی زۆری بەشداریکردنی گونجاوی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەبێت، ئەوسا دەبێت چاوەڕوانیی ئەوە بین کە بە زیادبوونی ژمارەی تاکە بەشداریکەرەکان دەرگیری و پێکداهەڵپژانەکان کەمتر نابنەوە، بەڵکو زیاتر دەبن. کۆمۆنیزم مانای کۆتاییهاتنی ململانێکانی مرۆڤایەتی نییە. ململانێکان تەنها لەگەڵ کۆتایی واقیعیی مێژوودا تەواو دەبن. حەسادەت، دەستدرێژی، دەسەڵات، داگیرکردن و کێبڕکێ هەر بەردەوام دەبن. بابەتەکە تەنها ئەوەیە کە چیتر ناتوانن ئەو چوارچێوەیە وەربگرن کە لە سیستەمی سەرمایەداریدا بەخۆیانەوە گرتووە – ئەمەش بەهۆی گۆڕینی دامەزراوەکانەوە ڕوودەدات نەك بەهۆی جۆرێك بەرزکردنەوەی فەزیلەتە مرۆییەکان.

ئەم خراپەکارییانە چیتر نابەسترێنەوە بە چەوساندنەوەی منداڵانی کار، توندوتیژیی کۆلۆنیالیستی، نایەکسانییە نابەهاییە کۆمەڵایەتییەکان، و کێبەڕکێی بێ ئامانی ئابووریی، بەڵکو بەناچاری فۆرمێکی دیکە وەردەگرن. لە کۆمەڵگا خێڵەکییەکانیشدا تاکو حەزبکەیت توندوتیژی و کێبڕکێ و هەوەسی دەسەڵات هەیە، بەڵام ئەم شتانە ناتوانن ڕاستەوخۆ ببنە هۆی جەنگە کۆلۆنیالیستییەکان، کێبڕکێ لە بازاڕی ئازاد یان بێکاری بەرفراوان،

چونکە ئەو جۆرە دامەزراوانە لە خێڵەکانی باشووری سوودانداو بوونێکی دەرەکییان نییە. لە هەموو شوێنێك مرۆڤی نزم و خوێڕی دەبینرێتەوە، بەڵام تەنها هەندێك لەم خوێڕی و شەلاتییە بێ ئەخلاقانە لە شوێنێکدا دەوەستن کە بتوانن گیرفانیان پڕ بکەن لە پارەی خانەنشینی یاخود میدیاکان پڕبکەن لە درۆگەلی سیاسیی پروپاگەندەیی. هەموو خراپەکاران لە شوێنێك نین کە دەست بۆ ئەم کارانە بەرن. بەپێچەوانەوە، ئەمانە ناچارن بەوە واز بهێنن کە مرۆڤەکان وەك گۆشتی قوربانی لە قوربانگاکاندا هەڵبواسن. لە کۆمەڵگای سۆسیالیستیدا هیچ کەسێك لە شوێنێکدا نابێت کە بتوانێت دەست بۆ ئەم کار و کردەوانە بەرێت، نەك لەبەر ئەوەی سۆسیالیستەکان ئینسانگەلی موقەدەسن، بەڵکو بەو هۆیەی چیتر سندووقی تایبەتیی بۆ خانەنیشنبوون و هیچ میدیایەکی تایبەتیی بوونی نامێنێت. کارەکتەرە نەرێنییەکانی شانۆنامەکانی شەکسپیر بۆ دەرچوون لە خراپەکارییەکانی خۆیان دەبوو بەدوای ڕێگایەکدا بگەڕێن جگە لە تەقەکردن بەڕووی پەنابەرە فەلەستینییەکاندا. کاتێك هەرگیز پیشەسازییەك بوونی نییە، کەسێك ناتوانێت لە بواری پیشەسازیدا ببێت بە هەڵسوڕێنەری پیشەسازی. ئەوەی هەیە کۆیلە زەبوونەکان، دەربارییە هەڵسووڕێنەرەکان یان هاوکارانی سەردەمی نیولیتیکن کە دەبێت نەهێڵرێن.

شێوە و ڕێگای پراکتیزەکردنی دیموکراسی لەبەرچاو بگرن. دروستە هەمیشە گەلێك خۆپەرستی دێودرنجئاسا پەیدا دەبن کە هەوڵدەدەن بە ترس و تۆقاندن و هەڕەشەکردن ئەوانیدیکە بکەنە پاشکۆ و ئەڵقەلەگوێی خۆیان و هەروەها ئەو تاکەکەسانەی

دەیانەوێت بە ڕشوە و قسەی لووس بگەن بە دەسەڵات، بەڵام دیموکراسی کۆمەڵە هەنگاوێکی ئەمینە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ڕەفتارانە. بەسوودوەرگرتن لە ئامادەکاریی و پێشەکییەکانی وەك پێدانی مافی دەنگدانی یەکسان بە تـەواوی تاکەکان، هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنەکان، چاکسازیکردن لە یاساکاندا، وەڵامدانەوە، چاودێریکردنی پیادەکردنە قەزاییەکان، حکومەتی زۆرینە و هتد، ئێوە دەتوانن هەوڵی خۆتان بۆ بەرگرتن لە بەدەسەڵاتگەیشتنی هەلپەرستەکان بەگەڕ بخەن. ئەگەرچی هەلپەرستەکان لە داگیرکردنی دەسەڵاتدا سەرکەوتوو دەبن. ڕەنگە تەنانەت ئەوان بتوانن کۆنترۆڵی کۆی پرۆسەی سیاسیی بە چەمکی تەماحەوە بەدەستەوە بگرن. بەڵام بەدەستەوەگرتنی پرۆسەیەکی لەکارکەوتوو بەو مانایە دێت کە ئەوان لە زۆربەی بوارەکاندا ناچار دەبن بچنە ژێرباری کۆدەنگیی دیموکراتییەوە. فەزیلەت بە مانایەك فۆرمی کارەکان و پلانەکان وەردەگرێت و بە دەستی هەوەسخوازییە شەخسییەکانی تاکەکان ناسپێردرێت. زەرورەتی ئەوە لەگۆڕێ نییە بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگ، تاکەکان لەڕووی فیزیکییەوە لە توندوتیژیی دابماڵیت. تەنها ئەوەندە بەسە سوود لە پێشەکییەکانی وەك دانوستان، چەکداماڵین، پەیمانەکانی ئاشتی، چاودێری و نموونەکانی ئەمانە وەربگریت. ڕەنگە ئەم کارە سەخت و قورس بێت، بەڵام بەجۆرێك ئاسانترە لە پەروەردەکردنی ڕەگەزێکی مرۆڤەکان کە بە بینینی بچووکترین نیشانەی توندوتیژی و دەستدرێژی، بارودۆخیان تێکبچێت و لەهۆش خۆیان بچن.

بەمجۆرە، لە مارکسیزمدا هیچ جۆرە بەڵێنێکی کەمالێتی و تەواوێتیی مرۆڤایەتی نادرێت. مارکسیزم تەنانەت بەڵێنی لابردنی کارە قورسەکانیش نادات. پێدەچێت مارکس پێیوابێت ئاستێکی دیاریکراوی کارە نەخوازراوەکان تەنانەت لە بارودۆخی زۆریی دەستکەوتە ماتریالییەکانیشدا هەر زەرووری بێت. نەفرەتکردن لە ئادەم تەنانەت لە خاکە پڕ بەرەکەت و بەپیتەکانیشدا هەر بەگەردنی ئەوەوە دەمێنێتەوە. ئەوەی بەشێوەیەکی یەکلاییکراوە مارکسیزم وەك بەڵێن دەیدات لابردن و چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییانەیە کە لە دۆخی ئێستادا بوونەتە ڕێگر لەبەردەم ڕوودانی مێژووی ڕاستەقینە بە هەموو ئازادی و جۆراوجۆرییەکانییەوە.

سـەرەڕای هەموو ئەمانە، مارکسیزم بۆ ماتریالەکان کورت نابێتەوە. لای مارکس کۆمۆنیزم واتا کۆتایی نوقسانی و بەدوایدا کۆتاییهاتنی زۆرینەی ئەو کارانەی بە ستەم و چەوساندنەوەوە ئەنجام دەدرێن. بەڵام ئازادی و کاتی بەتاڵ، کە کۆمۆنیزم بە پیاوان و ژنانی دەبەخشێت، لە درێـژەدا دەتوانێت زەمینەی گەشەکردنی هەرچەند زیاتری توانا مەعنەوییەکانیشیان خۆشبکات. وەك ئاماژەمان پێکرد، گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی مەعنەوی و ماددی هەرگیز بەیەکەوە و شان بەشانی یەکتری ناچنە پێشەوە. بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم خاڵە ئەوەندە بەسە لە کیت ڕیچاردز بڕوانن. ڕەنگە زۆربوونی نیعمەتە ماتریالییەکان بریتی بن لە مەرگی ڕۆح. بـەڵام ئەمەش ڕاستە کە کاتێك سکتان بەتاڵ بێت، دیل و ئەسیری حاکمی توندوتیژ بیت، یان بەهۆی بێگاری و چەوسانەوەوە دەرفەتت بۆ پەروەردەکردنی

فەزیلەتە ئەخلاقییەکان نەبێت، ئازاد نیت بەو شوێنە بگەیت کە حەزدەکەیت پێی بگەیت. ماتریالیستەکان کەسانێك نین مەعنەویاتەکان ڕەتبکەنەوە، بەڵکو کەسانێکن بیرمان دەخەنەوە گەشەکردنی مەعنەوی تەنها وتەنها لەبارودۆخێکی ماتریالیی دیاریکراودا دەڕەخسێت و بەدیدێت. ئەم بارودۆخە ماتریالییانە مەرجی تـەواو نین، بەڵکو مەرجی پێویست و زەروریـی گەشەکردنی مەعنەویی یان ڕۆحین.

مرۆڤەکان لە بارودۆخی کەمی و دەگمەنیدا، چ سروشتی چ دەستکرد بێت، ناتوانن بە دۆخێکی باشی خۆیان بگەن. ئەم بەشەی کەمی و دەگمەنی، توندوتیژی، ترس و تۆقاندن، چاوچنۆکی، نیگەرانی، قۆرخکاری، دەسەڵاتخوازی و دژومنایەتیی وێرانکارانە بـەدوای خۆیدا دەهێنێت. کـەواتـە دەتوانین چاوەڕوانیی ئەوە بین ئەگەر پیاوان و ژنان بتوانن، بەدەر لەم سترێس و فشارە لەناوبەر و ئیفلیجکەرە، لەنێو زۆربوونی نیعمەتە ماتریالییەکاندا بژین، ئەوا بە ئەگەرێکی زۆرەوە ئەخلاقییانەتر لە دۆخـی ئێستا مامەڵە دەکـەن. لـەم بـارەیـەوە ناتوانین یەقینمان هەبێت، چونکە هەرگیز ڕووبـەڕووی بارودۆخێکی ئاوەها نەبووینەتەوە. مارکس ئەم خاڵەی لەبەرچاوە کاتێك لە مانیفێستی کۆمۆنیزمدا دەڵێت کۆی مێژوو تا ئێستا مێژووی خەباتی چینایەتیی بووە. و تەنانەت لە بارودۆخەکانی زۆربوونی دەستکەوتە ماتریالییەکاندا، شتگەلێکی دیکە هەن کە مرۆڤەکان لەگەڵیاندا هەست بە نیگەرانی، شەڕانگێری و قۆرخکاری دەکەن. بەهیچ کەمی و دەگمەنییەکەوە ناکرێت مرۆڤەکان

بکرێنە فریشتە. بەڵام دەکرێت هەندێك هۆکاریی ڕیشەیی عەیب و عارە ئەخلاقییەکانی مرۆڤەکان بسڕدرێنەوە. تائێرە ئەم بانگەشەیە گونجاوە کە کۆمەڵگای کۆمۆنیستی کەم تازۆر دەکرێت ئینسانگەلێکی باشتر لە پەروەردەکراوی ئێستا، پەروەردە بکات. بەڵام ئەم مرۆڤە گریمانەییانەش هەڵە و دژایەتیی دەکەن و ململانێ و کێشمەکێشمیان دەبێت و تەنانەت هەندێکجار خراپەکار و ئیزعاجیشن.

ئەو سینیك (گاڵتەجاڕ)انەی گومان لە ئەگەری ئەمجۆرە پێشکەوتنە ئەخلاقییە دەکەن، هەست بە جیاوازیی نێوان سووتاندنی ژنەساحیرەکان و فشارهێنان بۆ یەکسانیی مووچەی ژن و پیاو ناکەن. بابەتەکە ئەمە نییە کە ئێمە بەراورد بە مرۆڤەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بەگشتی ناسکتر، هەستیارتر و مرۆڤدۆستترین. تاکو ئەو ئاستەی پەیوەندیی بە پێشکەوتنی ئەخلاقیی ئێمەوە هەیە دەکرێت لەم میانەیەدا بیر لە جیاوازیی نێوان تیروکەوان و موشکە کروزەکان بکەینەوە. کێشەکە ئەمە نییە کە مێژوو بەگشتی لەڕووی ئەخلاقییەوە ڕەوتێکی چاککردن و بەرەوپێشچوون و بەرزبوونەوەی هەبووە. خاڵەکە تەنها ئەمەیە کە لێرەو لەوێ پێشکەوتنگەلێکی گرنگمان هەبووە. پشتڕاستکردنەوەی ئەم واقیعە بەو ڕادەیە واقیعبینانەیە کە دەکرێت بڵێین لە هەندێك ڕووەوە ئێمە بەراورد بە ڕۆژگاری ڕۆبن هوود حاڵمان زۆر خراپتر بووە. هیچ حیکایەتێکی گەورەی پێشکەوتن بوونی نییە، دروست بەو جۆرەی هیچ ئەفسانەیەکی پەریانی هبووت یان کەوتن بوونی نییە.

هەرکەسێك بۆ جارێك منداڵێکی چکۆلەی بینیبێت کە لیبوکەکانی گەمەکردن لە دەستی براکەی یان خوشکەکەی بە زۆری دەردەهێنێت و بە نەڕەیەکی ترسناکەوە دەڵێت: "هی منە!" بێ ئەوەی قسە بکات لەپێشەوە دەزانێت کێبڕکێخوازی و قۆرخکاری، چ ڕەگ و ڕیشەگەلێکی قوڵی لە زەینی مرۆڤدا داکوتاوە. لێرەدا باس لە بەشێکی خوو و عادەتە ڕیشەدارە کولتووری، دەروونی و تەنانەت پەرەسەندنەکان دەکەین کە تەنها بە گۆڕینی دامەزراوەکان، گۆڕانیان بەسەردا نایەت. بەڵام بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی، پێویست ناکات هەموو کەسێك دیدگای خۆی دەرهەق بە ژیان یەکئاراستە ژێراوژوور بکاتەوە. بۆ نموونە سەیری ئیرلەندای باکوور بکەن. ئاشتی لەم ناوچە پڕ ئاژاوە و ئاشووبەدا بەم هۆیەوە دانەمەزرا، کە کاتۆلیکەکان و پرۆتستانتەکان دواجار دەستیان لە ناکۆکی و ئەنتاگۆنیزمی چەند ساڵەیان هەڵگرت و بەحەز و ئارەزوویەکی زۆرەوە یەکتریان لەباوەش گرت. هەرگیز باسێك دەربارەی ئەمانە لەئارادا نەبوو. تا داهاتوویەکی نادیار هەندێکیان هێشتا بێزار لەیەکتری دەمێننەوە. گۆڕانەکان لە ئاگایی گروپەکاندا ڕەنگە بەهێواشییەکی جیۆلۆجییانەوە ڕووبدات. بەڵام بەمانایەك ئەم بابەتە هیچ گرنگییەکی ئەوتۆی نییە. ئەوەی گرنگ بوو گەرەنتیکردنی مانەوەی ڕێککەوتنی سیاسیی بوو کە دەکرا بە وردییەوە چاودێریی بکرێت و بە لێهاتووییەوە پەرەی پێبدرێت و فراوان بکرێت، ئەویش لە سیاق و زەمینەیەکدا کە عامەی خەڵك تووشی تەنگوچەڵەمە هاتبوون بەهۆی توندوتیژیی سی ساڵەوە.

بەڵام ئەمە تەنها دیوێکی حیکایەتەکە بوو. چونکە

حەقیقەتەکەی ئەوەیە بەدرێژایی قۆناغە دوور و درێژەکانی گۆڕانی دامەزراوەکان لەڕاستیدا کاریگەرییەکی قوڵیان لەسەر شێوازی تێڕوانینی مرۆڤەکان دانـاوە. بەدرێژایی مێژوو کۆی چاکسازییە ڕۆشنگەرەکان لە یاساکانی سزاداندا لە سەردەمی خۆیان ڕووبـەڕووی بەرهەڵستیی گەورە و قورس بوونەتەوە؛ بەڵام ئێستا ئێمە ئەم گۆڕانانە وەها سەلماو یان ڕوون و ئاشکرا دەبینین کە تەنانەت وێناکردنی پارچەپارچەکردنی تاوانبارانی ژێر ئامێری ئەشکەنجەدانیش دەبێتە هۆی هەڵچوونی ئێمە. ئەمجۆرە چاکسازییانە بووە بە خەو و خۆراکی ئێمە. ئەوەی لەڕاستیدا نیگای ئێمە بۆ جیهان دەگۆڕێت، ئایدیاکان نیین، چونکە ئایدیاکان دەکەونە نێو ڕۆتیناتی ئاسایی ڕۆژانەی کۆمەڵایەتییەوە. ئەگەر ئەو ڕۆتیناتە پراکتییە بگۆڕین، گۆڕانێك ڕەنگە لەڕادەبەدەر قورس بێت، ئەگەری ئەوە هەیە سەرەنجام شێوازی نیگاکردنمان بگۆڕێت.

بۆ زۆرینەی ئێمە پێویست نییە بە زۆر ناچارمان بکەن لە شەقامە قەرەباڵغەکاندا پیسایی نەکەین. مادام یاسا ئەم کارە قەدەغە دەکات و کۆمەڵگایش ڕقی لەم کارە دەبێتەوە، نەکردنی پیسایی لە شەقامەکاندا بـووە بە سروشتی دووەمـی ئێمە. پۆینتەکە ئەوە نییە کە هیچ یەکێك لە ئێمە هەرگیز کارێکی ئاوا ناکات، بەتایبەت لە فەزاکانی سەنتەری شاری ئێستادا کە بارەکان تازە داخراون. خاڵەکە تەنها ئەوەیە کە ڕێی تێناچێت کەسێك لە شەقامەکاندا پیسایی بکات تەنها لەکاتێکدا نەبێت ئەگەر بیروباوەڕی گشتی ئەم کارە بە پێچەوانەی داب و نەریت

لەقەڵەم نەدات. ئەم یاسایەی بریتانیا کە شۆفێران دەبێت بەلای چەپدا بڕۆن پێویست ناکات بە ئارەزوویەکی بەهێزەوە شوفێرە بریتانییەکان بەلای ڕاستدا بڕۆن. ئەوە دامەزراوەکانن ئەزموونی ناوەکیی ئێمە دروست دەکەن. دامەزراوەکان ئامرازگەلێکن بۆ دووپارە پەروەردەکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا. ئێمە لە یەکەمین دیدەنییەکاندا بەڕادەیەك بەم هۆیەوە تۆقە لەگەڵ یەکتری دەکەین چونکە بووە بە عورف و عادەت، بەڵام بەم هۆیەوە، بە عورفبوونی ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوەی هەستێکی ناوەکیمان بۆی هەبێت.

گۆڕانی عادەتەکان کاتێکی زۆر دەبات، چەندین سەدە درێژەی کێشا تاکو سەرمایەداریی ئەو هەستانە ڕیشەکێش بکات کە بە میراتی لە فیودالیزمەوە گەیشتبوون، و بەم هۆیەوە لەڕوانگەی تۆریستێکی مۆدێرنەوە هەندێك لە بەشە گرنگەکانی دەوروبەری کۆشکی بەکینگهام لەڕووی کەمتەرخەمییەوە فەرامۆش کراون، چونکە نیگای باڵادەست هێشتا لەژێرکاریگەریی هەست و سۆزە کۆنەکاندایە و بیر لەو کێشە و مەسەلانە دەکاتەوە کە بۆ پێشینان گرنگ بووە. هیوادارین زەمەنێکی زۆری نەوێت تاکو نەزمێکی کۆمەڵایەتی دامەزرێت کە تیایدا ئەو خوێندکارانەی مێژوو دەخوێنن هەرگیز باوەڕ بەوە نەکەن ڕۆژێك لە ڕۆژان میلیۆنان ئینسان برسی بوون و لە هەمانکاتدا دەستەیەکی مرۆڤی پارەدار کاڤیاریان بە سەگەماڵییەکان دەدا. ئەم ڕاستییە تاڵە لەڕوانگەی ئەوانەوە بـەڕادەی وێناکردنی خەساندنی پیاوێك بە گوناهی کوفر و بێدینی لە ڕۆژگاری ئێمەدا وەك شتێکی باوەڕپێنەکراو و

بێزارکەر دەردەکەوێت.

باسکردنی خوێندکاران خاڵێکی گرنگ زەق دەکاتەوە. ئەمڕۆ منداڵانێکی زۆر لایەنگریی سەرسەختی پاراستنی ژینگەن. ئەوان بە ترس و نەفرەتەوە لە پیسبوونی هەوا یان کوشتنی سەگە ئاوییەکان بە دار و بەرد دەڕوانن. هەندێکیان بە بینینی کەسێك کاتێك خاشاك لە شەقامەکاندا فڕێدەدات، بارودۆخیان تێکدەچێت. و ئەمەش بەگشتی، بەهۆی پەروەردەکردنەوەیە – نەك تەنها پـەروەردەی ڕەسمی، بەڵکو بەهۆی کاریگەریی فۆرمە تازەکانی بیرکردنەوە و هەستکردن لەسەر نەوەیەك کە عادەتە کۆنەکان ڕیشەیەکی پتەویان لە ئەندامەکانیدا نییە. هیچ کەسێك ناڵێت ئەم خاڵە دەتوانێت گۆی زەوی ڕزگار بکات. ئەگەر ڕاستیتان دەوێت منداڵانێکیش هەن بۆ چێژی مێشك بەدگەرەکان (گۆرهەڵکەنەکان badger) پارچە پارچە دەکەن. سەرباری هەموو ئەمانە ڕوون و ئاشکراییەکی زۆریش هەیە کە دەریدەخات پەروەردە دەتوانێت شێوازی ڕوانینی مرۆڤەکان بگۆڕێت و گەلێك فۆرمی تازەی ڕەفتار و جوڵانەوە دروست بکات.

کەواتە پەروەردەی سیاسیی هەمیشە دەڕەخسێت و ئیمکانی ڕوودانی هەیە. لە کۆنفراسێکدا لە بریتانیای سەرەتاکانی دەیەی 1970 باسێك هاتە ئاراوە کە ئایا تایبەتمەندیگەلێك هەن لەنێوان هەموو ئینسانەکاندا هاوبەش بێت. یەکێك لە ئامادەبووانی بەڕێز لە دانیشتنەکە بەرز بووە و ڕایگەیاند، ”باشە، بەڵێ ئێمە سمێڵمان هەیە“. ژنێك لەنێوان ئامادەبووانەوە دەنگی بەرزکردەوە: ”نەخێر بەڕێزان ئێمە نیمانە!“. لەو ڕۆژانەدا فیمینیزم لە بریتانیا تازە

کەوتبووە سەرپێ، و بەم هۆیەوە زۆرێك لە پیاوانی ئامادەبووی دانیشتنەکە ڕەفتاری ئەو ژنەیان وەك شتێکی دوور لە داب و نەریت لەقەڵەم دا. تەنانەت هەندێك لە ژنەکانیش دەستەپاچە بوون. تەنها دوای چەند ساڵێك ئەگەر پیاوێك قسەیەکی ئاوا ئەحەقانەی لە فەزایەکی گشتیدا بگووتبایە، بە ئەگەرێکەوە ڕاکردن و خۆڕزگارکردن تەنها بژاردەی ئەو بوو.

لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاست و سەرەتاکانی سەردەمی مۆدێرندا، تەماح و چاوچنۆکی وەك ناپاکترین و خراپترین گوناه سەیردەکرا. لەو سەردەمەوە تاکو ئەم دروشمەی واڵ ستریت "تەماح باشە!" پرۆسەیەکی پڕ هەورازونشێوی فێرکردن و پەروەردەکردنەوە بوونی هەبووە. پرۆسەی پەروەردەکردنەوە و فێرکردنەوە لە هەنگاوی یەکەمدا کاری مامۆستایان و بانگەشەکاران نەبووە، بەڵکو بەرهەمی گۆڕانکارییەکان بووە لە فۆرمە ماتریالییەکانی ژیانی ئێمەدا. ئەرستۆ وابیری دەکردەوە کۆیلەداریی شتێکی سروشتییە، ئەگەرچی هەندێك بیرمەندی دیکەی یۆنانی کۆن لەگەڵ ئەودا کۆك نەبوون. بەڵام ئەو لەو میانەیەدا وابیری دەکردەوە بەرتەسککردنەوەی بەرهەمهێنانی ئابووری جیاوازیی هەیە لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا بۆ گەیشتن بە سوود و قازانج، کە هەرگیز کەسێکی وەك دۆناڵد ترەمپ [بازرگانی گەورەی ئەمریکی و ڕووخسارە تەلەڤزیۆنییەکان] حەزی پێناکات. (ئەرستۆ بەهۆیەکی سەرنجڕاکێشەوە باوەڕی بەم دیدگایە هەبوو. ئەو گومانی ئەوە دەکات ئەو شتەی مارکس پاشان پێیگوت "بەهای ئاڵوگۆڕ" - پرۆسەیەك بەهۆیەوە کاڵایەك دەکرێت

لەگەڵ کاڵای دیکەدا ئاڵوگۆڕ بکرێت و کاڵای دووەم بە کاڵایەکی دیکە و بەمحۆرە بۆ ئەبەد - پێویستی بە بەشێکی بێ سنوور هەیە کە لە سروشتی کۆتایی و زەوینی ئێمەی مرۆڤە فانییەکان ناچێت). بوونی هەندێك لە ئایدیۆلۆژیستەکانی سەدەکانی ناوەڕاست کە دەیانگوت سوودبردن و قازانج ناسروشتییە، چونکە سروشتی مرۆڤ بەدیدی ئەوان هەمان سروشتی فیودالی بوو. کۆمەڵی ڕاوچیانی ماڵبەکۆڵ و گەڕۆك ڕەنگە بە چاوێکی گومانەوە لە هەموو جۆرە نەزمێکی کۆمەڵایەتییان ڕوانیبێت جگە لە نەزمەکەی خۆیان. سەرۆکی پێشووی بانکی فیدراڵی ئەمریکا، ئالن گرینسپەن، لە زۆرترین ساڵەکانی ژیانی پیشەیی خۆیدا باوەڕی وابوو بازاڕە ئازادەکان ڕیشەیان لەنێو سروشتدا هەیە. ئەم بانگەشەیە بە ئەندازەی ئەوە بێ مانایە کە خەیاڵ بکەین ستایشکردنی کلیف ریچاردز [گۆرانیبێژی پۆپۆلاری بریتانی] ڕیشەی لەنێو سروشتی مرۆڤدا هەیە. بازاڕە ئازادەکان لەڕاستیدا یەکێکن لە داهێنراوە تازەکانی مێژوو، و بۆ ماوەیەکی زۆر تەنها لە بەشێکی بچووکی گۆی زەویدا هەبوون.

بەم جۆرە کێشەی ئەو کەسانەی سۆسیالیزم بە پێچەوانەی سروشتی مرۆڤ دەبینن لەوەدایە کە بەهۆی کورتبینییەوە سروشتی مرۆڤ یەکسان بە سەرمایەداریی دادەنێن. لای ئەوان، تاکەکانی خەڵکی تەوارقی [نەتەوە بەربەرەکانی ئەمازیغ] سەحرای ناوەڕاست لە ڕاستیدا بازرگانانی سەرمایەدارن و لە خەڵوەتی خۆیاندا جگە لە دامەزراندنی بانکەکانی سەرمایەگوزاری، حەزیان لەهیچ شتێکی دیکە نییە. ئەو ڕاستییەی کە ئەوان تەنانەت وێنای

بانکی سەرمایەگوزارییان نییە، هیچ پەیوەندییەکی بە بابەتەکەوە نییە. کەس ناتوانێت ئارەزووی شتێکی هەبێت ئەگەر هیچ ئایدیا یان وێنایەکی بۆ ئەو شتە نەبێت. من ئەگەر کۆیلەیەکی ئەسینایی بم ناتوانم خەونی بوون بە دەڵاڵـی بۆرسە (stockbroker) ببینم. دەتوانم مرۆڤێکی چاوچنۆك و بەتەماح بم، و کۆیلەی بەرژەوەندییە شەخسییەکانی خۆم بم. بەڵام ئەگەر لە سەدەی یانزەی زاییینیدا بژیم ناتوانم سەرمایەدارێکی تایبەتیی بم، بەو جۆرەی ناتوانم ئارەزووی ئەوە بکەم ببمە نەشتەرگەریی مێشك.

پێشتر ئاماژەم بەوە کرد کە مارکس، بەشێوەیەکی عەجیب و غەریب، هەم بەجۆرێك بەرانبەر بە ڕابردوو ڕەشبین بوو و هەم بەشێوەیەکی سەیروسەمەرە بەرانبەر بە داهاتوو گەشبین. ئەم خاڵەش چەندین هۆی هەیە، بەڵام یەکێك لەمانە بەشێوەیەکی بەرچاو پەیوەندیی بە باسە داڕێژراوەکانەوە لێرەدا هەیە. مارکس بە چاوێکی ڕەشبینەوە لە بەشێکی گەورەی ڕابردووی دەڕوانی، چونکە شتێکی تیادا نەدەبینییەوە جگە لە یەك بەدوای یەکی فۆرمە شەکەتکەرەکانی ستەم و چەوساندنەوە. تیۆدۆر ئادۆرنۆ جارێك گوتوویەتی بیرمەندانی ڕەشبین (و ئەو هەڵبەت مەبەستی مارکس نەبوو، بەڵکو مەبەستی فرۆید بوو) زیاتر لە بیرمەندە سادە گەشبینەکان خزمەتییان بە ئایدیالی ڕزگاریی ئینسانییەت کردووە. چونکە ئەوان شایەتیی لەسەر ناعەدالەتی و ستەمێك دەدەن کە بۆ ڕزگاربوون گریە و زاری دەکات و ئەگەر ئەوان نەبووانایە ڕەنگبوو ئێمە لەبیری بکەین. ئەوان بە باسکردنی ئەوەی بارودۆخەکان چەندە خراپە ئێمە ناچاردەکەن هەوڵ بۆ

چاککردنی بدەین، ئەویش بەبێ هیچ هۆشبەرێکی ئارامکەرەوە.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، ئەگەر مارکس لە ناوەوەدا دنیایەك ئومێدی بە داهاتووش هەبووبێت، بەو هۆیەوە بووە کە دەیزانی هۆکار و کەمتەرخەمی ئەم ڕابـردووە کارەساتبارە بەگشتی، لەئەستۆی ئێمە نەبووە. ئەگەر لە مێژووی مرۆڤدا ئەم هەموو خوێنە ڕژاوە، هۆکارەکەی ئەوە نییە کە زۆرینەی مرۆڤەکان بەسروشت خراپن و خاوەن جەوهەرێکی بەدن. هۆکارەکەی سترێس و فشارە ماتریالی و کۆنکریتییەکانە کە تاکو ئێستا بەسەر ئەواندا هاتووە. بەمجۆرە مارکس دەیتوانی بەبێ ئەوەی بچێتە ژێرباری ئەفسانەی تاریکیی دڵی مرۆڤەکانەوە، پێوەرێکی ڕیالیستی و واقیعبینانە بۆ هەڵسەنگاندن و ڕەخنەکردنی ڕابردوو هەڵبژێرێت. و ئەمە یەکێکە لەو بەڵگە و هۆیانەی کە بۆچی ئەو دەیتوانی ئومێدی خۆی لە داهاتوو بگرێت. ئەمە ماتریالیزمەکەی مارکسە کە ڕێگای پێدەدات ئەو ئومێدە بە زیندوویی بهێڵێتەوە. ئەگەر جەنگەکان، قاتی وقڕییەکان و جینۆسایدەکان تەنها لە بەشێکی شەڕانگێزیی نەگۆڕی بوونی مرۆڤەوە هاتوون، ئەوسا بچووکترین بەڵگەمان نەبوو بۆ ئەوەی تاکو باوەڕ بکەین داهاتوو دەتوانێت باشتر بێت لە ڕابــردوو. بەڵام ئەگەر ئەم شتانە هەندێکجار بەهۆی سیستەمە ستەمکارییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بێت، ئەو سیستەمانەی زۆر کات تاکەکان جگە لە لێبوکێك بەدەستییانەوە شتێکی دی نییە، ئەوسا دەکرا چاوەڕوانیی ئەوەمان هەبێت گۆڕانی ئەم سیستەمانە

جیهانێکی باشتر بۆ مرۆڤەکان دروست دەکات. لەم میانەیەدا، دەکرێت بۆ ترساندنی ئەحمەقەکان شەولەبان یان دێوودرنجی تەواوێتی و پێرفێکتبوون بهێڵینەوە.

ئەمە بەو مانایە نییە کە پیاوان و ژنان لە کۆمەڵگا چینایەتییەکاندا هیچ گوناهێکیان نییە لە کاروکردەوەکانیاندا، یان شەڕانگێزیی و خراپەکاریی تاکەکان هیچ ڕۆڵێك لە ڕوودانی جەنگەکان و جینۆسایدەکاندا ناگێڕێت. بێگومان ئەو کۆمپانیایانەی سەدان و بگرە هەزاران کرێکار دەردەکەن دەکەن، گوناهەکەیان سەدبەرابەرە. بەڵام بەو جۆرە نییە کە ڕەنگە کۆمپانیاکان ئەم کارانە تەنها بەهۆی نەفرەت، شەڕانگێزی یان دەستدرێژییەوە ئەنجام دەدەن. ئەوان بەو هۆیەوە بێکاری دروست دەکەن چونکە دەیانەوێت سوود و قازانجی خۆیان لە سیستەمێکی کێبڕکێخوازدا دابین بکەن، لەبەر ئەوەی دەترسن ئەگەر بێتوو هێزی کاریان چاك نەکەن چیتر بوونیان نەمێنێت و ڕەش ببنەوە. ئەوان کە فەرمانی جەنگ بە سوپاکان دەدەن، جەنگانێك لەوانەیە سووتانی منداڵی بێگوناهی بەدوادا بێت، ڕەنگە ئەوان سەرشۆڕ و بێ غیرەتترین ئینسانی سەر زەوی بن. سەرەڕای هەموو ئەمانە دەبێت بڵێین نازیزم تەنها سیستەمێکی سیاسیی گەندەڵ و وێرانکەر نەبوو؛ چونکە خراپ سادیزم، پارانۆیا، و ڕقی پاتۆلۆژییانەی تاکەکانیشی بەکاردەهێنا، کە بێ پێچ و پەنا دەتوانین بڵێین ئەوان خراپ و شەڕانگێز و خراپەکار بوون. ئەگەر هیتلەر شەڕانگێز نەبووایە هەرگیز وشەی شەڕانگێزی مانایەکی ئەوتۆی نەبوو. بەڵام خراپەکاریی شەخسیی تاکەکان تەنها کاتێك

دەشێت دەرەنجامگەلی مەترسیدار و تۆقێنەری لێبکەوێتەوە کە خزمەت بە میکانیزمەکانی سیستەمی سیاسیی بکات. ئەمە لەوە دەچێت کە یاگۆ[7]ی شەکسپیر بخەینە ئەستۆی زیندانەوانی کەمپەکانی جەنگ.

ئەگەر هەر بەڕاستی سروشتی مرۆڤ بوونی هەبێت، ئەوسا ئەمە لە هەندێك ڕووەوە هەواڵێکی دڵخۆشکەرە، ئینجا پۆستمۆدێرنیستەکان هەرچۆن پێیان خۆشە با وابیربکەنەوە. چونکە یەکێك لە تایبەتمەندییە بەڕادەیەك جێگیرەکانی ئەو سروشتە هەمان بەرهەڵستیی و خەبات بووە دژ بە ستەم و ناعەدالەتی. ئەمە یەکێکە لەو بەڵگانەی دەریدەخات ئەم وێنایەی دەڵێت سروشتی مرۆڤ هەمیشە لە خزمەتی کۆنزەرڤاتیڤ و کۆنەپارێزەکاندا بووە، چەندە وێنایەکی ئەحمەقانەیە. لێکۆڵینەوە لە بەڵگە مێژووییەکان دەریدەخات ستەم و تاوانی سیاسیی بەڕادەیەك هەمیشە مرۆڤەکانی بەرەو یاخیبوون و ڕاپەڕین، ئەگەرچی بێ توانا یان نشوست، هانداوە. وادەردەکەوێت لە بوونی مرۆڤدا شتێك هەیە هەرگیز بەم ئاسانییە لە بەرانبەر سوکایەتیی دەسەڵاتخوازەکاندا ئاوانابێـت و لەناوناچێت. ڕاستییەکەی ئەوەیە دەسـەڵات تەنها کاتێك لەڕاستیدا سەرکەوتوو دەبێت ئەگەر بتوانێت بەسەر پیلانگێڕیی شاراوەی ژێردەستەکانیدا زاڵ بێت. هەڵبەت بەڵگەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەم پیلانگێڕییانە بەگشتی

---

7- یاگۆ Iago، پاڵەوانی تراژیدیی درامای ئۆتیللۆی شەکسپیر، کە ئۆتیللۆ گومڕا و بەلاڕێدا دەبات و فریوی دەدات تاکو ئۆتیللۆ دواجار هاوسەرەکەی خۆی بکوژێت (وەرگێڕ).

لاوەکـی، دووئاراستە، و کاتین. چینە باڵادەستەکان هەمیشە ستایش ناکرێن، بەڵکو تەحەمول دەکرێن. ئەگەر سروشتی ئێمە تەنها ڕوویەکی کولتووریی هەبووایە، ئەوسا ڕژێمە سیاسییەکان دەیانتوانی کەسایەتیی هاووڵاتی و پەیڕەوەکانی خۆیان بەجۆرێك لێبکەن کە بێچەندوچوون دەسەڵاتی ئەوان قبوڵ بکەن. کاتێك ئەم کارە بەگشتی لەدەرەوەی کاری ئەوانەوەیە بەڵگەی بوونی سەرچاوەکانی بەرهەڵستی و خەباتە کە بجۆرێك لە کولتوورە لۆکاڵییەکان قوڵترن.

دوای هەموو ئەم وردەکارییانە ئایا مارکس بیرمەندێکی یۆتۆپیایی بوو؟ بەڵێ، بەمەرجێك بە کەسێك بڵێین یۆتۆپیایی ئەگەر بیر لە داهاتوویەکی باشتر لە کاتی ئێستا بکاتەوە. ئەو باوەڕی بە کۆتاییهاتنی کەمی و دەگمەنیی سەرچاوە مادییەکان، خاوەندارێتیی تایبەتی، چەوساندنەوە، چینە کۆمەڵایەتییەکان و دەوڵەت بە مانا باوەکەی هەبوو. هەڵبەت زۆر بیرمەند هەن کاتێك سەیری سەرچاوە زۆرەکانی جیهانی هاوچەرخ دەکەن بەو دەرەنجامە دەگەن بڵێن ڕەتکردنەوەی کەمی و دەگمەنیی سەرچاوە مادییەکان بەجۆرێك تەواو شتێکی عاقڵانەیە، ئەگەرچی ڕەنگە لە پراکتیکدا گەیشتن بەمەش قورس و دژوار بێت. ئەمە بەرژەوەندییە سیاسییەکانە بووەتە ڕێگر و بەربەست لەبەردەم گەیشتن بەم ئامانجە.

وەك بینیمان مارکس هەروەها پێیوابوو بەدیهاتنی ئەم ئامانجە ڕزگاربوونی بەشێکی گـەورەی دارایـی و سامانە مەعنەوی و ڕۆحییەکانی مرۆڤەکان بەدوای خۆیدا دەهێنێت. پیاوان و ژنان

کاتێك ڕزگاربن لە کۆتوبەندەکانی پێشووی خۆیان، لێهاتوویی و توانا فەردییەکانی خۆیان بە گەلێك شێوە و ڕێگا پەرە پێدەدەن کە پێشتر ئەمە بۆ ئەوان کارێکی مەحاڵ بووە. بەڵام مارکس هەرگیز لە نووسینەکانی خۆیدا ناڵێت ئێمە بەمجۆرە دەگەین بە هەر ئاستێکی پێرفێکتبوون و تەواوێتی. یەکێك لە مەرجە زەروورییەکان بۆ بەگەڕخستنی ئـازادی لەوەدایە کە مرۆڤەکان بتوانن خراپیش بەکاری بهێنن. لەڕاستیدا، بەبێ توانا و ئەگەری وەها خراپ بەکارهێنانێك هەرگیز ناتوانین باس لە ئازادیی واقیعی، بەهەر ئاستێك، بکەین. کەواتە ئەگەر عاقڵانەیە قبوڵی بکەین لە کۆمەڵگای کۆمۆنیستیشدا دنیایەك کێشە و مەشاکیل، ململانێ و کێشمەکێشم و هەندێك لە تراژیدییە قەرەبوونەکراوەکان بوونیان دەبێت. کەچی هێشتا بینەری کوشتنی منداڵان، ڕووداوی شەقام، ڕۆمانە خراپە بازاڕییەکان، چاوچنۆکییە دەمارگیرییەکان، دڵخۆشیی مەغرورانە، پانتۆڵە زەوقسزەکان، و خەم و خەفەتە نائارامەکان دەبین. ڕەنگە هێشتا هەندێك کەس کاری پاککردنەوەی تەوالێتەکانیان لەئەستۆ بێت.

ئامانجی کۆمۆنیزم دابینکردنی پێداویستییەکانی هەمووانە، بەڵام تەنانەت لە کۆمەڵگایەکی پڕ لە نیعمەت و سەرچاوەکانیشدا هێشتا بەشێوەیەکی سـنـووردار و بەرتەسك ئـەم ئامانجە بەدیدێت. بەوجۆرەی نۆرمەن گراس ئاماژەی پێدەکات "ئەگەر بۆ گەشەکردنی تواناکانی خۆمان (لە کۆمەڵگای کۆمۆنیستیدا) ئێوە پێویستتان بە ڤایۆلینێك هەبێت و من بە پاسکیلێکی کێبڕکێ، زۆرباشە، ئەمە هیچ کێشەیەکی تیادا نییە. بەڵام ئەگەر من

پێویستم ناوچەیەکی زۆر بەرفراوانی وەك ئوسترالیا هەبێت، تاکو بێ دروستکردنی سەرێشە بۆ ئەوانیدیکە، پیاسەی تیادا بکەم، ئەوسا ڕوونە ئەم کارە کێشەی تیادا هەیە. هیچ زۆری سەرچاوە و نیعمەتێك قابیلی بیرلێکردنەوە و وێناکردن نییە کە بتوانێت پێداویستیگەلێکی بەم ئەندازەیە گەورە بۆ گەشەکردنی توانا فەردییەکانی هیچ کەسێك دابین بکات ... و بە ئاسانی دەکرێت وێنای پێداویستییە ئاساییترەکان بکرێت، کە ئەم پۆینتە دەربارەی ئەوانیش ڕاستە»[9].

بینیمان مارکس دەست ناکات بە گومانێکی بێ بنەما دەربارەی داهاتوو، بەڵکو بەپێی زەمەنی ئێستا گەلێك ئاکامی عاقڵانە دەربارەی داهاتوو دەخاتەڕوو. ئەو هیچ کارێکی بەسەر خەونە شاعیرانەییەکان دەربارەی ئاشتی و هاوڕێیەتی نییە، ئەو ڕوودەکاتە بارودۆخە مادی و کۆنکرێتییەکان کە دەتوانن زەمینەخۆشکەربن بۆ داهاتوویەکی تەواو ئینسانی. ئەو وەك ماتریالیستێك هەمیشە ئاگاداریی خەسڵەتی ئاڵۆز، سەرکێش، و ناتەواوی واقیع بوو؛ و جیهانێکی لەم چەشنە لەگەڵ خەونی کاملێتیدا ناگونجێت. جیهانی پێرفێکت و کامل جیهانێکە هەموو جۆرە ئەگەر و شانسێك لەناو دەبات – واتا هەموو ئەو ڕووداوە چاوەڕواننەکراوانە، ڕووداوە ڕێکەوتکردەکان و پێشهاتە پێشبینینەکراوە ناخۆشەکان کە بن و بناغەی ژیانی ڕۆژانەی ئێمە دروست دەکەن. هەروەها جیهانێکە بتوانین تیایدا دەرهەق بە مردووانیش عەدالەت دامەزرێنین نەك تەنها بۆ زیندووەکان، ترس و تۆقاندن و تاوانەکانی ڕابردوویش قەرەبوو بکەینەوە.

کۆمەڵگایەکی ئاوا نە دەڕەخسێت و نە بەزەروریش خوازراوە. جیهانێکی بەدەر لە ڕووداوی بەریەککەوتنی قیتارەکان ڕەنگە وەك جیهانێك بێت بەدەر لە توانا و ئەگەری چارەسەرکردنی شێرپەنجە.

دامـەزرانـدنـی سیستەمێکی کۆمەڵایەتیش کە هەمووان تیایدا یەکسان بن، مەحاڵە. ئەم گلەیی و گازەندەیەی دەڵێت "سۆسیالیزم هەموومان وەك یەك لێدەکات" هیچ بنەما و بناغەیەکی نییە. مارکس مەبەستێکی ئاوای نەبوو، ئەو دوژمنی باوەکوشتەی یەکڕەنگکردن و یونیفۆرم بوو. لەڕاستیدا ئەو دەیگوت یەکسانی بەهایەکی بۆرژوازییە و لە بواری سیاسەتدا وەك ئەو شتەی خۆی پێیدەگوت بەهای ئاڵوگۆڕ سەیری یەکسانی دەکـرد، چونکە بەهای ئاڵوگۆڕ بەهای کاڵایەك بە کاڵایەکی دیکە یەکسان دەکات. ئەو لە شوێنێکدا گوتوویەتی کاڵا هەمان "یەکسانیی بەدیهاتوو"ـە. ئەو جارێك باس لە بەشێکی کۆمۆنیزم دەکـات کە هەموو کۆمەڵگای بە یەکدەست و یەکڕەنگ دەوێـت، و لە دەستنووسە ئابووری و فەلسەفییەکاندا وەك "نەفیی ئەبستراکتیی کۆی جیهانی کولتوور و شارستانێتی" ئەمە مەحکوم دەکات. مارکس هەروەها چەمکی تاقانەی یەکسانی دەبەستێتەوە بە یەکسانیی ئەبستراکتیی باوی نێو دیموکراسی چینی ناوەڕاست، سیستەمێك تیایدا یەکسانیی فۆرماڵی ئێمە وەك دەنگدەر و هاووڵاتییان خزمەت بەو نایەکسانییە واقیعی و ناڕوونانە دەکات کە لە سامان و چینەوە سەرچاوەیان گرتووە. لە ڕەخنە لە بەرنامەی گۆتادا بیری یەکسانیی دەرامەتەکانیش

ڕەت دەکاتەوە، چونکە مرۆڤەکان گەلێك پێداویستیی جیاواز و تاقانەیان هەیە: هەندێك کەس زیاتر لەوانیدیکە کارگەلی پیس یان مەترسیدار دەکەن، هەندێکی دیکە منداڵترن بۆ دابینکردنی خۆراك و هتد.

هەڵبەت مارکس بیری یەکسانیی بە جارێك و بێ بیرلێکردنەوە ڕەت ناکاتەوە. مارکس هیچ ئایدیایەك بەتایبەت ڕەت ناکاتەوە کە ڕیشەی لە بیروباوەڕەکانی چینی ناوەڕاستدا هەیە. مارکس نەك تەنها ئایدیالەکانی کۆمەڵگای چینی ناوەڕاست بە سوکایەتییەوە ڕەت ناکاتەوە، بەڵکو خۆی بەرگریکاری پڕجۆش و خرۆشی بەها شۆڕشگێڕییە گەورەکانی وەك ئازادی، مافی چارەی خۆنووسین، و گەشەپێدانی تواناکانی خۆمان بوو. بەپێی ئەو تەنانەت یەکسانیی ئەبستراکتیش هەنگاوێکی سەرکەوتووانە بوو بۆ بەرەوپێشەوەچوون لەگەڵ سیستەمی هیرارشییەتی فیودالیزمدا. بابەتەکە تەنها ئەمە بوو کە ئەو پێیوایە لەبەر ئەوەی سیستەمی سەرمایەداری هەیە هەموو کەسێك ناتوانێت دەستی بەم بەها گران و گرنگانە بگات. ئەگەرچی، ئەو بەگشتی ستایشی چینی ناوەڕاستی دەکرد وەك شۆڕشگێڕترین پۆلێنبەندیی کۆمەڵایەتیی کۆی مێژوو، و ئەمە حەقیقەتێکە کە نەیارانی ئەو لە چینی ناوەڕاستدا بەشێوەیەکی سەیروسەمەرە حەزدەکەن ئەم حەقیقەتە فەرامۆش بکەن. ڕەنگە لەوە بترسن ستایشکردنی ئەوان لەلایەن مارکسەوە دوایین ماچی مەرگی ئەوان بێت.

لای مارکس کێشەی چەمکی باوی یەکسانیی ئەوە بوو کە لەڕادەبەدەر ئەبستراکتی بوو و بەو جۆرەی دەبوو، هێندە

ڕووی لە تاکایەتیی شتەکان و ئینسانەکان نەبوو – ئەو شتەی مارکس لە بواری ئابووریدا پێیدەڵێت "بەهای مەسرەفی". ئەوە سەرمایەداریی بوو خەڵك بە یەکڕەنگ و یونیفۆرم دەکات نەك سۆسیالیزم. بەم هۆیەوەیە مارکس بە وریاییەوە بیری لە کاتیگۆریی مافناسی دەکـردەوە. خۆی گوتەنی "ماف بەهۆی جەوهەرەکەیەوە شتێك نییە جگە لە بەگەڕخستنی پێوەری یەکسان؛ بەڵام تاکە نایەکسانەکان (و ئەگەر ئینسانەکان نایەکسان نەبوونایە تاکگەلی جیاوازیش بوونی نەدەبوو) تەنها لەبەر ئەوە دەکرێت بە پێوەری یەکسان هەڵبسەنگێنرێن کە ئەوان بخەینە ژێر ڕوانگەیەکی یەکسان و تەنها لە ڕوویەکی دیاریکراوەوە لەبەرچاویان بگرین، بۆ نموونە دەربارەی ئەم بابەتە ئەوان بەدەر لە هەموو تایبەتمەندییەکانی دیکەیان تەنها وەك کرێکار سەیریان بکەین نەك هیچی دی"[10]. زۆرباشە، ئەمەش قسەی مارکسێکە کە دەیەوێت هەموومان تا ئاستی چەمکێکی ئەبستراکتی بێ ڕۆح و گیان دابەزێنێت! و ئەمەش لە مارکسێکەوە کە کاتێك لە مرۆڤەکان دەڕوانێت شتێکیان تیادا نابینێتەوە جگە لە کرێکار! یەکسانیی بۆ سۆسیالیزم بەو مانایە نییە کە هەموو تاکەکان وەك یەکن – بابەتێك تەنانەت ئەگەر کەسێکیش لەڕاستیدا باسی کردبێت، هێشتا هیچ مانایەکی نییە. ئەگەر مارکسیش بووایە بێگومان دەیگوت بەجۆرێك من لە دۆك ویللینگتۆن عاقڵترم. یەکسانیی سۆسیالیستییش بەم مانایە نایەت کە دەبێـت هەمووان دەقاودەق ئاستێکی یەکسانی سامان یان سەرچاوە ماددییەکانیان بەربکەوێت.

یەکسانیی ڕاستەقینە بە مانای بەرکەوتنی یەکسان لەگەڵ هەمووواندا نایەت، بەڵکو بەمانای سەرنجی یەکسان دێت لە پێداویستییە جیاوازەکانی هەریەکێك لە تاکەکەسەکان. و ئەمەیە ئەو جۆرە کۆمەڵگایەی مارکس بەدووایدا وێڵ بوو. وەها نییە کە پێداویستییەکانی تاکە مرۆییەکان هەموویان بەیەکەوە یەکسان بن. ناتوانین هەموو پێداویستییەکان بە تاکە پێوەرێك هەڵبسەنگێنین. لای مارکس هەموو کەسێك مافی یەکسانی لەگەڵ ئەوانیدیکەدا بۆ بەدیهێنانی تواناکانی خۆی، و بەشداریکردنی چالاکانە لە دروستکردنی ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەیە. بەمجۆرەیە دەکرێت ئەو بەربەستانە لەناوبەرین کە لە نایەکسانییەوە دروست دەبن. بەڵام دەرەنجامی ئەم کارە ئەوە دەبێت کە تا ئاستی گونجان ڕێگا بە هەر کەسێك بدەین تاکو تواناکانی خۆی وەك فەردێکی تاقانە و جیاواز لەوانیدیکە گەشە پێبدات. لە کۆتاییدا لای مارکس بەجۆرێکی جیاواز دەبێت بەرگریی لە یەکسانی بکەین. سۆسیالیزم نایەوێت هەمووان جۆرێك جلوبەرگ لەبەر بکەن. ئەمە سەرمایەداریی مەسرەفییە حەزدەکات هەموو هاووڵاتییەکانی تەنها جلوبەرگە یونیفۆرمەکانی وەك تراکسوتەکان و پێڵاوە وەرزشییەکان لەبەر بکەن.

لەم ڕووەوە بەدیدی مارکس سۆسالیزم بەجۆرێك سیستەمێکی پلۆرالیتر لە سیستەمی ئێستا دروست دەکات. لە کۆمەڵگای چینایەتیدا گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی ئازادانەی تاکەکان بە بەهای بەرتەسکبوونەوەی ژمارەیەکی زۆری تاکەکان

فەراهەم دەبێت، و ئەم دەستەیەی دواتر سەرەنجام دەچنە ژێرباری گێڕانەوەیەکی یونیفۆرم و بەدەر لە هەرچەشنە جۆراوجۆرێتییەك. کۆمۆنیزم، دەقــاوەق بــەو هۆیەوەی هەمووان هان دەدات تاکو لێهاتوویی و توانا فەردییەکانی خۆیان بەرەو پێشەوە بەرن، سیستەمێکی بەجۆرێك پلۆرالتر، جۆراوجۆرتر و پێشبینینەکراوترە. زیاتر لە ڕۆمانی مۆدێرنیستی دەچێت نەك ڕۆمانی ڕیالیستی. ڕەخنەگرانی مارکس ڕەنگە بڵێن ئەمە خەیاڵپڵاوییەکی ڕووتە و هیچیتر. بەڵام ناتوانن لە هەمان کاتدا گلەیی و گازەندەی ئەوە بکەن و بڵێن سیستەمی کۆمەڵایەتیی خوازراو و پەسەندکراوی مارکس لەو سیستەمە دەچێت کە جۆرج ئۆروێڵ لە ڕۆمانی 1984دا باسی کردووە.

ڕاستە فۆرمی تێکدەر و وێرانکەری یۆتۆپیانیزم سەردەمی مۆدێرنی نەخۆش کــردووە، بەڵام ناوەکەی مارکسیزم نییە. یۆتۆپیانیزمی ناوبراو لەسەر بناغەی ئەم بیروبۆچوونە شێتانەیە دامەزراوە کە سیستەمێکی جیهانیگیری تاقانە بەناوی بازاڕی ئازاد دەتوانێت خۆی بەسەر جۆراوجۆرترین کولتوورەکان و ئابوورییەکاندا بسەپێنێت و هەموو نەخۆشییەکانیان چارەسەر بکات. لەنێو حەشارگە ژێرزەمینییەکانی خراپەکارە شەڕانگێزەکانی جەیمز باندا بــەدوای دەڵاڵەکانی ئەم تۆتالیتاریزمە فەنتازییەدا مەگەڕێن، مرۆڤگەلێك بە ڕووخسارگەلی بریندار و دەنگگەلی ئارام و شوومەوە. دەبێت ئەوان لەنێو ڕازاوەترین ڕێستورانتەکانی واشینگتۆن و لەنێو شوێنی پیاسەکردنەکانی سەسکسیسدا ببینینەوە.

وەڵامی ئادۆرنۆ بۆ ئەم پرسیارەی ئایا مارکس بیرمەندێکی یۆتۆپیایی بوو، بەڵێ و نەخێری یەکلاییکەرەوەیە. ئادۆرنۆ دەنووسێت، مارکس بەهۆی بەدیهاتنی یۆتۆپیاوە دوژمنی یۆتۆپیا بوو.

# بەشی پێنجەم
# مارکس و ئابووری

**مارکسیزم هەموو شتەکان بۆ ئابووری کورت دەکاتەوە. [ئەمەش][8] فۆرمێکی باوەڕبوونە بە دیتێرمینیزمی ئابووری. هونەر، ئایین، سیاسەت، یاسا، جەنگ، ئەخلاق، گۆڕانی مێژوویی: دەشێت هەموو ئەمانە بە سادەترین شێوە تەنها وەك چەند ڕەنگدانەوەیەکی بواری ئابووری یان ململانێی چینایەتی لێکبدرێنەوە. ئاڵۆزیی ڕاستەقینەی کاروبارەکانی مـرۆڤ لەبەرژەوەندیی دیدگایەکی تاکڕەهەندیدا دەربـارەی مێژوو، فەرامۆش دەکرێت و لەبەرچاو ناگیرێت. مارکس بەهۆی سەرقاڵبوونی بەردەوامی بە ئابوورییەوە، خۆی شتێك نەبوو جگە لە وێنەیەکی ئـاوەژووی سیستەمی سەرمایەداری، کە دژایەتی دەکـرد. بیرکردنەوەی ئەو لەگەڵ ڕوانگەی پلۆرالیستییانەی کۆمەڵگاکانی مۆدێرندا نایەتەوە، ئەو کۆمەڵگایانەی باش دەزانـن پانتایی جۆراوجۆری ئەزموونی مێژوویی ناشێت بە زۆر لە چوارچێوەیەکی ڕەق و بەستووی تاقانەدا جێبکرێتەوە.**

بە مانایەك، ئەو بانگەشەیەی دەڵێت هەموو شتێك لە ئابووریدا کورت دەبێتەوە، بێگومان ئاماژەیە لەسەر شتێکی ڕوون و ئاشکرا.

8- زیادکراوی وەرگێڕ

لەڕاستیدا، ئەمە هێندە ڕوون و ئاشکرایە قورسە ببینین چۆن دەکرێت کەسێك گومان لەوە بکات. بەر لەوەی بتوانین هیچ کارێك بکەین، سەرەت پێویستمان بە خواردن و خواردنەوە هەیە. هەروەها پێویستمان بە جلوبەرگ و پەناگایەك هەیە، لانیکەم ئەگەر دەمانەوێت لە شارێکی وەك شەفێڵد بژین نەك لەنێو هۆزەکانی ساموادا. مارکس لە ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانیدا دەنووسێت یەکەم ئەکتی مێژوویی، بەرهەمهێنانی ئامرازە زەرووورییەکانە بۆ دابینکردنی پێداویستییە مادی و ماتریالییەکانی ئێمە. تەنها دوای ئەوە دەکرێت فێر ببین ئامێری بانجۆ بژەنین، شیعرییە ئیرۆتیکییەکان بنووسین و نەخش و نیگار لەسەر دیوارەکان بکێشین. کار ژێرخانی کولتوورییە. بەبێ بەرهەمهێنانی مادی و ماتریالی، هیچ شارستانێتییەك بوونی نییە.

بـەڵام، مارکسیزم بانگەشەکەی لەمەش زیاترە. مارکسیزم دەیەوێت بەڵگەی ئـەوە بهێنێتەوە بەرهەمهێنانی مـادی و ماتریالی تەنها ئەو مانایە بونیادییە نابەخشێت، کە بەبێ ئەوە هیچ شارستانێتییەك بوونی نییە، چونکە لە دواجـاردا ئـەوە بەرهەمهێنانی ماتریالییە سروشتی ئەو شارستانێتییە دەستنیشان دەکات. جیاوازی هەیە لەنێوان ئەوەی بڵێین قەڵەم یان کۆمپیوتەر بۆ نووسینی ڕۆمانێك زەرووورییە لەبری ئەوەی بانگەشەی ئەوە بکەین قەڵەم یان کۆمپیوتەر بەجۆرێك ناوەرۆکی ئەو ڕۆمانە دیاریدەکات. بانگەشەی دووەم زۆر ڕوون و ئاشکرا نییە، وەك بڵێیت هاوتا مارکسیستییەکەی لەلایەن هەندێك لە بیرمەندە دژەمارکسیستییەکانیشەوە پشتیوانی لێدەکرێت. جۆن

گرەی فەیلەسوف، کە هەرگیز ناتوانین بەهیچ پێوەرێك وەك بەرگریکاری ڕاشکاوی مارکسیزم سەیری بکەین، دەنووسێت "لەو کۆمەڵگایانەی تیایاندا بازاڕ باڵادەستە... نەك هەر تەنها چالاکیی ئابووری جیایە لە بەشەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی، بەڵکو کۆی کۆمەڵگا ڕێکدەخات و هەنکێجار هەیمەنەی بەسەردا دەکات"[1]. مارکس ئەو بابەتە بەسەر کۆی مێژوودا دەگشتێنێت، کە گرەی کورتی دەکاتەوە بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی تیایاندا بازاڕ باڵادەستە.

ڕەخنەگرانی مارکس وەك فۆرمێکی کورتکردنەوەگەرایی(reductionism) سەیری بانگەشە گەورەترەکەی ئەو دەکەن، چونکە لای ئەوان ئەم بانگەشەیە هەموو شتەکان بۆ تاکە فاکتەرێك دەگەڕێنێتەوە. و ئەمەش بەڕوون و ئاشکرایی وەك بانگەشەیەکی توندوسەرسەخت دەردەکەوێت. چۆن دەکرێت فرەیی سەرسوڕهێنەری مێژووی مرۆڤایەتی بۆ ئەم شێوە و ڕێگایە دابەزێنرێت. بێگومان فرەیەك لە هێزەکان لەمێژوودا کار دەکەن کە هەرگیز ناتوانین بۆ پرەنسیپێکی نەگۆڕ و وەستاو کورتیان بکەینەوە. بەڵام دەکرێت بپرسین ئایا ئەم بەشەی پلۆرالیزم دەبڕێتەوە و دەوەستێت؟ ئەی ئایا هەرگیز ناتوانین هیچ تاکە فاکتەرێك لە دۆخە مێژووییەکاندا بدۆزینەوە کە لە فاکتەرەکانی دیکە گرنگتر بێت؟ بێگومانم ئەم بابەتە بەئاسانی قوت ناچێت. دەتوانین تاڕۆژی حەشر دەربارەی

هۆکارەکانی شۆڕشی فەڕەنسا مشتومڕ [و چەلەحانێ][9] بکەین، بەڵام هیچ کەسێك بیر لەوە ناکاتەوە لەبەر گۆڕانی بایۆکیمیایی لە مێشکی فەرەنسییەکاندا بەهۆی کاریگەریی زۆر خواردنی پەنیرەوە شۆڕشی گەورە ڕوویدابێت. تەنها ژمارەیەکی کەمی خورافەپەرستانی نائاسایی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بورجی کاوڕ بووەتە هۆی ڕوودانی شۆڕشی فەرەنسا. هەمووان ئەوەیان قبوڵە هەندێك لە فاکتەرە مێژووییەکان لە هەندێکی دیکەیان کاریگەرییان زیاترە. ئەمە دژایەتیی بوونی پلورالیستییانە ناکات، لاینکەم دژایەتیی یەکێك لە ماناکانی ئەم زاراوەیــە ناکات. چونکە لە هەمانکاتدا دەکرێت ئەوە قبوڵ بکەین، کە هەر ڕووداوێکی گرنگی مێژوویی دەرەنجامی فرەیەك لە هێزەکانە. بەکورتی بابەتەکە تەنها ئەوەیە کە ناکرێت بەئاسانی باوەڕمان بە گرنگییەکی یەکسان بۆ هەموو ئەم هێزانە هەبێت.

هەر لەبەر ئەمە دەتوانین فرەدریك ئەنگڵس بە پلورالیست لەقەڵەم بدەین. ئەنگڵس بەقوڵی ئـەوەی ڕەتـدەکـردەوە کە خۆی و مارکس هەرگیز ویستبێتیان بڵێن هێزە ئابوورییەکان تاکە هۆکاری حەتمی و یەکلاییکەرەوەن لە مێژوودا. لای ئەو تەعبیرێکی لەم چەشنە "دەستەواژەیەکی بێ مانا، ئەبستراکت و بێ ناوەرۆکە"[2]. ڕاستییەکەی ئەوەیە هیچ کەسێك بەم مانایە پلۆرالیست نییە کە باوەڕی وابێت لەهەر دۆخێکی فەرزکراودا، هەموو فاکتەرەکان ڕێك وەك کۆی فاکتەرەکانی دیکە حەتمی

9- زیادکراوی وەرگێڕ

و یەکلاییکەرەوەن. هەمووان باوەڕییان بە هیرارشییەت هەیە، تەنانەت سەرسەختترین لایەنگرانی یەکسانیخوازیش. و لەڕاستیدا، هەموو کەسێك باوەڕی بە هیرارشییەتە موتڵەق و نەگۆڕەکان هەیە. زەحمەتە کەسێك بدۆزینەوە کە پێیوابێت ختوکەدانی ئەو کەسەی خەریکە لەبرسان دەمرێت باشترە لەوەی لەبرسێتی ڕزگاریبکەین. کەس بیر لەوە ناکاتەوە درێژیی نینۆکەکانی چارلزی یەکەم فاکتەرێکی گرنگتری لەو فاکتەرە ئایینییانە هەبێت کە بەشداربوون لە جەنگی ناوخۆیی بریتانیادا. من دنیایەك بەڵگەم هەبوو بۆ ئەوەی بۆ بیست دەقە سەری تۆ بخەمە نێو ئاوەوە (سادیزم، وردەکاری زانستی، ئەو کراسە پڕ ئاڵوواڵا سەیرو سەمەرەیەی کە لەبەرت کردبوو، یان هەر ئەو دۆکۆمێنتارییە وەڕەسکەرەی دیسان تەلەڤزیۆن پەخشی کردبوو)، بەڵام هۆکاری سەرەکی و فاکتەری یەکلاییکەرەوە پەیوەندیی بەوەوە هەبوو کە دەمویست زۆر زوو ببمە خاوەنی تەویلەی ئەو ئەسپە ڕەسەنە کە بڕیاربوو لەلایەن تۆوە وەك میرات بۆم بەجێبمێنێت. بۆچی نەڵێین ڕووداوەکانی مەیدانی گشتیش گەلێك پاڵنەر و بزوێنەری سەرەکی و یەکلاییکەرەوەیان هەیە؟

هەندێك لە پلۆرالیستەکان ئەوە قبوڵ دەکەن کە ئەمجۆرە ڕووداوانە لەوانەیە لە هۆکارێکی باڵادەست و حەتمیی تاقانەوە سەرچاوەیان گرتبێت. تەنها نازانن بۆچی ئەم تاقانە فاکتەرە دەبێت کاریگەریی لەسەر کۆی شتەکانی دیکە هەبێت. بێگومان دیوی چاوەڕووانەکراوی ئەو تیۆرییە ئابوورییانەی بەمانایەك دەربارەی مێژوون، ئەوا ئەو ئایدیایە زاڵ و باڵادەستە کە هەموو شتێك و لە

هەموو شوێنێکدا ڕێك بەشێوەیەك مەرجدار و کۆتوبەندە. ئەمە مانای ئەوە نابەخشێت مێژوو دیاردەیەکی تاقانەیە کە بەجۆرێکی موعجیزەئاسا وەك گرانیت لە هەموو شوێنێکدا یەکڕەنگ و یونیفۆرمە. دەکرێت گریمانەی ئەوە بکەین هۆکاری سەرێشەی دوێنێ شەوی من لەو قژەبارۆکە تەسك گاڵتەجاڕییەی مارلین مۆنرۆییەوە هاتبوو کە پێداگریم لەسەر ئەوە دەکرد تا کۆتایی ئاهەنگەکە لەسەرم بێت؛ بەڵام مێژوو دیاردەیەکی تاقانەی وەك سەرئێشە نییە. مێژوو شتێك نییە جگە لە زنجیرەیەك چەوسانەوە و نەگبەتیی بـەردەوام. یەکگرتوویی داستانی پەریەکانی نییە و فۆرمێکی یەکگرتوو بەهیچ گێڕانەوەیەك نابەخشێت. هیچ زنجیرەیەکی بەردەوامی مانا لە سەرتاسەری مێژوودا نادۆزرێتەوە.

پێشتر باسمان لەوە کرد کە زۆر دوورە کەسێك بێت بیر لەوە بکاتەوە هیچ نموونەیەکی قابیلی تێگەیشتن لەکۆی مێژوودا نابینرێتەوە. قورسە بتوانین کەسێك بدۆزینەوە کە بڵێت مێژوو شتێك نییە جگە لە کۆمەڵێك هەراوزەنا و ئاژاوەی پڕ لە ئاشووب و ڕووداو و پێشهات، هەرچەند پێدەچێت فرەدریش نیچە و حەوارییەکەی، میشێل فوکۆ، هەندێك کات تا سەر سنووری بانگەشەیەکی ئاوا دەڕۆن. زۆرینەی خەڵك ئەوە قبوڵ دەکەن کە لەمێژوودا گەلێك زنجیرەی هۆ و ئەنجام، هەرچەند ئاڵۆز و قورس بۆ تێگەیشتن، بوونیان هەیە و بەگومانی ئەوان، ئەم بابەتە تارمایی نموونەیەك بە مێژوو دەدات. بۆ نموونە، ناتوانین باوەڕ بەوە بکەین کە نەتەوە جۆراوجۆرەکان لە پنتێکی مێژوویی دیاریکراودا دەستیان بە داگیرکردنی زەوییەکانی دیکە کرد، بەڵام بەچەند

هۆیەکەوە، هیچ پەیوەندییەکی هاوبەشییان بەیەکترییەوە نەبوو. بێ هۆ کۆیلە ئەفریقییەکان نەنێردرانە ئەمریکا. کاتێك فاشیزم لە سەدەی بیستەمدا کەم تازۆر لەزەمەنێکدا لە چەندین وڵاتی جۆراوجۆر سەریهەڵدا، تەنها دەرەنجامی کۆپیکردنەوەی ئەو شتە لەم شتە نەبوو. مرۆڤەکان بۆ پێکەنینێك خۆیان ناکەنە سوتەمەنیی ئاگری دۆزەخ. نموونەیەکی ڕوونـی یونیفۆرم و یەکڕەنگیی لە سەرتاسەری جیهاندا هەیە کە بەهۆیەوە مرۆڤەکان دەست بۆ کارێکی وەها نابەن.

بێگومان، پرسەکە ئەوە نییە کە دەتوانین نموونەگەلێك لەمێژوودا ببینینەوە یان نا، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە ئایا نموونەیەکی باڵادەست و سەروەر هەیە یان نا. دەکرێت باوەڕ بە مەسەلەی یەکەم بێنن بێ ئەوەی جەخت لەسەر مەسەلەی دووەم بکەنەوە. بۆچی نەڵێین کۆمەڵێك لە نموونە دەستێوەردەرەکان هەن کە هەرگیز لە فۆرمی گشتێکی تاقانەدا تێکەڵ و ئاوێتە نابن؟ ئەی چۆن دەشێت دیاردەیەکی جۆراوجۆر و ڕەنگاوڕەنگی وەك مێژووی مرۆڤایەتی چیرۆکێکی تاقانە و یەکپارچە بهۆنێتەوە؟ ئەو باوەڕەی دەڵێت بەرژەوەندییە ماتریالییەکان بەدرێژایی مێژوو، لە سەردەمی ئەشکەوتنیشنەکانەوە تاکو سەردەمی سەرمایەداری، بەهێزترە لەو باوەڕەی دەڵێت گرنگترین فاکتەری شتگەلێکی وەك ڕژێمی خۆراك، مرۆڤدۆستی، پیاوە گەورەکان، یاری بازدان (pole-vaulting) یان نزیکبوونەوەی هەسارەکان. بەڵام ئەم پرسیارەش لەوە تاکڕەهەندترە کە قەناعەتپێکەر بێت.

مارکس لەو ڕووەوە وەڵامێکی قەناعەتپێکەر دەداتەوە، چونکە باوەڕی وابوو مێژوو هەرگیز بەو جۆرەی وادەردەکەوێت، فرەجۆر و ڕەنگاوڕەنگ نییە. مێژوو چیرۆکێکی یەکدەنگترە لەوەی کە دەبینرێت. لەڕاستیدا دەکرێت جۆرێك یەکێتیی لەنێو مێژوودا ببینرێتەوە؛ بـەڵام نەك یەکێتییەکی وەك یەکێتیی ماڵی بێ حەسانە [ی چارلز دیکنز] یان نیوەڕۆ [ی فرێد زینەمان]، هیچ چێژێك بە مرۆڤ نادات. لە بەشێکی گەورەی مێژوودا، ڕەگەزە یەکێتیبەخشەکانی [ئەو مێژووە] شتگەلێکی وەك دەگمەنی (scarcity)، کاری قورس، توندوتیژی و چەوساندنەوە بوون. و هەرچەندە ئەم شتانە فۆرمگەلی جۆراوجۆر و جیاوازییان بەخۆیانەوە گرتووە، ئەمانە تا ئێستا بونیاد و بناغەی کۆی شارستانێتییە جێگیرکراوەکان لە مێژوودا بـوون. هەر ئەم دووبارە بوونەوەیە وەڕەسکەرە و ئازاردەرەیە یەکگرتوویيەکی لەڕادەبەدەری ویستی ئێمەی بە مێژووی مرۆڤایەتی بەخشیوە. لەڕاستیدا، گێڕانەوەیەکی گەورە هەیە و بەداخەوە، کە بەم چەشنەیە. بەو جۆرەی تیۆدۆر ئادۆرنۆ گوتوویەتی ”هەموو ئەو شتانەی تا ئەمڕۆ بـەردەوام – لەگەڵ هەناسەدان و جادووی ناوبەناو – بوونی هەبووە و هەیەتی، ئەگەر لەڕووانگەیەکی هۆئەنجامناسییانەوە (teleologically) لێی بڕوانین، شتێك نییە جگە لە موتڵەقی ئازار“. گێڕانەوەی گەورەی مێژوو بریتی نییە لە گێڕانەوەی پێشکەوتن، عەقڵ یان ڕۆشنگەری، بەڵکو داستانی ئەفسانەیی ماخولیاییە کە بە قەولی ئادۆرنۆ ”لە [سەردەمی] تیروکەوانەوە بە چەکی ئەتۆم“[3] کۆتایی دێت.

دەکرێت ئـەوە قبوڵ بکەین توندوتیژی و کـاری قورس و چەوساندنەوە بەشێکی گـەورەی مێژووی مرۆڤایەتی پڕ کـردووەتـەوە بەبێ ئـەوەی ئەوانە بە بونیاد و بناغەی ئەم مێژووە دابنێت. لای مارکسیستەکان ئەم شتانە لەو ڕووەوە ئاوان کە بەستراونەتەوە بە مانەوەی جەستەیی ئێمەوە. ئەمانە تایبەتمەندییە پتەو و پایەدارەکانی ڕێگای پاراستنی ژیان و بوونی ئێمە بوون. ناکرێت قبوڵی بکەین ئەمانە بەڕێکەوت ڕوویانداوە. ئێمە باسی کـردەوەکـانـی وێـرانـکـردن و پەراکەندەکردنی وەحشیگەرانە یان شەڕانگێزی و دەستدرێژی ناکەین. لەو ڕووەوە گوتمان ئەو شتانە هەڵگری زەرووره‌تێکن، چونکە تێکەڵی کرۆکی بونیادەکانی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی ژیانی مادی و ماتریالیی ئێمە بوون. تەنانەت ئەگەر ئاواش بێت، هیچ مارکسیستێك بیر لەوە ناکاتەوە ئەمە ئەو هێزانەن کە بێ چەندوچوون هەموو شتێك دروست دەکەن. ئەگەر بەڕاستی ئەم هێزانە حەتمییەتییان هەبووایە، ئەوسا دەبووایە بڵێین گرانەتا، پرچی شێوەئەسپی(ponytail)، پێکەنینی بێ هۆ، سۆفیگەرایی، ئینجیل بەگێڕانەوەی مەتای باخ، ڕەنگکردنی نینۆکەکانی پەنجەی پێتان، و ڕەنگی ئەرخەوانی عەجیب و غەریب، هەموویان ڕەنگدانەوەی هێزە ئابوورییەکانن. لەم حاڵەتەدا هیچ خەباتێك ئەگەر ڕاستەوخۆ بزوێنەرە ئابوورییەکانی نەبووبێت و هیچ ئیشێکی هونەری کە دەربـارەی خەباتی چینایەتی بێلایەنی هەڵبژێرێت، قابیلی بیرلێکردنەوە نەدەبوو.

خودی مارکسیش هەندێکجار وا قسە دەکات وەك بڵێیت مەیدانی سیاسەت هیچێك نییە جگە لە ڕەنگدانەوەی قەڵەمڕەوی ئابووری. سەرباری ئەمە، ئەو بەگشتی لێکۆڵینەوە لە بزوێنەرە کۆمەڵایەتی، سیاسیی یان میلیتارییەکانی ڕووداوە مێژووییەکانیش دەکات، و بچووکترین ئاماژە ناکات بەوەی ئەم بزوێنەرانە تەنها دیوی ڕووکەشیینەی بزوێنەرە قوڵترەکانی ئابوورین. هێزە ماتریالییەکان هەندێکجار ڕاستەوخۆ مۆرکی خۆیان لەسەر سیاسەت، هونەر و ژیانی کۆمەڵایەتی دەدەن. بەڵام بەگشتی لە درێـژمـاوەدا و بەشێوەیەکی شـاراوە کاریگەری دادەنێن. هەندێکجار ئەم کاریگەرییە تەواو لاوەکییە و هەندێکجاری دیکە باسکردنی ئەم کاریگەرییانە هیچ مانایەکی نییە. ئاخر، شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارانە چۆن دەتوانێت چێژ و سەلیقەی من بۆ بۆینباخ دەستنیشان بکات؟ و چۆن دەتوانێت چۆناوچۆنیی فڕین بە پەڕەشوت (hang-gliding) و ئاوازی جازی باڕی شەوانە دیارییبکات(twelve-bar)؟

کەواتە، هیچ جـۆرە کورتکردنەوەگەراییەك بوونی نییە. سیاسەت، کولتوور، زانست، ئایدیاکان و بوونی کۆمەڵایەتی هەرگیزاوهەرگیز بەڵگەی بوونی ئابووریی نین لە بەرگێکی ساختەدا، هـەروەهـا بەپێچەوانەی ڕوانینی هەندێك لە نیرۆسناسەکان(neuroscientists) زەینیش(mind) مێشك (brain) نییە لە بەرگێکی گۆڕاو و ساختەدا. ئەمانە هەموویان واقیعی تایبەت بەخۆیان هەیە، هەریەکێکیان مێژووی پەرەسەندن و گەشەسەندنی تایبەت بەخۆی هەیە، و بەپێی

لۆژیکی ناوەکییانەی خۆی کار دەکات. ئەوانە تەنها ڕەنگادنەوەی شتێکی دیکە نین و لەخۆیاندا بەشداری لە هێزی دروستبوونی شێوازی بەرهەمهێناندا دەکەن. وەك دواتر دەیبینین هاتن و چوون لەنێوان "ژێرخان"ی ئابووری و "سەرخان"ی کۆمەڵایەتیدا هەرگیز شەقامێکی یەکئاراستە نییە. کەواتە ئەگەر لێرەدا باس لەجۆرێك دیتێرمینیزمی میکانیکیی (حەتمییەتی میکانیکی) ناکەین، ئەی بانگەشەکەمان چ جۆرە بانگەشەیەکە؟ ئەی ئایا ئەم بانگەشەیە هێندە ناڕوون و گشتییە کە نەکرێت لە سیاسەتدا گەرەنتی پیادەکردن و جێبەجێکردنی هەبێت؟

بانگەشەکەمان لە هەنگاوی یەکەمدا بانگەشەیەکی نێگەتیڤە. کێشەکە ئەوەیە شێوازی بەرهەمهێنانی ژیانی ماتریالی سنوور بۆ جۆرێك دامەزراوە کولتووری، یاسایی، سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەمهێنەراندا دادەنێت. زاراوەی "دیاریکردن/خەسڵەتپێدان" (determine) بەشێوەیەکی حەرفی مانای "سنووردانان" (set limits) دەبەخشێت. شێوازەکانی بەرهەمهێنان جۆرێکی دیاریکراوی سیاسەت، کولتوور یان کۆمەڵەی ئایدیاکان نیشان نادەن. سەرمایەداری هۆکاری حەتمیی فەلسەفەی جۆن لۆك یان ڕۆمانە داستانییەکانی جین ئۆستین نەبوو، چوارچێوە یان پانتاییەك بوو، کە لە سیاقەکەیدا دەتوانین هەردووکیان بەڕوونی ببینین. هەروەها بەو جۆرەش نییە کە شێوازەکانی بەرهەمهێنان تەنها ڕێگا بەو ئایدیایانە یان دامەزراوانە دەدات دەربکەون، کە لە خزمەتی مەبەستەکانی ئەواندا بن. ئەگەر بەمجۆرە بووایە، ئـەوا مەحاڵ بوو خـودی مارکسیزمیش دەربکەوێت. ئەمە

دەبووە نهێنی کە سەرچاوەی ڕاستەقینەی شانۆی سەرشەقامی ئەنارشیست لەکوێوە دێت، یان تۆماس پەین [نووسەری سیاسیی و شۆڕشگێڕی ئینگلیزی، 1809-1739] چۆن بەو دەرەنجامە گەیشت تاکو یەکێك لە پڕفرۆشترین کتێبەکانی کۆی مێژوو - جاڕنامەی شۆڕشگێڕی مافەکانی مرۆڤ - ڕێك لە لوتکەی دەسەڵاتی دەوڵەتی پۆلیسی و سەرکوتکەریدا بنووسێت، کە لە بریتانیا لە ڕۆژگاری ئەودا باڵادەست بوو. تەنانەت ئەگەر وابووایە دیسان لە کەشفکردنی ئەم خاڵەدا تووشی گێژبوون دەهاتین کە کولتووری بریتانیا جگە لە نموونەکانی تۆماس پەین و گروپەکانی شانۆی ئەنارشیستی هیچ دەستکەوتێکی دیکەی نەبوو. زۆرینەی ڕۆماننووسان، توێژەرانی ئەکادیمی، ڕیکلامچییان، ڕۆژنامەنووسان، مامۆستایان، و پرۆگرامسازانی تەلەڤزیۆنی هیچ کارێك بەرهەم ناهێنن کە بەڕاستی خزمەت بە وێرانکردن و ئاوەژووکردنەوەی دۆخی باڵادەست بکات. ئەم حەقیقەتە هێندە ڕوون و ئاشکرایە کە بە بۆچوونی ئێمە شتێکی گرنگ و مانادار نییە. قسەکەی مارکس بەڕوون و ئاشکرایی بریتییە لەوەی ئەم شتە لەڕاستیدا ڕێکەوتێکی ڕووت نییە. و لێرەدا دەتوانین ڕەهەندی پۆزەتیڤتری بانگەشەکەی ئەو فۆرمولە بکەین. بەگشتی، کولتوور، یاسا و سیاسەتی کۆمەڵگای چینایەتی بەستراونەتەوە بە بەرژەوەندییەکانی چینی کۆمەڵایەتی باڵادەستەوە. بە قەولی خودی مارکس لە ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانیدا "ئەو چینەی هێزی ماتریالیی باڵادەستە بەسەر کۆمەڵگادا، لە هەمانکاتدا هێزی فیکری باڵادەستیشە".

زۆرینەی خەڵك، ئەگەر بۆ ساتێك بووەستن و بیربکەنەوە، بە ئەگەرەوە ئەوە قبوڵ دەکەن کە کاروکاسپی بەرهەمهێنانی ماتریالی بە شان و شکۆیەکی وەهاوە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا وەستاوە، هێندە کات و وزەی مرۆڤی بردووە، چەندین ململانێی هێندە بکوژانەی خستووەتەوە، ژیانی ئینسانی لەوانەیە لە بێشکەوە تا گۆڕی بەخۆیەوە مەشغووڵ کردووە، و هێندە لە بەرانبەریاندا وەك مەسەلەی مەرگ و ژیان دەرکەوتووە، کە جێگای کەمێك سەرسوڕمان بوو ئەگەر نیشانەیەکی خۆی لەسەر ڕەهەندەکانی دیکەی بوون و ژیانی ئێمە دانەنابایە. دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە دڵڕەقانە بەرەو ئاستی بەرهەمهێنانی ماتریالی دەبردرێن. پرۆسەی ماتریالی سیاسەت، یاسا، کولتوور و ڕەوتـی ئایدیاکانی دیکە دەخاتە دەرەوەی پێوەرەکانی خۆیان، چونکە داوا لەوانە دەکات لەبری ئەوەی هەوڵ بدەن گەشەیەکی زیاتر بکەن، کاتی خۆیان بۆ ڕەوایەتیدان بە نەزمی کۆمەڵایەتیی باڵادەست تەرخان بکەن. بیر لە سەرمایەداریی هـاوچـەرخ بکەنەوە، کە تیایدا فۆرمی کاڵایی کاریگەریی دەستی پیسی خۆی لەسەر هەموو شتێك داناوە، لە وەرزشەوە بیگرە تا دەگاتە سێکسوالیتە، لەوەوە بیگرە کە چۆن خۆمان بگەیەنین بە کەشکەڵانی فەلەك تاکو دەگاتە هاتوهاواری گوێ کەڕکەری ڕیپۆرتەرەکانی تەلەڤزیۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە دەیانەوێت سەرنجی بینەران بۆ ڕیکلامە بازرگانییەکان ڕابکێشن. یەکلاییکەرەوەترین جەختکردنەوەی تیۆریی مێژوویی مارکس بریتییە لە خودی کۆمەڵگای سەرمایەداریی دواتر. بە مانایەك،

دەتوانین بڵێین بەتێپەڕینی کات تیۆرییەکەی ئەو زیاتر لەجاران دەسەلمێنرێت. ئەوە مارکسیزم نییە، بەڵکو سەرمایەدارییە کە هەموو شتەکان کورتدەکاتەوە بۆ ئابووری. ئەوە سەرمایەدارییە باوەڕی بە بەرهەمهێنان لە بەرژەوەندیی بەرهەمهێناندا هەیە، ئەویش بە مانایەکی سنووردارتری وشەی "بەرهەمهێنان".

لە بەرانبەردا مارکسیش باوەڕی بە بەرهەمهێنان لە بەرژەوەندیی بەرهەمهێناندا هەیە، بەڵام بە مانایەکی قوڵتری وشەکە. باس لەوە دەکات کە خۆ-ڕیاڵیزەکردنی مرۆڤ دەبێت وەك ئامانجێکی لەخۆدا هەڵبسەنگێنرێت و نابێت ئەوە تا ئاستی ئامرازی گەیشتن بە ئامانجێکی دیکە کورت بکەینەوە. بۆیە، ئەگەر مانای سنووردارتری بەرهەمهێنان لەبەرژەوەندیی بەرهەمهێناندا باڵادەست بێت، ئەوا مارکس بیر لەوە دەکاتەوە کە هەرگیز ناکرێت خۆ-ڕیالیزەکردن وەك ئامانجێکی لەخۆدا حساب بکرێت - چونکە لەو حاڵەتەدا بەشێکی گەورەی هێز و توانای داهێنەرانەی ئێمە لەبری ئەوەی تەرخانبکرێت بۆ چێشتنی تامی خودی ژیان، تەرخاندەکرێت بۆ بەرهەمهێنانی ئامرازەکانی دابینکردنی ژیان. دەبێت بەشێکی گەورەی مارکسیزم لەنێو ململانێی نێوان دوو بەکارهێنانی دەستەواژەی "بەرهەمهێنان لەبەرژەوەندیی بەرهەمهێنان"دا ببینینەوە - یەکێکیان بە مانا ئابوورییەکەی و ئەویدیکەیان بە مانای داهێنان یان هونەریی. مارکس نەك هەر نەیدەویست هەموو شتەکان بۆ ئابووری کورت بکاتەوە، بەڵکو ڕەخنەگرێکی سەرسەختی ئەو ڕەوت و ڕێبازە بوو کە کۆی پرۆسەی بەرهەمهێنان بۆ سەر ئاستی تراکتۆرەکان

و توربینەکان دادەبەزێنێت. ئەو بەرهەمهێنانەی لای ئەو گرنگ بوو، زیاتر لە هونەر دەکات وەك لەوەی خەریکی دابینکردنی پارچەکانی ڕادیۆ ترانزیتۆرییەکان یان لەناوچوونی مەڕەکان لە کوشتارگەکاندا. کەمێك دواتر دەگەڕێینەوە سەر ئەم بابەتە.

سەرباری هەموو ئەمانە، ئەوەش ڕاستە کە مارکس پێداگریی لەسەر ڕۆڵی سەنترالی فاکتەرە ئابوورییەکان (ئەویش بەمانای وردی وشەکە) لە ڕەوتی مێژوودا تا ئەمڕۆکە دەکاتەوە. بەڵام ئەم بۆچوونە هەرگیز بەتەنها پەیوەندیی بە مارکسیستەکانەوە نییە. سیسرۆن دەیگوت ئامانجی سەرەکیی دەوڵەت پارێزگاریکردن و هێشتنەوەی خاوەندارێتیی تایبەتییە. تیۆریی "ئابووری"ی مێژوو لە سەردەمی ڕۆشنگەریی سەدەی هەژدەهەمدا وەك تیۆرییەکی ئاسایی و لەکارکەوتوو حساب دەکرا. ژمارەیەکی بیرمەندانی سەردەمی ڕۆشنگەری دەیانگوت مێژوو بریتییە لە شانۆی بەدوایەکداهاتنی شێوازەکانی بەرهەمهێنان. هەروەها باوەڕیان بەوە هەبوو بە پێوەرەکانی شێوازی بەرهەمهێنان دەتوانن ئاستەکان، ستایلەکانی ژیان، نایەکسانییەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەم لەنێو ماڵدا و هەم لەنێو حکومەتدا ڕوون بکەنەوە. لای ئادەم سمیس هەر قۆناغێکی پرۆسەی گەشەکردن و پەرەسەندنی ماتریالیی لە مێژوودا، فۆرمە یاسایی، خاوەندارێتی و حکومەتییە تایبەتییەکانی خۆی بەرهەم دەهێنێت. ژان ژاك ڕۆسۆ لە نامیلکەی گوتار دەربارەی نایەکسانیدا دەڵێت خاوەندارێتی، جەنگ و چەوساندنەوە و ململانێی چینایەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. هەروەها پێداگریی لەسەر ئەوە دەکات ئەو

شتەی پێیدەگوترێت پەیمانی کۆمەڵایەتی فێڵ و تەڵەکەیەکە دەوڵەمەندەکان بۆ پاراستنی ئیمتیازاتە تایبەتییەکانی خۆیان بەسەر هەژاراندا دەیسەپێنن. ڕۆسۆ باس لە کۆمەڵگایەك دەکات لە سەرەتای پەیدابوونییەوە زنجیر لەپێی لاوازەکان دەبەستێـت و دەسەڵات ڕادەستی دەوڵەمەندەکان دەکات – ئەو دەسەڵاتانەی "بەجۆرێکی قەرەبوونەکردنەوە ئازادییە سروشتییەکانیان لەناوبردووە و یاسای خاوەندارێتی و نایەکسانییان بۆ ئەبەد داهێناوە... و بەخاتریی بەرژەوەندیی ژمارەیەکی کەمی پیاوانی چڵێس و بەرژەوەندخواز، جۆری مرۆڤیان لەو کاتەوە مەحکوم کردووە بە بێگاری، کۆیلایەتی و بێ نەوایی"[4]. ڕۆسۆ دەڵێت یاسا بەگشتی دژ بە لاوازەکان پشتی بەهێزەکان دەگرێت؛ عەدالەت بەگشتی ئامرازێکی جەنگە بۆ توندوتیژی و هەیمەنە [دەسەڵات]؛ و کولتوور، زانست، هونەر و ئایین بوونەتە ئامرازێکی کاروکاسبیی بۆ بەرگریکردن لە دۆخی باڵادەست و زنجیری کۆیلایەتیی پیاوان و ژنان بە "تاجە گوڵینەکان" دەڕازێننەوە. بەباوەڕی ڕۆسۆ، خاوەندارێتی بریتییە لە ڕیشە و سەرچاوەی هەموو نائاسوودەییەکانی مرۆڤایەتی.

ئابووریناسی گەورەی ئیرلەندیی سەدەی نۆزدەهەم، جۆن ئیلیوت کارنز [1823-1875]، کە دەیگوت سۆسیالیزم بریتییە لە "ئەنجامی سروشتی جەهل و نەزانی لە بواری ئابوورییدا" و خۆی ڕۆژگارێك بە ترادیسیۆنالیسترین ئابووریناسی کلاسیکی سەیر دەکرا، لە شوێنێکدا گوتبووی "بەرژەوەندیی و حەزە مادی و ماتریالییەکانی مرۆڤ بەشێکی گەورەی بیروباوەڕ و ڕەفتاری

سیاسیی ئەوان دیاریدەکات"[5]. هەروەها لەپێشەکی کتێبەکەی خۆیدا، دەسەڵاتی کۆیلەکان، دەنووسێت "ڕەوتی مێژوو بەگشتی شێوازی هۆکارە ئابوورییەکان دیاریدەکات". هاونیشتمانییەکەی ئـەو، دەبلیو. ئـی. ئێچ. لەکی، گەورەترین مێژوونووسی ئیرلەندیی سەردەمی خۆی و دوژمنی باوەکوشتەی سۆسیالیزم، دەنووسێت "هیچ شتێك هێندەی یاسا ڕێکخەرەکانی بردنی مافی خاوەندارێتی، ڕۆڵی لە دروستبوونی شێوازی کۆمەڵایەتیی تاکەکانی کۆمەڵگادا نییە"[6]. تەنانەت زیگموند فرۆیدیش بەهێزەوە بـاوەڕی بە فۆرمێکی حەتمییەتی ئابووری هەبوو. بەبۆچوونی ئەو، ئەگەر کار پێویست نەبووایە، مرۆڤەکان تەواوی ڕۆژەکانییان بە ڤێزەونییەکی موتڵەقەوە بە بێکاری و ڕازیکردنی غەریزەی ژیان و حەز و ئارەزووە لیبیدۆییەکان [شەهوانییەکان] بەسەردەبرد. ئەوە زەرورەتـی ئابوورییە ئێمە لە تەنبەڵیی سروشتیمان جیادەکاتەوە و ناچارمان دەکات خەریکی چالاکیی کۆمەڵایەتی بین.

یاخود سەیری ئەم پەرەگرافە کەمتر ناسراوەی تەفسیرێك، کە لەسەر ماتریالیزمی مێژوویی وەستاوە [نووسینی شاعیر و نووسەر و پزیشکی ئیرلەندیی سەدەی هەژدەهەم، ئۆلیڤەر گۆڵدسمیس] بکەن:

هەموو ئەوانەی [لەکۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا] دەژین، دەبێت قۆناغە جۆراوجۆرەکانی ڕاوکـردن، شوانکارەیی و کشتوکاڵی تێبپەڕێنن، پاشان ئەو کاتەی خاوەندارێتی دەبێتە خاوەن بەها، و دواجار دەبێتە هۆی ستەم و ناعەدالەتی؛ ئەوسا، ئەو کاتەی

ئەو یاسایانەی بۆ ڕێگرتن لە زیانەکان و پارێزگاریکردن لە مافی خاوەندارێتیی [تایبەتی] دەردەکرێن، ئەو کاتەی مرۆڤەکان بەهۆی ئەم یاسایانەوە دەبنە خاوەنی موڵك و ماڵی بێ سنوور، ئەو کاتەی بەمجۆرە ڕازاندنەوە و بەهەدەردان دێتە مەیدانەوە و بۆ ئەبەد داوای نمایشکردنێکی زیاتر دەکات، دوای ئەمەیە کە زانستەکان دەبنە شتێکی زەرووری و بەکەڵك؛ و دەوڵەت بەهۆی ئەوانەوە ناتوانێت درێژە بە ژیانی خۆی بدات...[7].

ئەمانە ڕامانەکانی مارکسیستێك نین بە ستایلی پەخشانێکی کۆنەوە، بەڵکو بیرکردنەوە مەترسیدارەکانی نووسەری ئیرلەندیی سەدەی هەژدەهەم ئۆلیڤەر گۆلدسمیسە کە لایەنگر و عابدی حزبی کۆنزەرڤاتیڤی بریتانی بوو. لەو ڕووەوە ئیرلەندییەکان هێندە مەیلییان بۆ ئەو شتە هەبوو کە پێیدەگوترا تیۆریی ئابووریی مێژوو، کە نەدەتوانرا لە کۆڵۆنییەکی خراپ و نزم و ژێر دەسەڵاتی چینی زەویدارانی بریتانی-ئیرلەندی ژیان بکرێت و چاوپۆشی لەمجۆرە کێشانە بکرێت. لە بریتانیا بەو ڕووە سەرخانە کولتوورییە ئاڵۆزەیەوە کێشە و مەسەلە ئابوورییەکان بە ڕاشکاوی کەمتر لە کاری شاعیران و مێژوونووساندا دەردەکەوت. ئەمڕۆ زۆرێك لەوانەی بەچاوێکی سوکەوە لە تیۆریی مێژووی مارکس دەڕوانن، گەرچی لە پراکتیکدا بەجۆرێك ڕەفتار دەکەن لە ڕەفتارەکانییانەوە وادەردەکـەوێـت کە تیۆرییەکە ڕاستە. ئەو خەڵکانە دەناسنەوە: بانکدارەکان، ڕاوێژکارە داراییەکان، خەزێنەدارە ڕەسمییەکان، بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا بازرگانییەکان

و نموونەکانی. تەواوی کارەکانی ئەوان بەڵگەیە لەسەر ئەوەی باوەڕێکی پتەویان بە ئەولەویەتی ژێرخانیی ئابووری هەیە. ئەوان بەبێ ئەوەی ئاگایان لەخۆیان بێت لە زگماگەوە مارکسیستن.

جێی خۆیەتی لەقاڵبی لێکچوونێکی خۆشدا ئەوە ئیزافە بکەین کە "تیۆریی ئابووریی مێژوو" لە مانچستەر و دەوروبەریدا لەدایکبوو، واتا ڕێك لە زادگای سەرمایەداری پیشەسازیدا. ئەنگڵس دەڵێت ئەو کاتەی لە شاری مانچستەر ژیاوە، بۆیەکەمین جار ئاگایی سەبارەت بە ڕۆڵی سەنترالی ژێرخانی ئابووری بەدەست هێناوە. وەك دەزانین، لەو شوێنەی باوکی ئەو بەڕێوەبەری کارگەیەك بوو لەو شارەدا و بەم هۆیەوە پشتیوانی دارایی هەم لە ئەنگڵس و هەم (زۆربەی کات) لە خودی مارکس دەکرد، دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە وردە وردە ڕیشەی لە زەینی ئەو داکوتا. ئەنگڵس وەك پیاوێکی دەوڵەمەند ڕۆڵی ژێرخانی مادی و ماتریالی بۆ سەرخانی فیکری مارکس دەگێڕا.

ئەو بانگەشەیەی بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ڕوانگەی مارکس بریتییە لەوەی "ئابووری" هەموو شتێك دیاریدەکات، هەوڵێکی پووچ و بێمانایە بۆ لەڕادەبەدەر سادەکردنەوەی بابەتەکە. لای ئەو، ئەوە خەباتی چینایەتییە کە ڕەوتی مێژوو دروست دەکات؛ و ناکرێت چینەکان بۆ فاکتەرە ئابوورییەکان کورت بکرێنەوە. بەڵێ، دروستە مارکس بەگشتی چینەکان وەك ئەو گروپانەی لە پیاوان و ژنان پێکهاتوون سەیر دەکات، کە لەچوارچێوەی شێوازێکی بەرهەمهێناندا پێگەیەکی یەکسانیان هەیە. بەڵام ئەمە گرنگە کە باسەکە دەربارەی

چینە کۆمەڵایەتییەکانە نەك چینە ئابوورییەکان. مارکس هەر تەنها باسی شۆڕشی "کۆمەڵایەتی" ناکات، بەڵکو هەروەها باس لە پەیوەندییە "کۆمەڵایەتی"یەکانی بەرهەمهێنان دەکات. و ئەگەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەمهێنان ئەولەویەتییان بەسەر هێزە بەرهەمهێنەرەکاندا هەیە، چۆن دەکرێت بانگەشەی ئەوە بکەین ئەو شتەی کە بووەتە مۆرکی ژێرخانی "ئابووری"، بزوێنەری یەکەم [یان هەمان "هۆکاری یەکەم"(=خودا) لەفەلسەفەی ئەرستۆدا]ی مێژووە.

چینەکان تەنها لـە کانەکانی خـەڵـووزی بـەردیـن و نووسینەگەکانی بیمەدا نین. ئەوان هێشتا فۆرمولەبەندییە کۆمەڵایەتییەکانن و بەو ئەندازەیەی بوونەوەرگەلی ئابوورین، ئەوا بریتین لە کۆمەڵە ئینسانییەکان. گەلێك دابونەریتی خۆیان هەیە، نەریتگەلێك، دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، کۆمەڵێك لە بەها و هابیتووسە فیکرییەکان. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، دیاردەگەلێکی سیاسیین. و ئەگەر ڕاستیتان بوێت، دەکرێت لە نووسینەکانی مارکسدا ئاماژەگەلێك بۆ ئەم مانایە بدۆزنەوە، کە چینە مەحرومکراوەکان لە نوێنەرایەتیی سیاسیی بە مانای تەواوی وشەکە لەبنەڕەتدا چین نین. پێدەچێت ئەو ویستبێتی بڵێت، هەر چینێك بەڕاستی ئەو کاتە دەبێتە چین، کە لە بوونی خۆی وەك چینێك بەئاگا بێتەوە. چینەکان لەنێو دڵی خۆیاندا، پرۆسەگەلێکی یاسایی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، سیاسیی و ئایدیۆلۆژییان هەڵگرتووە. بەمجۆرە مارکس باوەڕی وایە لە کۆمەڵگاکانی بەر لە سەرمایەداریدا ئەم فاکتەرە نائابوورییانە

گرنگییەکی لـەڕادەبـەدەریـان هەیە. چینەکان بوونێکی یونیفۆرمیان نییە، بەڵکو فرەیی و جۆراوجۆریی ناوەکیی زۆریان هەیە.

سەربارى ئەمە، بەو چەشنەی بە کورتی باسی دەکەین، کار بۆ مارکس شتێکە گەورەترە لە چالاکیی ئابووری. تێگەیشتن لە کار لەنێو ئەنترۆپۆلۆژییەکی گشتیدایە - تیۆرییەك دەربارەی ئەجێنسی (عاملیت یان کارگوزاری)ی مرۆڤ و سروشت، جەستە و پێداویستییەکانی، سروشتی هەستەکانی، ئایدیاکانی هەرەوەزیی کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی تواناکانی تاکەکەس. ئەمە هەر ئەو ئابوورییە نییە، کە وال ستریت ژۆرنال دەیناسێت و باسی دەکات. ئێوە شتێکی وەها دەربارەی "بوونی جۆری مرۆڤ" لە فاینەنشیاڵ تایمز ناخوێننەوە. هەروەها کار دەرگیری جێندەر، سێکسوالیستە، خزمایەتی و سێکسوالیتەیە. پرسیارەکە ئەمەیە چۆن زەحمەتکێشان لە هەنگاوی یەکەمدا دروست دەبن، و چۆن پێداویستییە مادی و مەعنەوییەکانیان دابین دەکرێت. بەرهەمهێنان لە ناوەوەدا فۆرمگەلێکی تایبەتیی ژیان هەڵدەگرێت و بەمجۆرە پڕە لە مانای کۆمەڵایەتی. مادام کار هەمیشە مانا و نیشانە دەخوڵقێنێت و ئینسانەکان ئاژەڵگەلێکن پێویستییان بە مانا هەیە یان نیشانە دروست دەکەن، ئەوا هەرگیزا ناکرێت کار تەنها وەك شتێکی تەکنیکی یان مادی سەیر بکرێت. دەتوانن ئەوە وەك ڕێگایەك بۆ ستایشکردنی خودا، بەرزڕاگرتنی خاکی باووباپیران یان بەدەستهێنانی پارە بۆ بیرەی شەوانە، سەیربکەن. بە کورتی، ئابووری شتگەلێکی زیاتر لەخودی خۆی هەڵگرتووە.

ئابووری کورت ناکرێتەوە بۆ چەندی و چۆنی کاری بازاڕ، بەڵکو پەیوەندیی بە شێوازی بەئینسانبوونی ئێمەوە هەیە و نەك تەنها بریتی بێت لەوەی ئیمە چۆن دەبینە بورسبازێك[8].

کەواتە، چینەکان تەنها ئابووریی نین، دروست بەو جۆرەی سێکسوالیستە تەنها شتێکی شەخسی نییە. لەڕاستیدا، قورسە بتوانین بیر لە شتێك بکەینەوە کە تەنها ئابووریی بێت. تەنانەت دەکرێت سکەکان کۆبکرێنەوە و لەنێو ڕەفەی جامخانەکان و شووشەکاندا نمایش بکرێن و باس لە چۆنایەتییە ئێستاتیکی و جوانیناسییەکەیان بکرێت یان بەخاتری کانزاکەیان، بتوێنرێنەوە. بەهەرحاڵ، قسەکردن دەربارەی پارە وەڵامێکە بۆ ئەو پرسیارەی بۆچی بەم ئاسانییە دەکرێت کۆی بوون و ژیانی مرۆڤ بۆسەر ئاستی ئابووری دابەزێنرێت، چونکە بە مانایەك ئەمە هەر ئەو کارەیە کە پارە دەیکات. دیو یان سووچی جادوویی پارە بریتییە لـەوەی دەوڵەمەندی، بەرچاوی تواناکانی مرۆڤ لە پانتایی ناسك و کەمی خۆیدا کورت دەکاتەوە. دروست بەو جۆرەی دەکرێت لە ژیاندا شتگەلێکی بەبەهاتر لە پارە بدۆزینەوە، بەڵام ئەوە پارەیە کە توانای گەیشتن بە زۆرینەی ئەو شتانە بۆ ئێمە دەستەبەر دەکات. پارە ئەو توانایەمان پێدەدات پەیوەندیی لەگەڵ کەسانی دیکەدا دروستبکەین و ترسێکمان لەوە نەبێت کە لە ژیانی کۆمەڵایەتیماندا لەناکاو بەهۆی برسێتییەوە بمرین. پارە دەتوانێـت شوێنی تایبەتی، تەندروستی، پەروەردە، جوانی، پێگەی کۆمەڵایەتی، جوڵە، ئاسوودەیی، ئازادی، ڕێز و چێژی جەستەیی بۆ ئێمە بکڕێت و لەگەڵیشیداماڵێکی شاهانەیی لە

واروێکشایەر(Warwickshire). مارکس لە کتێبی دەستنووسە ئابووری و فەلسەفییەکاندا بە سەرسوڕمانێکی تەواوەوە باس لە سروشتی ڕەنگاوڕەنگ، گۆڕاو و کیمیایی پارە دەکات، باس لەوە دەکات کە ئایا دەکرێت لەنێو دڵی فۆرمە سادە و ئاساییەکەیەوە بەچاوێکی داخراوەوە جیهانێکی کاڵای ڕەنگاوڕەنگ دەربهێنین. پارە خۆی جۆرێکی کورتکردنەوەگەراییە. کۆی دونیا لەنێو مشتێك سکەی ڕەشدا کۆدەکاتەوە.

بەڵام، وەك بینیمان، تەنانەت سکەکانیش بۆ ئابووریی کورت ناکرێنەوە. لەڕاستیدا، "ئابووری" هەرگیز بەڕووتی دەرناکەوێت. ئەو شتەی بڵاوکراوە داراییەکان پێیدەڵێن "ئابووری" لە تارماییەك بەولاوە شتێکی دیکە نییە. بێگومان هیچ کەسێك تا ئێستا چاوی بە جەماڵی ئەم تارماییە نەگەشاوەتەوە. ئەم ئابوورییە بەشێکی ئەبستراکتیی پرۆسەیەکی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتییە. ئەوە ئەرتەدۆکسە ئابوورییەکانن حەزدەکەن بازنەی فراوانی چەمکی ئابووری تەسك بکەنەوە. لە بەرانبەردا، مارکسیزم بە دەوڵەمەندترین و فراوانترین فۆرمی مومکین، بەرهەمهێنان دەرك دەکات. تیۆریی مارکس دەربارەی مێژوو بەتایبەت لەم ڕووەوە ڕاست و ڕەوانە کە بەخششە ماتریالی و مادییەکان هەرگیز کاڵاگەلێکی مادی نین، بەڵکو بەڵێنی خۆشگوزەرانی و ژیانێکی باشتر بە ئینسانەکان دەدەن. ئەوانە ڕێگای چوونەناوەوەی جیهانی ئەو شتە گرانبەهایانەن لە ژیانی مرۆڤدا. بەم هۆیەوە، ژنان و پیاوان تا دوا هەناسە لەسەر زەوی و دارایی و پارە و سەرمایە خەباتیان کردووە. هیچ کەسێك ئەو بەهایە بۆ ئابووری دانانێت لەو ڕوانگەوەی

کە ئابوورییە، تەنها ئەو کەسانە نەبێت کە ژیانیان لەسەر پیشەییبوونی ئابووری دابین دەکەن. مادام ئەم قەڵەمڕەوەی بوون و ژیانی مرۆڤ گەلێك ڕەهەندی دیکەی بوونی ئەوی لەنێو خۆیدا جێکردۆتەوە، ئەوا دەبێت بڵێین ئابووری ڕۆڵێکی بەم ئەندازەیە گرنگ لە مێژووی مرۆڤدا دەگێڕێت.

مارکسیزم بەگشتی تۆمەتبارکراوە کە بریتییە لە وێنەیەکی پێچەوانەی نەیارە سیاسییەکانی خۆی. دروست بەو جۆرەی سەرمایەداری، مرۆڤ تا ئاستی "ئینسانی ئابووری" دەهێنێتە خـوارەوە، ئەوا لەبەرانبەردا دوژمنە گەورەکەیشی هەر ئەو کارە دەکـات. سەرمایەداری بەرهەمهێنانی مادی و ماتریالی دەگەیەنێت بە ئاست و پلەیەکی خودایی و مارکسیش هەر ئەو کارە دەکـات. بەڵام ئەمە لە خراپ و هەڵەتێگەیشتن لە چەمکی بەرهەمهێنان لە بیری مارکسەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەو پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە بەشێکی گەورەی ئەو شتەی بەناوی بەرهەمهێنان ئەنجام دەدرێت، هەرگیز بریتی نییە لە بەرهەمهێنانی حەقیقی. لای ئەو، پیاوان و ژنان تەنها ئەو کاتە بەمانای ڕاستەقینە بەرهەمهێنان دەکەن، کەلەڕووی ئیختیارەوە بەرهەمبهێنن و بەتایبەت لە بەرژەوەندیی بەرهەمهێناندا. ئەم ئامانجە تەنها لە کۆمۆنیزمدا بە شێوەیەکی تەواو و کامل بەدیدێت؛ تا ئەو کاتەی دەتوانین چێژی داهێنانێکی وەها لە فۆرمێکی تایبەتیی بەرهەمهێناندا لە پێشەوە بکەین، کە بریتییە لە هونەر. مارکس دەنووسێت "جـۆن میڵتۆن بەم هۆیەوە بەهەشتی ونبووی بەرهەمهێنا، کە کرمێکی ئاوریشم ئاوریشم

بەرهەمدەهێنێت. ئەمە بەهۆی چالاکیی سروشتی ئەوەوە بوو»[9]. هونەر وێنەیەکی ئەو کارەیە کە لەخۆی نامۆنەبووە. مارکس حەزی دەکرد نووسینەکانی خۆی بۆ جەختکردنەوە لەسەر کارێکی وەها لەقەڵەم بدات. ئەو لە شوێنێکدا گوتوویەتی نووسینەکانی من "گشتێکی هونەری" دروست دەکەن؛ مارکس (بەپێچەوانەی زۆرینەی شاگردەکانی) بە وەسواسێکی تەواوەوە سەبارەت بە ستایل دەینووسی. ئەو خۆی شیعری دەنووسی، ڕۆمانێکی کۆمیکی ناتەواوایشی نووسی، فراگمێنتێکی درامای شیعری نووسی و دنیایەك دەستنووسی بڵاونەکراوەی دوای خۆی دەربارەی هونەر و ئایین بەجێهێشت. ئەو هەروەها دەیویست بڵاوکراوەیەك دەربارەی ڕەخنەی شانۆیی و نامەیەك دەربارەی جوانیناسی بڵاو بکاتەوە. پانتایی و فراوانی زانیارییەکانی ئەو دەربارەی ئەدەبیاتی جیهان بەڕاستی سەرسامکەر بوو.

کاری مرۆڤ کەمتر بووە لە ڕازیکردن و ڕەزامەندکردن. لەلایەکەوە هەمیشە بە چەشنێك ناچارییانە بووە، لەوانەیە ئەم ناچارکردنە تەنها لە زەرووڕەتی مانەوەوە سەرچاوەی گرتبێت. لەلایەکی دیکەوە، کاری مرۆڤ لە کۆمەڵگا چینایەتییەکاندا بوونی هەبووە و لەم ڕووەوە ئەنجامێکی لەخۆدا نەبووە، بەڵکو ئامرازێك بووە لەبەردەستی دەسەڵات و بەرژەوەندیی ئەوانیدیکەدا. لای مارکس، بەو جۆرەی لای مامۆستاکەی، ئەرستۆ، ژیانی باش لەو چالاکییانەوە دروست دەبێت، کە مرۆڤ بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دەرگیریان دەبێت. باشترین کارەکان ئەوانەن کە بێ هیچ هۆیەك ئەنجام دەدرێن. ئێمە تەنها لەو ڕووەوە ئەو کارانە دەکەین

که چونکه بەجۆرێکی تایبەتی بەهۆی ئاژەڵیبوونەوە ئەوانە دەکەین، نەك لەڕووی ئەرك، عادەت، هەستیاری، ملکەچی بۆ سەرچاوەکانی دەسەڵات، زەروورەتـی ماتریالی، بەرژەوەندیی کۆمەڵایەتی یان لەترسی خاوەن قودرەتی ڕەها. بۆ نموونە، هیچ هۆیەك نییە کە بۆچی دەبێت چێژ لە گفتوگۆی یەکتری وەربگرین، بەڵام کاتێك بەیەکەوە دادەنیشین، یەکێك لە قابیلییەتەکانی ژیانی "بوونی جۆر"ی خۆمان لە هێزەکییەوە دەکەین بە کردەکی. و هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ یەکتریدا لای مارکس دروست وەك چاندنی پەتاتە بە فۆرمێکی بەرهەمهێنان دادەنرێت. پێکەوەیی و هاوبەشیی مرۆڤ (Human solidarity) بۆ ڕیالیزەکردنی ئامانجی گۆڕانی سیاسیی زۆر زەروورە؛ بـەڵام کـاری ئەم بەیەکەوەییە ئامانجێکی لە دەرەوەی خۆیدا نییە. دەکرێت ئەم مانایە زۆر بەڕوونی لەیەکێك لە بەندە جوڵێنەرەکانی دەستنووسە ئابووری و فەلسەفییەکانی 1844دا ببینینەوە:

کاتێك کرێکارانی کۆمۆنیست کـۆدەبـنـەوە ئامانجی ڕاستەوخۆیان بریتییە لە پەروەردە و فێرکردن، پروپاگەندە و برەودان و هتد. بەڵام لە هەمانکاتدا، ڕووبەڕووی پێداویستیی نوێ دەبنەوە – پێویستبوون بە کۆمەڵگا – و ئەوەی پێشتر وەك ئامرازێك دەرکەوتووە، دەگۆڕێت بۆ ئامانجێك. دەکرێت بەڕوونترین شێواز ئەم پرۆسەیەی گەشەسەندن و پەرەسەندنییە پراکتیکییە لە ئەنجومەنەکان و کۆبوونەوەی کرێکارانی سۆسیالیستی فەرەنسیدا ببینینەوە. جگەرەکێشان، خواردن، خواردنەوە، و هتد چیتر ئامرازگەلێك نین بۆ خوڵقاندن و

دروستکردنی لینکێك لە نێوان خەڵکدا. هەر ئەم بەیەکەوەبوون، بەیەکەوەدانیشتن، و بەیەکەوەقسەکردنە کە بەنۆرەی خۆی ئامانجەکەی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی [خوازراوە]، بۆ ئەوان کافییە. برایەتیی مرۆڤ دەستەواژەیەکی بەتاڵ نییە، بەڵکو واقیعییەتێکە، و خانەدانی ئینسان لە ڕووخساری ماندووی کار و دەستی برینداری ئەواندا دیارە[10].

کەواتە بەرهەمهێنان لای مارکس، مانای ڕیالیزەکردنی هێزە جەوهەرییەکانی مرۆڤ لە ڕەوتـی گۆڕانی پراکتیکی واقیعدا دەبەخشێت. ئەو لە گرۆندریسەدا باس لەوە دەکات کە سامانی ڕاستەقینە شتێك نییە جگە لە "بەگەڕخستنی موتڵەقییانەی هەموو پۆتێنشیەلە داهێنەرانەکانی مرۆڤ"، "واتا گەشەپێدانی کۆی هێزە مرۆییەکان وەك ئامانجێکی لەخۆدا، بێ ئەوەی بە پێوەرێکی لەپێشدا دیاریکراو هەڵسەنگێندرابێت"[11]. ئەو لە سەرمایەدا دەنووسێت "لەودیوی مێژووی کۆمەڵگا چینایەتییەکاندا، دەکرێت ئەو جۆرە گەشەکردنەی هێزە مرۆییەکان دەستپێبکات کە دەبێتە ئامانجێکی لەخۆدا یان هەمان قەڵەمڕەوی ڕاستەقینەی ئازادی"[12]. وشەی "بەرهەمهێنان" لە نووسینەکانی مارکسدا بەسەر هەموو چەشنەکانی چالاکیی خۆ-گەشەپێداندا دەبڕدرێت: ژەنینی فلوت، چێژوەرگرتن لە قۆخێك، چەلەحانێکردن لەسەر ئەفلاتون، سەمای بازنەیی، وتاردان، چالاکیی سیاسیی و بەرپاکردنی جەژنی لەدایکبوون بۆ منداڵەکانی خۆمان. لای مارکس بەرهەمهێنان هەرگیز بریتی نییە لە ماسولکەکان و پیاوانی بەدەست و بازوو. کاتێك مارکس وەك

جەوهەرێکی مرۆیی دەربارەی بەرهەمهێنان دەدوێت، مەبەستی ئەوە نییە کە دەبێت لەنێو کارگەلێکی وەك بەستەبەندیی سوسیجی سووردا بەدوای جەوهەری مرۆییدا بگەڕێین. کار بەو جۆرەی ئەمڕۆ تێیدەگەین، فۆرمێکی لەخۆنامۆبوونی ئەو شتەیە، کە مارکس پێیدەڵێت "پراکسیسك" - زاراوەیەکە لە یۆنانی کۆنەوە، مانای ئەو جۆرە چالاکییە ئازاد و گەشەپێدەرەی توانا و پۆتێنشیەلەکان دەبەخشێت، کە بەهۆیەوە جیهان دەگۆڕین. لە یۆنانی کۆندا، ئەم زاراوەیە بۆ هەموو چالاکییەکانی پیاوانی ئازاد لەبەرانبەر بە کاری کۆیلەکاندا بەکاردەهات.

سەرباری ئەمە، ئەوە تەنها ئابوورییە بە مانای وردی وشەکە، کە کۆمەکمان پێدەکات بچینە ئەودیوی ئابوورییەوە. لەگەڵ گۆڕانی بەکارهێنانی ئەو سەرچاوە و توانایانەی سەرمایەداری بە تێبینییەکی کامل و وردەوە بۆ ئێمەی کەڵەکە کردووە، سۆسیالیزم دەتوانێت ببێتە ڕێگر لەبەردەم ملهوڕیی فاکتەرە ئابوورییەکاندا. ئابووری بەیەکجاری لەناوناچێت، بەڵام وەك پێشوو تاکە پاڵەوانی مەیدانەکەش نابێت. هەبوونی بەخششەکان و پۆتێنشیەلە کافییەکان ئەو تواناییەمان پێدەدات شەو و ڕۆژ نەك بەدوای پارەدا بگەڕێین، بەڵکو بەدوای ئەو کارانەدا بچین، کە بەرهەمەکەیان بریتی نەبێت لە نائارامی و نائاسوودەیی. بەهیچ جۆرێك ئابووری کۆی بیر و هۆشی مارکسی داگیرنەکردبوو، ئابووری لای ئەو نووسینەوەیەکی کەم ڕەنگی توانا ڕاستەقینەکانی مرۆڤ بوو. ئەو داوای کۆمەڵگایەکی دەکرد، تیایدا ئابووری بەشی گەورەی کات و ئەنرژی ئینسان نەبات.

ئەوە قابیلی تێگەیشتنە کە بۆچی باووباپیرانی ئێمە هێندە سەرقاڵی مەسەلە و کێشە ماتریالی و مادییەکان بوون. کاتێك ئێوە تەنها دەتوانن ڕێژەیەکی کەمی زیادەی ئابووری بەرهەمبهێنن، یان هەرگیز ناتوانن زیادەیەك بەرهەمبهێنن، بەبێ وەستان و بەهۆی کاری قورسی بەردەوامەوە، تووشی ماندووبوون و لەناوچوون دەبــن. بــەڵام ئەو جـۆرە زیادەیەی سەرمایەداری بەرهەمی دەهێنێت، بەڕاستی دەکرێت بۆ زیادکردنی کاتە بەتاڵەکان لە ئاستێکی گەورەدا بەکاربهێنرێت. تەنزەکە ئەوەیە سەرمایەداری ئەم سامانە بە شێوەیەك بەرهەمدەهێنێت، کە پێداویستییەکەی بریتییە لە کەڵەکەکردن و گەشەیەکی بەردەوام و لەمڕووەوە کاری ڕەق و نەوەستاو. هەروەها بە شێوەگەلێك سامان دەخوڵقێنێت کە هەژاری و چەوساندنەوە بەدوای خۆیدا دەهێنێت. ئەمە ئەو سیستەمەیە کە ڕێگرە لەبەردەم کــاردا(selfthwarting). سەرەنجام، پیاوان و ژنانی مۆدێرن، غەرقبوو لەنێو ئەو نیعمەتەی ئینسانەکانی سەردەمی بەردین، کۆیلەکانی جیهانی کۆن، یان ڕەعییەتەکانی فیۆدال بەخەونیشیاندا نەدەهات، دواجار ناچارن زیاتر و قورستر لەهەموو پێشینانی خۆیان کار بکەن.

کۆی کارەکانی مارکس بۆ بەختەوەریی ئینسان تەرخانکراوە. ژیانی باش لای ئەو کاری بەردەوام نییە، بەڵکو کاتی بەتاڵ و پشوویەکی بــەردەوامــە. ڕیالیزەکردنی ئــازادانــەی تواناکانی خۆمان بێگومان فۆرمێکی ”بەرهەمهێنان“ـە؛ بەڵام نەك بەزۆر و ناچارکردن. و ئەگەر پیاوان و ژنان دەیانەوێت کاتی خۆیان بۆ کاروبارەکانی خۆیان تەرخان بکەن، ئەوا پشوو و کاتی بەتاڵ بۆ

ئەوان شتێکی زەروورییە. کەواتە جێی تێڕامان و سەرسوڕمانە کە بۆچی بێکار و تەمەڵە پ و وێڵگەردە پرۆفیشناڵەکان نایەنە ڕیزی مارکسیزمەوە. چونکە دەبێـت وزە و کارێکی زۆر خەرج بکات تا بەم ئامانجە بگات. بەتاڵی ئەو شتەیە کە دەبێت کاری بۆ بکەین تا پێی بگەین.

# بەشی شەشەم
# مارکس و ماتریالیزم

**مارکس ماتریالیست بوو. ئەو پێیوابوو هیچ شتێك بوونی نییە جگە لە مـاددە. هیچ مەیلێکی بۆ لایەنە مەعنەوی و ڕۆحانییەکانی ئینسان نەبوو، و دەیگوت ئاگایی مرۆڤ جگە لە ڕەنگدانەوەیەکی جیهانی ماتریالی، شتێکی دیکە نییە. بەچاوی سوکایەتییەوە لە ئایین و ئایینزای دەروانی و لە بواری ئەخلاقیشدا تەنها گرنگی بە "بۆ گەیشتن بە ئامانج هەموو ئامرازێك دروستە" دەدا. مارکسیزم گرانبەهاترین لایەنی ژیانی مرۆیی وێران دەکات و بوونی ئێمە تاسنووری پارچە و بەشە ڕووت و بێ جوڵەکانی ماددە کورت دەکاتەوە، کە بێ چەندوچوون کۆیلە و ئەڵقەلەگوێی ژینگەی دەوروبەرن. ئەم ڕوانگە وشك و بێ ڕۆحە دەربارەی مرۆڤ بەڕوون و ئاشکرایی، کارەساتی ستالین و موریدانی دیکەی مارکسی لێدەکەوێتەوە.**

ئایا جیهان لە ماددە دروستکراوە یان لە ڕۆح یاخود لە پەنیری سەوز، ئەمە ئەو پرسیارە نەبوو کە خەوی لە چاوانی مارکس حەرام کردبێت. ئەو بە چاوێکی پڕ لە سوکایەتییەوە لەم جۆرە لایەنە ئەبستراکتییە میتافیزیکییانەی دەڕوانی، و چوست و چالاك

دەیگوت ئەوانە لە گەڵێك ڕوانگە و بیرکردنەوەی ساویلکانە و نەخۆشەوە هاتوون. مارکس وەك یەکێك لە بەرجەستەترین و دیارترین عەقڵەکانی سەردەمی مۆدێرن بێزار بوو لەو ئایدیایانەی ڕەگ و ڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ جۆرێك خەیاڵ و وەهم. ئەو کەسانەی دەڵێن مارکس تیۆریزەکەرێکی سارد و بێ ڕۆح و هەستە، ئەوەیان لەبیرچووە کە ئەو یەکێك بوو لەو بیرمەندە ڕۆمانتیکانەی گومانی لە شتە ئەبستراکتییەکان هەبوو و جۆش و خرۆشێکی لەڕادەبەدەری بۆ شتە دیار و کۆنکریتییەکان هەبوو. ئەو پێیوایە شتە ئەبستراکتییەکان سادە و بێ شکڵ و شێوەن؛ بەڵام شتە کۆنکریتییەکان دەوڵەمەند و ئاڵۆزن. کەواتە ماتریالیزم، بە هەر مانایەك کە لای ئەو هەبوو، بێگومان سەری بۆ ئەو پرسیارە نەدەخورا کە جیهان لە چ شتێك دروستکراوە.

و هەڵبەت ئەمە یەکێك بوو لە ماناکانی ماتریالیزم لای فەیلەسوفانی ماتریالیستی سەردەمی ڕۆشنگەریی سەدەی هەژدەهەم، کە هەندێك لەوانیش دەیانگوت مرۆڤ تەنها کۆیلە و ئەڵقەلەگوێی ئامێری جیهانی ماتریالییە. بەڵام، مارکس خۆی دەیگوت ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە سەرتاپا ئایدیۆلۆژیانەیە. ئەم مۆدێلەی بیرکردنەوە لەلایەکەوە پیاوان و ژنان لەنێو دۆخێکی پاسیڤدا زیندانی دەکات و بیر و زەینییان وەك تابلۆیەکی سپی دەبینێت کە ئینتیباعەکان (impressions) (یان چاپاندنە هەستییەکان)ی جیهانی ماتریالی لە دەرەوە کاریگەری و ڕۆڵی خۆیان لەسەر ئەوان هەیە. و مرۆڤەکان وێنا و بیرکردنەوەکانی خۆیان لەسەر ئەم ئینتباعانە دادەمەزرێنن. کەواتە ئەگەر بتوانین

ئەم ئیتیباعانە بەجۆرێك دەستكاری بكەین، كە جۆرێكی ”ڕاست و دروست“ی وێناكان دروست بكەن، ئەوا مرۆڤەكان دەتوانن لە ڕێچكە و ئاراستەیەكی بەردەوامەوە بەرەو حاڵەتێكی تەواوێتی و كەماڵێتیی كۆمەڵایەتی بڕۆن. ئەم دیدگایە بەدەر نەبوو لە ئامانج و مەبەستە سیاسییەكان. وێنا و بیركردنەوەیەكی گونجاوی ئایدیا و بۆچوونەكانی چینی نوخبەیەكی بیرمەندانی چینی ناوەڕاست بوو كە نەك تەنها مۆركی عەدالەت و ئازادی و مافەكانی مرۆڤیان لە سینەی خۆیان دەدا، بەڵكو هەروەها هەوادار و بەرگریكارانی تاكگەرایی، خاوەندارێتیی تایبەت و بازاڕی ئازادیش بوون. ئەوان لەڕێگای ئەم پرۆسەی دەستكاریكردن و گۆڕینەی زەینی تاكەكان بەچەشنێكی باوكئاسایانە ئومێدیان بەوە هەبوو ڕەفتاری مرۆڤی ئاسایی بخەنە ژێر كاریگەری و نفوزی خۆیانەوە. كێشەیە بتوانین ئەوە قبوڵ بكەین كە ماركس مۆركی ڕاستی و دروستی لەم بەشەی ماتریالیزم دابێت.

ئەمە تاقانە مانای فەلسەفەی ماتریالیستی بەر لە نووسینی ماركس بۆ ماتریالیزم نییە. هەڵبەت ئەو بەجۆرێك دەیگوت فەلسەفەی ماتریالیستی پێشتر فۆرمێكی بیركردنەوەیە، كە پەیوەندییەكی پتەوی بە ماڵ و موڵكی چینی ناوەڕاستەوە هەبوو. دەستەواژەكەی ماركس خۆی دەربارەی ماتریالیزم، وەك لە تێزەكان دەربارەی فۆیەرباخ و گەلێك شوێنی دیكەدا هاتووە، سەرتاپا جیاواز بوو، و ماركس بەباشی ئاگای لەم بابەتە هەبوو. دەیزانی خەریكە لە ماتریالیزمی كۆن و ڕەتكراوە دەترازێت و بناغەی ماتریالیزمێكی تازە دادەنێت. ماتریالیزم لای ماركس

واتا دەستپێکردن لە بوونی واقیعی و ئەکچوالی مرۆڤەکان و نەك لە ئایدیالێکی ناڕوون و وەهمئاساوە، کە دەتوانرێت ئەمجۆرە دروسـت بکرێت. و ئێمەی مرۆڤەکان لە قۆناغی یەکەمدا وەك جۆرە بوونەوەرانێکی جەستەیی، مادی و چالاك سەیر دەکرێین. هەرشتێکی دیکە بین، یان دەتوانین ببین، دەبێت هەر لەم حەقیقەتە بنچینەییەوە وەربگیرێت. مارکس لە جوڵەیەکی ئازایانە و داهێنەرانەدا، لەبری ئینسانی پاسیڤی ماتریالیزمی چینی ناوەڕاست، سوبێکتێکی ئەکتیڤ و چالاکی بونیادنا. هەر فەلسەفەیەك دەبوو لەم پێشەکییە لۆژیکییەوە دەستپێبکات، کە پیاوان و ژنان، بەدەر لە کۆی سیفەتەکانیان، بەر لە هەرشتێك ئەیجنتەکانن [یـان سوبێکتی ئەکتیڤن]. مرۆڤەکان ئەو گیانەوەرانەن کە لەپرۆسەی گۆڕانی ژینگەی ماتریالیی دەوروبــەری خۆیاندا، خودی خۆیشیان دەگـۆڕن. ئەوان مۆرکگەلێکی نائازاد نین لەبەردەستی مێژوو یان ماتریال یاخود ڕۆحدا، بەڵکو بوونەوەرگەلی ئازاد و چالاکن کە دەتوانن مێژووی خۆیان بە دەستەکانی خۆیان دروست بکەن. و ئەمە واتا نوسخەی مارکسیستیی بۆ ماتریالیزم نوسخەیەکی دیموکراتییە، ئەویش بەپێچەوانەی نوخبەگەرایی بیرمەندانی سەردەمی ڕۆشنگەری. تەنها لەڕێگای چالاکیی دەستەجەمعی و پراکتیکی زۆرینەی خەڵکەوەیە کە لەڕاستیدا دەکرێت ئایدیا باڵادەستەکان بەسەر ژیانی ئێمەدا بگۆڕدرێن. لەبەر ئەوەی ئەم ئایدیایانە ڕەگ و ڕیشەیان لەنێو قوڵایی ڕەفتارە کردەکییەکانی ئێمەدا داکوتاوە.

لەم ڕوانگەیەوە مارکس زیاتر لەوەی فەیلەسوف بێت، ئەنتی

فەیلەسوف بوو. لەڕاستیدا، ئاتین بالیبار گوتوویەتی "لەوانەیە... ئەو گەورەترین ئەنتی فەیلەسوفی سەردەمی مۆدێرن" بێت[1]. ئەنتی فەیلەسوفەکان ئەو کەسانەن کە بەرانبەر بە فەلسەفە زۆر هەستیارن – نەك بەو مانایەی لەوانەیە براد پیتیش لە فەلسەفە بێزار بێت، ئەوان بێزارن لەفەلسەفە، بەڵام بەگەلێك هۆ و بەڵگەی گرنگ لەڕوانگەی فەلسەفییەوە. ئەنتی فەیلەسوفان حەز بە داڕشتن و خستنەڕووی گەلێك ئایدیا دەکەن، کە گومانیان لە ئایدیاکان هەیە؛ و ئەگەرچی ئەوان بەگشتی حەز بە مشتومڕی عەقڵانی دەکەن، بەڵام باوەڕیان بەوە نییە کە هەموو شتێك لە عەقڵدا کورت دەکرێتەوە. فۆیەرباخ، هەمان ئەو کەسەی مارکس بەشێك لە ماتریالیزمی خۆی لەوەوە فێربووە، دەنووسێت هەر فەلسەفەیەکی ڕەسەن دەبێت لەدژەکەی خۆیەوە واتا لەو شتەوە دەستپێبکات کە فەلسەفە نییە. ئەو دەڵێت فەیلەسوف دەبێت "ئەو دیوەی بوونی مرۆڤ [قبوڵ بکات] کە ئاشنا نییە بە بیرکردنەوەی فەلسەفی و بەڵکو دژە فەلسەفە و بیرکردنەوەی ئەبستراکتییە"[2]. ئەو هەروەها باس لەوە دەکات "ئینسانە کە بیردەکاتەوە، نەك منی ترانسێندێنتاڵی [کانت] یان عەقڵی گشتی [هێگڵ]"[3]. بەو جۆرەی ئەلفرێد شمیت، فەیلەسوفی ئەڵمانی، ئاماژەی پێدەکات، "کەواتە تێگەیشتن لە مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی خاوەن جەستە و هەستەکان و پێداویستییە مادییەکان پێشمەرجی هەر تیۆرییەکە دەربارەی سوبێکتیڤیتە یاخود سوبێکتی زانەر"[4]. بە دەربڕینێکی دیکە، ئاگایی مرۆڤ کاتیگۆرییەکی جەستەییە – و هەڵبەت ئەمە بەو مانایە نایەت کە

ئاگایی شتێکی زیاتر نییە لە جەستە، بەڵکو نیشانەیەکی ئەوەیە کە جەستە هەمیشە بە مانایەك ناتەواو و کراوەیە، و هەمیشە توانای چالاکیی داهێنانەتری لەوە هەیە کە لەوانەیە لەساتی ئێستادا دەریبخات.

بەمجۆرە، ئێمە بە شێوەیەکی تایبەتی بیردەکەینەوە، چونکە جۆرێکی تایبەتیی گیانەوەرانین. ئەگەر بیری ئێمە لەسیاقی زەمەندا درێژ دەبێتەوە، هۆکارەکەی ئەمەیە کە جەستەی ئێمە و دەرککردنە هەستەکییەکانی ئێمەیش لە زەمەندا درێژ دەبنەوە و بەردەوام دەبن. فەیلەسوفانی ئاگایی پرسیار لەخۆیان دەکەن ئایا ئامێر یان مەکینەکانیش دەتوانن بیر بکەنەوە. ڕەنگە، بەڵام ئەگەر دەشیانتوانی، بیرکردنەوەیان ئاسمان و ڕێسمان لەگەڵ بیرکردنەوەی ئێمەدا جیاواز دەبوو. هۆکارەکەی ئەوەیە کە بونیادی ماتریالیی ئامێرێك لەگەڵ بونیادی ماتریالیی بوونی ئێمەدا تادواڕادە جیاوازە. بەتایبەت نموونەی ئامێرەکان هیچ پێویستییەکی جەستەییان نییە و هیچ جۆرە ژیانێکی عاتیفییان نییە کە دەربارەی ئێمەی مرۆڤەکان بەم جۆرە پێداویستییانەوە بەستراوینەتەوە. جۆری تایبەتیی بیرکردنەوەی ئێمە، لەم چوارچێوە هەستی، پراکتیکی و عاتیفییە جیانەکراوەتەوە. بەم هۆیەوەیە ئەگەر بکرێت گریمانەی بیرکردنەوە بۆ ئامێر دابنرێت، ئەوا ئێمە نەماندەتوانی لەوە تێبگەین ئەم ئامێرە بیر لەچی دەکاتەوە.

ئەو فەلسەفەیەی مارکس خۆی لێدادەبڕێنێت، بەگشتی چالاکییەکە لەسەر بیرکردنەوە و وردبوونەوە دامەزراوە. سیناریۆ

باوەکەی بەدەوری تەوەری سوبێکتێکی پاسیڤ، لەکارکەوتوو و بێجەستەدا دەخولێتەوە کە بێ مەبەست و ئاکامێك دەربارەی ئوبێکتێکی لەکارکەوتوو و کۆن لێکۆڵینەوە دەکات. وەك بینیمان، مارکس ئەمجۆرە سوبێکتەی ڕەتدەکردەوە؛ بەڵام لەمیانەی ئەمەدا پێداگریی لەسەر ئەوە دەکـرد، کە ئوبێکتی مەعریفەی ئێمە شتێکی هەمیشە سەلمێنراو و جێگیر نییە، بەڵکو بە ئەگەرێکی زۆرەوە بەرهەمی چالاکیی مێژوویی خودی ئێمەیە. ڕێك بەمجۆرە کە دەبێت سەرلەنوێ بیر لە سوبێکت وەك فۆرمێکی پراکتیك بکەینەوە، ئەوا دەبێت سەرلەنوێ وەك بەرهەمی ئەکت و کردەیی مرۆڤ بیر لە جیهانی ئوبێکتیڤیش بکەینەوە. و ئەمە واتا لەبنچینەوە دەتوانین جیهانی ئوبێکتیڤ بگۆڕین.

کاتێك سەرەتا مرۆڤەکان وەك بوونەوەرگەلی چالاك و پراکتیکی یان کردارگەر لەبەرچاو بگرین و پاشان بیرکردنەوەی ئەوان لەنێو ئەم چوارچێوەیەدا جێبکەینەوە، کۆمەکمان پێدەکات تاکو هەندێك لە مەسەلە و کێشە ئاڵۆزەکان لەڕوانگەی فەیلەسوفانەوە، لەژێر ڕۆشناییەکی تازەدا هەڵبسەنگێنین. ئەو کەسانەی لەڕێگای کارەکەیانەوە پەیوەندییان بە جیهانەوە هەیە، هیچ کاتێك هێندەی ئەوانەی بێ ئیش و بە پاراستنی مەودای خۆیان لە کاری جیهاندا بیردەکەنەوە و ڕادەمێنن، دەربارەی جیهانی دەرەکی ناکەونە شك و گومانەوە. لەڕاستیدا گومانگەراکان لە هەنگاوی یەکەمدا تەنها لەو ڕووەوە دەکرێت بوونیان هەبێت کە شتێك لە دەرەوەی زەینەوە بوونی هەیە. ئەگەر جیهانی ماتریالیی بوونی نەبووایە تاکو خۆراکی ئەوان دابین بکات، لەتاو برسێتیدا

دەمردن و گومانەکانیشیان لەگەڵ خۆیاندا دەبردە نێو گۆڕەوە. ئەگەر باوەڕتان بەوە هەبێت کە مرۆڤەکان لە بەرانبەر بە واقیعدا پاسیڤن، ئەم بابەتە ڕەنگە قەناعەتتان پێبکات کە گومان لە بوونی جیهانێکی ئاوا بکەن. چونکە ئێمە پێداگریی لەسەر بوونی شتەکان بەهۆی ئەزموونی بەرهەڵستییان لە بەرانبەر بە خواستەکانی خۆماندا دەکەین. و ئێمە بەر لە هەر شتێك بەهۆی چالاکییە پراکتیکییەکانمانەوە ئەزموونی ئەم بەرهەڵستییە دەکەین.

فەیلەسوفان هەندێکجار پرسیاریان لە بوونی "زەینەکانی دیکە" کردووە. لەکوێوە دەزانین ئەم جەستە مرۆییانە کە لە بەرانبەر خۆماندا دەیانبینین، زەینگەلێکی وەکو ئێمەیان هەیە؟ وەڵامی ماتریالیستێك بەگشتی بەمجۆرەیە، ئەگەر نەیانبووبێت، ڕەنگبوو ئەم پرسیارە بە زەینماندا ختوورەی نەکردبایە. بەبێ هاوکاریی کۆمەڵایەتیی هیچ جۆرە بەرهەمهێنانێکی ماتریالی بوونی نەدەبوو کە ئێمە بەزیندوێتیی بهێڵێتەوە، و لەم میانەیەدا ئەگەری دروستبوونی پەیوەندیی بەوانیدیکەوە بەشێکی گەورەی مانای هەبوونی زەینە. دەتوانین ئەوەش ئیزافە بکەین کە وشەی "زەین" (Mind) ڕێگایەکە بۆ وەسفکردنی ڕەفتاری جۆرێکی تایبەتی جەستە: جەستەی داهێنەر، و خاوەن هێزی پەیوەندیی خوڵقاندنی مانا. پێویست ناکات نـاوەوەی سەری مرۆڤەکان بکەینەوە و ئاناتۆمی بۆ بکەین یان کەللەسەری ئەوان بخەینە ژێر مەکینەوە تاکو ببینین ئایا ئەم بوونەوەرە ڕەمزاوییانەیان (واتا زەین) هەیە یاخود نا. تەماشای کار و ئیشەکانیان دەکەین. ئاگایی دیاردەیەکی تارماییئاسا نییە: شتێکە دەتوانین ببینین،

بیبیستین و لەمسی بکەین. مرۆڤ کۆمەڵانی خەڵکی ماتریالین، بەڵام گەلێك جەستەیان هەیە بە دەسەڵاتێکی بەرزی داهێنان و دەربڕینی هەستەکان؛ و "زەین" ناوی ئەم داهێنانەیە. کاتێك بە مرۆڤەکان دەڵێین بوونەوەرگەلی عەقڵانین بەهۆی ئەوەوەیە کە لە ڕەفتار و کردەوەی ئەواندا مۆدێلێی مانا یان دەلالەت دەبینرێت. هەندێکجار ماتریالیستەکانی سەردەمی ڕۆشنگەریان تۆمەتبار دەکرد بەوەی کۆی جیهان کورتدەکەنەوە بۆ کۆمەڵ و فرەیەکی بێ گیان و بێ مانای مادده. لەمەشدا لەسەرحەق بوون. بابەتەکە دەربارەی ماتریالیزمی مارکس، ڕێکوڕەوان پێچەوانەی ئەمەیە.

وەڵامی ماتریالیستەکان بۆ گومانگەراکان بەڵگەهێنانەوەیەکی ئینکارنەکراو و پشتشکێن نییە. هەمیشە دەکرێت بانگەشەی ئەوە بکەین کە نابێت متمانە بە ئەزموونەکانمان بۆ هاوکاریی کۆمەڵایەتی یان بەرهەڵستیی جیهان لەبەرانبەر پڕۆژەکانی ئێمەدا بکەین. لەوانەیە ئەمەش شتێك نەبێت جگە لە خەیاڵ و وەهمێکی ئێمە بـەولاوە. بەڵام ئەگەر لەڕوانگەیەکی ماتریالیستییەوە لەم پرسیارانە بڕوانین ئەوا بەجۆرێکی دیکە دەیانبینین. بۆ نموونە، دەکرێت ببینین چۆن ئەو ڕۆشنبیرانەی باسەکەی خۆیان دەربارەی زەین جیا و بەدەر لە جەستە دەستپێدەکەن (و بەگشتیش لە کۆتاییدا هەر بەم خاڵە دەگـەن) ڕەنگە لە ڕوونکردنەوەی پەیوەندیی جەستە بە زەین و پەیوەندیی جەستە بە جەستەکانی دیکەوە دۆش دابمێنن. هیچ دوور نییە لەڕوانگەی ئەوانەوە درزێك لەنێوان زەین و جیهاندا هەبێت. ڕەنگە ڕۆژگار

بەگشتی خودی جیهانی زەینەکانی ئەوان بەجۆرێك ڕێکبخات، کە دەکەونە نێو ئەم وێناکردن و بیکردنەوەیەوە. ڕۆشنبیران خۆیان چینێکی داخـراوی خەڵکن کە بەجۆرێك دوورکەوتوونەتەوە لە جیهانی ماتریالی. ئەگەر لە کۆمەڵگادا زیادەیەکی ماتریالی بەرهەم نەهێنرابایە چیتر ناوونیشانێکی چینی نوخبەی پرۆفیشناڵ بوونی نەدەما، هەر لە قەشەکان، حەکیمەکان، هونەرمەندان، ڕاوێژکاران، و ئەندامانی ئەنجوومەنی زانستیی ئۆکسفۆردەوە هتد.

ئەفلاتون وابیری دەکـردەوە فەلسەفە پێویستی بە چینێکی نوخبەی ئەرستۆکراتیی هەیە، کە کاتی ئازادییان هەبێت. ئەگەر هەمووان ناچاربن کار بکەن تاکو ئەستێرەی ژیانی کۆمەڵایەتی لەڕۆشنایی نەکەوێت، چیتر ناتوانرێت قسە دەربارەی ناوەندە ئەدەبییەکان یاخود ئەنجوومەنە زانستییەکان بکرێت. لە کولتووره خێڵەکییەکانیشدا بورجی عاج [ڕۆشنبیرانی سەربەخۆ] بەئەندازەی سەنتەرەکانی بۆڵینگ دەگمەنە. (لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا، کە زانکۆکان بوون بە ئەندامەکانی سەرمایەداریی کۆمپانیایی، تەنانەت بە قورسی و سەختییەوە دەتوانین بورجی عاجێکیش پەیدا بکەین). ڕۆشنبیران لەو ڕووەوە دەتوانن خۆیان و ئایدیاکانیان لە دەرەوەی بوارەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی سەیر بکەن کە ناچار نین وەك کرێکارانی بیناسازیی بۆ دابینکردنی ژیان و بژێوی، گیانی خۆیان بخەنە مەترسییەوە. و ئەمە یەکێکە لەو مانا فراوانانەی کە مارکسیستەکان بۆ زاراوەی ئایدیۆلۆژیا بەکاریدەهێنن. ئەم دەستە و گروپەی ڕۆشنبیران

حەز دەکەن ئەم واقیعە ڕەچاو نەکەن و فەرامۆشی بکەن کە خودی مەودای ئەوان بە کۆمەڵگاشەوە جۆرێك دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتیی لێکەوتۆتەوە. ئەم بیروباوەڕە دۆگماییەی دەڵێت ئایدیا لەدەرەوەی واقیعەوەیە، خۆی بەرهەمی واقیعی کۆمەڵایەتییە.

لای مارکس، بیرکردنەوەی ئێمە لەنێو پرۆسەی کارکردن لەسەر جیهان دروست دەبێت، و ئەمە زەروورەتێکی ماتریالییە کە سەر بە پێداویستییە جەستەییەکانی ئێمەیە. کەواتە دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە بیرکردنەوە خۆی زەروورەتێکی ماتریالییە. وەك نیچە و فرۆید گوتوویانە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لەنێوان بیرکردنەوە و پاڵنەرە جەستەییەکانی ئێمەدا. ئاگایی بەرهەمی کار و کاردانەوە (ئەکت و ڕیئەکت)ی نێوان خودی ئێمە و ژینگەی ماتریالیی دەوروبەری ئێمەیە. و ئەمە خۆی دەستکەوتێکی مێژووییە. مارکس دەنووسێت، چەشنی مرۆڤ بەدەستی جیهانی ماتریالیی "دروست دەکرێت"، چونکە ئێمە تەنها لەڕێگای دەرگیربوون بە جیهانەوە دەتوانین هێزەکانی خۆمان بەگەڕ بخەین و واقیعی ئەوان پشتڕاست بکەینەوە. "ئەویدیکەبوون"(otherness)ی واقیع، واتا بەرهەڵستیی ئەوە لە بەرانبەر بە دەستکاریکردن لەلایەن ئێمەوە تیایدا، کە یەکەمجار ئێمە بە خودئاگایی دەگەیەنێت. و ئەمەش لەسەرووی هەمووانەوە، بە مانای بوونی ئەوانیدیکە دێت. بەهۆی ئەوانیدیکەوەیە کە ئێمە دەگەین بە شووناسێك. شوناسێکی شەخسیی، بریتییە لە بەرهەمی کۆمەڵایەتی. بەو جۆرەی ناشێت

تەنها یەك "ژمارە" بوونی هەبێت، کەواتە بیرکردنەوە لە بوونی کەسێکی تەنهاش، مەحاڵە.

ئێمە لە هەمانکاتدا دەبێت ئەم واقیعە وەك بەرهەمی کاری دەستەکانی خۆمان بناسینەوە. کاتێك وەك بەرهەمی کاری خۆمان سەیری واقیع نەکەین - واتا وەك شتێکی سروشتی یان ناقابیلی ڕۆشنکردنەوە و بەدەر لە چالاکیی خۆمان سەیری بکەین - هەر ئو شتەیە کە مارکس پێیدەڵێت لەخۆنامۆبوون. مەبەستی ئەو دۆخێکە ئێمە تیایدا لەبیرمان دەچێتەوە مێژوو بەرهەمی کاری ئێمەیە، و بەمجۆرە وەك هێزێکی بێگانە و نامۆ بەسەرخۆماندا زاڵی دەکەین. بە قەولی فەیلەسوفی ئەڵمانی، یۆرگن هابەرماس، لەڕوانگەی مارکسەوە ئوبێکتیڤیتەی جیهان "ڕیشەی لەنێو ... ڕێکخستنی جەستەیی بوونی مرۆڤدا هەیە، ڕێکخستنێك بەرەو ئەکت و کردە دەچێت"[5].

کەواتە بەمانایەك، ئاگایی هەمیشە لە لایەکەوە "درەنگوەخت"(belated)ـە، هەر بەو جۆرەی عەقڵ لە منداڵاندا وەك شتێکی درەنگوەخت سەیر دەکرێت. ئێمە بەر لەوەی دەستبکەین بە بیرکردنەوە و ڕامان، هەمیشە لە پێشەوە کەوتووینەتە نێو سیاق و زەمینەیەکی ماتریالییەوە؛ و بیرکردنەوەی ئێمە ئەگەرچی ڕواڵەتێکی ئەبستراکت و تیۆریی هەبێت، هێشتا سەرتاپا لەم واقیعەوە دروست دەبێت. ئەمە ئایدیالیزمی فەلسەفییە کە لەبیری چووەوەتەوە ئایدیاکانی ئێمە بناغەکەیان لەنێو ئەکت و کاردا هەیە. ئەگەر ئایدیالیزم لە سیاق و زەمینەی ماتریالیی خۆی جیابکرێتەوە، ڕەنگە دووچاری ئەم

وەهمە ببێت کە واقیع لەلایەن بیرکردنەوەوە دروستکراوە.

بەمجۆرە، لای مارکس، پەیوەندییەکی نزیك هەیە لەنێوان بیرکردنەوەی ئێمە و ژیانی جەستەیی ئێمەدا. هەستەکانی مرۆڤ بەشێکی هێڵی سنووری نێوان ئەم دوو هەرێمە دەردەخات. لە بەرانبەردا بە بۆچوونی هەندێك لە فەیلەسوفانی ئایدیالیست "ماتریال" شتێکە و ئایدیاکان یان "ڕۆح" شتێکی دیکەیە. لای مارکس جەستەی مرۆڤ خۆی بەڵگەیەیەکە لەسەر بەدرۆخستنەوە و ڕەتکردنەوەی ئەم درزە. وردتر بڵێین جەستەی مرۆڤ لە هەمان کاتی پراکتیکدا مۆرکی ڕەتکردنەوە و بەتاڵکردنەوە لەم درزە دەدات. لەبەر ئەوەی پراکتیك بەئاشکرا کاتیگۆرییەکی ماتریالییە؛ بەڵام لە هەمانکاتدا، بەشێوەیەکی جیانەبووەوە، پەیوەندیی و سەروکاری لەگەڵ ماناکان، بەهاکان، ئەنجامەکان و مەبەستەکانیشدا هەیە. ئەگەر بڵێین پراکتیك کاتیگۆرییەکی "سوبێکتیڤ"ـە، دەبێت بڵێین هەروەها "ئوبێکتیڤ"یشە. یان ڕەنگە بتوانین بڵێین پراکتیك سەرتاپای ئەم جیاوازییە دەباتە ژێرپرسیارەوە. هەندێك لە بیرمەندانی بەر لە مارکس، دەیانگوت زەین چالاکە و هەستەکان ناچالاك، بەڵام لای مارکس هەستەکانی مرۆڤ خودی فۆرمەکانی دەرگیربوونی چالاکانەی مرۆڤن لەگەڵ واقیعدا و بەرهەمی مێژووی دوورودرێـژی کار و کاردانەوەی مرۆڤن لەگەڵ جیهانی ماتریالیدا. ئەو لە دەستنووچە ئابووری و فەلسەفییەکاندا دەنووسێت: "پەروەردەکردنی هەر پێنج هەستەکە کاری کۆی مێژووی ڕابردووە".

بیرمەندانێکی وەك لۆك یان هیوم هەستەکان دەکەنە خاڵی

دەستپێکردن؛ لە بەرانبەردا مارکس، پرسیار لە سەرچاوەی خودی هەستەکان دەکات. و وەڵامی ئەو شتێکی لەمجۆرەیە: پێداویستییە ژیانییەکانی ئێمە بناغەی مێژوون. ئێمە لەو ڕووەوە مێژوومان هەیە کە بوونەوەرگەلێکین نەقس و کەمیمان هەیە، و لەم ڕوانگەیەوە مێژوو بۆ ئێمە کاتیگۆریی سروشتە. سروشت و مێژوو لای مارکس دوو ڕووی دراوێکن. بەڵام لەبەر ئەوەی پێداویستییەکانی ئێمە پەیوەندیی بە مێژووەوە دەکەن، بەناچاریی گۆڕانیان بەسەردا دێت. بۆ نموونە، ئێمە لە ڕەوتی تێرکردن و دابینکردنی هەندێك لە پێداویستییەکانی خۆمان لەکاردا دەگەین بە خولّقاندنی گەلێك پێداویستیی تازە. و لەکۆی ئەم پرۆسەیەدایە کە ژیانی هەستەکیی ئێمە دروست دەبێت و پاك دەبێـتەوە. و هەموو ئەمانە بەو هۆیەوە ڕوودەدەن کە دابینکردنی پێداویستییەکانی ئێمە پێی ئارەزوویش دەهێنێتە ناوەوە، بەڵام شیکردنەوەی ئەم بابەتە کاری فرۆید بوو.

لەم ڕێگایەوە، دەست بە گێڕانەوەی چیرۆکێك دەکەین. و لەڕاستیدا بەرەبەرە خۆمان دەبین بە چیرۆکێك. ئەو ئاژەڵانەی ناتوانن ئـارەزوو[ی شتێك] بکەن، کاری ئاڵۆز و قورس بکەن و پەیوەندیی بــەردەوام بەیەکەوە دروســت بکەن، حەز بە دووبارەکردنەوەی خۆیان دەکەن. ژیانی ئەوان پابەندیی بێ ئەملاوئەولای خولانەوە سروشتییەکانە. ئەوان نوسخەیەك بۆ خۆیان دروست ناکەن، واتا هەر ئەو کارەی لای مارکس، بریتییە لە ئازادی. بەدیدی ئەو، تەنزی بابەتەکە لێرەوەیە کە ئەگەرچی ئەم پرۆسەیەی خۆ-دیاریکردن یان خەسڵەتدان بەخۆیە بریتییە

لە جەوهەری مرۆڤبوون، زۆرینەی پیاوان و ژنان لە سەرتاپای مێژوودا نەیانتوانیوە ئەمە بەگەڕ بخەن، واتا ڕێگەیان نەداوە بەشێوەیەکی تـەواو ئینسان بن. لە بەرانبەردا ژیانی ئەوان بەگشتی خولانەوەیەکی یەکڕەنگ و وەڕەسکەری کۆمەڵگای چینایەتی دیاریکردووە. کۆی کاری مارکس هەوڵێکە بۆ دیاریکردن و لێکدانەوەی ئەم دۆخە و توانای چاککردنی: چۆن دەتوانین لە هەرێم و پانتایی زەروورەت (جەبر)ـەوە بەرەو پانتایی ئازادی (ئیختیار) هەنگاو هەڵبێنین. ئەمە واتا کەمتر مشکی کوێر بین و زیاتر لەخۆمان بچین. و مارکس دوای ئەوەی ئێمەی بە دەروازەی ئەو ئازادییە گەیاند، کۆی چیرۆکەکە بەخۆمان دەسپێرێت، و دەتوانین چ ڕێگایەکی دیکە بۆ ئازادبوون ببینینەوە؟

کەواتە ئەگەر دەتانەوێت نەکەونە نێو چاڵی دوالیزمی فەیلەسوفانەوە تەنها ئەوەندە بەسە سەیرێکی ئەوە بکەن کە مرۆڤەکان لە پراکتیکدا چۆن ڕەفتار دەکەن و دەجوڵێنەوە. جەستەی ئینسان بە مانایەك ئوبێکتی ماتریالییە، نەك تەنها بەشێك لەمێژوو، بەڵکو بەشێکیشە لە "سروشـت". سەرەڕای هەموو ئەمانە، جۆرێکی تایبەتیی ئوبێکتەکانیش هەیە کە ئاسمان و ڕێسمان جیاوازیی لەگەڵ کەلەرم و دۆلکەی خەڵوزی بەردیندا هەیە. لەلایەکەوە ئەم ئوبێکە دەتوانێت دۆخی خۆی بگۆڕێت. هەروەها دەتوانێت "سروشت" بکات بە جۆرێك درێژکردنەوەی خـۆی، شتێك کە دەربـارەی دۆلکەی خەڵوزە بەردینییەکان ڕاست نییە. کاری مرۆڤ "سروشت" دەکات بە درێژبوونەوەی جەستەکانی ئێمە، ئەو پرۆسەیەی ئێمە وەك شارستانێتیی سەیری

دەکەین. هەموو دامـەزراوە دروستکراوەکانی دەستی مرۆڤ، لە گەلەرییە هونەریی و مۆڵگەکانی تلیاکەوە بیگرە تادەگاتە قورمارخانەکان و ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، خەریکی درێژکردنەوەی جەستەی بەرهەمهێنەری مرۆڤەکانن.

هەروەها ئەم دامەزراوانە بەرجەستەبوونەکانی ئاگایی مرۆڤن. مارکس لەکاتێکدا کە وشەی "پیشەسازی" بە فراوانترین مانا بەکاردەهێنێت، دەنووسێت: "پیشەسازیی مرۆڤ، کتێبی کراوەی ئاگایی مرۆڤە، سایکۆلۆژیای مرۆڤە کە لەنێو چوارچێوەیەکی هەستەکیدا دەرك دەکرێت"[6]. جەستەی مرۆڤ دەتوانێـت هەموو ئەم کارانە ئەنجام بدات، چونکە دەسەڵاتی خۆڕەتکردنی هەیە - واتـا دەتوانێـت خـۆی و دۆخـی خـۆی بگۆڕێت و هەروەها دەتوانێت پێبخاتە نێو پەیوەندییەکی ئاڵۆزترەوە لەگەڵ جەستەکانی دیکەی چەشنی خۆی، لە هەمان پرۆسەی کراوەدا کە بەناوی مێژووەوە دەیناسین. ئەو جەستانەی بەرانبەر بەم بابەتە بێـتوانان، لە تەرمگەلێك بەولاوە شتێکی دیکە نین.

کەلەرمەکانیش ناتوانن دۆخی خۆیان بگۆڕن، بەڵام پێویستیشیان بەم کارە نییە. کەلەرمەکان بوونەوەرگەلی سەرتاپا سروشتین، بەبێ ئەو جۆرە پێداویستییانەی لە ئینسانەکاندا هەن. مرۆڤەکان لەو ڕووەوە دەتوانن مێژوو دروست بکەن کە جۆرێکی تایبەتیی بوونەوەرانی بەرهەمهێنەرن؛ بەڵام هەروەها پێویستیان بەم کارە هەیە، چونکە لەکاتی ڕوودانی دەگمەنی و کەمبوونەوەدا ناچارن درێژە بە بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی ژیانی ماتریالیی خۆیان بدەن. هەر ئەم بابەتە یان کەیسەیە مرۆڤ ناچار چالاکیی

هەمیشەیی بکات. ئەوان مێژوویەکیان هەیە کە لە زەرووڕەتەوە سەریهەڵداوە. لەکاتی زۆربوونی نیعمەتە ماتریالییەکانیشدا مێژوویەکمان هەر هەیە، بـەڵام بە مانایەکی جیاواز لەو مێژووەی تاکو ئێستا ناسیومانە. ئێمە تەنها بەکۆمەکی ئامرازە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەتوانین پێداویستییەکانی خۆمان دابین بکەین – بەکۆمەکی بەرهەمهێنانی دەستەجەمعیی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانمان. و ئەمە لە هەمانکاتدا گەلێك پێداویستیی دیکە دەهێنێتە بوون کە ئەوانیش زۆر پێداویستیی دیکە بەدوای خۆیاندا دەهێنن. بەڵام لەنێو دڵی هەموو ئەمانەدا، واتا ئەو پرۆسانەی بەناوی کولتوور، مێژوو یان شارستانێتییەوە دەیانناسین، ئینسانی خاوەن پێداویستی و بارودۆخ و کەشە ماتریالییەکانی ئەو هەیە. ئەمە دەربڕینێکی دیکەی ئەو مانایەیە کە ئابووری ژێرخان و بناغەی ژیانی دەستەجەمعیی ئێمەیە: هەمان پەیوەندیی ژیانیی نێوان پانتایی ژیان و پانتایی کۆمەڵایەتی.

کەواتە بەمجۆرەیە کە ئێمە دەبینە خاوەنی مێژوو؛ بەڵام مەبەستی ئێمە لە ڕۆح (مەعنەویات)یش شتێکی جیاواز نییە لەمە. مەعنەوییەکان بابەتگەلێك نین سەر بەو جیهان بن و لە دەرەوەی جەستەکاندا بن. ئەوە بـۆرژوازە خۆشگوزەران و تێرەکانن حەزدەکەن مەعنەویات وەك هەرێمێکی باڵانشین و جیا لە ژیانی ڕۆژانە ببینن، چونکە پێویستیان بە لانەیەکی شاراوە و حەشارگەیەك هەیە تاکو لەتاوی ماتریالیزمی خاو و ڕەقی خۆیانەوە پەنای بۆ ببەن. هەرگیز جێگای سەرسوڕمان و ئیعجاب نییە کە عیرفانی جولەکە (قەبالا) هێندە و بەو ڕادەیە

ئەستێرەکانی پۆپی وەك مادۆنای بەلای خۆیدا ڕاکێشابێت. لە بەرانبەردا، لای مارکس "ڕۆح" یان مەعنەویات شتێك نییە جگە لە هونەر، هاوڕێیەتی، گاڵتەوگەپ، سیمپاتی یان هاودەردی، پێکەنین، عەشقی سێکسوالی یان جەستەیی، یاخیبوون، داهێنان، چێژە هەستەکییان، توڕەیی مافخوازانە و جۆش و خرۆشی ژیان. (بەڵام ئەو هەندێکجار زیادەڕۆیی لە گاڵتەوگەپدا دەکرد: جارێك کاتێك لەگەڵ دوو هاوڕێیدا لە شەقامی ئۆکسفۆردەوە تاکو ڕێگای هەمپستید خەریکی گاگۆڵکێ و هەڵبەز و دابەز بوو، پۆلیس بە تاوانی فڕێدانی بەرد بەرەو گلۆپەکانی شەقامەکە بەدوای کەوت[7]. بەمجۆرە دەکرێت بڵێین، تیۆرییەکەی ئەو دەربارەی خەسڵەتی سەرکوتکەری دەوڵەت تەنها لە وردبوونەوە و ڕامانە ئەبستراکتییەکانەوە نەهاتبوو). لە هەژدەهەمی برۆمەری لویی بۆناپارتدا وەك چاوەڕوان دەکرێت، ئەو لێکۆڵینەوە لە سیاسەت دەکات بەپێی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکان؛ بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە و ڕەوانبێژانە کۆی سیاسەت وەك مەیدانی "یادەوەرییە کۆنەکان، دوژمنایەتییە شەخسییەکان، ترسەکان و ئومێدەکان، پێشبڕیارەکان و وەهمەکان، هاوهەستییەکان و بێزارییەکان، بیروباوەڕەکان، باوەڕە ئیمانییەکان و بەها بنچینەییەکان" دەبینێت. و هەموو ئەمانە لە قەڵەمی بیرمەندێکەوە دەرچوون، کە خەیاڵدانی دژەمارکسیستێك، ئەو وەك سارد و سڕ و بێ ڕۆحێك لەقەڵەم دەدات.

هەموو ئەو چالاکییە مەعنەوییانەی تائێرە ڕیزمکردن پەیوەندییان بە جەستەی ئێمەوە هەیە، چونکە ئێمە

بوونەوەرگەلێکین بەستراوینەتەوە بە جەستەوە. ئەو شتەی جەستەی من تێوەنەگلێنێت، خودی خۆیشم تێوەناگلێنێت. کاتێك من بە تەلەفون لەگەڵ ئێوەدا قسە دەکەم، حزوورێکی جەستەییم بۆ ئێوە هەیە، وەك بڵێیت لەتەنیشت ئێوە نیم. لودڤیگ ڤیتگنشتاینی فەیلەسوف تێبینی ئەوەی کردووە ئەگەر بەدوای وێنەیەکی ڕۆحدا دەگەڕێن، سەیری جەستەی ئینسان بکەن. بەختەوەریی لای مارکس، وەك لای ئەرستۆ هەیە، چالاکییەکی پراکتیکی بوو نەك حاڵەتێکی زەینی. لە نەریتی جولەکەدا کە مارکس وەك ڕۆڵە بێ باوەڕەکەی ئەو نەریتە سەیر دەکرا، "شتە مەعنەوییەکان" ئاماژەن بۆ تێرکردنی برسییەك، بەخێرهێنان و ڕاگرتنی ڕێبواران، و پارێزگاریکردن لە هەژاران لە بەرانبەر بە توندوتیژیی دەوڵەمەندەکاندا. ژیانی ڕۆحی یان مەعنەوی دژ بە بوونی ماتریالی و ڕۆژانەیی نییە، بەڵکو شکڵ و شێوەیەکی تایبەتیی هەمان ژیانی ڕۆژانەیە.

چالاکییەکی جەستە هەیە کە تیایدا "ڕۆح" بەشێوەیەکی دیاریکراو ئاشکرا دەبێت، واتا زمان. زمان، وەك جەستە وەك گشتێك، بریتییە لە بەرجەستەبوونی ماتریالیی ڕۆح یان ئاگایی مرۆڤ. مارکس لە ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانیدا دەنووسێت: "زمان بەڕادەی ئاگایی کۆنە، زمان هەمان ئاگایی پراکتیکی و واقیعییە کە ئینسانەکانی دیکەیش هەیانە، و تەنها بەم هۆیەوە بۆ من بوونی هەیە؛ زمان وەك ئاگایی سەرچاوەیەکی دیکەی نییە جگە لە پێداویستیی و زەرووڕەتی دانوستان لەگەڵ ئەوانیدیکەدا"[8]. ئاگایی سەرتاپا کۆمەڵایەتی و پراکتیکییە، و بەم هۆیەوە زمان

بەرزترین نیشانەیەتی. من تەنها بەم هۆیەوە زەینم هەیە کە بە میراتێکی مانا هاوبەشەکانەوە هاتوومەتە دنیاوە. مارکس لە شوێنێکی دیکەدا [لە بەشێکی گروندریسەدا] دەنووسێت: "زمان خۆی بەرهەمی [ژیانی] کۆمەڵە بەو جۆرەی لەڕوویەکی دیکەوە خودی بوونی حازر و ئامادەی کۆمەڵ و بوونی لەخۆدا قسەکەر یان نیشانەکەیەتی". بە قەولی مارکس زمانی فەلسەفە، نوسخەی لادراوی جیهانی واقیعییە. بیرکردنەوە و زمان هەرگیز لە پانتیی تایبەتیی خۆیاندا بوونیان نییە و تەنها چەند دەرکەوتەیەکی ژیانی واقیعین. دەکرێت دواجار تەنانەت سەرچاوەی بەرزترین چەمکەکانیش لە بوون و ژیانی هاوبەشی ئێمەدا ببینرێنەوە.

کەواتە ئاگایی مرۆیی پێویستیی بە جیهانێکی ڕێخۆشکەری ماتریالی هەیە. و ئەگەر وەك زۆرێك لە فەیلەسوفان لە ئاگایی مرۆییەوە دەست بە موتالەعە و لێکۆڵینەوە بکەین، ئەوا بەگشتی ئەم واقیعە یان ڕاستییە سەلماوە فەرامۆش دەکەین. ئەمە واتا خواستن و داواکــردن و سەپاندنی زۆرێـك لە پرسیارەکان[9]. فەلسەفەی نەریتی وەك دەبێت وابێت، هێندە ناگەڕێتەوە بۆ ڕیشە و لە شوێنێکی گونجاوەوە دەستپێناکات، چونکە زۆرێك لە پرسیارە سەرەکییەکان فەرامۆش دەکـات: ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییانەی شوێن و پێگەی ئایدیاکان دیاریدەکەن، ئەو جۆش و خرۆشەی ئایدیاکان دەیهێننە ئاراوە، خەباتەکانی ئەو دەسەڵاتی پێی ئەوانە دەهێننە مەیدانەکەوە، و ئەو پێداویستییە ماتریالییانەی ئەوانە بەکاردەهێنن. فەلسەفەی نەریتی بەجۆرێك ناپرسێت "ئەم سوبێکتە مرۆییە لەکوێوە هاتووە؟" یان "ئەو

ئوبێکتە چۆن بەرهەمهاتووە؟". ئێمە بەر لەوەی بیر بکەینەوە دەبێت شتێك بخۆین؛ و وشـەی "خـــواردن" کـۆی مۆدێلی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی زەق دەکاتەوە. ئێمە هەروەها دەبێت لەدایك ببین؛ و وشەی "لەدایکبوون" کۆی هەرێم و پانتایی خزمایەتی، ئارەزووی سێکسی، باوکسالاری، بەرهەمهێنانەوەی ڕەگەز و هتدی ئەوانە دەهێنێتە پێشەوە. ئێمە بەر لەوەی بیر لە واقیع بکەینەوە، لە پێشەوە دەبێت پەیوەندیی پراکتیکی و عاتیفی لەگەڵدا دابمەزرێنین، و بیرکردنەوەی ئێمە هەمیشە لەنێو ئەم چوارچێوەیەدا دەچێتە پێشەوە. وەك فەیلەسوفی سکۆتلەندی، جـۆن مەکموری [1891-1974] دەنووسێت "مەعریفەی ئێمە بۆ جیهان یەکەمین ڕەهەندی پراکتیکی ئێمەیە لە جیهاندا"[10]. مارکس بەسیاقی هایدیگەریی لە چەند شەرحێك لەسەر ڤاگنەردا دەنووسێت "مرۆڤەکان هەرگیز لەسەرەتادا خۆیان لە پەیوەندییەکی تیۆرییدا بە شتەکانی جیهانی دەرەوەدا نابیننەوە"[11]. بەر لەوەی بتوانین دەستبکەین بە بیرکردنەوە، دەبێت شوێن و پێگەی زۆرێك لە شتەکان ڕوون بکەینەوە.

بیرکردنەوەی ئێمە بە مانایەکی دیکەیش بە جیهانەوە دەبەسترێـتەوە. بیرکردنەوە تەنها "ڕەنگدانەوە"ی واقیع نییە، بەڵکو خودی هێزی ماتریالییە. خودی تیۆریی مارکسیزمیش تەنها تەفسیرێکی جیهان نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ گۆڕینی جیهان. مارکس خۆی هەندێکجار وا قسە دەکات وەك بڵێیت بیرکردنەوە شتێك نییە جگە لە "ڕەنگدانەوە"ی پێگە ماتریالییەکان، بەڵام ئەم گوتەیە مافی تەواوی بابەتەکە دەربـارەی ڕوانگە ڕوونتر

و گرنگترەکانی ئەویش نادات. هەندێك جۆری تیۆرییەکان – تیۆرییگەلێك کە بەگشتی بە سیفەتی ڕزگارکەر دەناسرێنەوە – دەتوانن وەك هێزێکی سیاسیی لە جیهاندا کار بکەن و نەك تەنها وەك ڕێگایەك بۆ تەفسیرکردنی جیهان. و ئەم بابەتە تایبەتمەندییەکی عەجیب و غەریب بەو تیۆرییانە دەدات کە بەهۆیەوە ئەم تیۆرییانە پەیوەندییەك دروست دەکەن لەنێوان ئەو شتانەی بەوجۆرەن هەن و ئەوشتانەی بەوجۆرە دەتوانن هەبن. چونکە چەندین وەسف و پێناسەکردن بەدەستەوە دەدەن دەربارەی جیهان بەو جۆرەی هەیە؛ بەڵام لە ڕەوتی ئەم کارەدا کۆمەك بە گۆڕینی شێوازی تێگەیشتنی پیاوان و ژنان لە جیهاندا دەکەن کە ئەمەش خۆی دەتوانێت ڕۆڵی لە گۆڕینی واقیعدا هەبێت. کۆیلە دەزانێت کۆیلەیە، بەڵام زانینی ئەوەی بۆچی کۆیلەیە هەنگاوی یەکەمە بۆ کۆیلەنەبوون. بەمجۆرە ئەم تیۆرییانە بە کێشانی نەخشەی دۆخی باڵادەست ڕێگایەك بۆ دەرچـوون لێی بەرەو دۆخێکی خوازراوتر دەکەنەوە. ئەم تیۆرییانە لە وەسفکردنی ”هەیە“(is)ـەوە بە ”دەبێت“ (ought) دەگەن. تیۆرییگەلێکی لەم چەشنە ڕێگا بە مرۆڤ دەدەن تاکو خۆی و بارودۆخەکانی خۆی بەشێوەیەك وەسف بکات کە ئەو دۆخانە دەباتە ژێر پرسیارەوە و هەروەها ئەو توانایەیان پێدەدات تاکو خۆیان سەرلەنوێ پێناسە بکەنەوە. لەم ڕوانگەیەوە پەیوەندییەکی نزیك هەیە لەنێوان عەقڵ، مەعریفە و ئازادیدا. ئازادی و بەختەوەریی مرۆڤ لەسەر گەلێك جۆری تایبەتیی مەعریفە وەستاوە. و هەرکاتێك مرۆڤەکان بەپێی ئەم بەشەی

مەعریفە کار بکەن بە تێگەیشتنێکی قوڵتر دەگەن و ئەوسا دەتوانن کاریگەرتر لەپێشوو، بەپێی ئەوە کار بکەن. هەرچەند زیاتر تێبگەین زیاتر دەتوانین کار بکەین؛ بەڵام لای مارکس ئەو جۆرە تێگەیشتنە کە بەهایەکی واقیعی هەیە تەنها بەکۆمەکی خەباتی پراکتیکییەوە دەستەبەر دەبێت. ڕزگاریی سیاسی، ڕێك وەك ژەنینی شەیپور، فۆرمێکی مەعریفەی پراکتیکییە.

بەم هۆیەوەیە دەبێت زۆر بە ورياييەوە مامەڵە لەگەڵ تێزی باڵا و بەناوبانگی یانزەهەمی مارکس دەربارەی فۆیەرباخ بکەین. مارکس دەنووسێت فەیلەسوفان تاکو ئێستا تەنها تەفسیری جیهانیان کـردووە؛ بەڵام ئێستا ئیتر کاتی گۆڕینییەتی. بەڵام چۆن دەتوانین بەبێ تەفسیر جیهان بگۆڕین؟ و ئایا دەسەڵاتی تەفسیرکردنی جیهان لە گۆشەیەکی تایبەتییەوە سەرەتا و دەستپێکی گۆڕانی سیاسیی نییە؟

مارکس لە ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانیدا دەنووسێت "ئەوە بوونی کۆمەڵایەتییە کە شوێنی ئاگایی دیاریدەکات". یان وەك لودڤیگ ڤیتگنشتاین لە کتێبی دەربارەی جەختێتیدا دەڵێت: "بناغەی گەمە زمانییەکان ئەو شتە دروست دەکات کە دەیکەین"[12]. ئەم پنتە گەلێك پەیام و ئاکامی سیاسیی گرنگی هەیە و ئەمەش واتا ئەگەر دەمانەوێت شێوە و مۆدیلی بیرکردنەوە و هەستکردنمان لە بن و بنچینەوە بگۆڕین، دەبێت ئەو شتانە بگۆڕین کە دەیانکەین. پەروەردە و فێرکردن یان گۆڕانی ناوەکیی بەس نییە. بوونی کۆمەڵایەتیی ئێمە هەمیشە سنوور بۆ بیرکردنەوەی ئێمە دادەنێت. و تەنها کاتێك دەتوانین لەم سنوورە دەربچین کە وەك

بوونی کۆمەڵایەتیی بیگۆڕین - بەدەربڕینێکی دیکە، فۆرمی ماتریالیی ژیانمان. ناکرێت تەنها بە پشت بەستن بە بیرکردنەوە سنوورەکانی بیرکردنەوەی خۆمان ببڕین.

بەڵام ئایا ئەم بابەتە بریتی نییە لە دووکەرتبوونێکی درۆزنانە؟ ئەگەر مەبەست لە بوونی کۆمەڵایەتی جۆرێکی ئەو کارانە بێت کە دەیانکەین، ئەوسا ئەم دەستەواژەیە بە ناچاریی پێی ئاگایی لە پێشەوە زەق دەکاتەوە. بەو جۆرە نییە کە وەك بڵێیت ئاگایی لەلایەکەوە وەستاوە و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمەیش لەلایەکی دیکەوە. ئێوە ناتوانن بێ مەبەست و ئامانج لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگ بدەن، کەسێك ماچ بکەن، لەگەڵ کەسێکدا یەك بگرن یان کرێکارە کۆچەرەکان بچەوسێننەوە. ناکرێت ڕەفتار و کردەوەیەك ناوبنرێت کردەوەی مرۆیی کە بەدەر بێت لە ئامانج و مەبەست، بەو جۆرەی هەروەها ناکرێت ساتمەدان یان گلان یاخود هاتوهاواری سك وەك پرۆژەیەکی ئامانجدار سەیر بکرێت. بەبۆچوونی من، ئەگەر مارکس بووایە ئینکاری لەم حەقیقەتە نەدەکرد. وەك بینیمان لای ئەو ئاگایی مرۆڤ لە ڕەفتار و کردەوە پراکتیکییەکانی ئێمەدا ماتریالیزە یاخود بەرجەستە دەبێت. تەنانەت ئەگەر بەمجۆرەش بێت، ئەو هێشتا هەر پێیوایە بوون و ژیانی ماتریالی بەمانایەك بنچینەییترە لە ماناکان و ئایدیاکان، و باوەڕی وایە ماناکان و ئایدیاکان دەکرێت بەپێی بوونی ماتریالی لێکبدرێنەوە. چۆن دەبێت ئەم بانگەشەیە بگۆڕین؟

وەك پێشتر بینیمان وەڵامەکە ئەمەیە کە بیرکردنەوە بۆ مرۆڤەکان زەروورەتێکی ماتریالییە، هەروەها بەشێوەیەکی

کەمێك سەرەتاییتر بۆ سەگە ئاوییەکان و ژیشکەکان. بیرکردنەوە بۆ ئێمە زەرووریيە چونکە ئێمە جۆرێکی تایبەتیی ئاژەڵانین بە پێداویستییە ماتریالییەکانەوە. ئێمە بوونەوەرانێکین هێزی ناسین یان مەعریفەمان هەیە، چونکە بوونەوەرانێکین خاوەن جەستەین. ڕێگاکانی مەعریفە لای مارکس پێ بەپێی کار و پیشەسازی و تاقیکردنەوە گەشە دەکەن. ئەو لە ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانیدا دەنووسێت "بەرهەمهێنانی ئایدیاکان، بەرهەمهێنانی وێناکان و بەرهەمهێنانی ئاگایی لە قۆناغی یەکەمدا ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە چالاکیی ماتریالی و پێداویستیی ماتریالی مرۆڤەکان، واتا بە زمانی ژیانی واقیعییەوە"[13]. ئەگەر سروشت بە ئاسانی میوە ئاودارەکانی خۆی دەخستە نێو دەمە کراوە حەیرانییەکانی ئێمەوە یان ئەگەر (زمانم لاڵ بێت) لە کۆی ژیاندا تەنها بۆ جارێك پێویستمان بەخواردن هەبووبێت، ئەوسا ڕەنگە چیتر نیگەرانی هیچ شتێك نەدەبووین و لەبەرانبەردا دەمانتوانی تەنها ڕابکشێین و کەیف و خۆشی بکەین. بەڵام ئەسەف سروشت لەوە بەرچاوتەنگترە و مرۆڤ هەمیشە دیلی ئەو پێداویستییانەیە کە دەبێت بەردەوام بۆ دابینکردنیان لەهەوڵدا بێت.

کەواتە لە قۆناغی یەکەمدا ئەوە پێداویستییە جەستەییەکانی ئێمەیە کە شێوە و فۆرمی بیرکردنەوەی ئێمە دروست دەکات. و لەم ڕووەوەیە کە دەتوانین بڵێین بیرکردنەوە ئەولەویەت یان لەپێشتر نییە، وەك زۆرێك لە بیرمەندان حەزدەکەن ئاوا بن. بە قەولی مارکس لە قۆناغەکانی دواتری گەشەکردنی مرۆڤدا سەربەخۆیی ئایدیاکان زیاتر دەبێت لەم پێداویستییانە و هەر

ئەم سەربەخۆییەیە کە پێیدەڵێین کولتوور. بەرەبەرە دەتوانین تەنها لەبەر خۆیان چێژ لە ئایدیاکان وەربگرین نەك بەهۆی ئەو بەهایەی بۆ مانەوەی ئێمە هەیانە. بەو جۆرەی بێرتۆلد برێخت لە شوێنێکدا گوتوویەتی، بیرکردنەوە دەتوانێت ببێت بە چێژی کۆنکرێتی و مەلموس و واقیعی. تەنانەت ئەگەر بەمجۆرەش بێت، هێشتا دەتوانین بڵێین عەقڵ، هەرچەندێکیش باڵانشین بێت، ڕەگ و ڕیشەی لەنێو پێداویستییە نزمەکانی ژیاندا هەیە. بەو جۆرەی لە فرەدریش نیچەوە فێربووین بیرکردنەوە بەستراوەتەوە بە پیادەکردنی دەسەڵاتی ئێمە بەسەر سروشتدا[14]. حەز و ویستی کۆنترۆڵکردنی پراکتیکیی ژینگەی دەوروبەر، کە بۆ ئێمە وەك مەرگ و ژیان وایە، ژێرخانی هەموو چالاکییە ئەبستراکتیترەکانی فیکری ئێمەیە.

لەم ڕووەوە وەك دەکرێت لەنێو ئایدیاکانی نیچە و فرۆیددا ببینینەوە، ڕەگەزێکی کەرنەڤاڵی لە بیرکردنەوەی مارکسدا هەیە. شتە نزمەکان هەمیشە بە ئامادەییەکی سێبەرئاسای کەمینەوە لەنێو شتە بەرزەکاندان. بەو جۆرەی ویلیام ئیمپسن شاعیری ئینگلیزی و ڕەخنەگری ئەدەبی (1984-1906) دەڵێت، "پاکترین ئارەزووەکان تێکەڵی ئاساییترین و نزمترین ئارەزووەکان بوون، و ئەگەر وانەبووایە ئارەزووگەلێکی درۆزنانە دەبوون"[15]. ڕەگ و ڕیشەی بەرزترین وێناکانی ئێمە لەنێو توندوتیژیی، نەقس، ئارەزوو، حەز، دەگمەنی و شەڕانگێزی دایە. ئەمە دیوی زێڕین و شاراوەی ئەو شتەیە کە ئێمە پێیدەڵێین شارستانێتی. تیۆدۆر ئادۆرنۆ دەربڕینێکی زیندوو و ڕوون بەدەستەوە دەدات بۆ "ترس

و تۆقاندنێکی گەورە کە لەژێر داروبەردی کولتووردا هەیە"[16].
واڵتەر بنیامین دەنووسێت "خەباتی چینایەتی خەباتێکە بۆ شتە ماتریالی و سادەکان کە بەبێ ئەوانە مەحاڵە هیچ شتێکی ڕۆحانی و ئایینی بوونی هەبێت"[17]. با لەبیرمان بێت بنیامینیش وەك مارکس هەرگیز مەبەستی ئینکارکردنی بەهای "شتە ڕۆحانی و ئایینی"یەکانی نەبوو، بەڵکو دەیویست ئەوانە لەنێو سیاق و زەمینە مێژووییەکەیاندا جێ بکاتەوە. وەك زۆرێك لە فەیلەسوفە کەرنەڤالییەکان، مارکس لە جیهانی بیرکردنەوەدا لە دێوێك دەچێت کە بە چاوی گومانەوە لە ئایدیا باڵاکان دەڕوانێت. بەپێچەوانەوە، نەریتی سیاسەتمەداران بەجۆرێکە لە مەیدانی گشتیدا بە زاراوەگەلی ئایدیالیستی قسە دەکەن و لەبواری شەخسیدا دەبنە ماتریالیست و سینیك (گاڵتەجاڕ).

پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد کە "بوونی کۆمەڵایەتی" بە مانایەکی دیکەش لەپێش ئاگاییەوەیە. ڕاستییەکەیشی ئەمەیە ئەو جۆرە تێگەیشتنانە کە لەڕاستیدا بەردەوام دەبن، بەگشتی لەو شتانەوە سەرهەڵدەدەن کە ئێمە لە پراکتیکدا دەیکەین. تیۆریزەکەرە کۆمەڵایەتییەکان باس لە بەشێکی مەعریفە - بە قەولی خۆیان مەعریفەی بێدەنگ یان داخراو - دەکەن کە تەنها لە ڕەوتی کاردا دەستەبەر دەبێت و کەواتە ناکرێت لە چوارچێوەیەکی تیۆرییدا بۆ کەسێك بگوازرێتەوە. ئایا کەس دەتوانێت ڕوونی بکاتەوە کە چۆن گۆرانی ئیرلەندیی "دینی بۆی" بە فیکەلێدان بڵێتەوە؟ بەڵام تەنانەت کاتێك مەعریفەی ئێمە لەم چەشنە نییە، هێشتا ئەم حوکمە هەر ڕاستە. ناکرێت لە کتێبێکی خۆفێرکارییەوە فێری ژەنینی

کەمانچە ببین و پاشان ئامێرەکە بەخێراییەوە بەدەستەوە بگرین و پارچەیەکی ئالۆزی وەك کۆنسێرتۆ ڤایۆلینی فلیکس مەندلسۆن لە ئێ مینۆردا بژەنین. بە مانایەك دەتوانین بڵێین ئەم کۆنسێرتۆیە لە توانا و قابیلییەتی پیادەکردن یان جێبەجێکردنەکەی جیاناکرێتەوە.

بە مانایەکی دیکەیش دەتوانین بڵێین واقیعی ماتریالی لەپێشی ئایدیاکانەوەیە. کاتێك مارکس باس لە ئاگایی دەکات هەمیشە مەبەستی ئەو بەها و ئایدیایانە نییە کە لەنێو چالاکییە ڕۆژانەییەکانی ئێمەدا هەن و دێن و دەچن. ئەو زۆرجار باس لەو سیستەمانە دەکات کە پێکهاتوون لە چەمکە فۆرمالیترەکانی وەك یاسا، زانست، سیاسەت و هتد. ئەو دەیەوێت بڵێت دواجار ئەوە واقیعی کۆمەڵایەتییە چەندوچونی ئەم چوارچێوە فیکرییانە دیاریدەکات. ئەگەر ڕاستتان بوێت ئەمە هەمان دۆکترینی بەناو و بەدناوی سەرخان و ژێرخانە کە مارکس بەمجۆرەی خوارەوە دایدەڕێژێت:

> مرۆڤەکان لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی بوونی کۆمەڵایەتیی خۆیاندا هەمیشە و بـەردەوام هەنگاو دەنێنە نێو گەلێك پەیوەندیی دیاریکراو بەدەر لە ئیرادەی خۆیان، واتا ئەو پەیوەندییانەی بەرهەمهێنان کە گونجاون لەگەڵ قۆناغێکی دیاریکراوی گەشەکردنی هێزە ماتریالییەکانی بەرهەمهێنان. کۆیەتی و گشتێتیی ئەم پەیوەندییانەی بەرهەمهێنان بونیادی ئابووریی کۆمەڵگا دادەمەزرێنێت، واتا ئەو ژێرخانە واقیعییەی سەرخانی یاسایی و سیاسیی بەهۆیەوە دروست دەبێـت و فۆرمە دیاریکراوەکانی ئاگایی کۆمەڵایەتی لەگەڵ و گونجاو

لەگەڵ ئەوەدا دێنەئاراوە[18].

لای مارکس "ژێرخان" یان "بونیادی ئابووری" بریتییە لەهێزەکان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێن؛ و مەبەستیشی لە سەرخان دامەزراوەکانی وەك دەوڵەت، یاسا، سیاسەت، ئایین و کولتوور دەگرێتەوە. لای ئەو ڕۆڵی ئەم دامەزراوانە پشتیوانیکردنە لە "ژێرخان"، واتا پشتیوانیکردن لە سیستەمی چینایەتیی باڵادەست. هەندێك لەو دامەزراوانەی وەك کولتوور و ئایین ئەم ئەرکە بەگشتی بە بەرهەمهێنانی ئەو ئایدیایانە ئەنجام دەدەن کە ڕەوایەتی و شەرعییەت بە سیستەمی باڵادەست دەبەخشێت. بەمە دەڵێین ئایدیۆلۆژیا. مارکس لە ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانیدا دەنووسێت "ئایدیاکانی چینی باڵادەست یان حاکم هەمان ئایدیا باڵادەست و حاکمەکانە لە هەر سەردەمێکدا". سەیرە ئەگەر لە قۆناغی گەشەکردن و درەوشانەوەی کۆمەڵگای فیودالیدا ڕووبەڕووی خولانەوەی ئەو ئایدیایانە ببینەوە کە بەگشتی دژ بە فیودالیزم بن. وەك بینیمان مارکس وابیردەکاتەوە ئەوانەی کۆنترۆڵی بەرهەمهێنانی ماترياليیان بەدەستەوەیە حەزدەکەن کۆنترۆڵی بەرهەمهێنانی زەینیش بەدەستەوە بگرن. ئەم بانگەشەیە لە سەردەمی بەهێزی بارۆنەکانی چاپەمەنییەکان و میدیاکاندا زیاتر لە زەمەنی خودی مارکس ڕاست و دروستی هەیە.

لەبەر ئەوەی هەندێك لە ڕەخنەگرانی مارکس و تەنانەت هەندێك لە پەیڕەوانی ئەو گاڵتەیان بە مۆدێلی سەرخان-ژێرخان کردووە، من دەمەوێت بەپێچەوانەی ڕەوتی باوەوە

لێرەدا بەرگری لێبکەم. هەندێکجار ڕەخنەی ئەوە دەگرن کە ئەم مۆدێلە لەڕادەبەدەر وەستاوە؛ بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە مۆدێلەکان هەموویان چۆنایەتییەکی وەستاو و سادەیان هەیە. مەبەستی مارکس ئەمە نییە بڵێت ژیانی کۆمەڵایەتی لە دوو ئاراستە و لایەنی سەرتاپا جیاوازەوە دروست بووە. بەپێچەوانەوە، هاتوچۆیەکی فراوان لەنێوان ئەم دووانەدا هەیە. لەوانەیە ژێرخان سەرخانی بەدیهێنابێت، بەڵام مانەوەی ژێرخان بەڕادەیەکی زۆر بەستراوەتەوە بە بوونی سەرخانەوە. بەبێ سەپۆرت و پارێزگاریی دەوڵەت، سیستەمی مافناسی، حزبە سیاسییەکان و خولانەوەی ئەو ئایدیایانەی بەرگریی لە سەرمایەداری دەکەن لە میدیاکان و شوێنەکانی دیکەدا، ئەوا بناغەکانی سیستەمی خاوەندارێتیی باڵادەست بەجۆرێك لەرۆزکتر دەبوو لەمڕۆ. لای مارکس ئەم هاموشۆ دووئاراستەیە لە کۆمەڵگا پێش سەرمایەدارییەکاندا بە جۆرێك بەرچاوتر بوو، لەبەر ئەوەی لەو کۆمەڵگایانەدا یاسا، ئایین، سیاسەت، خزمایەتی و دەوڵەت بێ چەندوچوون بەشدارییان لە کاروکاسبیی بەرهەمهێنانی ماتریالیدا دەکرد.

سەرخان بەم مانایەش بەراورد بەژێرخان پلە دوو و لاوەکی نییە، کە واقیعەکەی لەو کەمترە. زیندانەکان، کڵێساکان، قوتابخانەکان و وێستگەکانی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن ڕێك بەڕادەی بانکەکان و کانەکانی خەڵوزی بەردین واقیعین. لەوانەیە ژێرخان گرنگتر بێت لە سەرخان؛ بەڵام گرنگتر لە کام ڕوانگەوە؟ بۆ باشترکردنی ژیانی مەعنەویی ئینسان هونەر بەجۆرێك گرنگترە لە داهێنانی جۆرێکی تازەی چوکلێت، ئەگەرچی بەگشتی دەگوترێت دووەم

بەشێکی ژێرخانە و یەکەمیش سەر بە سەرخانە. مارکسیستەکان دەڵێن ژێرخان لەو ڕووەوە گرنگترە کە گۆڕانکارییە بەڕاستی سەردەمسازەکان لە مێژووی مرۆڤدا بەگشتی دەرەنجامی هێزە ماتریالییەکانن نەك ئایدیاکان یان بیروباوەڕەکان.

ڕەنگە ئایدیاکان و بیروباوەڕەکان نفوز و کاریگەرییەکی لەڕادەبەدەریان هەبێت؛ بەڵام ماتریالیستەکان پێیانوایە ئایدیاکان تەنها سەردەمێك هێزێکی لەڕاستیدا مێژوویی بەدەستەوە دەگرن کە لەگەڵ حەز و بەرژەوەندییە بەهێزە ماتریالییەکاندا یەکبگرن. لەوانەیە هۆمیرۆس خەباتی تــەرواده بەگوێرەی بەهاگەلێکی وەك بەناووبانگبوون، ئازایەتی، ڕێبازی یەزدانی و هتد لەبەرچاو بگرێت، بەڵام مێژوونووسێکی وەکو توسیدیس کە لە یۆنانی کۆندا لەئاستی خۆیدا ماتریالیستێکی ڕەسەن بوو، بە زیرەکییەکەوە ئاماژەوە بەوە دەکات کە دەگمەنیی سەرچاوەکان، لەنێو خووعادەتی یۆنانییەکاندا بۆ دەستکێشانەوە لەجەنگ بۆ کشتوکاڵ و دەستبەسەرداگرتنی دەستکەوتەکان، بووە هۆی ئەوەی ئەو جەنگە هێندە درێژە بکێشێت. توسیدیس هەروەها دەیگوت کۆی دەزگای دەسەڵاتی یۆنانی لەسەر گەشەسەندن و پێشکەوتنی دەریـاوانـی و بازرگانی و کەڵەکەکردنی ئەو سامانە وەستاوە کە بەهۆیەوە ئەم پێشکەوتنە کەوتبووە سەر ڕاستەڕێگەی خۆی. کۆنیی تیۆرییە ماتریالیستە مێژووییەکان دەگەڕێتەوە بۆ زەمەنێکی بەر لە مارکس.

ژمارەیەکی زۆر لە دامەزراوەکان هەن کە دەکرێت بڵێین لەویەکەیەدا هەم سەر بە ژێرخان و هەم سەر بە سەرخانن.

کڵێساکانی مەسیحییە تازەکان (Born-again) لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا لەڕیزی ناوەندەکانی دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژیادان، بەڵام بەهۆی گەلێك کاروکاسبییەوە درەوشاونەتەوە. هەر ئەم کەیسە یان بابەتە دەربارەی پیشەسازیی بڵاوکردنەوە، میدیاکان و پیشەسازیی فیلمسازیش دروستە. هەندێك لە زانکۆکانی ئەمریکا تەنها کارگەکانی بەرهەمهێنانی زانست نین، بەڵکو ناوەندە گەورەکانی بازرگانین. یان ئەگەر سەیری پرێنس چارلز بکەین، لەڕێگای ئەو ڕێز و ئیحترامە فراوانەی لەلایەن عەوامی بریتانییەوە لێیدەگیرێت، توانیویەتی قازانجێکی زۆر کۆبکاتەوە.

بەڵام ئایا بەڕاستی دەکرێت کۆی بوون و ژیانی مرۆڤ بەوردییەوە بەسەر دوو پانتایی سەرخان و ژێرخاندا دابەش بکرێت؟ لەڕاستیدا نەخێر. لێرەدا شتگەلێك هەن نە سەر بە بەرهەمهێنانی ماتریالین و نە سەر بەو شتەی پێیدەگوترێت سەرخان: زمان، عەشقی سێکسوالی، ئێسقانی پێ، هەسارەی ڤینۆس(زوهرە)، تۆبەکردن، جوڵە هاوسەنگەکان و بەندەرەکانی یۆرکشایەری باکوور تەنها مشتێکن لە خەروارێك. وەك بینیمان مارکسیزم بەشێك نییە لە "تیۆریی هەمووشتێك". لەڕاستیدا ڕەنگە بەر گریمانەییترین پەیوەندییەکانی نێوان خەباتی چینایەتی و کولتوور بکەوین. عەشقی سێکسوالی پەیوەندیی بە ژێرخانی ماتریالییەوە هەیە، چونکە بەگشتی بەرهەمهێنانی ئەو سەرچاوە هێزەکییە تازانەی هێزی کاریان لێدەکەوێتەوە کە پێیاندەڵێین ڕۆڵەکان یان منداڵان. پزیشکانی ددان لە سەردەمی داکشانەوەی ئابووریی ساڵی 2008دا باسیان لە زیادبوونێکی بەرچاوی ئازاری پووك کرد کە

هۆکارەکەی بەهۆی سترێس و فشاری ددانەکان بوو بەهۆی فشارە دەمارییەکانەوە. سترێس و فشاری ددانەکان لە بەرانبەر بە کارەساتێکی دیکەدا میتافۆر نییە. کاتێك ڕۆماننووسی گەورە مارسێل پروست هێشتا لە ڕەحمی دایکیدا بوو دایکە خانەدانەکەی بێ ئەندازە ئازاری لە بزووتنەوەی سۆسیالیستیی کۆمۆنەی پاریس چەشت؛ گروپێك گومانی ئەوەیان دەکرد ئەم ئـازارە بەهێزە بووەتە هۆی تەنگەنەفەسیی هەمیشەیی پروست. تیۆرییەکیش هەیە دەڵێت ڕستە بێ ئەندازە درێژ و سەرگێژکەرەکانی پروست هەوڵێکی دەروونین بۆ قەرەبووکردنەوەی تەنگەنەفەسییەکەی خۆی. بەهەرحاڵ، پەیوەندییەك هەیە لەنێوان شێواز و ستایلی نووسینی پروست و کۆمۆنەی پاریسدا.

ئەگەر مەبەست لە مۆدێلی ژێرخان-سەرخان ئەمە بێت کە سەرخان لە بنەڕەتدا بۆ کردنی ئەو ئەرکانەی ئەنجامیان دەدات هاتووەتە بوونەوە ئەوسا بێگومان دەبێتە مۆدێلێکی گومڕاکەر. ڕەنگە ئەم قسەیە دەربارەی دەوڵەت دروست، بێت بەڵام کێشە بتوانین ئەمە دەربـارەی هونەر قبوڵ بکەین. ئەمەش ڕاست نییە کە هەموو چالاکیی قوتابخانەکان، ڕۆژنامەکان، کڵێساکان و دەوڵەتەکان لە بـەرەی پاراستنی سیستەمی کۆمەڵایەتیی باڵادەستدان. کاتێك قوتابخانەکان منداڵان فێردەکەن چۆن قەیتانی پێڵاوەکانیان ببەستن یان کاتێك هەواڵی تەلەڤزیۆن پێشبینیی کەش و هەوا پەخش دەکات، ئەوا ناتوانین بڵێین ئەم دامەزراوانە کاری "سەرخان" دەکـەن. لەکاتی ئەمجۆرە کارانەدا پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان بەهێز ناکەن. دەوڵەت

لەلایەکەوە هێزە یەکینە تایبەتییەکانی خۆی بۆ سەرکوتکردنی خۆپیشاندەرانی نەیارانی جەنگ دەنێرێت، بەڵام لەلایەکی دیکەوە هێزەکانی پۆلیس بەدوای منداڵە بزربووەکاندا دەگەڕێن. کاتێك ڕۆژنامە وێنەیی و وروژێنەرەکان کۆچبەرەکان تۆمەتبار دەکەن، "سەرخانیانە" ئیش دەکەن؛ بەڵام کاتێك ڕاپۆرتی پێکدادان و ڕووداوی ڕێگا دەگوازنەوە بە ئەگەرێکی زۆرەوە کارەکەیان سەرخانئاسایی نییە. (هەڵبەت ڕاپۆرتی ڕووداوی ڕێگا هەمیشە دەتوانێت دژ بە سیستەم بەکاربهێنرێت. دەڵێن لە ژووری هەواڵی ڕۆژنامەی دەیلی وۆرکەردا، ڕۆژنامەی کۆنی پارتی کۆمۆنیستی بریتانیا، کاتێك ڕاپۆرتی ڕووداوی ڕێگا بە دەستی سەرپەرشتیارانی لاپەڕەکان دەگات ئەم فەرمانەی ئەنجوومەنی سەرنووسەر ئیزافە دەکرێت: "لەگۆشەی چینایەتییەوە، هاوڕێیان"). کەواتە ئەم ڕاگەیاندنە گومڕاکەرە کاتێك دەڵێت قوتابخانەکان، کڵێساکان یان تۆڕەکانی تەلەڤزیۆن سەر بە سەرخانن. سەرخان زیاتر لەوەی شوێنێك بێت کۆمەڵێك ڕێگا و ڕەسمە پراکتیکییەکانە. لەوانەیە مارکس خۆی بەمجۆرە بیری لە سەرخان نەکردبێـتەوە، بەڵام ئەمە ڕێگایەکی گونجاوە بۆ باشترکردنی پرەنسیپی بەڵگاندنەکەی ئەو.

پێدەچێت ڕاست بێت کە لە بنەڕەتدا دەکرێت هەموو شتێك بۆ جێگیرکردن و بەهێزکردنی دۆخی باڵادەست بەگەڕ بخرێت. ئەگەر ڕیپۆرتەری کەش و هەوای تەلەڤزیۆن، بە گرنگەوە باسی نزیکبوونەوەی گێژەڵۆکە نەکات و سەرپێیانە باسی بکات، ئەویش بەو هۆیەی ئەم هەواڵە ڕەنگە بینەرانی تەلەڤزیۆن تووشی خەمۆکی بکات، و بەم هۆیەوە کە هاووڵاتییە ناوردبین

و دەقیقەکان بە ئەگەرێکی زۆرەوە وەك هاووڵاتییە وردبین و دەقیقەکان کارناکەن، ئەوا بەڕێز ڕیپۆرتەر وەك کارگوزارێکی دەسەڵاتی حاکم و باڵادەست ڕۆڵ و ئەرکەکەی خۆی ئەنجام دەدات. (باوەڕێکی سەیروسەمەرە هەیە دەڵێت ئازار و وەڕەسی، دەسەڵاتی لەناوبردنی سیاسیی هەیە، بەتایبەت لە ئەمریکا کە خەڵکەکە بەشێوەیەکی پاتۆلۆژیانە ئومێدەوار و گەشبینن). بەڵام بەگشتی دەتوانین بڵێین هەندێك لە ڕەهەندەکانی ئەم دامەزراوانە بەم شێوەیە کار دەکەن و هەندێکی دیکەیان نا، یان دەکرێت بڵێین هەندێك لە ڕەهەندەکان لەهەندێك کات و شوێندا ڕەنگە وەها ڕەفتار بکەن و بجوڵێنەوە و لە هەندێکی دیکەدا نا. هەرچۆنێك بێت دامەزراوەیەك پێدەچێت چوارشەممان "سەرخانئاسا" بێت و جومعان بەمجۆرە نەبێت. وشەی "سەرخان" ناچارمان دەکـات تا ڕێگا و شێوازێکی پراکتیك بخەینە ناو چوارچێوەیەکی تایبەتییەوە. سەرخان وشەیەکی پەیوەندییانەیە کە ئەم پرسیارە زەق دەکاتەوە: فڵان چالاکیی لە پەیوەندیدا بە چالاکییەکانی دیکەوە چ ڕۆڵ و ئەرکێکی هەیە؟ بەو جۆرەی جیراڵد کوهن (فەیلەسوفی مارکسیستیی شیکاری) دەریخستووە، وشەی سەرخان هەندێك لە دامـەزراوە نائابوورییەکان لەنێو چوارچێوەی ئابووریدا دیاریدەکات و لێکدەداتەوە[19]. بەڵام هەموو ئەمجۆرە دامەزراوانە ڕوون ناکاتەوە، هەروەها هەموو ڕۆڵ و ئەرکە شیمانەییەکانی ئەم دامەزراوانەش شیناکاتەوە و دەریناخات کە لە بنەڕەتدا بۆچی ئەم دامەزراوانە دروست بوون.

تەنانەت ئەگەر بەمجۆرە بێت بابەتەکەی مارکس ڕادیکاڵتر

و ڕیشەییترە لەوەی وادەردەکەوێت. مەسەلەکە ئەمە نییە کە ڕاییگەیەنین هەندێك لە شتەکان سەرخانن و هەندێکی دیکەیان بەمجۆرە نین، وەك هەندێك لە سێوەکان سوورن و هەندێکی دیکەیان نا. بابەتەکە ئەمەیە ئەگەر یاسا، سیاسەت، ئایین، پەروەردە و کولتووری کۆمەڵگا چینایەتییەکان هەڵبسەنگێنین دەبینین زۆرترین ئەو کارانەی دەیکەن جێگیرکردن و بەهێزکردنی نەزمی کۆمەڵایەتیی باڵادەستە. و ڕاستییەکەیشی ئەگەر جگە لەمە بووایە سەیر دەبوو، زیاتر لەوەش چاوەڕوانییەك لەوان ناکرێت. هیچ شارستانێتییەکی سەرمایەسالار بوونی نییە تیایدا یاسا خاوەندارێتیی تایبەتیی قەدەغە بکات، یان لە قوتابخانەکاندا گەندەڵی و خراپەکارییەکانی کێبەڕکێی ئابووریی بە منداڵان بڵێن. ڕاستە بەشێکی گەورەی هونەر و ئەدەبیات خەریکی ڕەخنەکردنی ڕادیکاڵی دۆخی باڵادەست بووە. هەرگیز ناتوانین بڵێین ماری شیللی، ویلیام بلیك، ماری وۆلستۆنکرافت، ئیمیلی برۆنتە، دیکنز، جۆرج ئۆروێڵ و دی. ئێچ. لاورێنس هەموویان بێشەرمانە خەریکی بانگەشەکردن و پروپاگەندە بوون لە بەرژەوەندیی چینی باڵادەست و حاکمدا. سـەرەڕای هەموو ئەمانە ئەگەر بەگشتی لە ئەدەبیاتی ئینگلیزی بڕوانین دەبینین ڕەخنەکەیان لە سیستەمی کۆمەڵایەتی بەدەگمەن تا ئاستی بردنەژێرپرسیاری سیستەمی خاوەندارێتیی دەڕواتـە پێشەوە. مارکس لە کتێبی تیۆرییەکانی زیادەبەهادا دەربارەی ئەو شتەی خۆی پێیدەڵێت ”بەرهەمهێنانی ئازادی مەعنەوی“ قسە دەکات، کاتیگۆرییەك کە ئەو هونەر لە بەرانبەر بە بەرهەمهێنانی ئایدیۆلۆژیا لەژێرەوەیدا

دەیگونجێنێت و دایدەنێت. ڕەنگە دروستتر بێت بڵێین هونەر هەردوو جۆرەکە دەگرێتەخۆی.

لە ڕۆمانی جودی گومناو (Jude the Obscure)ی تۆماس هاردیدا پاڵەوانی چیرۆکەکە جودی فاولی پیشەوەری هەژار کە لە ناوچەی کرێکارنشینی جریکۆی ئۆکسفۆرددا دەژیت، لەگەڵ خۆیدا بیردەکاتەوە "چارەنووسی ئەو بە ڕاڕەوەکان و حەوشەکان و هۆڵەکانی زانکۆوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو بە خەڵکی زەحمەتێکشەوە بەستراوەتەوە، کە وەك ئەو لە ناوچە پیسەکاندا دەژین کە زیارەتکاران و ستایشکارانی وەك بەشێکی شار حسابیان بۆ ناکرێت، و سەرەڕای هەموو ئەمانە ئەگەر دانیشتووانی ئەم ناوچانە نەبووایەن کتێبخوێنەکان و ڕۆشنبیرانی باڵای شار نەیاندەتوانی خەریکی خوێندنەوە و موتالەعە و ژیان بن" (بەشی 2، کەرتی 6). ئایا ئەم زاراوە توندوتیژانە دەربڕینێکی دیکەیە بۆ دۆکترینی ژێرخان-سەرخانی مارکس؟ نەخێر. ئەم ڕستانە بە سیاقێکی ماتریالیستی سەرنجی خوێنەر بۆ ئەم حەقیقەتە ڕادەکێشن کە بەبێ کاری دەستی، کاری فیکریش بوونی نەدەبوو. زانکۆی ئۆکسفۆرد "سەرخان"ی "ژێرخان"ی جریکۆیە. ئەگەر زانکۆییەکان بۆ خۆیان چێشتلێنەر، لولەکێش، پیشەوەر، چاپخانەچی و هتدیان نەبووە، چیتر کاتییان بۆ موتالەعە و لێکۆڵینەوە نەدەمایەوە. وەك بینیمان، قسەی مارکس لێرەدا کۆتایی نایەت. بەس نییە بڵێین بە سکی بەتاڵ ناتوانین ئەفلاتون بخوێنینەوە. بابەتەکە ئەمەیە کە مۆدیلی ڕێکخستنی بەرهەمهێنانی ماتریالیی بەناچاری کاریگەریی لەسەر شێوازی بیرکردنەوەی ئێوە بەرانبەر بە ئەفلاتون دادەنێت.

ئەوەی گرنگە سروشتی بیرکردنەوەیە کە لە ئۆکسفۆرددا هەیە نەك تەنها ئەوەی لەوێدا بیرکردنەوەیەك هەیە. ئەکادیمییەکانی ئۆکسفۆرد وەك هەر کەسێکی دیکە تێدەگەن بیرکردنەوەیان لەلایەن واقیعە ماتریالییەکانی سەردەمی خۆیانەوە دروست دەبێت. زۆرینەیان لەوانەیە نووسینەکانی ئەفلاتون یان هیچ نووسەرێکی دیکە بەشێوەیەك تەفسیر نەکەن کە خەلەلێك بخاتە نێو بنەماکانی مافی خاوەنداریێتیی تایبەت، زەرووەرەتی نەزمی کۆمەڵایەتی و نموونەکانی دیکەوە. کاتێك جود لە تێبینییەکی بێ هیوایانەدا لە مامۆستای یەکێك لە هاوکارەکانی دەپرسێت چۆن دەتوانێت لەوێدا ببێتە خوێندکار، ئەو لە وەڵامدانەوەدا بە تێبینییەك دەنووسێت کرێکارێکی وەك ئەو باشترە بەباشی دەرەقەتی ئەم کارە بێـت و ئەنجامی بدات. (ئایرەنییەکە ئەوەیە کە لەوانەیە هاردی خۆیشی لەگەڵ ئەم پێشنیارەدا کۆك بێت، ئەگەرچی نەك بەو هۆیەی ئەو مامۆستایە کردوویەتی).

لە بنەڕەتدا چ پێویستییەکمان بە سەرخان هەیە؟ لەبیرتان بێت، ئەمە جیاوازە لەگەڵ ئەوەی بپرسین بۆچی هونەر، یاسا یان ئایینمان هەیە. زۆرێك وەڵامیان بۆ ئەم پرسیارە هەیە. بەڵام پرسیاری مارکس بەمجۆرەیە: "بۆچی بەشێکی گەورەی هونەر، یاسا، و ئایین خزمەت بە ڕەوایەتیدان بە سیستەمی باڵادەست دەکات؟". بە کورتی وەڵامەکە ئەمەیە کە ژێرخان لەناوەوەدا کـەرت بـووە. مـادام ژێرخان لەگەڵ چەوساندنەوە و بەخزمەتگرتندا دێتەوە، ئەوا جیهانێکی پڕ لە تەنگژە و گرژی و ململانێ پەروەردە دەکات. و ڕۆڵی سەرخانەکان بریتییە لە

ڕێکخستن و پشتڕاستکردنەوەی ئەم ململانێیانە. سەرخانەکان لەو ڕووەوە زەروورین کە چەوساندنەوە بوونی هەیە. جگە لەم شێوەیە دیسان هونەر، یاسا و لەوانەیە ئایینمان هەبێت، بەڵام ئەمانە چیتر خزمەتیان بەو ڕۆڵ و ئەرکە بەدناوانە نەدەکرد، بەڵکو دەیانتوانی ئەم کۆت و بەندانە بشکێنن و زیاتر ئازاد بن.

مۆدێلی ژێرخان-سەرخان مۆدێلێکی ستوونییە، بەڵام دەکرێت وەك ئاسۆییش بیری لێبکەینەوە. بەم شێوەیە دەکرێت وەك ئاستێکی دەرەوەی توانا و ئەگەرە سیاسییەکان لە ژێرخان بڕوانین. ژێرخان شتێکە دواجـار لە بەرانبەر بە خواست و داواکارییەکانی ئێمەدا بەرهەڵستیی دەکات - شتێك تەنانەت سیستەمی باڵادەست دەچێتە ژێرباری هەموو ڕیفۆرمێکەوە، کەچی هێشتا هەر تەسلیم نابێت. بەمجۆرە دەکرێت بڵێین ئەم مۆدێلە گرنگییەکی سیاسیی هەیە. ئەو کەسەی واگریمانە دەکات ئێوە دەتوانن تەنها بە گۆڕینی بیروباوەڕەکانی خەڵك یان دامەزراندنی پارتێکی سیاسیی تازە بناغەکانی کۆمەڵگا بگۆڕن، ڕەنگە خراپ نەبێت تێبگەن کە ئەم شتانە هەرچەندێکیش گرنگ بن، شتگەلێك نیین مرۆڤەکان لە کۆتاییدا کاتێکی زۆری بۆ تەرخان بکەن. ڕەنگە ئەو بۆ ئەم بنەمایە کات و توانای خۆی بۆ ئامانجێکی سوودمەندتر خەرج بکات. ژێرخان دوایین بەربەست دەردەخات کە سیاسەتی سۆسیالیستی هەمیشە لە بەرانبەر بەخۆیدا دەیبینێتەوە، یان بە قەولی ئەمریکاییەکان کۆتایی هێڵەکەیە. و مادام مەبەستی ئەمریکاییەکان لە کۆتایی هێڵەکە هەندێکجار پارەیە، ئەوا ئەم خاڵە تەنها دەریدەخات کە

زۆرینەیەکی زۆری هاووڵاتییانی سەر زەوی ئازادی، بەنەنووسراو و نائاگاییانە مارکسیستن. ئەم بابەتە پێش چەند ساڵێك بۆ خودی خۆیشم ڕوون بووەوە، کاتێك لەگەڵ ڕاگری کۆلیژی هونەر لە زانکۆی ویلایەتی خۆرئاوای ئەمریکا لەنێو سەیارەدا دانیشتبووین بەتەنیشت کێڵگەیەکی بەڕادەیەك فراوانی دانەوێڵەدا تێپەڕین. نیگایەکی گرتە ئەم بەرهەمە دەوڵەمەندە و گوتی: ”دەبێت بەرهەمی ئەمساڵ باش بێت. مافی دوو پرۆفیسۆری یاریدەدەر لەمەوە وەردەگیرا“.

کەواتە ماتریالیستەکان بوونەوەرگەلێکی بێهەست و بێڕۆح نین و ئەگەریش بەمجۆرە بن بابەتەکە بە زەروورییی پەیوەندیی بە ماتریالیستبوونییانەوە نییە. مارکس خۆی پیاوێکی ڕۆشنبیر بوو کە لە نەریتی مەزنی ئەوروپای ناوەندیدا پەروەردە بووبوو و حەزی دەکرد هەرچی زووتر ئەو شتە تەواو بکات کە بە تۆنێکی توندەوە پێیدەگوت ”پاشماوە بێکەڵکەکانی ئابووری“ی سەرمایە و خەریکی نووسینی کتێبێکی گەورە بێت دەربارەی بەلزاك. لە بەختی ڕەشی ئەو و لەوانەیە لە بەختی باشی ئێمەوە بێت کە ئەو هەرگیز ئەم کارەی نەکرد. مارکس جارێك گووتی ئەو تەندروستی، بەختەوەری و خێزانەکەی خۆی کردە قوربانی نووسینی سەرمایە، بەڵام نەیدەتوانی سەری شۆڕ بکات و ئازارەکانی مرۆڤ نەبینێت[20]. ئەو هەروەها دەیگوت هیچ کەسێك تا ئێستا هێندە و بەم ڕادەیە دەربارەی پارە نەینووسیوە و هێندەش خۆی بێ پارە نەبووە. ئەو پیاوێکی پڕ لەجۆش و خرۆش، قسەخۆش و ساتیریی (پلارهاوێژ) بوو، ڕۆحێکی سەرسەخت، قورس و پڕ لە

چێژ و زەوقی هەبوو، قسەخۆش و خۆشمەشرەب بوو و حەزی لە مشتومڕی توند و پشتشکێن هەبوو، و سەرسەختانە دەست و پەنجەی لەگەڵ هەژارییەکی بەهێز و نەخۆشییە بەردەوامەکاندا نەرم دەکرد[21]. هەڵبەت ئەو مولحید بوو؛ بەڵام مەعنەویبوون مانای ئەوە نییە دیندار بیت، و هەندێك لە تێمە سەرەکییەکانی ئایینی جولەکە – داد، ڕزگاریی، ئاشتی و زۆری نیعمەت، ڕۆژی حەشر، مێژوو وەك گێڕانەوەی ئـازادی مـرۆڤ، ڕزگـاری نەك تەنها بۆ تاکەکان، بەڵکو بۆ کۆی لەخاوەندارێتیداماڵراوەکان – لە چوارچێوەیەکی نائایینیدا هێڵە سەرەکییەکانی کارەکەی ئەو پێکدەهێنن. ئەو هەروەها میراتبەری دوژمنایەتیی ئایینی جولەکە بوو لەگەڵ بتپەرستی، فیتیشیزم و وەهم و خورافاتەکان کە مرۆڤی دەکرد بە کۆیلە.

مادام مەسەلەکە پەیوەندیی بە ئایینەوە هەیە، پێویستە باسی مارکسیستە جولەکەکان، مارکسیستە ئیسلامییەکان و مارکسیستە مەسیحییەکان بکەین، کە پشتیوانییان لە بزووتنەوەیەکی ناسراو بە تیۆلۆژیای ڕزگارکەر کردووە. بەو مانایەی مارکس بۆ وشەی ماتریالیزم هەیبووە، هەموو ئەمان ماتریالیستن. ڕاستیتان بوێت بە گوتەی ئێلنۆر، کچی مارکس، ئەو جارێك بە هاوسەرەکەی، یەنا، دەڵێت ئەگەر بیر لە "دابینکردنی پێداویستییە میتافیزیکییەکانی خۆی" دەکاتەوە ئەوا دەبێت لەنێو پێغەمبەرانی جولەکەدا بیبینیتەوە نەك لەو ئەنجوومەنە سکۆلارەی هەندێکجار لە دانیشتنەکانیاندا بەشداری دەکەیت[22]. ماتریالیزمی مارکسیستی کۆمەڵێك حوکم و گوزارە نییە دەربارەی گەردوون وەك "هەموو

شتێك لە ئەتۆمەکان دروستکراوە" یان "خودایەك بوونی نییە" بەڵکو تیۆرییەکە دەربــارەی شێوازی کــاروکــردەوەی ئاژەڵە مێژووییەکان.

ئەو لەگەڵ میراتە جولەکەییەکەی خۆیدا بیرمەندێکی تەواو ئەخلاقی بوو. ڕاستە دەیویست دوای تەواوکردنی سەرمایە کتێبێك دەربارەی بەلزاك بنووسێت، بەڵام هەروەها دەیویست کتێبێکیش دەربارەی ئەخلاق بنووسێت. کەواتە ئەم پێشبڕیار یان حوکمە پێشینییە لە زەینتان دەربێنن کە ئەو بیرمەندێکی دژە ئەخلاقیی بێڕۆح و بێهەست بووە و ڕێچکە و ئاراستەیەکی تەواو زانستی بۆ کۆمەڵگا هەبووە. زۆر قورسە بتوانین بە پیاوێك بڵێین دژەئەخلاق و بێڕۆح کاتێك دەنووسێت کۆمەڵگای سەرمایەداریی "هەموو پەیوەندییە ڕەسەنەکانی نێوان مرۆڤەکانی پارچەپارچە کردووە و لەبری ئەوانە خۆپەرستی و پێداویستییە خۆپەرستییەکانی دانــاوە و دنیای مرۆڤەکانی کــردووە بە جیهانێکی ئەو تاك و فەردانە کە وەك ئەتۆمەکان لەیەکتری جیان و بوونەتە دوژمنی یەکتری"[23]. مارکس پێیوایە ئەخلاقی باڵادەست بەسەر کۆمەڵگای سەرمایەداریدا – واتا ئەو پرەنسیپەی من تەنها کاتێك هاوکاریتان دەکەم کە سوودی خۆمی تیا بێت – ڕێگایەکی تەواو نەفرەتاوی و پیسە بۆ ژیان. ئێمە لەگەڵ هاوڕێ و منداڵەکانماندا بەمجۆرە ڕەفتار ناکەین و ناجوڵێینەوە، کەواتە بۆچی دەبێت لە پانتایی گشتیدا وەك ڕێگایەکی سەرتاپا سروشتی لەگەڵ ئەوانیدیکەدا ڕووبەڕوو ببینەوە؟

دروستە مارکس بەگشتی ئەخلاقیات تۆمەتبار دەکــات،

بەڵام مەبەستی ئەو لە نیگای ئەخلاقی ئەو جۆرە لێکۆڵینەوە مێژووییە بوو کە لە بەرژەوەندیی فاکتەرە ئەخلاقییەکاندا فاکتەرە ماتریالییەکان فەرامۆش دەکات. زاراوەیەکی دروست بۆ وەسفکردنی ئەم نیگایە ئەخلاق (morality) نییە، بەڵکو بەئەخلاقبوونە(moralism). مۆرالیزم ڕەچاوی شتێك دەکات بەناوی "بەها ئەخلاقییەکان" ئەویش لە دەرەوەی کۆی سیاقە مێژووییەکەیدا، کە زەمینەی گەشەکردنی ئەو بەهایانە بووە، و دوای ئەمە بەگشتی، گەلێك حوکمی موتڵەقی ئەخلاقی دەردەکات. لە بەرانبەردا ئەو لێکۆڵینەوەیەی بە مانای حەقیقی ئەخلاقی بێت، هەموو ڕەهەندەکانی دۆخە مرۆییەکان هەڵدەسەنێگێنێت و دەیانپشکنێت. لێکۆڵینەوەیەکی ئاوا ناتوانێت بەهاکان، ڕەفتارەکان، پەیوەندییەکان و خەسڵەتە مرۆییەکان لە هێزە کۆمەڵایەتی و مێژوویە دروستکەرەکانی جیابکاتەوە، و بەمجۆرە ناکەوێتە نێو داوی جیاکردنەوەیەکی درۆزنانەی نێوان بڕیار و حوکمە ئەخلاقییەکان و شیکارییە زانستییەکان. حوکمێکی ئەخلاقیی حەقیقیی دەبێت هەموو واقیعە پێکەوەبەستراوەکان بە لایەنی زۆرەوە بە وردی و بێگومانییەکی گونجاوەوە هەڵبسەنگێنێت. لەم ڕوانگەیەوە مارکس خۆی ئەخلاقگەرایەکی حەقیقییە لە نەریتی ئەرستۆدا ئەگەرچی ئەو هەمیشە لەسەر ئەم خاڵە نەوەستاوە.

لەبەر ئەوە، ئەو سەر بە نەریتی مەزنی فەلسەفەی ئەرستۆیی بوو کە مەسەلەی ئەخلاق یەکەم بریتی نەبوو لە یاساکان، پابەندبوون و فەرمان و حوکمەکان، بەڵکو دەیگوت بریتییە

لەوەی چۆن دەبێت بە ئازادترین، کاملترین و بەرهەمدارترین شێوە و ڕێگای گونجاو بژین. پرسیاری بنچینەیی ئەخلاق لای مارکس دواجار شتێك نییە جگە لە بەختەوەربوون و چێژوەرگرتن لە ژیـان. بـەڵام مـادام هیچ کەسێك ناتوانێت لە تەنهایی و گۆشەگیریدا بژیت، ئەخلاق بەناچاری پێی سیاسەتیش دەهێنێتە پێشەوە. ئەرستۆیش هەر ئەم باوەڕەی هەبوو.

لەڕاستیدا ڕۆحانییەت جیهانێکی دیکەیە، بەڵام جیهانێکی دیکە پەیوەندیی نییە بە وێنا و بیرکردنەوەیەك کە موژدەبەخشە ئایینییەکان بۆ ڕۆژی دوایی یان ئاخیرەت هەیانە. جیهانی دیکە هەمان ئەو جیهانەیە کە سۆسیالیستەکان هیوایان پێیەتی لە داهاتوودا دایبمەزرێنن، ئەویش لەبری جیهانێك کە بەڕوونی مێژووی مەسرەفکردنی بەسەرچووە. ئەوان بەم مانایە خوازیاری جیهانێکی دیکە نین، ڕوونە کە جیهانی دەوروبـەری خۆیان بەدروستی نەبینیوە.

# بەشی حەوتەم
# مارکس و چین

**ڕەتکراوەترین دیـوی مارکسیزم، هەمان خولیا و وەسواسیی نەخۆشانە و ماندووکەری ئەوە سەبارەت بە چین. پێدەچێت مارکسیستەکان تێبینیی ئەوەیان نەکردبێت کە دیمەنی چینی کۆمەڵایەتی ئاسمان و ڕێسمان لە ڕۆژگـاری مارکسەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. بەتایبەت، چینی کرێکار، کە لە خۆش خەیاڵی مارکسیستەکاندا دەبێتە دەستپێکەری سۆسیالیزم، ئێستا لەسەر سەکۆی شانۆی ڕۆژگار ڕەشبووەتەوە و ئاسەوارێکی لێنەماوەتەوە. لە جیهانی کۆمەڵایەتیی ئێمەدا ڕۆژ بەڕۆژ چین گرنگی نامێنێت، سات بەسات جوڵەی کۆمەڵایەتی زیاد دەکرێت، و باسکردنپ خەباتی چینایەتی بەڕادەی قسەکردن دەربـارەی سووتاندنی مورتەدەکان لەسەر دارەکـان کۆنبووە. کرێکارە شۆڕشگێڕەکان، وەك ئەو سەرمایەدارە خراپەکار و قێزەونانەی کڵاوی سیلاندریان (top-hatted) لەسەر دەکرد، ئەفسانەیەکە دروستکراوی خەیاڵی مارکسیستەکانە.**

بینیمان مارکسیستەکان کێشەیان لەگەڵ ئایدیای یۆتۆپیادا هەیە. لەبەر ئەمە، ئەو وەهمە ڕەتدەکەنە، کە مادام ئەمڕۆ

کاربەدەستانی پلەباڵا بە پێڵاوی کەتانی دەچنە سەر کار، گوێ لە گۆرانییەگانی گروپی "Rage Against the Machine" [تورەیی دژ بە ماشین][10] و لە کارمەندەکانیان نزیك دەبنەوە، کە بە ناوی خۆمانە یان ناوی بچووك بانگیان دەکەن، ئەوا چینی کۆمەڵایەتی لەسەر زەوی بوونی نەماوە و ڕەش بووەتەوە. مارکسیزم چین بەپێی ستایلی ژیان، پێگەی کۆمەڵایەتی، ئاستی دەرامەت، زاراوە و دیالیکت، کار یان عادەتگەلێکی وەك پاراستن و پاسەوانیکردنی ئاژەڵانی ماڵەوە یان هەڵواسینی تابلۆکانی ئیدگار دیگا[11] بە دیواری ماڵەوە، پێناسە ناکات. پیاوان و ژنانی سۆسیالیست نەجەنگاون، بەڵام هەندێکجار بەدرێژایی سەدەکان گیانی خۆیان لەپێناوی کۆتاییهێنان بە لوتبەرزی[بۆرژواییانە][12] بەخت کردووە.

بەپێی چەمکی سەیر و سەمەرە و ناسکی ئەمریکییەکان بۆ "کلاسیزم"(جیاوازی چینایەتی)، ململانێ لەچیندا جۆرێکە لە ڕوانین یان جۆرێك بەریەککەوتن: واتا چینی ناوەڕاست چیتر نابێت بەچاوی سوکایەتییەوە لە چینی کرێکار بڕوانێت، بەو شێوەی سپی

10- گروپێکە ساڵی 1991 لە ئەمریکا دامەزراوە و ڕوانگەی چەپگەراییانەی بۆ مەسەلە سیاسییەکان هەیە. لە شیعرەکانیاندا بەڕاشکاوی باس لە سیستەمی ئابووری ئەمریکا و ئیمپریالیزمی کولتووری و سیاسەتە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکەن.

11- ئێدگار دیگا (1834 – 1917) وێنەکێش و پەیکەرسازی بەناوبانگی فەرەنسی، پرۆتریتی وێنە و پەیکەرەکانی دیمەنەکانی ژیانی ڕۆژانەیان دەنواندەوە. (وەرگێڕ)

12- زیادکراوی وەرگێڕ

پێستەکانیش نابێت هەستی بەرزتر یان باڵادەستتریان بەرانبەر بە ئەمریکاییە بەڕەچەڵەك ئەفریقییەکان هەبێت. بەڵام بۆ مارکسیزم کێشەکە پەیوەندیی بە شێوازی بەریەککەوتن یان ڕوانینەوە نییە. مەسەلەی چین لای مارکسیزم بەجۆرێك وەك فەزیلەت وایە لای ئەرستۆ، جۆرێك نییە لە هەستی ئێوە، بەڵکو چەندوچوونی کاری ئێوەیە. کێشەکە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە پێگەی ئێوە لە شێواز یان مۆدێلێکی تایبەتی بەرهەمهێناندا چییە - چ کۆیلە بیت، چ جوتیارێك بیت کە دێهاتییەك بۆخۆی دەکـات، یان جوتیاری کرێگرتە، خاوەن سەرمایە، سەرمایەگوزار، ئەو کرێکارەی هێزی کاری خۆی دەفرۆشێت، خوردەمالیك و هتد. مارکسیزم کۆتایی پێنەهاتووە لەبەر ئەوەی شێوازی قسەکردن دەربارەی دەرچووانی قوتابخانەی شەوانەڕۆژی ئیتۆن[13] چیتر وەك ڕابردوو نەماوەتەوە، ئەندامانی خێزانی پاشایەتی لە یانەکانی شەوانە سەرخۆش دەبن و هەندێکجار خۆیان لەئاوەڕۆی شەقامەکان هەڵدەکێشن، یان هەندێك لە فۆرمە کۆنترەکانی جیاوازی چینایەتی بەهۆی میکانیزمەکانی پێدانی بەرفراوانی پارە بەقەرز، بوونیان نەماوە. ئەو ڕاستییەی دەڵێت ئەریستۆکراسیی ئەوروپایی شانازی بـەوەوە دەکەن لەگەڵ کەسانێکی وەك میك جەیگر (گۆرانیبێژی بەناوبانگی بریتانی و خۆشویستترین فیگورەکانی مۆسیقای هاوچەرخ) هەڵدەستن و دادەنیشن، هەرگیز نیشانە و

13- قوتابخانەی ئیتۆن بەناوبانگترین قوتابخانەی کوڕانەی بریتانیایە و لە سەدەی 15 دامەزراوە، کەسایەتییە سیاسیی و بازرگانەکانی بریتانیا لەوێ دەخوێنن.

ڕۆشنایی کۆمەڵگایەکی بێ چین نییە.

گوێمان بەو بانگەشانە سیخناخ بووە کە دەڵێن چینی کرێکار بوونی نەماوە. بەڵام بەر لەوەی باس لەم بابەتە بکەین، با بەدوای ئەو بانگەشەیەدا بچین، کە زۆر کەم باسکراوە: لەناوچوونی سووچە باڵاترەکانی بۆرژوازی یان چینی ناوەڕاست. بەو جۆرەی پێری ئەندرسن ئاماژەی پێداوە، ئەمڕۆ ئەو جۆرە ژن و پیاوانە لەناو چوون کە دەبێت وێنەی فەرامۆشنەکراو و لەیادنەکراویان لەنێو بەرهەمی ڕۆماننووسانێکی وەك مارسێل پروست و تۆماس ماندا ببینینەوە. ئەندرسن دەنووسێت "ئەو چینە بۆرژوازییەی کەسانێکی وەك بودلێر یان مارکس، ئیبسن یان ڕامبۆ، گرۆتس یان برێخت - یاخود تەنانەت سارتەر یان جۆن ئۆهارا [نووسەری ئەمریکی 1905 - 1970] - دەیانناسی، سەردەمی بەسەرچووە". لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، نابێت سۆسیالیستەکان بە بینینی ئەم ڕیکلامی مەرگە بوروژێن. بەو جۆرەی ئەندرسن لەدرێژەدا ئاماژەی پێدەکات "لەبری شانۆی ئامفی (amphitheatre)یە ڕەق و مەحکەمەکان ئێستا ئیکواریوم(aquarium)ی فۆرمە خز و شلەکانمان هەیە - پرۆژەکتۆرەکان و بەڕێوەبەرەکان، کارگوزارەکان (janitors) و دەرکەوانەکان، پێشکەشکاران و قۆرخکاران (speculators)ی سەرمایەی هاوچەرخ: ڕۆڵ و ئەرکەکانی جیهانی پارەداری، کە هیچ جێگیرییەکی کۆمەڵایەتی یان شوناسێکی جێگیر و پایەدار ناناسێت"[1]. چین هەمیشە پێکهاتەکانی خۆی دەگۆڕێت، بەڵام مانای ئەوە نابەخشێت کە سڕدراوەتەوە و بوونی نەماوە و هیچ ئاسەوارێکی بەجێنەهێشتووە.

سەرمایەداری بەهۆی ئەو سروشتەی هەیەتی، جیاوازییەکان دەسڕێتەوە و لەناویان دەبات، هیرارشییەتەکان وێران دەکات، و جۆراوجۆرترین فۆرمەکانی ژیان تێکەڵی یەکتری دەکات و ڕەشیان دەکاتەوە. هیچ فۆرمێکی ژیان لەمە فرەڕەنگتر و پلۆرالیستیتر نابێت. کاتێك ئەم پرسیارە دەکرێت ئایا دەقاودەق دەبێت چ کەسانێك بچەوسێنرێنەوە، سیستەمی سەرمایەداری ئەوا بە چەشنێکی ستایشکارانە دەبێـتە سیستەمێکی یەکسانخواز. سەرمایەداری بـەڕادەی پاکترین پۆستمۆدێرنیستەکان دژە هیرارشییەتە، بە ئەندازەی باوەڕدارترین قەشە ئەنگلیکانییەکان بەڕووی کراوەوە هەموویانی قبوڵە، هیچ کەسێك بەدەر ناکات و کەس ناسڕێتەوە، و بەردەوام نیگەرانیی ئەوەیە نەوەکو کەسێك لەدەرەوەی سیستەمدا بمێنێتەوە. کاتێکیش باس و خواس دێتە سەر سوود، سپی و ڕەش، ژن و پیاو، بچووك و گەورە، شار و دێ، ناوچەکانی ویکفیلد و دێهاتەکانی سۆماترا، هەموویان بەکەڵکی دێن و دەبێت بەڕوویەکی یەکسان و بە ویژدانەوە مامەڵە لەگەڵ هەموویاندا بکرێت. یەکسانیخوازیی گەورە سۆسیالیزم نییە، بەڵکو فۆرمی کاڵاییە. کاڵا قەت ئیشی ئەوە نییە بزانێت مەسرەفکەرە گریمانەییەکەی دەچێتە چ قوتابخانەیەکەوە، یان "basin" بە "bison" گۆدەکات یان نایکات. کاڵا دەقاودەق هەر ئەو جۆرە تاکفۆرمی و یونیفۆرمە دەسەپێنێت، کە بەو جۆرەی بینیمان، مارکس دژایەتی دەکات.

کەواتە تووشی سەرسوڕمان مەبن کاتێك دەبینن سەرمایەداریی پێشکەوتوو باوەڕ بە وەهمی بێ چینایەتی دەهێنێت. ئەمە

تەنها دەرکەوتەیەکی درۆزنانە نییە کە سیستەمی سەرمایەداری نایەکسانییە ڕاستەقینەکانی لە پشتییەوە دەشارێتەوە؛ ناعەدالەتی، سروشتی دڕندانەی ئەو سیستەمەیە. سەرباری هەموو ئەمانە، ململانێیەکی ئاشکرا هەیە لەنێوان کەمتەرخەمی لە ئیدارە مۆدێرنەکاندا و ئەو سیستەمە جیهانییەی تیایدا ناکۆکی و جیاوازییەکانی سامان و دەسەڵات لە هەمیشە زیاتر بـووە. لەوانەیە فۆرمە کۆنەکانی هیرارشییەت لە هەندێك بەشەکانی ئابووریدا شوێنی خۆی بۆ فۆرمە تازەکانی ڕێکخستن و ئۆرگانیزەکردنی ناسەنتەر، تۆڕی، گروپی و وەستاو لەسەر هەژاری و سامانی زانیارییەکان دابنێت، کە تیایاندا تاکەکان ئازادن بە ناوی بچووکەوە بانگی یەکتر بکەن و جلوبەرگی ئاسوودە و ناڕەسمی لەبەر بکەن. بەڵام سەرمایە زیاتر لە هەمیشە لە دەستی ژمارەیەکی کەمدا چڕ دەبێتەوە و دەمێنێتەوە، و ئاستی ئەو کەسانە ڕۆژ بەڕۆژ شاراوەتر دەبێت کە سەروەت و ماڵ و مناڵیان لەدەست دەدەن. هەر ئەو کاتەی بەڕێوەبەری باڵای فلانە کۆمپانیا پانتۆڵە جینییەکەی لەگەڵ پێڵاوەکەیدا دەگونجێنێت، زیاتر لە ملیاردێك ئینسان ڕۆژانە ڕووبەڕووی برسێتی دەبنەوە و بەکولەمەرگی دەژین. زۆرینەی میترۆپۆلیسەکان لە باشووری جیهاندا کەلاوەنشینی بۆگەن و زبڵدانن، پڕن لە نەخۆشی و قەرەباڵغی، و کەلاوەنشینەکان سێ لەسەر یەکی کۆی دانیشتووانی شارنشینیی جیهان پێکدەهێنن. لەڕوانگەیەکی گشتیترەوە هەژارانی شار لانیکەم نیوەی دانیشتووانی حیهان پێکدەهێنن[2]. هەر لەم میانەیەدا، گروپێك لە خۆرئاوا بە تین

و تاوی مژدەبەخشانی مەسیحی دەیانەوێت لیبراڵ دیموکراسی ببەن بۆ خاڵ و ناوچە دوورەدەستەکانی سەر زەوی، ئەویش ڕێك لەو کاتەدا کە چارەنووسی جیهان بەدەستی ژمارەیەك کۆمپانیای خۆرئاواییەوەیە، کە نە هی کەسە و نە وەڵامی هیچ کەسێك دەداتەوە، تەنها هی پشکدارەکانە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، مارکسیستەکان تەنها "دژ"ی چینی سەرمایەدار نین، وەك لەوانەیە گروپێك دژایەتیی ڕاو یان جگەرەکێشان بکات. پێشتر بینیمان کەس هێندەی مارکس ستایشی دەستکەوتە شکۆمەندەکانی ئەو چینەی نەکردووە. سۆسیالیزم دەبێت پشت بـەم دەستکەوتانە ببەستێت - دەستکەوتگەلێکی وەك دژایەتیکردنی موتڵەقانەی ستەمکاریی سیاسیی، کەڵەکەکردنی زۆری ئەو سامانەی دیمەنی درەوشاوە و خۆشگوزەرانیی گشتی بەدیبهێنێت، ڕێزگرتن لە ئازادییە مەدەنی و تاکەکەسییەکان، ڕەچاوکردنی مافە دیموکراتیی و کۆمەڵایەتییە نێونەتەوەییەکان و نموونەی دیکەی لەم چەشنە. نابێت مێژووی چینایەتی تەنها فڕێبدرێت، بەڵکو دەبێت بەکاربهێنرێت. بەو جۆرەی ئاماژەی پێکرا، سەرمایەداری ئەوەی خستووەتەڕوو کە نەك هەر تەنها هێزێکی کارەساتبار بووە، بەڵکو هێزێکی ڕزگارکەریش بووە؛ و ئەمە مارکسیزمە زیاتر لە هەر تیۆرییەکی سیاسیی دیکە هەوڵدەدات شەرحێکی دادپەروەرانەی سەرمایەداری بەدەستەوە بدات تاکو هەم نەکەوێتە داوی ستایشکردنێکی کوێرانە و هەم نەکەوێتە سەرزەنشتکردنێکی موتڵەقەوە. یەکێك لەو بەخششە گەورانەی سەرمایەداری، هەرچەند نەخوازراو، پێشکەشی جیهانی

کرد، چینی کرێکار بوو – ئەو هێزە کۆمەڵایەتییەی سیستەمی سەرمایەداری بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی پەروەردەیکرد، ئەویش بە ئاستێك توانای زاڵبوونی بەسەریدا هەبوو. بەم هۆیەوەیە دیدگای مارکس دەربارەی مێژوو ناوکێکی ئایرۆنی و تەنزئامێزی هەیە. تەنز و گاڵتەیەکی تاریك لەم دیدگایەدا هەیە کە سیستەمی سەرمایەداری گۆرهەڵکەنەکانی خۆی دەهێنێتە دنیاوە.

مارکسیزم بەم هۆیەوە سەرنجی خۆی لەسەر چینی کرێکار چڕناکاتەوە، چونکە فەزیلەتێکی بەرچاو و درەوشاوە لە کاری ئەواندا دەبینێت. تا حەزبکەن دزان و بانکدارانیش زەحمەت دەکێشن، بەڵام کەس نایەت بڵێت مارکس بەرگریکار و پارێزەری ئەوانە (دیـارە مارکس جارێك، لە نووسینێکی درەوشاوەیدا دەربــارەی تیۆریی ئابووری خۆی، بابەتێکی دەربــارەی دزی نووسی). وەك بینیمان مارکسیزم دەیەوێت تا ئاستی مومکین کار و زەحمەت کەم بکاتەوە و نەیهێڵێت. لەبەرانبەردا گرنگی سیاسیی بەرچاوی چینی کرێکار لەڕوانگەی مارکسیزمەوە لـەوەوە سەرچاوەی نەگرتووە کە کرێکاران ستەملێکراوترین گروپی کۆمەڵایەتین. گروپگەلێکی ستەملێکراوی زۆر هەن کە لە زۆربەی شتەکاندا لە چینی کرێکاران خاوەن پێداویستیترن – ماڵ بەکۆڵەکان، خوێندکاران، پەنابەران، بەتەمەنەکان، بێکاران و ئەو کەسانەی ئاساییشی کاریان نییە. تەنانەت ئەو کاتەی کرێکاران لە ماڵەکانیاندا دەبنە خاوەنی ئاوی گەرم یان تەلەڤزیۆنی ملەوەن، هیچ شتێك لە گرنگی و سەرنجڕاکێشانی چینی کرێکار بۆ مارکسیستەکان کەم ناکاتەوە. گرنگترین فاکتەر

پێگەی ئەو چینەیە لەنێو شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا. تەنها ئەوانەی لەناوەوەی سیستەمی سەرمایەداریدان، شێوازی کارەکەی دەناسن و پێی ئاشنان، لە فۆرمی هێزێکی دەستەجەمعی لێهاتوو و خاوەن ئاگایی سیاسییدا ڕێکدەخرێن، و بۆ سەرکەوتنە پراکتیکییەکەی زەروورن و سەرباری ئەمە، لەرووی بەرژەوەندییە مادییەکانیشییانەوە دەیانەوێت ئەو چینە لەناوبەرن، بەڵێ تەنها ئەوانەن کە دەتوانن جڵەوەکەی بەدەستەوە بگرن و بۆ بەرژەوەندییە گشتییەکان بەکاریان بهێنن. هیچ باوکسالارێکی خێرخواز یان هیچ گروپێکی ئاژاوەگێڕ لە دەرەوە ناتوانێت ئەم کارە بۆ ئەوان بکات - بە دەربڕینێکی دیکە سەرنجی مارکس بۆ چینی کرێکار (کە لە ڕۆژگاری ئەودا زۆرینەی دانیشتووانیان پێکدەهێنا) جیاناکرێتەوە لەو ڕێزە قوڵەی ئەو لە دیموکراسی دەیگرێت.

کەواتە ئەگەر مارکس هێندە گرنگی بە چینی کرێکار دەدات، بەو هۆیەوەیە کە کرێکاران دەتوانن هەمووان ڕزگار بکەن:

دەبێت چینێك دروست ببێت، کە زنجیرگەلێکی ڕیشەیی هەبێت. چینێکی کۆمەڵگای مەدەنی، کە چینی کۆمەڵگای مەدەنی نییە، چینێکە هەموو چینەکان دەتوێنێتەوە، مەیدانێکی کۆمەڵگا، کە سروشتێکی گشتی هەیە، چونکە ئازارەکانی ئازاری گشتی و هەمووانن، و قەرەبووکردنەوەیەکی تایبەتی ناوێت، چونکە ئەو ستەمەی لەو دەکرێت ستەمێکی تایبەتی نییە، بەڵکو ستەمێکی گشتییە. دەبێت مەیدانێك لە کۆمەڵگادا دروست ببێت، کە هیچ پێگە و شوێنێکی تەقلیدی و نەریتی

ناوێت، بەڵکو تەنها داوای پێگە و شوێنێکی ئینسانی دەکات... بە کورتی چینێك بریتییە لە نەبوونی تەواوی ئینسانبوون و تەنها بە ڕزگارکردنی گشتی ئینسانییەتـەوەیە دەتوانێت خودی خۆی ڕزگار بکات. ئەم تواندنەوەیەی کۆمەڵگا، وەك چینێکی تایبەتی، خودی پرۆلیتاریایە[3].

لای مارکس، چینی کرێکار بە مانایەك، بریتییە لە گروپێکی کۆمەڵایەتیی تایبەت و دیاریکراو. سەرباری ئەمە، مادام چینی کرێکار لای ئەو دەلالەت لە ستەمێك دەکات کە گەلێك ستەمی دیکە بـەدوای خۆیدا دەهێنێت (جەنگی ئیمپریالی، فراوانخوازیی کۆلۆنیالیستی، وشکەساڵی و قاتیوقڕی، جینۆساید، تاڵانکردنی سروشت، و بە ئەندزەیەك، ڕاسیزم و باوکسالاری)، کەواتە مانا و دەلالەتێکی زیاتر لە بـوار و مەیدانی خۆی هەیە. لەم ڕووەوە، چینی کرێکار لە بەڵاگێڕەکان (scapegoat) ی کۆمەڵگا کۆنەکان دەچێت، ئەو بەڵاگێڕ و چینەی دەخرایە دەرەوەی شار، چونکە وێنا و دیمەنی تاوانی گشتی و هەمووان بوو، بەڵام ڕێك بەم هۆیەوە دەسەڵاتی هەبوو، کە ببوو ببوو بە بەردی بناغەی نەزمێکی کۆمەڵایەتیی تازە. مادام چینی کرێکار هەم بۆ مانەوەی سیستەمی سەرمایەداری زەرووره و هەم لەم سیستەمەش دەردەکرێت، ئەوا ئەم "چینە، کە چین نییە" وەك بەشێکی مەتەڵاوی یان لوغزێك حساب دەکرێت. بە مانایەکی تەواو حەقیقی، ئەم چینە نەزمێکی کۆمەڵایەتی دەخوڵقێنێت – لەسەر بنەمای کاری بەردەوام و بێدەنگبوونی ئەم چینەوەیە کە

کۆی باڵەخانەی بەرزی کۆمەڵگا بونیاد دەنرێت – و سەرباری ئەمانە، نابێتە خاوەنی هیچ نواندنەوەیەکی ڕاستەقینەی نێو ئەو نەزمە، و هیچ کەسێك ئینسانییەتی ئەو بە شێوەیەکی تەواو ناناسێتەوە. ئەم چینە هەم چەرخی کۆمەڵگا دەسوڕێنێت و هەم خاوەنداریێتییەکەیشی لێدەسەنرێتەوە، هەم تایبەتییە و هەم گشتی، بەشی پێویست و تەواوکەری کۆمەڵگای مەدەنییە و سەرباری ئەمە بە مانایەك، هیچە[14].

14- ئابە ئامانوئێل ژۆزێف سییز، نووسەری شۆڕشگێڕیی فەڕەنسی، لە ساڵی 1789 واتا ساتی شۆڕشی فەڕەنسا، نامیلکەیەك بەناوی چینی سێیەم دەنووسێت، کە لە گریمانەیەکی سادەدا دەڵێت:
1. «چینی سێیەم» چییە؟ هەموو شتێك. 2. تاکو ئێستا لەنێو نەزمی سیاسییدا چی بووە؟ هیچ شتێك. 3. چی دەیەوێت، بوون بە شتێك. بە مانایەك دەکرێت بڵێین چینی سێیەم هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە، جگە لە ئەریستۆکراتەکان، فیودالەکان و ڕۆحانییەکان. یاخود چینی سێیەم زۆرینەی کۆمەڵانی خەڵکی چەوساوەیە، یان وەك سییز خۆی دەڵێت خەڵك دەیانەوێت ببنە شتێك، و لەڕاستیدا خەڵك دەیانەوێت نوێنەرانیی ڕاستەقینە بن لە ئەنجوومەنە گشتییە چینایەتییەکاندا، نوێنەرانێك بن هەڵقوڵاوی خۆیان بن. نەك ئەو نوێنەرانەی ئەمڕۆی سیستەمی دیموکراسیی پەرلەمانی، کە بێگومان نوێنەران هەرگیز نوێنەری خەڵك نین، بەڵکو نوێنەری چینێکی دیاریکراون کە پاشان خۆیان لەگەڵ پارت و چینەکانی دیکەدا هاوشێوە دەکەن. بەمانایەك نوێنەرانیی ئەمڕۆی خەڵك تەنها لەو خاڵەدا نوێنەرانن، کە خەڵك وەك ئامراز بەکاردەهێنن و پێیان دەڵێن ئێوە دەنگمان پێبدەن ئێمەش تا چوار یان پێنج ساڵی داهاتوو سیاسەتتان بۆ دەکەین. خەڵك دەیانەوێت ببن بە شت، بۆ ئەوەی لە ئاماندا بن. تاکو ئەم نوێنەرایەتییە ڕاستەقینەیە دروست نەبێت، خەڵك هەرگیز لە ئاماندا نابن و زنجیرەی ستەملێکراوانی خەڵك هەر بەردەوام دەبێت و تەنانەت بە قەولی واڵتەر بنیامین لە حاڵەتی سەرکەوتنی ئەم دوژمنانەندا تەنانەت مردووانیش لە ئاماندا نابن. (وەرگێڕ)

لەبەر ئەوەی خودی بونیادی کۆمەڵگا بەم مانایە بوونەوەرێکی دژبەری هەیە، ئەوا چینی کرێکار دەلالەت لەسەر ئەو خاڵە دەکات، کە تیایدا کۆی لۆژیکی نەزمی باڵادەست وردە وردە ئاشکرا دەبێت و لەناو دەچێت. چینی کرێکار پینە و جۆکەری نەشازی شارستانییەتە، کە دەتوانێت بە شێوەیەکی ناچاوەڕوانکراو گۆڕانی بەسەردا بهێنێت، فاکتەرێکە نە شوێنێکی ئەمنی لە ناوەوەدا هەیە و نە لە دەرەوەدا، ئەو شوێنەی تیایدا فۆرمی شارستانییانەی ژیان ناچار دەبێت ڕووبــەڕووی ئەو دژبەرییانە ببێتەوە، کە دروستیان کـردووە. لەبەر ئەوەی چینی کرێکار هیچ پێگە و شوێنێکی ڕاستەقینەی لە دۆخی باڵادەستدا نییە، بەڕادەیەك لەناوەوەیدا دەبێتە شتێکی نەبینراو؛ بەڵام ڕێك بەو هۆیەوە دەتوانێت خەبەری داهاتوویەکی ئەڵتەرناتیڤ بهێنێت. چینی کرێکار وەك "تواندنەوە"ی کۆمەڵگا بە مانای نەفیکردنی دێت – زبڵ یان بەرهەمە بێ مەسرەفەکان کە نەزمی کۆمەڵایەتی هیچ شوێن یان پێگەیەکی ڕاستەقینەی بۆ دانانێت. لەم ڕوانگەیەوە، چینی کرێکار نیشانەی خودی ئەو شتەیە کە هەر هەوڵێکی ڕیشەیی بۆ وێرانکردن و بونیادنانەوەی نەزمی باڵادەست دەبێت لەخۆیدا بیتوێنێتەوە. بەڵام بە مانایەکی پۆزەتیڤتریش بریتییە لە توانەوە و لەناوچوونی کۆمەڵگای ئێستا، چونکە ئەو چینەیە کە لەبەر ئەوەی بەدەسەڵات بگات، دواجار تۆماری کۆمەڵگای چینایەتی بە جارێك دەپێچێتەوە و لەناوی دەبات. بەمجۆرە دواجار تاکەکان لەکۆت و بەندی چینی کۆمەڵایەتی ڕزگار دەبن و دەتوانن سەربەخۆ لەو کۆمەڵگایە، گەشە بە تواناکانی خۆیان

بدەن. لەم ڕوانگەیەوە، چینی کرێکار لەو ڕووەوەش "گشتی"یە کە کاتێك هەوڵدەدات گۆڕان لە بارودۆخی خۆیدا بکات، لە بەرانبەردا دەتوانێت مۆرکی کۆتایی لەسەر کۆی حیکایەتی ناشرین و قێزەونی کۆمەڵگای چینایەتی بدات.

کەواتە، لێرەشدا ئایرۆنی یان دژبەرییەکی دیکە هەیە – ئەو ڕاستییەی تەنها بەهۆی چینەوەیە دەتوانین بەسەر چیندا زاڵ ببین. ئەگەر مارکسیزم تا ئەم ئاستە چەمکی چین بەگرنگ دەبینێت، تەنها بەو هۆیەوەیە کە دەیەوێت پشتەوەی ئەو شتە ببینێت. وەك دەبینرێت مارکس خۆی چینی کۆمەڵایەتی وەك فۆرمێکی نامۆبوون سەیردەکات. کاتێك بڵێین پیاوان و ژنان تەنها "کرێکار" یان "سەرمایەدار"ن، ئەوا ئەم شتە لەگۆڕانی فەردانییەتی تاقانەی ئەوانەوەیە لەژێر کاتیگۆرییەکی بێ ناوونیشان. بەڵام چین فۆرمێکی نامۆبوونە کە تەنها دەتوانین لە نـاوەوەدا لەناویان ببەین. تەنها کاتێك بەشێوەیەکی تەواو لە چین بکۆڵینەوە، تەنها کاتێك وەك واقیعێکی ناچارانەی کۆمەڵایەتی قبوڵیان بکەین و تەنها لە خەیاڵی خۆماندا ئارەزووی تەفروتوناکردنیانمان نەبێت، دەتوانین هەڵیبگرین و لایببەین. ئەم شتە بۆ ڕەگەز و جێندەریش دەستدەدات. بەس نییە هەر تاکێك وەك بوونەوەرێکی سەربەخۆ و تاقانە سەیر بکەین، وەك لیبراڵە ئەمریکییەکان کە هەموو کەسێك بە "تایبەت"(special) دادەنێن (چ دێوە میدیاییەکانی وەك دۆنالد ترەمپ بێت یان بکوژانی زنجیرەیی وەك بۆستۆن سترانگلەر Boston Strangler). ئەو ڕاستییەی دەڵێت خەڵك دەبن بە جەماوەرێکی بێ ناوونیشان، لەوانەیە بە مانایەك،

نیشانەیەك بێت بۆ نامۆبوون، بەڵام بەمانایەکی دیکە، یەکێکە لە مەرجەکانی ڕزگاربوونی ئـەوان. ئەگەرچی جارێکی دیکە مێژوو بەپێی ڕەهەندی "خراپ" [واتا پێشبینی نەکردنی] دەچێتە پێشەوە. لیبراڵە خەیاڵپڵاوەکان کە هەموو ئەندامێکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی روریتانیا(Ruritanian) وەك تاکێکی تاقانە و سەربەخۆ دەبینن، ناتوانن لە ئامانجی بنچینەیی بزووتنەوەکە تێبگەن. ئامانجی ئەو بزووتنەوەیە گەیشتنە بەو قۆناغەی روریتانیاییەکان بتوانن بەڕاستی ئازادانە خۆیان بن. بەڵام ئەگەر هەر ئێستا بتوانن بن بە خۆیان، ئەوا چیتر پێویست بە بوونی ئەو بزووتنە ڕزگاریخوازە ناکات.

بە مانایەکی دیکەیش کاتێك مارکسیزم سەیری چینی کرێکار دەکـات، ئـەوا ئەو دیـوی ئەم چینەش ڕەچـاو دەکـات. هیچ سۆسیالیستێکی شەریف هەرگیز ئەو باوەڕەی نەبووە کە چینی کرێکار دەتوانێت بەپشت بەخۆبەستن سەرمایەداری لەپەلوپۆ بخات. تەنها بە دروستکردنی یەکێتییە سیاسییەکانەوە دەکرێت وێنای ئەرکێکی وەها مەترسیدار بکرێت. مارکس وەها بیری دەکـردەوە کە چینی کرێکار دەبێت پشتیوانی لە وەرزێـر و جوتیارە وردەبـۆرژوازەکـان بکات، بەتایبەت لە وڵاتانی وەك فەرەنسا، ڕووسیا، ئەڵمانیا، کە کرێکارانی پیشەسازی هێشتا کەمینە بوون. بەلشەڤیکەکان هەوڵیاندەدا بەرەیەکی تاقانە و یەکێتییەك دروست بکەن، پێکهاتبێت لە کریکاران، وەرزێر و دێهاتییە هەژارەکان، سەربازان، دەریاوانەکان، رۆشنبیرانی شارنشین و هتد.

لێرەدا پێویستە ئەوەمان لەیاد بێت کە پرۆلیتاریا پیاوانی چینی کرێکاری سەدەی نۆزدە نەبوو، بەڵکو ژنانی چینە هەژارەکانی کۆمەڵگای کۆن بوون. وشەی "پرۆلیتاریا" لەڕێگای زاراوەی لاتینی "وەچـەکـان"(offspring)ــەوە بەئێمە گەیشتووە، واتا ئەو کەسانەی هێندە هەژار بوون تەنها لەڕێگای منداڵدانیانەوە دەیانتوانی خزمەت بە وڵاتەکەی خۆیان بکەن. ئەو ژنانە لەوەش مەحرومتر بوون کە بەهیچ شێوەیەکی دیکە بتوانن پشکێکیان لە ژیانی ئابووریی کۆمەڵگادا هەبێت و لەمڕووەوە لەڕێگای وەچەخستنەوەوە هێزی کاریان بەرهەم دەهێنا. کۆمەڵگا داوای بەرهەمهێنانەوە (reproduction) یان زایینی لەوان دەکرد نەك بەرهەمهێنان(production). پرۆلیتاریا ژیانی خۆی لەنێو کەسانێکدا دەستپێکرد کە لـەدەرەوەی کار بوون نەك لەنێوان ئەوانەی لەنێو پرۆسەی کاردا بوون. بەڵام ئەو کار و زەحمەتەی ئەوان بەرگەیان دەگرت، چەندقات ترسناکتر بوو لە شکاندنی تاوێرەبەردەکان.

ئەمڕۆ، لە سـەردەمـی کارگە هەرزانەکانی بـازاڕی ڕەش (sweatshops) و کاری قورسی کشتوکاڵی لە جیهانی سێیەمدا، هێشتا پرۆلیتێر جۆرێکە لە ژن. پیشەی کارمەندی نووسینگە (White-collar) کە لەسەردەمی ڤیکتۆریاییدا بەگشتی لەلایەن پیاوانی توێژی خوارەوەی چینی ناوەڕاستەوە ئەنجام دەدرا، ئەمڕۆ بەگشتی بۆ ژنانی چینی کرێکار دانراوە، ئەو ژنانەی بەجۆرێك کرێیەکی کەمتر لە کرێکاری دەستیی لێهاتووی پیاو وەردەگرن. هەروەها، چارەنووسی کەوتنی پیشە قورسەکان دوای جەنگی

یەکەمی جیهان، زۆرینەی کارەکان، لە بازاڕەکان و فەرمانگەکاندا، بەژنان سپێردرا. لە ڕۆژگاری خودی مارکسیشدا گەورەترین گروپی کرێکارانی کرێوەرگر بەگشتی ژنانی کارەکەر بوون نەك چینی کرێکاری پیشەسازی.

کەواتە چینی کرێکار هەمیشە لە پیاوانی بەهێز و بەباز و کوتەك بەدەست دروست نابێت. ئەگەر هێشتا وایدەبینن چینی کرێکار ئەم پیاوانەن، بۆ ئەوەی تووشی واقوڕمان بن ئەوەندە بەسە گوێ لە قسەی جوگرافیناسی مارکسیست، دەیڤد هارڤەی، بگرن کاتێك دەڵێت "پرۆلیتاریای جیهانی ئەمڕۆ زۆر لەجاران گەورەترە"[4]. ئەگەر مەبەست لە چینی کرێکار، کرێکاری کارگەکان بێت، ئەوسا دەکرێت بڵێین ژمارەی ئەندامانی چینی کرێکار لە کۆمەڵگا پێشکەوتوو و گەشەسەندووەکانی سەرمایەداریدا زۆر بە قورسی کەم بووەتەوە – ئەگەرچی هۆکاری ئەم شتەش بە ئاستێك زاڵبوونی بەشێکی بەرچاوی ئەم کارەیە بۆ ناوچە هەژارکەوتووەکانی سەر زەوی. سەرباری هەموو ئەمانە، ئەوە دروستە کە کارکردن لە کارە پیشەسازییەکاندا لەئاستی جیهانیدا کەم بووەتەوە. بەڵام تەنانەت ئەو کاتەی بریتانیا سەنتەری کاری پیشەسازیی جیهان بوو، ژمارەی نۆکەرەکان و کارەکەرەکان و کرێکارانی بواری کشتوکاڵی زیاتر بوو لە کرێکارانی پیشەسازی[5]. و پرۆسەی کەمبوونەوەی کاری دەستی و زیادبوون و فڕینی کار و پیشەی کارمەندی هەرگیز بریتی نییە لە دیاردەیەکی "پۆستمۆدێرنی". بەپێچەوانەوە، دەتوانین نیشانەکانی ئەم دیاردەیە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ببینینەوە. مارکس خۆی هەرگیز نەیگوت

سەرقاڵبوون بە کاری دەستییەوە مەرجی یەکەمە بۆ ئەوەی سەر بە چینی کرێکار بێت. بۆ نموونە لە سەرمایەدا کرێکارانی بازرگانی لە ڕیزی کرێکارانی پیشەسازی دادەنێت و بە مانایەك پرۆلیتاریا سنووردارناکات بە کرێکارانی بەرهەمهێنەر، واتا ئەو کەسانەی ڕاستەوخۆ کاڵا بەرهەمدەهێنن. لەڕاستیدا چینی کرێکار هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ناچارن هێزی کاری خۆیان بە سەرمایە بفرۆشن، واتا ئەو کەسانەی لەژێرباری دیسپلینە ستەمکارییەکاندا وردە وردە دەپلیشێنەوە و بە ئاستێك، هیچ کۆنترۆڵێکی بارودۆخی کاری خۆیان نییە. بەشێوەیەکی نەرێنییانە دەکرێت ئەوان بەو کەسانە وەسف بکەین کە زیاتر لە هەمووان لە سوود کەوتنی سەرمایەداری وەردەگرن. لەمڕووەوە، کارمەندانی لای خوارەوە - هەر ئەوانەی بەگشتی پرۆفیشناڵ و لێهاتوو نین، کرێیەکی زۆر کەم وەردەگرن، ئاساییشی کارییان نییە و بەشدارییەکی وەها لە پرۆسەی کاردا ناکەن - دەبێت لەڕیزی چینی کرێکار دابنرێن. چینی کرێکار هەر کرێکارانی پیشەسازی ناگرێتەوە، بەڵکو هەروەها لە کارمەندانیش پێکدێت کە بریتییە لە ژمارەیەکی زۆری کرێکارانی تەکنیکی، ئیداری و نووسینگە، کە خـاوەن هیچ جۆرە سەربەخۆیی یان ئازادییەکی خۆیان نین. با لەبیرمان بێت مەسەلەکە لە چیندا هەر پەیوەندیی بە خاوەندارێتیی ئەبستراکتیی یاساییەوە نییە. چین لە هەمانکاتدا سەر بەو توانایەی تاکە بۆ پیادەکردنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەوانیدیکەدا ئەویش لە بەرژەوەندیی خۆی.

ئـەوانـەی زۆر حـەزدەکـەن زەنگی مەرگی چینی کرێکار لێبدەن و لەژێر بارێك خاك و خۆڵدا بینێژن، بەگشتی پشت بە گەشەسەندنی هەڵکشاوی بەشەکانی خزمەتگوزارییەکان و زانیارییەکان و پەیوەندییەکان دەبەستن. وەك پێشتر بینیمان، تێپەڕین لە سەرمایەداریی پیشەسازییەوە بەرەو سەرمایەداریی "دوایین"، "مەسرەفی"، "پۆست-پیشەسازی" یان "پۆستمۆدێرن"، لەڕاستیدا گەلێك گۆڕانکاریی بەرچاوی لەگەڵدابووە. هەروەها بینیمان هیچ یەکێك لەمانە گۆڕانیان بەسەر جەوهەری بنچینەیی پەیوەندییەکانی خاوەندارێتی لە سیستەمی سەرمایەداریدا نەهێناوە. بەپێچەوانەوە، ئەم گۆڕانکارییانە بەگشتی کۆمەکێکی گەورەیان بە گەشەسەندن و بەهێزترکردنی ئەو پەیوەندییانە کـردووە. وابـاشـە ئـامـاژە بـەوەش بکەین کە کـار لە بەشی خزمەتگوزارییەکاندا بە ئەندازەی خودی کارکردن لە پیشەسازییە تەقلیدییەکاندا دەشێت تاقەتپڕوکێن، پیس و ناخۆش بێت. هەر نابێت بیر لە چێشتلێنەری چێشتخانەکان و پێشوازیکەرانی هوتێلەکانی شەقامی هارلەی بکەینەوە، بەڵکو گەلێك کرێکار هەن کە بریتین لە بارهەڵگر، گواستنەوەی گشتی، کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاك، فەرمانگەی پۆست، نەخۆشخانەکان، بەشی پاککردنەوە و بەرپاکردنی بۆنەکان لەگیانەڵادان. لەڕاستیدا، جیاوازیی لەنێوان کرێکارانی پیشەسازی و کرێکارانی بەشی خزمەتگوزارییەکان، تا ئەو شوێنەی پەیوەندیی بە کرێ، چاودێری و بارودۆخی کارەوە هەیە، لە زۆربەی بوارەکاندا بەرچاو ناکەون. ئەوانەی لە ناوەڕاستی خزمەتگوزارییەکانی تەلەفوندا کار دەکەن، ڕێك بە

ئەندازەی ئەو کەسانەی لە کانەکانی خەڵوزی بەردین لەگیانەڵادان، دەچەوسێنرێنەوە. گەلێك نازناوی وەك "خزمەتگوزاری" یان "یەخەسپی" ئاماژە بە ناڕوونییەکی زۆری جیاوازییەکانی نێوان کەسانێکی وەك فرۆکەوانەکان و دەرگەوانەکانی نەخۆشخانە، یان کارمەندانی پلەباڵا و خزمەتکاری هوتێلەکان دەکات. وەك ژولس تەونشێند (Jules Townshend) [بیرمەندی پۆست-مارکسیستی هاوچەرخ و نووسەری کتێبی سیاسەتی مارکسیزم] دەڵێت "بە زەحمەت دەتوانین گومان لەو ئاراستەیە بکەین کاتێك دەڵێت کارمەندانی خوارەوە کە ناتوانن کۆنترۆڵی هێزی کاری خۆیان بکەن و ئاساییشی کار و کرێیەکی باشیان نییە، ناکەونە ڕیزی ئەندامانی چینی کرێکارەوە"[6].

هەرچۆنێك بێت، پیشە خزمەتگوزارییەکان خۆیان ئاستێکی زۆری پیشەسازییەکانی بەرهەمهێنانیان لەخۆیاندا هەڵگرتووە. ئەگەر کرێکاری پیشەسازی شوێنی خۆی داوە بە گارسۆن و کارمەندی بانکی، ئەی ئەم هەموو کاشەر و مێز و باڕەکان و کۆمپیوتەر و ئامێرەکانی پارەژماردن لەکوێوە هاتوون. ناکرێت بڵێین خزمەتکارێکی ژن، شوفێرێك، مامۆستایەکی یاریدەدەر یان بەڕێوەبەرێکی کۆمپیوتەر تەنها بەهۆی ئەوەی هیچ بەرهەمێکی مەلموس بەرهەم ناهێنێت، ئەندامی چینی کرێکار نین. تا ئەو شوێنەی پەیوەندیی بە بەرژەوەندییە مادییەکانیانەوە هەیە، ئەوان بە هەمان ڕادەی چەوساوەترین کۆیلەکانی بواری کاری کرێ بەشداری لە خولقاندنی نەزمێکی کۆمەڵایەتیی دادپەروەرانەتردا دەکەن. ئاگاتان لە سوپای گەورە، خانەنشینکراوەکان، بێکاران و

لەکارکەوتووەکانیش بێت، ئەو کەسانەی لە تەنیشت کرێکارانی کاتی، بەشێکی هەمیشەیی پرۆسەی کاری "ڕەسمی" نین، کەچی بێگومان وەك بەشێکی چینی کرێکار دادەنرێن.

ڕاستییەکەی ئەوەیە سەرمایەداری بەکۆمەکی تەکنەلۆژییە پێشکەوتووەکەی توانیوویەتی بە کەمترین کرێکار زۆرترین کاڵا بەرهەم بهێنێت و بەمجۆرە حەشیمەتێکی کارە تەکنیکی، بەڕێوەبەرایەتی و ئیدارییەکانی دروستکردووە. بەڵام ئەگەر ئەم بابەتە هۆیەك نییە بۆ ڕەتکردنەوەی مارکسیزم، بە ئەندازەیەك بەو هۆیەوەیە کە مارکس خۆی بە وردبینییەکی تەواوەوە ئاماژەی پێکردووە. هەر لە ساڵەکانی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا، مارکس لە نووسینەکانیدا ئاماژە بە "زیادبوونی بەردەوامی ژمارەی چینەکانی ناوەڕاست" دەکات و ئابووری سیاسیی ئەرتەدۆکسیی بەهۆی بێ ئاگابوون لەم واقیعە، ڕووبەڕووی ڕەخنەی توند دەکاتەوە. ئەمانە پیاوان و ژنانن "لەئاستێکدا کرێکاران لەلایەك و سەرمایەداران لەلایەکی دیکەوە"[7] – ئەم دەستەواژەیە ئەو خورافەیە بەتاڵ دەکاتەوە کە دەڵێت مارکس ئاڵۆزییەکانی کۆمەڵگای مۆدێرن بۆ دوو چین کورت دەکاتەوە، ئەویش لە قاڵبی دوو جەمسەری تەواو دژبەیەکدا. لەڕاستیدا، بە قەولی یەکێك لە شیکەرەوەکان، مارکس خۆی پێشبینی ئەوەی دەکرد کە لەوانەیە ئەو پرۆلیتارییایەی خۆی دەیناسی، ڕۆژگارێك لەناو بچێت: سەرمایەداری، بەکارهێنانی تەکنیکە پێشکەوتووە زانستییەکان لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا دەهێنێتە خوارەوە نەك ئەوانەی تووشی بەڵا هاتوون و لە خاوەندارێتیی داماڵراون، ئەو بارودۆخەی

کۆمەڵگایەکی پێکهاتوو لە تاکە ئازا و یەکسانەکان دروست دەکات. سەرباری تێڕامان لەم خوێندنەوەی مارکس، بەڵام گومانێك لەوەدا نییە کە ئەو بەباشی دەیزانی پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری زیاتر لە جاران کاری تەکنیکی و زانستی دەهێنێتە نێو بازنەی کارکردنی خۆیەوە. مارکس لە گروندریسەدا باس لە "[گۆڕانی] زانینی کۆمەڵایەتیی گشتی [بۆ] هێزی بەرهەمهێنەری ڕاستەوخۆ" دەکات، ئەمە دەستەواژەیەکە پێشبینیی ئەو دیاردەیە دەکات کە ئەمڕۆ پێیدەگوترێت کۆمەڵگای زانیاری.

بەرهەرحاڵ، فراوانبوونی سێکتەرە تەکنیکی و بەڕێوەبەرایەتییەکان هاوکات بووە لەگەڵ لەناوچوونی ڕۆژانـەی سنوورەکانی نێوان چینی کرێکار و چینی ناوەڕاست. تەکنەلۆژیا تازەکانی زانیاری بوونەتە هۆی لەناوچوون و سڕینەوەی زۆرێك لە کارە تەقلیدی و کۆنەکان و لەگەڵیشیدا، کەمبوونەوەی بەردەوامی جێگیری ئابووری، لاوازبوونی بونیادە جێگیرەکانی کار و ئایدیای کار وەك پیشەیەکی پایەدار و جێگیر. نموونەی ئاکامەکانی ئەم پرۆسەیە بەپرۆلیتاربوونی لەڕادەبەدەری گروپە پیشەییەکان بووە و هاوکات بەپرۆلیتاربوونی نوێی گەلێك لقی چینی کرێکاری پیشەسازی. وەك جۆن گرەی دەڵێت "چینەکانی ناوەڕاست جارێکی دیکە خۆیان لەنێو دۆخی نەداری و بێ ئاسایشی ئابووریدا دەبیننەوە کە پرۆلیتاریای سـەدەی نۆزدەهەم دەستوپەنجەی لەگەڵدا نـەرم دەکـرد"[8]. زۆرێـك لەوانەی بەپێی نەریت پێیاندەگوترا توێژەکانی چینی ناوەڕاست – مامۆستایان، کارکەری کۆمەڵایەتی، تەکنیسییەنەکان، ژۆرنالیستەکان، خاوەن نووسینگەکان و ڕاوێژکارانی ئیداری –

دەکەوتنە نێو پرۆسەی هەمیشەیی بەپرۆلیتاریبوون، چونکە لەژێر فشاری دیسپلینە قورسە ئیدارییەکاندا بوون. و ئەمە مانای گریمانەی پەیوەستبوونی ئەوان بە ئادیالی خەباتی چینی کرێکار لەحاڵەتی ڕوودانی قەیرانی سیاسییدا زیاتر دەگەیەنێت.

دیارە بۆ سۆسیالیستەکان هیچ لەوە باشتر نەدەبوو کە بەڕێوەبەرە پلەباڵاکان و ئەنجوومەنەکانی جێبەجێکردنیش لە بەرانبەر بە ئایدیالەکانی ئەواندا ملیان کەچ کردبایە. مارکسیستەکان کێشەیەکیان نییە لەگەڵ ئەوەی دادوەران، ئەستێرەکانی مۆسیقای ڕۆك، دێوە میدیاییەکان و سەرلەشکرەکان (majorgenerals) بە جۆش و خرۆشەوە بێنە ڕیزەکانی ئەمانەوە. هیچ کێشەیەکیان نییە ئەگەر رۆبەرت مەردۆخ و پاریس هیلتۆنیش لەم خەباتەدا بەشدار بن، بەمەرجی ئەوەی ڕابردووی خۆیان بسڕنەوە و لێی پەشیمان ببنەوە و قۆناغێکی دوورودرێژی پەشیمانیی بەسەر بەرن. تەنانەت دەکرێت مارتین ئامیس و تۆم کروزیش بە شێوەیەکی مەرجدار و بێگومان کاتی وەك ئەندام وەربگیرێن. کێشەکە تەنها ئەوەیە کە ئەم جۆرە تاکانە، وەك پێگەی کۆمەڵایەتی و پێگەی مادییان، زیاتر حەزدەکەن لەگەڵ سیستەمی باڵادەستدا بگونجێن. ئەگەرچی، چەند بەهۆی چەند هۆکارێکی دەگمەنەوە سیستەمی باڵادەست لە بەرژەوەندیی دیزاینەرانی مۆددا کۆتایی بهاتایە، نەوەك کرێکارانی ئیدارەی پۆست، ئەوسا مارکسیستەکان خەباتی سیاسیی خۆیان زیاتر لەسەر دیزانەرانی مۆد چڕ دەکردەوە و هەروەهاش بەهێز و قوەتەوە دژ بە پێشکەوتنی کرێکارانی ئیدارەی پۆست و تەلەگراف دەوەستانەوە.

دیـارە دۆخەکە لەوە ئاڵۆزتر و ناڕوونترە، کە لایەنگرانەی ئایدیۆلۆژیای "مەرگی چینی کرێکار" باسی دەکەن. لە ئاستەکانی سـەرەوەی کۆمەڵگادا هەر ئەو شتەمان هەیە کە دەقاودەق پێیدەگوترێت چینی حاکم، ئەگەرچی ئەمە هەرگیز پیلانگێڕیی سەرمایەدارانی بەدکار نییە. ئەم چینە لەو ئاست یان پلانە دروستبووە کە پێکهاتوون لە ئەریستۆکراتەکان، دادوەران، پارێزەران و قەشە پلەباڵاکان، بارۆنەکانی میدیا، فەرماندە سەربازییەکان، چاودێران و شیکەرەوانی میدیایی، سیاسەتمەدارە پلەباڵاکان، ئەفسەرانی پۆلیس، کارمەندانی دەوڵەت، مامۆستایانی زانکۆ (کە هەندێکیان تۆبەکاری سیاسیین)، خـاوەن زەوییە گەورەکان، بانکداران، پشکدارانی بۆرس، خاوەن کارگەکانی پیشەسازی، بەڕێوەبەرە پلەباڵاکان، بەڕێوەبەرانی قوتابخانەی حکومی و هتد. زۆرینەی ئەمانە خۆیان سەرمایەدار نین، بەڵام کارگوزارانی ناڕاستەوخۆی سەرمایەن. کاتێك ئەوان لەسەر سفرەی سەرمایە نان دەخۆن، یان لە ڕانتەکان (rents) یاخود مووچەی مانگانە، جیاوازییەکی لەگەڵ بابەتەکەدا نییە. هەموو ئەوانەی مووچە یان کرێ وەردەگرن ئەندامی چینی کرێکار نین. سەیری بریتنی سپێرز [گۆرانیبێژی پۆپی ئەمریکی] بکەن. لە خوارەوەی ئەم لایەی درێژبووەوەی کۆمەڵگادا توێژێك لە بەڕێوەبەران، زانایان، و بیرۆرکراتەکانی چینی ناوەڕاست و هتد هەن؛ و لە خوارەوەی ئەوانیشدا زنجیرەیەك کاری نزمتری چینی ناوەڕاستی وەك مامۆستایان، کارکەرانی کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبەری بچووك هەن. کەواتە بە مانای دەقاودەقی وشەکە چینی کرێکار دەکرێت

هەم بریتی بێت لە کرێکارانی پیشەدەستی و هەم ئاستەکانی خوارەوەی کرێکارانی کەم دەرامەتیش بگرێتەوە: کارمەندان و خزمەتکارانی بەشە تەکنیکییەکان و ئیداری و خزمەتگوزارییەکان و هتد. ئەمە بەشێکی زۆر بەرفراوانی دانیشتووانی جیهان پێکدەهێنێت. کریس هارمەن (Chris Harman) ژمارەی ئەندامانی چینی کرێکاری جیهان زیاتر بە دوو ملیارد کەس دەستنیشان دەکات و هەروەها ژمارەیەکی هاوشێوەی ئەم ژمارەیەش، کە سەر بە هەمان لۆژیکی ئابوورین[9]. بەراوردێکی دیکەی ژمارەی ئەندامانی چینی کرێکار خۆ لە دەوروبەری سێ ملیارد کەس دەدات[10]. وەك دیارە چینی کرێکار بە ئەندازەی لۆرد لوکان (Lord Lucan)یش نەیتوانیوە لە چاوەڕوانیدا بزر ببێت[11].

ئاگاتان لە زیادبوونی سەرسوڕهێنەری دانیشتووانی کەلاوەنشینەکانی جیهانیش بێت. ئەگەر تا ئێستا کەلاوەنیشنەکان نەبوونە زۆرینەی دانیشتووانە شارنشینەکان، هێشتاش درەنگ نییە، چونکە بەم زووانە دەبن. ئەمە پیاوان و ژنان بە مانای کلاسیکی وشەکە بەشێکی چینی کرێکار نین، بەڵام بە تەواویش نەدەخرانە دەرەوەی پرۆسەی بەرهەمهێنانەوە. ئەوان بە نۆرە دەکەونە دەرەوە و ناوەوەی ئەم پرۆسەیە، چونکە بە جۆرێك بە دەرامەتێکی کەم، بەشێوەیەکی کاتی و بێ پارێزگاری یان لێهاتوویی لە بەشەکانی خزمەتگوزارییەکاندا خەریکی کارکردن دەبن، بێ ئەوەی ئیمزا لەسەر پەیمانێك بکەن، مافێکیان هەبێت، کارەکەیان پەیڕەوی ڕێساکان بکات یان دەسەڵاتی دانوستان

و مامەڵەکردنیان هەبێت. کەلاوەنشینەکان پێکهاتوون لە دەستگێڕەکان، گیرفانبڕەکان، کرێکارە بەرگدوورەکان، فرۆشیارانی خواردن و خواردنەوە، سۆزانییەکان، منداڵانی کارکەر، شۆفێری سێتەگەرەکان، کارەکەرەکان و کارداهێنەرانی خۆبەڕێوەبەریی نیوشەفت. مارکس خۆی جیاوزی لەنێوان سووچە جیاوازەکانی دانیشتووانی بێکاران دادەنێت؛ و گوتەکانی ئەو دەربـارەی "شەپۆل"ی بێکاران و کرێکارە لاوەکییەکانی ڕۆژگـاری خۆی، کە لای ئەو وەك بەشێکی چینی کرێکار دادەنران، لێکچوونێکی تـەواوی لەگەڵ بارودۆخی زۆرینەی زۆری کەلاوەنشینەکانی ڕۆژگــاری ئەمڕۆماندا هەیە. ئەگەر نەڵێین ئــەوان ڕۆژانــە دەچەوسێنرێنەوە، ئەوا خۆ دەبێت بڵێین بێگومان لەڕوانگەی ئابوورییەوە ستەملێکراوترینن؛ و هەروەها لە جیهانی ئەمڕۆدا هیچ گروپێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەواندا پەرەناسێنێت و دروست نابێت. ئەگەر ئەوان دەتوانن خۆراك و سووتەمەنیی بزووتنەوە ڕاستگەرا ئایینییەکان بن، لە بەرانبەردا دەتوانن ببنە چەقێکی کاریگەر بۆ بەرهەڵستیی سیاسیی. لە ئەمریکای لاتینندا ئەم ئابوورییە نارەسمییە هێشتا زیاتر لە نیوەی هێزی کاری لەخۆیدا چڕ کردووەتەوە. ئەوان پرۆلیتارییایەکی نارەسمی دروست دەکەن، کە ئەوەی دەرخستووە قابیلییەتێکی تەواوی هەیە بۆ ڕێکخستن و ئۆرگانیزەکردنی سیاسیی؛ و ئەگەر ئەوان ڕۆژێك دژ بە بارودۆخ و ڕەوشی کارەساتباری خۆیان یاخی بن، گومانی تێدا نییە بناغەکانی سیستەمی سەرمایەداریی جیهانی دەهەژێنێت.

مارکس دەیگوت چڕبوونەوەی ئەندامانی چینی کرێکار لە کارگەکاندا پێشمەرجی ڕزگاربوونی سیاسیی ئەوانە. سەرمایەداری بۆ بەرژەوەندیی خۆی وایدەبینی کرێکاران لە شوێنە چڕ و سەنتراڵەکاندا کۆبکاتەوە، بەڵام بەم کارەوە بارودۆخێکی دروستکرد کە توانای ئۆرگانیزەکردنی سیاسیی بـەوان دەبەخشی، ئەو توانایەی هەرگیز بە خەیاڵی حاکمانی سیستەمی سەرمایەداریشدا نەدەهات. سەرمایەداری ناتوانێت بەبێ چینی کرێکار درێژە بە ژیانی خۆی بدات، و بەڵام لەکاتێکدا چینی کرێکار بەبێ سەرمایەداری دەتوانێت چەند قات ئازادانەتر گەشە بکات. ئەوان کە لە کەلاوەکانی میترۆپۆلیسەکانی جیهاندا نیشتەجێبوون، لە دەوروبەری سەرمایەدا ڕێکناخرێن، بەڵام هۆیەکیش بوونی نییە گریمانەی ئەوە بکەین مەیدانی بەرهەمهێنان ئەو تاکە شوێنەیە کە نەفرەتلێکراوانی زەوی تیایدا دەتوانن بۆ گۆڕانی بارودۆخی خۆیان پیلان بگێڕن و دەست تێکەڵی یەکتر بکەن. وەك پرۆلیتاریای سەدەی نۆزدەهەم، ئەوان بوون و ژیانی دەستەجەمعییان هەیە، و هیچ کەسێك هێندەی ئەوان لە وێرانبوونی نەزمی باڵادەستی جیهان سوودمەند نابێت: ئەوان شتێکییان نییە لەدەستی بدەن، ئەوان زنجیرەکانی دەست و پێیان لەدەست دەدەن[125].

بۆیە، دەبێت بڵێین زیادەڕۆییەکی زۆر دەربارەی لەناوچوون یان کەوتنی چینی کرێکار کراوە. زۆرن ئەوانەی دەڵێن بازنە ڕادیکاڵەکانی ئەمڕۆ لەبری ئەوەی دەربارەی چین بدوێن باس لە ڕەگەز، جێندەر و پۆستکۆلۆنیالیزم دەکەن. دوای کەمێك لەم بابەتە دەکۆڵینەوە. لەم میانەیەدا، با لەبیرمان بێت تەنها ئەو

کەسانەی پێیانوایە مەسەلەکە لە چیندا پەیوەندیی بە خاوەن کارگە فرۆك-پۆشەکان و ئەو کرێکارانەی جلوبەرگی خزمەتکاری لەبەردەکەن، دەتوانن باوەڕ بەم وێنا هەرزەکارانەیە بکەن. ئەوانەی خەیاڵی ئەوە دەکەن وەك جەنگی سارد سەردەمی چینیش بەسەرچووە، لەبری ئەوەی باس لە چین بکەن، بەدوای کولتوور، شووناس، ئەتنیك و سێکسوالیتەدا دەچن. بەڵام لە جیهانی ئەمڕۆدا ئەم مەسەلانە وەك مەسلەیەکی هەمیشەیی مێژوو بە چینی کۆمەڵایەتییەوە بەستراونەتەوە.

# بەشی هەشتەم
# مارکس و شۆڕش

**مارکسیستەکان لایەنگری کاری سیاسیی توندوتیژانەن، میانەڕەوەی و پرۆسەی ڕیفۆرم و چاکسازیی هەنگاو بەهەنگاو ڕەتدەکەنەوە، و هەروەها لە بەرانبەردا، هـەوادارانـی ئـاژاوەگـێـڕی خوێناویی شۆڕشگێڕین. داردەسـتـەیـەکـی بچووك لە لایەنگرانی ڕاپەڕینی چەکدارانە دادەمەزرێنن، دەوڵەت ئاوەژوو دەکەنەوە و ئیدارەی خۆیان بەسەر زۆرینەدا دەسەپێنن. بۆ نموونە هەر لەم ڕووەوەیە کە مارکسیزم و دیموکراسی دانویان بەیەکەوە ناکوڵێت. لەبەر ئەوەی مارکسیستەکان دەڵێن ئەخلاقییات (مۆرالیتە) شتێك نییە جگە لە ئایدیۆلۆژیا، ئەوا کێشەیەکی تایبەتییان لەگەڵ ئاژاوە و ئاشووبدا نییە کە بەهۆی سیاسەتەکانییانەوە بەسەر خەڵکیدا دەبارێت. بۆ گەیشتن بە ئامانج هەموو ئامرازێك بەکاربێنە (The end justifies the means)، ئەگەرچی لە پرۆسەی بەدیهاتنیدا، زۆرێك بکاتە تۆزی بەربا.**

بەگشتی ئایدیای شۆڕش وێنەگەلێکی توندوتیژی و ئاژاوە بە زەیندا دەهێنێت. لەمڕووەوە، دەتوانین ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی وەك خاڵی بەرانبەری شۆڕش وەربگرین، کە بەگشتی لەڕوانگەی

ئێمەدا پرۆسەیەکی ئاشتیخوازانە، هەنگاو بەهەنگاو و دوورە لە توندڕەوی و زێدەڕۆییانە. بەڵام ئەمە بەرانبەربوونێکی درۆزنانەیە. زۆربەی ڕیفۆرمەکان هەرگیزاوهەرگیز ئاشتیخوازانە نەبوون. بیر لە بزووتنەوەی مافی مەدەنیی ئەمریکی بکەنەوە کە هەرگیز شۆڕشگێڕی نەبوو، کەچی مەرگی زۆرێك لە چالاکوانان، پێکدادانە خوێناوییەکان، لەسێدارەدانی بێ دادگاییکردن و سەرکوتکردنی دڕندانەی لێکەوتەوە. لە ئەمریکای لاتینی بەکۆلۆنیکراوی سەدەکانی هەژدەهەم و نۆزدەهەمدا، هەموو تەقەلایەك بۆ چاکسازییە لیبراڵییەکان دەرەنجامەکەی بریتی بووە لە ململانێ توندوتیژە کۆمەڵایەتییەکان.

بەپێچەوانەوە، هەندێك لە شۆڕشەکان بەڕێژەیەکی زۆر ئاشتیخوازانە بوون. بەدرێژایی مێژوو ئێمە هەر تەنها شۆڕشە توندوتیژەکانمان نەبووە، بەڵکو هەروەها شۆڕشی ئاوریشمی یان بەدەر لە توندوتیژیشمان هەبووە. ڕاپەڕینی 1916ی دبلین کە سەربەخۆییەکی ڕێژەیی ئیرلەندای لێکەوتەوە، نەبووە هۆی ئـەوەی خەڵکێکی زۆری تیادا بمرێت. هەروەها لە شۆڕشی 1917ی بەلشەڤیکەکانیشدا خوێنێکی زۆر نەڕژا. لەڕاستیدا، دەست بەسەر گەلێك ناوچەی سەرەکی مۆسکۆدا گیرا بەبێ ئەوەی تەنانەت یەك گوللە یان فیشەکی تێدا بتەقێنرێت. بە قەولی ئیزاك دویچەر حکومەتی کاتی ”بە پاڵنانێکی هێواش لەبوون کـەوت“، چونکە خەڵکی ئاسایی بە پێداگرییەکی تەواوەوە پشتیوانی شۆڕشگێڕەکانیان کرد. ئەوکاتەی سیستەمی سۆڤێتی دوای حەفتا ساڵ کەوت، ئەو خوێنەی لەکاتی کەوتنی

ئەم دەوڵەتە گەورەترینەی جیهان، بە مێژوویەکی پڕ لە پێکدادانە خوێناوییەکان ڕژا، زیاتر نەبوو لەو کوشتارەی کە لە کاتی بونیادنانی دەوڵەتەکەدا ڕوویدا.

ڕاستییەکەی ئەوەیە بەدوای شۆڕشی بەلشەڤیکەکان، جەنگێکی ناوخۆیی خوێنایی لە ڕووسیا ڕوویدا. بەڵام هۆکارەکەی ئەوە بوو کە نەزمی نوێی کۆمەڵایەتی ڕووبەڕووی هێرشی وەحشییانەی هێزە ڕاستڕەوەکان و هەروەها دەستدرێژیکەرە دەرەکییەکان بووبووەوە. هێزەکانی بریتانیا و فەرەنسا کەوتنە پشتیوانیکردنی هێزی مەنشەڤیکی دژەشۆڕشگێڕەکانەوە.

لای مارکسیستەکان، ناکرێت خەسڵەتی شۆڕشێك بە ئاستی ئەو توندوتیژییە هەڵبسەنگێنرێت، کە هەڵیگرتووە. شۆڕش مانای هەڵسانێکی سەرتاسەریش نابەخشێت. بەرەبەیانی شۆڕشی بەلشەڤیکەکان، ڕووسیا بینەری نەهێشتنی کۆی پەیوەندییەکانی بازاڕ و بەگشتیکردنی خاوەندارێتی هەموو پیشەسازییەکان نەبوو. بەپێچەوانەوە، بۆ ماوەیەکی درێژ لە دوای بەدەستەوەگرتنی دەسـەڵات لەلایەن بەلشەڤیکەکانەوە، هێشتا بـازاڕەکـان و خاوەندارێتیی تایبەت هەر مابووەوە و بەلشەڤیکەکان وردە وردە و هەنگاو بەهەنگاو ئەوانەیان لابرد. باڵی چەپی حزب لەگەڵ جوتیارەکانیشدا هەنگاوێکی لەم شێوەیەی گرتەبەر. بڕیار نەبوو جوتیارەکان بە زەبری هێز بەرەو کێڵگە هاوبەش و دەستەجەمعییەکان ببرێن؛ دەبوو ئەم پرۆسەیە وردە وردە و بە کۆدەنگی خودی ئەوان ئەنجام درابایە.

بەگشتی کاتێکی دوورودرێژ پێویست بوو تاکو شۆڕشەکان بە ئەنجام بگەیەنن و لەوانەیشە چەندین سەدەی پێویست بێت تا بگەن بە ئامانجەکانی خۆیان. چینە ناوەڕاستەکانی ئەوروپا نەیانتوانی لە شەو و ڕۆژێکدا فیودالیزم لەناوبەرن. گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسیی پرۆسەیەکی ماوەکورتە؛ بەڵام گۆڕینی عادات و تەقالیدەکان، دامەزراوەکان و داب و نەریتەکانی کۆمەڵگایەك زەمەنێکی زۆر زیاتری پێویستە. دەکرێت بە فەرمانێکی حکومەت پیشەکان بە کۆمەڵایەتی (سۆسیالیستی) بکرێن، بەڵام لەڕێگای یاسادانانەوە تەنها ناکرێت پیاوان و ژنانێك دروست بکرێن کە هەست و ڕەفتارگەلی جیاوازییان لەگەڵ باوکانی خۆیاندا هەبێت. ئەم شتە پێویستی بە پرۆسەیەکی دوور و درێژی پەروەردە و گۆڕانی کولتوورییەوە هەیە.

ئەوانەی دەڵێن ئەم گۆڕانکارییە ڕێی تێناچێت، ئەوا دەبێت بەوردی بەخۆیاندا بچنەوە. لەبەر ئەوەی ئێمە خۆمان لە بریتانیای مۆدێرندا بەرهەمی شۆڕشێکی دوور و درێژین، ئەو شۆڕشەی لە سەدەی حەڤدەهەمدا گەیشتە لوتکە؛ و نیشانەی بنچینەیی سەرکەوتنەکەی بریتییە لەوەی کە زۆرینەی ئێمە هیچ زانیارییەکمان دەربارەی ئەو حەقیقەتە نییە. ئەو شۆڕشانە سەرکەوتوو دەبن کە لە کۆتاییدا هەموو شوێنپێکانی خۆیان دەسڕنەوە و بەم کارەیان، ئەو بارودۆخەی خەباتیان بۆ دروستکردنی کردووە، بەگشتی وەك شتێکی سروشتی پیشانی دەدەن. لەم ڕووەوە، شۆڕشەکان کەمێك لە زاوزێ دەچن. ئێمە بۆ ئەوەی وەك ئینسانگەلێکی "ئاسایی و نۆرماڵ" ڕەفتار

بکەین، دەبێت نیگەرانی و ترسی زاوزێی خۆمان لەبیر خۆمان ببەینەوە. بەگشتی سەرچاوەکان شۆکهێنەر و تراوماتیکن، چ سەرچاوەی تاك بێت و چ سەرچاوەی دەوڵەتە سیاسییەکان. مارکس لە سەرمایەدا بەبیرمان دەهێنێتەوە کە دەوڵەتی بریتانیای مۆدێرن، ئەو دەوڵەتەی لەسەر چەوساندنەوەی توندی جوتیارە بە پرۆلیتارکراوەکان وەستابوو، لە حاڵەتێکدا دروست بوو، کە لە هەر دەریچەیەکییەوە خوێن و پیسایی دەتکا. بۆ نموونە بەو هۆیەوەیە کە ئەگەر مارکس پرۆسەی بەشاریکردنی ناچارەکیی جوتیارانی ڕووسیای لەسەردەمی ستالیندا بینیبایە، لەبەر ترس و تۆقین، مووی لەشی گرژ دەبــووەوە. زۆربەی دەوڵەتە سیاسییەکان لەڕێگای شـۆڕش، دەستبەسەرداگرتن، داگیرکردن، زەوتکردن یان (دەربارەی کۆمەڵگاکانی وەك ویلایەتە یەکگرتووەکان) کوشتوبڕی لۆکاڵییەکانەوە دروست بوون. ئەو دەوڵەتانە سەرکەوتوون کە توانیویانە ئەم مێژووە خوێناوییە لە مێشکی هاوڵاتییانی خۆیان بسڕنەوە و نەیهێڵن. ئەو دەوڵەتانەی سەرچاوەکانی ستەمکارییەکانیان دوورترە لەوەی لەبیر بچێتەوە - بۆ نموونە ڕژێمی زایۆنیستی و ئیرلەندای باکوور - هەمیشە لەبەردەم پێکدادانە سیاسییەکاندان.

ئەگەر ئێمە خۆمان بەرهەمی شۆڕشێکی لەڕاستیدا سەرکەوتوو بین، ئەوسا هەر ئەم بابەتە لەخۆیدا وەڵامێکە بۆ ئەو تۆمەتەی کۆنزێرڤاتیڤەکان کە دەڵێن کۆی شۆڕشەکان مەحکومن بە هەرەس و توانەوە، یان دەگەڕێنەوە بۆ دۆخی ڕابردوو، یان چەندقات دۆخەکە خراپتر دەکەن لەڕابردوو، و یان گۆشتی منداڵەکانی

خۆیان دەخۆن. من تائێستا لە هیچ ڕۆژنامەیەکدا نەمخوێندۆتەوە بڵێت فەرەنسا دەیەوێت ئەریستۆکراتیی فیودال لەسەرلەنوێ لە پۆستە حکومییەکان دادەنێتەوە یان ئەڵمانیا ئەریستۆکراتە زەویدارەکان (یونکەرەکان). با ڕاستییەك بڵێین بریتانیا بەراورد بە زۆرینەی نەتەوە مۆدێرنەکان، گەلێك ڕەگوڕیشەی فیودالیزمی لەخۆیدا هێشتووەتەوە، لە ئەنجوومەنی پیرانەوە بیگرە تا دەگاتە کاری ڕاگەیاندنی کردنەوەی پەرلەمان لە بریتانیادا[15]، بەڵام هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە ئەم ڕەگوڕیشانە خزمەتی چینە ناوەڕاستەکانی حاکمیان کردووە، و وەکو دامودەزگای پاشایەتی، جۆرێك حاڵلێهاتنی دەروێشانە دروست دەکەن کە ترسێکی تێکەڵ بەڕێز و ئیحترام لە کۆمەڵانی خەڵکدا دروست دەکەن. کە زۆرینەی خەڵکی بریتانیا پرێنس ئەندریۆ بەدەر لە سیحر و ئەفسوونێکی ڕازئامێز و مەتەڵاوی دەبینن، نیشانەی ئەوەیە کە لەوانەیە گەلێك ڕێگای دڵنیاتریش بۆ پاراستن و بەهێزکردنی دەسەڵات بوونی هەبێت.

بێگومان زۆبەی خەڵکی ئەمڕۆ خۆیان وەك نەیارێکی شۆڕش دەبینن و لەوانەیشە مەبەستییان ئەوە بێت کە دژ بە هەندێك لە شۆڕشەکان و لەگەڵ شۆڕشەکانی دیکەیشدا کۆکن. شۆڕشەکانی خەڵکانی دیکە، بەگشتی سەرنجڕاکێشترە لە هی خۆمان، هەمیشە کاڵای بێگانە شایستەترە. بێگومان زۆربـەی ئەو خەڵکانەی پێداگریی لەسەر ئەو شۆڕشە دەکەنەوە کە لە کۆتاییەکانی

15- Black Rod

سەدەی هەژدەهەمدا ئەمریکییەکان بریتانیایان لە لوتکەی دەسەڵات هێنایە خوارەوە، یان کۆکن لەگەڵ خەباتی نەتەوە بەکۆلۆنیکراوەکاندا، لە ئیرلەندا و هیندەوە تا کینیا و مالیزیا، ئەو نەتەوانەی دواجار سەربەخۆیی خۆیانیان بەدەستهێنا. ڕێی تێناچێت زۆرێك لەوان دوای کەوتنی بلۆکی سۆڤێتی گریابێتن. ڕاپەڕینی کۆیلەکان، لە سپارتاکوسەوە تا ویلایەتە باشوورییەکانی ئەمریکا، بە ئەگەرێکی زۆرەوە لەلایەن ئەو خەڵکانەوە بەگرنگ زانراوە و جەختی لەسەر کراوەتەوە. بەڵام هەموو ئەم ڕاپەڕینانە توندوتیژییەکی زۆریان لەگەڵدا بووە – لە زۆربەی بوارەکانیشدا زۆر توندوتیژتر بوون لە شۆڕشی بەلشەڤیکەکان. دەی وا باشتر نییە ڕێکوڕاست ئیعتراف بەوە بکەن کە ئەوان لەڕاستیدا دژ بە شۆڕشی سۆسیالیستین نەك دژی خودی شۆڕش بن؟

بێگومان کەمینەیەکی بچووکی خەڵك هەن بە ئاشتیخواز ناسراون و دژی هەموو جۆرە توندوتیژییەکن. سەرباری هەموو ئەو ناخۆشییانەی بەهۆی ناشایستییەکی گشتییەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، کەچی جورئەت و پابەندبوونییان بە پرەنسیپەکانەوە ستایش دەکرێت. بەڵام ئاشتیخوازەکان تەنها کەسانێك نین کە بێزارن لە توندوتیژی. بـەڕادەیـەك هەموو کەسێك لە توندوتیژی بێزارە، جگە لە ژمارەیەکی سادیست، سایکۆپاتەکان (دەروونەخۆشەکان). ئاشتیخوازی بە مەرجێك بەهای ئەوەی هەیە باس بکرێت، کە ئەم دەربڕینە خۆپارێز و زوهدانییەیەی وەك «جەنگ شتێکی خراپ و نەفرەتلێکراوە» بەجێبهێڵێت. ئەم قسانە کە تەقریبەن هەمووان لەگەڵیدا کۆکن، هەرچەندێکیش

لۆژیکییانە دەربکەون، کەچی وەڕەس و بێزارکەرن. باس و خواس تەنها لەگەڵ ئەو ئاشتیخوازانەدا گرنگی هەیە کە بە موتڵەقی توندوتیژی ڕەتدەکەنەوە، واتا ئەو کەسانەی نەك هەر دژ بە جەنگ یان شۆڕشن، بەڵکو تەنانەت ئامادە نین لێدانێکی بەهێز لە سەری بکوژێکی هەڵاتوو بدەن، لێدانێك ئەو ناکوژێت، بەڵام بێهۆشی دەکات، ئەویش ئەو ساتەی کە لولەی تفەنگەکەی خۆی لە قوتابییە بچووکەکانی ناو پۆلەکە گرتووە. ئەو کەسەی لە دۆخێکی وەهادا هیچ لێدانێك ئاراستەی بکوژەکە ناکات، بێگومان دەبێت بۆ ئەم کارەی لە دانیشتنی سبەی ئەنجوومەنی گشتیی دایکان و باوکاندا چەند ڕوونکردنەوەیەك بدات. ئاشتیخوازی، بە هەرمانایەکی بەهێزی وشەکە، بە قوڵی شتێکی نائەخلاقییە. تاڕادەیەك هەمووان کۆکن لەسەر ئەوەی لە دۆخە نائاسایی و لەناکاوەکاندا بەکارهێنانی توندوتیژی زەرووریيە. جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرهەڵستیی چەکدارانە بەرانبەر بە هێزە داگیرکەرەکان بەشتێکی ڕێگاپێدراو دەزانێت، دواجار هەموو جۆرە بەکارهێنانێکی توندوتیژی لە بارودۆخێکی وەهادا مەرجدارە بەچەند کۆت و بەندێك: دەبێت بەرگرییانە بێت، دەبێت دووایین چارەسەر پاش تاقیکردنەوە و شکستهێنانی هەموو ئامرازەکانی دیکەی بەرهەڵستی بێت، دەبێت تاقانە ئامرازی نەهێشتنی خراپەی موتڵەق بێت، دەبێت گونجاو بێت و سنوور بپارێزێت، دەبێت بەختێکی باشی بۆ سەرکەوتن هەبێت، نابێت کوشتنی هاووڵاتیانی بێ گوناهی لێبکەوێتەوە و هتد.

مارکسیزم لە سەردەمێکی کورت، بەڵام پێکدادانە خوێناوییەکەیدا، ئاستێکی زۆری توندوتیژی لەگەڵدا بووە. هەم ستالین و هەم ماو تسی تۆنگ کوشتارگەلێکیان خستەوە، کە بە عەقڵماندا ناچێت. سەرباری ئەمە، وەك پێشتر بینیمان، ئەمڕۆ کەمتر مارکسیستێك پەیدا دەبێت بەرگریی لەم تاوانە ترسناکە بکات، بەڵام زۆرێك لە نامارکسیستەکان ئامادەن پاساو بۆ کارەساتگەلێکی وەك وێرانکردنی درێسدن[16] یان هێرۆشیما بهێننەوە. پێشتر باسم لەوە کرد کە مارکسیستەکان بەراورد بە قوتابخانە فیکرییەکانی دیکە ڕوونکردنەوەگەلێکی قەناعەتپێکەرتریان داوەتەوە دەربارەی چەندوچونی تاوانە کارەساتبارەکانی کەسانێکی وەك ستالین و چۆنایەتیی ڕێگریکردن لە ڕوودانی دووبارەی ئەو کارەساتانە. ئەی دەربـارەی تاوانەکانی سەرمایەداریی چی؟ ئەو حەمامە خوێناییە کارەساتبارەی بە جەنگی جیهانی یەکەم ناسراوە، کە تیایدا ململانێی ئیمپراتۆرییەتە ئینسانخۆرەکان سەربازەکانی چینی کرێکاریان کردە خۆراکی مەرگێکی بێ فایدە؟ مێژووی سەرمایەداری بریتی بووە لە بەسەرهاتی جەنگە جیهانییەکان، چەوساندنەوە کۆلۆنیالیستییەکان، جینۆسایدەکان و قاتیوقڕییە حەتمییەکان. ئەگەر نوسخەیەکی بەلاڕێدابراوی مارکسیزم پەیدابوونی دەوڵەتی ستالینی لێکەوتەوە، ئەوا گۆڕانی فۆرمی

16- لەساڵی 1945 شـاری مێژوویی و جـوانـی درێـسـدن لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە، لە جەنگی دووەمی جیهاندا، وەها بۆمباران کرا، کە شارەکە بەتەواوی وێرانکرا و نزیکەی 40 هەزار کەسی مەدەنی بوونە قوربانی.

نائاسایی و توندڕەوانەی سەرمایەدارسش دروستبوونی دەوڵەتە فاشیستییەکانی بـەدواوە بوو. ئەگەر میلیۆنێك پیاو و ژن لە قاتوقڕی گەورەی ئیرلەندا لە دەیەی 1840 خوێنیان بەهەدەر درا، هۆکارەکەی بەڕادەیەکی گەورە بریتی بوو لە پێداگریی حکومەتی کاتی بریتانیا لەسەر ڕەچاوکردنی یاساکانی بازاڕی ئازاد لە هەوڵ و تەقەللا قەسابخانەکەیاندا بۆ کۆمەککردن بەوانەی ڕووبەڕووی وشکەساڵی و قاتوقڕی بوونەتەوە. بینیمان مارکس بە تووڕەییەکی بێ پێشینە لە کتێبی سەرمایەدا باس لە پرۆسەیەکی کوشندە و خوێناوی دەکات کە تیایدا جوتیارە ئینگلاندییەکان لە زەوییەکانیان دەردەکران. هەر ئەو مێژووەی توندوتیژییە چەوسێنەرانەیەیە کە لەژێر ڕواڵەتی ئارام و ڕازاوەی دیمەنی گوندە ئینگلاندییەکاندا شاردراوەتەوە. بەراورد بەم وەرزەی کارەساتەکان لە مێژوودا، ئەو وەرزەی زەمەنێکی دوورودرێژی بڕی، ڕووداوێکی وەك شۆڕشی کوبا، لەچاویدا هێندەی مێروولەیەکیش نەبوو.

لەڕوانگەی مارکسیستەکانەوە، ئەنتاگۆنیزم شتێکە لەنێو خودی سروشتی سەرمایەداریدا بوونی هەیە. ئەم شتە هەر دەربـارەی ململانێ چینایەتییەکانی نێو ئەم سیستەمە ڕاست نییە، بەڵکو هەروەها دەربارەی ئەو جەنگانەش هەر ڕاستە کە سەرمایەداری بەرپای کردوون، چونکە سەرمایەدارەکان بەهۆی بەرژەوەندییەکانیانەوە لەنێو زەوی و مەیدانەکانی هەیمەنە و کاریگەریی ئیمپریالیستیدا لەگەڵ یەکتریدا دەکەونە دژایەتی و ململانێوە. لە بەرانبەردا، ئاشتی بووە  بە یەکێك لە خێراترین ئامانجەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی نێونەتەوەیی. ئەو کاتەی

بەلشەڤیکەکان گەیشتنە دەسەڵات، ڕووسیایان دوورخستەوە لە کوشتار و خوێنڕێژیی جەنگی یەکەمی جیهانی. سۆسیالیستەکان بەهۆی نەفرەتکردنیان لە میلیتاریزم و شۆڤێنیزم، ڕۆڵێکی گرنگییان لە زۆربەی بزووتنەوەکانی لایەنگر و هەواداری ئاشتیی لە سەرتاسەری مێژووی جیهانی مۆدێرندا هەبووە. بزووتنەوەی چینی کرێکار مایل بە توندوتیژی نەبووە، بەڵکو ویستوویەتی کۆتایی بەتوندوتیژی بهێنێت.

هەروەها مارکسیستەکان بەشێوەیەکی نەریتی دژ بەو شتە بوون کە پێیدەڵێن «ئەدڤانچەریزم» (سەرکێشیخوازی adventurism)، مەبەستیشیان لە ئەدڤانچەریزم وروژاندنی بێ باکی گروپێکی بچووکی شۆڕشگێڕان بۆ خەباتێکی بێ بەرهەمە دژ بە هێزە غولئاساکانی دەوڵـەت. شۆڕشی بەلشەڤیکەکان بەدەستی بازنەیەکی شاراوەی پیلانگێڕان ئەنجام نەدرا، بەڵکو لەلایەن ئەو فەردانەوە ئەنجام درا کە بەشێوەیەکی ئاشکرا لەناو پۆپۆلاردا هەڵبژێردران، خودی ئەو دامەزراوە نوێنەرایەتییانەی بە شووراکان [سۆڤێتەکان] ناسراوە. مارکس خۆی نەیاری سەرسەختی ڕاپەڕینەکانی خەباتگێڕانی فسفسپاڵەوانە عەبووسەکان بوو، کە دژ بە تانکەکان تەنها خۆیان فش دەکەنەوە و هەڕەشە و گوڕەشە دەکـەن. لای ئەو، سەرکەوتنی شۆڕش، پێویستی بە چەندین پێشمەرجی ماددیی دیاریکراو هەیە. شتەکە تەنها پەیوەندی بە ئیرادەیەکی پۆڵایین و جورئەت و بێ باکییەوە نییە. گومانی تێدا نییە بەختی سەرکەوتن لەنێو قەیرانە بەربڵاوەکاندا زیاترە، واتا ئەو کاتەی چینی حاکم و باڵادەست تووشی لاوازی و لێکدابڕان

بووەتەوە و سۆسیالیستەکان بەهێزو ڕێکخراون، نەك ئەو کاتەی حکومەت دەستی کرایەوە و نەیارەکانی ترسنۆك و پەرتەوازەن. لەم ڕووەوە، پەیوەندییەك هەیە لەنێوان ماتریالیزمی مارکس - پێداگرتنی ئەو لەسەر شیکردنەوەی هێزە ماددییە کاریگەرەکان لە کۆمەڵگادا – و مەسەلەی توندوتیژی شۆڕشگێڕیدا.

زۆرینەی پرۆتێست و ناڕەزایەتییەکانی چینی کرێکار لە بریتانیا لە بزووتنەوەی چارتیستەکانەوە بیگرە تا دەگاتە ڕێپێوانی برسییەکان لە دەیەی 193دا هەموویان ئاشتیخوازانە بوون[17]. بەگشتی، بزووتنەوەکانی چینی کرێکار کاتێك دەستیان بەتوندوتیژی کردووە، کە هێزە سەرکوتکارەکان وروژاندوویانن، یان ئەو کاتەی گیانیان کەوتووەتە مەترسییەوە، یاخود ئەو کاتەی تاکتیکە ئاشتیخوازەکان بە ئاشکرایی هەرەسی هێناوە. هەر ئەم بابەتە بۆ چالاکوانانی بزووتنەوەی مافی دەنگدانی ژنانیش هەر ڕاست بوو. بێزاریی کرێکاران لە خوێنڕێژی، ناکۆکییەکی ئاشکرای لەگەڵ ڕووی ئاغاکانیاندا هەبووە، کە هەمیشە بێ باکانە دەستیان داوەتە تفەنگ و بەکاریان هێناوە. کرێکاران هەرگیز دەستیان نەگەیشتووە بە ئامرازەکانی جەنگی مەرگەساتی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان. لە زۆربەی بەشەکانی جیهانی ئەمڕۆدا دەوڵەتە سەرکوتکەرەکان بەئاسانی ئامادەن ڕووبەڕووی ناڕازییان و خۆپیشاندەرانی ئاشتیخواز چەك بەرز بکەنەوە و بەکاری

17- چارتیستەکان یەکەمین بزووتنەوەی جەماوەری چینی کرێکارن لە مێژووی جیهاندا کە لە ساڵەکانی 1938 بۆ 1948 داوای ڕیفۆرمی سیاسییان دەکرد.

بهێنن. بە قەولی فەیلەسوفی ئەڵمانی، واڵتەر بنیامین، شۆڕش ئەو قیتارە نییە کە لە کۆنترۆڵ دەرچووە، بەڵکو ڕاکێشانی برێکی مەترسییەکەیەتی. ئەمە سەرمایەدارییە لە کۆنترۆڵ دەرچووە و جڵەوی خۆی داوەتە دەستی هێزە لەدەستدەرچووەکانی بازاڕەوە و لە بەرانبەردا ئەوە سۆسیالیزمە تێدەکۆشێت سەرلەنوێ جڵەوی ئەم ئاژەڵە وەحشییە بخاتەوە دەستی کۆمەڵەوە.

شۆڕشە سۆسیالیستەکان بەگشتی لەو ڕووەوە دەستیان بۆ توندوتیژی بـردووە، چونکە چینە خاوەندارەکان بەدەگمەن ڕوویداوە بەبێ خەباتی کرێکاران دەستیان لە ئیمتیازاتییەکانیان هەڵبگرن. بەڵام تەنانەت لەم حاڵەتەشدا بەچەند هۆیەکی گونجاوەوە دەکرێت ئومێدی ئەوە هەبێت کە ئەم بەشەی پشت بەستن بە توندوتیژی، لە ئاستی پێویست تێنەپەڕێت. لەم ڕووەوە، لای مارکسیزم، شۆڕش جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ کودەتا یان ڕاپەڕینی عەفەوییانەدا هەیە. شۆڕشەکان تەنها هەوڵگەلێك نین بۆ خستنی دەوڵەت. کودەتایەکی سەربازی باڵی ڕاست دەتوانێت وەها بکات، بەڵام مارکسیستەکان دەڵێن ئەمە شۆڕش نییە. شۆڕشەکان بە کامڵترین مانای وشەکە، تەنها کاتێك ڕوودەدەن کە چینێکی کۆمەڵایەتی حاکمییەتی چینێکی دیکە لەناو دەبات و دەسەڵاتی خۆی لەجێی ئەو دەچەسپێنێت.

دەربـــارەی شۆڕشە سۆسیالیستییەکان، ئەمە واتـا چینی کرێکاری ئۆرگانیزەکراو، هاوشانی هاوپەیمانە جۆراوجۆرەکانی، دەسەڵات لە دەستی بۆرژوازی یان چینی ناوەڕاستی سەرمایەدار وەردەگرێتەوە. بەڵام مارکس دەیگوت چینی کرێکار تا ئێستاکە

گەورەترین چینە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا. کەواتە لێرەدا باسەکە دەربـارەی هەنگاوەکان و خەباتەکانی زۆرینەیەکە نەك دەستە یان گروپێکی بچووکی یاخیبوو یان ڕاپەڕیوەکان. لەبەر ئەوەی سۆسیالیزم دەیەوێت خەڵك حوکمڕانی خۆیان بن، ئەوا هیچ کەس ناتوانێت بە نوێنەرایەتیی ئێوە شۆڕشێکی سۆسیالیستی بەرپا بکات، دەقاودەق بەو جۆرەی کەس ناتوانێت بەنوێنەرایەتیی ئێوە لەیاری پۆکەردا بلیمەت بێت. بە قەولی جی. کەی. چەسترتۆن مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ خەڵك «شتێکە وەك نووسینی نامەگەلی عاشقانە یاخود فنەفنکردنی لووتی خۆت. ئەمە ئەو کارانەن کە هەر کەسێك دەبێت خۆی بیکات، هەر چەندێکیش نەزانانە بێت»[2]. نۆکەرەکەی من لەوانەیە زۆر چالاکتر لە من، لووتم بخاتە فنەفنکردن، بەڵام ئەم کارە هی منە، یان (ئەگەر من پرێنس چارلز بم) باشترە لانیکەم هەموو کاتێك خۆم ئەم کارە بکەم. گروپێکی پێشڕەوی پیلانگێڕە یەکگرتوو و هاوپەیمانەکان ناتوانن شۆڕش بەدیاریی بۆ ئێوە بهێنن. وەك لینین جەختی لەسەر دەکـردەوە ناکرێت شۆڕش لـەدەرەوە بەرپا بکرێت و بە زەبری سەرە نێزە بسەپێنرێت، هەر ئەو کارەی ستالین لە ئەوروپای خۆرهەڵاتدا کردی. ئێوە دەبێت خۆتان بەشێوەیەکی چالاکانە لەناو شۆڕشدا بن، نەك ئەو هونەرمەندانەی یاریدەدەرەکانیان دەنێرن تا بەناوی ئەوانەوە سەگێکی دەریایی بخەنە ترشیاتەوە. (بێگومان هەر ئەم شتە بە زوویی لە بواری ڕۆماننووسیشدا ڕوودەدات). تەنها دوای ئەمەیە، کە ئەوانەی پێشتر دەسەڵاتێکی وەهایان نەبوو، ئەزموونی دەکەن

و بە لێهاتوویی و باوەڕبەخۆبوون دەگەن تاکو دەستبکەن بە نۆژەنکردنەوەی کۆی کۆمەڵگا. شۆڕشە سۆسیالیستییەکان تەنها دەتوانن دیموکراتی بن. ئەمە چینی حاکم و فەرمانڕەوایە، کەمینەیەکی نادیموکراتە. و کۆمەڵانی گـەورەی خەڵك کە بەناچاری دەچنە نێو ڕاپەڕینگەلێکی لەم چەشنەوە، بەحوکمی سروشتی خۆیان، بەهێزترین و پتەوترین بەربەستن لەبەردەم هێزە زیادەخۆرەکانەوە. لەم ڕووەوە، ئەو شۆڕشانەی دەتوانن سەرکەوتوو بن، لە ناواخندا شۆڕشگەلێکن برێك توندوتیژیان لەخۆیاندا هەڵگرتووە.

بەگشتی ئەمە مانای ڕەتکردنەوەی ئەو شتە نییە کە شۆڕشەکان هەندێکجار حکومەتە تۆقێنەرەکان والێدەکەن چەندین کاردانەوەی خوێناوی بگرنەبەر، ئەو حکومەتانەی ئامادەن بە توندوتیژییەکی جڵەونەکراوەوە ئەوان سەرکوت بکەن. بەڵام تەنانەت دەوڵە ملهوڕەکانیش لانیکەم پێویستییان بە تەسلیمبوون و ڕازیکردنی لایەنگرانی خۆیان هەیە، هەرچەند بەشێوەیەکی کاتی و لەڕووی ناچارییەوە. نابێت بەو جۆرەی کە دەبێت، بەسەر نەتەوەیەکدا حکومڕانی بکەن، کە نەك تەنها هەمیشە ناڕازییە، بەڵکو بچووکترین متمانەی بە حاکمەکانی نییە. دەشێت هەندێك خەڵك بۆ ماوەیەك بخرێنە زیندانەوە، بەڵام ناکرێت خەڵك بۆ هەمیشە لە کونجی بەندیخانە قایم بکرێن. ئەم بەشەی دەوڵەتە بێ متمانەکان ڕەنگە لە گەلێك قۆناغی دوورودرێژدا بەردەوام بن. بۆ نموونە، بیر لە ڕژێمەکانی ئێستای بورما یان زیمبابۆی بکەنەوە. بەڵام دواجار تەنانەت بۆ ستەمکارانیش ڕوون دەبێتەوە

کە بناغەی دەسەڵاتەکەیان لەرزۆکە. سیستەمی ئاپارتایدی ئەفریقای باشوور سەرباری تەواوی دڕندەیی و دڵڕەقییەکەی، دواجار تێگەیشت کە ئیتر سەردەمی بەسەرچووە. ئەم بابەتە دەربارەی دیکتاتۆرەکانی پۆڵەندا، ئەڵمانی خۆرهەڵات، ڕۆمانیا و دەوڵەتە نزیکەکانی سۆڤێتی پێشوو لە کۆتاییەکانی دەیەی 1980ش ڕاستە. دەکرێت ئەمڕۆ ئەم پنتە بۆ زۆرێك لە ئەندامانی پارتی یەکێتیخوازەکانی ئەلیستەریش بەکار بهێنین، هەر ئەو کەسانەی دوای ساڵەها خوێنڕشتن، سەرەنجام تێگەیشتن کە چیتر پاساوێکیان بۆ ڕەتکردنەوەی هاووڵاتییانی کاتۆلیك نییە.

بەڵام بۆچی مارکسیستەکان شۆڕش بە گرنگتر لە دیموکراسیی پەرلەمانی و ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی دەزانن؟ وەڵامەکەی ئەوەیە کە پێیان باشتر نییە، یان لانیکەم هەمیشە ئاواهی نییە. بە مانایەك تەنها چەپڕەوە توندڕەوەکان بەمجۆرەن[3]. یەکەمین دەرکردنی فەرمان لەلایەن بەلشەڤیکەکانەوە دوای گەیشتن بە دەسەڵات لەڕووسیا، پووچەڵکردنەوەی سزای لەسێدارەدان بوو. ڕیفۆرمیست یان شۆڕشگێڕبوون جیاوازە لەگەڵ هـەواداری ئەرسیناڵ یان ئیڤارتۆندا. زۆربەی شۆڕشگێڕەکان هەواداری ڕیفۆرمیشن. نەك هەرجۆرە ڕیفۆرمێك وەك پێشوو، و نە ڕیفۆرمخوازییەك وەك عیلاجێکی سیاسیی؛ بەم حاڵەشەوە، شۆڕشگێڕەکان چاوەڕوانیی ئەوە نین وەرچەرخانی سۆسیالیستیی بە خێراییەکی زیاتر لە وەرچەرخانە فیودالییەکان یان سەرمایەدارییەکان ڕووبدات و بەدیبێت. دیوی جیاکەرەوەی شۆڕشگێڕەکان لە ڕیفۆرمیستە ڕاستەقینەکان ئەوە نییە کە شۆڕشگێڕەکان خۆیان بەدووردەگرن

لە وەستانی نەخۆشخانەکان، چونکە ئەم خەباتە هەست و نەستمان لە ئامانجە سەرەکییەکە واتا شۆڕش دووردەخاتەوە. کێشەکە ئەوەیە کە ئەوان لەڕوویەکی بەربڵاوتر و ڕیشەییتر لەم جۆرە ڕیفۆرمانە دەڕوانن. هیچ دەرچوونێك لە ڕیفۆرمەکان نییە؛ بەڵام درەنگ یان زوو بە خاڵێك دەگەن کە سیستەم ناچێتە ژێرباری چاکسازییەوە و لەم ڕوانگەیەی مارکسیزمەوە ئەم خاڵە هەمان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەمهێنانە، یان ئەگەر بە زمانێکی تەکنیکیتر قسە بکەین، خاڵێکە تیایدا چینی باڵادەست، کە کۆنترۆڵی بەرژەوەندییە ماتریالییەکانی کردووە، هەرگیز ئامادە نییە ئەوانە تەسلیم بکات. تەنها ئەو کاتەیە کە هەڵبژاردنێکی چارەنووسساز لە نێوان ڕیفۆرم و شۆڕشدا سەرهەڵدەدات. بەو جۆرەی ڕیچارد هێنری تاونی مێژوونووسیی سۆسیالیست (1880-1962) ئاماژەی پێکردووە، دواجار دەتوانن توێکڵی پیاز لێبکەنەوە، بەڵام ناتوانن بە ئاسانی پێستی پڵنگ بە دەست هەڵبکەنن. سەرەڕای هەموو ئەمانە، لێکردنەوەی توێکڵی پیاز ڕیفۆرمەکان لەڕادەبەدەر وەك شتێکی سادە دەردەخات. زیاتر ئەو ڕیفۆرمانەی ئێستا لە ڕیزی تایبەتمەندییە گرانبەهاکانی کۆمەڵگای لیبراڵی سەیریان دەکەین - مافی دەنگدانی گشتی، پەروەردەی بەخۆڕایی گشتی، ئازادیی چاپەمەنییەکان، یەکێتییە کرێکارییەکان و هتد - بە خەباتەکانی خەڵك، ئەویش سەرباری بەرهەڵستیی قورسی چینی حاکم، بەدەست هاتوون.

شۆڕشگێڕەکان بە زەرووری دژ بە دیموکراسیی پەرلەمانیش نین. ئەگەر دیموکراسیی پەرلەمانی کۆمەك بە ئامانجەکانی

ئـەوان بکات ئـەوا شتێکی باشە. بـەڵام مارکسیستەکان بە وریاییەوە ڕووبەڕووی دیموکراسیی پەرلەمانی دەبنەوە – نەك لەبەر ئەوەی دیموکراتییە، بەڵکو بەو هۆیەی هێندە دیموکراتی نییە. پارلەمانەکان ئەو دامەزراوانەن کە مرۆڤی ئاسایی هان دەدرێن دەسەڵاتی خۆیان بەردەوام بەوان بسپێرن و خەڵکی چاودێری و کۆنترۆڵێکی ئەوتۆیان بەسەر پەرلەمانەکاندا نییە. بەگشتی شۆڕش وەك دژە دیموکراسیی، و کاری کەمینە نهێنییە خراپەکان سەیر دەکەن کە دەیانەوێت ئیرادەی زۆرینە لەناو بەرن. لەڕاستیدا شۆڕش وەك پرۆسەیەك کە بەهۆیەوە پیاوان و ژنان لەڕێگای شوراکانی خەڵکییەوە و ئەنجومەنە خەڵکییەکانەوە کۆنترۆڵی بـوون و ژیانی خۆیان بەدەستەوە دەگـرن، زۆر دیموکراتیترە لە هەموو ئەو شتانەی ئەمڕۆ پێیاندەگوترێت دیموکراسی. بەلشەڤیکەکان پرۆسەیەکی درەوشاوەی کۆمەڵێك باس و دیبەیت و گفتوگۆی ئاشکرایان لەنێو ڕیزەکانی خۆیاندا هەیە، و ئەو وێنایەی دەڵێت دەبێت تاکە حزبێکی سیاسیی بەسەر وڵاتدا حوکمڕانی بکات، بەهیچ جۆرێك لە بەرنامەی سەرەتای ئەواندا شوێنێکی نەبوو. سەرەڕای ئەمە، وەك دەبینین، پەرلەمانەکان بەشی دووەمی دامودەزگای دەوڵەتین کە جگە لە گەرەنتیکردنی حاکمییەتی سەرمایە بەسەرکاردا، هیچ ئیشێکی دیکەیان نییە. هەڵبەت ئەمە تەنها ڕوانگەی مارکسیستەکان نییە. بەو جـۆرەی تیۆریزەکەرێك لە سـەدەی حەڤدەهەمدا نووسیویەتی، پەرلەمانی بریتانیا «دیوار و قەڵغانی پارێزەری خاوەندارێتی»یە[4]. مارکس پێیوایە پەرلەمان یان دەوڵەت دواجار

نوێنەری خەڵکی ئاسایی نییە، بەڵکو نوێنەری بەرژەوەندییەکانی دامەزراوەی خاوەندارێتیی تایبەتییە. بەو جۆرەی پێشتر بینیمان سیسرۆن تەواو لەگەڵ ئەم بابەتەدا کۆك بوو. هیچ پەرلەمانێك لە سیستەمە سەرمایەدارییەکاندا جورئەتی ئەوەی نییە بکەوێتە بەرەی بەرانبەری دەسەڵاتی ئەم بەشەی بەرژەوەندخوازەکانەوە. ئەگەر پەرلەمانێك زیاتر لەبەرەکەی خۆی پێ ڕابکێشێت و زیاد لە پێویست فزولی لە کاروکاسبیی بەرژەوەندخوازەکاندا بکات، ڕاستەوخۆ لەکاری دەخەن. کەواتە جێی سەرسوڕمانە ئەگەر سۆسیالیستەکان ئەمجۆرە ئەنجوومەنانەی باس و ئاڵوگۆڕی بۆچوونەکان وەك یەکێك لە ئامرازە گرنگەکانی بەرەوپێشبردنی ئایدیالی خۆیان سەیر بکەن نەك وەك یەکێك لەو ئامرازە زۆر و زەوەندانەی لەبەردەستیانە.

دەردەکەوێت کە مارکس خۆی پێیوابووە لە وڵاتەکانی وەك بریتانیا، هۆڵەندا، و ویلایەتە یەکگرتووەکاندا سۆسیالیستەکان دەتوانن لەڕێگا ئاشتیخوازەکانەوە بگەن بە ئامانجەکانی خۆیان. ئەو لە بن و بنچینەوە دژ بە پەرلەمان یان ڕیفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان نەبوو. هەروەها وابیری دەکـردەوە حزبێکی سۆسیالیست تەنها بە پشتیوانی زۆرینەی چینی کرێکار دەتوانێت بگات بە دەسەڵات. ئەو یەکێك بوو لە لایەنگرانی بەردەوامی دەمەزراوە ڕیفۆرمخوازەکانی وەك پارتە سیاسییەکانی چینی کرێکار، یەکێتییە کرێکارییەکان، ئەنجوومەنە کولتوورییەکان و ڕۆژنامە سیاسییەکان. ئەو لەو میانەیەدا بەڕاشکاویی بەرگریی لەهەندێك هەنگاوی ڕیفۆرمخوازانەی دیاریکراو دەکرد، وەك فراوانکردنی

مافی دەنگدانی گشتی، ئەمە خۆبەخۆ ژێرپێی سەرمایەداریی لەق دەكات. هاوكارە هەمیشەییەكەی ئەو، فرەدریك ئەنگڵسیش گرنگییەكی زۆری بە گۆڕانە ئاشتیخوازییە كۆمەڵایەتییەكان دەدا و دڵی بە شۆڕشێكی ناتوندوتیژ خۆشكردبوو.

یەكێك لەو ڕەخنانەی لە شۆڕشە سۆسیالیستییەكان دەگیرێت ئەوەیە كە ئەگەری ڕوودانی ئەوانە لەو شوێنانەدا زیاترە كە ئەگەری ئەوە نییە زۆر بەردەوام بن. لینین ئاماژەی بەم تەنزە تاڵە دەربارەی یاخیبوونی بەلشەڤیكەكان كردووە. ئەو پیاو و ژنانەی كەوتوونەتە نێو خراپترین فۆرمی ستەم و برسێتییەوە، ڕەنگە هەست بەوە بكەن ئەگەر شۆڕش بەرپا بكەن هیچ شتێك لەدەست نادەن چونكە شتێكیان بۆ لەدەستدان نییە. لەلایەكی دیكەوە بەو جۆرەی بینیمان ئەو كۆمەڵگا دواكەوتووانەی خەڵكی خۆیان بەرەو یاخیبوون و ڕاپەڕین هان دەدەن خراپترین شوێنی گونجاون بۆ سەرەتا و دەستپێكی ڕووداوە سۆسیالیستییەكان. ڕەنگە لەم كۆمەڵگایانەدا لەناوبردنی دەوڵەت ئاسانتر بێت، بەڵام تیایاندا سەرچاوەكان و توانا و ئیمكاناتە پێویستەكان بۆ دامەزراندنی ئەڵتەرناتیڤێكی پتەو لەبەردەستدا نییە. ئەو خەڵكانەی بە بارودۆخی خۆیان ڕازین، ڕێی تێناچێت شۆڕش بەرپا بكەن. بەڵام تەنانەت كەسانێكیش كە هەست بە نائومێدی دەكەن، زۆر كەمتر بیر لە شۆڕش دەكەنەوە. هەواڵی ناخۆش بۆ سۆسیالیستەكان ئەوەیە مرۆڤەكان مادام لە دۆخێكدا هەموو شتێكی خۆیان لەدەست نـەداوە، كەواتە هیچ حەزێكیان بۆ گۆڕینی بارودۆخی خۆیان نییە.

هەندێك جار تانە و تەشەری مارکسیستەکان بۆ هەڵچوونی خوێنساردانە و بێ هەستی چینی کرێکار دەبێت بە سیاسەت. ڕەنگە خەڵکی ئاسایی گرنگییەکی زۆر بە سیاسەتی ڕۆژانەی دەوڵەتەکان نەدەن، چونکە هەست دەکەن دەوڵەتەکان دەرهەق بەوان کەمتەرخەم و بێهەستن. بەڵام هەر ئەوەی دەوڵەتێك نەخۆشخانەکانیان دابخات، کارگەکانیان بۆ خۆرئاوای ئیرلەندا بگوازێتەوە یان لە باخ و بێستانەکانیاندا فڕۆکەخانە دروست بکات، بە ئەگەرێکی زۆرەوە دێنە مەیدانی پراکتیکەوە. جێگای خۆیەتی پێداگریی لەسەر ئەم خاڵەش بکەین کە جۆرە کەمتەرخەمی و بێ باکییەك هەیە ڕەنگە تەواو عاقڵانە بێت. لەبەر ئەوەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی هێشتا بتوانێت کەمێك ڕەزامەندیی بۆ هاووڵاتییەکانی دابین بکات ئەوا ناژیرانە نییە ئەگەر خەڵکی ڕێزی ئەو شتە بگرن کە هەیانە، و بۆ گەیشتن بە داهاتوویەکی نەزانراو هەنگاوی مەترسیدارانە هەڵنەهێنن. نابێت قەشمەریی بەم بەشەی کۆنزەرڤاتیزم بکرێت.

هەرچۆنێك بێت، زۆرینەی خەڵکی هێندە نیگەرانیی نقومبوونن لە کێشە ڕۆژانەییەکانیاندا هیچ کاتێکیان نەماوەتەوە بۆ بیرکردنەوە و تێڕامان لە داهاتوو. ئەوە سروشتییە کە پشێوی و نائارامیی کۆمەڵایەتیی شتێك نییە زۆرینەی پیاوان و ژنان بە ئامێزێکی کراوەوە پێشوازی لێبکەن. ئەگەرچی سۆسیالیزم وەك ئایدیایەکی باش دەردەکەوێت، کەچی بێگومان کەس ئامادە نییە پێشوازی لێبکات. کاتێك مەحرومییەتەکانی دۆخی باڵادەست پێشی سەرێشەکانی گۆڕانی ڕادیکاڵی بارودۆخ دەکەوێتەوە،

ئەوا ڕەوتگرتن بەرەو داهاتوو بەرە بەرە وەك پێشنیارێکی ژیرانە دەردەکەوێت. شۆڕشەکان کاتێك ڕوودەدەن کە بەڕادەیەك هـەر بژاردەیەکی دیکە بۆ دۆخـی بـاڵادەسـت ئەولەویەت وەردەگرێت. لە دۆخێکی ئاوادا ڕانەپەڕین پێچەوانە و دژ بە عەقڵە. ئەو کاتەی پارەخۆرەکانی سەرمایەداریی تێدەگەن بەرژەوەندییە دەستەجەمعییەکانیان کەوتۆتە بەردەم گۆڕانی دۆخی باڵادەستەوە، ئەویش دوای چەندین سەدە زاڵبوونی پرەنسیپی بەرژەوەندیی شەخسی، چیتر جێگای شکایەتکردن بۆ سەرمایەداریی نامێنێتەوە.

بێگومان ڕیفۆرمخوازی و سۆسیال دیموکراسیی دەتوانن پاشەکشێ بە شۆڕش بکەن. مارکس خۆی هێندە ژیا تاکو بە چاوی خۆی سەرەتاکانی ئەم پرۆسەیە لە بریتانیای سەردەمی ڤیکتۆریادا ببینێت، بەڵام هێندە زیندوو نەبوو تاکو ئاماکامەکانی بە تەواوی بسەلمێنێت. مادام کۆمەڵگای چینایەتی بتوانێت نۆکەر و دەسکەلاکانی بە سکراپ و پاشماوەکان ڕازی بکات، ڕەنگە چەند کاتێك لە ئاماندا مابێتەوە. بەڵام هەر ئەوەی نەتوانێت ئەم کارە بکات، زۆر ڕێی تێدەچێت (ئەگەرچی هەرگیز ناچارەکیش نییە) ئەوان کە شتێکیان بۆ لەدەستدان نییە بڕیاری لەناوبردنی ئەو دۆخە بدەن. بەڵام بۆچی ئەمە ناکەن؟ چی لەمە خراپتر هەیە؟ لەم حاڵەتەدا قومارکردن لەسەر داهاتوویەکی جیاواز بڕیارێکی تەواو عاقڵانەیە. و هەرچەند عەقڵی مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت کۆی ڕەهەندەکانی مەسەلەکە بپشکنێت، تەنها ئەوەندە لەتوانایدایەتی کە بزانێت چ کاتێك نەمانی ئێستا بۆ

داهاتوو بە ئەگەرێکی نزیکەوە بێگومان لە بەرژەوەندیی ئەودا تەواو دەبێت.

ئەوانەی دەپرسن چ کەسێك دەبێت سەرمایەداریی لەناو بەرێت لەبیریان چووەتەوە کە بە مانایەك ئەم کارە هیچ پێویست نییە. سەرمایەداریی ئەم توانا و قابیلییەتەی هەیە لەژێر باری دژبەرییەکانی خۆیدا بکەوێت، ئەویش بەبێ چکۆلەترین پاڵنان لەلایەن نەیارەکانییەوە. لەڕاستیدا ئەم چەند ساڵەی پێشوو سەرمایەداریی کەوتبووە بەردەم دەروازەکانی لەناوچوونەوە. بەڵام دەرەنجامی کەوتن و لەناوچوونی سەرتاپای ئەم سیستەمە، ئەگەر هیچ هێزێکی سیاسیی ڕێکخراو بوونی نەبێت ئەڵتەرناتیڤ پێشکەش بکات، بە ئەگەرێکی زۆرەوە سۆسیالیزم نابێت بەڵکو بەربەرییەت و تۆقاندن دەبێت. کەواتە یەکێك لە هۆکارە زەروورییەکانی پێداویستییەکانی ئێمە بەو بەشەی ئۆرگانیزەکردن و ڕێکخستن ئەوەیە کە لە کاتی ڕوودانی قەیرانێکی سەرتاپاگیر لە سەرمایەداریدا، تاکگەلێکی کەمتر زیانیان بەربکەوێت و لەناو دڵی وێرانەکانەوە سیستەمێکی تازە سەرهەڵبدات کە لە بەرژەوەندیی هەمووواندا کار بکات.

# بەشی نۆیەم
# مارکس و دەوڵەت

**ماركسیزم باوەڕی بە دەوڵەتێكی خاوەن دەسەڵاتی موتڵەق هەیە. شۆڕشگێڕە سۆسیالیستەكان دوای لەناوبردنی خاوەندارێتیی تایبەت بە دەسەڵاتێكی ستەمكارەوە حوكمڕانی دەكـەن، و ئەم دەسەڵاتەش كۆتایی ئازادیی فەردییە. لە هەر شوێنێك ماركسیزم پیادەكرابێت ئەمە ڕوویـداوە؛ و هیچ هۆیەك نییە چاوەڕوانی ئەوە بین لە داهاتوودا بەجۆرێكی دیكە دەبێت. ئەمە بەشێكی لۆژیكی ماركسیزمە كە خەڵك دەسەڵات بە حزب بسپێرن، حزب دەسەڵات بە دەوڵەت، و دەسەڵات بە دیكتاتۆرێكی دێوسیفەت و شەولەبان. لیبراڵ دیموكراسی ڕەنگە كامل نەبێت بەڵام ئەمە لەكوێ و تاوانی ڕەخنە لە حكومەتی دەسەڵاتخواز و خراپەكار لە نەخۆشخانەی زیندانیكردندا لەكوێ.**

ماركس نەیاری باوەكوشتەی دەوڵەت بوو. لەڕاستیدا بەوجۆرەی دەگوترێت ئەو چاوی لە زەمەنێك بڕی بوو كە دەوڵەت بكەوێت و لەناو بچێت. ڕەنگە ڕەخنەگرانی ئەو وەك پووچی و یۆتۆپیگەرایی لەم ئومێدە بڕوانن، بەڵام ناتوانن هاوزەمان ئەو تۆمەتبار بكەن بە لایەنگریكردن لە حكومەتە ستەمكارییەكان.

بەگشتی، ئەو بەدوای یۆتۆپیاوە نەبوو. ئەوەی مارکس ئومێدی بە لەناوچوونی لەنێو کۆمەڵگای کۆمۆنیستیدا هەبوو دەوڵەت نەبوو بە مانای سەنتەری بەڕێوەبردنی کاروبارەکان. هەر کولتوورێکی ئاڵۆزی مۆدێرن پێویستی بە سەنتەرێکی ئاوا هەیە. لەڕاستیدا مارکس بە وردبوونەوە لەم بابەتە، لە بەرگی سێیەمی کتێبی سەرمایەدا باس لە «چالاکییە هاوبەشەکان» دەکات کە «لە سروشت و خەسڵەتی هەموو کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتییەوە سەریهەڵداوە». دەوڵـەت وەك پەیکەرەیەك بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکان درێژە بە ژیانی خۆی دەدات. دەوڵەت وەك ئامرازی تۆقین و توندوتیژیی وایە کە مارکس ئومێدی ئەوەی هەبوو تەماشای کۆتاییەکەی بکات. بەو جۆرەی لە مانیفێستی کۆمۆنیزمدا دەنووسێت دەسەڵاتی بەگشتی لە کۆمۆنیزمدا خەسڵەتە سیاسییەکەی لەدەست دەدات. بەپێچەوانی ئانارشیستەکانی سەردەمی خۆی، مارکس سوورە لەسەر ئەوەی دەوڵەت تەنها بەم مانایە ڕەش دەبێتەوە. ئەوەی دەبێت لەنێو بچێت جۆرێکی تایبەتی دەسەڵات بوو، دەسەڵاتێك بونیادێکی فەرمانڕەوایی چینێکی کۆمەڵایەتیی باڵادەست بوو بەسەر کۆی کۆمەڵگادا. و تەنها پارکە گشتییەکان و سەنتەرەکانی تاقیکردنەوەی شۆفێری دەمێننەوە.

مارکس دوور لە هەست و سۆز و بە واقیعبینییەوە تەماشای دەوڵەتی دەکرد. ڕوون و ئاشکرا بوو دەوڵەت دامەزراوەیەکی سیاسیی بێلایەن نییە، کە بە وردبینی و وەسواسەوە مامەڵەیەکی یەکسان لەگەڵ هەموو گروپە ئەنتاگۆنیستە کۆمەڵایەتییەکاندا

بکات. دەوڵەت لە ململانێی نێوان کار و سەرمایەدا هەرگیز بێلایەن نەبوو. دەوڵەتەکان نایانەوێت شۆڕشەکان دژ بە سیستەمی خاوەندارێتیی سەرهەڵبدەن. ئەوان بەگشتی، بەم هۆیەوە بوونیان هەیە کە نەزمی کۆمەڵایەتیی باڵادەست بپارێزن لە بەرانبەر بەو کەسانەی دەیانەوێت ئەو نەزمە بگۆڕن. ئەگەر ئەم نەزمە بەهۆی جەوهەرەکەیەوە نادادپەروەرانەیە، ئەوا لەم ڕووەوە دەوڵەتیش نادادپەروەرانەیە. ئەمەیە ئەو شتەی مارکس دەیویست وێرانی بکات، نەك شانۆ میللییەکان یان پزیشکی یاسایی.

ئەو باوەڕەی دەڵێت دەوڵەت هەمیشە لایەنگرە و هەرگیز بێلایەن نییە، هیچ پەیوەندییەکی بە وەهمی پیلانگێڕییەوە نییە. هەرکەسێك پێیوایە ئەم بیروباوەڕە لە وەهمی پیلانگێڕییەوە هاتووە ئەوا ڕوونە بەو زووانە بەشداریی لە هیچ خۆپیشاندانێکی سیاسییدا نەکردووە. دەوڵەتی لیبراڵی تەنها تا کاتێك لەنێوان سەرمایەداری و ڕەخنەگرەکانیدا بێلایەن دەمێنێتەوە کە بۆی دەرکەوتبێت ڕەخنەگران هیچ نیشانەیەکی سەرکەوتنیان نییە. هەرکە ئەمەی بینی، لەگەڵ هێزە میلیشیاییەکان و ئامێرەکانی ئاودێریدا دەچێتە مەیدانی جەنگەکەوە و ئەگەر ئەوان وەڵامییان نەدایەوە، ئەوا تانکەکانی خۆی ڕەوانـەی شەقامەکە دەکات. هیچ گومانی تێدا نییە دەوڵەت دەتوانێت دەست بۆ توندوتیژی بەرێت. خاڵەکە تەنها ئەمەیە کە مارکس لە کۆتاییدا وەڵامێکی تازە و جیاواز پرسیاری ئەوە دەداتەوە کە ئەم توندوتیژییە لە بەرژەوەندیی کێدا دەکەوێتەوە. باوەڕهێنان بە بێ ئامانجبوون

یان بێلایەنبوونی دەوڵـەت خەیاڵپڵاوییە، نەك خستنەڕووی ئەم پێشنیارەی دەکرێت بۆ ڕۆژێك کۆمەڵگا بەبێ بەرگەگرتنی دەستدرێژییەکانی قابیلی پێشبینیکردنی دەوڵەت، بەڕێوە ببرێت. لەڕاستیدا تەنانەت دەوڵەتیش لەهەندێك ڕووەوە چیتر باوەڕی بە بێلایەنبوونی خۆی نییە. هێزەکانی پۆلیس کە دەکەونە گیانی مانگرتنی کرێکاران یان خۆپیشاندانە ئاشتیئامێزەکان و بەزەبری کوتەك سەرکوتیان دەکەن، چیتر تەنانەت باس لە بێلایەنبوونیش ناکەن. دەوڵەتەکان، تەنانەت ئەو دەوڵەتانەی لە حزبی کرێکارەوە سەریان هەڵداوە، چیتر ئەرکی ئەوە ناخەنە سەرشانی خۆیان دژایەتییەکانیان لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاریدا حەشار بدەن و ئەم دژایەتییە بشارنەوە. بەو جۆرەی ژاك ڕانسێر دەڵێت «ئەو تێزە بەدناوەی مارکس کە حکومەتەکان شتێك نین جگە لە خزمەتگوزارانی سەرمایەی نێودەوڵەتی، ئەمڕۆ حەقیقەتێکی ئاشکرایە کە «لیبراڵەکان» و «سۆسیالیستەکان» لەسەری ڕێککەوتوون. بەیەکگرتنی بێ چەندوچوونی سیاسەت بە بەڕێوەبردنی سەرمایەوە، چیتر ڕازێکی شەرمهێنەر نییە کە لە پشتی پەردەی «فۆرمەکان»ی دیموکراسیدا دەشاردرێتەوە، بەڵکو حەقیقەتێکی بەئاشکرا ڕاگەیەنراوە کە حکومەتەکانی ئێمە بەهۆی ئەوەوە ڕەوایەتیی بەدەست دەهێنن»[1].

مەبەست لەوە نییە بکرێت بەجارێك پۆلیس، دادگاکان، زیندانەکان یاخود هێزە میلیشیاییەکان فڕێبدەینە حاویە یان زبڵدانەکانی مێژووەوە. بۆ نموونە، زەروورەتی دەستێوەردانی هێزە میلیشیاییەکان کاتێك دەردەکەوێت کە تیرۆریستە چەکدارەکان

بە چەکە کیمیاییەکان یان ناوکییەکان ئازاد بن هەرکارێکیان بوێت بیکەن، و باشترە چەپگەرا خۆشبینەکانی ئێمەیش دان بەم ڕاستییەدا بنێن و بیزانن. بەو جۆرە نییە کە هەموو توندوتیژییە دەوڵەتییەکان بەرگریی لە دۆخی باڵادەست بکەن. مارکس خۆی لە بەرگی سێیەمی سەرمایەدا جیاوازیی لەنێوان دوو ئەرکی دەوڵەتدا دەکات: لایەنگری چین و بێلایەنبوون بەرانبەر بە چین. ئەو ئەفسەرانەی پۆلیس کە ناهێڵن چەند بکوژ و تاوانکارێکی ڕاسیست تا سەرە مەرگ گەنجێکی ئاسیایی بکوتن، لەم پێگە و کاتانەدا چیتر خزمەتکاری سەرمایەداریی نین. تاقمی تایبەت بە ژنانی ئەتتکراو نموونەی شەرمهێنەری سەرکوتە دەوڵەتییەکان نین. ئەو پشکنەرانەی بەدزییەوە زانیاریی کۆمپیوتەرەکان کە هەڵگری پۆرنۆگرافیی منداڵانن دەکەنە ئامانج، مافەکانی مرۆڤ ناخەنە ژێرپێوە. تاکو ئەو ڕۆژگارەی ئازادیی مرۆڤ بوونی هەبێت، خراپ بەکارهێنانیشی هەر دەمێنێت؛ و هەندێك لەم خراپ بەکارهێنانانە مەترسیدار و تۆقێنەرن کە دەبێت ئەوانەی تێوەی دەگلێن بۆ پاراستنی گیانی ئەوانیدیکە، لەزیندان قایم بکرێن. زیندانەکان تەنها شوێنگەلێك نین بۆ تەمێکردن یان سزادانی ئەو کەسانەی لە تاوانە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەگلێن، ئەگەرچی بۆ ئەوانیشە.

هیچ بەڵگەیەکمان نییە دەریبخات ئەگەر مارکس بووایە هەموو ئەم بانگەشانەی ڕەتدەکردەوە. لەڕاستیدا ئەو پێیوابوو دەوڵەت دەتوانێت بۆ هەمیشە بەهێزێکی دەسەڵاتدار بمێنێتەوە. بەم هۆیەوەیە ئەو بەباشی بەرگریی لە دانانی یاساکان بۆ باشترکردنی

بارودۆخی کۆمەڵایەتیی بریتانیای سەردەمی ڤیکتۆریا دەکرد. هیچ شتێکی سەرکوتکەرانە بۆ وێرانکردنی هەتیوخانەکان بۆ منداڵە بێ سەرپەرشتەکان یان چاودێریکردن بەسەر ڕەچاوکردنی یاساکانی ڕێنمایی و شۆفێری بوونی نییە. ئـەوەی مارکس ڕەتیدەکاتەوە ئەفسانەیەکی ڕۆمانتیکە کە دەوڵەت بە سەرچاوەی هارمۆنی و هەماهەنگیی کۆمەڵگا سەیر دەکـات و تیایدا گروپەکان و چینە جۆربەجۆرەکان لەڕێگایەکی ئاشتیخوازانەوە کۆدەکاتەوە. لای ئەو دەوڵەت زیاتر لەوەی بناغەی هارمۆنی و یەکگرتوویی بێت، سەرچاوەی دووبەرەکی و کەرت کەرتبوونە. دەوڵەت بەڕاستی دەیەوێت یەکێتیی کۆمەڵگا بپارێزێت، بەڵام دواجار ئەم کارە بۆ بەرژەوەندییەکانی چینی حاکم و باڵادەست دەکات. لەپشتی بێلایەنیی ڕووکەشیی دەوڵەتدا لایەنداریییەکی قورس و ڕەق نووستووە. دامەزراوەی دەوڵەت «چەندین کۆت و بەندی تازەی لە پێی هەژاران بەست، و چەندین دەسەڵاتی تازەی بە دەوڵەمەندان بەخشی... و یاساکانی خاوەندارێتی و نایەکسانیی بۆ ئەبەد جێگیر کرد؛ زەوتکردنی زیرەکانەی گۆڕی بۆ مافی جیانەکراوە و دانەبڕاو؛ و بەمجۆرە دەستەیەکی چاوچنۆك، تەواوی نەوەی مرۆڤایەتییان مەحکوم بە کار و کۆیلایەتی و بێ نەواییەکی هەمیشەیی و ئەبەدیی کرد». ئەمانە قسەکانی مارکس نین، وەك پێشتر بینیمان، ئەم قسانە هی ژان ژاك ڕۆسۆن لە گوتار دەربارەی نایەکسانیدا. مارکس تەنها کەس نەبوو بەپێچەوانەی ئەوانیدیکە باس لە پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتی دەوڵـەت و ئیمتیازی چینایەتی بکات. لەڕاستیدا ئەو بۆ هەمیشە باوەڕی بەم

دیدگایانە نەبوو. لە لاوێتیدا و ڕۆژگارێك کە سەر بە قوتابخانەی هێگڵ بوو، بە دەربڕینگەلێکی زۆر پۆزەتیڤەوە باسی دەوڵەتی دەکرد، بەڵام ئەم قسانە هی سەردەمێك بوون بەر لەوەی ببێت بە مارکسیست. و کاتێکیش بوو بوو بە مارکسیست، کەچی سووربوو لەسەر ئەوەی کە مارکسیست نییە.

ئەوانەی باس لە هارمۆنی و کۆدەنگیی دەکەن دەبێت ئاگایان لەو شتە بێت کە دەکرێت ناوی دیدگای قەشەکانی کارگەی پیشەسازیی (industrial chaplain)[18]ی واقیعییان بەسەردا ببڕین. بەگشتی، دەکرێت بڵێین ئەوان پێیانوایە لەلایەکەوە سەرکارە چاوچنۆك و لەلایەکی دیکەوە کرێکارە شەڕانگێزەکان هەن، بەڵام لەم میانەیەدا قەشە لیبراڵەکان، بە نەزاکەت و قسەی خۆشەوە بڕیار دەدەن وەك بەرجەستەکەری تـەواوی عەقڵ و ویژدان و میانەڕەوەی، هەوڵدەدەن بێ هیچ چاوەڕوانی و بەرژەوەندییەك، دوو بەرە نەیارەکە ئاشت بکەنەوە. بەڵام بۆچی

18- ئیگڵتۆن دەیەوێت بە شێوەیەکی تەنزئامێز باس لە حەقیقەتێك بکات کە قشەکان پێیهەڵدەستن. لە نەریتی مەسیحی و تەنانەت کۆی نەریتی خۆرئاوادا واباوە لە نەخۆشخانەکان، زیندانەکان، سوپا و سەربازگەکان و لەکاتی جەنگەکاندا قەشە هەمیشە هەیە، بۆ ئەوەی هەم ئامۆژگاریی نەخۆشانی سەرەمەرگ، برینداران، زیندانیان بکات و سەربازان بە نیشتمانپەروەریی ڕازی بکات. بەڵام قەشەکانی کارگەی پیشەسازیی چی؟ ئایا ئەوان دەیانەوێت ناکۆکیی نێوان کرێکار و خاوەنکار نەهێڵن؟ ئەگەر نەما چی؟ ئایا خاوەنکار ئامادەیە دەستبەرداریی مافەکانی بۆ کرێکار بێت؟ نەخێر، بێگومان. بەڵکو ئەمە بۆ ئەوەیە لەڕێگای ئامۆژگاریی دینییەوە هەرچی ناعەدالەتی و نایەکسانیی و ستەم هەیە دەیشارنەوە و لەم ڕێگایەوە ستەم و پرۆسەی نایەکسانیکردن و ناعەدالەتی، هەم دەکەنە ئەکتێکی سروشتی و هاوکات ئیلاهی. (وەرگێڕ).

دەبێت هەمیشە عاقڵانەترین هەڵوێست هەڵوێستی ناوەڕاست یان مامناوەند بێت؟ بۆچی حەزدەکەین خۆمان بە میانەڕەو سەیربکەین و ئەوانیدیکەیش توندڕەو؟ ئەگەر واز لەمانە بێنین، میانەوەڕیی کەسێك بریتییە لە زیادەڕەوییی کەسێکی دیکە: ئەوەی بۆ من میانەڕەوە بۆ ئێوە زیادەڕەوانەیە. هیچ کەسێك ناکەوێتە داوی ئەوەی تاکو لە بەرانبەر بە هەمووواندا خۆی بە دەمارگیر و وشکبیر پێناسە بکات، بەو جۆرەی هیچ کەسێك ئامادە نییە بڵێت هێشتا دەمم بۆنی شیری خاوی لێدێت. ئایا ئاشتکردنەوەی کۆیلەکان و خاوەن کۆیلەکان هیچ مانایەکی هەیە؟ و ئەی ئایا دەکرێت لۆکاڵییەکان ڕازی بکەین لەشکاتکردن لەو کەسانەی خەریکی قڕکردنی ئەوانن، توندڕەو نەبن و لەسەر میانەوەڕیی خۆیان بمێننەوە؟ دەکرێت چ ئاستێکی ناوەڕاستی نێوان ڕەگەزپەرستی و خەبات دژ بە ڕەگەزپەرستی ببینینەوە؟

مارکس هەندێکجار لەم ڕووەوە بۆچوونێکی نەرمی بەرانبەر بە دەوڵەت نەبوو، چونکە وەك بەشێکی دەسەڵاتی نامۆبوو بە مرۆڤەکان سەیری دەکرد. بەجۆرێك بوو وادەردەکەوت ئەم بوونە پایەبڵند و زەبەلاحە دەستی بەسەر تواناکانی پیاوان و ژنانی بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا گرتبێت، و ئێستاش بەنوێنەرایەتیی ئەوان چارەنووسی خۆیان دیاریدەکەن. بۆیە دەوڵەت هێندە بێشەرمە تەنانەت ناو لەم پرۆسەیە دەنێت «دیموکراسی». مارکس خۆی لە سەرەتادا دیموکراتێکی ڕادیکاڵ بوو و دواجاریش پیاوێکی شۆڕشگێڕ، چونکە لەوە تێگەیشت بۆ گەیشتن بە دیموکراسیی ڕاستەقینە دەبێت گۆڕانی بنچینەیی و

سەرەکیی ڕوودات؛ و وەك دیموکراتێکیش بوو کاتێك ئۆتۆریتە و دەسەڵاتی بەرزی دەوڵەتی بردە ژێرپرسیارەوە. ئەو بەڕادەیەك باوەڕی بە حاکمییەتی خەڵك هەبوو تەنانەت ئامادە نەبوو بە سێبەرە ڕەنگپەڕیوەکەی ناسراو بەدیموکراسیی پەرلەمانیی ڕازی ببێت. دیموکراسیی لای ئەو دەبوو ناوچەیی و هی خەڵك بێت، ڕەگ و ڕیشە لەنێو سەرتاپای دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا دابکوتێت و نەك تەنها بچێتە ناو ژیانی سیاسییەوە، بەڵکو ڕێگە بۆ نێو بواری ئابووریيش ببڕێت. مارکس پێیوایە مانای حەقیقیی دیموکراسیی، حوکمڕانیی ڕاستەقینەی خەڵکییە بەسەر خۆیاندا نەك سپاردنی حکومەت بە دەستەیەکی نوخبەی سیاسیی. تاقانە دەوڵەتی قبوڵکراو لای مارکس، حوکمڕانیی هاووڵاتییانە بەسەر خۆیاندا نەك حوکمڕانیی کەمینەیەك بەسەر زۆرینەدا.

بەدیدی مارکس دەوڵەت هەزاران میل لە کۆمەڵگای مەدەنی دوورکەوتووەتەوە و دژایەتییەکی دیار و بەرچاو لەنێوان ئەم دووانـەدا دەرکەوتووە. بۆ نموونە، ئێمە وەك هاووڵاتییانێکی ناو دەوڵەت بە شێوە و فۆرمێکی ئەبستراکتی، لەگەڵ یەکتریدا یەکسانین، بەڵام لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵایەتییماندا لەڕادەبەدەر نایەکسانین. بوون و ژیانی کۆمەڵایەتیی ئێمە بەهۆی دژایەتییەکان و ناکۆکییەکانەوە هەزارپارچە بووە، بەڵام دەوڵەت هەوڵدەدات وێنەیەکی خەیاڵیی ئەم بوون و ژیانە بە شێوەی گشتێکی یەکپارچە و بێ درز دەربخات. دەوڵەت بەخەیاڵی خۆی کۆمەڵگا لە سەرەوە دروست دەکات، بەڵام لەڕاستیدا خۆی بەرهەمی کۆمەڵگایە. کۆمەڵگا لەنێو دڵی دەوڵەتەوە لەدایکنەبووە، بەڵکو

دەوڵـەت خۆرەیەکە بەربووەتە گیانی کۆمەڵگا. کۆی بابەتە پێچەوانەیە. نووسەرێك دەڵێت «دیموکراسی و سەرمایەداریی سەراوبن بوونەتەوە» – واتا لەبری ئەوەی دامەزراوە سیاسییەکان سەرمایەداریی ڕێکبخەن، ئەوە سەرمایەدارییە یاسا بۆ ئەوان دادەنێت. ڕۆبەرت ڕایش ئەمانەی گوتووە، وەزیری کاری پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکان، کە بەگشتی کەس گومانی ئەوە ناکات ئەو مارکسیست بووبێت. مارکس دەیەویست ئەم درزەی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا، سیاسەت و ژیانی ڕۆژانە، بە تواندنەوەی یەکەمیان لە دووەمدا، لەنێو بەرێت. و ئەمەیە ئەو شتەی ئەو پێیدەڵێت دیموکراسی. پیاوان و ژنان دەبێت لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ئەو دەسەڵاتانە وەربگرنەوە کە دەوڵەت لێیستاندوون. سۆسیالیزم دیموکراسیی نەفی ناکاتەوە، بەڵکو تەکمیلەی دەکات. و دیار نییە بۆچی زۆرێك لە بەرگریکارانی دیموکراسی، گومان لەم دیدگایە دەکەن.

قسەی ڕاشکاوی مارکسیستەکان ئەمەیە کە ئەمڕۆ دەسەڵاتی ڕاستەقینە لەدەستی بانکەکان، کۆمپانیا پشکدارەکان و دامەزراوە داراییەکان دایە کە بەبێ هیچ جۆرە هەڵبژاردنێك بەڕێوەبەرەکانیان دانراون و ڕەنگە بڕیارەکانیشیان ژیانی ملیۆنان کەس بخاتە ژێر کاریگەرییەوە. بۆیە دەبێت بڵێین دەسەڵاتی سیاسیی نۆکەری ئەڵقەلەگوێی هەمان «ئاغاکانی جیهان»ـە (Masters of Universe). لەوانەیە حکومەتەکان هەندێك کات دەست بکەن بە سەرزەنشتکردنی ئەوان یان تەنانەت ئەوان وەك خاوەن ڕەفتارگەلێکی دژەکۆمەڵگا ئەژمار بکەن؛ بەڵام گەر بیانەوێت

ئەوان لەکاربخەن ئەوا بەدەستی هێزەکانی ئاساییشی خۆیان فڕێدەدرێنە کونجی بەندیخانەوە. لە باشترین حاڵەتدا دەوڵەت دەتوانێت ئومێدەوار بێت هەندێك لەو زیانە ئینسانییانەی لە سیستەمی باڵادەستەوە هاتوون، لاببات و نەیانهێڵێت. هەندێکجار دەوڵەت بە هۆکارگەلی ئینساندۆستانە و هەندێکجاری دی بە مەبەستی پێدانەوەی متمانە بە سیستەمی زیانبەرکەوتووی باڵادەست، ئەم کارە دەکات. ئەمە ئەو شتەیە کە ناوی سۆسیال دیموکراسییە. ئەو ڕاستییەی دەڵێت بەگشتی سیاسەت لەناو گرەوی ئابووریدایە، دەریدەخات دەوڵەت، وەك ئێمە دەیناسین، مەحاڵە بە ئاسانی لەڕێگای ئامانجە سۆسیالیستییەکانەوە بەکاری بهێنین. مارکس لە جەنگی ناوخۆیی فەڕەنسادا دەنووسێت چینی کرێکار تەنها ناتوانێت دەست بەسەر ئامێری ئامادە و حازری دەوڵەتدا بگرێت و بەمەبەستی ئامانجەکانی خۆی بەگەڕی بخات. چونکە ئەم ئامێرە بەهۆی جەوهەرەکەیەوە، مەیلی بەلای پاراستنی دۆخی باڵادەستدا هەیە. نوسخە غەمگین و بێ هێزەکەی دیموکراسیی بووەتە پەیڕەویی بەرژەوەندییە دژە دیموکراتییەکان کە لەئێستادا جڵەوی کاروبارەکانی بەدەستەوەیە.

مۆدێلی مارکس بۆ حوکمڕانیکردنی خەڵك بەسەر خۆیاندا کۆمۆنەی پاریسی 1871 بوو، ئەو چەند مانگە پڕ ئاژاوەیەی کرێکارانی پایتەختی فەرەنسا حاکمبوون بەسەر چارەنووسی خۆیاندا. کۆمۆنەی پاریس، بەو جـۆرەی مارکس لە جەنگی ناوخۆیی فەڕەنسادا وەسفی دەکات، لە ژمارەیەکی ئەندامانی شورا ناوچەیی و بەگشتی کرێکاران پێکهاتبوو کە بە دەنگدانی

خەڵك هەڵدەبژێردران و دەنگدەران هەموو ساتێك دەیانتوانی لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکەن. خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە دامودەزگا ئیدارییەکاندا لە خودی ئەندامانی کۆمۆنەوە بیگرە تا دەگاتە نزمترین پلە دەبوو بە کرێیەکی هاوتای کرێی کرێکاریی ئەنجام بدرێت، سوپای هەمیشەیی هەڵگیرا، و پۆلیس یان هەمان هێزی سەربازیی بوو بە ئامرازێك بە دەستی کۆمۆنەوە، ئامرازێکی وەڵامدەرەوە کە لە هەر ساتێکدا دەیتوانی پۆستەکەی لەدەست بدات. ئەو دەسەڵاتانەی پێشووتر لەبەردەستی دەوڵەتی فەڕەنسادا بوو، بە کۆمۆنارەکان سپێردرا. قەشەکان لە ژیانی گشتیی دوور خرانەوە، و چوونە نێو دامەزراوە پەروەردەییەکانەوە بۆ هەموو خەڵکی بەخۆڕایی ئازاد کرا و خودی ئەو دامـەزراوانـەش لە دەستی هەرجۆرە دەستێوەردانێکی کڵێسا و دەوڵەت ڕزگارکران. دادوەران، قازییان و خزمەتکارانی دیکەی دامودەزگای ئیداری دەبوو هەڵبژێردرێن و وەڵامی خواستەکانی خەڵك بدەنەوە و لابردنیشیان ئاسان بوو. کۆمۆنە هەروەها مەبەستیی بوو خاوەندارێتیی تایبەت بەناوی بەرهەمهێنانی هەرەوەزیی یان هاوکاری، لاببات و نەیهێڵێت.

مارکس دەنووسێت: "لەبری ئـەوەی هەر سێ یان شەش ساڵ جارێك خەڵك کۆببنەوە و دیاریبکەن کام ئەندامی چینی حاکم دەبێت نوێنەریی درۆزنی ئەوان بێت لە پەرلەماندا، مافی دەنگدانی گشتی دەبێت بچێتە خزمەت و بەردەستی خەڵکییەوە کە لە چوارچێوەی کۆمۆنەکاندا دروست بووبوون". ئەو لە درێژەدا ڕاز و نهێنیی حەقیقیی کۆمۆنە بەمجۆرە وەسف دەکات: "کۆمۆنە

له بنچینەدا حكومەتێكی چینی كرێكار بوو، بەرهەمی خەباتی چینی بەرهەمهێنەر دژ بە چینی داگیركەر؛ لەگەڵ كۆمۆنەدا دواجار فۆرمێكی سیاسیی كەشف بوو كە ڕزگاربوونی ئابووریی كار [لەكۆت و بەندی سەرمایە] لەڕێگای ئەوەوە بەدیدەهات"[2].

ئەو ئەگەرچی هەرگیز خۆی نەدەبوارد لە ڕەخنەگرتن لەم هەوڵە عاقیبەت خراپەدا (بۆ نموونە، ماركس ئاماژە بەوە دەكات كە زۆرینەی كۆمۆنارەكان سۆسیالیست نەبوون)، بەم حاڵەوە پێیوابوو زۆربەی ڕەگەزەكانی سیاسەتی سۆسیالیستیی لەنێو ئەزموونی كۆمۆنەدا هەن. ئەم سیناریۆیە لەنێو دڵی تیۆریزەكردنەوە نەهاتبوو، بەڵكو بەهۆی پراكتیكی شۆڕشگێڕیی چینی كرێكارەوە دروست بووبوو. لەساتێكی سەرخۆشكەر، بەڵام زووتێپەڕدا، دەوڵەت چیتر دەسەڵاتێكی نامۆبوو نەبوو و فۆرمی حوكمڕانی خەڵكی بەسەر خۆیاندا وەرگرتبوو.

ئەو شتەی لەو چەند مانگەدا لە پاریس ڕوویدابوو، ماركس بە دەستەواژەی "دیكتاتۆریی پرۆلیتاریا" وەسفی دەكات. كەمتر دەستەواژەیەك لە قسە بەناوبانگەكانی ماركسدا دەبینرێتەوە كە بەم ڕادەیە مووی سەری ڕەخنەگرانی ماركسی گرژ كردبێتەوە. سەرەڕای هەموو ئەمانە مەبەستی ئەو لەم دەستەواژە بەدناوەدا [واتا دەستەواژەیەك كە دەنگدانەوەی خراپی هەبووە] شتێك نەبوو جگە لە دیموكراسیی خەڵك یان جەماوەری. دیكتاتۆریی پرۆلیتاریا هیچ مانایەكی نەبوو جگە لە مانای حوكمڕانیی زۆرینە. هەرچییەك بێت زاراوەی "دیكتاتۆری" لە سەردەمی ماركسدا بە زەرووری ئەو مانایەی نەبوو، كە ئەمڕۆ هەیەتی، بەڵكو

بریتی بوو لە ڕەتکردنەوەی نایاساییەکی دەستوورێکی سیاسیی. یار و هاوبەشی مشتومڕە سیاسییەکانی مارکس، ئۆگۆست لوویی بلانکی، ئەو پیاوەی لە ساڵی 1815ـــەوە تاکو 1880 هەر دەوڵەتێك لە فەڕەنسادا هاتبێتە سەرکار، ئەوی خستۆتە زیندانەوە، دەستەواژەی "دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا"ی بۆ ئاماژەکردن بە حکومەت بەنوێنەرایەتیی زۆرینەی خەڵکی ئاسایی داهێنا؛ مارکس خۆیشی ئەم دەستەواژەیە بە مانای حکومەتی خەڵك بەکاردەهێنێت. بلانکی سەرۆکی هەڵبژێردراوی کۆمۆنەی پاریس بوو، بەڵام ناچار بوو ڕۆڵی باوکی مەعنەویی شۆڕش بگێڕێت. وەك هەمیشە، ئەو لەو سەردەمەدا لە کونجی بەندیخانە قایمکرابوو.

مارکس جارەهای جار وەها دەنووسێت کە پێدەچێت دەوڵەت شتێك نەبێت جگە لە ئامرازێکی ڕاستەوخۆی چینی باڵادەست و حاکم. هەڵبەت لە نووسینە مێژووییەکانیدا بەگشتی، بە توانا و لێهاتووییەکی زیاترەوە دەربـارەی ئەمە دەدوێـت. ئەرکی دەوڵەتی سیاسیی تەنها کۆمەککردن بۆ بەرەوپێشەوەبردنی بەرژەوەندییە ئێستاییەکانی چینی باڵادەست نییە. دەوڵەت هەروەها دەبێت پارێزەریی یەکێتی و یەکگرتوویی کۆمەڵگا بێت؛ و ئەگەرچی ئەم دوو ئامانجە لە کۆتاییدا یەکێکن، بەڵام لە کورت ماوەدا یان ماوەیەکی ئاساییدا ڕەنگە چەندین گرژیی توند لەنێوانیاندا سەرهەڵبدات. سەرباری ئەمە، لە سیستەمی سەرمایەداریدا بـەراورد بە سیستەمەکانی دیکە، بۆ نموونە فیودالیزم، دەوڵـەت سەربەخۆییەکی زیاتری لە پەیوەندییە چینایەتییەکان هەیە. ئاغای فیودال هەم کەسایەتییەکی سیاسییە

و هەم ئابووری، کەچی لە سەرمایەداریدا ئەم دوو ڕۆڵە بەگشتی لەیەکتر جیادەکرێنەوە. نوێنەریی ئێوە لە پەرلەماندا بەگشتی خاوەنکارەکەی ئێوە نییە. و ئەمە واتا، زاڵبوونی ڕووکەشییانەی دەوڵەت لەسەرمایەداریدا بەسەر پەیوەندییە چینایەتییەکاندا تەنها ڕواڵەتی نییە. ئاستی سەربەخۆیی دەوڵەت لە بەرژەوەندییە مادییەکان بەستراوەتەوە بە بارودۆخە گۆڕاوە مێژووییەکانەوە. بۆیە مارکس دەڵێت لە مۆدێلی بەرهەمهێنانی ناسراو بە مۆدێلی ئاسیاسیی، کە کارەکانی پەیوەست بە ئاودێرییەکەی هێندە دوور و درێژە، کە تەنها دەوڵەت دەتوانێت پێی هەڵسێت، ئەوا لەڕاستیدا دەوڵەت وەك هێزێکی کۆمەڵایەتیی باڵادەست حساب دەکرێت. ئەوانەی پێیاندەگوترێت ڕەوتی مارکسیزمی عەوامانە، حەزدەکەن پەیوەندیی لەنێوان دەوڵەت و چینی حاکمی ئابووریدا یەك بەیەك دروست بکەن، و هەڵبەت هەندێکجاریش بەڕاستی پەیوەندییەکی ئاوەها بوونی هەیە. هەندێکجاریش ڕوودەدات چینی خاوەن ئامرازەکانی بەرهەمهێنان ڕاستەوخۆ دەوڵەت بەڕێوە ببات. بەڵگەی ئەمەش جۆرج بۆش و یارانی بوون لە دامەزراوە نەوتییەکاندا. بە دەربڕینێکی دیکە، یەکێك لە درەوشاوەترین دەستکەوتەکانی بۆش، سەلماندنی ڕاستێتی و حەقانییەتی مارکسیزمی عەوامانە بوو. ئەو لەم میانەیدا هەوڵێکی زۆری دا تاکو سیستەمی سەرمایەداریی لە خراپترین دەرکەوتەکانیدا پیشان بدات، ڕاستییەکی دیکە کە گومان لای مرۆڤ دروست دەکات ئەوەیە نەکا ئەو لە ژێرەوە کاری بۆ سەرانی کۆریای باکور کردبێت.

ئەگەرچی، پەیوەندیی ناوبراو بەگشتی لەوە ئاڵۆزترە کە نموونەکەی دەوڵەتی بۆش دەریدەخات. (و لەڕاستیدا بەڕادەیەك هەموو شتێك لە بوون و ژیانی مرۆڤدا لەوە ئاڵۆزترە کە دەردەکەوێت). بۆ نموونە چەندین قۆناغ هەن تیایاندا چینێك بەنوێنەرایەتیی چینێکی دیکە حکومەتی بەدەستەوەیە. بەو جۆرەی مارکس خۆیشی ئاماژەی پێکردووە، لە بریتانیای سەدەی نۆزدەهەمدا ئەرستۆکراسیی نزیك لە پارتی ویگ (Whig) هێشتا چینی سیاسیی باڵادەست و حاکم بوون، و کەچی چینی مامناوەندی پیشەسازیی بەرەبەرە دەبوو بە چینی ئابووریی باڵادەست؛ بەگشتی چینی یەکەم نوێنەری بەرژەوەندییەکانی چینی دووەم بوو. مارکس هەروەها پێیوابوو لوویی بۆناپارت ئەگەرچی خۆی بە نوێنەری جوتیارانی وردەمالیك دەناساند، لە پراکتیکدا حکومەتەکەی لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی سەرمایەداریی داراییدا بوو. هاوشێوەی ئەمە، حکومەتی نازییەکان بوو لە خزمەتکردن بە بەرژەوەندییەکانی سەرمایەداریی پێشکەوتوو، ئەگەرچی بە پشت بەستن بە ئایدیۆلۆژیایەك کە بەڕواڵەت سەر بە جیهانبینیی ئاستەکانی خوارەوەی چینی مامناوەند بوو. بەمجۆرە نازییەکان دەیانتوانی چەخماخە دژ بە خۆرەی چینەکانی خوارەوە و بێکار و تەمبەڵە پارەدارەکان بەشێوەیەك لێبدەن کە ڕەنگبوو لەڕوانگەی بێ ئاگایانی سیاسییەوە بەڕاستی وەك شۆڕشگێڕی و ڕادیکاڵ دەربکەوێت. هەڵبەت بێ ئاگاکان تەواو هەڵە نەبوون. فاشیزم بەڕاستی فۆرمێکی

ڕادیکاڵیزمە کە هەرگیز چارەی شارستانێتیی لیبڕاڵەکانی چینی ناوەڕاستی ناوێت، تەنها ئەوە نەبێت کە ڕادیکاڵیزمێکە سەر بە ڕاستڕەوەکانە نەك چەپەکان.

بەپێچەوانەی زۆرینەی لیبراڵەکانەوە، مارکس ئەلێرژی (ماددەی هەستیاری) بۆ خودی دەسەڵات نەبوو. ئەو قسەیەی دەڵێت دەسەڵات لاواز بووە کۆمەك بە حاڵی لاوازەکان ناکات، بەتایبەت ئەگەر کەسانێك ئەمە بڵێن کە باخەڵییان هەمیشە پڕ و گەرمە. ئەوانەی زاراوەی "دەسـەڵات" لەگوێیاندا دەنگدانەوەیەکی ناخۆشی هەیە، بەڕاستی بەختەوەرن. ئەو دەسەڵاتەی خزمەت بە ئایدیالی ڕزگاریی مرۆڤایەتی دەکات، نابێت لەگەڵ ستەمکاریدا تێکەڵ بکرێت. دروشمی "بمرێت دەسـەڵات" لـەڕادەبـەدەر لاوازترە لە دروشمی "دەسەڵات بۆ ڕەشەکان". بەڵام تەنها دەبێت خۆمان کۆبکەینەوە، دەسەڵاتێکی ئاوا بەڕاستی کاتێك ڕزگارکەر دەبێت کە بتوانێت نەك تەنها بونیادی سیاسیی باڵادەست بەڵکو خودی مانای دەسەڵاتیش بگۆڕێت. سۆسیالیزم بریتی نییە لە پیشاندنی گروپێکی حاکمان لەبری گروپێکی دیکە. مارکس لەکاتی قسەکردن دەربارەی کۆمۆنەی پاریس ڕایدەگەیەنێت و بەگوێماندا دەچرپێنێت "کۆمۆنە شۆڕشێك نەبوو بۆ گواستنەوەی [دەوڵـەت] لە دەستی بەرەکی چینی باڵادەست بۆ بەرەیەکی دیکە، بەڵکو شۆڕشێك بوو بۆ تێکشکاندنی ئەم ئامێرە ترسێنەرەی خودی دەسەڵاتی چینایەتی"[3].

سۆسیالیزم بەستراوەتەوە بە گۆڕانکاریکردن لە خودی چەمکی حاکمییەتدا. لەنێوان مانای وشەی "دەسـەڵات" لە لەندەنی

ئەمڕۆدا و مانای هەمان وشە لە پاریسی 1871دا لێکچوونێکی نـاڕوون هەیە. کاریگەرترین فۆرمی دەسـەڵات، دەسەڵاتی دیاریکردنی چارەی خۆنووسینە، و دیموکراسی واتا بەگەڕخستنی دەستەجەمعیی ئەم توانایە. ئەمە بیرکردنەوەی ڕۆشنگەری بوو کە سووربوو لەسەر ئەوەی تاقانە فۆرمێکی حاکمییەت بەهای ئەوەی هەبێت پشتی پێ ببەستین حاکمییەتێکە بەدەستی خۆمان دروستمان کردبێت. ئەمجۆرەی مافی دیاریکردنی چارەنووس بەهادارترین مانای ئازادییە. و ئەگەرچی ڕەنگە مرۆڤەکان خراپ ئازادیی خۆیان بەکاربهێنن، کەچی بەبێ ئازادی شتێك لە ئینسانبوونیان کەم دەبێتەوە. مرۆڤەکان هەندێکجار ناچار دەبن بڕیاری خێرا و هەڵنەسەنگێنراو بدەن – ئەو بڕیارانەی لەوانەیە ستەمکارە زیرەکەکان نەیدەن. بەڵام ئەگەر بڕیارەکان بڕیاری خۆیان نەبێت هەرچەندێکیش حەکیمانە و ژیر دەربکەوێت، هێشتا ڕەهەندێکی ڕووکەشی و نارەسەنی تیادا هەیە.

کەواتە ئەو دەسەڵاتەی ئێستا لە سیستەمی سەرمایەداریدا هەیە لە داهاتووی سۆسیالیستیشدا هەر دەبێت – بەڵام نەك بەم فۆرم و شکڵەی ئێستای. ئەوە خودی ئایدیای دەسەڵاتە ئەزموونی شۆڕش دەکات. ئەم خاڵە بۆ دەوڵەتیش دەستدەدات. بە وردبوونەوە لە مانایەکی وشەی ”دەوڵەت“، ”سۆسیالیزمی دەوڵەتی“، پارادۆکسێك لە دەستەواژەکەدا هەیە، دروست بەڕادەی ”تیۆرییە ئەپستمۆلۆژییەکانی تایگەر وودز“[19]. بەڵام بە

19- تایگەر وودز یاریزانی بواری گۆڵف و ئەمریکییە و ساڵی 1975 لەدایکبووە و

مانایەکی دیکە سۆسیالیزمی دەوڵەتی زاراوەیەکی بەهێزە. لای مارکس لە سیستەمی سۆسیالیزمدا هێشتا دەوڵەت هەیە؛ تەنها دوای سۆسیالیزم و لە کۆمۆنیزم دایە کە دەوڵەت وەك هێزی جێبەجێکار شوێنی خۆی بۆ ئەنجوومەنە ئیدارییەکان چۆڵ دەکات. بەڵام ئەمە دەوڵەتێك نییە ئێمە بەو ئاسانییە وەك دەوڵەت سەیری بکەین و دایبمەزرێنین. ڕەنگە کەسێك ویستبێتی ئاماژە بە تۆڕێکی ناسەنترالّی کۆمۆنە ئۆتۆنۆم و خۆبەڕێوەبەرەکان بکات، ئەو کۆمەڵانەی بەشێوەیەکی نەرم بەهۆی دامودەزگای سەنتراڵەوە بەڕێوە دەبرێن کە خۆی لەمیانەی پرۆسەیەکی دیموکراتیکەوە هەڵبژێردراوە، بەڵام ڕایدەگەیەنێت "ئەمە دەوڵەتە!"، ئەویش چاوەڕوانیی ئەوەین ئاماژە بە شتێکی بەشکۆتر و ڕازاوەتر بکات – بۆ نموونە، شتگەلێکی وەك هێڵەکانی وێستمینستەر، وایت هاڵ و ڕووخساری پڕ لە ڕەمز و ڕازی پرێنس ئەندرێ.

بەشێك لە ململانێی مارکس لەگەڵ ئەنارشیستەکاندا بەهۆی ئەم پرسیارەوە بوو کە هەرچۆنێك بێت ڕۆڵی دەوڵەت بە چ ڕادەیەك بنچینەیی و سەرەکییە. ئایا دواجار دەسەڵات گرنگە؟ لای مارکس بەمجۆرە نەبوو. ئەو پێیوایە دەسەڵاتی سیاسیی دەبێت لە سیاقێکی مێژوویی بەرفراوانتردا سەیر بکرێت. دەبێت بپرسین دەسەڵات لە خزمەتی کام بەرژەوەندییە ماددییەکان دایە و هەر ئەم بەرژەوەندییە ماددیانەیە کە لای ئەو سەرچاوەی بنچینەیی دەسەڵاتە. ئەگەر ئەو ڕەخنەی لەو کۆنزەرڤاتیڤانە

---

یەکێکە لە دەوڵەمەندترین وەرزشکارەکانی جیهان (وەرگێڕ)

دەگرت کە بتیان بۆ دەوڵەت دروست دەکرد و پیرۆزیان دەکرد، کەچی تەحەمولی ئانارشیستەکانیشی نەدەکرد کە لەڕادەبەدەر گرنگیان بەم بابەتە دەدا. مارکس نایەوێت دەسەڵات "بەشت بـکـات"(Reify)، ئەو دەســەڵات لە سیاقە کۆمەڵایەتییەکەی جیاناکاتەوە و وەك شتێکی لەخۆیدا سەیری ناکات. و ئەمە بێگومان یەکێکە لە خاڵە بەهێزەکانی بیرکردنەوە و کارەکەی ئەو. بەمجۆرە، ئەم خاڵە بەهێزە وەك زۆرێك لە خاڵە بەهێزەکان خاڵی کوێریشی هەیە. ئـەوەی مارکس دەربــارەی دەسەڵات دەیڵێت هەر ئەو شتەیە کە دوو هاونیشتمانیی بەناوبانگی ئەو، واتا نیچە و فرۆید، هەردووکیان دەستیان لەسەرداناوە، بەڵام بە شێوەیەگەلی تەواو جیاواز. لەوانەیە دەسەڵات شتێکی لەخۆیدا نەبێت؛ بڵام ڕەگەزێك لەناوەوەیدا هەیە کە چێژ لە هەیمەنەی پەتی بەهۆی دەسەڵات و هەیمەنەوە وەردەگرێت – ڕەگەزێك چێژ لە خودی دەسەڵاتنواندن وەردەگرێت ئەویش بەبێ هیچ ئامانجێکی تایبەتی، و هەمیشە زیادەیەکە بەسەر ئامانجە تایبەتییەکاندا کە لەلایەن ئەوانەوە پیادە دەکرێت. شەکسپیر کاتێك باس لە پەیوەندیی نێوان پرۆسپرۆس و ئارێل لە درامای تۆفاندا دەکات، پشتڕاستی ئەم حەقیقەتە دەکاتەوە. ئارێل کاربەدەستی ئەڵقەلەگوێی دەسەڵاتی پرۆسپرۆیە، بەڵام نائارام دەیەوێت لەم ئەرکە ڕابکات تاکو بۆجارێکیش بێت بۆخۆی کار بکات. ئەو لەڕووی سەربەگۆبەنی و شەیتانییەوە تەنها دەیەوێت چێژ لە دەسەڵاتی سیحر و جادووی خۆی وەك ئەنجامێکی لەخۆیدا وەربگرێت، نەك ئەوەی خۆی بکاتە دیل

و ئەسیری ئامانج و مەبەستەکانی ئاغاکەی خۆی. تەنها وەك ئامراز سەیرکردنی دەسەڵات فەرامۆشکردن و ڕەچاونەکردنی ئەم تایبەتمەندییە بنچینەییە بەدوای خۆیدا دێنێت؛ و ئەمەش دەبێتە بەربەست لەبەردەم تێگەیشتنێکی دروست لەم خاڵە کە بۆچی دەسەڵات بەم ڕادەیە زۆردارە.

# بەشی دەیەم
# مارکس و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

**هەموو بزووتنەوە ڕادیکاڵە نەیارەکانی چوار دەیەی ڕابــردوو لە دەرەوەی چـوارچـێـوەی مارکسیزمەوە سەریان هەڵداوە. فیمینیزم، بزووتنەوەی لایەنگرانی پاراستنی ژینگە، مافەکانی هاوڕەگەزبازەکان و سیاسەتە ئەتنیکییەکان، بزووتنەوەی بەرگریکردن لە مافی ئاژەڵان، بزووتنەوەی دژەبەجیهانیبوون، بزووتنەوەی ئاشتیخوازان: هەموو ئەم بزووتنەوانە ئێستا ژێرپێی خەباتی چینایەتییان لەق کردووە و نوێنەرایەتیی فۆرمە تازەکانی چالاکیی سیاسیی دەکـەن کە زۆر دەمێکە مارکسیزمیان بەجێهێشتووە. دەستکەوتەکانی مارکسیزم بۆ ئەوان چیتر ئیلهامبەخش نییە و بەلایەنی زۆرەوە ڕۆڵێکی پەراوێزیی دەگێڕێت. بەڵێ، هێشتا چەپی سیاسیی بوونی هەیە، بەڵام ئەمە چەپێکە لەگەڵ جیهانی پاش-پیشەسازیی و پاش-چینایەتیدا خۆی گونجاندووە.**

یەکێك لە بووژاوەترین و گەشاوەترین ڕەوتە سیاسییە تازەکان هەمان بزووتنەوەی دژە سەرمایەدارییە، و بەمجۆرە ناکرێت بەم ئاسانییە بڵێین دابڕانێکی تەواو لە مارکسیزم ڕوویداوە. ئەم بزووتنەوە تازەیە هەرچەندێکیش بە ئاراستەیەکی ڕەخنەیی

لە ئایدیا مارکسیستییەکان بڕوانێت، کەچی ناکرێت بڵێین وەرچەرخان لە مارکسیزمەوە بۆ بزووتنەوەی دژەسەرمایەداریی گۆڕانی هەڵوێستێکی گەورە بووە. لەڕاستیدا، مارکسیزم لەزۆربەی ڕووبەڕووبوونەوەکانی لەگەڵ ڕەوتە ڕادیکاڵەکانی دیکەدا بە سەربەرزی هاتووەتە دەرەوە، بۆ نموونە، تەماشای پەیوەندییەکانی مارکسیزم بە بزووتنەوەی ژنانەوە بکەن. بێگومان، پەیوەندییەکانی ئەم دووانە هەندێکجار پڕ لە گرژی بووە. هەندێك مارکسیستی پیاو بە حاڵەتێکی سوکایەتیئامێزەوە کۆی پرسی سێکسوالیتەیان فەرامۆشکردووە و هەندێکیان هەوڵیانداوە چالاکییە سیاسییەکانی فیمینیستەکان لەنێو سنووری ئامانجەکانی خۆیاندا قەتیس بکەن. لە نەریتی مارکسیزمدا، دەکرێت گەلێك بەڵگەی زۆر و زەوەند ببینرێنەوە کە لە باشترین حاڵەتدا بەخۆگەورەبینییەوە هیچ گرنگییەکیان بە پرسی سێکسوالیتە نەداوە و لە خراپترین حاڵەتدا بە شێوەکی خراپ پیاوسالار بوون. سەرەڕای هەموو ئەمانە، کۆی حیکایەتەکە تەنها لێرەدا کۆتایی نایەت، ئەگەرچی هەندێك فیمینیستی جوداخواز لە دەیەکانی 1970 و 1980دا حەزیان دەکرد لە بەرژەوەندیی خۆیاندا حیکایەتەکە بەمجۆرە بگێڕنەوە. زۆرێك لە پیاوانی مارکسیست، هەم لە ڕەفتاری شەخسی و هەم لە چالاکیی سیاسییدا، بەردەوام لە فیمینیستەکانەوە فێربوون. و مارکسیزمیش ڕۆڵێکی گەورەی لە بەرەوپێشبردنی بیرکردنەوە و خەباتی فیمینیستیدا هەبووە.

چەند دەیـە پێشتر، کاتێك گفتوگۆی مارکسیستەکان و فیمینیستەکان زیاتر لەپێشوو گەرمتر بووبوو، کۆمەڵێك پرسیاری

چارەنووسسازی دارِشت[1]. دیدگای مارکسیستەکان چییە دەربارەی ئیشی ماڵەوە، کە مارکس خۆی ڕەچاوی نەکردبوو؟ ئایا ژنان بە مانای مارکسیستیی وشەکە چینێکی کۆمەڵایەتیی پێکدەهێنن؟ تیۆرییەك هەموو خەمێکی بەرهەمهێنانی پیشەسازیی بێت چۆن لە پرس و کێشەکانی پەیوەست بە منداڵداری، مەسرەف، سێکسوالیتە و ماڵ و خێزان تێدەگات؟ ئەی ئایا خێزان سەنتەر و تەوەری کۆمەڵگای سەرمایەدارییە، یان سەرمایەداریی کاتێك ببینێت بۆی سوودمەندترە لە شەڕی خێزان ڕزگاری بێت تاکەکان وەك ڕەوە مەڕ ڕەوانەی سەربازگە هاوبەشەکان دەکات؟ (لە مانیفێستی کۆمۆنیزمدا لە جێیەکدا هێرشێکی توند دەکرێتە سەر خێزانی بۆرژوازیی؛ فرەدریك ئەنگڵس کە خۆی داوێنتەڕ بوو و حەزی دەکرد بگات بە یەکێتییەکی دیالەکتیکیی لەنێوان تیۆری و پراکتیدا، بە جۆش و خرۆشێکی تـەواوەوە لە ژیانی تایبەتیی خۆیدا پێشوازیی لەم هێرشە کرد). ئایا بەبێ لەناوبردنی کۆمەڵگای چینایەتی، دەکرێت بیر لە ئازادیی ژنان بکەینەوە؟ چ پەیوەندییەك لەنێوان مارکسیزم و باوکسالاریدا هەیە، وەك بڵێیت باوکسالاری زۆر کۆنترە لەویدیکە؟ هەندێك لە فیمینیستە مارکسیستەکان پێیانوابوو ستەمکردن لەژنان تەنها بە کەوتنی سیستەمی سەرمایەداریی کۆتایی دێت. ئەوانیدیکە، ڕەنگە بەدیدگایەکی لۆژیکیتر، سەرمایەداریی بەهۆی جەوهەرەکەیەوە هەرگیز چەوساندنەوەی ژنان بە زەروریی نابینێت. هەڵبەت مێژووی باوکسالاری و مێژووی کۆمەڵگای چینایەتی هێندە لە پراکتیکدا بەناویەکتردا چوون و تێکەڵی یەکتر بوون کە کێشەیە

وێنای لەناوبردنی یەکێکیان بکەین بەبێ لێدانی شۆکێکی گەورە لە پەیکەرەی ئەویدیکەیان.

مارکس لەزۆربەی لە کارەکانی خۆیدا چاوی بەڕووی پرسی جێندەردا داخستووە - ئەگەرچی دەکرێت ئەم لاوازییە بەپێی ئەم حەقیقەتە لێکبدەینەوە کە سەرمایەداریش، لانیکەم لە چەند ڕوویەکەوە، بەرانبەر بە جێندەر هەر بەمجۆرەیە. پێشتر ئاماژەمان بە بێ باکیی ڕێژەیی سیستەمی سەرمایەداریی بەرانبەر بە جێندەر، ئەتنیك، ڕەچەڵەکی کۆمەڵایەتی و هتد کرد کاتێك دەیەوێت ببینێت کە دەتوانێت چ کەسێك بچەوسێنێتەوە یان دەتوانێت بەرهەمهێنانەکانی بەسەر چ کەسێکدا بسەپێنێت. هەڵبەت ئەگەر دەبینین کرێکارانی مارکس بۆ ئەبەد نێرینەن، لەو ڕووەوەیـە کە مارکس خۆیشی باوکسالارێکی نەریتیی سەردەمی ڤیکتۆریا بوو و ناتوانین بابەتەکە تەنها بگەڕێنینەوە بۆ جەوهەری سەرمایەداری و خۆ ئەگەر بەمجۆرەش بێت، ئەو پەیوەندییەکانی سەر بە لەدایکبوون وەك شتێکی زۆر گرنگ دەبینێت و لە ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانیدا تەنانەت بانگەشەی ئەوە دەکات کە لە هەنگاوی یەکەمدا خێزان تاکە پەیوەندیی کۆمەڵایەتییە. کاتێك پێی بەرهەمهێنانی خودی ژیان دێتە مەیدانەکەوە - "هـەم بەرهەمهێنانی ژیانی خود لە کاردا و هەم بەرهەمهێنانی ژیانێکی تازە لە لەدایکبووندا" - لە حیکایەتی گەورەی مێژووییدا دەربارەی بەرهەمهێنانی ماتریالی و لەدایکبوون، کە ئەگەر هەر یەکێکیان نەبێت، ئەوا مێژووی مرۆڤایەتی بە خێراییەکەوە لە جوڵە دەکەوێت، بەدیدی مارکس،

پەیوەندییەکی پتەو و نەکراوەیان بەیەکەوە هەیە. بەرچاوترین شتێك کە پیاوان و ژنان دایدەهێنن پیاوان و ژنانی دیکەیە و لە ڕەوتی ئەم داهێنان و خوڵقاندنەدا، ئەوان هێزی کار دروست دەکەن کە هەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی بۆ مانەوەی خۆی، پێویستیی بەمانە هەیە. هەم بەرهەمهێنانەوەی سێکسوالی و هەم بەرهەمهێنانەوەی ماتریالی مێژووە جیاواز و جیاکانی خۆیان هەیە کە نابێت تێکەڵی یەکتر بن و لەیەکتریدا بتوێنەوە؛ بەڵام هەردوو مێژوو مەیدانگەلێکی ململانێکان و ناعەدالەتییە دێرینە بەهێزەکان بوون و بەمجۆرە قوربانیانی هەر یەکێکیان بە یەکسانیی سوود لە ڕزگاریی سیاسیی وەردەگرن.

ئەنگڵس بە هەڵبژاردنی دەزگیران لەنێو چینی کرێکاردا، لە پراکتیکدا نەك تەنها پەیوەندیی سیاسیی، بەڵکو پەیوەندیی جەستەیی-عاتفیشی لەگەڵ پرۆلیتاریادا پیشان دەدا، و دەیگوت ڕزگاربوونی ژنـان پەیوەندیی بە لەناوچوونی کۆمەڵگای چینایەتییەوە هەیە. (لـەبـەر ئـەوەی دەزگیرانەکەی ئەو ئیرلەندیی بوو، ڕەهەندێکی دژەکۆلۆنیالیستیشی خستە سەر پەیوەندییەکەی). کتێبەکەی ئەو بەناونیشانی بنەچەی خێزان، خاوەندارێتیی تایبەت و دەوڵەت بەرهەمێکە بە شێوەیەکی ڕوون و ورد بۆ بواری ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتیی تەرخانکراوە، پڕە لە عەیب و نەقس و کێشەیە، بەڵام هاوکات پڕیشە لە لایەنی باش و خێرخوازییەك کە ئەگەرچی هەرگیز دابەشکردنی پەیمانی کاری جێندەری ناخاتە ژێرپرسیارەوە، کەچی ستەمی پیاوان لە ژنان وەك "یەکەمین بەڵگەی چەوساندنەوەی چینایەتی" سەیر

دەکات. بەلشەڤیکەکان بە هەمان ئەندازە مەسەلەی پەیوەست بە پرسی ژنانیان بە جدییەوە وەرگرت: ئەو ڕاپەڕینەی دەبوو ڕژێمی قەیسەری هەڵبگەڕێنێتەوە، بە ڕێپێوانە جەماوەرییەکانی ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنـان لە 1917دا دەستیپێکرد. حزبی بەلشەڤیك، هەرکە دەسەڵاتی گرتە دەست، مافی یەکسانیی بۆ ژنانی کردە یەکێك لە گرنگترین ئەرکە سیاسییەکانی خۆی و "ژووری ژنانی ئەنتەرناسیۆنال"ی کردەوە. ئەم ژوورە یەکەمین کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنالی ژنانی کرێکاری بەست کە نوێنەرانی 20 وڵات بەشداریان تیادا کرد، کۆنگرە لە بانگەشەنامەکەی خۆیدا بۆ "ژنانی کرێکاری جیهان"، کۆمۆنیزم و ڕزگاریی ژنانی کردە دوو ئامانجی خۆی کە زۆر بە قورسی، بەیەکەوە بەستراونەتەوە.

ڕۆبــەرت جی. سی. یانگ دەنووسێت: "سەیر لەوەدایە کە تاکو کاتی زیندووکردنەوەی بزووتنەوەی ژنان لە دەیەی 1960دا چۆن تەنها پیاوانێك لە کەمپی سۆسیالیستەکان یان کۆمۆنیستەکاندا بوون کە دەیانگوت پرسی یەکسانیی ژنان بەشێکی جیانەکراوەی فۆرمەکانی ڕزگاریی سیاسییە"[2]. لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بزووتنەوەی کۆمۆنیستی تەنها شوێنێك بوو بەچەشنێکی سیستەماتیك دەربارەی پرسی جێندەر، لەگەڵ مەسەلەکانی ناسیۆنالیزم و کۆلۆنیالیزمدا دەدوا و باس و خواسی گەرم لەو بارەیەوە دەکرا. یانگ درێژەی پێدەدات: "کۆمۆنیزم یەکەمین و تەنها بەرنامەیەکی سیاسیی بوو کە پەیوەندییە بەرانبەرەکانی ئەم فۆرمە جۆراوجۆرانەی دەسەڵات و چەوساندنەوە[ی چینایەتی، جێندەری و کۆلۆنیالیستی]

ناسییەوە و مەرجی زەرووری بۆ سەرکەوتن لە ڕزگاربوونی هەر یەکێکیان، ڕەتکردنەوەی هەموو ئەمانەیە"[3]. زۆربەی کۆمەڵگا سۆسیالیستییەکان خوازیاری زیادبوونی بەرچاوی مافەکانی ژنان بوون و زۆرێکیان بە جدییەکی وەهاوە بەدوای "پرسی ژنان" کەوتوون، ئەویش زۆر پێش ئەوەی خۆرئاوا بکەوێتە خۆی و بە هەر ئاستێك بێت بە حەزەوە ئەم بابەتە بخاتە بەرباس. کاتێك دەگەین بە پرسی جێندەر و سێکسوالیتە، پێشینەی کۆمۆنیزم عەیبێکی زۆری تیادایە؛ بەڵام بەپێی بەڵگاندنەکەی میشێل بارێت بێت هێشتا پرسەکە ئەمەیە کە "هیچ نەریتێکی شیکاریی ڕەخنەیی لە دەرەوەی بیرکردنەوەی فیمینیستیدا بوونی نییە کە بتوانێت سەرنج و ڕوانگەیەکی یەکلاییکەرەوە دەربخات کە بیرمەندانی مارکسیست یەك لەدوای یەك دەربارەی پرسی چەوساندەوەی ژنان باسیان کردووە"[4].

ئەگەر مارکسیزم لایەنگری لەمێژینەی مافەکانی ژنان بووبێت، ئەوا لە هەمانکاتدا پڕجۆش و خرۆشترین بەرگریکاری بزووتنەوە جیهانییەکانی دژەکۆلۆنیالیزمیش بووە. لەڕاستیدا، مارکسیزم لە سەرتاسەری نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، یەکەمین سەرچاوەی ئیلهامبەخشی ئەم بزووتنەوانە بووە. بەمجۆرە مارکسیستەکان پێشڕەوی سێ بـواری گەورەترین خەباتە سیاسییەکانی سەردەمی مۆدێرن بوون: خەبات دژ بە کۆلۆنیالیزم، خەبات بۆ ڕزگاریی ژنان و خەبات دژ بە فاشیزم. مارکسیزم بۆ زۆربەی تیۆریزەکەرە گەورەکانی نەوەی یەکەمی جەنگە دژەکۆلۆنیالیستییەکان خاڵی دەستپێکی زەروریـی

بووە. لە دەیەکانی 1920 و 1930دا بەگشتی تەنها لایەنگرانی یەکسانیی ڕەگەزیی، کۆمۆنیستەکان بوون. ڕووخساری باڵادەستی ناسیۆنالیزمی ئەفریقیی دوای جەنگی دووەمـی جیهانی، لە نیکرۆما و فانون بـەدواوە، لەسەر نوسخەکانی مارکسیزم یان سۆسیالیزم دامەزرابوو. زۆربەی پارتە کۆمۆنیستییەکانی ئاسیا ناسیۆنالیزمیان لەناو بەرنامەی خۆیاندا جێکردەوە. بەو جۆرەی ژول تاونزەند دەنووسێت:

لەگەڵ ئەوەی چینی کرێکار، جگە لە دوو لایەنی بەرچاوی کرێکارانی فەڕەنسی و ئیتاڵی، [لەدەیەی 1960دا] لە وڵاتە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکاندا بەشێوەیەکی ڕێژەیی ناچالاك بوون، جوتیاران و لەگەڵیشیاندا ڕۆشنبیران لە ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکای لاتیندا سەرگەرمی شـۆڕش یان دامەزراندنی کۆمەڵگاگەلێك بوون لەژێر چەتری سۆسیالیزمدا. لە ئاسیا شاهیدی ڕوودانی شۆڕشی کولتووریی ماو لە 1966 لە چین و بەرهەڵستی ویت کینگەکان بە ڕێبەرایەتیی هۆشی مین لە بەرانبەر بە ئەمریکییەکان لە ڤێتنامدا بووین؛ لە ئەفریقا پرۆژە سۆسیالیستییەکان و ڕزگارکەرەکانی ژولیوس نیررە لە تانزانیا، نیکرۆما لە غانا، کابرال لە گینای بیسائۆ و فرانتس فانون لە ئەلجەزایەر؛ و لە ئەمریکای لاتین شۆڕشی کوبا بەڕێبەرایەتیی فیدڵ کاسترۆ و چێ گیڤارا[5].

لە مالیزیاوە تا دوورگەی کاریبیا، لە ئیرلەنداوە تاکو جەزائیر، بزووتنەوە ناسیۆنالیستییە شۆڕشگێڕییەکان مارکسیزمیان ناچارکردووە دووبــارە بیر لەخۆی بکاتەوە. لە هەمانکاتدا

مارکسیزم هەوڵیداوە بژاردەیەکی کراوەتر و ڕێخۆشکەرتر پیشانی بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی جیهانی سێیەم بدات تاکو لەبری ئەوەی حکومەتی چینی سەرمایەداریی دەرەکیی دابمەزرێنن، ئەوا حکومەتی سەرمایەداریی لۆکاڵی دابمەزرێنن. لەم میانەیەدا مارکسیزم لەودیوی فیتیشی نەتەوە، زیاتر بیری لە نێونەتەوەیی یان ئەنتەرناسیۆنالیستی دەکردەوە. ئەگەر مارکسیزم بەرگریی لە بزووتنەوە ئازادیخوازە نەتەوەییەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەم دەکـرد، لە هەمانکاتدا بــەردەوام پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد ڕوانگە و دیمەنی ئەوان دەبێت سۆسیالیستی-ئەنتەرناسیۆنالیستیی بێت نەك بۆرژوازیی-ناسیۆنالیستی. بەڵام بەگشتی، ئەم پێداگرییەی مارکسیزمیان نەبیستووە یان پشتگوێیان خستووە.

بەلشەڤیکەکان کاتێك دەسەڵاتیان گرتەدەست، بەرگرییان لە مافی خەڵکی کۆلۆنیالەکان کرد بۆ مافی چارەی خۆنووسین. بەڵام بزووتنەوەی جیهانیی کۆمۆنیستەکان بۆ ئەوەی ئەم ئایدیایە پیادە بکات، ڕێگایەکی دوور و درێژی لەبەردەمدا بوو. لینین، سەرباری نیگا ڕەخنەییەکەی لە ناسیۆنالیزم، یەکەمین تیۆریزەکەری گرنگی سیاسەت بوو کە درکی بە گرنگی بزووتنەوە ئازادیخوازە نەتەوەییەکان کرد. ئەو هەروەها نەیار بە ناسیۆنالیزمی ڕۆمانتیك، سووربوو لەسەر ئەوەی پرسەکە لە ئازادیی نەتەوەییدا پەیوەندیی بە هەست و سۆزە شۆڤینیستییەکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە دیموکراسیی ڕادیکاڵەوە هەیە. بەمجۆرە، لە پێکهاتەیەکی تاقانە و بەهێزی نێو ئەم یەکەیەدا، مارکسیزم بوو بە بەرگریکاری

خەباتە دژەکۆلۆنیالیستییەکان و ڕەخنەگری ئایدیۆلۆژییە ناسیۆنالیستییەکان. بەوجۆرەی کەڤین ئەندرسن دەنووسێت ”سێ دەیە پێش ئەوەی هیندستان سەربەخۆیی وەربگرێت، و چوار دەیە پێش ئەوەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی ئەفریقا لە سەرەتاکانی دەیەی 1960دا بێنە مەیدانەکەوە، لینین لە تیۆرییەکەی خۆیدا بزووتنەوە نەتەوەییە دژەئیمپریالیستییەکانی وەك یەکێك لە گرنگترین فاکتەرەکانی نێو سیاسەتی جیهانی حساب کـردبـوو“[6]. لینین لە 1920دا دەنووسێت ”هەموو پارتە کۆمۆنیستەکان دەبێت پشتیوانیی ڕاستەوخۆی خۆیان بۆ بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان لەنێوان نەتەوە سەربەخۆ و مەحرومەکان (وەك ئیرلەندا، ڕەشپێستەکانی ئەمریکا و هتد) و هەروەها لەنێو کۆلۆنییەکاندا ڕابگەیەنن“[7]. ئەو هێرشی دەکردە سەر ڕەوتێك کە خۆی پێیدەگوت ”شۆڤێنیزمی ڕووسیای گەورە“ی نێو حزبی کۆمۆنیستی سۆڤێتی، هەڵوێستێك کە نەبووە بەربەست لەبەردەم بەرگریکردنی کاریگەریی ئەو لە پێوەلکانی ئۆکرانیا و پاشان تواندنەوەی بەزۆری جۆرجیا بۆ ناو خاکی سۆڤێت. و هەروەها ترۆتسکی و ڕۆزا لەکسمبۆرگ نەیارێکی سەرسەختیی ناسیۆنالیزم بوون.

مارکس خۆی هەڵوێستێکی ناڕوونی دەربـارەی سیاسەت دژەکۆلۆنیالیستییەکان هەبوو. ئەو لە سەرەتای چالاکیی خۆیدا تەنها بە مەرجێك بەرگریی لە خەبات دژ بە هێزە کۆلۆنیالیستەکان دەکرد گریمانەی ئەوەی دەکرد ئەم خەباتە کۆمەك بە بەدیهاتنی شۆڕشی سۆسیالیستی دەکات. ئەو بە ئاوازێکی توندەوە ڕایگەیاند

هەندێك لە ئەتنیك و نەتەوەكان "نامێژوویی"ن و لەناو دەچن. و بە حاڵەت و ژێستێكی یۆرۆسەنتەریستییانەوە پێیوابوو چیكەكان، سلۆڤینییەكان، دالماتەكان(Dalmatian)، ڕۆمانییەكان، كرواتەكان، سربەكان، مۆراڤییەكان، ئۆكرانییەكان و نەتەوەكانی دیكە بێ هۆ سەر بە حاویەی مێژوون. ئەنگڵس جارێك بە هەواونەفەسێكەوە پشتیوانیی لە بەكۆلۆنیالیكردنی جەزائیر و داگیركردنی مەكسیك لەلایەن ئەمریكییەكانەوە كرد، و ماركس خۆیشی ڕێزێكی زۆری بۆ سیمۆن بۆلیڤاری ڕێبەری گەورەی خەباتی ئازادیخوازی ئەمریكای لاتین نەبوو. بە قەولی ماركس هیندستان هیچ مێژوویەكی خۆی نییە تاكو شانازیی پێوەبكات، و زاڵبوونی بریتانییەكان بەسەر هیندستاندا زەمینە بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی لەنیمچەدوورگەی هینددا خۆشدەكات. بەمجۆرە دەربڕینانەوە ناتوانین لە وانەكانی تیۆریی پۆست-كۆلۆنیالیستییدا لە كانتەربۆرییەوە تاكو كالیفۆرنیا نمرەیەكی باش بەدەست بهێنین.

ئەگەر ماركس دەیتوانی بە نیگایەكی ئەرێنییەوە دەربارەی كۆلۆنیالیزم بدوێت، بەهۆی ئەوەوە نییە كە ئەو چێژ لە بینینی لەناوچوون و وردوخاشبوونی نەتەوەیەك لەژێرپێی نەتەوەیەكی دیكەدا وەردەگرێت، بەڵكو لای ئەو بۆچوونی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی بۆ نێو جیهانی وڵاتە "گەشەنەسەندووەكان" ڕاكـردن لەم بەشەی ستەم و تـاوان نییە، ئەگەرچی ماركس خۆیشی ئەمە بە شەرمهێنەر و سوكایەتیئامێز دەبینێت. و ئەمەش لەڕوانگەی ئەوەوە نەك تەنها ئیمتیازگەلێكی بۆ جیهانی گەشەنەسەندوو دەبێت، بەڵكو هەروەها ڕێگا بۆ گەیشتنی

سۆسیالیزم خۆشدەکات. پێشتر دەربارەی هۆکارەکانی کۆکبوون و ناکۆکبوونی ئەمجۆرە بیرکردنەوە "ئەنجامناسی"یەدا قسەمان کرد.

ئەو پێیوایە کۆلۆنیالیزم دەتوانێت گەلێك لایەن و سووچی پێشکەوتوویشی هەبێت، ڕەنگە لەگەڵ چێژ و سەلیقەی زۆرینەی نووسەرانی پۆست-کۆلۆنیالیزمی خۆرئاوادا نەیەتەوە، چونکە نیگەرانن نەکا دانان بە بابەتێکی وەهای پێچەوانی ئەخلاقی سیاسییدا، جۆرێك ڕاسیزم و ئەتنۆسەنتەریزم بـەدوای خۆیدا بهێنێت. ئەم پۆینتە لەنێوان کەسانێکی وەك مێژوونووسانی هیندی و ئیرلەندیدا باوە[8]. ئاخر چۆن دەشێ دیاردەیەکی بەم ڕادە ئاڵۆزەی وەك کۆلۆنیالیزم، کە پانتاییەکی بەرفراوانی ناوچەکان و سەدەکان لەخۆ دەگرێت، تەنانەت هیچ کاریگەرییەکی ئەرێنی بەجێنەهێشتبێت؟ لە ئیرلەندای سەدەی نۆزدەهەمدا حوکمڕانی بریتانیا قاتوقڕی، توندوتیژی، هەژاری، چەوساندنەوەی ڕەگەزی و سەرکوتی ئایینی بەدیاری بۆ ئەو وڵاتە برد. و لەگەڵیشیدا ئاستێکی زۆری خوێندەواری، زمانزانی، پەروەردە و فێرکردن، دیموکراسیی سنووردار، تەکنەلۆژیا، پەیوەندییەکان و دامەزراوە مەدەنییەکانیشی بـەدواوە بوو کە کۆمەکی بە بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکانی ئیرلەندا کرد تاکو دروست بن و دواجار دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. ئەمانە نەك تەنها کۆمەکیان بە بەدیهاتنی ئایدیالێکی بەرزی سیاسیی کرد، بەڵکو لە جەوهەری خۆیشیاندا دەستکەوتگەلی بەهادار بوون.

ئەگەرچی زۆرینەی ئیرلەندییەکان حەزیان دەکـرد لەگەڵ فێربوونی زمانی ئینگلیزیدا پێبنێنە نێو سەردەمی مۆدێرنەوە، هەندێك لە ڕۆمانتیکەکانی چینی باڵادەستی ئیرلەندا بەجۆرێکی ڕێزی تێکەڵ بە سوکایەتی (patronizingly) داوایـان لەوان دەکرد تەنها بە زمانی دایکیان قسە بکەن. دەمارگیرییەکی لەم جۆرە ئەمڕۆ لەنێو هەندێك نووسەری پۆست-کۆلۆنیالیستیشدا دەبینینەوە، ئەو نووسەرانە دەڵێن مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی کارەساتێکی پێرفێکتە. بەڵام زۆرێك لە خەڵکی کۆمەڵگا پۆست-کۆلۆنیالیستییەکان کە ئەم نووسەرانە بەرگریی لە ئادیالەکانی ئەوان دەکەن، لەگەڵ ئەم بیروبۆچوونەدا کۆك نین. هەڵبەت بە ئەگەرێکی زۆرەوە ئیرلەندییەکان پێیان باشتر بوو بە تەحەمولکردنی زیانێکی کەمتر بگەن بە دیموکراسی (و دواجار خۆشگوزەرانی و بەختەوەری). لە هەنگاوی یەکەمدا، ئەمە هەرگیز جێگای قبوڵ نەبوو کە ئیرلەندییەکان دوای بە کۆلۆنیالبوونیان، هەموو ڕێز و کەرامەتی ئینسانی خۆیان لەدەست بدەن. بەڵام ئەوان سەلماندیان کە دەتوانن بەگرنگ سەیری ئەم دۆخە کارەساتبارە بکەن و لە قوڕ زێڕ دروست بکەن.

بەم وردەکارییەوە، مارکس دەیتوانی لەنێو ڕەوتی کۆلۆنیالیزمدا چەندین ڕەگ و ڕیشەی "پێشکەوتووانە" دەربهێنێت. بەڵام ئەم بابەتە نەبووە هۆی ئـەوەی مارکس "وەحشیگەرایی" کۆلۆنیالیستەکان لە هیندستان و ناوچەکانی دیکەدا سەرزەنشت و مەحکوم نەکات، یان دەست نەکات بە ستایشکردنی یاخیبوونی گەورەی خەڵکی هیندستان لە ساڵی 1857دا. دوای ئەو ڕووداوە،

مارکس دەنووسێت ئەو قوربانی و کوشتار و تاوانانەی دەدرێنە پاڵ ڕاپەڕیوانی ساڵی 1857، شتێك نییە جگە لە کاردانەوەیەکی سروشتی بەرانبەر بە چەتەگەری و تاڵانکاریی بریتانییەکان لەو وڵاتەدا. ئیمپریالیزمی بریتانیا لە هیندستان هەرگیز پرۆسەیەکی فراوانبوونی ئارام و ئاشتیخوازیی شارستانیانە نەبوو، بەڵکو پرۆسەیەکی "قورسی خوێناوی و توندوتیژئامێز" بوو[9]. هیندستان پەردەی لەسەر "ڕیاکاریی قوڵ و وەحشیگەرایی زاتیی شارستانێتیی بۆرژوازیی" هەڵماڵی و شارستانێتییەك کە لە ناوەوەدا ماسکی ڕێز و ئیحترامی بەستبوو، بەڵام لە دەرەوەدا ماسکی سەر ڕووخساری کەوتبوو و ڕووت بووبووەوە[10]. لەڕاستیدا، ئیجاز ئەحمەد دەڵێت، هیچ یەکێك لەوانەی لایەنگریی قورسی ئاشتیی هیندستان بوون لە سەدەی نۆزدەهەمدا، هێندەی مارکس بە ڕاشکاویی دەربارەی سەربەخۆیی نەتەوەیی هیندستان هەڵوێستییان نەبووە[11].

مارکس پەشیمان بـووەوە لە قسەکەی خـۆی دەربـارەی داگیرکردنی مەکسیك، هەروەها ئەنگڵسیش سەرزەنشتی دیدگاکەی خۆی دەربـارەی داگیرکردنی جەزائیر بەدەستی فەرەنسییەکان کرد. ئەنگڵس بەداخ لەدڵییەوە دەڵێت داگیرکردنی جەزائیر جگە لە خوێنڕێژی، تاڵانکاری، توندوتیژی و "لوتبەرزیی ڕووت"ی کۆلۆنیالیستەکان بۆ لۆکاڵییە "دواکـەوتـوو و بێ کولتوور"ـەکان هیچ دەرەنجامێکی دیکەی نەبووە. ئەنگڵس بە پێداگرییەوە دەیگوت تەنها بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی دەتوانێت ئەم دۆخە باشتر بکات. مارکس بەرگریی لە بزووتنەوەی نەتەوەیی ئازادیخوازە چینییەکانی ڕۆژگاری خۆی دەکرد، ئەویش

لە بەرانبەر کەسانێکدا کە بە ئاوازێکی پڕ لە سوکایەتییەوە پێیاندەڵێت "دەڵاڵانــی شارستانێتی"ی کۆلۆنیالیستی. بە دەربڕینێکی دیکە، ئەو دەیویست شۆڤینیزمی پێشووی خۆی قەرەبوو بکاتەوە بە پشتیوانیکردن لە خەباتە ئازادیخوازییەکانی نەتەوە کۆلۆنیالیستییەکان و چیتر ئیشی بە "مێژوویی یان نامێژووییبوون"ی ئەوانەوە نەبوو. ئەو بە دڵنیابوون لەوەی ئەگەر هەر نەتەوەیەك ستەم لە نەتەوەیەکی دیکە بکات، زنجیر لە پەل و پێی خۆی دەبەستێت، ئەوا سەربەخۆبوونی ئیرلەندای وەك پێشمەرجی شۆڕشی سۆسیالیستیی لە بریتانیا سەیر دەکرد. ئەو لە مانیفێستی کۆمۆنیزمدا دەنووسێت خەباتی چینی کرێکار دژ بە ئاغاکانیان لە سەرەتاوە فۆرمی خەباتی نەتەوەیی وەردەگرێت.

لە ڕوانگەی ئەو نەریتەوەی ئێستا بەدوای ڕەوتی پەرەسەندنی کەوتووم، پرسەکانی کولتوور، جێندەر، زمان، ئەویدیکە، جیاوازی، شوناس و ئەتنیك لە پرسەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتی، نایەکسانییە ماترِیالییەکان، چەوساندنەوەی هێزی کــار، چەتەگەری و تاڵانکاریی ئیمپریالیستی، خەباتی سیاسیی کۆمەڵانی خەڵك و گۆڕانی شۆڕشگێڕی جیانابێتەوە. بەڵام ئەگەر ویستتان پرسەکانی دواتر لە پرسەکانی یەکەم جیا بکەنەوە، ئەوسا دەستتان بە شتێکی وەك تیۆریی پۆست-کۆلۆنیالیستیی هاوچەرخ دەگات. یەکێك لە بیروباوەڕە ساویلکە باوەکان ئەوەیە کە لە دەوروبەری 1980دا، ئەو مارکسیزمەی هیچ بەها و کرێدیتێکی نەمابوو، شوێنی خۆی بۆ تیۆریی پۆست-کۆلۆنیالیستی خۆشکرد، کە زیاتر لەگەڵ پێداویستییە سیاسییەکانی ڕۆژدا دەگونجا. ئەم بابەتە بە

زەرووری هەڵەیەکی لێدەکەوێتەوە، کە فەیلەسوفان پێیدەڵێن تێکەڵکردن و بەهەڵەبەکارهێنانی کاتیگۆری، وەك ئەوەی هەوڵبدەن بەپێی چەمکی هاوسەرگیری، شیکردنەوە بۆ جوتبوونی مشکە زستانییەکان (dormouse یان الزغبه) بکەن. مارکسیزم بزووتنەوەیەکی سیاسیی کۆمەڵانی خەڵکە کە چەندین سەدەیە بڕ دەکات و هەموو کیشوەرەکانیشی گرتووەتەوە، ڕێبازێکە پیاوان و ژنانێکی بێ حەد و حساب خەباتیان لەم ڕێگایەدا کردووە و گیانیان بەخشیوە. تیۆریی پۆست-کۆلۆنیالیستی جۆرە زمانێکی ئەکادیمییە کە لە دەرەوەی چەند سەد زانکۆیەك هیچ کەسێك قسەی پێناکات و هەندێکجار بەڕادەی زمانی سەواحیلی (زمانی لۆکاڵییەکانی خۆرهەڵاتی ئەفریقا) بۆ خۆرئاواییە میانەڕەوەکان ناڕوون و بێ مانایە.

تیۆریی پۆست-کۆلۆنیالیستی لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا سەریهەڵدا، لە کاتێکدا کە خەباتە ڕزگاریخوازە نەتەوەییەکان کەم تازۆر بە ئەنجامی خۆیان گەیشتبوون. تێکستی دامەزرێنەری ئەم ڕەوتە، واتا کتێبی ئۆرێنتالیزم(خۆرهەڵاتناسی)ی ئێدوارد سەعید، لە ناوەڕاستەکانی دەیەی 1970دا بڵاوبووەوە، ڕێك لە قۆناغێکدا کە قەیرانی بەهێزی سەرمایەداریی بەرەبەرە ڕۆحی شۆڕشگێڕیی لە خۆرئاوادا دابەزاندبوو. لەم ڕوانگەیەوە ڕەنگە گونجاو بێت بڵێین کتێبەکەی ئیدوارد سەعید بە توندی دژەمارکسیستییە. تیۆریی پۆست-کۆلۆنیالیستی ئەگەرچی لەڕوویەکەوە میراتی شۆڕشگێڕی دەپارێزێت، کەچی لەڕوویەکی دیکەوە خەریکی لەناوبردنی ئەو میراتەیە. ئەم تیۆرییە گوتارێکی پۆست-شۆڕشگێڕیی

گونجاوە بۆ جیهانێکی پۆست-شۆڕشگێڕی. ئەم تیۆرییە لە بەرزترین و باڵاترین نووسینەکانیدا کارگەلی گرنگ و بەرچاویان بەرهەمهێناوە. بەڵام لە نزمترین بەش و لایەنەکانیشیدا، شتێکی زیاتریان لە تیۆرییە پۆستمۆدێرنیستییەکان دەربارەی کاروباری دەرەوە بەرهەمنەهێناوە.

کەواتە هەرگیز ڕێی تێناچێت چین جێگای خۆی بۆ جێندەر، شوناس و ئەتنیك چۆڵ بکات. ململانێی نێوان کۆمپانیا زەبەلاحە فرەنەتەوەییەکان و کرێکارانی کەم دەرامـەت (لە نەتەوە جیاوازەکان و بەگشتی ژن)ی باشووری زەوی بە مانای مارکسی و وردی وشەکە بریتییە لە پرسێکی چینایەتی. بەمجۆرە نییە کە چڕبوونەوەی "یۆرۆسەنتەری" لەسەر بۆ نموونە کانزاچیانی خۆرئاوا یان کرێکارانی کارگەکانی ئەمڕۆ شوێنی خۆیان بۆ دیمەنە گشتگیرترەکان چۆڵکردووە. چین هەمیشە دیاردەیەکی ئەنتەرناسیۆنال یان نێونەتەوەیی بووە. مارکس حەزی دەکرد وابیربکاتەوە ئەمە چینی کرێکارە کە هیچ نیشتمانێك ناناسێت و نیشتمانی نییە، ئێستا لە واقیعی سەرمایەدارییدا بەمجۆرەیە. نیگایەك لە مانیفێستی کۆمۆنیزم دەریدەخات بە مانای وشەکە، بەجیهانیبوون هەواڵێکی تازە و یەکدەست نییە. ژنان هەمیشە بەشێکی گـەورەی هێزی کاریان پێکهێناوە، و جیاکردنەوەی پەیوەندیی ستەمی ڕەگەزی و چەوساندنەوەی ئابووریی، هەمیشە کارێکی قورس بووە. ئەو ڕەوتانەی بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە تازەکان ناسراون لەڕوویەکەوە هەرگیز تازە نین. و ئەو بیرۆکەیەی دەڵێت ئەوان "جێگای" مارکسیزمیان "گرتووەتەوە" کە دیلی

شیکاریی چینایەتی و نەیاری پلۆرالیتییە، ئەم حەقیقەتە نابینن کە ئەم بزووتنەوانە و مارکسیزم لە کۆنەوە هاوکارییەکی بە بەرهەمییان بەیەکەوە هەبووە.

پۆستمۆدێرنیستەکان هەندێکجار مارکس بە یۆرۆسێنتەریزم و هەوڵ بۆ سەپاندنی بەها عەقڵانییەکانی خۆرئاوای سپیپێستەکان بەسەر بەشێکی زۆر جیاوازی گۆی زەویدا تۆمەتبار دەکەن. مارکس بێگومان بیرمەندێکی ئەوروپایی بوو، و دەکرێت ئەم حەقیقەتەش لە حەز و مەیلە زۆرەکـەی ئـەودا بۆ ڕزگاریی سیاسیی بە ڕوونی ببینینەوە. نەریتەکانی بیرکردنەوەی ڕزگارکەر و ڕێبازی کۆیلەداریی هەردووکیان تایبەتمەندیگەلی دیاری مێژووی ئەوروپان. ئەوروپا هەر تەنها شوێنی لەدایکبوونی دیموکراسی نەبووە، بەڵکو هەروەها سەرچاوەی کەمپەکانی مەرگیش بووە. مێژووی ئەوروپا گەلێك لاپەڕەی ڕەشی وەك جینۆسایدی کۆنگۆی هەیە، بەڵام هەروەها چەند وەرزێکی شکۆمەندی وەك شۆڕشی کۆمۆنارەکانی پاریس و بزووتنەوەی لایەنگرانی مافی دەنگدان بۆ ژنانیشی هەیە. ناوی ئەوروپا هەم سۆسیالیزم زەق دەکاتەوە و هەم فاشیزم، هەم سۆفیکلێس و هەم ئارنۆلد شوارتزنگەر[20]، هەم مافە مەدەنییەکان و هەم موشکە کیشوەربڕەکان، هەم میراتی

20- بە تەنزەوە ئیگڵتۆن مەبەستی ئارنۆڵدی پاڵەوان و ئەکتەری هۆلیوود و هەروەها حاکمی کالیفۆرنیایە، هونەر وەك سەرخانی ژێرخانی ئابووریی سەرمایەداریی، چۆن کارەساتەکان دەشارێتەوە و لەڕێگای ئایدیۆلۆژیاوە چۆن دروستکردنی ڕەزامەندی و حەماقەت لە هەمانکاتدا بەرهەم دەهێنێت، ئارنۆڵد لە بنەڕەتدا خەڵکی نەمسایە و هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەمریکییە. (وەرگێڕ*

فیمینیزم و هەم لیستی قاتوقڕییەکان. دەکرێت لە بەشەکانی دیکەی جیهانیشدا بەم ڕادەیە تێکەڵەی ڕۆشنگەری و ستەمکاری ببینینەوە. تەنها چاوانی ئەو کەسانە ئەم حەقیقەتە نابینێت کە ساویلکانە مێژووی ئەوروپا سەرتاپا نەرێنی و "پەراوێزییەکان"ی پۆست-کۆلۆنیالیستی تەواو ئەرێنی دەبینن. تەنانەت هەندێکیان خۆیان وەك پلۆرالیستیش لەقەڵەم دەدەن. زۆرترینیان ئەوروپایین هەست بە گوناهێکی قوڵ دەکەن نەك ئەو خەڵکانەی لە کۆت و بەندی کۆلۆنیالیزم ڕزگاریان بووە، کە ڕۆحێکی دژە ئەوروپاییان هەیە. هەڵبەت هەستکردن بەگوناه لەلایەن ئەوانەوە بەدەگمەن ڕاسیزمێکی شاراوە لەخۆیدا هەڵدەگرێت کە لەنیگای پڕ لە سوکایەتییاندا دەرهەق بە خودی ئەوروپادا دەبینرێتەوە.

گومانی تێدا نییە کارەکەی مارکسیش بۆ بارودۆخی کۆمەڵایەتیی ئەو بەرتەسك دەبێتەوە. لەڕاستیدا ئەگەر بیرکردنەوەی مارکس خۆی قبوڵ بکەین ئەوا جگە لەمە شتێکی دی نییە. ئەو بیرمەندێکی ئەوروپایی چینی ناوەڕاست بوو. بەڵام بەمجۆرە نەبوو کە ژمارەیەکی زۆری ڕۆشنبیرانی چینی ناوەڕاستی ئەوروپا حەز بە لەناوبردنی ئیمپراتۆرییەکان بکەن یاخود خوازیاری ڕزگاربوونی کرێکارانی کارگەی پیشەسازیی بن. تەنانەت زۆرێك لە ڕۆشنبیرانی وڵاتانی بەکۆلۆنیکراویش شتێکی وەهایان نەدەویست. سەرەڕای ئەمە، بەڕێزێکی تێکەڵ بەسوکایەتییەوە وادەردەکەوێت کە بڵێین کۆی ڕێبەرە ئازاکانی دژەکۆلۆنیالیزم، کە ئایدیاکانی مارکسییان وەرگرتووە، لە جەیمز

کانۆلی ئیرلەندییەوە بیگرە تادەگاتە سیریل جەیمز ترینیدادی[21]، تەنها قوربانیانی فریوخواردووی ڕۆشنگەریی خۆرئاوایی بوون. ئەو شاڵاوە بەهێزەی ڕێگای ئازادی، عەقڵانی و پێشکەوتن کە لەنێو دڵی چینی ناوەڕاستی ئەوروپای سەدەی هەژدەهەمە سەریهەڵدا، هەم هەوڵێکی دڵڕگیر بوو بۆ ئازادی لە کۆت و بەندی ستەمکاری و هەم فۆرمێکی زیرەکانەی خودی ستەمکاری بوو؛ و ئەوە تەنها مارکس بوو ئێمەی لەم دژبەرییە بەئاگا هێنایەوە. ئەو بەرگریی لە ئایدیالە گەورەکانی بۆرژوازیی، ئازادی و عەقڵ و پێشکەوتن دەکرد، بەڵام دەیویست لەوە تێبگات کە بۆچی هەرکاتێك ئەم ئایدیالانە پیادە کرابێتن خیانەتیان لەخۆیان کردووە. بەمجۆرە مارکس یەکێك بوو لە ڕەخنەگرانی ڕۆشنگەری – بەڵام وەك کۆی کاریگەرترین فۆرمەکانی ڕەخنە، ڕەخنەی ئەویش لە ناوەوە بوو. ئەو هەم بەرگریکاری ڕۆشنگەری بوو و هەم دوژمنی باوەکوشتەیشی بوو.

ئەوانەی بەدوای ڕزگاریی سیاسییدا دەگەڕێن ناتوانن هێندە سەختگیر بن دەربـارەی ڕەچەڵەکنامەی فیکری و سیاسیی سەپۆرت و پێشینەکانی خۆیان. فیدڵ کاسترۆ نەیدەتوانی پشت لە شۆڕشی سۆسیالیستی بکات، لەبەر ئەوەی مارکس بۆرژوازییەکی ئەڵمانی بوو. ڕادیکاڵە ئاسیایی و ئەفریقییەکان هەرگیز ئیشیان بەوە نەبوو کە ترۆتسکی ڕووسێکی جولەکە بوو. بەگشتی ئەوە

21- جەیمز کانۆلی (1868-1916) ڕێبەری سۆسیالیستی ئیرلەندی و سیریل لیۆنێل ڕۆبەرت جەیمز (1901-1989) مێژوونووس، ڕۆژنامەنووس، و تیۆریزەکەری سۆسیالیست و خەڵکی وڵاتی ترینیداد و تۆباگۆ بوو.

لیبڕاڵەکانی چینی ناوەڕاستن کە نیگەرانی ئەوەن نەکا کرێکاران هەڵوێستی "باڵادەست" وەربگرن و "ئاغایانە" دەربارەی ڕوانگەی فرەکولتووری یان ویلیام مۆریس[22] گوتار بدەن. کرێکاران خۆیان بەگشتی هیچ یەکێك لەو نیگەرانیانەیان نییە کە لە ئێمە باشترن و بە ئامێزی کراوەوە پێشوازیی لە هەر بەرگرییەکی سیاسیی دەکەن کە لای ئەوان باش بێتەبەرچاو. کەسانێك ئاوابوون کە لە وڵاتە بەکۆڵۆنیکراوەکاندا یەکەمجار وانەی ئازادیی سیاسیی لە مارکسەوە فێربوون. لەڕاستیدا مارکس ئەورووپاییەك بوو؛ بەڵام ئەوە لەئاسیادا بوو بۆ یەکەمجار ئایدیاکانی ئەو ڕیشەیان داکوتا و بە مانایەك لە جیهانی سێیەمدا بوو کە گەشاوەتر لە هەموو شوێنێك خۆی جێگیر کرد. بەمانایەك زۆربەی کۆمەڵگا مارکسیستییەکان نائەوروپایی بوون. بەهەرحاڵ، جەماوەرێکی گەورەی خەڵك هەرگیز تەنها تیۆرییەکان وەرناگرن و پیادەیان ناکەن؛ تیۆرییەکان لە پرۆسەیەکی پراکتیکی و پڕ لە هەوراز و نشێودا دروست دەکرێنەوە. بێگومان بەسەرهاتی خەباتی مارکسیستیی دژ بە کۆڵۆنیالیزم بەمجۆرە بووە.

ڕەخنەگرانی مارکس هەندێکجار ئاماژەیان بە بوونی هەوڵێکی پرۆمتەیی لە کارەکەی ئـەودا کـردووە - واتا باوەڕبوون بە باڵادەستیی مرۆڤ بەسەر سروشتدا، و لەگەڵیشیدا باوەڕبوون بە پێشکەوتنێکی ناسنووورداری ئینسان. و لەڕاستیشدا هەوڵێکی

22- ویلیام مۆریس (1834-1896) دیزاینەری جلوبەرگ، هونەرمەند و نووسەر و یەکێك بوو لە سۆسیالیستە خەیاڵییەکان.

وەها لە نووسینەکانی ئەودا دەبینرێتەوە، هەر بەو جۆرەی دەکرێت ئەمە لای ڕۆشنبیرێکی ئەوروپای سەدەی نۆزدەهەمدا بدۆزرێتەوە. لەدەوروبەری ساڵی 1860دا کەس نیگەرانی جانتا پلاستیکییەکان و بڵاوبوونەوەی کاربۆن و گازە ژەهراوییەکان نەبوو. سەرەڕای ئەمە، هەندێکجار دەستبەسەرداگرتن و بەکارهێنان یان چەوساندنەوەی سروشت کارێکی پێویستە. ئەگەر بەخێراییەوە ژمارەیەکی زۆری بەنداو لە کەنارەکانی بەنگلادیش دروست نەکەین، مەترسیی ئەوە لەئارادایە ئەم وڵاتە لەسەر نەخشەی زەوی بوونی نەمێنێت و ڕەش ببێتەوە. کوتان (Typhoid jabs) خۆی نیشانەکانی باڵادەستیی مرۆڤە بەسەر سروشتدا. دروستکردنی پردەکان و نەشتەرگەریی مێشکیش هەروەها. دۆشینی مانگاکان و بونیادنانی شارەکان جۆرە بەکارهێنان و جڵەوکردنێکی سروشتە. ئەو ئایدیایەی پێیوایە هەرگیز نابێت هەوڵی زاڵبوون بەسەر سروشتدا بدەین، لە قسەیەکی پووچی سەنتیمانتاڵی بەولاوە شتێکی دیکە نییە. سەرەڕای هەموو ئەمانە، تەنها بە مەرجێك دەتوانین لەکاتی پێویستدا دەست بەسەر سروشتدا بگرین، کە لەڕێگای زانستەوە بە هارمۆنییەکی دەقیقەوە بە ڕۆڵ و کارکردنە ناوەکییەکەی بگەین.

مارکس خۆی ئەم سەنتیمانتاڵیزمە (sentimentalism سۆزگەرایی) (یان خۆی گوتەنی "ڕوانینی منداڵانە بۆ سروشت") وەك ڕەنگدانەوەی هەڵوێستێکی خورافی لە بەرانبەر بە جیهانی سروشتدا دەبینێت، ئەمەش هەڵوێستێکە مرۆڤ ناچار دەکات لە بەرانبەر بە دەسەڵاتی باڵادەستیی سروشتدا کڕنووش بەرێت و بێتە

سەرچۆك؛ و ئەم پەیوەندییە ڕازئامێزە لەگەڵ ژینگەی دەوروبەردا لە سەردەمی مۆدێرندا وەك دیاردەیەکی تازە دەردەکەوێت کە مارکس ناوی فیتیشیزمی کاڵایی لێدەنێت. ئەمجارەش ژیانەکانی ئێمە بەهۆی هێزە نامۆکانەوە دیاریدەکرێت، بەهۆی کەرەستە مردووەکانەوە، کە فۆرمی ژیانێکی ستەمکارانە وەردەگرن. تەنها جیاوازیی لەوەدایە کە ئەم هێزە سروشتییە تازانە چیتر لە ڕەگەزی جن و تارمایی دارستانەکان و حۆری ناو ئاوەکان نین، بەڵکو جوڵەی بێ ئامانی کاڵاکانن لە بازاڕدا، جوڵەیەك چیتر ناتوانین کۆنترۆڵ و جڵەوی بکەین، هەر بەوجۆرەی ئۆدیسیۆسیش نەیدەتوانی بەسەر خودای دەریادا زاڵ بێت. لەم ڕووەوە وەك ڕووەکانی دیکە، ڕەخنەی مارکس لە ئابووریی سەرمایەداری پەیوەندییەکی پتەوی بە نیگەرانییەکانی ئەو دەربارەی سروشتەوە هەیە.

مارکس لە ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانییشدا فاکتەرە جوگرافی و هەرێمییەکان لە شیکارییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیدا دەژمێرێت. ئەو دەڵێت هەموو شیکارییە مێژووییەکان ”دەبێت لەم ژێرخانە سروشتییانە و گۆڕانەکانیان بەهۆی ئەکتی مرۆییەوە لە ڕەوتی مێژوودا دەستپێبکات“[12]. لە بەرگی سێیەمی سەرمایەدا ئاماژە دەکات بە ”ئینسانی بەکۆمەڵایەتیکراو و بەرهەمهێنەرە بەرژەوەندهاوبەشەکان کە ئاڵوگۆڕە ماتریالییەکانی خۆیان بەشێوەیەکی عەقڵانی لەگەڵ سروشتدا ڕێکدەخەن، بەڕێککەوتن لەگەڵ یەکتریدا دەست بەسەر سروشتدا دەگرن و کۆنترۆڵی دەکەن و ناهێڵن وەك هێزێکی کوێر حوکم بەسەر ئەواندا بکات“[13]. بابەتەکە پەیوەندیی بە ”ئاڵوگۆڕ“(Interchange)

ـەوە هەیە نەك باڵادەستی یان ئاغایەتی(lordship)، کۆنترۆڵی عەقڵانی نەك هەیمەنەخوازیی زۆردارانـە. پرۆمتوسی (یان پرۆمتە)ی مارکس (کارەکتەری مەحبوبی مارکس لە ئەفسانەی یۆنانیدا) یاخییەکی سیاسییە نەك پاڵەوانێکی کەڵەگای بواری تەکنەلۆژیا. لای مارکس، هەروەها لای دانتێ، میڵتۆن، گۆتە، بلیك، بتهۆڤن و بایرۆن، پرۆمتە دیمەنی شۆڕش، هێزی داهێنەر و یاخیبوونە دژ بەخودایان[14].

ئەو تۆمەتەی دەدرێتە پاڵ مارکس کە دەڵێت ئەو یەکێکە لە عەقڵگەراکانی سەردەمی ڕۆشنگەری و تەنها دەیەوێت سروشت بۆ بەرژەوەندیی ئینسان تاڵان و بڕۆ بکات، لە تۆمەتێکی وەهمی بـەولاوە شتێکی دیکە نییە. کەمترین بیرمەندی سەردەمی ڤیکتۆریا دەبینرێتەوە بەم ئاشکراییە پشتیوانیی بزووتنەوەی مۆدێرنی بەرگریکردن لە ژینگە بێت. یەکێك لە ڕاڤەکارانی ئەمڕۆ پێیوایە، کارەکەی مارکس "قوڵترین بینینێك دەردەخـات کە لە کۆی بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتیی سەدەی 19 و بەشێوەیەك دەستکەوتەکانی قۆناغەکانی پێش ئەو، دەربارەی پرسە ئاڵۆزەکانی باڵادەستیی ئینسان بەسەر سروشتدا دەبینرێتەوە"[15]. تەنانەت وەفادارترین پەیڕەوانی وێڵی مارکسیش ڕەنگە ئەم بانگەشەیە بە کەمێك زیادەڕەوانە سەیر بکەن، بەڵام ناوکێکی بەهێزی حەقیقەتی تیادایە. ئەنگڵسی لاو لە دەستەواژەیەکدا کە بیروبۆچوونەکانی مارکسمان دەربـارەی ئیکۆلۆژیا بیردەخاتەوە، دەنووسێت: "گۆڕینی زەوی بۆ کاڵایەکی ئاسایی دەستفرۆشەکان - زەوییەك کە تاقە

زەویی ئێمەیە و مەرجی یەکەمی بوون و ژیانمانە – دووایین هەنگاو بوو بۆ گۆڕینی ئینسان خۆی بۆ کاڵایەکی بەردەستی دەستفرۆشەکان»[16].

ئەم بانگەشەیەی دەڵێت زەوی مەرجی یەکەمی بوون و ژیانمانە – ئەم بانگەشەیەی دەڵێت ئەگەر بەدوای بونیادێکدا بۆ کاروبارەکانی مرۆڤ دەگەڕێیت، جگە لە زەوی لەهیچ شوێنێکی دیکەدا نایبینیتەوە – بانگەشەیەکە مارکس خۆی لە ڕەخنە لە بەرنامەی گۆتادا دەیخاتە بەرباس، هەر ئەو شوێنەی تیایدا سووره لەسەر ئەوەی ڕەگ و ڕیشەی بوون و ژیانی مرۆڤ کار یان بەرهەمهێنان نییە بەتەنها، بەڵکو سروشتە. ئەنگڵس دواتر لە دیالەکتیکی سروشتدا دەنووسێت: "باڵادەستیی ئێمە بەسەر سروشتدا هەرگیز وەك باڵادەستی و فەرمانڕەوایی کەسێکی داگیرکەر بەسەر نەتەوەیەکی بێگانەدا نییە، وەك ئەو کەسەی لە دەرەوەی سروشت وەستاوە – ئێمە بە گۆشت و خوێن و مێشکمانەوە سەر بە سروشت و لەمیانەیدا سەر بە بوونین، و باڵادەستیی ئێمە بەسەر سروشتدا مانایەکی دیکەی نییە جگە لەوەی ئیمتیازی ئێمە بەراورد بە بوونەوەرانی دیکە ئەوەیە کە دەتوانین یاساکانی بناسین و بە دروستی بەکاریبهێنین»[17]. هەڵبەت ئەنگڵس لە کتێبی سۆسیالیزم: یۆتۆپیا و زانستیدا وەك "ئاغای وشیار و واقیعی سروشت" دەربارەی ئینسان دەدوێت. دروستە ئەو وەك یەکێك لە ئەندامانی سەرسەختی ئەنجوومەنی ڕاوچیانی چەشایر پێشینەی خۆی دەربارەی ژینگە کەمێك ناشرین کرد، بەڵام یەکێك لە پرەنسیپەکانی ماتریالیزمی مارکس ئەمەیە

که هیچ شتێك و هیچ کەسێك کامڵ نییە.

مارکس دەڵێت "تەنانەت کۆی کۆمەڵگایەك، نەتەوەیەك، یان تەنانەت هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی لە یەك کاتدا دەژین خاوەنانی گۆی زەوی نین. ئەوان بەلایەنی زۆرەوە ئەو کەسانەن کە مافی ئەوەیان هەیە سوود لە دەستکەوت و نیعمەتەکانی وەربگرن، و وەك باوکێکی باشی خێزان دەبێت باشتر لە ڕابردوو بە نەوەکانی داهاتووی بسپێرن"[18]. ئەو بەباشی ئاگای لە ململانێی نێوان چەوساندنەوەی ماوەکورتی سەرمایەداریی سەرچاوە سروشتییەکان و بەرهەمهێنانی قابیلی تەحەمول و ماوەدرێژ هەبوو. ئەو جارەهای جار جەخت دەکاتەوە کە گەشەسەندن و پێشکەوتنی ئابووریی نابێت بە نرخی هەڕەشەکردن و وێرانکردنی سەرچاوە جیهانی و سروشتییەکان تەواو ببێت کە بەختەوەری و ئاسایشی نەوەکانی داهاتووی پێوە بەستراوەتەوە. ئەگەر ئەمڕۆ مارکس زیندوو بووایە بێگوومان لە ڕیزی پێشەوەی بزووتنەوەی لایەنگرانی پاراستنی ژینگەدا دەوەستا. ئەو وەك یەکێك لە لایەنگرانی پاراستنی ژینگە سەرمایەداریی بە سیستەمێك سەیر دەکات کە "هێزی ژیانی سەر ئەم خاکە بەبا دەدات" و بناغەکانی کشتوکاڵی "عەقڵانی" وێران دەکات.

مارکس لە بەرگی سێیەمی سەرمایەدا دەنووسێت: "کشتوکاڵ و چاندنی عەقڵانیی زەوی کە تاکە دارایی هاوبەشی ئەبەدیی ئێمەیە یەکێکە لە مەرجە سەرەکییەکان بۆ مانەوە و بەرهەمهێنانەوەی زنجیرەی نەوەکانی داهاتووی مرۆڤایەتی"[19]. ئەو پێیوایە، کشتوکاڵ بەمۆدێلی سەرمایەداریی تەنها بە

چۆڕبڕکردن و دەرکێشانی دوا "سەرچاوە یەکەمەکانی هەرجۆرە سامانێك ... [واتا] زەوی و کرێکارانێك کە لەسەری کاردەکەن" گەشە دەکات و دەدرەوشێتەوە. مارکس لەمیانەی ڕەخنەگرتنی لە سەرمایەداریی پیشەسازیی، قسە لەسەر کێشەکانی وەك شاردنەوەی زبڵ، وێرانکردنی دارستانەکان، ژەهراویبوونی ڕووبارەکان، تێکچوونی ژینگە و پیسبوونی ئاووهەوا دەکات. بە بۆچوونی ئەو، بەردەوامبوونی ئیکۆلۆژیا ڕۆڵێکی گرنگ لە کشتوکاڵی سۆسیالیستیدا دەگێڕێت[20].

لەپشتی ئەم نیگەرانییەدا بۆ سروشت، ڕوانگەیەکی فەلسەفی هەیە. مارکس لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو پیاو و ژنانەی بەشێکن لەسروشت، بـەڵام لەبیریان چووەتەوە کە سەربە سروشتن، نووسەرێکی سروشتگەرا و ماتریالیستە. تەنانەت لە شوێنێکی سەرمایەدا سروشت بە "جەستە"ی مرۆڤ دادەنێت، جەستەیەك مرۆڤایەتی "دەبێت بەردەوام لەگەڵیدا لەئاڵوگۆڕدا بێت". خۆی گوتەنی، ئامرازەکانی بەرهەمهێنان "ئەندامە گەشەسەندووەکانی جەستە"ی مرۆڤن. کۆی شارستانییەت، لە ئەنجوومەنی سیناوە تاکو ژێردەریاییەکان، شتێك نییە جگە لە درێژبوونەوە و گەشەکردنی هێزە جەستەییەکانی ئێمە. جەستە و جیهان، سوبێکت و ئوبێکت، دەبێت هاوسەنگییەکی گونجاویان بەیەکەوە هەبێت، تاکو ژینگەی ئێمە دروست وەك زمانێکی دەربڕینی مانا مرۆییەکان وابێت. مارکس خراپکردنی ئەم حاڵەتە ناودەنێت "لەخۆنامۆبوون"، واتا حاڵەتێك مرۆڤ تیایدا هیچ ڕەنگدانەوەیەکی بوونی خۆی لە دنیای ماتریالی بەدەر لە

هەست و شعووردا نابینێتەوە، و لەم ڕووەوە پەیوەندیی خۆی بە گرنگترین ڕوو یان لایەنی بوونی خۆی لەدەست دەدات.

کاتێك ئەم پەیوەندییە بەرانبەرەی نێوان "خود" و سروشت بکەوێت، ئێمە دەمێنینەوە و دنیای ماتریالیی بێ مانای سەرمایەداریی کە تیایدا سروشت هیچێك نییە جگە لە ماددەیەکی خاوی نەرم و وابەستەی هەوا و هەوەسی ئێمەیە و هەر فۆرمێك وەردەگرێت کە ئێمە دەمانەوێت. و شارستانێتیی دەبێت بە نەشتەرگەرییەکی پلاستیکی بەرفراوان. لە هەمانکاتدا "خود"یش لە سروشــت، لە جەستەی خۆی و لە جەستەکانی دیکە جیا دەبێتەوە. مارکس پێیوایە لە سیستەمی سەرمایەداریدا تەنانەت هەستە فیزیکییەکانی ئێمەیش بوون بە "کاڵا"، چونکە جەستەی ئێمە، ئێستا کە شتێك نییە جگە لە ئامرازێکی ئەبستراکتی بەرهەمهێنان، چیتر ناتوانێت چێژ لە ژیانی هەستیاری خۆی وەربگرێت. تەنها لە کۆمۆنیزمدایە ئێمە دەتوانین سەرلەنوێ هەست بە جەستەی خۆمان بکەین. بەدیدی مارکس، تەنها ئەوسا دەتوانین بە سنوورە عەقڵییە سەرتاپا ئامرازییەکاندا تێبپەڕین و چێژ و خۆشی لە ڕەهەندە ڕۆحانی و ئێستاتیکییەکانی جیهان ببەین. لەڕاستیدا کارەکەی مارکس سەرتاپا "ئێستاتیکی"یە. مارکس لە گروندریسەدا گلەیی و گازەندەی ئەوە دەکات کە لە سیستەمی سەرمایەدارییدا سروشت بە تەواوی پاشکۆی بەرژەوەندیخوازییە، و چیتر وەك "دەسەڵاتێکی لەخۆدا" ناناسرێتەوە.

لای مارکس، ئینسان لەڕێگای بەرهەمهێنانی ماتریالییەوە دەبێتە نێوانگریی "میتابۆلیزم"(metabolism)ی نێوان خود

و سروشت و ڕێکی دەخات و کۆنترۆڵی دەکات، ئەویش لە هاموشۆیەکی دوولایەنەدا کە هیچ نیشانەیەکی بەرزتری و باڵایەتیی مرۆیی تیادا نییە. و هەموو ئەمانە - سروشت، کار و زەحمەت، یان ڕەنج، جەستەی بەرهەمهێنەر و پێداویستییەکانی - لای مارکس بناغەی پایەداری مێژووی مرۆڤ دروست دەکەن. ئەمە گێڕانەوەیەکە لە میانە و لەژێر کولتووره مرۆییەکاندا هەیە و بەناچاری مۆرك و مارکی خۆی لە ناوچەوانی ئەوانە دەدات. بەباوەڕی مارکس، کار وەك ئاڵوگۆڕێك کە بە "میتابۆلیزم"ی نێوان ئینسان و سروشتدا دێتەوە، مەرجێکی "ئەزەلی و ئەبەدی"یە کە هەرگیز گۆڕانی بەسەردا نایەت. ئەوەی گۆڕانی بەسەردا دێت - مۆدێلە جۆراوجۆرەکانی کارکردنی مرۆڤەکانە لەسەر سروشت. ئینسانەکان ئامرازەکانی دابینکردنی بژێوی خۆیان بە چەندین شێوە و مۆدێلی جیاواز بەرهەم دەهێنن. و ئەمە شتێکی سروشتییە، چونکە بۆ لەدایکبوونی ئینسان شتێکی زەروورییە، بەڵام لە میانەی پرۆسەیەکی کولتووریی یان مێژووییەوەیە، چونکە بەشێوەیەکی یەکلاییکەرەوە جۆرە دیار و بەرچاوەکانی حاکمییەت، ململانێ و چەوساندنەوەی لەگەڵدایە. هیچ هۆیەکمان نییە خەیاڵی ئەوە بکەین ئەگەر جەوهەری "ئەزەلی و ئەبەدی"ی کار قبوڵ بکەین، دەکەوینە نێو داوی ئەم وەهمەوە کە ئەم فۆرمانە یان چوارچێوە کۆمەڵایەتییانەش ئەزەلی و ئەبەدین.

ئەمە، بە قەولی مارکس، "مەرجی ئەبەدی کە هەمیشە لەلایەن سروشتەوە بەسەر بوون و ژیانی ئینساندا دەسەپێنرێت" دژ بە سووچ و دیوی پۆستمۆدێرنی دەوەستێت کە بە سەرکوتکردنی

جەستەی سروشتی و ماتریالی، مرۆڤ بەگشتی دەبێت ئەوە لە مەیدانی کولتووردا چارەسەر بکات و بیتوێنێتەوە. خودی وشەی "سروشتی" ئەندامی بەرژەوەندخوازانی سیاسیی ڕووبەڕووی تەکان و لەرزە دەکاتەوە. هەرجۆرە پێڕاگەیشتنێك بە بایۆلۆژیای هاوبەشی ئێمە، لەڕوانگەی ئەوانەوە[پۆستمۆدێرنیستەکان] بیرکردنەوەیەکی تاوانکارانەیە و نیشانەی "بایۆلۆژیزم"ـە. پۆستمۆدێرنیزم بریتییە لە عوسابی(نێرڤس)ێکی نەگۆڕ، چونکە تووشی وەهم بوون بەرانبەر بەشتی جێگیر و نەگۆڕ و بەهەڵە هەمیشە ئەمە لە مەیدانی سیاسەتدا وەك کاردانەوەیەك دەبینن. مادام جەستەی ئینسان لە پرۆسەی پەرەسەندندا گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە، ئەوا بیرکردنەوەی پۆستمۆدێرن تەنها وەك "دروستکراوێکی کولتووری" لەگەڵیدا دێتەوە و دەگونجێت. بۆیە، هیچ بیرمەندێك بـەڕادەی مارکس لەم ڕاستییە بەئاگا نەبوو، کە سروشت و جەستەی مرۆڤ هەمیشە بەهۆی پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانەوە دروست دەبن. و ئەم میدیۆمە لە هەنگاوی یەکەمدا وەك کار دەناسرێتەوە، کارێك کە سروشـت لەنێو چوارچێوەی مانا مرۆییەکاندا دروست دەکات. کار چالاکییەکی پڕمانایە. ئێمە هەرگیز سەروکارمان لەگەڵ ماددەی خاوی ڕووتدا نییە. جیهانی ماددە هەمیشە بەنێو مانا مرۆییەکاندا تێدەپەڕێت تاکو بە ئێمە بگات، و تەنانەت ئاڵۆزی و بێماناییش یەکێکە لەم مانایانە. ڕۆمانەکانی تۆماس هاردی ئەم چۆنایەتییە بە بەرزترین شێوە دەردەخەن.

بەباوەڕی مارکس، مێژووی کۆمەڵگا مرۆییەکان بەشێکە لە مێژووی سروشتی. و ئەم ڕستەیە واتا کۆمەڵایەتیبوون تێکەڵ و ئاوێتەی سروشتی ئەو جۆرە ئاژەڵانە بووە، کە ئێمەین. هاوکاریی کۆمەڵایەتی تەنها بۆ مانـەوەی ماتریالیی ئێمە زەرووری نییە، بەڵکو هەروەها بەشێکە لە پرۆسەی خۆبەدیهێنانی مـرۆڤ. کەواتە ئەگەر سروشـت بە مانایەك کاتیگۆرییەکی کۆمەڵایەتییە، کۆمەڵگاش بەپێی خۆی کاتیگۆرییەکی سروشتییە. پۆستمۆدێرنیستەکان بەگشتی پێداگریی لەسەر گوزارەی یەکەم دەکـەن، بەڵام گـوزارەی دووەم دەشارنەوە. بەدیدی مارکس، پەیوەندیی نێوان سروشت و ئینسان پەیوەندییەکی هاوتا و بەرانبەر نییە. بەو جۆرەی لە ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانیدا دەڵێت دواجار ئەوە سروشتە دەستی باڵای هەیە. ئەم بابەتە بۆ تاکە مرۆییەکان بەشێوەی مەرگ دەردەکەوێت. خەونی فاوستیی پێشکەوتنی بێ سنوور لە جیهانێکی ماتریالیدا، کە وەك مۆم لە دەستەکانی ئێمەدایە "ئەولەویەتی سروشتی دەرەکی" فەرامۆش دەکات. ئەمڕۆ بەم خەونە ناڵێین فاوستی، بەڵکو پێیدەڵێین ئەمریکایی. خەونی ئەمریکایی بەنهێنی و شاراوەیی ڕقی لە ماتریالە، چونکە وەك بەربەستی ڕێگای گەیشتن تائەبەد سەیری دەکات. لەم ڕووەوە دەیەوێت جیهانی ماتریالی یان بەزەبری هێز لەناو ببات یان لەنێو کولتووردا بیتوێنێتەوە. پۆستمۆدێرنیزم و ڕۆحی پێشەنگبوون دوو ڕووی دراوێکن: هیچ یەکێکیان ناتوانێت قبوڵی بکات کە مرۆڤ زادەی سنووردارێتییەکانی خۆیەتی، و ڕاکردن و هەڵاتنی هەمیشەیی لە سنوور هەمان ئەو شتەیە کە

پێیدەگوترێت مێژووی مرۆڤ.

مارکس پێیوایە، مرۆڤەکان بەشێکن لە سروشت، بەڵام بەم حاڵەشەوە دەتوانن لەسەرەوەی سروشت بووەستن؛ و ئەم جیابوونەوە ڕێژەییە لە سروشت خۆی بەشێکی سروشتی ئەوانە[21]. خودی تەکنەلۆژیا، کە بەهۆی ئەوەوە کار لەسەر سروشت دەکەین، بەپێی سروشت نەخشەی کێشراوە و داڕێژراوە. بەڵام ئەگەرچی لای مارکس سروشت و کولتوور یەکێتییەکی ئاڵۆز دروست دەکەن، کەچی ئەو ئامادە نییە یەکێك لەو دووانە لەویدیکەیاندا بتوێنێتەوە. ئەو لە کارەکانی سەرەتای خۆیدا کە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر پێشوەختانە دەردەکەوێت، خەونی یەکێتیی کۆتایی ئینسان و سروشت دەبینێت؛ بەڵام کاتێك کە پێدەنێتە نێو تەمەنەوە، تێدەگات هەمیشە لەنێوان ئینسان و سروشتدا جۆرە گرژی یان نایەکسانییەك بوونی هەیە، و یەکێکیش لە ناوەکانی ئەم گرژییە کارە. بێگومان ئەو بە کەمێك داخ و کەسەرەوە، وێنەی خەیاڵی و فەنتازیی جوانی ڕەتدەکاتەوە کە هێندەی خودی مرۆڤایەتی کۆنە، وێنەیەك تیایدا سروشت بەلەخۆبوردووییەکی تەواوەوە لە بەرانبەر ئارەزوو و خواستەکانی ئێمەدا دەوەستێت:

چ ژیانێکی سەرسوڕهێنەرە لەبەردەممدا
سێوە گەییوەکان کە کەوتوون لەبەردەممدا
هێشوە خۆشەکانی شەرابی ترێ
بادەڕێژان لە دەمی مندا مەست
میوە خۆش و چێژبەخشان، ڕادەکەن

خۆیان بەرەو منی سەرمەست، ڕادەکەن
لەهەر لایەك بۆنی گوڵ و ڕەیحان
من و ئەم هەلهەلەیەی حەیران
(ئەندرۆ مارڤیل، "باخی جادوو")

مارکس بـاوەڕی بە پرۆسەیەك هەیە کە خۆی پێیدەڵێت "بەئینسانیکردنی سروشت"؛ بەڵام سروشت بەدیدی ئەو هەمیشە سەرکێشیی بەرانبەر بە مرۆڤ دەنوێنێت، وەك بڵێیت دەتوانێت لە بەرانبەر بە پێداویستییەکانی ئێمەدا بەرهەڵستیی دەکات. و هەڵبەت ئەم بابەتە ڕەهەندێکی پۆزەتیڤیشی هەیە، چونکە زاڵبوون بەسەر بەربەستەکانی خۆماندا، بەشێکی داهێنەرانەی ئێمەیە. جیهانی سیحر و جادوو دەبێتە جیهانێکی وەڕەسکەر. ڕەنگە ئەگەر مارڤیل ڕۆژێك لەو باخی جادوەدا بژیابایە، هیچ ئارەزوویەکی بۆ نەدەمایەوە جگە لە گەڕانەوە بۆ لەندەن.

ئایا مارکس بـاوەڕی بە پەرەسەندنی بێ سنووری هێزە مرۆییەکان هـەبـوو، ئەویش بە شێوەیەك پرەنسیپەکانی پاراستنی ژینگە پێشێل بکات؟ لەڕاستیدا ئەو هەندێکجار ڕۆڵی سنووردارێتییە سروشتییەکان لەگەشەکردنی هێزە مرۆییەکاندا بەکەم دەگرێت، بەڕادەیەك بەم هۆیەوە کە بیرمەندانی بەرەی دژ وەك تۆماس ماڵتۆس لە ڕۆڵی ئەمەدا زیادەڕەوییان دەکرد. ئەو قبوڵی دەکات کە سروشت چەندین سنوور بەسەر مێژوودا دەسەپێنێت، بەڵام بەگومانی ئەو دەکرێت بەسەر زۆرێکییاندا زاڵ بین. بێگومان لە کارەکانی ئەودا ڕەگێکی بەرچاوی ئەو

شته دەبینرێت کە دەکرێت پێیبڵێین گەشبینیی تەکنەلۆژیانە – و تەنانەت هەندێکجار هەیمەنەخوازی -: دیدگایەك کە مـرۆڤ بەهۆیەوە دەتوانێت بەهۆی هێزە ملهوڕەکانی بەرهەمهێنانەوە پێ بنێتە نێو دنیای قەشەنگی نوێوە[23]. هەندێك لە مارکسیستەکانی دواتر (وەك ترۆتسکی) ئەم دیدگایەیان تا کۆتاییەکی یۆتۆپیایی برد، و پێشبینیی داهاتوویەکیان کرد پڕ بێت لە پاڵەوانان و بلیمەتەکان[22]. بەڵام بەوجۆرەی پێشتر بینیمان، مارکسێکی دیکەیش هەیە سـوورە لەسەر ئـەوەی ئەم جۆرە گەشەکردنەی هێزە مرۆییەکان دەبێت لەگەڵ خۆشگوزەرانی و کەرامەتی ئینسانیدا بگونجێت. ئەوە سەرمایەدارییە وەك پرۆسەیەکی هێزەکییانە ناکۆتا لە بەرهەمهێنان دەڕوانێت، و ئەوە سۆسیالیزمە بەرهەمهێنان دەخاتە نێو چوارچێوەی بەها ئەخلاقی و ئێستاتیکییەکانەوە. یان بە دەربڕینی مارکس خۆی لە بەرگی یەکەمی سەرمایەدا بەرهەمهێنان "دەبێت لەنێو چوارچێوە و فۆرمێکی گونجاو لەگەڵ گەشەی فرەلایەنی مرۆڤایەتیدا" ئەنجام بدرێت.

بـەو جـۆرەی تید بینتۆن دەڵـێـت، پشتڕاستکردنەوەی سنووردارێتییە سروشتییەکان نەك لەگەڵ ڕزگاریی سیاسییدا، بەڵکو لەگەڵ گێڕانەوە یان نوسخە یۆتۆپییەکەی ئەم ڕزگارییەدا ناگونجێت[23]. جیهان چەندین سەرچاوەی هەیە کە ئەو توانایەمان

23- ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆی تێری ئیگڵتۆنە بە ڕۆمانەکەی ئەلدۆس هاکسلی، دنیای قەشەنگی نوێ. (وەرگێڕ)

پێدەدات نەك تەنها ژیانێکی باشتر بژین، بەڵکو هەروەها بتوانین خاوەن ژیانێکی باش و شایستەیش بین. جیراڵد کوهن دەنووسێت ”بەڵێنی ڕژان و زۆربوونی بەرهەمهێنراوەکان ڕەوتی ناکۆتایی کاڵاکان نییە، بەڵکو جۆرێك بەسبوونی بەرهەمهێنراوەکانە کە بە کەمترین ئاستی زەحمەت و ناخۆشیی دابین دەبن“[24] و ئەوەی دەبێتە بەربەست لەبەردەم بەدیهاتنی ئەم بەڵێنەدا سیاسەتە نەك سروشت. بەو جۆرەی بینیمان، لای مارکس، سۆسیالیزم پێویستیی بە گەشەکردنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان هەیە؛ بەڵام گەشەکردنی ئەوان کاری سۆسیالیزم نییە، بەڵکو لە ئەستۆی سەرمایەداریی دایە. سۆسیالیزم زۆربوون و سامانی ماتریالی بەرهەمناهێنێت، بەڵکو وەك خزمەت بەکاری دەهێنێت. ستالین بوو نەك مارکس، دەیگوت ئامانجی سۆسیالیزم گەشەکردنی هێزە بەرهەمهێنەرەکانە. سەرمایەداری خوێندکارێکە لە قوتابخانەی جادووگەردا وانە دەخوێنێت: سەرمایەداری هێزەکانی لە غەیب و نادیارییەوە دەرخستووە کە جڵەوپچڕاو و لەکۆنترۆڵ دەرچوو سەرییان بە هەموو کون و قوژبنێکدا کردووە و ئێستاش هەڕەشەی لەناوچوونی ئێمە دەکەن. پەیامی سۆسیالیزم جوڵاندنی ئەو هێزانە نییە بەڵکو کۆنترۆڵکردنی ژیان و ئینسانیی ئەو هێزانەیە.

ئەو دوو مەترسییە گەورەیەی ئێستا هەڕەشە لە مانەوەی مرۆڤ دەکەن یەکێکان میلیتاری و ئەویدیکەیان ژینگەییە. هیچ دوور نییە ئەم دوو هەڕەشەیە لە داهاتوودا زیاتر لەپێشوو لەیەکتری نزیك ببنەوە، چونکە خەباتەکان بۆ دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوە دەگمەنە سروشتییەکان بە ململانێی سوپایی کۆتایی

دێت. ساڵەهای ساڵە کۆمۆنیستەکان یەکێك بوون لە پڕجۆش و خرۆشترین لایەنگران و بەرگریکارانی ئاشتی و ئالن مەکسینز وود بە بلیمەتییەکەوە ئەم هۆکارەی کورت کردووەتەوە: ”من وابیردەکەمەوە ڕوون و ئاشکرایە کە لۆژیکی کێبڕکێخواز، گەشەسەندنخواز و چەوسێنەرانەی کەڵەکەکردنی سەرمایەداریی لە چوارچێوەی سیستەمی دەوڵەت-نەتەوەکاندا بە زەرووری، درەنگ یان زوو، تێکدەریی جێگیرییەکانە، و سەرمایەداری ... ئێستا وەك گەورەترین هەڕەشە لەسەر ئاشتیی جیهانیی، دەمێنێتەوە“[25]. ئەگەر بزووتنەوەی ئاشتیخوازی دەیەوێت لە هۆکارە ڕیشەییەکانی شەڕانگێزیی جیهانی تێبگات نابێت ئەو سروشتە گیانەوەرییە فەراموۆش بکات کە شەڕانگێزیی پەروەردە دەکات. و ئەمە واتا ناکرێت چاو لە قوڵبینییەکانی مارکسیزم دەربارەی ئەمە بپۆشین.

ئەم خاڵە بۆ بزووتنەوەی پاراستنی ژینگەیش دەست دەدات. ئالن وود پێیوایە، سەرمایەداریی ناتوانێت خۆی لە وێرانکردنی ژینگە بەدوور بگرێت، چونکە ئارەزووە ئاشکرا و زۆرەکەی بۆ کەڵەکەکردن جەوهەرێکی دژەکۆمەڵایەتیی هەیە. ڕەنگە سیستەمی سەرمایەداری تەحەمولی یەکسانییە ڕەگەزی و جێندەرییەکان بکات، بەڵام بەهۆی جەوهەرەکەیەوە ناتوانێت دەست بۆ ئاشتیی جیهانی بەرێت یان ڕێزی جیهانی ماتریالی بگرێت. وود گوتەنی سەرمایەداری ”لەوانەیە بتوانێت ئاستێکی چاودێریکردنی ژینگە لەخۆیدا جێبکاتەوە، بەتایبەت کاتێك تەکنەلۆژیای پاسەوانیکردنی ژینگە خۆی لە بازاڕدا قازانجێکی زۆر

کۆبکاتەوە. بەڵام جەوهەری ناعەقڵانیانەی پاڵنەری کەڵەکەکردنی سەرمایە، کە هەموو شتێك دەکاتە پاشکۆی کەرەستەکانی گەشەسەندنی خودی سەرمایە و بۆ بەرەوپێشچوونی سەرمایە تەرخانی دەکات، بەناچاری لەناوبردن و نەقسکردنی هاوسەنگیی ژینگەیە»[26]. دروشمی کۆنی کۆمۆنیستەکان "سۆسیالیزم یان وەحشیگەرایی" هەمیشە لە ڕوانگەی گروپێکەوە بۆنی دیدگا ئاخیرزەمانییەکانی لێدەهات. ئێستا کە خولانەوەی مێژوو بەرەو جەنگێکی ناوکی و کارەساتی ژینگەیی دەچێتە پێشەوە، دەبێت بڵێین ئەو دروشمە کۆنە بریتییە لە حەقیقەتێکی پەتی و وشیارانە. ئەگەر ئێمە ئێستا هیچ کارێك نەکەین، دوور نییە سەرمایەداریی هەموومان بکاتە پارووی مەرگ.

# دەرەنجام

بەڵێ، بەمجۆرە بوو مارکس: ئەو باوەڕێکی پتەوی بە تاك هەبوو و بە چاوی گومانەوە لە دۆگماتیزمە ئەبستراکتییەکانی دەڕوانــی. ڕوانگەیەکی سەرتاپایی بۆ چەمکی کۆمەڵگایەکی پێرفێکت نەبوو، هەمیشە بە وریاییەوە بیری لە ئایدیای یەکسانی دەکــردەوە، و هەرگیز خەونی داهاتوویەکی نەدەبینی کە هەمووان تیایدا جلوبەرگی وەك یەکی کرێکاریان لەبەرکردووە و لەسەر پشتیشیان کۆدە نەتەوەییەکان نووسراون. ئارەزووی ئەو جیهانێکی یونیفۆرم نەبوو، بەڵکو جۆراوجۆر بوو. ئەو وەك لیبوکە بێچارەکانی مێژوو سەیری ژنان و پیاوانی نەدەکرد. زۆر پێش کۆنزەرڤاتیڤە ڕاسترەوەکان کەوتە دژایەتیکردنی دامەزراوەی دەوڵەت، و دەیگوت سۆسیالیزم دوژمنی دیموکراسی نییە، بەڵکو قوڵتری دەکاتەوە. مۆدێلی ئەو بۆ ژیانێکی باش لەسەر بنەمای ئایدیای خۆ-دەربڕینی هونەرمەندانە وەستابوو. هەروەها پێیوابوو دەکرێت بە شێوەگەلی ئاشتیخوازانە هەندێك لە شۆڕشەکان سەربکەون، و هەرگیز نەیاریی ڕیفۆرم و چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکان نەبوو. قەت سەرنجەکانی خۆی تەنها بۆ چینی کرێکارانی دەستی بەرتەسك نەکردەوە، و هەرگیز بەپێی دوو جەمسەری تەواو دژ بەیەکی چینایەتی، لە کۆمەڵگای نەڕوانی.

ئەو هەرگیز بەرگی فیتشیستی بە بەرهەمهێنانی ماتریالی نەبەخشی. بەپێچەوانەوە، پێیوابوو تادەگونجێت دەبێت خۆمان لە شەڕی فیتیشیزم ڕزگار بکەین. ئایدیالەکەی ئەو کار و زەحمەت نەبوو، بەڵکو کاتی بەتاڵ بوو. ئەگەر هێندە خۆی بە ئابوورییەوە سەرقاڵ دەکرد، بۆ ئەوە بوو کە دەیویست هەیمەنە و دەسەڵاتی ئابووریی لەسەر ژیانی ئینسان هیچ نەبێت کەم بکاتەوە. ماتریالیزمەکەی ئەو تەواو لەگەڵ باوەڕە ڕیشەییە ئەخلاقی و مەعنەویەکاندا دەهاتەوە و دەگونجا. ئەو ستایشی چینی ناوەڕاستی دەکرد، و پێیوابوو سۆسیالیزم میراتبەری میراتە شکۆمەندەکانی ئەو چینەیە - واتا ئازادی، مافە مەدەنییەکان و گەشەسەندنی ماتریالی-. زۆربەی دیدگاکانی ئەو دەربارەی سروشت و ژینگە، بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر پێش زەمەنی خۆی کەوتبووەوە. هیچ بزووتنەوەیەکی سیاسیی کە لە نێو دڵی کارەکانی ئەوەوە لەدایکبوو، هێندەی ئەو بەرگریکاریی بەهێزی ڕزگاریی ژنان، ئاشتیی جیهانی، خەبات دژ بە فاشیزم و خەبات دژ بە کۆلۆنیالیزم نەبووە.

## ئایا هیچ بیرمەندێك هێندەی مارکس وێنەی هەجوئامێزی بۆ داتاشراوە؟

# پەراوێزەکان

PREFACE

1. Peter Osborne, in Leo Panich and Colin Leys (eds.), The Communist Manifesto Now: Socialist Register (New York, 1998), p. 190.

2. Quoted by Robin Blackburn, “Fin de Siecle: Socialism after the Crash,” New Left Review, no. 185 (January/February 1991), p. 7.

CHAPTER ONE

1. Though some Marxists doubt how vital they were. Alex Callinicos, for example, in Against Postmodernism (Cambridge, 1989), Ch. 5.

2. Fredric Jameson, The Ideologies of Theory (London, 2008), p. 514.

3. Tristram Hunt, “War of the Words,” Guardian, 9 May 2009.

CHAPTER TWO

1. See Joseph Stiglitz, Globalisation and Its Discontents (London, 2002), p. 5.

2. Quoted in Slavoj Zizek, First as Tragedy, Then as Farce (London, 2009), p. 91.

3. Isaac Deutscher, The Prophet Armed: Trotsky 1879–1921 (London, 2003), p. 373.

4. See, for example, Alec Nove, The Economics of Feasible Socialism (London, 1983), David Schweickart, Against Capitalism (Cambridge, 1993), and Bertell Ollman (ed.), Market Socialism: The Debate Among Socialists (New York and London, 1998). A more philosophical defence of market socialism is to be found in David Miller, Market, State and Community: The Theoretical Foundations of Market Socialism (Oxford, 1989).

5. Melvin Hill (ed.), Hannah Arendt: The Recovery of the Public World (New York, 1979), pp. 334–35.

6. Quoted by Robin Blackburn, “Fin de Siecle: Socialism after the Crash,” New Left Review, no. 185 (January/February 1991), p. 29.

7. See, for example, Pat Devine, Democracy and Economic Planning (Cambridge, 1988), David McNally, Against the Market (London, 1993), and Michael Albert, Parecon: Life After Capitalism (London, 2003). A useful summary of this case is to be found in Alex Callinicos, An Anti-Capitalist Manifesto (Cambridge, 2003), Ch. 3.

8. See Ernest Mandel, "The Myth of Market Socialism," New Left Review, no. 169 (May/June 1988), p. 109 n.

9. Devine, Democracy and Economic Planning, pp. 253, 265–66.

10. Albert, Parecon, p. 59.

11. Raymond Williams, Communications (Harmondsworth, 1962).

CHAPTER THREE

1. Quoted in Alex Callinicos (ed.), Marxist Theory (Oxford, 1989), p. 143.

2. Marx, Preface to A Contribution to the Critique of Political Economy, in Marx and Engels: Selected Works (London, 1968), p. 182.

3. The most effective defence of the theory is to be found in G. A. Cohen, Marx's Theory of History: A Defence (Oxford, 1978). Rarely has a wrongheaded idea been so magnificently championed. For an excellent account of Marx's theory of history, see S. H. Rigby, Marxism and History (Manchester and New York, 1987), a work I have drawn upon here.

4. Quoted in Alex Callinicos and Chris Harmon, The Changing Working Class (London, 1983), p. 13.

5. Marx, The Holy Family (New York, 1973), p. 101.

6. Marx & Engels, Selected Correspondence (Moscow, 1975), pp. 390–91.

7. Ibid., pp. 293–94.

8. A point made by John Maguire, Marx's Theory of Politics (Cambridge, 1978), p. 123.

9. Marx, Capital, vol. 1 (New York, 1967), p. 9.

10. Quoted in T. Bottomore (ed.), A Dictionary of Marxist Thought (Oxford, 1983), p. 140.

11. Quoted in Umberto Melotti, Marxism and the Third World (London, 1972), p. 6.

12. Marx, Theories of Surplus Value (London, 1972), p. 134.

13. Quoted in Alfred Schmidt, The Concept of Nature in Marx (London, 1971), p. 36.

14. Aijaz Ahmad, In Theory: Classes, Nations, Literatures (London, 1992), p. 22

CHAPTER FOUR

1. For one of the finest studies of the more positive meanings of the idea, see Fredric Jameson, Archaeologies of the Future (London, 2005).

2. Marx and Engels, The German Ideology (London, 1974).

3. Marx, The Civil War in France (New York, 1972), p. 134.

4. Raymond Williams, Culture and Society 1780–1950 (Harmondsworth, 1985), p. 320.

5. Norman Geras, Marx and Human Nature: Refutation of a Legend (London, 1983).

6. Terry Eagleton, The Illusions of Postmodernism (Oxford, 1996), p. 47.

7. See Len Doyal and Roger Harris, "The Practical Foundations of Human Understanding," New Left Review, no. 139 (May/June 1983).

8. For a counterargument, see Eagleton, The Illusions of Postmodernism.

9. Norman Geras, "The Controversy about Marx and Justice," New Left Review, no. 150 (March/April 1985), p. 82.

10. Quoted by Norman Geras, "The Controversy about Marx and Justice," New Left Review, no. 150 (March/April 1985), p. 52.

CHAPTER FIVE

1. John Gray, False Dawn: The Delusions of Global Capitalism (London, 2002), p. 12.

2. Marx and Engels, Selected Correspondence (Moscow, 1965), p. 417.

3. Theodor W. Adorno, Negative Dialectics (London, 1966), p. 320.

4. Jean-Jacques Rousseau, A Discourse on Inequality (London, 1984), p. 122.

5. John Elliot Cairnes, "Mr Comte and Political Economy," Fortnightly Review (May 1870).

6. W. E. H. Lecky, Political and Historical Essays (London, 1908), p. 11.

7. Arthur Friedman (ed.), Collected Works of Oliver Goldsmith (Oxford, 1966), vol. 2, p. 338.

8. For an excellent discussion of this point, see Peter Osborne, Marx (London, 2005), Ch. 3.

9. Marx, Theories of Surplus Value (London, 1972), p. 202.

10. Marx, Economic and Philosophical Manuscripts of 1844, in Selected Works of Marx and Engels (New York, 1972).

11. Marx, Grundrisse (Harmondsworth, 1973), pp. 110–11.

12. Marx, Capital (New York, 1967), vol. 1, p. 85.

CHAPTER SIX

1. Etienne Balibar, The Philosophy of Marx (London, 1995), p. 2.

2. Quoted in Alfred Schmidt, The Concept of Nature in Marx (London, 1971), p. 24.

3. Ibid., p. 26.

4. Ibid., p. 25.

5. Jurgen Habermas, Knowledge and Human Interests (Oxford, 1987), p. 35.

6. Marx and Engels, The German Ideology (London, 1974), p. 151.

7. See Alex Callinicos, The Revolutionary Ideas of Karl Marx (London and Sydney, 1983), p. 31.

8. Marx and Engels, The German Ideology, p. 51.

9. A phrase which does not of course mean "to raise too many questions." Readers who think it does are referred to the Oxford English Dictionary.

10. John Macmurray, The Self as Agent (London, 1957), p. 101.

11. Quoted by Jon Elster, Making Sense of Marx (Cambridge, 1985), p. 64.

12. For two interesting studies of the relations between the two thinkers, see David Rubinstein, Marx and Wittgenstein: Knowledge, Morality and Politics (London, 1981), and G. Kitching and Nigel Pleasants (eds.), Marx and Wittgenstein (London, 2006).

13. Marx and Engels, The German Ideology, p. 47.

14. In his Notes on Wagner, Marx speaks in strikingly Freudian terms of human beings first distinguishing objects in the world in terms of pain and pleasure, and then learning to distinguish which of them satisfy needs and which do not. Knowledge,

as with Nietzsche, begins as a form of mastery over these objects. It is thus associated by both Marx and Nietzsche with power.

15. William Empson, Some Versions of Pastoral (London, 1966), p. 114.

16. Theodor Adorno, Prisms (London, 1967), p. 260.

17. Hannah Arendt (ed.), Walter Benjamin: Illuminations (London,

1973), pp. 256–57.

18. Marx, Preface to A Contribution to the Critique of Political Economy, in Marx and Engels: Selected Works (London, 1968), p. 182.

19. G. A. Cohen, History, Labour and Freedom (Oxford, 1988), p. 178.

20. See S. H. Rigby, Engels and the Formation of Marxism (Manchester, 1992), p. 233.

21. For an excellent biography of Marx, see Francis Wheen, Karl Marx (London, 1999).

22. See Max Beer, Fifty Years of International Socialism (London, 1935), p. 74. I am grateful to Marc Mulholland for this reference.

23. Quoted in Tom Bottomore (ed.), Interpretations of Marx (Oxford, 1988), p. 275.

CHAPTER SEVEN

1. Perry Anderson, The Origins of Postmodernity (London, 1998), p. 85.

2. See Mike Davis, Planet of Slums (London, 2006), p. 25.

3. Marx, Contribution to the Critique of Hegel's Philosophy of Right, in Marx and Engels: Selected Works (London, 1968), p. 219.

4. Quoted in Leo Panitch and Colin Leys (eds.), The Socialist Register (New York, 1998), p. 68.

5. I have drawn for the account which follows on (among other sources) Alex Callinicos and Chris Harman, The Changing Working Class (London and Melbourne, 1987); Lindsey German, A Question of Class (London, 1996); and Chris Harman, "The Workers of the World," International Socialism, no. 96 (autumn, 2002).

6. Jules Townshend, The Politics of Marxism (London and New York, 1996), p. 237.

7. Quoted by Tom Bottomore (ed.), Interpretations of Marx (Oxford, 1968), p. 19.

8. John Gray, False Dawn: The Delusions of Global Capitalism (London, 2002), p. 111.

9. Chris Harman, “The Workers of the World.” For a contrary case about the working class, see G. A. Cohen, If You’re an Egalitarian, How Come You’re So Rich? (London, 2000).

10. See Perry Anderson, New Left Review, no. 48 (November/December 2007), p. 29.

11. For the enlightenment of readers unfamiliar with British upperclass crime, Lord Lucan is or was an English aristocrat who is alleged to have murdered his au pair and who disappeared without trace some decades ago.

12. A point made by Slavoj Zˇ izˇek in In Defense of Lost Causes (London, 2008), p. 425. For a superb account of today’s slums, see Mike Davis, Planet of Slums (London, 2006).

CHAPTER EIGHT

1. Isaac Deutscher, Stalin (Harmondsworth, 1968), p. 173.

2. G. K. Chesterton, Orthodoxy (New York, 1946), p. 83.

3. In the militant 1970s, the purity of a socialist's beliefs was sometimes assessed by his or her answer to such questions as "Would you use the bourgeois law courts if your partner was murdered?" or "'Would you write for the bourgeois press?" The true purists or ultraleftists, however, were those who were able to return an unequivocal No to the question "Would you call the bourgeois fire brigade?"

4. Quoted in Christopher Hill, God's Englishman: Oliver Cromwell and the English Revolution (London, 1990), p. 137.

CHAPTER NINE

1. Jacques Ranciere, Dis-agreement (Minneapolis, 1999), p.113.

2. Marx, The Civil War in France (New York, 1972), p. 213.

3. Quoted in Tom Bottomore, Interpretations of Marx (Oxford, 1988), p. 286.

CHAPTER TEN

1. For a flavour of these debates, see Juliet Mitchell, Women's Estate (Harmondsworth, 1971); S.

Rowbotham, L. Segal and H. Wainwright, Beyond the Fragments (Newcastle and London, 1979); L. Sargent (ed.), Women and Revolution (Montreal, 1981); and Michele Barrett, Women's Oppression Today (revised edition, London, 1986).

2. Robert J. C. Young, Postcolonialism: An Historical Introduction (Oxford, 2001), pp. 372–73.

3. Ibid., p. 142.

4. Michele Barrett, in T. Bottomore (ed.), A Dictionary of Marxist Thought (Oxford, 1983), p. 190.

5. Jules Townshend, The Politics of Marxism (London and New York, 1996), p. 142.

6. Kevin B. Anderson, "The Rediscovery and Persistence of the Dialectic in Philosophy and in World Politics," in Lenin Reloaded: Towards a Politics of Truth, ed. S. Budgeon, S. Kouvelakis and S. Zˇ izˇek (London, 2007), p. 121.

7. Quoted in ibid., p. 133.

8. For Indian historiography, see Aijaz Ahmad, In Theory: Classes, Nations, Literatures (London, 1992), Ch. 6.

9. Quoted by Ahmad, In Theory, p. 228.

10. Quoted in ibid., p. 235.

11. Ibid., p. 236.

12. Marx and Engels, German Ideology, p. 33.

13. Marx, Capital, vol. 3 (New York, 1967), p. 102.

14. John Bellamy Foster, “Marx and the Environment,” in In Defense of History, ed. E. M. Wood and J. B. Foster (New York, 1997), p. 150.

15. W. Leiss, The Domination of Nature (Boston, 1974), p. 198.

16. Quoted in ibid., p. 153.

17. Frederick Engels, The Dialectics of Nature (New York, 1940),

pp. 291–92.

18. Marx, Capital, vol. 3, p. 218.

19. Ibid., p. 219.

20. See Ted Benton, “Marxism and Natural Limits,” New Left Review,

no. 178 (November/December 1989), p. 83.

21. For a classic account of Marx’s ideas on this subject, see Alfred Schmidt, The Concept of Nature in Marx (London, 1971).

22. See, for example, the closing paragraphs of Trotsky’s Literature and Revolution

23. Benton, “Marxism and Natural Limits,” p. 78.

24. G. A. Cohen, Karl Marx's Theory of History: A Defence (Oxford, 1978), p. 307.

25. Ellen Meiksins Wood, "Capitalism and Human Emancipation," New Left Review, no. 67 (January/February 1988), p. 5. 26. Ibid., p. 5.

# لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 16 | ئاشنابوون بە<br>ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە<br>قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە ڕەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە<br>بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە<br>کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە<br>سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە<br>سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە<br>ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە<br>یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە<br>درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی<br>کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی<br>تۆنگ | فازل حسێن<br>مەلا ڕەحیم | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێک نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو رووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 42 | ئاشنابوون بە<br>جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە<br>هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە<br>سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | 2015 |